





سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

١- شەهید قاسملوو، ڕەمزی بەرخۆدان.................................................................................. ٧
٢- خۆدزینەوە لە هاودەنگیو هاوهەڵوێستی لەم قۆناغەدا گوناهێکی نەبەخشراوە ........... حوسێن ئەحمەدپوور ....... ٩
٣- شۆڕشێک کە دەسەڵاتێکی نادیموکراتیکی لێ کەوتەوە.................................... وتووێژ؛ کوردستان ........ ١٤

**بابەتی ساڵی ٢٠١٣................. لاپەڕەی ...................... ١٩**

٤- هەڤپەیڤین: بەبۆنەی ٨ی مارس................................................................ هەڤپەیڤین: ڕەحمان نەقشی
٥- دارو لەلەی خامنەیی بۆ هەڵبژاردن...
٦- ستراتێژی ئێران و وتووێژەکان...
٧- وتووێژی گۆڤاری کلیل........................................................................ دیداری: کاروان رزگار
٨- "پێویستی چڕکردنەوەی هاوخەباتی حیزبەکان و چالاکوانانی نێوخۆ"...
٩- لە یادی یەکی مای ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا...

**بابەتی ساڵی: ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ ................ لاپەڕەی ...................... ٣٥**

١٠- ناونەهێنانی "حدک" لە پرۆسەی یەکگرتنەوەدا بۆ ئێمە نابێتە کێشە...
١١- گوتاری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات...
١٢- سەرنجێک لەسەر سیاسەتەکانی حیزب...
١٣- پرسەی حاجی ڕەئووف کەریمی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک...
١٤- کوردایەتیی نوێنەرانی مەجلیسی ئێران!!!؟؟؟...
١٥- بکەری تەقینەوەکانی کۆیە ئاشکرادەکەین...



سەرچاوە
Serchawe

**بابەتی ساڵی: ٢٠١٧ ........................... لاپەڕەی ........................ ٥١**

١٦- خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حدک بە مەبەستی پێکهێنانی ئاڵوگۆر لە حیزب داواکاری دەست لەکار کێشانەوەیە

١٧- حیزبی دێموکرات و چەتری یەکبوون...

١٨- بەرپرسیاریەتی و رۆحی دێموکراسی...

١٩- ئاوڕدانەوەیەک لە چەند رووداوی گرینگی ساڵ لە رۆژهەڵاتی کوردستان...

٢٠- هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری، روحانی و کێشەکانی خەڵک...

٢١- تەوژمی گۆڕانکارییەکانی نێوخۆ و داهاتووی کۆماری ئیسلامی...

٢٢- خەڵک و کێشەی نێو باڵەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران...

٢٣- دوای ٢٨ ساڵ لە شەهیدبوونی ڕێبەرێک...

٢٤- کێشەکانی ڕووحانی و پێکهێنانی دەوڵەتی دوازدەهەم...

٢٥- داوا و رەخنە، یا هەڵوێست...

٢٦- ئێمە و ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی باڵەکایەتی...

٢٧- پێشەکی: بۆ یادی ١٠ ساڵە ماڵئاوایی هاوڕێ عوسمان رەحیمی...

٢٨- کاردانەوە سیاسییەکانی پاش ڕێفراندۆم...

٢٩- کورتیلەیەک لە ژیانی مرۆڤێکی گەورە...

٣٠- ستراتیژییەکانی ئەمریکا و ئێران لە بەریەککەوتنی یەکتردا...

٣١- قەیرانەکانی ناوچە و داهاتووی ئێران...

٣٢- ئێران لە ستراتێژیی نوێی ئەمریکادا...

**بابەتی ساڵی ٢٠١٨ ............. لاپەڕەی ............ ٩٩**

٣٣- بەرجام چۆن و تا کوێ دەوام دێنێ؟...

٣٤- بریتانیا پشتی کۆماری نەگرت، یەکیەتیی سۆڤییەتیش هیچ ئینتیمایەکی بۆ سەربەخۆیی کورد نەبوو...

٣٥- بریتانیا پشتی کۆماری نەگرت، یەکیەتیی سۆڤییەتیش هیچ ئینتیمایەکی بۆ سەربەخۆیی کورد نەبوو...

٣٦- ڕوونکردنەوە...

٣٧- لە یادی شۆڕش و بەرەو ڕێبەندانێکی نوێ...
٣٨- پەیامی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان...
٣٩- کارتێکەریی هێزەکانی هاوپەیمان لە دروستبوونی کۆماری کوردستاندا...
٤٠- ڕووحانی لە چی دەگەڕێ؟...
٤١- دیسان کۆماری ئیسلامی و تێرۆر...
٤٢- کۆماری ئیسلامی و کێشە تازەکانی بەردەمی...
٤٣- ئێران لە گێژاوی کێشە ناوچەییەکاندا...
٤٤- کۆرەی باکوور و ئێران، یەک چارەنووس و دوو ئاقاری جیاواز...
٤٥- کۆماری ئیسلامی و ئیسلاحات؟...
٤٦- دروستبوونی هیچ جەمسەربەندییەکی حیزبی ناتوانێ........................................ دیمانە: مەنسوور مرووەتی
٤٧- ڕووحانی داوای یەکگرتوویی لە کێ دەکا...
٤٨- پاشەکشەی ڕێژیم لە کوێ و بۆ چی؟...
٤٩- لە جیاتی پێشبڕکێی خەباتی پێشمەرگانە............................................ دیمانە: مەنسوور مروەتی
٥٠- داپۆشینی تاوانە تێرۆریستییەکان لە پێناو چیدا؟...
٥١- ئێران و سەپاندنەوەی تەحریمەکانی ئەمریکا...
٥٢- ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و مەسەلەی کورد...
٥٣- کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئەرکی هەنووکەییمان...
٥٤- هۆکارەکانی ترسی خامنەیی لە ساڵی دادێ...

بابەتی ساڵی ٢٠١٩ .................. لاپەڕەی .................. ١٦٤

٥٥- ستاتووی کورد لە سووریەی داهاتوودا...
٥٦- گوتاری نەتەوەیی لە کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستا...
٥٧- کورد و چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی...
٥٨- کۆنفرانسی وارشۆ، مەبەست و ئاکامەکانی...
٥٩- سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە گێژاوی کێشە نێوخۆییەکاندا...
٦٠- دیسان خامنەیی و داڵغەی وەبەرهێنان!...



سەرچاوە
Serchawe

٦١- یادێک لە ماندووبوونەکانی تێکۆشەرێکی نادیار...
٦٢- جیهان، ئێران و سپایەکی تێرۆریست...
٦٣- هێزی خەڵک لە یەکلاکردنەوەی هاوکێشەکاندا...
٦٤- کۆماری ئیسلامی چی بە دەستەوە ماوە؟...
٦٥- ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە ئەگەری شەڕ یا وتووێژدا...
٦٦- دیپلۆماسیی ئێران لەو ماوەیەدا چ دەسکەوتێکی هەبووە؟...
٦٧- زەروورەتەکانی بەردەم ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...
٦٨- بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بەرهەڵستەکانی...
٦٩- چل ساڵەی ٢٨ی گەلاوێژ و فتوای خومەینی...
٧٠- ئۆپۆزیسیۆنی دژی ڕێژیم و هەڵوێستی ئێمە...
٧١- دوژمنایەتیی پرسی کورد و بەرەنگاریی ڕۆژاوا...
٧٢- کۆماری ئیسلامی لە گێژاوی سیاسەتی ناوچەییدا...
٧٣- خۆپیشاندانەکانی ئێران و ئەرکەکانی ئێمە...

## بابەتی ساڵی: ٢٠٢٠ ............. لاپەڕەی ................. ٢١١

٧٤- بۆچی بایکۆت و هەڵبژاردن لەپێناو چیدا؟...
٧٥- لە بەفرانباری ٩٦ بۆ بەفرانباری ١٣٩٨...
٧٦- خامنەیی ئێران بەرەو کوێ دەبا؟...
٧٧- پەیامە گەورەکانی پێشەوا قازی محەممەد...
٧٨- ئێران لە دوای ٤١ ساڵ لە شۆڕشی ئیسلامی...
٧٩- بێهیوایی ڕووحانی، سەرۆکی دەوڵەتی ئومێد...
٨٠- ئێران لە دوای ٤١ ساڵ لە شۆڕشی ئیسلامی...
٨١- تەنووری ساردی هەڵبژاردن لە ئێران و لێکەوتەکانی ........................................... دیمانە: هەردی سەلیمی
٨٢- ململانێی خەڵک و کۆماری ئیسلامی و کەڵەکەبوونی قەیرانەکان...
٨٣- بە ناوی خەڵک و بۆ گیرفانی خۆیان...
٨٤- لابردنی سزای چەککڕین چ خێرێکی بۆ خەڵکی ئێران تێدایە؟...

٨٥- چاوەڕوانی وەڵامی حدکاین بۆ دەستکردنەوە بە گفتوگۆی یەکگرتنەوە ......................... دیمانە: سەرباز سیامەند
٨٦- بۆچی حیزبی دێموکرات دەکرێتە ئامانج؟...
٨٧- کۆماری ئیسلامی سەرچاوەی قەیران...
٨٨- کاریگەرییەکانی شەهید قاسملوو لە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردستاندا...
٨٩- داهاتووی کۆماری ئیسلامی و ئەرکی ئێمە...
٩٠- خەمی خەڵک و دڵخۆشییەکانی دەسەڵات...
٩١- هیچ شتێک کار لە یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان ناکات...
٩٢- هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا و چاوەڕوانییەکان
٩٣- ئەگەرەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی و ئەرکەکانی ئێمە



## شەهید قاسملوو، ڕەمزی بەرخۆدان.

### ٢٢ی پووشپەڕ ڕۆژێکی تاڵ و خەماوی لە مێژووی پڕ کارەساتی نەتەوەی بندەستی کورددایە.

ڕۆژێک کە لاپەڕەیەکی دیکەی لە مەرگەساتەکانی کوردی لە سەر پەرتووکی مێژووی نەتەوەیی زیاد کرد. یەکێک لەو ڕۆژانەی کە ڕۆژژمێرە خوێناویەکەی نەتەوەیەکی مافخوراوی ڕەنگینتر کرد. ئەو ڕۆژەی لە درێژەی پیلانی سەدساڵەی دوژمنانی کورد بۆ کپ کردنی دەنگی ڕەوای نەتەوەی کورددا، ڕێبەرێکی هەڵکەوتووی دیکەی ئەم نەتەوەیە بە دەستی غەدر تێیدا شەهید کرا.

نەتەوەی کورد زیاتر لە یەک سەدەیە بە تێگەیشتنەوە ڕێگەی خەباتی ڕزگاریخوازیی گرتۆتە بەر. ڕێکخەری ئەم خەباتە لە چوارگۆشەی کوردستاندا کەسانی دیار لە سەرۆک عەشیرەت، شێخ، مەلاو ڕووناکبیرانی ئەم نەتەوەیە بوون. لە زیاتر لە سەدساڵدا هەوڵی دوژمنانی کورد بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی ڕەوای کورد بە سووتاندن و وێرانکردن و کوشتنی بەکۆمەڵ درێژەی هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا تێکڕای ئەم دوژمنانە بەردەوام چاویان لە سەری ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوانە بووە و لە هەوڵی لەنێوبردنیان خافڵ نەبوون. شێخ عوبەیدیللا، شێخ سەعیدو قازی محەممەد سەردارانی سەرداری ئەم غەدرەن. لە درێژەی ئەم دوژمنکارییەدا شەهیدکردنی ڕێبەری هەڵکەوتووی کورد دوکتوور قاسملووی ڕووناکبیرو شۆڕشگێر ڕشتنی ڕق و کینەی بێسنووری ئەم دوژمنانەی باشتر دەرخست.

ڕۆژی ٢٢ی پوشپەڕی ١٣٦٨ کاتێک کە دوکتور قاسملووی نەمر لە درێژەی هەوڵی دڵسۆزانەیدا کە لە باوەڕی قووڵی بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردەوە سەرچاوەی گرتبوو، بە نیازی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی چووبووە ڤییەن، لە دانیشتنێکی ڕەسمیدا لەگەڵ دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو دەبێ و بە پێی بەرنامەیەکی لەپێشداداڕێژراو کە لە ژێر چاوەدێریی ڕاستەوخۆی ڕێبەرانی ئەسڵیی ڕێژیمدا بەڕێوە چوو، پەیامە ئاشتی یەکەی بە گوللە وەڵام درایەوەو شەهید کرا.

ئەم کارەساتە برینێکی قووڵی لە جەستەی نەتەوەی کورد کرد. برینێک کە هەرچەند ساڕێژبوونی بە خەبات و خۆڕاگریی ڕێبوارانی ڕێگەی قاسملوو و تێکڕای خەڵکی کوردستان گران نەبوو، بەڵام ئازارەکەی هەر ماوەو تا وەدیهاتنی ئاواتەکانی قاسملوو هەر دەمێنێ. خەڵکی کوردستان کە بە بیستنی هەواڵی شەهیدبوونی ڕێبەرەکەیان تاسان، پاش وەخۆهاتنەوە ئەم

ئازارەیان کردە هاوارو بەگژ جەللادان و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیدا چوونەوە. لە خۆڕا نیە کە هەموو ساڵێک ٢٢ی پوشپەڕ بووەتە ڕۆژی سەرهەڵدان و دەربڕینی نارەزایەتیی تێکڕای چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی.

دوکتور قاسملووی نەمر کە بۆخۆی لە تەواوی ماوەی ژیانیدا رەمزی خەبات و خۆڕاگری بوو، لە هەر هەلومەرجێکدا دەژیا، بە شێوەی گونجاو لە پێناوی ئامانجەکانی نەتەوەی کورددا خەباتی دەکرد. وانەیەکی فێری نەتەوەکەی کرد کە دوای شەهیدبوونی بوو بە ئامانج. ئەویش وانەی خۆڕاگریو بەرخۆدان بوو. هەر بۆیە خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان نەتەنیا بە لەدەستدانی ڕێبەرەکەیان وازیان لە خەبات نەهێنا، بەڵکوو بە پێچەوانەوەو بە دەرس‌وەرگرتن لە مامۆستای ڕێبەریانو بۆ پووچەڵ کردنەوەی پیلانی دوژمنان جیددی‌ترو بە شێوەیەکی بەرفراوان ریزەکانیان ڕێکخستو بە بەگژداچوونەوەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، رقو بێزاریی خۆیان لە کردەوەی جینایەتکارانەی ئەوان دەربڕی. خەڵکی کوردستان بۆ بەرزڕاگرتنی یادی ڕێبەری شەهیدیان دوکتور قاسملووی خەباتکار، ڕۆژی شەهیدبوونی‌یان کردە ڕۆژی دەربڕینی نارەزایەتیی گشتی. ٢٢ی پووشپەڕ بۆ خەڵکی کوردستان بووەتە ڕۆژی هاوپێوەندیی نەتەوەیی کوردان و خەڵک بە شێوەی جۆراوجۆر، بە بڵاوکردنەوەی دروشم و وێنەی شەهید قاسملوو، تەعتیل‌کردنی کارو داخستنی بازاڕەکان و ڕێ‌پێوانی نارەزایەتی، بە بێ ترس لە دەستدرێژیی هێزە سەرکوتکەرەکان ئازایانە یادی ئەم ڕۆژەو کارەساتەکەی دەکەنەوەو بەم شێوەیە پەیامی هاودەنگیی خۆیان لە بەرانبەر ئەم جینایەتەی کۆماری ئیسلامیدا بەگوێی دنیا دەگەیەنن.
ئەم خەڵکە بە ئەمەگە بە حەق لە مامۆستای ڕێبەریان فێر بوون کە دەیگوت نەتەوەیەک کە ئازادیی بوێ دەبێ نرخی بۆ بدا. ئەوان بەحەق گوێ‌ڕایەڵی ئەم وتە پڕبایەخە بوون کە تەنیا ڕێگەی بەرزراگرتنی یادی شەهیدەکان درێژەپێدانی ڕێگایانە و بۆخۆشی گیانی پیرۆزی لە سەر ئەم ڕێگایە دانا.

دوکتور قاسملووی شەهید کە بەحەق ببووە دیارترین ڕێبەری ئەم سەردەمەی بزووتنەوەی کورد، لەگەڵ ئەوەی بە تێگەیشتن و توانایی‌یەوە گەلێک دەسکەوتی لەبیرنەکراوی بۆ نەتەوەکەی دەستەبەر کرد، بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆریش گەلێک قوتابیی پێگەیاندن کە بە دڵنیایی‌یەوە دەتوانن ڕێگەی پڕهەورازونشێوی خەبات
ببڕن و ئاواتی بەرزی قاسملوو کە ڕزگاریی نەتەوەکەی بوو، وەدی بێنن.

لە یادی ١٨ ساڵەی ڕێبەری شەهیدماندا سڵاوی وەفاداری بۆ گیانی پاکی قاسملوو دەنێرین.
سڵاو لە قاسملوو و سڵاو لە ڕێبوارانی خەباتکاری ڕێگای قاسملوو، ڕێگای ئازادی و دێموکراسیو ڕزگاریی نەتەوەیی.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ریکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠٠٧

## خۆدزینەوە لە هاودەنگیو هاوهەڵوێستی لەم قۆناغەدا گوناهێکی نەبەخشراوە

**دیمانە: حوسێن ئەحمەدپوور**

**پرسیار**: لە دوو حەوتووی رابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ زۆربەی حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کۆبوونەوەی پێکهێنا. راگەیەنرا کە مەبەست لەو دیدارانە رێککەوتن لەسەر کاری هاوبەش و لێک نزیک بوونەوەی زیاتری ئەو حیزبانەیە لە ساڵی داهاتوودا. دەکرێ باسی نێوەرۆکی ئەو دیدارانەمان بۆ بکەی؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەو دیدارانەی لە دوایین رۆژەکانی ساڵی رابردوو لە نێوان هەیئەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چەند لایەنی سیاسی دۆست کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان چالاکن پێکهات لە درێژەی سەردان و دیدارەکانی پێشوودا بوون. زۆر مەسەلەی گشتی هەیە کە لەگەڵ زۆر لەو رێکخراوە دۆستانە رەنگە بۆچوونمان وەک یەک بێ یا لانی کەم جیاوازییەکی ئەوتۆ لە بۆچوونەکانماندا نەبێ و بەردەوام بۆ نزیک بوونەوەی بۆچوونەکان و گەیشتن بە یەک هەڵوێستی باسیان لێ دەکەینەوە. جیاواز لەوە زۆر جار هێندێک پرسی گرنگ دێتە ئاراوە کە بە پێویستی دەزانین لەگەڵ دۆستەکانماندا مەترەحی بکەین و لەگەڵ تێگەیشتن لە یەکتر هەوڵی گەیشتن بە هەڵوێستی هاوبەش بدەین. ئەم هەڵوێستە هاوبەشە کە هەمیشە زەرووریيە رەنگە لەسەر مەسایلی ستراتیژی بێ کە پێوەندی بە بزووتنەوەی کوردەوە هەبێ یا لەسەر مەسایلی مەوزەعی تاکتیکی بێ.

دیارە حیزبی ئێمە لە دوو ساڵی رابردوواو بە تایبەت پاش کۆنگرەی ١٤ی حیزب گرینگی زیاتری داوە بە باس لەسەر رێکەوتنێکی ستراتیژیک. ئێمە ئەم کارە لە چوارچێوەی گەیشتن بە هاوپەیمانەتییەک دا دەبینین لە ژێر هەر ناوێک دابێ. پێمان وایە پرش و بڵاویی ئەم دواییانەی حیزبە کوردستانییەکانی رۆژهەڵات و بە تایبەت ئاسەوارە خراپەکانی دابەشبوونی حیزبەکان لەم رێگەیەوە دەبێ قەرەبوو بکرێتەوە. حیزبەکانی رۆژهەڵات هەرچی یەک بن و هەر چەندێک بن یەک دوژمنیان هەیەو رووبەرووی یەک پیلان دەبنەوە. خۆ ئەگەر دژی یەکێک لەم حیزبانەش پیلانی عەمەلی بەرێوە بچێ هیچیان قازانجی لێ ناکەن. بۆیە ئەم باسە وەکوو باسێکی گرینگ هەمیشە لەبەر دەممانداییە.

مەسەلەیەکی دیکە کە لەم دیدارانەدا باس کردنی بە لای ئێمەوە گرینگ بوو، چۆنییەتی رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بەرێوە چوونی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لە ئێران دایە. وەک دەزانن دوو مانگی دیکە کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردنی سەرۆک

کۆماری ئەنجام دەدا. تا ئێستا حیزبەکانی ڕۆژهەلاّت بە حیزبی ئێمەشەوە هەمیشە بە چەکی تەحریم ڕووبەڕووی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بوەتەوە. تەنیا جارێک ئەویش لە هەڵبژاردنی شووڕاکانی شارو گوندەکانی کوردستان حیزب هەڵوێستێکی جیاوازی هەبوو. ئەویش گوتمان لە شوێنێک ئەگەر دیتان نوێنەری راستەقینەی خۆتان کاندیدایە بۆ ئەوەی کەسێکی سەر بە ڕێژیم دەنگ نەهێنێتەوە، دەنگی پێ بدەن. ئەم تەحریمە لە هەلومەرجێکدا کە قەت ڕێژیم نەیهێشتوە نوێنەرانی واقیعی خەڵک خۆ کاندیدا بکەن و ڕێگەی نەداوە هەڵبژاردن لە مەجرایەکی ئازاد و دێموکراتیک دا بەڕێوە بچێ و خەڵک نەیانتوانیوە ئازادانە بە دوور لە ترسی لێپرسینەوەو تۆڵە ئەستانەوە دەنگی خۆیان بدەن زۆر بەجێ بووە. ئێستاش ئەم فەزا تەماوییە لە ئاسمانی هەڵبژاردنەکانی ئێراندا نەڕەویوەتەوە. باسی ئێمە ئەوە بووە کە ئەگەر ئاکامی لێکدانەوەکانمان ئەوەیە کە ئەم جارەش تەحریمی هەڵبژاردن بکەین دوو مەسەلەی ئەساسی بخەینەوە بەرنامەی خۆمانەوە. یەکەم بە یەک دەنگ و یەک هەڵوێست هەڵبژاردن تەحریم بکەین، دوویەم ڕێکاری چۆنییەتی بەڕێوە بردنی تەحریم لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستاندا موتالیعە بکرێ و وا بچینە مەیدانی تەحریمەوە کە کۆماری ئیسلامی مەجبور بە دانی باجەکەی بکەین. تەحریم تەنیا بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک و هەر کەس لە لای خۆیەوە تەنیا لە کۆڵ خۆ کردنەوەی ئەو بەرپرسایەتییە نەبێ کە لە ئەستۆماندایە. ئەو ئەرکەش کە باسم کرد تەنیا بە حیزبێک جێبەجێ ناکرێ.

ئەوەش بڵێم ئێستا دوو مانگی ماوە بۆ کاتی هەڵبژاردن، پێم وایە نابێ هیچ پەلەیەکی لێ بکەین، خەڵکی کوردستان هوشیاریی خۆی هەیەو ئەگەر قەرار بێ و پێویست بێ لە تەحریمدا بەشدار بێ ١٠ ڕۆژ پێش هەڵبژاردنیش دەتوانێ خۆی لەگەڵ هەڵویستی حیزبەکان یەک بخا. دەزانین ماهیەتی کۆماری ئیسلامی نەگۆڕاوەو نابێ چاوەڕوانی گۆڕانی سەیریش بکەین بەڵام تا ئێستاش مەیدانی مانۆڕدان لە خەڵکی کوردستان و حیزبەکان نەبەستراوە. پێویستە بە چاوی کراوەوە لە هەموو ئیحتمالێکی بچووکیش لە گۆڕان بڕوانین و بڕیار بدەین.

ئەگەر لە هەڵبژاردن دوور کەوینەوە بچینە سەر بابەتێکی گرینگتر کە خودی کۆماری ئیسلامییە. دەزانن لە ٣٠ ساڵی رابردوودا کۆماری ئیسلامی لە بیر کردنەوە و عەمەلی کردنی هیچ پیلانێک بۆ زەربە لێدان و سەرکوتی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاّت دریخی نەکردوە. بەڵام خەڵکی کوردستان و تێکۆشانی حیزبەکانیان نەتەنیا توانیویانە لە بەرانبەر ئەو پیلانانەدا خۆ ڕابگرن بەڵکوو ئاستی بەربڵاوی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات گەیوەتە جێگەیەک کە دەبێ شانازیی پێوە بکرێ. ئەگەر خەباتی خەڵکی کوردستان لە ساڵەکانی سەرەتای هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان بە زۆری خەباتی چەکداری بوو لە شاخ، ئێستا ئەو خەباتە ڕووی کردۆتەوە نێوشارو گوندەکانی کوردستان و خەڵکی کوردستان بە تەئسیر وەرگرتن لە سیاسەت و ڕێنوێنییەکانی حیزبەکانیان هەموو شارەکانی کوردستانیان کردوەتە مەیدانی خەبات. لەم


سەرچاوە Serchawe

رووەوە بەرەوپێشچوونێکی دڵخۆشکەر هەست پێدەکەن. لێرەدا بەجێیە کە باس لە تێکۆشانی بێوچانی رۆشنبیران و خەباتگێڕانی بواری مافی مرۆڤ و چالاکانی مەدەنی بکەین کە تێکۆشان و هەڵوێستی بوێرانە و بەجێیان تەئسیری لەسەر گەشە سەندنی خەباتی جەماوەری بەرچاو بووە. بەڵام کۆماری ئیسلامی، وەک رووی واقیعی خۆی حیزبەکان بە رێبەری ئەم بزووتنەوە دەناسێ و بەردەوام هەوڵی داوە بۆ بڕینی پێوەندی حیزب لەگەڵ خەڵک و لاوازکردنی حیزبەکان کە تا ئێستا ئاکامی پێچەوانەی هەبوە بۆ ئەوان. ئەم کارەی ئەگەر لە نێوخۆ لە رێگەی سەرکوت و گرتن و ئیعدامی خەباتگێڕانی کوردەوە بەرێوە بردوە لە دەرەوە بە هۆی تێرۆری رێبەران، کادرو پێشمەرگەو ئەندامی حیزبەکان، درێژە پێداوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجی ئێمە بوو لەم دواییانەدا، گۆڕانێکە کە لە سیاسەتی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی دا دەبینرێ. کۆماری ئیسلامی کە بە حەق دەبێ ناوی کۆماری تیرۆری لەسەر دابنرێ، پێشتر تیرۆری لە هەموو شێوەو ئەبعادی خۆیدا بۆ چەسپاندنی سیاسەتەکانی خۆی و پەرەپێدان بە نفوزی خۆی لە ناوچەدا کردبووە سیاسەتی رەسمی، بەڵام بە رانەگەیەنراوی و کتوپڕو بە شێوەیەکی بەربڵاو رووی کردۆتە کاری دیپلوماسی و هەوڵدان بۆ دروست کردنی پێوەندییەکی دیکە لەگەڵ دەرو جیرانەکانی. لە تورکیەوە هەتا هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی عەرەبی تەنانەت عەرەبستانی سعوودی. لەگەڵ ئەوەش بڵاوبوونەوەی هێندێک هەواڵ لە بەرنامە تازەکانی لە نێوخۆی کوردستان کە شێوەیەکی دیکەیە لە پیلانگێری دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە بێ گومان بەشێکە لە پیلانگێرییە بەردەوامەکانی دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان. بە باوەڕی ئێمە ئەمەش مەسەلەیەکە کە پێویستە هەموو حیزبەکانی رۆژهەڵات لەسەری هەڵوەستە بکەن و هەوڵ بدەن بۆ بەرپەرچدانەوەی بە شێوەی یەکدەنگ و یەکدەست.

**پرسیار**: هێندێک رەخنەگر دەڵێن هۆکاری ئەوەی کە ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە ئاکامێکی روون و دیاری بۆ خەڵکی کوردستان لێ ناکەوێتەوە، ئەوەیە کە قەت ئەو هێزانە ئامادە نین لە دوای کۆبوونەوەکان بە شێوەیەکی روون و شەفاف بیروبۆچوونەکانی خۆیان لە رێی میدیاوە بۆ خەڵک باس بکەن. ئێوە لەم بارەیەوە دەڵێن چی؟ بۆچی تا ئێستا لە هەواڵەکاندا کە بڵاو دەکرێتەوە هیچ باس لە نێوەرۆکی ئەو کۆبوونەوانە ناکرێ و بیروبۆچوونی لایەنەکان ئاشکرا ناکرێ؟

**کەماڵ کەریمی**: ئەوەی کە هێندێک رەخنەگر پرسیاریان بۆ دروست دەبێ شتێکی سەیر نیە بەڵام خۆ ناکرێ هەرکات دوو حیزب بە یەکەوە دیدار دەکەن هەموو ئەوەی باسی دەکەن جا بە ئاکامی هاوبەش دەگەن یا نا، بۆ دەرەوەش باس بکرێ. هەروەک ئێستاش من ناتوانم ئەو کارە بکەم. بەڵام راستە کە هێندێک لەو پرسانە باس بکرێ و بخرێتە بەرچاوی خەڵک. بە نیسبەت بیروبۆچوونی هەر لایەنێکیش ئەگەر بیانەوێ دەتوانن لە راگەیاندنی خۆیاندا باسی بکەن.

**پرسیار:** تا ئەو جێگەیەی ئاگادار بم ساڵی رابردووش لە دەسپێشخەرییەکدا ویستتان کە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، بە هاودەنگی لەگەڵ هەموو حیزبەکانی دیکە وەکوو رۆژی هاوپێوەندیی خەڵکی کوردستان دژی کۆماری ئیسلامی دیاری بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش کاری هاوبەش بکەن. بەڵام هەوڵەکانتان ئەو کاتیش سەری نەگرت. ئایا بەو حاڵەش ئێستا هیوایەک هەیە کە ئەم ساڵ بتوانن ئەو پڕۆژەو پڕۆژەکانی دیکەی پێوەندیدار بە یەکریزی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان سەربخەن؟

**کەماڵ کەریمی:** ئێمە بێ هیوانین و لەبەر ئەوەی ئەو بابەتانە لە نەزەر ئێمەوە پێوەندی بە هەموو لایەکەوە هەیە هەر کات پێویست بێ باسی دەکەین و هەوڵی پێکهێنانی هاودەنگی دەدەین. ئێمە دەڵێین کاتێک بەرەیەک نیە، کاتێک هاوپەیمانییەکی بەردەوام نیە، دەبێ هەوڵ بدەین لەسەر ئەو مەوزوعانەی دێنە پێش یەک هەڵوێست بین و ئەمەش لانی کەمی چاوەڕوانی خەڵکی کوردستانە. ئەگەر لایەنێکیش نەیکرد ئۆباڵی بە ئەستۆی خۆی. بەڵام خۆ دزینەوە لە هاودەنگی و هاوهەڵوێستی لەم قۆناغەدا گوناهێکی نەبەخشراوە.

**پرسیار:** پێم خۆشە باس لە بابەتێکی جیاواز بکەین. ئەویش سەبارەت بە کۆنفرانسی نەتەوەییە لە هەولێر کە پێدەچێ مانگی مەی بەڕێوە بچێ. هێندێک نیگەرانی هەیە وەکوو بڕیاری چەک کردنی هێزەکانی PKK و حیزبی دێموکراتی کوردستان و... ئێوە تا ئێستا چ هەڵوێستێکتان هەیە؟ ئایا بەشداری دەکەن؟

**کەماڵ کەریمی:** بە راستی پرسیار لە مەسەلەیەک دەکەن کە ئەوەندەی من گوێ بیستی بووم کەس هیچی وای لێ نازانێ. ئەو کۆنفرانسە بۆ چیە، کێ تێیدا بەشدار دەبێ و کەی دەبەسترێ، هیچ تا ئێستا مەعلووم نیە. بەڵام وەک ئێوە دەڵێن ئەگەر کۆنفرانسی نەتەوەیی بێ، دەبێ باس لە وەزعی گشتیی کێشەی نەتەوەیی کورد بکاو رێگەچارەکانی ئەم بزووتنەوە نەتەوەییە وەک پێویست بخاتە بەرباس و ئەو لایەنانەی تەئسیریان لەو بزووتنەوەیەدا هەیە بەشدار بن و ئەمەش تازە دەکرێ بۆ لێک تێگەیشتن. کەوابوو کۆنفرانسێکی نەتەوەیی ناتوانێ باس لە چەک کردنی ئەم هێز یا ئەو هێزی دیکە بکا. بە هەر حاڵ ئێمە نەتەنیا ئێستا پێشوازی دەکەین لە کۆنفرانسێکی نەتەوەیی بەڵکوو لەمێژەو زۆرجار ئەوەمان داوا کردوە کە کورد پێویستە روو بە دنیای دەرەوە زمانێکی هاوبەشی هەبێ. من پێم وایە جگە لە هێندێک جیاوازیی تایبەتی لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا کە شێوەی خەبات و سیاسەت و پێوەندییەکانی بزووتنەوەی هەرکام لەو بەشانە دیاری دەکا، مەسەلەی کورد یەک مەسەلەیەو دەبێ هەوڵ بدرێ دنیای دەرەوە بەتایبەت وڵاتانی گەورەی پێشکەوتوو لە رێگەی پێوەندییە دیپلۆماسییەکانەوە بگەیەنینە ئەو قەناعەتە کە بیر لە چارەسەرێکی گشتی بۆ کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بکەنەوە. ئەوەی گرینگە هەر کۆنفرانسێک ببەسترێ بۆ باس لە سەر کێشەی کورد پێویستە رەچاوی بەرژەوەندی هەموو پارچەکانی کوردستان بکاو یارمەتیدەر بێ بۆ بەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی کوردو یارمەتیدانی بۆ چارەسەری

کێشەکانیان بە هۆی خۆشکردنی ڕێگەی گەیشتن بە ئاواتەکانیان.

**پرسیار**: ئامارەکان باس لەوە دەکەن کە یەکێک لە گەورەترین هێزە کوردییەکان کە PKK بێ لە باکووری کوردستان بەشداری ناکاو عەلی باباجان وەزیری دەرەوەی تورکیە پشتیوانی لەو کۆنفرانسە کردو وتی ناهێڵین کە PKK بیکاتە مەیدانی ڕمبازێنی خۆی و نابێ بەشدار بێ. ئێستا خەڵکێک هەن دەپرسن کە کۆنفرانسێک کە تورکیە یان کۆماری ئیسلامی پشتیوانی لێ بکا ئەوە کەی دەبێتە کۆنفرانسی نەتەوەیی؟

**کەماڵ کەریمی**: عەرزم کردن نازانم ئەم کۆنفرانسە نەتەوەییە یان ناو بە چ مەبەستێکە. ئەوەندەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا درکاندی باسی کۆنفرانسێک دەکا بۆ باس لە سەر ئاشتی کورد لە ناوچەدا. ئەگەر ئەوە بێ عەیبی چیە با هەر چوار دەوڵەتی ئێران و تورکیەو سوریەو عێراق بێن لەگەڵ حیزبە کوردییەکان دابنیشن لە سەر ئەو مەسەلەیە قسە بکەن. ئەوەندە دەزانم ئەگەر باس لە کۆنفرانسی نەتەوەیی بێ، کورد نەتەوەیەکەو باس لە کێشەکانی خۆی دەکا، تورکیەو ئێران پشتیوانی لێ ناکەن و دژی دەوەستنەوە. بە بڕوای من وەزعی سیاسیی ئێستاش هەڵناگرێ لە هەولێر کۆنفرانسی وا ببەسترێ.

**پرسیار**: وەکوو دوایین پرسیار پێم خۆشە بزانم کە هەڵوێستی ئێوە سەبارەت بە سەرکەوتنی DTP لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیە چیە؟ پێتان وایە کە ئەوە کاریگەری لە سەر چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەو بەشەی کوردستان هەبێ؟

**کەماڵ کەریمی**: بە خۆشحاڵییەوە دەڕوانمە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە. سەرکەوتنی پارتی کۆمەڵگەی دێموکرات لە ناوچەکانی کوردستان ئاکامی خەباتی بێ وچانی نەتەوەی کوردە لەو بەشە لە کوردستان و دەرخستنی ئەو ڕاستییەیە کە هیچ کۆسپێک ناتوانێ پێش بە پەرەسەندنی داوا نەتەوەییەکان بگرێ DTP . ڕێگەیەکی مەعقوولی گرتۆتە پێش و لەو دێموکراسییەی لە تورکیە هەیە کەڵکی باشی وەرگرتوە. ناتوانین چاوەڕوان بین ئەم هەڵبژاردنە چارە سیاسییەکەشی بە دواوە بێ. هیوادارم لە هەڵبژاردنی پارلمانی دا ئاکام و دەستکەوتی باشتریان هەبێ. ئەو جار دەتوانین باسی ئەوە بکەین هەڵبژاردنەکان چەندە کاریگەرییان لە سەر چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد دەبێ. هاودەنگی و هاوهەڵوێستی لەم قۆناغەدا گوناهێکی نەبەخشراوە.

٦ی ئەپریلی ٢٠٠٩

# شۆڕشێک کە دەسەڵاتێکی نادیموکراتیکی لێ کەوتەوە

**(میزگردێک لەسەر ٣٠ هەمین ساڵوەگەڕی هاتنە سەرکاری خومەینی و دارودەستەکەی)**

**ئاماژە: ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ هاوکات بوو لەگەڵ ٣٠ هەمین ساڵوەگەڕی هاتنە سەرکاری خومەینیو دارودەستەکەی، واتە ساڵوەگەڕی شۆڕشێکە کە لە ئاکامدا هاتنە سەرکاری دەسەڵاتێکی توتالیترو نادیموکراتیکی لێکەوتەوە. لێکدانەوەو قسە کردن لەسەر سێ دەیە لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی، بابەتێکی ئاسان نییەو بە لەبەرچاو گرتنی هەموو فاکتەرێکی نێوخۆیی، دەرەکیو... پێویستی بە خوێندنەوەیەکی قووڵەو دەبێ لە زۆر ڕەهەندەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ. ئەمەش دەرفەتو کاتی تایبەتی دەوێ. "کوردستان" لەم ژمارەدا بە بۆنەی ٣٠ هەمین ساڵوەگەڕی ئەو شۆڕشەی کە ئاکامەکەی دەسەڵاتێکی نادیموکراتیکی لێکەوتەوە، میزگردێکی بە بەشداری "کەماڵ کەریمی"، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانو "رامبود لوتف پووری"، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهێناو لە چوارچێوەی چەند پرسیاردا تیشکیان خستە سەر بابەتەکە.**

**کوردستان: کاک کەماڵ پێمان خۆشە یەکەم پرسیار لە جەنابتەوە دەست پێبکەین. ئەو فاکتەرانەی کە بوونە هۆی ئەوەی کە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا ڕوویدات کامانەن؟**

**کەماڵ کەریمی:** بۆ ئەوەی کە باس لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ بکرێ کە ڕەنگ بێت باس لە مەفتەعێکی چەند مانگە بکەین لە قۆناغێکی مێژوویی ئێراندا باش وایە بگەڕێینەوە دواوە، شایەد بگەڕینەوە بۆ سەردەمی هاتنە سەر کاری ڕەزا خان، ئێستا باس لەو شێوە ئیستبدادە بکەین کە خۆی ویستی ئەو مەسەلەی پێ کەمڕەنگ بکاتەوە، کەمڕەنگیش بووەوە. ئەگەر زۆر نزیک بینەوە ڕاگەیاندنی ئینقلابی سپی شا لە ساڵی ١٣٤١دا، خۆی سەرەتایەک بوو بۆ زەق بوونەوەی ئەو کێشەو تێکەڵ بە ئایین کردنی لە لایەن بەشێک لە مەلاکانی شیعەوە کە ئایەتوڵڵا خۆمەینییش ئەو وەختە ڕێبەری بوو، ئەوە ڕەنگ بێ بڵێین نزیکترین گۆڕان بێ بۆ زەمینەسازی دەوری ئینقلابی ١٣٥٧. بەڵام ئەوەی کە پێوەندی بە سیستمی دەوڵەتی شا لە تەمەنی ٣٧ ساڵەی خۆیدا کە نەیتوانی هیچ بکا هەر چەند زەمینەی زۆری هەبوو لەو ئیمکاناتە مادییە هەیەتی کەڵک وەربگرێ بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵک بۆ بەرەو پێشبردنی وڵات، گەیاندنی خەڵک بە ژیانێکی ئەو سەردەمە، ئەگەر بڵێین هاوزەمان لەگەڵ ئێران زۆر وڵاتی دیکە، دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە یان شایەد دواتریش کەوتنە سەرپێوە دەستیان پێکردو زۆر پێشیان کەوتنەوە لە حاڵێکدا ئەو ئیمکاناتەو ئەو زەرفیەتە بۆ پێشکەوتن لە ئێراندا هەبوو لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا

نەبوو، سیستمی حکوومەتی شاو وابەستەگی سەد لە سەدی بە دەرەوەی وڵات و بەتایبەتی کە وای لێهاتبوو کە بەداخەوە لە خۆی سەلب کردبوو کە بتوانێ بیر لە چارەسەرە نێوخۆییەکان بکاتەوە بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگاو بۆ باش کردنی ژیانی خەڵک. دوو عامل بەردەوام لە ژیانی خەڵکدا بەدی دەکرا. یەکەمیان: وەزعی ئابووری، کە دیارە وەزعی ئابووری گشتی باش بوو، بەڵام دەمان دیت تا ئاخرین ساڵەکانی دەسەڵاتی شاش، لە تارانی پێتەخت گەڕەکەکانی زۆر زۆر فەقیرنشین و گەڕەکەکانی زۆر دەوڵەمەندنشین دروستبوو، ئەم تەزادە لە شێوەی ژیاندا بۆ خۆی عامیلێک بوو، بۆ دروستکردنی تەزادێکی ئیجتماعی عەمیق لە نێو جامعەدا. بەداخەوە حکوومەت نەتەنیا سەرنجی نەدەدا بۆ ئەوەی کە ئەم تەزادە چەندە عەمیقە بەڵکوو زۆرجاریش بەو سیاسەتە غەڵەتانەی لەباری ئیجتماعی، لەباری ئیقتسادی و دیکەش هەمیشە کۆمەکی دەکرد بۆ زیاد کردنی ئەو فاسڵە. لە لایەکی تریشەوە نەبوونی ئازادییەکان کە لە دەیەی ٦٠ی میلادی بەو لاوە، کە بە دەیەی ئینقلابەکان دەناسراو لە زۆر وڵاتان گەلان ئازاد دەبوون. لە ئێراندا بە داخەوە سەلبی ئازادی، سەرکوت، گەورە کردنەوەی زیندانەکان، چوونە سەری ژمارەی زیندانیان و ئەشکەنجە و ئیعدام تەقریبەن ببووە ئەخبارێک کەڕەنگە لەو سەردەمەدا کەمتر ڕەسانەکان وابوون کە ئەم شتانە بەردەوام بە گوێی خەڵکدا بدەن، بەڵام لانیکەم لە نێو مەحافلی سیاسی، مەحافلی حقووقی و بەتایبەت لە دەرەوە ئەم مەسەلانە باس دەکرا. لە حەقیقەتدا سەلبی ئەم دوو حەقە لە خەڵک کە یەکیان حەقی ئازادی و یەکیان ژیانی باش بوونە دوو هۆکار بۆ ئەوەی لەو جامعەدا زەمینەی سەر هەڵدانی ئینقلابی ئاوا گەورە ساز ببێ.

**کوردستان: کاک کەماڵ بە باوەڕی جەنابت بە پێی ئەو قسانە فاکتەری نێوخۆ ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە خولقانی شۆڕشی ١٣٥٧ دا؟**

**کەماڵ کەریمی:** بەڵێ بە بڕوای من ئەسڵەن ئەگەر بچینەوە ساڵانی پێشوو تەواوی ڕووداوەکانی ساڵانی پێشوو لە ئێعترازەکان و لە مقابلدا لە سەرکوت کە لە لایەن دەسەڵاتی شاوە دەکرا، دەردەخا کە فاکتەری نێوخۆیی هەمیشە دەوری ئەساسی هەبوو لە زەمینەسازی دروستکردنی ئەو ئینقلابەداو ئەو سەردەمە وانەبوو کە بە ڕاستی بڵێین لە دەرەوە کەسێک بەو شیدەتە توانی بێتی بێتە ناوەوەو سازماندەیی بکا، ئەم واقعیەتەیش هەبوو کە ئەگەر ئەم زەمینە موناسبە لە نێو جامعەی ئێراندا هەبوو بۆ ئەوەی کە ئەم ئینقلابە پێ بگرێت لە دەرەوەش لە لایەک بەتایبەت گۆڕانێک لە سیاسەتەکانی ئەمریکادا بە نیسبەت شاوە پێکهات و لە لایەکی دیکەوە گۆڕانێک لە سیاسەتی ئورووپاییەکان بە نیسبەت شاوە پێکهات کە ئەو، یارمەتیی دا بۆ ئەوەی کە ئەمە زیاتر پەرە بگرێت و سەریعتر لە دەورێکی زۆر سەریعدا لە چەند مانگی ئاخری ساڵی ١٣٥٧ دا، (لە ١٧ی شەهریوەرەوە هەتا ٢٢ بەهمەن) ئێرانی گرتەوەو نەتیجەکەی ئەوە بوو کە دیتمان.

**کوردستان:** کاک کەماڵ، کاک رامبود ئاماژەی بەوە کرد کە لە ئاکامی شۆڕشی گەلانی ئێراندا دەسەڵاتێکی توتالیترو نادێموکراتیک دێتە کایەوەو لەو پێناوەشدا زیاتر فاکتەری دەرەکی بە کاریگەر دەزانێ. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە فاکتەرە دەرەکی و نێوخۆییە کاریگەرەکان لە سەر مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو سێ دەیەیەدا لە روانگەی ئێوەوە کامانەن؟

**کەماڵ کەریمی:** من تەوزیحێکی زیاتر لە سەر ئەو مەسەلە بدەم لە راستی فاکتەری دەرەکیی زۆر تەبیعییە ئەوەی کاک رامبود باسی کرد کە هەوڵی کۆنترۆڵ کردنی ئەو ئینقلابەی دا ئەوەی کاک رامبود باسی کرد راستە ئەو ئینقلابە دەبوو ببێتە هۆی هاتنە کایەی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک کە فاکتەرە دەرەکییەکە باس دەکەین ئەوانیش تەئسیران هەبوو لە گۆڕانێک لە فکرو لە ئیدەی ئینقلابدا هەوڵیان دەدا بۆ ئەوەی لە جەریانی ئەم ئینقلابەدا وا نەکەن ئەو جۆرەی کۆمەڵگای ئێران دەیان ویست ئینقلاب بە راستی ئازادی و گەیشتن بە ژیانێکی سەربەخۆ و گەیشتن بە دەسەڵاتێکی دێموکراتی بێتە ئاراوە دەیانویست گۆڕان پێک بێنن، بەڵام گۆڕانەکە بەو جۆرە کە خۆیان لەوێدا عامیلە دەرەکییەکە قازانجی هەبوو. بەڵام بۆ مانەوەی کە تا ئێستاش لەو سێ دەیەدا کە بگەڕێینەوە سەر عامیلە دەرەکییەکان هەر ئەوەی کە کاک رامبود ئیشارەی پێکرد ئەوە راستە عاملی دەرەکیی هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی کە تەئسیریان هەبێ لە گۆڕانەکان ئەو جۆرەی کە بتوانن لە داهاتوودا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ ئەو لایەنەش پێک بێنن ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەیکە ئەو سیستمە چیە کە بتوانێ ئەو بەرژەوەندییەی ئەو بپارێزێ لە تەواوی ماوەدا مەسەلەن ئەگەر ئیشارە بکەین هەر لە سەرەتاوە ئینگلیسییەکان زۆر بە جیدی لەگەڵ خەتی ئەو دەسەڵاتە نوێیە بوون کە هاتبووە سەرکار. ئەمریکا لەگەڵ ئەوەیکە تەواوی رەوابتیان قەتع ببوو و تەنانەت لە ئێران سەفارەتەکەیشیان داگیر کرا هیچ شوێنێکی رەسمی بە ناوی شوێنی دیپلۆماتیکی ئەمریکا نەمابوو، بەڵام دوایی دیتمان لە جەریانی عەمەلیاتی ئێران کۆنترادا لە زەمانی رەییس جمهوری رەیگاندا کۆمەکی تەسلیحاتیی بە ئێران کرد زۆر ئەخبار بڵاو دەبووەوە کە بەشێکی موەسەق بوون کە ئیسراییلییەکان لەو سەردەمەدا لە رێگەی تورکیەو ئازەربایجانەوە کۆمەکی تەسلیحاتیان بە ئێران دەکرد. بەڵام فاکتەرە نێوخۆییەکان، کۆمەڵگەی ئێران، کۆمەڵگایەکی رادیکاڵ بوو لە زەمانی "شا"دا، بە راستیش ئەوەی کە هاتە مەیدانەوە و ئینقلابی کرد بیری لەوە نەدەکردەوە کە سیستمێکی وا دامەزرێنێت هۆیەکی هەرە گرنگ ئەوەیکە ئەمە لە کیس چوو ئەوە بوو کە ئەو خەڵکە میلیۆنیەی کە هاتووە بۆخۆی خاوەنی سازمان و رێبەرێک نەبوو، لە نەبوونی ئەم رێکخراوو رێبەرەدا زۆر ئاسان کێشرا بەدوای شوعارەکانی خومەینی داو هەر بۆیە کاتێک کە رێفراندۆم ئەکرێ لە ئێراندا بۆ جمهوریی ئیسلامی بەڵێ یان نا تەنیا لە کوردستان کە هیچ ئەوە خەڵکی کوردستان تەحریمیان کرد، بەڵام لە باقی شوێنەکانی ئێران دەبینین زۆر راحەت خەڵک رەئی بە تەسبیتی جمهوریی ئیسلامی ئێران دەدەن. وەختێک ئینتخاباتی رەییس جمهوری دەکرێ دەبینین کە جیاواز لە کوردستان لە شوێنەکانی تری ئێران خەڵک زۆر بە جیدی بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە رەئیان بە رەییس

جمهورەکە دا. ئەو سەردەمە کەوتینە سەردەمێک کە عەقڵی مەزهەبی بە تایبەتی لە ناوچە شیعەنشینەکاندا لە واقعدا تەئسیری راستەوخۆی لە سەر راکێشانی خەڵک بەدوای کۆماری ئیسلامی کە تازە هاتبووە سەرکار هەبوو و ئەمەش بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە رێگەی ئاخوندەکانەوە لە رێگەی مزگەوتەوە لە هەموو کوێ بومبارانی فیکری دەکرا ئەمە رەنگ بێ شتێکی عەجایەب نەبێ لە ئێراندا، لە هەموو کوێ وایە ئینقلابهای ئیدیۆلۆژیک یان دەسەڵاتهای ئیدیۆلۆژیک لە دوای ئینقلابێک مەعمولەن زەمینەیان بۆ خۆش دەبێ بۆ ئەوەی کە بتوانن کونترۆڵی ئەفکار بکەن و بۆشیان راحەت بوو کە هەر دەنگێکی ئەو سەردەمە سەرکوت بکەن هەرچەند تەقریبەن حدودی ساڵێک تەحەمولیان کرد. بەڵام لەدوای ساڵێک دیمان تەحەمولیان بە سەرچوو زەمینەسازیی ئەوەیان کردبوو کە تەنانەت تەزاهوراتهای چەند دە هەزار کەسیان سەرکوت دەکرد بە بێ ئەوەی رووبەڕووی ئێعترازێکی جیدی ببنەوە. دەورانی دەست پێکردنی شەڕی ئێران و عێراق هاتە پێشەوە. تەبیعیە مەزهەب و ئەم شتانەشی تێکەڵ دەکرێ لە راستیدا خەڵکی لەو حالەتەدا راگرت کە دیسانیش یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی کە بتوانێ رێژیم لە جێگەی خۆی بمێنێتەوەو ئەمجار فورسەتێکی باش بوو، ئەم ساڵانە فورسەتێکی زێڕین بوو بۆ ئەوەیکە ئەو بەشە لە دەسەڵات بتوانێت بەتەواوی رێ و شوێنی خۆسەپاندنی بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا خۆش بکا وای کرد کە دوایی ئێمە دەبینین لە دەیەی دوویەمی دوای ئینقلابدا یانی لە دوای  هەشت ساڵی شەڕی ئێران و عێراق تەواو دەبێ سەرکوتەکان تەقریبەن بە نەتیجە گەیشتوون ئاخرین عەمەڵێک کە مابوو زیندانیانی سیاسی بوو لە واقعدا هەموو شتێکیان کۆتایی پێهێنا. حەتا متوەجهی سەردەمی چەند ساڵێک دەبین، چەند ساڵێک سکوت لە ئێراندا وە ئەمە دەردەکەوێ ئەوان لەو دە ساڵەی ئەوەڵدا توانی بوویان کولی ئەو موزاحیمەتانە لە بەین ببەن، یانی لە کاتێک کە خەڵکی ئێران وەهۆش خۆ هاتنەوە کە نە ئەو نیزامە نیە کە ئینقلابی بۆ کراو خوێنی بۆ رژاوە خەڵکی ئێران کەوتبووە مەوقعیەتێکەوە کە توانای نەفەس کێشانی نەمابوو، نە رووبەڕوو بوونەوەو ئەمە نەک بڵێن وەکو یارمەتی دەرێک بەڵکوو ئەو هۆکارەی کە دەیتوانی رووبەڕووی جمهوری ئیسلامی بێتەوە بۆ ئەوەی ئیدەکانی زەمانی ئینقلاب پێش ٥٧ زیندوو رابگرێت ئەو ئیدانە لە بەین چوون ئەو تواناییانە لەو دە ساڵەی ئەوەڵدا لە بەین چوون و لە راستیدا توانایەک نەما بۆ ئەوەی کە رووبەڕووی جمهوری ئیسلامی بێتەوە.

**کوردستان:** کاک کەماڵ دەبینین لە مەقابلی ئەم قەیران سازیانەی کە کۆماری ئیسلامی  کردوویەتی لە ناوچەکەدا کۆمەڵێک فشار بەرەوڕووی ئەو رێژیمە بۆتەوە، لە ماوەی ئەوسێ دەیەدا. لێرە پرسیار ئەوەیە ئەو فشارە  نێوخۆیی و دەرەکییانە لەو ماوەیەدا بۆ نەیاتوانیوە دەسەڵاتی تاران بگۆڕن یان گۆڕانێکی دێموکراتیک پێک بێنن؟

**کەماڵ کەریمی:** ئەگەر باسی فشارەکان بکەین لێرە من موافقی سێ دەیە نیم چون لە باسەکەی پێشوودا عەرزم کردن لە واقیع دا ئەوان هێندێک توانیان خۆیان تەسبیت بکەن لە راستی دا ئەگەر باسی فشاری دەرەکی دەکەین ئەساسەن لە دوای ساڵی ١٣٧٠وە دەبێ حیسابی لەسەر بکەین کە تا ساڵی ١٣٦٧ کە شەڕی عێراق بوو لە دەرەوە زۆرتر هەوڵەکە ئەوە بوو کە

ئێران رابگرن لە دوای ئەوەشدا ئیستا وەزعی دنیای دوو قوتبی هەروا مابوو بۆیە وا ئاسان نەبوو. ئەو هێزانەی دەرەوە کە بیر لەو گۆڕانانە دەکەنەوە لە دەسەڵاتە سیاسییەکاندا گۆڕان لە سەر ئەوە زۆرتر بۆیان موهیمە کە ئەو گۆڕانانە تەوازونەکان چۆن تێک دەدەن بۆ ئەوەی ئەو وەختەش بڵێین لە راستیدا فشاری دەرەکی کە پێشتریش باسم کرد زۆرتر لە دەیەی ٧٠ بەم لاوە ئەمە بە جۆرێک مەترەح دەبێ نە وەکوو فشار و ئەگەر باس بکەین شایەد لە دەورانی دوویەم باسێکی جیددی و جیددی تر بوونی لە زەمانی ئاشکرا بوونی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران دابوو ئەو دەم کە مەعلووم بوو کە ئێران خەریکی دروست کردنی تەئسیساتی ئەتۆمیە. ئەو دەم ئەو مەسەلەیە جیددیەتی پەیدا کردوبوو بە هۆی فشارێکی دیپلۆماتیک لەسەر ئێران. بەڵام بۆچی ئەو فشارە تەئسیری نەبوو ئەساسەن ئورووپا کە بەردەوام مەسەلەی ئەتۆمی زەق دەکردەوە نەیدەویست فشارێکی موتەمەرکیز لە سەر ئێران هەبێ هەتا ئەو ساڵانەی ئەخیریش زۆر بە جیددی نەهاتبووە ئەو مەیدانەوە کە هاوپەیمانەتی بکا لەگەڵ ئەمریکا یا لەگەڵ لایەنەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ ئەوی کە فشارێکی موتەرەکیز بۆ سەر ئێران بێنن. ئورووپاییەکان بە دوای ئەوەیکە ئەمریکا دەستی لە ئێران کورت بۆوە بازاڕێکی مفتیان دەست کەوتبوو کە بە دەست ئەمریکاوە بوو. بۆیە ئەوان بەردەوام هەوڵیان دەدا ئەو مەسەلەیە چکۆلە بکەنەوە بۆیە لەگەڵ مەترەح بوونی هەر مەسەلەیەک سەبارەت بە فشار هێنان بۆ ئێراندا ئورووپایەکان هەمیشە هەوڵیان دەدا بۆ ئەوەی کە هێندێک وەزعیەتەکە ئارام بکەنەوە بیکێشنە ئاستێکی دیپلۆماتیکەوە. زۆرجار وابووە رەنگ بێ زۆر لە موفەسیران چاوەڕوانی ئەوە بووبن کە بڕیارێکی توند دژی ئێران دەدرێ، بەڵام دیومانە کە ئورووپاییەکان تەئسیریان لە سەر داناوە. دیارە زیرەکی خودی ئێرانیەکانیش لە پەنای ئەوەدا تەئسیری هەبووە، ئەم فشارانەی کەم کردۆتەوە شاید خونسا نەبووبێتەوە بەڵام کەم بۆتەوە. بەڵام لە دوو ساڵی ئەخیردا بە تایبەتی ئەگەر بڵێین ئەم فشارانە دەبینرێت و شایەد بڵێین لە دوای رووخانی رێژیمی سەدام حوسێن لە عێراق و هاتنی ئەمریکا بە شێوەی فەعالتر، لاوازبوونی هێزەکانی لە عێراق ئورووپاییەکان شایەد گۆڕانێکیان بە سەردا هاتبێ و لە ئەمریکاییەکان زۆر نزیک بوونەوە. بۆیە نەختێک هەوڵیان دا هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا بکەن، بەڵام ئەوەی کە کاک رامبود بە دروستی ئیشارەی پێ کرد بەداخەوە فشارەکانی دەرەوە نە لە سەر ئەوەیە کە گۆڕانێک لە نێوخۆی ئێران دا پێک بێنن. ئەوان تەنیا ئەو فشارەیان بۆ سەر جمهوری ئیسلامی ئەوەیە کە کێشەی ئەتۆمییەکەی چارەسەر بکا بۆ ئەوەیکە ئەوان بتوانن لە دنیایەکی ئەمنتردا خەریکی کارو بازرگانیی خۆیان بن لەگەڵ جمهوریی ئیسلامی.

دیارە لە نێوخۆ دا فشارەکان راستە نەیانتوانیوە تەئسیری کاریگەریان هەبێ لە سەر گۆڕانی یا بە قەوڵ خۆش کردنی زەمینەی گۆڕان لە دەسەڵات دا چونکە لانی کەم لە یازدە، دوازدە ساڵی رابردوودا مەوجی ئیعترازاتمان دیوە لە ئوستان و شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران و بە تایبەت تاران وەکوو پایتەخت ئەم فشارانە بەردەوام بووە. هەرچەند راستییەکەی ئەوەیە کە رەنگە ئێستا لە تواناى خەڵکی ئێراندا نەبێ کە بتوانێ بۆ خۆی ببێتە هێزێکی کاریگەر بۆ پێک هێنانی ئاڵ و گۆڕ لە

دەسەڵاتی سیاسی دا. بەتایبەتی دەزانین جمهوریی ئیسلامی بە هۆی زەربە لێدانێکی زۆر لە ئوپۆزیسیون، ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە ناسراو بوو لە ئێران بۆ ڕێبەری کردنی هەر حەرەکەتێکی سیاسی لەم وڵاتەدا ئەو ئوپۆزیسیونەی زۆر لاواز کردوە. پێویستە ئیشارە بکەم بەوەیکە یەکێک لە تەرفەندەکانی جمهوری ئیسلامی تیرۆری ڕێبەرانی میللی ئێران بوو وەک شاپووری بەختیار، د. قاسملوو کە بە بڕوای من زۆر جار باس دەکرێ کە دوکتور. قاسملوو، بۆ تۆڵە کردنەوە شەهید کرا بۆ زەربەلێدان لە بزووتنەوەی کورد. لە حاڵێکدا بە دوای لێدانی ڕێبەرانی بزووتنەوەی سیاسی ئێران، قاسملووش یەکێک لەو کەسانە بوو کە دەیتوانی دەوری ئەوان بگێڕێ لە ئینقلابی سیاسیی ئێراندا. ڕێژیم بەو جۆرەیە هەوڵی دا کە پردەکانی نێوان نەسلی ڕابردوو لەگەڵ نەسلەکانی داهاتوو بڕووخێنێ. بە لێدانی ئەو کەسایەتییانە ئەم پردانە قەتع بوون. ئەوە بۆ خۆی بێ تەئسیر نەبوو و هەتا ئێستاش تەئسیراتی بە جێهشتووە. ئەوەیکە ئەو خەڵکە بەردەوام لە حەرەکەت دایە، لە ئیعتراز دایەو ئیعترازەکان ڕۆژانە دەبینرێت و ئێستا نەیتوانیوە خۆی سازمان بداو ببێتەوە ساحیبی ئەو ڕێبەرەی کە بتوانێ حەرەکەتێکی جیددی بکا دژی جمهوری ئیسلامی بۆ پێک هێنانی ئاڵ و گۆڕ لە حکوومەت دا بە گشتی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠٠٩

---------------------------------------------------

## بابەتی ساڵی ٢٠١٣

---------------------------------------------------

## هەفپەیڤین دەگەڵ بەڕێز کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٨ی مارس

**هەڤپەیڤین: ڕەحمان نەقشی**

**پرسیار:** تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

**کەماڵ کەریمی:** لەگەڵ سپاس بۆ زەحمەتی جەنابت بۆ ئەم وتووێژە. من کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی



سەرچاوە Serchawe

دیمۆکراتی کوردستان خەڵکی شاری بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. سەبارەت بە تێکەڵ بوونم لە گەڵ تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێ ئەوەتان عەرز بکەم لە بەر ئەوەی کە لە بنەماڵەیکی خەباتکاری شاری بانە لە دایک بووم کە ساڵها پێش لە دایک بوونی من و بە هۆی بە ئەندام بوونی باوکم (محەممەد کەریمی ناسراو بە قاقە) لە کۆمەڵەی ژ - کاف و دوواتر لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، تێکەڵ بە کاری سیاسی ببون و دوواتریش مامەکانم کاک هاشم و کاک عوسمان ( کە ئەمیان لە شەری نە خوازراوی نەغەدە شەهید ببو) ئەم ڕێبازەیان درێژە دا و منیش لەو بنەماڵە دا پەروەردە بووم. هەر لە سەرەتای تەمەنی لاوەتیم دا تووشی گوێ بیستی و خوێندنەوە و قسەو باس بووم.

باکگراوەندی زەینی من لەو سەردەمەدا کە تەمەنم لە ١٥ ساڵان تێنەدەپەری. گرتن و زیاتر لە ٣ ساڵ زیندانی بوونی باوکم  لە سەرەتای تەمەنی منداڵیم دا لە ساڵەکانی ٣٨ - ٤٢، گیران و زیندانی کرانی مامە عوسمانم بۆ ماوەی یەک ساڵ لە ساڵی ١٣٥٠ و دەربازبوون و ئاوارە بوونی مامە هاشمم بۆ ماوەی ٥ ساڵ دوای ئەوەی ئاشکرا بوو کە غیابی حوکمی ئێعدامی لە لایەن دەسەڵاتی شاوە بۆ برابووەوە بوو. پێش ئەوە بە ڕێنوێنی و لاسایی کردنەوەی ئەوان فێری کتێب خوێندنەوە و باس لە نێوەرۆکی ئەو ڕۆمانانە بووم کە زۆرتر ڕووانگەی چەپ و سوسیالیستیان هەبوو. وەک فکر ڕێری ئەو ڕێبازە بووم بەڵام دوواتر بە کردەوە و بە وەدوکەوتنی گەرەترەکانم خەبات لە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتم هەڵبژراد و لە دووای گەرانەوەی ڕێبوارانی حیزب بۆ ڕۆژهەڵات و لە مانگەکانی ئاخری شۆرشی ١٣٥٧ دا بووم بە ئەندامی حیزب و تا ئێستاش بەردەوام لە درێژە پێدان بە ئەرکی سیاسی و شۆرشگێریم لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا.

**پرسیار: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**کەماڵ کەریمی:** دەزانن مەسەلەی ئازدی و مافەکانی مرۆڤ زۆر لە ژێر کاریگەری سیستمی سیاسی و ئابووری وڵات دایەوە ئەو سیستمانە دەتوانن کارتێکەری جیاوازیان هەبێ و گۆران لە کولتووری وڵات یان گەلێک دا پێک بێنن. مافەکانی ژنان ئەگەر وەک مافی مرۆڤ بە لایەنە جۆراو جۆرەکانیەوە سەیر بکری دیارە هەڵسەنگاندی گران نیەو ئەوانیش وەک هەموو مرۆڤە ئازادی خوازەکانی وڵات دەچەوسێنەوە، دەگیرێن، زیندانی دەکرێن ئەشکەنجەی جیسمی و رووحی دەدرێن.... ئەگەر وەک ژنیش سەیر بکرێن بەداخەوە دەبێ بلێم هەرچەند تێکۆشانی چالاکانی ناساند و پاراستنی مافەکانی ژن زۆر زیاترە لە دەیەکانی پێشوو، بەڵام لە نێو نەتەوەی ئێمە دا کە پێشینەیکی تارادەیک باشی هەبووە بۆ ئازادی ژیان و راگرتنی حورمەتی ئازادی ژن، بەرەو پێش چوونی جیدی بۆدروات کردنی کلتوورێکی باش کە بتوانی یارمەتی دەری کۆمەڵگا بێ بۆ پاراستنی مافی ژنان نابیندرێ و بگرە لە هێندێک بوار دا ئاستەنگەکان زیاتریش بوون. بۆ وێنە دەکری باس لە کێشە ئەمنیەتییەکان بکەین کە بە هۆی نائەمن بوونی لە رادە بەدەری ژینگە کۆمەڵگا لەوە دەترسی کە ژنەکانیان یان کچەکانیان

ئەگەر لەو چووارچێوە دیاری کراوەی بنەماڵە بچنە دەر تووشی کێشە و گرفت بن و ببنە هۆی سەر ئێشەو تەنانەت سەر شۆری پیاوانی بنەماڵە. یان لایەنی ئاینی کۆمەلگا، لە گەڵ ئەوەی کە دین و ئاینە جیاوازەکان هەر کام بە جۆرێک باس لە ماف و دەوری ژن لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگادا دەکا و ژیان و کاری ئازادانە لە چووارچێوە دیاری کراوەکاندا رێگە پێدرواوە، بەڵام تێنەگەیشتووی بەشێک لە موسوڵمانان لە دین وئاینەکەیان و لە ترسی ئەوەی مەبادا بە هۆی ژن و کچەکانیانەوە تووشی عەزابی قەبر و ئاگری جەهەنم بن ئەوان لە ژیانی ئازادانەی رێگەپێدراو مەنع دەکەن و بە بێ ئەوەی هەست بە گوناه بکەن مافەکانیان لە ژێر پێ دەنێن. دەزانن لە کۆمەڵگای کوردەواری بە تایبەت لە رۆژهەلات هەم لە ژێر فشاری سیستمی خراپی ئابووری و سیاسی و ئەمنی دایە و هەم پەرەگرتنی دەمارگرژی ئاینی شوێنەواری نیسبی لە سەر داناوەو بەو جۆرە پیشکەوتنێکی کەمی لە بارەی تێگەیشتن لە پرسی ژن بە خۆیەوە دیووە.

**پرسیار**: چ لە رێزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

**کەمال کەریمی**: لە نیو حیزبە سیاسیەکانیان دا لە رۆژهەلات، ژنی تێکۆشەر هەن کە زۆریش لە هەوڵدان و ئەرکی قورسیشیان لە سەر شان داناوە. بەداخەوە کە ئەم ژنە چالاکانە زۆر نین و نەیان توانیوە ببنە هێزێک لە نێو حیزبەکان دا کژە تواناکانی ئەو توێژە لە مرۆڤەکان لە بەرامبەر پیاوان دا دەرنجا هەر چەند وەک پیاوێکی سیاسی بە شانازییەوە ددان بەوە دا دەنێم کە بوونی ئەو رادە کەمەش لە ژنان لە نیو حیزبەکان دا کاریگەری خۆیان هەبووە لە سەر بیر وبۆچوون و بەرنامە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و سەرەنجی زۆر لە پیاوان تێکۆشەریشیان بۆ لایەنە جۆراجۆرەکانی خەباتەکەیان لە پێناو یەکسانی ژن و پیاودا راکێشاوە ئەوەش کارێکی وا ئاسان نەبووە. بەڵام دیسان بەداخەوە دەڵێم هێشتاش رۆڵ وکارتێکەریان لە رادەدا نیە بۆ حیزبە سیاسییەکان پێویستە.

**پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

**کەمال کەریمی**: منیش پێم وایە دەبێ ژنان لەوە ئازادتر بن کە هەن و کەمتەر خەم نەبن. بەڵام باشە بەشی زۆر وزاڵی کۆمەڵگا پیاون. ئەی ئەگەر پرسی ژن بەشێکە لە پرسی مرۆڤ و مافەکانی مرۆڤ لەوێدا پێشێل دەکرێ. پیاوانی لایەنگری مافی مرۆڤ نابێ یارمەتیان بدەن؟ من پێم وایە ژنان نابێ چاوەرێ بن پیاوەکان کارەکانیان بۆ بکەن وخۆیان دەبێ دەستپێشخەر بن بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە پیاوەکانیش هیچیان بۆ ناکەن. لە کۆمەڵگای ئێمە دا پیاوەکان پێیان وایە

لە ژنان ئاقڵتر وزاناترن، دەبا ئەو زیادە عەقڵ و زانایيە بۆ يارمەتی دان و پڕکردنەوەی ئەو کەمتەرخەمیە ژيان بەکار بێنن.

**پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ڕێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو ڕێکخراوانە تا چ ڕادەیەک توانیویانە سەرنجی بیروڕای گشتی و یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زۆڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ ڕاکێشن؟

**کەمال کەریمی**: ڕاستە هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان ئەگەریش ژنی چالاکیشمان نەبێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو جێگا بەتاڵە ڕێکخراوێکیان بە ناوی ژنان دروست کردووە. ئەمە بۆ خۆی نیشانەی گرینگ بوونی پرسی ژنە و هەموو حیزبێک دەزانی دەبێ وا نیشان بدا کە ئەوەتا گرینگی بە پرسی ژن دەداو تەنانەت ڕێکخراویشی بۆ دروست دەکا. بەڵام ڕادەی توانایی ئەو ڕێکخراوانە ڕاست بەداخەوە بەستراوتەوە بە توانایی حیزبەکەیەوە. ئەمەش سەیر نیە چوونکە ئەم ڕێکخراوە بۆ حیزب دروست دەکرێ، ئەڵبەت بە هێندێک جیاوازی لە نێو ڕووانگەی حیزبەکانەوە کە لەوانەیە بەشێک لەو ڕێکخراوانە ئازادتربن لە چالاکیەکاندا. لەو نێوانەدا ڕێکخراوی یەکیتی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان نموونەیکی باشە هەم بۆ ئازادتر بوون لە چالاکیەکاندا و هەم بۆ هەوڵ دا بۆ ناساندی پرسی ژن لە ڕێگەی حووزوری نوێنەران و ئەندامانی ئەو یەکیەتیە یەو ئەندامانی ژنی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆڕ وکۆبوونەوە حیزب وڕێکخراوە نێوەنەتەوەییەکان بە تایبەت لە دەرەوەی کوردستان.

**پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

**کەمال کەریمی**: ژن مرۆڤەوە بەشێکە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و هەم زوڵمێک لە ژن دەکرێ لە مرۆڤایەتیش دەکرێ. هیوادارم ژنانی چالاکی کوردستان و چالاکانی پشتیوانی لە مافی ژن لە تێکۆشان بە مەبەستی دابین کردنی مافی یەکسان بۆ ژن وپیاو لە کۆمەڵگادا ماندوو نەبن و پشت ئەستوور بە ئەزموونەکانی ڕابووردویان یار و هاوکاری یەک بن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزەی مرۆڤایەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی مارچی ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## دارو لەلەی خامنەیی بۆ هەڵبژاردن

نەورۆزی ئەمساڵیش وەک ساڵانی رابردوو خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی نەورۆزو نوێبوونەوەی ساڵدا، چووە مەشهەد. لەو رێوڕەسمەدا کە لە مەرقەدی ئیمام رەزا بەڕێوە چوو، خامنەیی لە وتارە نەورۆزییەکەیدا ڕوو لە خەڵکی ئیران چەند پرسێکی تایبەتیی خستە بەرباسو لە نێویاندا گرینگیی زۆرتری بە یەکیان دا کە ئەویش مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە جۆزەردانی ئەمساڵدایە.

پێش هەموو شتێک وتارەکەی خامنەیی دەریدەخست کە فشار لەسەر ڕێژیمەکەیان ئەوەندە زۆر بووە کە ئیدی بیری ئاواڵەی رێبەر ناتوانێ بپرژێتە سەر باسی هەموو گیروگرفتەکانی خەڵک. هەربۆیە هەڵوێستەی لەسەر سێ بابەتی گرنگ کرد کە ئەمرۆ ترسیان خستووەتە نێو دڵی ئەوو دەستوپێوەندەکانیەوە.

**یەکەم؛** وەزعی خراپی ئابووریو ئیداریو شوێندانانی تەحریمەکان.

**دووهەم؛** دوژمنایەتیی ئەمریکاو هەڵسەنگاندنێکی وتووێژەکانو

**سێهەم؛** و گرنگتر لە هەمووان سەرنجدانی تایبەت بە بابەتی هەڵبژاردنەکانی جۆزەردانی ١٣٩٢.

پەیامەکەی خامنەیی ڕوو لە ئەمریکا شتێکی نوێی تێدا نەبوو جگە لە چاوەڕوان هێشتنەوەیەکی نادیاری ئەمریکاییەکانو زۆرتر هێنانەبەرباسی مەسەلەی دوژمنایەتییەکانی ئەمریکاو دیسان گەورەکردنەوەی ئەم دوژمنەو باسکردن لە ئیسرائیل کە ئەوان لەبەر بچووکیو بێدەسەڵاتی حیسابی بۆ ناکەن، وەک هەمیشە وەک ئامرازێک بۆ تەحریکی خەڵکو دوورخستنەوەیان لە مەسەلە گرنگە نێوخۆییەکانو، وەک لە دوابەشی وتارەکەیدا دەرکەوت بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ لای مەسەلەی هەڵبژاردنەکان کەڵکی لێوەرگیرا. لە پاڵ ئەمەدا بە ئیشارەیەکی بچووک بە شویندانەریی تەحریمەکان لەسەر ئابووریی وڵاتو بازارو دڵخۆشکردنی خەڵک بەوە کە ئەو تەحریمانە بە هۆی چالاکبوونی توانا شاراوەکانی میللەتی ئیرانو گەشەکردنی لێهاتوویی گەنجەکانەوە شوێنیان لەسەر ژیانی خەڵک نامێنێ، خۆی لەو باسە گرینگەی ئەمڕۆی ئیران دزییەوە.

باس لە هەڵبژاردن کە بێگومان گرنگترین بەشی پەیامەکەی خامنەیی بوو، ترسو دڵەڕاوکێیەکی زۆری پێوە دەبینرێ. هەرچەند خامنەیی لەسەرەتای وتارەکەیدا باس لەوە دەکا کە،«لە هەڵبژاردندا هەموو ئەو سەلیقەو جەرەیانانەی

باوەڕیان بە کۆماری ئیسلامی هەیە دەتوانن بەشدار بن‌و ئەمە هەم حەقە، هەم ئەرک‌و هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی‌دا بۆ یەک سەلیقەو جەریانی تایبەتی نیە». بەڵام بەم تەعاروفە وشکەش کە گۆیا ڕێگە بە سەلیقەی جیاواز دەدا، توندترین هەڕەشە لە سەلیقە جیاوازەکان دەکاو پێبەندبوون بە نیزام‌و وەدووکەوتنی ڕێبەر وەک مەرجی سەرەکی بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا دادەنێ. ئەو بە وەبیرهێنانەوەی ڕووداوەکانی ساڵی ۱۳۸۸ی دوای دزینی دەنگی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا ددان بەوەدا دەنێ کە هەڵوێستی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران لە دژی کوودیتای هەڵبژاردن لەو ساڵەدا زەرەری زۆری بۆ ئەوان هەبووە. هەر لەوێدا بەپێداگرتنەوە لەسەر ئەوە کە ڕووداوەکانی ساڵی ۱۳۸۸ ئەزموونێکی گرنگ بۆ خەڵکی ئێران بوون - کە مەبەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی‌یە - و ئەوان نایانەوێ جارێکی دیکە ئەو ئەزموونە تاقی بکەنەوە، دارو لەلە بۆ ئەو کەسانە دادەنێ کە بیر لە دووبارەکردنەوەی ئەو ڕاپەڕینە حەماسەیی یە بکەنەوە.

لە پەنا ئەم قسانەدا کە زۆرتر هەڕەشە لەو کەس‌و لایەنانەن کە لە هەڵایساندنی نارەزایەتی‌و خۆپیشاندانە میلیۆنی‌یەکانی تاران‌و شارە گەورەکانی ئێران لە دژی ئاکامی ڕاگەیەندراوی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ساڵی ۱۳۸۸ دا دەوریان هەبووە، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێتەوە کە، «هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان بە سەربەخۆیی‌و ئاسایشی نەتەوەیی هەیەو دڵیان بۆ بەرژەوەندی‌یە نیشتمانی‌یەکانی ئێران لێدەدا دەبێ لە هەڵبژاردندا بەشدار بن‌و بزانن کە ڕووەوەرگێڕان لە هەڵبژاردن کاری ئەو کەسانەیە کە دژایەتی‌یان لەگەڵ نیزامی ئیسلامی هەیە».

بەم جۆرە خامنەیی بە ئاشکرا هەڕەشە لەو کەس‌و لایەنانە دەکا کە تا ئێستاش بە گومانەوە یان بە چاوەڕوانی‌یەکی زیاتر لەو مەرحەمەتەی جەنابی ڕێبەرەوەدەڕوانن هەڵبژاردن‌و، لە ئێستاوە ئاگاداریان دەکاتەوە کە«یان لەگەڵ نیزامن‌و لە هەڵبژاردندا بەشدار دەبن یان لە ڕیزی دوژمنانی نیزام‌دان» و جێگەیان ئەو شوێنەیە کە هاوبیرەکانیان لە دوای هەڵبژاردنەکانی ۱۳۸۸ ەوە تێیدا بەندکراون‌و لاق خوار دانێن دەبێ چاوەڕوانی ئەو چارەنووسە بن. ئەم جۆرە لێدوانانەی خامەنەیی کە زۆر جار ڕاستەوڕاست قسەکانی خۆی دەردەبڕێ ئاماژەیە بە دەنگۆی بەشداربوون یان بەشدارنەبوونی بەشێک لە ئیسلاح تەڵەبەکان لە هەڵبژاردندا. ئەم قسانەش لە ئێستاوە کە نیزیک بە سێ مانگی بۆ وادەی هەڵبژاردنەکان ماوە، لەوانەیە وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەوڕاست بەو کەس‌و لایەنانە بێ کە چاویان لەوەیە ڕێبەر ڕازی بکەن بەوەی، لەو وەزعە ئاڵۆزەی ئێراندا بۆ رزگارکردنی نیزامیش بێ، لوتفێک نیشان بداو بەڕاستی ڕێگە بە بەشداریی سەلیقە جیاوازەکان لە هەڵبژاردندا بدا. بەڵام خامەنەیی باشتر لە هەموان لە مەسەلەکە حاڵی‌یەو دەزانێ ئەم جارەو لەو هەلومەرجەدا کە ئێستا ئەوانی تێدا دەژین ئەگەر لە ئیرادەی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران غافڵ بێ چلۆن دەکەوێتە بەر شەپۆلی رقی پەنداوخواردووی ئەو خەڵکە کە ئەو، بەڕواڵەت پشتی پێ بەستوون.



سەرچاوە
Serchawe

لێرەدا پرسیارێک بێ‌وەڵامە. داخوا خامەنەیی کە وەک هەمیشە لە ئێستاوە هاواری حەماسەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا دەکا، بەڕاستی نیگەرانی ئەوەیە کە خەڵک بەشداری هەڵبژاردن نەبن یان ترسی لەوەش هەیە کە ئەمجارەش خەڵک بۆ ئابڕووبردنێکی دیکەی ڕێژیم بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدانو دوای بەشداری‌یان لە هەڵبژاردندا، حەماسەیەکی دیکەی وەک دەربڕینی حەماسەی ناڕەزایەتی‌یەکانی ساڵی ١٣٨٨ بخوڵقێنن؟ هەرچۆنێک بێ ئەوەی زۆرتر دەکەوێتە بەرچاو نیگەرانیی خامەنەیی لەو خەڵکەیە کە لە هەلێک دەگەڕێن بۆ دەربڕینی ئەوپەڕی ناڕەزایەتیی خۆیان لە ڕێبەرو نیزامو هەموو ئەو بیرو بۆچوونانە کە زیاتر لە سێ دەیەیە ژیانی بەرەو فەوتان بردوون، نەک ترس لەوەی کە هێندێک دڵشکاوی نێو نیزام زویر ببنو خۆ لە ئەرکی شەرعی‌یان بدزنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٣

---

## ستراتیژی ئێران و وتوویژەکان

باسی وتوویژەکانی نێوان ئەمریکاو کۆماری ئیسلامی کە جارێ خۆی لە وتوویژەکانی ٥+١دا دەبینێتەوە، لە مێژە گەرمترین باسە کە زۆرترین هەواڵی لەسەر بڵاو دەبێتەوە. کەم ڕۆژ هەیە کە ئەم باسە لەسەر تیتری هەواڵی ئاژانسە جیهانیو ناوچەیی‌یەکان نەبینرێ، یان نەبێتە سەردێڕی وتارێک لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا. زۆرترین هەواڵو کەمترین ئاکام، یان باشتر بڵێین زۆرترین بێ ئاکامی لە ئاست چاوەڕوانی‌یەکانی خەڵکی لێقەوماوی ئێراندا.

جارناجار هەست دەکرێ کە بازاڕی ئەم باسە ڕوو لە کزی دەداو هەواڵەکان لەسەر ئەم بابەتە کەم دەبنەوە. هەتا کتوپڕ پەیامێکی نوێ بڵاودەبێتەوە، بۆ وێنە پێشنیاری وتوویژی ڕاستەوخۆی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. بەدوای ئەویشدا لە ئێران یەک دەڵێ باشە یەک دەڵێ خراپە. ئەوجار دوای هەمووان جەنابی ڕێبەر دێتە سەر مینبەرو دەڵێ نا ئەمریکا درۆمان لەگەڵ دەکاو بۆ باوەڕ بە ڕاستگۆیی ئێمە ناکا؟ دواتر بگرەو بەردەی ڕۆژنامەنووسانو بازارگەرمی‌یەکی دیکە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵو وتارو وتوویژی تەلەویزیۆنی، دەڵێی لەسەر ئەم کارە ڕێککەوتنێک هەیە. هەتا دواجار گرووپی ٥+١ یش پەیدا دەبنو دەورێکی نوێ لە وتوویژەکان، کە تەنیا ئاکامی ئەو هەموو زەحمەتبەخۆدانەو چاوەڕوانی‌کردنی خەڵکی ئێرانو جیهان بڵاوبوونەوەی ئەم ڕستانەیە ، «هەردوولا هەڵسەنگاندنیان لە کۆبوونەوەی ئەمجارە ئەرێنی بووو ڕەزایەتی‌یان بۆ درێژەی کۆبوونەوەکان دەربڕی». ئەمە داستانێکی چەند ساڵەیە کە بە زۆر هۆکاری بەستراوە بە قازانجی هەردوولا درێژەی

هەبووە.

بەڵام چی وادەکا ئەم کایەیە کۆتایی نەیەت؟ بەڕوانینێکی ڕووکەشیانە واهەست دەکرێ هەردوولا لە هەڵوێستی هێزەوە قسە دەکەن. ئەمریکا لەگەڵ باس لە دانوستان جاروبار هەڕەشە دەکا کە گۆیا هەموو بژێرە (گوزینە) یەک لەبەر دەستدایە . چونکە ئێران خاوەنهێزە لە ناوچەداو نابێ چاوەڕوانی بکەن ئەم هێزە زیاتر پەرەبستێنێ ، بە جۆرێک کە بتوانێ بەرژەوەندییەکانی ئەوان لە مەترسی باوێ. کۆماری ئیسلامییش وا نیشان دەدا مادام خاوەنی هێزێکی وەهایە نابێ هەروا ئاسان تەسلیمی ئەمریکا بێ‌و ئەمەی بۆ بەرزراگرتنی ورەی هێزەکانی بەکار هێناوە.

ئەوەی راستی بێ رەنگە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی توانای ئەوەیان هەبێ بە هێرشی کتوپڕو بە چەکە سوپێر مۆدێرنەکانیان لە کورت ماوەدا زەربەی کاریگەری وەها لە ئێران بوەشێنن کە توانا سەربازییەکانی ئێران تا رادەی هێزێکی خۆپارێز لە نێوخۆی وڵاتدا بەرتەسک بکەنەوە. بەڵام لەوانەیە بە ئەزموونوەرگرتن لە دوو شەڕی ئەفغانستانو عێراق، نە یانەوێ مل بە پەلکێشکردنیان بۆشەڕێکی راستەوخۆی دیکە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بدەن.

گومان لەوەدا نیە کە بۆ سیاسەتوانانی ئەمریکایی بە دیموکراتو کۆماریخوازیانەوە، بابەتی ستراتژیکیی پاراستنی بەرژەوەندییە درێژماوەکانی وڵاتەکەیان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا گرنگترین مەسەلەی هاوبەشیانە. ئەم بابەتە ئەگەر زۆر لایەنی گرنگی هەبێ، سێ خاڵی سەرەکیی تێدا بەرجەستەیە.

**یەکەم**، چۆنیەتیی پاراستنی سەرچاوەکانی وزە وەک نەوت کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا دەوری کاریگەری لە هەڵسووڕاندنی چەرخەی ئابووریی وڵاتە پیشەسازییە گەورە کاندا هەبووە.

**دووهەم**، کێشەی پاراستنی ئەمنییەتی درێژماوەی ئیسرائیل کە لە سیاسەتی ئەمریکادا بایەخی تایبەتیی هەیەو لە هیچ هەلومەرجێکدا پشتگوێی ناخەن.

**سێهەم**، پاراستنی پێگەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدایە کە لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە زۆرترین سەرمایەگوزاریی ماڵی و ئینسانیی لەسەرکراوەو جگە لە دوو شەڕی راستەوخۆ لە عێراق و ئەفغانستان، سازکردنی زۆر شەڕی نێوخۆییو کودیتاو پیلانی دیکەی لە هەر کام لە وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە مەترسی بۆ سەر ئەم ستراتژییە دروست کردبێ، تێدا جێبەجێ کراوە. لەم خوێندنەوەڕا زەحمەتە کەس باوەڕ بکا کە

ئەمریکا لەبەر ئێران دادەنەوێنێ‌و ملکەچی زێدەخوازی‌یەکانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەبێ. کەوابوو ئێران چ‌دەسکەوتێکی لەم کایەدا هەبووە؟

ئەمریکا بە گەورەکردنەوەی مەترسی‌یەکانی ئێران لە ناوچەدا، توانیویەتی هەم شەریکە ستراتژی‌یەکانی خۆی وەک ئورووپا و هاوپەیمانە جیهانی‌یەکانی‌و هەم وڵاتە عەرەبی‌یەکانی ناوچە لە بەرەیەکدا کۆ بکاتەوەو، پێگەی نیزامیی خۆی لە کەنداودا بە هێز بکا، لەم ڕێگەیەشەوە بە دەیان میلیارد دۆلار چەکی فرۆشتوە. هەروەها کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی‌دا بە تاوانبار ناساندووەو بە تەحریمکردنی بانکی‌و بازرگانی، ئابووریی ئیرانی تووشی دارمان کردوە. لەولایشەوە کۆماری ئیسلامی بۆ داپۆشینی قەیرانە نێوخۆیی‌یەکانی‌و هێشتنەوەی هەلی سەرکوتی زیاتری دژبەرەکانی، بە زەقکردنەوەی کێشەی ئەتۆمی‌و شەڕفرۆشیی ئەمریکا توانیویەتی فەزای نێوخۆی ئێران بە قازانجی خۆی رابگرێ.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی باش دەزانن ئەگەر مل بە چارەسەری کێشە دەرەکی‌یەکان بدەن کە قبووڵکردنی داخوازی‌یەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر مەسەلەی دامەزراوە ئەتۆمی‌یەکانی شەرتی سەرەکی‌یەتی، ئەوجار دەبێ بۆ ئەو هەموو کێشە نێوخۆیی‌یانەی کە بۆخۆیان خوڵقێنەریان بوون، وڵامدەر بن. هەربۆیە بەئاسانی مل بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا نادەن‌و هەرجارەی بە بیانوویەکی نوێ وتووێژە بێ ئاکامەکان وەدوا دەخەن.

لەراستی‌داو لە بێدەسەڵاتی‌یاندا، ستراتژیی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی چەند ساڵێکە لەم چوارچێوەیەدا قەتیس ماوە کە، بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی ڕێژیمەکەیان‌و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران‌وکێشە نێوخۆیی‌یەکان‌و ئاواڵە هێشتنەوەی دەستیان بۆ سەرکوتی زیاتری نەیارەکانیان، قەیرانە دەرەکی‌یەکان‌و بە تایبەت کێشەی ئەمریکا لەوەی کە هەیە گەورەتر نیشان بدەن‌و لایەنگرانی خۆیانی پێ‌هەڵخەڵەتێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٣

-----------------------------------------------

## وتووێژی گۆڤاری کلیل

**دیداری: کاروان رزگار**

"هێشتا زووە بڕیار لەسەر روحانی بدەین"

**کەمال کەریمی**، خەڵکی بانەی رۆژهەلاتی کوردستان. ساڵی ١٩٧٩ بووەتە پێشمەرگە و لەساڵی ١٩٨٥وە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، ئێستاش ئەندامی دەفتەری سیاسیی ئەو حیزبەیە، لەدیدارێکی تایبەتی(کلیل)دا تیشک دەخاتە سەر رەوشی ئێستای ئێران و رۆڵی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان تیایدا، پێی وایە، لەئێستادا نەوەیەکی وشیار دروست بون لەرۆژهەلاتی کوردستان و چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرێت لەداهاتودا کاریگەرییان لەسەر رەوتی روداوەکان هەبێ.

**کلیل**: شۆرشەکانی بەهاری عەرەبی چ کاریگەرییەکی لە سەر هەر چوار پارچەی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی رۆژهەلاتی کوردستان هەبووە؟

**کەمال کەریمی**: هەر چەندە ئەم شۆرشانە کە گۆڕانی دەسەلاتی لە زۆربەی ئەو ولاتانەدا بەدوای خۆیدا هێناوە، دەتوانێ شوێندانەر بن لەسەر وەزعی سیاسی ناوچە و مەیدانێکی نوێی بۆ خەباتی کورد بەتایبەت لەسووریا و تورکیە کردبێتەوە، بەلام دەتوانێ لایەنی خراپیشی هەبێ. وەک بە هێز بوون و بەدەسەلات گەیشتنی عەرەبە سوننە توندرەوەکان رەنگە زۆر لەقازانجی کورد نەبێ. لەگەڵ ئەوەش بزووتنەوەی کورد بەگشتی و لەهەر پارچەیەکیش هێندێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە بەزۆری ئەو تایبەتمەندیانەن کە رێرەوی بەرەوپیش چوونی خەباتی نەتەوەیی و کۆمەلایەتی دیاری دەکەن. وەک نەتەوەیی بوونی خەبات و سیکۆلاربوون و داخوازیی دادپەروەری لەنێو بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکاندا. ئەم هۆکارانە دەتوانن بزووتنەوەی کورد لەکاریگەری لایەنە سلبیەکانی ئەو شۆرشانە بپارێزێ.

**کلیل**: وەک دەبینین رۆژ لە رۆژ مەرگی رژیمەکەی ئەسەد نزیک دەبێتەوە، پێتان وایە لە دوای ئەسەد نۆبەی ئێران بێت؟ یان بە رووخانی رژیمەکەی ئەسەد چی لە وەزعی ئێران دەگۆرێت؟

**کەمال کەریمی**: لەناو خۆی سووریا و هەموو رووداو هەڵوێستەکانی دەرەوە ئاماژەن بەرۆیشتنی بەشار ئەسەد و کۆتایی

دەسەڵاتی ئەوان. هەر چەند تائێستاش شێوازی گۆڕانکارییەکان بەتەواوی روون نین. دیارە نەمانی دەسەڵاتی رژیمەکەی ئەسەد لەسووریا کاریگەری سیاسی زۆری لەسەر رژیمی ئێران دەبێ، دەسەڵاتدارانی ئێران بەئاشکرا دەڵێن سووریا لەپارێزگای خوزستان کە بەهۆی نەوتەکەوەی دەوڵەمەندترین پارێزگای ئێرانە بۆیان گرینگترە. سووریا پێگەی ستراتیژی ئێرانە لەناوچەی رۆژهەڵاتدا، بەڵام شەرت نیە ئەوەی لەسووریا روودەدا لەئێرانیش دووبارە بێتەوە. ساڵی ٢٠٠٣ ئامریکا هێرشی کردە سەر عێراق و رژێمی سەدامی روخاند. ئەودەم پرسیار دەکرا دەبێ نۆرەی ئێران بێ؟ ئێران جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی. لەلایەک کولتووری سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵک و شێوازی خەبات لەئێران و لەلایەکی دیکەش پێگەی ئێران لەناوچەی رۆژهەڵات و پێوەندیەکانی و بایەخدانی رووسیە و چین بەجێ و پێی خۆیان لەناوچەدا لەرێگەی ئێرانەوە، هەموویان کاریگەریان هەیە لەسەر ئەوەی لەئێراندا چ روودەدا؟ بێگومان روخانی رژیمی ئەسەد بەرەی ئێران زۆر لاواز دەکا و بەتەنیا دەمێنیتەوە، ئەمەش وادەکا لەسیاسەتی دەرەوەیدا تووش لاوازی بکا. بەڵام بەدوور لەهەموو ئەمانە لەئێراندا بزووتنەوەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی هەیە کە زۆرجار نیشانی داوە دەتوانێ کاریگەری لەسەر وەزعی سیاسی ناوچەش بکات، ئەگەر خەڵکی ئێران لەماوەی ٣٤ ساڵ دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیدا توانیویانە بەربەرەکانێی سیاسی لەگەڵ حکوومەتدا بکەن بەهۆی پاڵپشتی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەوە بووە. هەر ئەوەش بێ گومان ئێران بەرەو گۆڕانێکی جیدی دەبا.

**گلیل**: ئایا شتێ هەیە بە ناوی ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیی کۆماری ئیسلامی ئێران جگە لە کورد؟

**کەماڵ کەریمی**: لەئێران ئۆپۆزسیۆن بەو لایەنانە دەگوترێ کە لەساڵانی سەرەتای هاتنە سەرکاری رژێمی کۆماری ئیسلامی بوونە دژبەری و لەلایەن رژێمەوە لێیاندراو بەنایاسایی ناسێندران. ئەوانەش بەکوردیشەوە هەموو ئەو حیزب و لایەن و کەسایەتیە ئێرانیانە دەگرێتەوە کەدژی دەسەڵاتی کۆماری ئسلامی بوون و لەنێو خۆی وڵات بە ئاشکرا مافی چالاکییان نیە. بەڵام دەستەواژەی ئۆپۆزسیۆنی نێو خۆیی زۆرتر بەولایەنانە دەگوترێ کە لەنێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بوون و دەوریان هەبوە و ئێستاش هەن. بۆ وێنە ریفۆرمخوازەکانی ناو کۆماری ئیسلامی ئەوان دژی حکوومەت نین و بەشێکن لەحکوومەت کە لەلایەن خامنەیی و هاوپێوەندەکانیەوە هەوڵی بێدەنگکردن و لادانیان لەدەسەڵات دراوە. لەراستیدا ئەو بەشە زۆرتر بیر لەگۆڕانکاری لەسیاسەتی دەوڵەتدا دەکەنەوە و جیاوازی زۆریان هەیە لەگەڵ ئەو بەشە لەئۆپۆزیسیۆن کە هەوڵی رووخانی نیزام دەدا. ئەوانە لەناو کوردەکانیشدا لایەنگریان هەیە و بە ریفۆرمخوازە کوردەکان دەناسرێن و یەکەم جار لەمەجلیسی شەشەمدا توانیان فراکسیۆنی کوردەکان لەو مەجلیسەدا پێک بێنن، بەڵام دواتر بەهۆی فشاری دەسەڵات و لاوازی خۆیان ئەو فراکسیۆنە لەبیرکرا. جگە لەوانەش کۆمەڵێکی زۆر چالاکوانی سیاسی و مەدەنی هەن کە لەزۆربواری کاری رۆژنامەگەری، کولتووری، ئەدەبی، مافی مرۆڤ و... بەدروستکردنی رێکخراو و N.G.O کانەوە، لەدروستکردنی کەش و هەوایەکی

خەباتگێڕانە بۆ باسکردن و بەهێز کردنی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی لە پەنا ئەودا باسکردن لەکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان ئەگەر بەئۆپۆزسیۆن حیساب بکرێن کاریگەریان هەبووە.

**کلیل**: لەئێستادا سەرەڕای ئەو گەمارۆ ئابوورییەی لە سەر ئێرانە ڕۆژ لە ڕۆژ وەزعی ئێران بەرەو خراپتر دەڕوات، ئایا ئەمە چ کاریگەرییەکی لە سەر ناڕەزایی هاوڵاتیان ئێران بەگشتی و کوردانی ڕۆژهەڵات بە تایبەت هەبووە؟

**کەماڵ کەریمی**: گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئابووری وڵات هەبوە و لەگەڵ ئەوەی زۆر لەبەرنامەکانی دەوڵەتی پەک خستوە، ژیانی خەڵکی ئێرانیشی تووشی گرفت کردووە. لەزۆر شوێن بەهۆی ئەوەی کە مانگانەی کارمەند و کرێکار بە تایبەت لەکارخانە گەورەکان نەدراوە و بۆ چەند مانگ دواکەوتوە ئەو بەشە لەخەڵک بەدەربڕینی ناڕەزایەتی و مانگرتن هەڵوێستیان وەرگرتووە. جگە لەوەش هاتنە خوارەوەی بەهای پووڵی ئێران و کەم بوون و گرانی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک ناڕەزایەتی لەنێو خەڵکدا دروستکردووە، بەڵام تائێستا نەبۆتە هۆکارێک بۆ ساز بوون یان وەرێخستنی ناڕەزایەتی دەربڕینێکی گشتی دژبە دەسەڵات. لەڕاستیدا لەچەند مانگی ڕابردوودا خەڵکی ئێران چاوەڕوانی بەڕێوە چوونی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆمارییان دەکرد و چاوەڕوانی ئەوەکە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە چ گۆڕانێک بەسەر وەزعی ئێراندا دەهێنێ. لەگەڵ ئەوەش نابێ بزووتنەوەکانی گەلانی ئێران لەبیر بکرێن ئەگەر وەزعی سیاسی و ئابووری لەئێراندا هەر ئاوا بمێنێتەوە دەبێ چاوەڕوانی ڕووبەڕووبوونەوەی بەهێزی خەڵک لەدژی دەسەڵات بین.

**کلیل**: دەرچوونی ڕووحانی بۆ سەرۆک کۆمار چی لە وەزعی ئێران دەگۆڕێت؟

**کەماڵ کەریمی**: دەرچوونی ڕووحانی لەهەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێراندا و بوونی بەسەرۆک کۆمار نەک وەک کاندیدایەکی جێگەی باوەڕی هەموو خەڵک بەڵکوو وەک تەنیا کاندیدایەکی جیا لەکاندیداتۆرەکانی سەر بە ڕێبەری نیزام، تەنیا دەربڕینی هەستی خەڵک بوو بەدژایەتیکردن لەگەڵ کەسانێک کە ئەو وەزعەیان بۆ خوڵقاندوون. خەڵک بەو هیوا دەنگی بەروحانی داوە کە بەڵکوو گۆڕانێک لەسیاسەتەکانی ئێراندا پێک بێنێ. هەر چەند زووە بڕیا لەسەر ئەوە بدرێ و دەبێ چاوەڕوانی دەسبەکاربوونی بکەین، بەڵام ئەگەر بیەوێ ئەو هیوایەی خەڵک وەدی بێنێ دەبێ زۆر لەکۆسپەکان لەسەر ڕێی خۆی لاببا و ئەوەش دەتوانێ یا دەیەوێ شەڕی دەسەڵاتی ڕیبەریی نیزام بکات مەرجی یەکەمیەتی بۆ لابردنی ئەو کۆسپانە. چونکە ڕێبەر لەسیستمی کۆماری ئیسلامیدا و بەپشت بەستن بەدامودەزگاکانی سەر بەڕێبەری بۆ زۆربابەت هەتا ئێستاش بڕیاری کۆتایی بەدەستە.

**کلیل:** ئێوە داوای چ جۆرە سیستمێک و مافێک دەکەن لە کۆماری ئیسلامی ئێران؟

**کەماڵ کەریمی:** حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، لە بەرنامەی خۆیدا بڕیاری "دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەچوارچێوەی ئێرانێکی فیدراڵدا"ی وەک دروشمی ستراتێژی خۆی دیاری کردووە. ئەمە ئامانجی سەرەکی ئێمەیە و وەک ڕێگە چارەیەک بۆ چارەسەری کێشەی کورد و دابین کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لەئێراندا چاوی لێ دەکەین و خەبات بۆ وەدیهێنانی دەکەین. بەڵام لەکۆماری ئیسلامیدا یا هەر ڕێژیمێکی دیکە کە لەئێراندا لەسەرکاربێ داوا کاریمان دانپێدانان بەبوونی کورد وەک نەتەوەیەک کەمافی ئەوەی هەبێ لەڕێگەی یاساییەوە و بەپێی ویست و دەنگی خەڵک هەوڵ بدا بۆ گەیشتن بەقەناعەتێکی هابەش لەئیدارەکردنی وڵاتی ئێران بەجۆرێک کە کوردیش خۆی تێدا ببینێتەوە و بتوانی لەناوچە کوردنشینەکاندا لەڕێگەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خۆیەوە ئیدارەی ناوچەکانی خۆی بکات، ڕێگەی پێ بدرێ بەڕەسمی بەزمانی خۆی بخوێنێ و فەرهەنگ و کولتووری خۆی پەرە پێبدا. هاوکاری بکرێ بۆ ئەوەی لەو ناچانەدا دواکەوتوویی ئابووری قەرەبوو بکاتەوە و لەئیمکاناتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بە قازانجی پەرە پێدان و گەشەی ئابووری ئەو ناوچانە کەڵک وەرگرێ. ئەمانە وزۆر شتی دیکەش کە پێوەندیان بە مافی شارومەندی خەڵکی کوردستانەوە هەیە لەخاڵێکەوە دەست پێدەکا ئەویش قبوڵی ئەو ڕاستییە لەلایەن کاربەدەستانی تارانەوە کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە گەلە و دەبێ ڕێگەی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئەوان بگردرێتە بەر.

**کلیل:** وەزعی کوردانی ڕۆژهەڵات لە ئێستادا چۆنە؟

**کەماڵ کەریمی:** لەڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵک چەند ساڵە لەژێر فشاری ئەمنی توندا ژیان بەسەردەبەن، ئەمەش کاری کردۆتە سەر تەواوی بوارەکانی ژیانییان. بەڵام لەباری سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە بەرەوپێش چوونێکی زۆر لەنێو خەڵکی کوردستاندا دەبیندرێ. خەڵک بەوریایی زۆرەوە ڕوبەڕوی پێشهاتەکان دەبنەوە و هەوڵ دەدەن لەهەر قۆناغێکدا بەشێوەی شیاو هەڵوێستی خۆیان دەرببرن. ئەمەش نیشانەی پێگەیشتنی جیلێکی هوشیارە لەنێو کوردستاندا کە دەکرێ وەک هێزێک چاوی لێ بکرێ کەدەتوانێ لەداهاتوودا لەسەر ڕەوتی ڕوداوەکان کاریگەریان هەبێ.

**کلیل:** بەم دواییانە کۆماری ئیسلامی ئێران زیندانەکانی پڕکردووە لە چالاکانی مەدەنی و لە سنوورەکان بارەگای زیاتر و زیاتر دەکاتەوە، هۆکاری ئەمە چیە؟

**کەماڵ کەریمی:** ئەوەی کەزیندانەکانی کۆماری ئیسلامی پڕ کراوە لەخەڵکی خەباتگێر هۆکاری دوولایەنەی هەیە. هەروەک

پێشتر باسم کرد لە نێو خەڵکدا کۆمەڵێکی زۆر ئینسانی خەباتگێر و پێشکەوتوو هەن کە هەر هەلێک دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی ناڕەزایەتی دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی دەرببرن، حکوومەتیش بەمە تووڕەیە و دەسەڵاتێکی ئەمنی توندی بەسەر ناوچەکاندا سەپاندوە. ئەم فشارە ئەمنیە تائێستاش نەبۆتە هۆکاری کپکردنی دەنگی خەڵک ئەگەرچی هەر رۆژەی کۆمەڵێک لەو چالاکوانە خەباتگێرانە بەند دەکرێن. لەراستیدا رژێم لەترسی بەرزبوونەوەی دەنگی زیاتری ناڕەزایەتیەکان و تەقینەوەی بەرووی دەسەڵاتدا تەنیا ئەم رێگەی پێ شک دێ کە ئەویش کاریگەری نەبووە. دانانی هێز و بنکەی زیاتر لەسنوورەکانیش راست پێوەندی بەترس و دڵەراوکێی کاربەدەستانی ئێرانەوە هەیە سەبارەت بەگۆرانکاریەکانی ناوچە و لایان وایە کە کوردستان لاوازترین شوێنی دەسەڵاتدارییانە و لەوانەیە هەر راپەرینێک لەئێران ساز بکرێ لەم سنوورانەوە هێزی پێشمەرگە و دۆستانیان هێرش بکەنە سەریان، ئەمەش نیگەرانی قووڵی ئەوان و بێ متمانەیی یان لەکوردستان دەردەخات.

**کلیل**: دەوترێت کوردانی رۆژهەڵات متمانەیان بەحیزبە کوردییەکان نەماوە، ئەوە تا چەندە راستە؟

**کەمال کەریمی**: ئەگەر لەکوردستان حیزبێک هەبێ ئەوە نیشانەی متمانە پێکردنی خەڵکە، دەنا خۆ حیزبەکان ناچن لەسۆماڵی و بەنگلادیش خەڵک بێنن و بیانکەنە ئەندامی خۆیان. هەتا ئێستاش هیچ ساڵێک نەبووە کە بەدەیان ئەندام و لایەنگری حیزبەکان نەکەونە بەر پەلاماری ئیدارەی ئیتلاعات و سوپای پاسداران و لەزیندان نەکرێن یان مەجبوور نەبووبن ولات بەجێ بهێڵن. ئەدی ئەگەر ئەوانە خەڵک نین کێن؟ کەوابوو چۆن دەکرێ ئەو خەڵکە بەحیزبەکان متمانەیان نەمابێ، بەڵام ئامادەبن بەپێی رێنمایی و چالاکی حیزبەکانەوە ئەو هەموو ناڕەحەتییە قبووڵ بکەن؟ بەخۆشحاڵییەوە دەتوانم بڵێم پێوەندی حیزبی ئێمە لەگەڵ خەڵکی کوردستان لەهەموو ساڵانی رابردوو باشترە. ئەگەر جاران هێندێک کاناڵی مەحدوود بۆ ئەو پێوەندیانە هەبوون، ئێستا زۆر رایەڵەی بەرین و بەهێز ئەو پێوەندییانە دەپارێزن.

**کلیل**: گفتوگۆی نێوان کۆمەڵە و دیمۆکرات چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ بۆچی ئەم بەرە فراوانتر نەکراوە؟

**کەمال کەریمی**: دیمۆکرات و کۆمەڵە لە ساڵی ١٩٧٩ وە پێوەندی باش و خراپی زۆریان بووە، ئێستا بەخۆشییەوە لە نێوان دیمۆکراتەکان و کۆمەڵەکان پێوەندی باش هەیە، بەڵام دیسان وەڵامدەری هەلومەرجی ئێستانیە، پارچە پارچە بوونی حیزبەکان و بەتایبەت دیمۆکرات و کۆمەڵە شوێنی خراپی لەسەر هەموو پێوەندییەکان داناوە. ئەگەر مەبەستی پرسیارەکەش رێکەوتنی حدکا و کۆمەڵەی شۆرشگێرە ئەو رێکەوتنە دوو قۆڵییە لەسەرەتاوە دیار بوو کە ناتوانێ ببێتە چەترێک بۆ هەموو حیزبەکانی رۆژهەڵات. لە بەر ئەوەی زۆرتر پێویستییەکی حیزبی بوو بۆ ئەو دوولایەنە نەک ئەوەی



سەرچاوە
Serchawe

بیرکردنەوەیەکی نەتەوەیی کە پێوەندی بەهەموو هێزەکانەوە هەبێ لەپشت بێ هەروەک دەبینین هەتا ئێستا پێشوازییەکی لێ نەکراوە لەگەڵ ئەوەی ئێمە وەک کارێکی باش کە دوو لایەنی کوردی بەیەکەوە دەیکەن هەڵسەنگاندنمان بۆ کردووە.

**کلیل**: بەگشتی وەزعی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چۆنە؟ تا چەند پەیوەندییەکانتان ئاساییە؟

**کەمال کەریمی**: پێوەندی نێوان حیزبەکانی رۆژهەڵات دوستانەیە، بەداخەوە ئەمجۆرە پێوەندیانە نەگەشتونەتە ئاستێک کە متمانەیەکی گشتی دروست بکا بۆ ئەوەی هەموو لەدەوری مێزێک دابنیشن و لەسەر بەرینکردنی ئەم پێوەندیانە و لابردنی لەمپەرەکانی سەر رێی دروستکردنی بەرەیەکی حیزبەکانی رۆژهەڵات قسە بکەن.

**کلیل**: ئەی رۆلی پژاک چیە؟ دەوترێت لە ئێستادا ئەوان نفوزییان لە حیزبەکانیتر لە رۆژهەڵات زیاترە، رای تۆ چیە؟

**کەمال کەریمی**: پەژاک ئەوەندە هێزەی کە هەیەتی لەپاڵ هێزەکانی پ.ک.ک لەسنوورەکانی بناری قەندیل ماونەتەوە، بۆ ئەو هەڵسەنگاندنە دەبێ چاوەڕێ بین پەژاک داوایەکی گشتی روبەڕوی خەڵکی کوردستان بکاتەوە بزانین خەڵک چۆن بەدەمیانەوە دێن. وەک مانگرتنی ٢٢ی پوشپەڕ رۆژی تیرۆرکرانی دوکتور قاسملوو لە سەرداوای حیزبی دیمۆکرات یان مانگرتنە سەراسەرییەکەی بەهاری ٢٠١١ سەبارەت بەئێعدامی ٥ رۆڵەی کورد و پشتگیری گشتی حیزبە کوردستانییەکان کە لەزۆربەی شارەکانی کوردستان خەڵک بەداخستنی دوکان و بازار و نەچوونە سەر کار دژایەتی خۆیان بۆ ئێعدامی رۆڵەکانی کورد نیشاندا.

سەرچاوە: گۆڤاری کلیل - رێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٣

-----------------------------------------------

## "پێویستی چڕکردنەوەی هاوخەباتی حیزبەکان و چالاکوانانی نێوخۆ"

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە زمانی بەرێز خالید عەزیزی سکرتێری حیزبەوە لە دوو توێی بەیاننامەیەکی رەسمی دەفتەری سیاسیدا لە ٧ی مای ١٣٩٢ دا بلاو بووە، بژاردە سیاسیی و فەرهەنگی یەکانی نێوخۆیی وڵات هان دەدا، "هەتا لە فازی پاش هەڵبژاردنیشدا بەلێنەکانی سەرکۆمارو زەرفییەتە قانوونییە هەرچەند کەم و جێبەجێ نەکراوەکانی خودی

ڕێژیمیش وەک هەڵ و بیانوویەک بۆ لە مەیداندا راگرتن و دەرخستنی داواکارییە بەرحەقەکانی گەلی کورد لە ئێران بەکار بێنن.

ئەم داوایەی بەرێز خالیدی عەزیزی نە تەنیا داواکاریەکی سووک نیە بەڵکوو چوونە مەیدانی جێبەجێ کرنیشی کارێکی ئاسان نیە. ئەم داوایە ناتوانی تەنیا قسەی ڕێبەرێکی سیاسەتمەدار بێ بۆ تەبلیغات.

هەروەک دەتوانێ پەیامێک بێ کە جێبەجێ کردنی پێش گیری بکا لە دروست بوونی بۆشاییەکانی بەرین و نوێ لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم بیرۆکەیە، کە دەتوانێ فرسەت بە دۆزی ڕەوای گەلی کورد بکا.

هەر بۆیە هەست دەکرێ ئەم ڕەستە کورتە دەبێ ستراتژییەکی نوێی سیاسی لە پشت بێ. ستراتژییەک کە دەتوانێ گۆرانێک لە مەیدانی ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزی خەڵک و دەسەڵات دروست بکا. هەوڵدان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆژە سیاسییە بێگومان دەتوانێ تین و گۆرانێکی زیاتر بە خەبات بدات و هێزێکی زیاتر لە ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامیدا رابگرێ. ئەو هێزە کە دەبێ هەوڵ بدات بە پشت بەستن بە ئیرادەو توانای خۆی لە هەر بوارێکدا دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بە چالش بکێشێ و بە کەڵک وەرگرتن لە فرستە یاساییەکان، هەوڵی لاوازکردنەوەی فەزای داسەپاوی ئەمنیەتی بە سەر کوردستاندا بدا.

بێگومان لە بەرامبەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا کە تا ئێستا ملی نەداوە بە قبووڵ کردنی هیچ داخوازییەکی بنەڕەتی گەلی کورد، گرتنە پێشی هەر شێوازە خەباتێک کارێکی ئاسان و بێ دەردە سەر نابێ. بەڵام لە تێگەیشتوویی و وریایی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت بژاردە سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەو نەتەوە بندەستە چاوەروان دەکرێ بە پشت بەستن بە ئەزموونی ٣٤ ساڵ خەبات و خۆراگری و، خوێندنەوەی دروست لە هەلومەرجی سیاسی ئێستای ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵات و بەتایبەت دەرکەوتنی کورد وەک لایەنێک لە ئاست بەشدار بوونی لە چارەسەری کێشەکانی ناوچە، بتوانن دەوری کاریگەری خۆیان بگێرن بۆ بەرەو پێش بردنی ئەرکی نەتەوەییان لە چەسپاندنی هەرچی زیاتری ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ وەدەست هێنان و کەڵک وەرگرتن لەو فرسەتانەی کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ناچار بە قبووڵی ڕاستیەکانی کۆمەڵگای ئێرانی و کوردبکا.

ئەم ئەرکەش تەنیا کاتێک بە باشی جێبەجێ دەبێ کە خوێندنەوەیەکی هاوبەش و واقعبینانە لە نێوان هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە لایەک ولە پێوەندی لەگەڵ چالاکوانان و تێکۆشەرانی نێو کۆمەڵگای کوردستان دروست بێ.

هیوادارم هەموو لایەک بە دوور لە بیرولێکدانەوە تاک رەهەندیەکان وبە پەنا بردن بۆ دیالۆگێکی موسبەت لە سەر ئەو بابەتە یارمەتی دەری بردنە پیشی ئەم بیرۆکەیەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوولای ٢٠١٣

-----------------------------------------

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٤ - ٢٠١٥ و ٢٠١٦

------------------------------------------------

### لە یادی یەکی مای رۆژی جیهانیی کرێکاردا

یەکی مانگی مای، ڕۆژی جیهانیی کرێکارو رۆژی هاوپێوەندی نێونەتەوەیی کرێکاران، ئەو ماندووبوونو ئارەق ڕشتنوقوربانیدانانە وەبیر دێنێتەوە کە بە هۆی پێوەندی ناداد پەروەرانەی سەرمایەوە وەبەرهاتووە بەسەر کرێکاراندا سە پاوە. هەرچەند دیاریکردنی یەک رۆژ لەساڵدا بۆ یادکردنەوەی زەحمەتو خەباتی بەرینترینی ئەم چینە کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، سەرکەوتنێک بوو بۆ کرێکارانو چینی چەوساوە.

رۆژی یەکی مانگی مای، کە هەر لە یەکەم ساڵی ناودێرکردنی بە رۆژی کرێکار، سەرەڕای هەموو ئاستەنگێک، ئیستا بوەتە بۆنەیەک کە بە میلیۆنان ژنو پیاوی لایەنگری داد پەروەری - کۆمەڵایەتی لەسەرانسەری جیهاندا لە دەوری یەک کۆدەکاتەوە. ئەوان لەیەک رۆژدا و لەسەرانسەری ئەو جیهانە بەرینەدا، بە وەرێخستنی رێپێوان و خۆپیشاندانو بۆ داواکردنی مافە ئینسانییەکانیان، نموونەیەکی جوانوشیاو لە هاوپێوەندییەکی جیهانی دەردەخەن. لەورۆژەدا سەرەڕای دروستکردنی زۆر ئاستەنگو پەلاماردانیان لە لایەن پۆلیسی پارێزەری دامودەزگای سەرکوتکەر، هەموو ئەو مرۆڤانەی بە جۆرێک بوونەتە قوربانی ناداد پەروەری سیستمە سیاسیو ئابوورییەکان، یەک دەنگو هاودەنگ هاواری داد پەروەری بەرزدەکەنەوە.

هەرچەند ئەمە دیاردەیەکی جیهانییەو رەنگە جیاوازی پێوەندییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان لەوڵاتانی جیاوازدا شوێنی لەسەر جیاوازی لەجۆر و رادەی چەوسانەوەکان دانابێ، بۆنموونە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هەموو

جیاوازییەکان بوونەتە تەوقێکی قایمتر لەملی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا. لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی دووفاقەی سەرمایە وئاییندا کرێکارانو زەحمەتکێشان زوڵمی چەندجارەیان لێدەکرێ. ئەوان جگە لە زوڵمی چینایەتی بەهۆی زەفکردنەوەی جیاوازی رەگەزی، ئایینیو سیاسییەوە لەژێر فشاری چەوساندنەوەی چەند جارەدان. ئەگەر لەوڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا ڕێگەی دروستکردنی ڕێکخراوی ئازادی سینفیو دەربڕینی داواکارییەکانیان پێدەدرێ، لە ئێراندا ئەو کارانە جگە لە قەدەغەبوونیان وەک تاوانی سیاسی چاولێدەکرێو سزای قورسی لەسەرە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەدرێژەی تەمەنی ٣٥ساڵەی خۆیدا، سەرەڕای هات وهاواری پشتیوانی لە «موستەزعەفان»، بۆ وڵامدانەوە بە داواکاری کرێکارانو گرینگیدان بە کارو ژیانی ئەو چینە کۆمەڵایەتییە لە ئێراندا نەتەنیا هیچ بەرنامەیەکی نەبووە، بەڵکوو بە هۆی سیاسەتی دژ بە ئازادییەکانی مرۆڤ لە هەموو ئاستەکاندا، هۆکارێکی گرینگ بووە بۆ هەرچی خراپتربوونی کار، پێوەندی کارو ژیانو گوزەرانی کرێکاران وزەحمەتکێشان. پەرەسەندنی بێکاری، کەمبوونی حەقدەستەکان، نەبوونی بیمەی پێویستی کار و ڕووداوەکانی کاتی کارکردن، وەدواکەوتنی حەقدەستی کرێکاران لە زۆر شوێن بۆ چەندین مانگ، نەتەنیا ژیانی ئەو بەشە لەکرێکارانی کە لانیکەم کارێکیان هەیە خستووەتە مەترسی جیدییەوە، بەڵکوو بوەتە هۆی کۆچی کاتیو بەسەدانو هەزاران کرێکاری بێکاری وڵات بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان بۆ منداڵەکانیان ڕوودەکەنە وڵاتانی دراوسێو لەوێش لەگەڵ گیرووگرفتی تایبەتی رووبەروو دەبن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەلومەرجی ژیانو کاری کرێکار زۆر لەوە خراپترە کە لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا دەبیندرێ. نەبوونی کارخانەو کارگەو شوێنی کارو گوێنەدانی بە ئەنقەستی دەوڵەت بە ناوچە کوردنشینەکان و ڕاگرتنی ئەو ناوچانە لە دۆخێکی خراپی ئابووریدا بە بەهانەی ئەمنییەتی بوونی ئەو ناوچانەوە، کرێکارانی کردوەتە توێژێک لە کۆمەڵ کە بەبێ ئەوەی هەست بکەن لە پێگەی چینایەتی خۆیان دایان بڕیون. کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان کە ساڵانێک بوو بۆ پەیداکردنی کار ڕوویان لە شارەگەورەکانی ئێران دەکرد، ئیستا لەبەر نەبوونی کار لەو شوێنانەش یا دەچنە هەرێمی کوردستان بۆ پەیداکردنی کار و بژێوی ژیانیان، یا بەناچاری ڕوویان لە کاری پڕ لەمەترسی کردووەو ئەویش کۆڵبەری لە سنوورەکانە کە ساڵانە بە دەیان کەس لەو ڕێگەدا بەدەستی چەکدارانی بەکرێگیراوی ڕێژیم دەکوژرێن یان دەکەونە سەر مین.

هەرچەند ئەمانە تەنیا وێناکردنێکی زۆر بچووکە لە وەزعی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێرانو کوردستان، ئەگینا وەزعی کرێکاران زۆر لەوە خراپترو دڵتەزێنترە، بەڵام هەر ئەوندە بەسە بۆ دەرخستنی نێوەرۆکی دژە ئینسانیو دژ بە مافی کرێکارانو زەحمەتکێشان لە کۆماری ئیسلامیدا. لەوەها دۆخێکدا پشتگیری لە داواکاری کرێکارانو زەحمەتکێشانی ئێران و بەتایبەتی کوردستان ، لە خەباتیان بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانیان دەبێ وەک ئەرکی هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز و

دژ بە چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ چاولێ‌بکرێ .

بەو هیوایەی خەباتی یەکگرتووانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازانی لاینگری دادپەروەری و ئازادی بتوانێ بەسەر زۆرداری رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا سەرکەوێ و داهاتوویەکی گەش بۆ زەحمەتکێشانی وڵات دەستەبەر بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٤

---------------------------------------------------

## خەڵکی هەرێمی کوردستان نابێ لە سووکایەتیی کۆماری ئیسلامی بە پێشمەرگەی کوردستان تێبپەڕن

کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەڵێ: لێدوانو قسەکردنەکانی کاربەدەستانی نیزامیی وڵات سووکایەتی کردن بە کورد لە باشووری کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستانن‌و نابێ خەڵک لە تەنیشت ئەو جۆرە قسانە تێبپەڕێ.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە میانەی بەشداری‌کردنی لە بەرنامەی "ڕووداوی ئەمڕۆ"ی کانالی ڕووداودا گوتی: ئەوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە هەموو کاتێک دەسپێشخەری شەڕ لە کوردستان بووەو ئێمە نامانەوێ لەو کاتەدا بەرەیەکی دیکەی شەڕ لە دژی ڕێژیم بکەینەوە، بەڵام ئەوە خەڵکی کوردستانن کە بە هۆی سەرکوتی ٣٥ ساڵەی خەڵک لەلایەن ڕێژیمەوە، ئەوە ئەوانن کە لە دژی ئەو ڕێژیمە هەستاون‌و بەرەنگاری بوونەتەوەو نیگەرانییەکانی کۆماری ئیسلامی لە جوولەی ئەو دەستە پێشمەرگەیانە نین، لە قووڵبوونەوەی نارەزایەتییەکانی خەڵکە.

کاک کەماڵ کەریمی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بیانوو دەداتە دەستی کۆماری ئیسلامی تا وەزعی باشوور تێک بدا، گوتی: کۆماری ئیسلامی بۆ بیانووگرتن بە هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی جووڵەی نیزامیی حیزبی دێموکڕات نییە، چەند مانگ لەوە پێش پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ئێران جموجۆڵیان نەبوو کە کۆماری ئیسلامی دەروازە سنوورییەکانی هەرێم لە حاجی ئۆمەران‌و باشماغی داخست، بەڵکوو ئەو ڕێژیمە هەموو کاتێ لە بەربەست دروستکردن بۆ پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان لە بیانوو بین.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە چالاکیی چەکداری حیزبی دێموکڕات کاریگەری لە سەر سەپاندنی فەزای ئەمنیەتی بەسەر کوردستاندا دادەنێ، دەڵێ: لەوە زیاتر کەشی ئەمنیەتی بە سەر کوردستاندا ناسەپێندرێ، چونکی بواری دیکە بۆ ئەو کارە نەماوە، ئەمڕۆکە بە دەیان هەزار پاسدارو هێزی چەکدار لە کوردستان جێگر کراون، کوشتن و ئێعدامو گرتن و سزادانی قورس بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بەردەوام بووە، کەواتە ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە کەشی ئەمنیەتی بەسەر کوردستاندا زاڵ کردوە نەک ئەوەی حیزبی دێموکرات ببێتە بیانووی ئەو کارە.

کاک کەماڵ کەریمی لەو وتووێژەدا تیشکی خستەسەر ئەوەی کە ئەوە هێزە کوردییەکان و حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون کە لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا وازی لە زۆر چالاکییەکانی لە پێناو بەهێزکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاراستنی دەسکەوتەکانی ئەو حکومەتە هێناوە، بەڵام ئەگەر حکومەتی ئێران بیەوێ لەگەڵ کورد دابنیشێ و پرسی کورد لە ئێران چارەسەر بێ، ئەوا نە پێویست بە جموجۆڵی نیزامیی هێزی پێشمەرگە دەکاو نە بە جێگیرکردنی دەیان هەزار پاسدار، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران نیازێکی وای نییە.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

---------------------------------------------

## لێدوانەکانی نازم دەباغ بە هەڵوێستی سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێمی...

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە توندی ڕەخنە لە لێدوانەکانی نوینەری هەرێمی کوردستان لە تاران دەگرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ: "حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵوێستو لێدوانەکانی نازم دەباغ، بە هەڵوێستو روانینی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتیی هەرێم لێک ناداتەوە.

کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرنامەی"پرسی رۆژ"ی تەلەڤزیۆنی کورد کاناڵ دا لە وەڵامی پرسیارێک دا کە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرانبەر بە پیداهەڵگوتنەکانی نازم دەباغ، نوێنەری هەرێمی کوردستان لە تاران بە کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەرانبەر هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا چییە؛ بە توندی رەخنەی لە نازم دەباغ گرت و گوتی: "بەداخەوە نازم دەباغ لە بیری چۆتەوە کە ئەو نوێنەری حکومەتی هەرێمی

کوردستانە.

کەماڵ کەریمی هەر لەم پێوەندییەدا گوتی: "ئەو قسە و تۆمەتانەی کە چاوڕوان دەکرێ هێزە ئەمنییەتەکانی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هێزە سیاسییەکانیەوە بدەن، بەڵام بە هۆی وەزن و قورسایی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە خۆی لێ نادەن، بەداخەوە ئەوە "کاک نازم دەباغ" دەیانکات.

ئەم ئەندامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوێستیان بەرانبەر بەم لێدوانانەی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند: کە لەگەڵ ئەوەیکە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم هەڵوێست و لێدوانانەی نازم دەباغ بە هەڵوێست و ڕوانینی حکومەرتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتیی هەرێم نازانین، بەڵام بە جیدی ڕەخنەو نارەزایەتی خۆمان لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکان دێنینە گۆڕێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣٠ی نوامبەری ٢٠١٤

---------------------------------------

## ناونەهێنانی "حدک" لە پرۆسەی یەکگرتنەوەدا بۆ ئێمە نابێتە کێشە.

کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی "حدک" لە بەرنامەی "ئەمڕۆی ڕۆژهەڵات"ی کوردکاناڵ تایبەت بە پرسی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات باسی لە کۆمەڵێک قسە و باس و ئەنجامی دانیشتنەکان کرد.

کەماڵ کەریمی بە وردی باسی لە دانیشتنەکانی هەیئەتەکانی هەردوو لایەنی حیزبی دێموکرات و بەتایبەت دانیشتنی هەردوو بەڕێزان " کاک مستەفا هیجری و کاک خالید عەزیزی" کرد و بە هیواوە لەو دانیشتنانەی ڕوانی، هاوکات ئەوەشی وت کە نابێ نە ئێمە و نە خەڵکی کوردستان چاوەڕێی ئەوە بکەین کە بەو زووانە بە ئەنجامی کۆتایی بگەیین و پرسێکی لەو جۆرە پێویستی بە دانیشتنی زیاتر هەیە. بۆ ئەوەش هەوڵەکانمان بۆ دانیشتنی زیاتر لە پێناو گەیشتن بە ئاکامێکی باش و یەکگرتنەوەی کۆتایی درێژە پێ دەدەین.
کەریمی باسی لە دوایین دانیشتنی هەردوو لایەن کە لەودا هەردوو سکرتێر بەشدار بوون و بۆ ماوەی چوار کاتژمێر درێژەی

کێشاوە، کردو وتی: "ئێمە زیاتر لە چوار سەعات - چوار سەعات و نیو ئێمە بەحسمان بووە، وتووێژمان بووە، و لەوباسانەدا هەردوو لایەنی دەفتەری سیاسی زۆر بە جددی و بە ئیشتیاقەوە دەهاتنە ناو باسەکان،بەڵام ئەو واقەعیەتە هەیە کە ئەم کۆبوونەوە بۆ ئەوە نەبووە کە ئێمە تەوافقێکی تێدا بکەین، لە راستیدا ئەم کۆبوونەوە بۆ ئەوە بووە کە ئێمە بزانین گرفتەکان چییە لەبەردەممانـدا، چۆن رێگە چارەیان بۆ ببینینەوە، و چ کارێک لەبەردەمماندا هەیە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بیکەین کە ئێمە بتوانین بەسەر ئەو گرفتانەدا زاڵ بین و بەرەبەرە بگەینە تەوافقێکی نسبی کە ئێمە لە مەجمووعی ئەو دانیشتنانە و ئەو باسانە نەهایەتەن بە تەوافقێکی گشتی بگەین".

کەمال کەریمی لە قسەکانیدا پرژایە سەر لێدوانەکانی کاک مستەفا هیجری لە رۆژنامەی ئانادۆڵ و تیشک تیڤی و بە گەشبینییەوە لەو لێدوانانەی ڕوانی و وتی: "دیارە ئەو چاوپێکەوتنانە بەر لە دوایین دانیشتنی نێوان هەردوو لادا بووە، ئێمە ئەوە بە خۆشحاڵییەوە وەردەگرین کە کاک مستەفا وەک سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دڵخۆشە بەوەی کە تەوافقاتێک لە بەردەمی دایە:"

تایبەت بە پرسی ناوی حیزبی دێموکراتی پاش یەکگرتنەوەش کەریمی باسی لەوەکرد کە سێ مانگ پێش کاک مستەفا هیجری لەگەڵ کاک خالید عەزیزی لە دانیشتنێکدا باسیان لە چەند شتێک کردووە و لەو بارەوە وتی: "ئەو مەوردانەی باسیان کردووە، بە بڕوای ئێمە ئەگەر بگەینە شوێنێک کە ئێمە دەتوانین ببینەوە بە حیزبێک و بە یەکەوە حیزبێکی یەکگرتوو دروست بکەین، لەو زەمینەنانەدا ئێمە پێمان وتوون کە کێشەمان نابێ بەڵام ئەوە بەستراوەتەوە بە تەوافقێی کوللی:"

کاک کەمال لە قسەکانی دا باسی ناوی حیزبی کرد و وتێ یەکێک لەو شتانەی کە ئێمە کێشەمان لەگەڵی نابێ، ناوی حیزبە و وتی: "تەبیعەتەن کە دوو حیزب یەکدەگرنەوە ناکرێ دوو ناویان هەبێ، راستە دوو حیزبن، دوو ناویان هەیە، لەوانەیە لە عنواندا جیاواز بن لە زۆر شتیشدا هاوبەشیمان هەیە، مەسەلەن لە مێژووی خۆماندا، لە مەوازعی سیاسی رابردووماندا، خۆ بە ساحەب کردن لە شەهیدەکانمان، لەوەی کە هەتا ئێستاش ئێمە پێمان وایە کە پێشمەرگەی دێموکرات، پێشمەرگەی دێموکراتەو جیاوازییەک دانانێین وەکوو خۆمان لە نێوان پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و زۆر شتیتر هەیە کە ئێمە لەگەڵ ئەوەیدا وەکوو دوو حیزب کار و فەعالییەتی خۆمان هەیە، بەڵام شتی هاوبەش دەبینین".

کەریمی لە بەشێکیتری قسەکانی دا باسی لە ڕاگەیاندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد کە لەودا بە "هاوڕێیانی پێشوو" ناویان لێ هاتبوو و وتی کە ئەوە بە بڕوای من کێشە نییە لەبەر ئەوەی ئەوە گرێ دەدەمەوە بە هەل و

مەرجی ڕەوانی ئەندامانی حیزبی هەردوو لا ئەو جۆرە کێشانەیە، چاکە یان خراب. ئەمن پێم باش نییە بەڵام چاکە یان خراب، ئەوان بڕیارێکی کومیتە ناوەندییان هەیە کە بەو عینوانە ئێمە بانگ دەکەن، دەزانی ئێمە حیزبایەتی دەکەین و حیزبین، حاسان نییە بۆ ئێمەش کە بەدوور لە بڕیارەکانی کومیتە ناوەندی لە دانیشتنێکدا قسە بگۆڕین و بڕیارێکی تازە دەربکەین و ئەوان ئەو بڕیارەیان هەیە و بەو بڕیارە هاتوون لەگەڵ ئێمە دانیشتوون، کەوابوو زۆر ئاساییە بۆ من کە ئینسانێکی حیزبیم و هەوڵ بۆ پاراستنی ئەسوول و پرنسیبەکانی ناو حیزبەکەم دەدەم، هەر ئەو هەقەش بەو بدەم کە ئەویش هەقی پاراستنی ئەسوولەکانی ناو حیزبی خۆی هەیە، ئەو بە بێ موراجعە بە کومیتە مەرکەزییەکەی ناتوانێ ئەو بڕیارە بگۆڕێ و ئەمەیان بە سەراحەت بە ئێمە گوتووە و بۆ ئێمەش هیچ کێشەیەک نییە:"

لەسەر یەکتر قبووڵ کردنی دوو لایەنیش، کەریمی باسی لەوە کرد کە بۆ ئەو پرسە گرینگە کە ئەوان یەکتر قبوول کەن و وتی: "یەکتر قبوول کردن بەو مانایە کە ئێمە نە ئەسوول، بەڵکوو، حەتتا مەعنەوییاتی یەکتریش هەست پێ بکەین و قبوول بکەین، ئەوە خاڵێکە کە ڕەنگبێ لە درێژەی موزاکرات دا بە نەتیجەش بگەین، بەڵام ئێستا ئێمە لە هەنگاوی یەکەم داین".

لەسەر هەڵوێست و دڵەڕاوکێکانی بەدەنەی هەردوو لادا ئاماژەی بەوەدا کە ئێمە زۆر جار پێش واقعەکان دەکەوین، ئێستا هیچ نەبووە تا دڵەڕاوکێمان هەبێ و بڕیارێک نەدراوە. هەروەها هەوڵەکانی کەمپین و هەموو ئەوکەسانەی کە لە پێناو یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات هەوڵ دەدەن بە دڵسۆز و خەمخۆری حیزبی دێموکراتی ناو لێ بردن.

کەمال کەریمی لە کۆتایی وتووێژەکەیدا ڕوانگەی خۆی لەسەر درێژخایاندنی پرسی یەکگرتنەوە خستە ڕوو و وتی: "بە بڕوای من نابێ نە زۆری لێ بە حەوسەلە بین کە مەعلووم نەبێ کەی بە نەتیجە دەگەین و نە زۆری لێ بەپەلە بین کە بۆ خاتری یەکگرتنەوە زۆر لە شتەکان لەبیر بکەین. ئەساسەن بە تەجروبە لە ڕابردووی حیزبی دێموکرات و بە تەجروبە وەرگرتن لەو کێشانەی کە لە ڕابردووش دا کە لە دەیان ساڵی ڕابردوودا لە نێو حیزبی دێموکرات شکڵیان گرتووە و دوای سەریان هەڵداوە و دوایی قەیرانێکی تووشی حیزبەکە کردووە، ئێمە خۆمان پێمان وایە کە گەڕانەوەمان بۆ ڕابردوو و موتالعەیەک لە رابردوو و ئەزموون وەرگرتنێک لە ڕابردوو بە تایبەتی لە کێشە هەشت سال لەوە پێش و لەت بوونی

حیزبی دێموکرات، ئەمانە دەبێ بکەین پاڵپشتێک بۆ ئەوەی کە ئێمە بتوانین باسەکانمانی لەسەر ڕێک بخەین و بگەینە نەتیجەیەک کە بزانین کە هۆکارەکانی ئەو کێشانە چی بوون و ئەو هۆکارانە پێش یەکگرتنەوە لە بەین ببەین".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد کاناڵ - ڕێکەوتی: ٨ی فێبریویری ٢٠١٥

## گوتاری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات

کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی وایە ئێستاش حیزبەکان لە بەرەوپێشبردنی خەباتی سیاسیی خەڵکی کوردستاندا ڕۆڵی ئەساسی دەگێڕن و چالاکیی و هەڵوێستی جیاوازی نوخبەکان و خەڵک لە نێوخۆی وڵات دەبەستنەوە بە دەرنەکەوتنی حیزبەکان لە هەموو هەلومەرجێکداو هەر لەم پێوەندییەدا بە ڕەخنەگرتن لە حیزبەکان پێیان وایە، حیزبەکان ستراتژییەکی تایبەتیان نیە بۆ ئەوەی هەماهەنگ لە گەڵ خەڵکدا بەرنامەڕێژی بکەن و ئەوەش زۆر جار بۆتە هۆی ئەوەی کە دەرکەوێ خەڵکی کوردستان بەپێچەوانەی حیزبەکان بڕیار دەدەن. لەو نێوەشدا کۆمەڵێک چالاکی سیاسی لە نێو خۆی وڵات بە دوور لە تاکتیکی حیزبەکان هەوڵی قۆستنەوەی ئەو وەزعە دەدەن و عەمەلەن وا دەردەکەوێ کە جیاوازییەک لە نێوان حیزبەکان و خەڵکدا هەیە."

بەڕێز کەریمی لە گەڵ ئەوەی بۆ ڕوانگە جیاوازەکان دەستەواژەی "گوتار" بەکار دەهێنێ، پێی وایە؛"لە شێوازی بیرکردنەوەی چالاکانی نێوخۆدا گوتارێکی تایبەت دەبینرێ کە لە گەڵ"هاوئامانج" بوونیان، جیاوازی هەیە لە گەڵ گوتاری توندو بەگژداچوونەوەی حیزبەکان لە گەڵ کولییەتەکاندا."

هەر لە پێوەندی لە گەڵ ئەم جیاوازییانەو چۆنیەتیی قازانج گەیاندنیان بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەو باوەڕەدایە کە؛ "لە نەبوونی فورسەتی حوزووری ئازادانەی حیزبەکاندا، ئەو حەرەکەتانە کە ساحەبی ئەو گوتارەن ئەگەر جێگەوپێگەی خۆیان و حیزبەکان بە دروستی هەڵسەنگێنن وهەوڵ بدەن بۆ گەیشتن بە گوتارێکی هاوبەش لە نیوان هەمواندا دەتوانن زۆر قازانج بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بگەیەنن. بەڵام ئەگەر هەر کەس و کۆمەڵێک بەرژەوەندییەکەی لەوەدا ببینێتەوە کە بە هەر نرخێک خۆی بە ناوەندی دەسەڵاتەوە ببەستێتەوە، دەتوانێ ببێتە ئامرازێک بۆ بەگژداکردنەوەیان لە دژی داخوازە ڕەواکانی خەڵک و ئەمە زەرەر دەگەیەنێ. بە تایبەت ئەگەر کەسێک هەبێ کە بوێرێ بڵێ (خەڵک وەڵامی حیزبەکان نادەنەوە)، ئەوە ڕێگە مەترسیدارەکە دەگرێتە پێش."



سەرچاوە Serchawe

لەم پێوەندیەدا کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەو باوەڕەدایە کە؛ "چالاکانی نێوخۆ دەبێ خۆ لە هەڵسەنگاندنی بە پەلە بپارێزن. ئەوان دەبێ وردتر بڕواننە ڕەوتی سیاسەتکردن لە ئێران و ناوچەدا. خەبات لە کوردستان لە ژێر کاریگەریی زۆر هۆکاری دیارو نادیاردا دەچێتە پێش. هێندێک لە چالاکانی نێوخۆی وڵات لە جیاتی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ حیزبەکان و هەوڵدان بۆ خۆگەورەنیشاندان، ڕاستییەکانی بزووتنەوەی کورد لە نێو خەڵکی کوردستاندا ببیننەوە. لە جیاتی ئەوەی تەنیا چاویان لە ناوەند بێ با بە پێوانەکانی خەڵکی کوردستان بیر لەو شێوازە خەباتە بکەنەوە. هەوڵ بدەن بۆ گەیشتن بە گوتارێکی هاوبەش لە نێو هەموو چالاکانی نێوخۆداو گەیشتن بە ستراتیژییەکی هاوبەش لە گەڵ حیزبەکانی کوردستان، لانیکەم ئەوانە کە دەرکی ئەوان دەکەن و دەتوانن یارمەتیدەریان بن. هەرچەند حیزبەکانی کوردستانیش پێویستە هەست بە بەرپرسایەتی و بە جێ گەیاندنی ئەرکی خۆیان لە بەرانبەر ئەواندا بکەن و یارمەتی دەریان بن."

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٨ی جوولای ٢٠١٦

---------------------------------------------

## سەرنجێک لەسەر سیاسەتەکانی حیزب

لە چەند مانگی ڕابردوودا دەربڕین و خستنە بەرباسی کۆمەڵێک بابەتی سیاسیی پێوەندیداربە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە لایەک بوو بە هۆی هەڵوێستێکی دژبەرانەی حیزبیی هێندێک لایەن و لە لایەکی دیکەشەوە، هەلومەرجێکی لەباری بۆ دیالۆگ و چوونە نێو ئەو باسانە لە نێو خەلکی بەپەرۆشەوە پێک هێنا کە جێگەی سەرنجدان بوو.

فەزای سیاسیی کوردستان لە ٣٧ ساڵی ڕابردوودا بە بەردەوامی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەوڵی بە ئەمنییەتیکردنی دراوە، ویستوویانە لەگەڵ کەڵکوەرگرتن لە هەموو ڕێکارەکانی سەرکوت کردن، مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کێشەی چەند حیزب و ڕێکخراو بخەنە بەرچاو. بۆ ئەم مەبەستەش هەم لە لایەن ڕێژیمەوە هەزینەیەکی زۆری بۆ دراوە و هەم بۆ سەپاندنی ئەم فەزایە بە شێوەی جۆراوجۆرهەزینەی ئینسانی زۆریان بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندووە. بێ



سەرچاوە
Serchawe

گومان خەڵکی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی هەرگیز سڵی لە فیداکاری و قوربانیدان نەکردوەتەوە و ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی بەرنامەکانی ڕێژیم لەدژی خەڵکی کوردستان بووە.

لەوەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێبەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەستۆ بووە و بە بەشداری و هاوکاری حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان، شانی وەبەر بەرپرسایەتیی ڕێکخستنی خەباتی سیاسی و چەکدارانەی خەڵکی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سیاسەتی سەرکوتکاری کۆماری ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستان داوە، گومانێک نییە. ئەمەش هۆکارێکی گرینگە کە هەتا ئێستاش خەڵک بۆ چارەسەری یەکجاری کێشە سیاسی و نەتەوەییەکانیان، چاویان بڕیوەتە حیزبی دیموکرات و ئەو حیزبانەی کە نیزیک بە چوار دەیەیە بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان و قوربانیدان بە باشترین و فیداکارترین ئەندام و پێشمەرگەکانیان درێژەیان بە شۆڕش داوە.

لەدوای هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بە نیزیک چوار دەیە خەبات کە ئێستا وەک پێویستییەک دەبێ لە بەرنامەی هەر حیزبێکی خەباتکاردا بێ، ئەو پرسە گرینگانە کەوتنە بەرباس. ئەوەی لە کۆی ئەو باسانەدا کە زۆرتر لە زمانی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کاک خالیدی عەزیزییەوە، لە سمینار و وتووێژە بەردەوامەکانیدا بڵاو دەبۆوە و گرینگی زۆری هەبوو، هەڵسەنگاندنی خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی خۆمان و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. کارێک کە بە بێ پێچ و پەنا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە و ئەگەر کەس یا حیزبێک خۆی لێ بدزێتەوە، یا ترسی لەوەیە ڕەخنەی لێ بگیرێ یان توانایی فیکری و جەسارەتی سیاسیی پێویستی نیە کە بۆ دیتنەوەی ڕێگەچارەی سەردەمیانە بە پێی پێویستییەکانی بزووتنەوە و دوور لە حیزبگەرایی و دروشمدان بێتە نێو ئەو باسانە و پەنا بۆ شەڕ و کێشەی حیزبی دەبا. کارێک و ڕەفتارێک کە زۆرجار بەکار هێنراوە و ئەگەر زیانی نەگەیاندبێ، قازانجی بۆ کورد نەبووە.

ئەو پرسانەی کە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هاتەبەرباس، ئەگەر لە لایەن هێندێک لایەنی دۆست ڕەخنەی لێگیرا کە دەبوو پێشتر لەگەڵیان باس کرابا چونکە پێوەندی بە هەموانەوە هەیە، هێندێک لایەنیش بە فرسەتیان دانا بۆ هێرشێکی ڕاگەیاندن بۆ سەر حیزبەکەمان. بەڵام لەو لاشەوە، بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە کێشە و گرفتەکانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وحیزبەکانی، هەروەک بە بۆچوونی جیاوازەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کرا، باسێکی ڕاشکاوانە و لە دەرەوەی بازنەی پێوەندییە دوو قۆڵییەکان بوو کە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ گەیشتن بە خوێندنەوەیەکی هاوبەش لە بابەتە گرینگ وستراتیژییەکان لە نێوان زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستاندا، بۆ دیتنەوەی ڕێگەی هاوخەباتی زیاتر و بەردەوام و پێویست لە ئاست گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا. دەستپێک و درێژەی ئەم باسانە، بەدوور لە حیزبگەرایی

یارمەتی دەدا بە باشتر کردنی پێوەندی حیزبەکان بۆ هاوخەباتی‌یەکی بەردەوام و هاوئاهەنگ کە وەڵامدەری پێویستی‌یەکانی بزووتنەوەکەمان بێ.

یەکێک لە تەوەرە گرینگەکانی ئەم باسانە خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ چۆنیەتی هەوڵدانمان بە مەبەستی ڕێکخستن وبەرینترکردنی مەیدانی خەباتی مەدەنی و بە جەماوەری‌کردنی خەبات و ئەمەش وەک ڕێکارێک لە ڕاپۆرتی کۆنگرەی ١٦دا بەم جۆرە کەوتۆتە بەر سەرنجدان: "هاتنە مەیدانی خەڵکی مەهاباد و هاوپێوەندی شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات لە دوای ڕووداوەکەی هوتێل تارا لە بەهاری رابردوو(١٣٩٤)دا، نیشانی دا کە خەڵکی ئێمە ئەگەر پشتی بە ڕێکخستن و یەکریزی ونەخشەڕێگای هاوبەش وهەماهەنگی هێز و لایەنەکانیان گەرم بێ، زەرفییەت و توانای ئەوەی تێدایە لە هەر دەرفەتێک بۆ زەفکردنەوەی مەوجوودییەت وویست وداواکانی، نەک هەر بەرووی کاربەدەستانی ڕێژیم و کۆمەڵگەی سیاسیی ئێراندا، بەڵکوو بە رووی بیروڕای گشتیی نێونەتەوەییش کەڵک وەرگرێ و لە پێناو ئەم ویست وداوایانە بە شێوەی بەردەوام و بەکۆمەڵ بێتە مەیدان.

ئەوەی ئێستاش بەشێوەیکی نوێ لەم گوتارەدا هاتووە، وەبیرهێنانەوە و کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکان و گەیشتن بە چاوەڕوانی‌یەکانی خەڵکی کوردستانە، بۆ ڕێکخستن و یەکریزی و نەخشەڕێگای هاوبەش و هەماهەنگی هێز و لایەنەکانی کوردستانە. حیزبی ئێمە بە تەئکیدەوە لەسەر مەسەلەی خەباتی مەدەنی و ئامانجەکانی لە ڕاپۆرتی گۆنگرەدا باس دەکا کە: "پێویستە خەباتی مەدەنی تەنیا خۆی بە پرسەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە سنووردار نەکا، بەڵکوو لە خانەی فراوانتری مەسەلەی نەتەوایەتی و دووره دیمەنی چارەسەرە سیاسی‌یەکان بۆ داهاتووی مەسەلەی کورد جێ بگرێ." بۆیە بەدوور لەو هات‌وهاوارەی کە ساز دەکرێ، ڕوانگەی ئێمە و قسەکانی سکرتێری حیزب بە وردبینی‌یەوە نەتەنیا نابێتە هۆی نائومێدکردنی خەڵک بەڵکوو، بۆ جەهەتدان و بەهێزکردنی خۆراگری و خەباتی خەڵکی کوردستانە بە هەموو وزە و تواناکانیەوە، کە تەنیا سەرچاوەی هێزپێدانە بە حیزبە پێشڕەوەکانیان لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا.

ئەوەی گرینگە ئێمە وەک کورد بە دوور لە شیعاردان و خۆ بەقەبە نیشاندان و تەنیا بە دیتنی خۆمان وەک کاریگەرترین هێز بۆ خۆدۆزینەوەیەکی واقعبینانە لە مەیدانی خەبات و سیاسەت کردن دا و، بۆ دیتنەوەی ڕێگەی هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی دەرفەتەکان و کەڵک وەرگرتنی بە کات و بەجێ لەو دەرفەتانە چۆن بیر لە داهاتوو بکەینەوە. ئەمەش هەڵسەنگاندنی کۆنگرەی ١٦ی حیزبە لەسەر ئەم بابەتە کە دەڵێ: "ئەمڕۆ و لە داهاتووشدا پێگەی کورد لە ئێراندا ئەو دەرەتانەی پێ نادا کە بە تەنیا ئاڵوگۆڕی گەورە لەسەر ئاستی ئێراندا بخوڵقێنێ. گرینگ ئەوەیە ئەوەندەی دەگەڕێتەوە

سەر کورد، بۆ خۆی و لە پێوەندی لەگەڵ خۆیدا یارمەتی بە دەرفەتخوڵقاندن بکا و ئەگەریش لە ئاست هەموو ئێران بە تایبەتی لەبەر رووناکی هەلومەرجی ناوچەیی گۆڕانێک روویدا ، ئەوەندە خۆی بۆ ئامادە کردبێ کە وەک جارەکانی پێشوو بە سەریدا نەکەوێ و دیسان مەجبوور بە قبووڵی قەواعیدی نادڵخوازی یارییەکە نەبێ."

هێنانە بەرباسی ئەم بابەتە تەنیا رێنوێنییەک نیە بۆ ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڵکوو، بانگەشەی بیرۆکەیەکی واقعبینانەیە بۆ هەموو چالاکانی سیاسی و مەدەنی رۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت رێخۆشکەرە بۆ باس لە سەر داهاتووی بزووتنەوەی کورد و رێگە چارەکان لە نێوان هەموو ئەو لایەنانەی بەرامبەر بە نەتەوەکەمان خۆ بەبەرپرس دەزانن.

هەموو دەزانین کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٣٧ساڵە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لەباربردنی بزووتنەوەی رەوای کورد دەدا. لەم هەوڵەیشیدا تەنانەت لە زەبروەشاندن لەو بزووتنەوە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش خافڵ نیە. ئەمە لە ماهییەتی ئەو رێژیمە و چۆنیەتی بیرکردنەوەیان بۆ درێژە پێدان بە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەیانەوە سەرچاوە دەگرێ. حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەستدرێژی و پیلانەکانی ئەم رێژیمە بە هەزاران شەهیدی لە رێبەران، کادر وپێشمەرگە و ئەندامانی پێشکەش بە رێبازی رزگاری کوردستان کردووە، بە هەمان نەفەس و ئیرادەوە لە هەموو بوارەکانی خەباتدا شێلگیرانە راوەستاوە، بەبێ ئەوەی وەک هێندێک لایەن کە راهاتوون تەنیا بە شێعاردان رق و تووڕەیی خۆیان بەرامبەر بە کێشەکان دابمرکێنن.
نە تەنیا خەباتی پێشمەرگایەتی بە تایبەت لە چەند ساڵی رابردوودا کە کەس نیە بتوانێ حاشای لێ بکا، حیزبی ئێمە بەردەوام بیری لە هاوخەباتی هەموو تێکۆشەرە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان کردۆتەوە و هاندەر و پشتیوانیان بووە، لە هەر رێگەیەک کە ئەوان بتوانن توانا و وزەی خەباتکارانەی خۆیان بۆ بردنە پێشی دۆزی رەوای کورد لە رۆژهەڵات بەکار بێنن. هەربۆیە لە کونگرەی ١٦ی حیزب بە گرینگییەوە ئاماژە دەکا کە ئەمە "لە باوەڕمان بە خەباتی فرە رەهەندەوە سەرچاوە دەگرێ و پێمان وایە بە مەبەستی چالاک کردنی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و بە جەماوەری کردنی خەبات پێویستە پاڵپشتی بە کردەوەی ئەو بەستێنە گرینگەی تێکۆشان بین."

بێ گومان هەموو ئەو باس و بیرۆکانە تەنیا بۆ دیتنەوەی رێگەچارەی کاریگەرتر لە هەلومەرجی ئیستادا و خافڵ نەبوون لە گۆڕانکارییەکانی داهاتوویە. بۆ ئەوەش لایەنێکی گرینگی مەسەلەکە کۆماری ئیسلامییە کە تەنیا رێگەی سەرکوت و قەلاچۆکردنی خەڵکی کوردستانی وەک ستراتێژی لەنێوبردنی بزووتنەوەی کوردی لە بەردەم خۆیدا دیوە. بەڵام ئەگەر رێژیم جادەیەکی یەکتەرەفەی گرتوەتەبەر، بۆ ئێمە دەبێ هەموو رێکار و رێگاکان ئاواڵە بێ. ئەوکات دەتوانین لە دووڕیانی

تەسلیم بوونەوە یا رووخانی رێژیم، بە قبووڵی مافە نەتەوەیی و مرۆییەکانی خەڵکی کوردستان، دەسکەوتەکانمان بچنینەوە. ئەگەر خالید عەزیزی لەسەر ئەم پرسە دەڵێ: "باشترین گوزینە رووخانی کۆماری ئیسلامی‌یە هەرچەند نازانین دواتر چی لێ دێ، بەڵام رووخانی کۆماری ئیسلامی کاری ئێمە نییە و بزووتنەوەی کورد دەبێ بەدوای مافەکانی خۆیەوە بێ"، بە دروستی باس لە خۆ ئامادەکردنە بۆ گەیاندنی کۆماری ئیسلامی بۆ داننان بە مافەکانماندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٦

## پرسەی حاجی رەئووف کەریمی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک

لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێوڕەسمێکی پرسە و سەرەخۆشی بەبۆنەی کۆچی دوایی حاجی رەئووف کەریمی، تێکۆشەر و دڵسۆزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، ١٧ی گەلاوێژ بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەرێوەچوو، کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب وتارێکی پێشکێش کرد.

کاک کەماڵ کەریمی لە قسەکانیدا باسێکی لە ژیانی حاجی رەئووف کەریمی کرد و بە تیشک خستنە سەر مێژووی تێکۆشانی ٧ دەیەی بنەماڵەی کەریمییەکان لە بانە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتدا گوتی: حاجی رەئووف لە ماوەی ئەو چەند دەیەدا ئەرک و بەرپرسایەتیی زۆری لەسەر شان بوو، بەڵام کەم دیار بوو.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: ئەگەر حاجی رەئووف و زەحمەت و ئەرک وەخۆگرییەکانی ئەو نەبوایە، نە باوکم، نە مامەکانم و نە ئەمن بۆ خۆشم نەماندەتوانی بەو شێوەیە درێژە بە تێکۆشانی سیاسی لە ڕیزی حیزبی دێموکڕاتدا بدەین.

کاک کەماڵ کەریمی هەر لەو پێوەندییەدا گوتی: نموونەی کەسانی وەک حاجی رەئووف پێمان دەڵێن ئەگەر لە کوردستان زۆر کەس توانیویانە بە تێکۆشانی خۆیان حیزب بگەیەننە ئەو قۆناغە، ئەوا بێگومان کەسانی وەک حاجی رەئووفیان لە

پشت بووە، هەر بۆیەش یادکردنەوە لەو کەسانەی کەمتر لە شۆڕشدا دیارن، بەڵام ئەرکی گرینگیان لە سەرخستنی خەباتەکەدا لەسەر شان بووە، ڕووحی شۆڕشگێڕیی ئێمە زیاتر دەردەخا.

سەرچاوە: کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٦

-----------------------------------------------------

## کوردایەتیی نوێنەرانی مەجلیسی نێران!!!؟؟؟

ڕۆژی هەینی ڕابردوو پۆلیسی تورکیە بەپێی بڕیاری دادگا هێرشیان کردە سەر ماڵی ڕێبەرانی پارتی دیموکراتی گەلان و،هاوسەرۆکانی ئەم پارتە سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگن یۆکسداغ یان دەستگیرکرد. هاوکات چەندین پارلمانتێری سەر بەو حیزبەشیان کە لەناوچەکانی هەڵبژاردنی خۆیاندا بە زۆرینەی دەنگی خەڵک هەڵبژێردرابوون راپێچی زیندانەکان کرد.

ئەم دەستدرێژییەی ناوەندی قەزایی و پۆلیس، هەر زۆر زوو لەلایەن ناوەندە سیاسییە نێودەوڵەتیەکان و ئەمریکاو دەوڵەتەکانی ئورووپایی بەجیاو، یەکیەتی ئورووپا وحکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرکۆنەو مەحکووم کراو کاردانەوەی توندی ئەوانی بەدواداهات. داوای ئازادکردنی دەستبەجێی ئەو پارلمانتێرانە، بانگهێشتی باڵوێزەکانی تورکیا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە هێندێک وڵاتان، داوای کۆبوونەوەی بەپەلەی باڵوێزەکانی ئورووپا لە تورکیا وتەنانەت لێدانی زەنگی مەترسی پچڕاندنی پێوەندییەکانی یەکیەتی ئورووپا لەگەڵ تورکیە، بەشێک لەم کاردانەوە سیاسییانە بوون بەرامبەر ئەم ڕووداوە.

جگە لە کاردانەوەی ناوەندە سیاسی وحکوومییەکان،ئەم پەلامارە لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ولایەنەجۆراوجۆرەکانی کوردیشەوە ئیدانەکراوبەتێکڕا، داوای هەوڵدان بۆ هێورکردنەوەی وەزعەکە لەلایەن دەوڵەتی تورکیە وەک لایەنی سەرەکی بەرپرس لەم ڕووداوانە ڕووبەڕووی ئەو وڵاتە کرا. هاوکات خۆپێشاندانی ژمارەیەکی بەرچاولەهاونیشمانانی کورد لەوڵاتانی دەرەوە وهێندێک لەشارەکانی کوردستان دەربڕی هاوخەمی و هاوسۆزی نیشتمانپەروەرانی کورد بوو، بۆ پشتیوانی لە خەباتی ئاشتیخوازانەی ڕێبەرانی هەدەپە و نوێنەرانی خەڵکی ناوچەکانی باکووری کوردستان.

بەڵام لەرۆژهەڵاتی کوردستان کەزۆر زیاترلە وڵاتی تورکیە لەژێرفشاری هێزە ئەمنییەتیەکانی کۆماری ئیسلامیدایە و هەر ڕێپێوان و خۆپیشاندانێک،نەتەنیا پێویستی بە ئیزن وەرگرتن لە ئیدارەی ئیتلاعات هەیە بەڵکوو، چوارچێوەی قسە و دروشمەکانی خۆپیشاندانیش لەلایەن ئەوانەوە دیاری دەکرێ، هەوڵی وەرێخستنی ڕێپێوانێک هەتا ئیستاش بێ ئاکام ماوەتەوە. هەرچەند وەها ڕێپێوانێک دەبێ تەنیا دروشمی دژبە فاشیزمی تورکیەی تێدا بەرز بکرێتەوە و وەک تاکە دەوڵەتی دژبە کورد بناسێندرێ وئاوی پاکیش بەسەردەستی جنایەتکارانی کۆماری ئیسلامیدا بکرێ. بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە خەڵکی کوردستان هەتا ئیستاش ڕێپێوانی ٣ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٧٧ی خەڵکی سنەیان لەبیرنەکردووە کە بەدژی دەسگیرکردنی ئۆجەلان بەئیزنی پێشووی حکوومەتی ئیسلامی بەڕێوەچوو، بەڵام کاتێک لاوانی خوێنگەرمی سنە هاواریان لەدژی هەموو داگیرکەرانی کوردستان بەتایبەت کۆماری ئیسلامی بەرزکردەوە چۆن درانە بەر دەسڕێژی گوللە و ١٣ کەسیان شەهیدکردن سەدان کەسیشیان دەسگیر کرد و بۆجارێکی دیکەش دەریخست کە مەسەلەی کورد ومافی کوردان لەلای ئەوان چەندە گرینگی پێدەدرێ.

لە پەراوێزی وەرێکەوتنی شەپۆلی نارەزایەتییەکان دژبە دەسگیرکردنی هاوسەرۆک و پارلمانتارانی هەدەپە لە تورکیا، هەڵوێستی چەند ئەندامی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ئێران کەگۆیا نوێنەرایەتیی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن، جێی تێرامانە. سەیر ئەوەیە لە وڵاتێکدا کە دەسەڵاتدارانی ئامادە نیین وەک کەمینە نەتەوەیەکیش باس لە نەتەوەیەکی ١٠ ملیۆن کەسی بکەن، کەسانێک پەیدا دەبن بە نوێنەرایەتی کورد و بە پشت بەستن بە یاساکانی کۆماری ئیسلامی هێرش دەکەنە سەر وڵاتێکی دیکە. قەسیم عوسمانی کەئەمەی بەهەل زانیوە هەتا کوردایەتی بە خەڵک بفرۆشێ لە بەیاننامەیەکدا دەنووسێ،"لەیاسای بنەڕەتی وڵاتی ئێمەدا، نوێنەرانی میللەت مافی ئەوەیان هەیە سەبارەت بە تەواوی کارەکانی نێوخۆیی و دەرەکی نەزەری خۆیان دەرببڕن و پارێزبەندی سیاسیشان هەیە". هەروەها لە نامەیەکی دیکەدا نوێنەرانی نەغەدە و مهاباد دەڵێن،"لە ئێرانی ئیسلامیدا نوێنەرانی پارلمان لە تورک و کورد و فارس و بلووچ و تورکمن لە دەربڕینی بۆچوون و تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیاندا ئازادن وپارێزبەندی تەواویان هەیە".

پرسیار ئەوەیە ،ئەو بەڕێزانە جگە لە بڵاوکردنەوەی کۆپی ئەو نامانەی بۆیان دەنووسن چ تێکۆشانێکی سیاسیان هەیە؟ ئەوان بۆچوونیان لەسەر مەسەلە نێوخۆییەکان چ بووە؟ یان چ شتێک بە مەسەلەی نێوخۆیی دەزانن؟ داخۆکوشتنی رۆژانەی خەڵکی کوردستان بە دەستی هێزە نیزامییەکان، گرتن و ئەشکەنجەدان و زیندانی کردن وسەپاندنی حوکمی درێژماوە بەسەر سەدان کەس لەلاوانی کوردستان، بۆئەوان کە خەمی کوردانی ژێر ستەمی دەوڵەتی تورکیە خەوی لێ حەرام کردوون بە کێشەی کورد و کێشەی نێوخۆیی نازانن؟ یا ئیعدامی دەستە دەستە لە لاوانی رۆژهەڵات، بە کێشەی ئەو خەڵکە نازانن کە گۆیا ئەوان نوێنەرایەتییان دەکەن. یا ئاگایان لێ نییە لە وڵاتێکدا کە ئیدعا دەکرێ هەموو مافەکانی خەڵک پارێزراوە،



سەرچاوە
Serchawe

سدیق کەبوودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، تەنیا بە تاوانی دیفاع لە مافی خەڵک ساڵانێکە لە زیندان ڕاگیراوە و ئەوانیش نقەیان لێ نایە، مەبادا یاسا بنەڕەتییەکەیان لەق بێ. داخۆبۆ جارێکیش بیرتان لەوە کردوەتەوە کە خۆتان تاقی بکەنەوە ولە پارێزبەندی سیاسیتان کەڵک وەربگرن وباسی ئەو هەموو غەدرە بکەن کە لەو بەشە لە نەتەوەی کورد لە رۆژهەلات دەکرێ؟ ئەگەر نا، ئەوە ئێوە ناتوانن بە بەهانەی مەحکووم کردنی رەفتاری تورکیە خۆتان بە پشتیوانی کورد بناسێنن،چونکە باڵاسەرەکانی خۆتان لەوانیان کەمتر جینایەت نەکردووە. بێگومان ئەگەر ئێوە خۆتان بە نوێنەری خەڵکی کورد لە رۆژهەلات بزانن، چاوەڕوانی خەڵک لە ئێوە ئەوەیە کە وەک هاوپیشەکانتان لە تورکیە پێش هەموو شوێنێک دەنگی بێبەشی خەڵکەکەی خۆتان و ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەوان رەوادەبیندرێ نەک بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵکوو بە گوێی دڵی خۆتانی بگەیەنن کەبزانن "در دیزی باز است حیای گربە کجاست

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

-----------------------------------------------

## بکەری تەقینەوەکانی کۆیە ئاشکرادەکەین

کەمال کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە تەقینەوەکانی شەوی ڕابردوو لە بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستان لە شارۆچکەی کۆیە قسەی بۆ ڕۆژنیوز کرد و ڕایگەیاند: وردەکاریەکانی چۆنیەتی ڕووداني تەقینەوەکان و ناوی ئەو کەسانەی دەستیان بووە لەو کردەوە تیرۆریستیەدا ئاشکرادەکەین.

شەوی ڕابردوو، لەبەردەم بارەگای دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان لە شارۆچکەی کۆیەی سەربە پارێزگای هەولێر دوو تەقینەوە ڕوویدا، بەپێی لێدوانی بەرپرسانی ئەو حزبەکەش لە ئەنجامیدا پێنج پێشمەرگەی حزبی دیموکرات و دوو کارمەندی ئاسایش شەهیدبوون و سێ کەسی دیکەش برینداربوون.

لەوبارەیەوە، کەمال کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان تەقینەوەی شەوی ڕابردووی بە کردەوەیەکی تیرۆریستی ناوزەدکردو ڕایگەیاند:" شێوازی کردەوەکە ئاشکرای دەکات کە ئەو ڕووداوە هێرشێکی تیرۆریستی و مەبەستداربووە، بەتایبەتی لە کاتێکدا ڕوویداوە کە خەریکی بەڕێوەبردنی ئاهەنگی لەدایکبوونی دکتۆر قاسملو بوون".

دەربارەی دواین ئاماری قوربانییەکان، کەریمی ئاشکرایکرد:" کاتژمێر هەشتی شەوی ڕابردوو ڕێورەسمی جەژنی لەدایکبوونی دکتۆر قاسملومان لە یەکیک لە هۆڵەکانی حزب بەڕێوەدەبرد، پاش کۆتاییهاتنی ڕێوڕەسمەکە، دوو بۆمب لە دووری ٥٠ مەتری شوێنی ڕێوڕەسمەکە تەقینەوە، بەداخەوە لە ڕووداوەدا پێنج پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستان و دوو کارمەندی ئاسایش کە لەوێبوون شەهیدبوون و سێ کەسی دیکەش بریندابوون، کە خۆشبەختانە برینداەرکان ئێستاکە دۆخی تەندروستیان جێگیرە و ڕوو لە باشبوونن".

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژ نیوز - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٧

--------------------------------

## خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی پێکهێنانی ئاڵوگۆر لە حیزب داواکاری دەست لەکار کێشانەوەیە.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە پرسی سکرتێری و هەواڵی دەست لەکار کشانەوەی خالید عەزیزی سکرتێری حدک لە وتوویژێکدا بە دەنگی ئەمریکای ڕایگەیاند؛کاک خالید عەزیزی جەخت دەکاتە لەسەر پێویستی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی حیزبی و بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاری دەست لە کار کێشانەوەی بە کۆمیتەی ناوەندی ڕاگەیاندوە. کەماڵ کەریمی لەم بارەوە ڕوونیکردەوە کە خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب، داوای دەست لەکار کێشانەوەی نووسیوە، بەڵام تا کۆبوونەوەی داهاتووی کومیتە ناوەندی هەر سکرتێری حیزبەو، تا ئەوماوەیەش بە ئاسایی کۆبوونەوە دەکرێ و بە ئامادەگییەوە دەچینە کۆبوونەوە.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک، لە وڵامی ئەوپرسیارەی کە ئەگەر کۆمیتەی ناوەندی داواکەی کاک خالید پەسەند نەکا وتی:
کاک خالید بە دڵنیاییەوە دواکاریەکەی پێشکەش بە کۆمیتەی ناوەندی حیزب کردوەو داواشی لە کۆمیتە ناوەندی کردوە کە کەسێک دیاری بکەن بۆ سکرتێری، بۆیە دەفتەری سیاسی خەریکی موتالەعەیە لەم بارەووە شیمانەی ئەوەش هەیە کە ئەگەر داواکارییەکەی قبووڵ کرا، ڕێکاریکتر بۆ دیاریکردنی سکرتێری داهاتوو بگرێتەبەر.

کەماڵ کەریمی لە درێژەی ئەو وتووێژەدا وتی: لە ماوەی ٨ساڵی سکرتێری کاک خالید، بەرێزیان وەک هەمیشە باسی کردوە کە هیچ کێشەیەکیان لە گەڵ حیزب نەبووە، بە جۆرێک گوتاری حیزبی باس کردوە ،کە لەلایەن خەڵکی رۆژهەڵاتەوە وتەکانی وەرگیراون و لەم ماوەیەدا حیزب بەردەوام پشتگیری بە کردەوەی لە گوتارە سیاسییەکانی کاک خالید کردووە لەم بارەوە هیچ موشکلێکی نەبووە و لەڕاستیدا بۆ خۆی هۆکارگەلێکی بۆ گرینگە کە دەبێ لە حیزب ئاڵوگۆر پێکبهێندرێ و هەربۆیەش دەست لە کارکێشانەوەی خۆی، بە کۆمیتە ناوەندی ڕاگەیاندوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

## حیزبی دێموکرات و چەتری یەکبوون

بابەتی یەکگرتنەوە و یەکبوون و یەکیەتی و هاوکاری لە نیوان هێز و لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستان لە رۆژهەڵات، هەمیشە یەکێک لە بابەتە گرینگ و سەرەکی‌یەکانی بەردەم خەباتکارانی کورد بووە و هەتا خەبات بەردەوام بێ، ئەم پرسە گرینگیی خۆی دەپارێزێ. گرینگتر لە ئەسڵی بابەتەکە پێویستیی سەرنجدانی خەباتکارانی کورد لە رۆژهەڵات بە تایبەت حیزبە سیاسی‌یەکانە کە بەرپرسیاریەتی سەرەکی‌یان بەرامبەر ئەم پرسە لەسەر شانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی تەمەنی خۆی و بەتایبەت لە دەساڵی رابردوودا، ئەوەندەی لە توانایدا بووبێ هەوڵی داوە لە پێناو نیزیککردنەوەی لایەنە سیاسی‌یەکان و هاندانیان بۆ سازدانی هاوکاری لە نێوان هەموو لایەنەکاندا تێبکۆشێ. ئەم هەوڵانە ئەگەر تا ئیستا بە ئاکامێکی دڵخواز نەگەیشتوە بەڵام بێ ئاکامیش نەبووە و هەر ئەوەندەی دڕدونگی‌یەکان کەمتر بوونەوە و هاودەنگی‌یەک لەسەر رەوابوونی ئەم داواکارییەی خەڵک بەگشتی دروست بووبێ، دەکرێ وەک خاڵێکی ئەرێنی لە پێوەندییەکانی نێوان هێز و لایەنەکاندا بژمێردرێ. هەر لەم پێناوەشدا بووە کە بەردەوام خەمی لە بەهێزکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ لایەنە سیاسی‌یەکانی دیکەدا خواردووە و هەمیشە بە بایەخەوە و بەدوور لە تێبینی‌یەکانی لەسەر جۆری بیرکردنەوە و هەڵوێست و سیاسەتی ئەم یان ئەو لایەن و تەنیا لە پێناو رەخساندنی هەلی هاوخەباتی و هاوکاری زیاتر لەگەڵ هەمواندا خۆی پێوە ماندوو کردوە.

داواکاریی حیزبی دیمۆکرات بۆ بەدواداچوون و بەئاکام گەیاندنی ئەم پرسە گرینگە ئەوە بووە، کە باسەکان لە کۆبوونەوە دووقۆڵی‌یەکانەوە لە نێوان هەرکام لەم حیزبە دۆستانە بگوازرێتەوە بۆ کۆبوونەوەیەکی گشتی‌تر بە بەشداری نوێنەرانی هەموو حیزب و لایەنە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵات. مەبەست لەوەش دەسپێکردنی باسێکی راشکاوانە لەسەر وەزعی کوردستان و

پێویستی‌یەکانی ئەم قۆناغە لە خەباتی ڕۆژهەڵات و خستنە بەرباسی گرفتەکانی بەردەم یەکڕیزی و یەکبوونمان لە بەرامبەر دوژمنی هاوبەشمان، کۆماری ئیسلامی‌دا بووە.

بێگومان هەر یەک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات توانا و سیاسەت و بەرنامەی کاری خۆیان هەیە و ناکرێ و ناتوانرێ چاوپۆشی لە دەوری کەم و زۆریان بکرێ. بەڵام ئەو ڕاستی‌یە لە هیچ لایەنێک مەگەر خۆی لێ بدزێتەوە، شاراوە نیە کە هیچ حیزبێکی کوردستانی تەنانەت حیزبی دێموکراتی کوردستانیش کە خاوەن توانا و نفووز و ئیعتبارێکی زۆرە لە نێو خەڵکی کوردستاندا، ناتوانێ بە تەنیا خاوەنداریەتی بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان بکا. هەر بۆیە هەر حیزبێک بەو توانا و ئێعتبارەوە کە هەیەتی و خەمخۆری خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەکەی بێ، دەبێ لە ئاست پێویستی‌یەکانی ئەو بزووتنەوە هەوڵی یەکڕیزی و یەکخستنی هەموو تواناکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بدا. ئەوەش جگە لە دانیشتنی بەردەوام لە ئاستی سەرەوەدا و دیتنەوەی خاڵە هاوبەشەکان و دیاریکردنی ڕێکاری هاوکاریکردن لە نێوان ئەو هێزانەدا ڕێگەیەکی دیکەی نیە.

هەرچەند دوای هەوڵێکی زۆر بۆ سازدانی کۆبوونەوەیەکی لەو چەشنە، کە بۆ تەنیا یەک جار کۆبوونەوەیەک بە بەشداری سکرتێرەکانی هەردوو لای دێموکرات و سێ لایەنی کۆمەڵە پێکهات، بەداخەوە نەفەسی درێژەدانی لێبڕا و بوو بە دوا کۆبوونەوەش. بە باوەڕی ئێمە درێژەدانی ئەم کۆبوونەوانە دەیتوانی کۆسپەکانی سەر ڕێگە هەڵبگرێ و زەمینەی لێک نیزیکبوونەوە و هاوکاریی نێوانیان خۆش بکا. ئەگەرچی ئەم باسانە لە دوا کۆبوونەوەی سکرتێرەکانی پێنج حیزبی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دیداری ئنیستیتۆی مێری‌دا لە هەولێر، لە لایەن هەر یەک لەو بەڕێزانەوە بە جیاوازیی بۆچوونەکانیانەوە کەوتە بەرباس و هیوا و هۆمێدێکی لە دڵی خەمخۆرانی ئەم پرسەدا دروست کرد، بەڵام چاوەڕوانی‌یەکان زیاتر لە دەرکەوتنێک لە وەها کۆڕێکدا بوو. چاوەڕوانی ئەوەی کە مادام هەموو هەست بەو بۆشاییە دەکەن کە باسی دەکرا، ئەدی چ بەربەستێک لە بەردەم دایە کە پێشی لە بەیەکەوەبوونی ئەو هێزانە گرتووە جگە لە چاوەڕوانی تێپەڕینی زەمان و ئینشاڵا و ماشاڵاکان؟

ئەوەی ڕاست بێ، گومان لەوەدا نیە کە حیزبتەوەری و هەوڵدان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی حیزبی بەتایبەت لە دە ساڵی ڕابردوودا و بەدوای لێکدابڕانەکان لە نێو هەردوو لای دێموکرات و کۆمەڵەدا و، خۆماندووکردن بە سەلماندنی ڕەوایی بوون لە لایەن هێندێک لەو لایەنانەوە هەتا ئیستاش کێشەی سەرەکیی بەشێک لەو حیزبانەیە. هەوڵدانێک کە جگە لە بەفیڕۆدانی هێز و پتانسیەلی خەباتکارانەی لە دژی کۆماری ئیسلامی، ئاکامێکی دیکەی نەبووە. هێز و توانایەک کە دەکرا و دەکرێ بە ئیرادەیەکی باشترەوە لە خزمەت بەرژەوەندیی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستاندا بەکار بهێندرێ.

لەم پێناوەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵانی رابردوودا و بەبەردەوامی پێی لەسەر ئەوە داگرتوە کە، بۆ چارەسەری کێشەکان و خۆدوورخستنەوە لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەزموونە تاڵەکانی نێو بزووتنەوەی کورد پێویستە خەمی زیاتر لە یەکخستنەوەی ریزەکانی خەباتکارانی کورد بخۆین و بۆ ئەم مەبەستەش یەکخستنەوەی نێو ماڵی دێموکراتەکانی لە سەرووی ئەرک و بەرنامەکانیدا داناوە. بۆ ئەم کارەش بەپێی راسپاردەی گۆنگرەکانی حیزب، هەروەک لە راپۆرتی کۆنگرەی شانزدەهەمدا هاتووە و راستگۆیانە دەڵێ: "رێبەری و بەدەنەی حیزبی ئێمە لەو باوەڕە دایە کە لە پێناوی یەکگرتنەوەیەکی راستەقینە کە دەستەبەری بەهێزی و یەکگرتوویی دوارۆژی حیزبی دێموکرات بێ، پێویستە هەردوو لایەن (سەرفەنەزەر لەوە کە خوێندنەوەیان بۆ دابران چیە) ئێستا وەک هەن یەکتر قبووڵ بکەن و رەوتی وەسەریەککەوتنەوە بەجۆرێک مودیرییەت بکەن کە بەیەکەوە خاوەنداری لەو رەوتە و لە داهاتووی حیزب بکەن. رەوتێک کە لەودا لایەنێک خۆی بە ئەسڵ و لایەنەکەی دیکە بە دۆڕاو لە قەڵەم بدرێ. واتە حیزبێکی دێموکراتی بەهێز و یەکگرتوو کە چی دیکە لە کێشەکانی رابردوودا گیر نەکا و سازکردنی سەنتێز لە رابردوو و روانین و وزەی سەرجەم تێکۆشەرانی خۆی بکاتە دەسمایەی ئیدارەی خۆی و مودیرییەتی سیاسەت و خەبات لە کۆمەڵگا". هەر لەم پێناوەدا بووە کە بە لەبەرچاوگرتنی پرێنسیپی یەکتر قبووڵکردن گەلاڵەی ئامادەکراوی خستۆتە بەردیدی هەموان.

هەرچەند جێگەی داخە کە ئەم هەوڵە دڵسۆزانەیەی حیزبی دێموکرات لە چەند ساڵی رابردوودا لە لایەن، لایەنەکەی دیکەی دێموکراتەوە بەهێند وەرنەگیراوە و هەرجارەی بە بەهانەیەکەی داتاشراو و تەنانەت هێرشی راگەیاندن بۆ سەر سکرتێری حیزب وەک دوا بەهانە، خۆیان لەم پرسە گرینگە دزیوەتەوە. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵە بێ ئاکامانە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبەر ئەوەی ئەمە بە ویستی کۆمەڵگەی کوردستان و داخوازی سەرەکیی خەڵک لە دێموکراتەکان دەزانێ، لێی ماندوو نەبوە و بردنە پێشی ئەم پرسە گرینگە وەک ئەرکێک لە بەردەم خۆی و هەموو دێموکراتەکاندا دەبینێ و خۆی لێ بە بەرپرسیار زانیوە. گرینگە لایەنەکەی دیکەی دێموکراتیش لە جیاتی هەڵدانی چەتری خۆیان بۆ هەموان، بیر لە چەترێک بکەنەوە کە هەموان لە سێبەریدا بتوانن وزە و توانای خۆیان تەنیا لە خزمەت دۆزی رەوای کورددا بخەنە گەڕ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٧

-----------------------------------

## بەرپرسیاریەتی و رۆحی دێموکراسی

بیرکردنەوە لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە حیزبێکی سیاسیدا و هەنگاونان بەرەو جێبەجێ کردنی گۆڕانکارییەکان لە نێو تەشکیلاتدا، یەکێک لە پێویستی‌یەکانی زیندووراگرتنی دێموکراسی‌یانەی بیری بەرەوپێشچوون و دروستکردنی کولتوورێکە، بۆ بەردەوامی تێکۆشان و خۆشکردنی زەمینەی نوێگەرایی لە نێوخۆی حیزبدا. ئەوەش بە مەبەستی پاراستنی ئەمنییەتی تەشکیلاتی بۆ هەموو ئەندامانی حیزب لە چوارچێوەی یاسا داڕێژراوەکانی پەسەندکراوی حیزب و بەدوور لە بەکارهێنانی سلیقە شەخسییەکان و بۆ دەستەبەرکردنی داهاتوویەکی گەشتر بۆ حیزبێک کە، بەشێکی بەرچاو لە بەرپرسایەتی قورسی بەرەوپێش بردنی ئەرکەکانی بزووتنەوەی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر شانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەمەنی ٧١ساڵەی خۆیدا، بە گەلێک قۆناغی سەخت و دژواردا تێپەڕیوە. لە هەرکام لەم قۆناغانەدا زۆرجار سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. بەڵام بێگومان حیزبێک بەو مێژووە درێژەوە لە هێندێک قۆناغدا تووشی شکستیش هاتووە کە خۆشیی کاتیی، سەرکوت و نەمانی دیموکرات و کوردی خستوەتە دڵی دوژمنان و نەیارانیەوە. بەڵام هەموو جارێ گۆڕانکارییەکانی نێو حیزب و سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی دیموکرات، خەمی دڵی کوردپەروەرانی رەواندوەتەوە و بزەی خۆشی و ئومێدواری خستوەتەوە سەر لێوی ئەویندارانی ئازادی و سەربەستی.

ئەم مێژووە پڕلە شانازییە قۆناغ بە قۆناغ باری زەحمەتی لەسەر شانی نەسل لەدوای نەسلی تێکۆشەرانی دێموکرات بووە. ئەو تێکۆشەرانەی کە لەهەرکام لەو قۆناغانەدا بەبیری نوێ و ماندوویی‌نەناسی خۆیان لە بەرامبەر دوژمناندا پێشەنگی کاروانی بەرەو سەرکەوتنیان بەدەستەوە گرتووە. لەم مەیدانە بەرینە و، لەم ململانێ قورسەدا ئەوەی گرینگی بەرچاوخستنی زیاترە، نەقش و دەوری ئەندامان و رێکخراوەکانی حیزبە. کە بە لەخۆبووردەیی تەواو کە شایەنی تێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕە و پشتئەستوور بە ئیرادەی خەباتکارانەیان و دڵنیابوون لە داهاتووی سەربەرزانەی حیزبەکەیان، نەتەنیا یارمەتیدەری رێبەرانیان بۆ تێپەڕاندنی هەرکام لەو قۆناغانە بوون، بەڵکوو بەبیرکردنەوەی درووست لەئاست پێویستی‌یەکانی سەردەم دەورێکی کاریگەریان لە گەیاندنی پەیامی حیزبەکەیان و بەهێزترکردنی تەشکیلات و پێوەندی نێوان خەڵک و حیزبدا گێڕاوە.

بیرکردنەوە لە ئاڵوگۆڕ و هەنگاونان بەرەو جێبەجێ کردنی بەوەختی گۆڕانکارییە پێویستەکان، یەکێک لە مەیدانەکانی تاقیکردنەوەی حیزبی‌یە بۆ هەڵسەنگاندنی فەزا و بوونی رۆحی دیموکراسی لە نێو هەر حیزب و رێکخراوێکدا. هێنانە بەرباسی پێویستییەکانی ئاڵوگۆڕ لە بەرزترین پۆستەکانی حیزبیدا و وەرگرتنی ئەم بیرۆکە لە لایەن ئەندامانی تەشکیلاتی حیزب و خۆماندووکردن بە چۆنیەتی جێخستنی فیکری ئەم بیرکردنەوانە و چۆنیەتی جێبەجێ‌کردنی، نیشانەی بوونی فەزای پێویستی دیموکراسی حیزبی و، لەولاشەوە دەرخەری زیندوویی و خەمخۆری ئەندامانی ئەو حیزبەیە لە

چۆنیەتی مامڵەکردن لەگەڵ پرسێکی گرینگی حیزبی، وەک ڕەچاوکردنی دروستی پرینسیپەکانی دیموکراسی، و بەرزڕاگرتنی ڕۆحی دیموکراسییە لەناو حیزبێکدا کە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و دەسەڵاتی بە یەکەوە گرێداوە و لە بەرنامەی سیاسیی خۆیدا گونجاندوویەتی.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم بوارەدا حیزبێکی بە ئەزموونەو لەزۆر قۆناغی تایبەتدا کە زەروورەتی گۆڕانکاری هەست پێکردووە، سەربەرزانە لەم تاقیکردەوانە دەرچووە. کونگرەکانی ئەم دواییەی حیزب و گۆڕانکارییەکان لەئاستی هەرەبەرزی پلەکانی حیزبیدا دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە بوونی دیموکراسی حیزبی، لەنێو حیزبی دیموکراتدا چ گرینگییەکی تایبەتی پێ دەدرێ.

لە تێکۆشانی ئەم چەند ساڵەی دوایەی حیزبدا و، لە هێندێک بواری جیاجیادا گۆڕانکاری لە ڕێبەری و بەتایبەت لەنێو بەرپرسان و کەسایەتییە ناسراوەکانیدا، جێبەجێکراوە. ئەم ئاڵوگۆڕانە لەهەر بوارێکدا بووبێ و پێوەندی بەهەر کەسایەتییەکەوە هەبووبێ، نەتەنیا گرفتێکی لە نێو حیزبدا دروست نەکردووە، بەڵکوو بە ڕۆحێکی گەورە و شۆڕشگێڕانەوە وەرگیراوە. بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە ناسراوەکانی حیزب، لەنێو حیزب و لەدەرەوەی بازنەی ئەندامانی ڕێبەریدا، کە هەرکام بەجیا بەشێک لە مێژووی حیزبی دیموکراتن، ئەم ڕۆحە بەرزەی ڕوانینی ئەوانی بۆ خزمەت و دەسەڵات نیشان داوە. ئەم جۆرە ڕوانینەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە، داهاتووی ژیانی حیزبەکەمان بەستراوەتەوە بە گرێدانی ژیانی سیاسی و حیزبی نەسلە یەک لەدوای یەکەکانی تێکۆشەرانی ناو ریزەکانی حیزب. لەم ڕێگەوەیە کە جیلەکانی دواتر دەتوانن بەبوونی ڕێبەران و پێشڕەوانی پێشوویان کە هاوشانیان درێژە بە تێکۆشان دەدەن و بە پشت بەستن بە ئەزموون و بیرۆکە زیندووەکانیان درێژە بە خەبات بەرەو سەرکەوتن بدەن. هەر لەم ڕێگەشەوەیە کە دەکرێ بە دەرکەوتنی کەسانی خاوەن فکر لە نەسلی نوێی حیزب لە پلە بەرزەکانی حیزبدا، دڵنیا بین لە درێژەدانی بیری نوێخوازانەی حیزبی دێموکرات و سیاسەتی سەردەمیانەی بەپێی پێویستییەکانی خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان. کارێک کە ڕێبەریی لە ئێستاوە بۆ داهاتووی حیزب دەبێ خەمی زیاتری لێ بخوا و لەهەر کاتێکی پێویست و گونجاودا ڕێگەخۆشکەربێ بۆ گۆرانکاری زیاتر.

هەرچەند زۆرجار هەوڵدراوە، هاتنەپێشی ئەو پرسانە لەنێو حیزبی ئێمەدا وەک "قەیران" بخرێتە بەرچاو و چاووڕاوی نەیاران لەلایەک و زەفکردنەوە و خەوبینین بە شوێنەوارە نیگەتیڤە ئیحتیمالییەکانی بووبێتە قسەی سەر زاران، بەڵام لەنێو حیزبدا نیگەرانیەکیش ئەگەر بووبێ هەمیشە هاندەرێک بووە بو جیدیبوون، لە بیرکردنەوە و راپەڕاندنی ئەرکی حیزبی بۆ شوێندانەری پۆزیتیڤی ئەو گۆڕانکارییانە. بۆیە لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا خۆماندووکردن بە هێنانەئارای



سەرچاوە
Serchawe

بیری نوێ و گرینگیدان بە پاراستن و پەیڕەوکردنی پرێنسیپە دیموکراتیکەکان، ئەرک و بەرپرسایەتی‌یەکی گرینگی سەرشانی ڕێبەران و بەڕێوەبەرانی حیزب بووە و هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٧

--------------------------------------------

## ئاوڕدانەوەیەک لە چەند ڕووداوی گرینگی ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانیەوە تێپەڕی. ساڵێک پڕ لە ڕووداوی گرینگ کە هەرکام بە نۆبەی خۆی شوێنەواری باش و خراپیان لەسەر خەڵک و کۆمەڵگەی کوردستان بەجێ‌هێشتووە.

ئەگەر ئاوڕێک لە ڕووداوە ناخۆشەکانی ساڵ بدەینەوە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەسارانەی، کە بەهۆی گرتن و گیان‌لەدەستدان و بەتایبەت شەهیدبوونی ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان، کە خەم و پەژارەیەکی زۆری بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدوای خۆیدا هێنا. هەرچەند ئەم ڕووداوانە هەرگیز نەبوونە هۆی دەستبەردانەوە و نائومێدی خەڵکی خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەگەر خەڵکی کوردستان لەلایەک خەمیان لەم تێچووانە دەخوارد، لەلایەکی‌دیکەوە ئەم خەسارانەیان دەکردە دەرفەتێک بۆ دەربڕینی هاوپێوەندی و دروستکردنی هاودەنگی لە نێوانیاندا، بۆ دەرخستنی سیمای یەکڕنگی کوردستان لە بەرابەر دوژمنی هاوبەشیاندا.

سەرەڕای هەموو ئەو ڕووداوە تاڵانە، گەلیک بەرەوپێش چوون لە ڕەوتی سیاسی و تێکۆشاندا چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە دەرەوە لەم یەک ساڵەدا بینراون کە دەبێ وەک دەسکەوتێک چاوی لێبکرێ و بێگومان بوونەتە هۆی دڵخۆشی و ئومێدواربوونی زیاتری خەڵک بە داهاتووی خەباتە ڕەواکەیان لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجەکانیاندا.

سەرەتای ساڵی ١٣٩٥ کاک خالیدی عەزیزی سکرتێری ئەو کاتی حیزب، لە پەیامێکدا دووبارەی کردەوە و، لەگەڵ ئەوەی داوای پێویستی لێک نیزیکبوونەوەی زیاتری لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کرد، داوایەکی گشتی ڕووبەڕووی هەموو لایەک لە

دەرەوە و نێوخۆی ڕۆژهەڵات کردەوە کە سالی نوێ بکەین بە ساڵی چالاکی هەمەلایەنە و دوورکەوتنەوە لە بێتەفاوەتی و هەوڵدانی زیاتر بۆ کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

ئەم پەیامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە پێشتریش بە گوێی خەڵکدا درابوو،سنوورێکی بۆ جۆری چالاکییەکان و شوێنی ئەو چالاکییانە دانەنابوو. پەیامی چەند ساڵەی حیزبی دیموکرات ئەوەبووە، ئەگەر نەورۆز جێژنێکی نەتەوەیی کوردە، دەبێ بە هەمووان لە هەمووشوێنێک و بە هێماکانی نەورۆزی کوردەوارییەوە یادی بەرز رابگیرێ و دیتمان لە چەند حەوتووی پێش و پاشی نەورۆزی ساڵی ٩٥دا، چلۆن ڕۆژهەڵاتییەکان سەرەڕای هەڕەشە و فشاری زۆری دەزگا ئەمنییەتیەکانی ڕێژیم شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتیان، بە جلی کوردی و ئاهەنگی کوردانە و ئاگر و ئاڵای کوردستان رازاندەوە. پەیامی نەورۆزی خەڵک لەلایەک بۆ بەرزراگرتنی ڕۆژێکی نەتەوەیی و لەلایەکیدیکەشەوە نیشاندانی یەکدەنگی و یەکرەنگی ئەوان بوو بەرانبەر بە دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ کە بایەخ بەهیچ ماف و ئەرزشێکی نەتەوەیی ئەو خەڵکە نادا.

دیارە ئەمە تەنیابوار نەبوو بۆ کەڵکوەرگرتن لەو فرسەتانەی کە دەستکەوتوون. چالاکانی مەدەنی، بەوەگەڕخستنی تواناکانی خۆیان لە کاری ئەدەبی و فەرهەنگیدا، لە درێژەی زەحمەتی چەندساڵی پێشکیسوەتەکانیان، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەتایبەت لە گوندەکاندا بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی کەمترین یارمەتی دەوڵەتی بن و سەرەڕای هێندێک پێشگیریکردنیشیان، قۆڵی هیممەتیان هەڵماڵی و تەنیا بە ماندووکردنی خۆیان هەزاران منداڵی کوردی ڕۆژهەڵاتییان فێری خوێندن و نووسین بە زمانی شیرینی زگماکییان کردن و لەم ڕێگەوە نەتەنیا بەرامبەر بە هەوڵی پەکخستنی ئەو جۆرە کارانەی ڕێژیم و دەوڵەتەکەی بێتەفاوەت دانەنیشتن و چاوەڕوانی جێبەجێبوونی یاساکەیان نەمانەوە، بەڵکوو بە هیممەتی هەمەلایەنەیان ئەم ئەرکە نیشتمانییەیان بەڕێوەبرد کە لە مێژووی خەبات بۆ پاراستنی زمانی نەتەوەییماندا لاپەڕەیەکی پڕشنگدار بۆ خۆی تۆمار دەکا.

لەپاڵ ئەو تێکۆشەرانەدا، سەرەڕای بەرپێگرتنیان، گەرمراگرتنی کۆڕوکۆبوونەوەکانی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان لە سەروو هەتا خواروی ئەم وڵاتە زیاتر و گەرم و گوڕتر لە جاران بە هۆی کۆڕە ئەدەبییەکان و بەشداری ئەدیبان و شاعیرانی دەرووەستی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵات، بە نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە بەنرخەکانیان لە بواری ئەدەبیدا، کە پڕ لە مانای خۆشەویستی بۆ نیشتمان و نەتەوەکەیان بووە، چەتری سانسۆری ڕێژیمی لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی دادڕدادڕکرد و بەهۆی ئەوانەوە هۆگری بە ئەدەب و زمانی کوردی پەرەگرتووتر بوو.

لایەنێکی‌دیکەی ئەم تێکۆشانە نیشتمانی‌یە پەرەئەستاندنی خەباتی ژینگەپارێزی لە کوردستان بوو کە، بە هەزاران و زیاتریش لە چالاکانی ژینگەپارێزی لە زۆر شوێنی کوردستانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و بە پەیامی سەوزڕاگرتنی کوردستان، لە ئاگرکوژانەوە بەردەوامەکان و ئەمامچاندنەوە بگرە هەتا خاوێنکردنەوەی شار و دەشتودەر و هەوڵدان بۆ هاندانی خەڵک بە تایبەتی تازەپێگەیشتوانی وڵات، بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان، ئەرکێکی نیشتمانی گەورەیان لەسەر شانی خۆیان دانا و بەمجۆرە سەروەری‌یەکیان بۆ خۆیان تۆمار کرد.

ئەم ساڵەی بەم خۆشی و دەسکاوتانەوە دەستمان پێکرد، ساڵێکبوو کە جارێکی‌دیکەش لە درێژەی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگایەتی‌دا، بە مەبەستی بەیەکەوەبوون و ئاوێتەکردنی خەباتی پێشمەرگە لەگەڵ حەز و ویستی خەڵکی کوردستان، پێشمەرگەکەنی دیموکرات خۆیان گەیاندەوە نێو کۆڕی پشتیوانانیان لە نێو خۆی وڵات. ئەرکێک کە لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا، سەرەڕای ماندووبوون و بەخشینی خوێنی هاوڕێیانیان، لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بەڕێوەدەچوو، ئەمساڵیش بە شێوەیەکی بەربڵاوتر بەشێکی دیکەش لە پێشمەرگەکانی کوردستانی لەخۆگرت.

حوزووری بەردەوامی پێشمەرگە لە نێو خۆی وڵات و لە نێو باوەشی گەرمی خەڵکی کوردستان بوو کە لە سەرەتای ساڵەوە، فەرماندەرانی سپای پاسدارانی هێنایە دەنگ و دەستیان‌دایە هەڕەشەکردن. بەڵام سەرەڕای ئەو هەڕەشانە و زیادکردنی بەرچاوی هێزەکانیان لە کوردستان و بەکارهێنانی هەموو ئیمکاناتی نیزامی و ئەمنییەتی‌یان، پێشمەرگە لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە پیرۆزە نەوەستاو لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا، بە دەرکەوتنیان و چوونە نێو خەڵک و رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ پیلان و پەلامارەکانی سەرکوتکاران، ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خۆیان بەسەر دوژمندا سەپاند.

ئەوەی جێگەی داخ بوو، ئەمساڵ بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات بۆ ئەم ئەرکە شۆڕشگێڕانەیە تێچووی زۆری دا و ژمارەیەک لە باشترین پێشمەرگەکانی کوردستان لەگەڵ ئەوەی زۆر فیداکارانە رووبەڕووی هێزی سەرکوتکەری رێژیم کۆماری ئیسلامی بوونەوە شەهیدبوون و گیانی پیرۆزی خۆیان بۆ بەرزڕاگرتنی ئامانجەکانی گەلەکەیان فیداکرد کە کۆتایی کاروانی شەهیدانی ئەمساڵ، شەهیدبوونی دوو پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ناوەکانی ئەمیر نستانی و ئازاد ئاڵی بوو.

دیارە ئەم رووبەڕووبوونەوانە لەگەڵ رێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەڕەشەکانی سەرکردەکانی رێژیم و سپای پاسداران، تەنیا تێکهەڵچوونی راستەوخۆی نەگرتەوە. بەڵکوو پیلانەکانی رێژیم دژی حیزبەکانی رۆژهەڵات و بە تایبەت لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەرینتر لەوە بوو. جێبەجێبوونی پیلانی تەقینەوەی دوو بۆمبی دەستکردی رێژیم لە شەوی یەڵدا و

لە بەردەم قەڵای دیموکرات، کە بەداخەوە بوو بە هۆی شەهیدبوونی پێنج رۆڵەی تێکۆشەری حیزبی دیموکرات و دوو پێشمەرگەی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، کارەساتێکی ناخۆش و دڵتەزێنی ساڵ بوو بۆ سەرجەم خەڵک و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و پەڵەیەکی رەشی‌دیکە لەسەر کارنامەی پڕ لە جینایەتی کۆماری ئیسلامی.

بە دوای ئەم کارە جینایەتکارانەدا ئەوەی دڵی خەڵکی کوردستانی خۆش کرد و خەمی ئەو رووداوە و شەهیدەکانی لەسەر دڵیان رەواندەوە، هاوپێوەندی بەربڵاوی خەڵکی کوردستان بە گشتی و بەدەنگەوە هاتنی حیزبەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بوو کە بە سەردان و بە ناردنی پەیامی هاوسۆزی‌یان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان ئەم کردەوە تێرۆریستی‌یەیان مەحکووم کرد و رێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یان وەک عامیلی ئەو جینایەتە ریسوا کرد.

بەشداری نوێنەری زۆربەی حیزبەکانی کوردستان لە کۆبوونەوەیەک کە لەسەر داوای حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوەچوو، و بڵاوبوونەوەی راگەیێندراوی هاوبەشی ئەو حیزبانە لەسەر مەحکووم کردنی ئەو جینایەتە و پشتگیری حیزبی دیموکرات لە بەرامبەر پیلانەکانی دوژمنان، هەنگاوێکی جیددی و جێی تێڕامان بوو کە لە لایەک نیشانەی هاوسۆزی نەتەوەیی نێوان هەموو بەشەکانی کوردستان و لە لایەکی دیکەوە دەرخەری ئیرادەی هاوبەشی کورد بوو بۆ وەدەنگ‌هاتن لەسەر ئەو جینایەتانەی دژ بە نەتەوەکەمان لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان دەکرێ.

هەر ئەم رووداوە و هەست بە بەرپرسایەتی هەموو لایەک بوو کە بوو بەسەرەتایەکی باش بۆ خوێندنەوەیەکی نوێ و بۆ بیرکردنەوەیەکی مەنتیقی و پێویست سەبارەت بە جۆری پێوەندی نێوان حیزبەکانی رۆژهەڵات و دەسپێکێکی باشتر بۆ کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر و هەوڵدان بۆ دیتنەوەی رێگەی هاوکاری زیاتر و کردەیی‌تر. کە بە خۆشی‌یەوە بێ ئاکام نەبووە و هیوای ئاکامی باشی کردەیی لێ دەبیندرێ.

لە پاڵ هەموو ئەو رووداوانەدا، ئەمساڵیش وەک تەواوی ساڵانی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی، خەبەری گرتن، ئەشکەنجە، لە زینداندا راگرتن و ئیعدامی خەڵکی بێ تاوانی کوردستان بەشێک بوو لە خەمی رۆژانەی خەڵکی کوردستان و نیشانەیەک لە بەردەوامی سیاسەتی سەرکوتی بێبەزەیی‌یانەی کۆماری ئیسلامی. لەم ساڵەدا بە پێی ئەو ئامارەی «ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان» بڵاوی کردوەتەوە، لە لایەن هێزە ئەمنی و نیزامی‌یەکانی رێژیمەوە ۲۸۲ بە تاوانی پێوەندی بە حیزبە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵاتەوە گیراون کە ۱۰۵ کەسیان تا ئیستا لە لایەن دەزگای قەزایی دەسەڵاتەوە حوکم دراون. هەروەها لە بەندیخانەکانی ئێراندا ٦١ زیندانی کورد لە سێدارە دراون و بە هۆی تەقینەوەی مین لە دەوری مۆڵگەکانی رێژیم ۱۳ کەس کوژراون و ۹ کەسی دیکەش بریندار بوون. لەگەڵ ئەوانە بە هۆی ئەو رووداوانەی بەداخەوە لە ناوچە



سەرچاوە
Serchawe

سنووری‌یەکاندا رۆژانە دووبارە دەبوونەوە،و لە رێگەی تەقەکردنی راستەوخۆی چەکدارانی رێژیم لەو کاسبکارە بێدەرەتانانەی بە ناچاری و بۆ پەیداکردنی ژەمە نانێک بۆ منداڵەکانیان روویان لە سەرسنوورەکان دەکرد، ٥٥ کۆڵبەر کوژراون یا بەهۆی هەوڵی خۆدەربازکردن لە چنگ هێزەکانی رێژیم و تووشبوون لەگەڵ هەڵدێران و بەفر و سەرما ٩ کەسی دیکە گیانیان لە دەستداوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، هەمووی ئەم تاڵی و ناخۆشیانی ژیانی خەڵکی کوردستان کە بێگومان بە شێوازی جۆراوجۆر هەموو بەشەکانی دیکەی ئێرانیشی گرتوەتەوە، لە سایەی سیاسەتەکانی دەوڵەتی «تدبیروامید»ی رۆحانیدا بەسەریاندا رژاوە کە دوای چوار ساڵ لە دەسەڵاتداری دەوڵەتەکەی و بە پێچەوانەی هەموو ئیدیعاکانی نە تەنیا هەنگاوێکی بچووکی بۆ باشتر کردنی ژیانی خەڵک هەڵنەهێنایەوە بەڵکوو بە سازانی ئاشکرای لە سەر بەرژەوەندیە ئابووریەکانیان لە گەڵ سپای پاسداران رێگەی بەرێوەچوونی هەموو جینایەتێکی لە کوردستان بۆ هێزەکانی رێژیم کردوەتەوە. هەر بۆیە خەڵکی کوردستان کۆتایی تەمەنی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی بە سەرەتای گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەزانن و بۆ ئەم مەبەستەش تێدەکۆشن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٧

---------------------------------------------

## هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری، روحانی و کێشەکانی خەڵک

نیزیک بە چوار ساڵ لەمەبەر لە هەلومەرجێکدا بەرەو دەورەی یازدەیەمی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ئێراندا دەچووین کە نائومێدی لە چارەسەری کێشەکانی خەڵک لە سەرانسەری ئێران و بە تایبەت لە کوردستاندا، فەزای سیاسی وڵاتی داگرتبوو. ئەو کاتە بە هۆی سەرخوردەگی ئەوانەی کە لەدوای فرت و فێڵی دەسەڵاتدارانی سەرەکی کۆماری ئیسلامی، رێبەر و باندە مەزهەبی و نیزامی و ئەمنیەتییەکانی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٣٨٨ و سەپاندنی دووبارەی ئەحمەدینژاد وەک سەرۆککۆمار و سەرکوتی نامرۆڤانەی خۆپیشاندانی نارەزایەتی میلیۆنان ناڕازی لە نیزام، هیچ ئومێدێکی بە هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک نەهێشتبوو، لە هەموو شوێنێک باس لە بەشداری نەکردنی خەڵک لەو دەورەی هەڵبژاردندا دەکرا. تەنانەت ئیسلاحتەڵەبە حکومەتییەکانیش هیوابڕ ببوون لەوەی بتوانن خەڵک بۆ پشتیوانی خۆیان بێننە سەر سندووقەکانی دەنگدان. بەڵام لە گۆڕانێکی چەند رۆژەدا و لە لایەک بە هاتنە مەیدانی کەسانی وەک رەفسەنجانی و

خاتەمی و پشتیوانی ئیسڵاحتەڵەبەکان لە روحانی و لە لایەکی دیکە وەعدە و بەڵێنەکانی روحانی لە چوارچێوەی دروشمی "تدبیر و امید" دا فەزای نێوخۆی گۆڕی و جارێکی دیکەش خەڵکی وەزاڵەهاتووی هێنایەوە مەیدانی تاقیکردنەوەیەکی دیکە.

لە هەلومەرجی سیاسیی ئەو کاتدا بە هۆی خراپی لە رادەبەدەری باری ئابووری ئێران لە لایەکو سیاسەتی چوار ساڵەی دەوڵەتی ئەمریکا بە رێبەری ئۆباما بۆ چارەسەری کێشەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هەوڵەکانی میانڕەوەکانی دەسەڵات بۆ بە قەناعەتگەیاندنی رێبەر، پێشبینی دەکرا کەسایەتییەکی وەک روحانی سەر لە سندووقەکانی دەنگدان بێنێتەدەر. روحانی کە کلیلی! چارەسەری هەموو کێشەکانی کردبووە رەمزی تەبلیغاتی هەڵبژاردنی، بە دانی وادە و بەڵێنێکی زۆر، توانی لە رۆژانی ئاخری شەڕی تەبلیغاتیدا، جۆرە دڵنیاییەک بدا بەو خەڵکەی کە پێیان وابوو رێژیم هیچ رێگەیەکی نەهێشتوەتەوە بۆ ئاڵوگۆڕەکان لە چوارچێوەی نیزامدا.
روحانی نە تەنیا چارەسەری کێشە ئابوورییەکانی خەڵکی ئێران و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی، - کە زۆر بەدرەنگەوە مەنشوورەکەی بە ناوی مافی شارۆمەندی کە تەنیا نووسراوێک بوو لەسەر کاغەز- بە گەرمی لە نێو وتارەکانیدا بڵاو دەکردەوە، تەنانەت رووی لە دانیشتوانی پارێزگا پەراوێزەکانی ئێرانیش کرد و لەژێر ناوی مافی "اقلیتهای قومی" کە گۆیا مەبەستی لە مافی کەمینە نەتەوەییەکانی ئێران بوو، بەڵێنی چارەسەری کێشەکانیان و دابینکردنی مافە خوراوەکانی بەوان دا. بە گشتی ئەو بەشە لە خەڵکی ئێران و لە کوردستانیش، کە لەبەر وەزعی لەڕادەبەدەر خراپی رێژیم پێیان وابوو کە بۆ راگرتنی نیزامەکەشیان بێ، ئومێدێک ماوە بۆ قبووڵی گۆڕانکارییەکان، لەدوای ئیسلاحتەڵەبەکان ئەوجارەش رێگەیاندا بە ئیئتیلافی ئەوان و میانڕەوەکان، هەتا جارێکیدیکەش شانسی خۆیان تاقیبکەنەوە و راستگۆیی خۆیان بە خەڵک نیشان بدەن.

لەو کاتەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە بەباشی فەزای ئینتیخاباتیی ئێرانی هەڵسەنگاندبوو و دەیزانی لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران بۆ هێنانە مەیدانی خەڵک بۆ دەنگدان کاری زۆر کراوەو وەعدە و بەڵێنی زۆرتر دراوە و کوردستانیش لەو بازارگەرمییە بەدوور نابێ، لەگەڵ پێداگری لەسەر سیاسەتەکانی لە بەرامبەر رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا و ئاشکراکردنی هەموو فرتوفێڵەکانیان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، خەڵکی کوردستانی بە ئاگاهێنایەوە کە ئەگەر بەهەر هۆیەک دەچنە دەنگدان، لەلایەک وەک فرسەتێک چاوی لێبکەن بۆ دەربڕینی ویست وداخوازییە نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان و لەلایەکی دیکەوە وشیارانە دەنگ بە کەسێک بدەن کە داواکارییەکانیان لە چوارچێوەی بەرنامەکانیدا گونجابێ.

لەو دەورە لە هەڵبژاردندا بە هۆی پشتیوانی زۆربەی دەنگدەران و ملدانی رێبەری کۆماری ئیسلامی بە ئاکامی هەلبژاردنەکان، حەسەنی روحانی بوو بە حەوتەمین سەرۆککۆماری رێژیم. بەم جۆرە لە دوای دەسەڵاتی ئیسلاحتەڵەبەکانی

ئێران ئەوجار هاوپەیمانی ئەوان و میانڕەوەکانی ڕێژیم بوو کە دەکەوتە بەر تاقیکردنەوەیەکی گرینگ. تاقیکردنەوەیەک کە دوا شانسی هەموو دەستە و باندە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو بۆ دڵنیابییپێدان بە خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە بوون و سیاسەتەکانی دەسەڵاتداران. دوو مانگ دوای هەڵبژاردنی روحانی و دەستبەکاربوونی هەموو خەڵک دەیانزانی کە ئەوە دەتوانێ دەسپێکی کۆتایی ئارامشی پاش هەڵبژاردن بێ، ئەگەر خەڵک ویستەکانیان لە نێوەرۆکی کار و بەرنامەکانی دەوڵەتی روحانیدا نەبیننەوە. ئەوەدەمیش بە وردی باس لەوە دەکرا کە، زۆربەی دەنگدەرانی ئێران و، بە تایبەت ئەو بەشە لە خەڵکی کوردستان و پارێزگا دوورسەتەکانی ئێران کە روحانی بە دەنگی ئەوان توانی ببێتە خاوەنی ئەو پۆستە، نە لەبەر خۆشەویستییان بۆ نیزام بەڵکوو، تەنیا بۆ بەخشینی هەلێکی دیکەی یاسایی بەو کەسەی کە ئومێدی گۆڕانکاری پێدان و هاتنە مەیدانی هەڵبژاردن و ئەگەر روحانی نەتوانێ ئەو پەیامەی خەڵک وەربگرێ یا کۆسپەکانی سەر ڕێگەی جێبەجێکردنی وادە و بەڵێنەکانی لانەبا دەبێ چاوەڕوانی هەڵوێستێکی دیکە بێ لەلایەن ئەو خەڵکەوە.

ئێستا دوای چوارساڵ بە هەڵسەنگاندنی کارنامەی دەسەڵاتداری دەوڵەتەکەی روحانی، بە روونی دەردەکەوێ کە سەرەڕای ئیدیعاکانی خۆی و دەوڵەتەکەی نەتەنیا نەیانتوانی هیچ یەک لە وادەو بەڵێنەکانیان بەرنەسەر بەڵکوو، بە پێچەوانەوە ژیانی خەڵک لە هەموو بوارێکدا زۆر خراپتر بووە. چوونەسەری بایی کاڵا لە پاڵ زیادبوونی ڕێژەی بێکاری، دەسەڵاتداریی ناوەندە ئەمنییەتیەکان و درێژەی گرتن و راوەدوونان و بەرزبوونەوەی رادەی ئیعدامەکان، زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و لەبەریەک هەڵوەشاندنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی ئێران و گرینگتر لە هەموان گوێ پێنەدان بە داواکارییە سەرەتاییەکانی خەڵک کە بەشێکی لە چوارچێوەی پرۆژە پشتگوێخراوەکەی مافی شارۆمەندیدا هاتبوون و لەبیربردنەوەی ئەو بەڵێنانەی بۆ پێڕاگەیشتن و دابینکردنی مافی زەوتکراوی خەڵکی ئەو ناوچانەی کە ئەو لە چوارچێوەی بەرنامە "حقوق اقلیتهای قومی" باسی لێدەکردن، بەشێکن لە کارنامەی شکستخواردووی دەوڵەتی حەسەن روحانی.

خەڵک بە هۆی هەڵسەنگاندنیان لە رەفتار و بەرنامەکانی سەرۆککۆمارەکان سەر بە هەر دەستە و جێناحێک بووبن دەزانن جیاوازییەکانی ئەوان لە نێو خۆیاندا هەرچییەک بێ، بۆ ئەوان چۆنیەتی جێبەجێکردنی وادەو بەڵێنەکانیان لە کاتی هەڵبژاردن و راستگۆیییان لە ئاست وەدیهێنانی داواکاری خەڵکی وڵات گرینگە. بۆیە ئەوجار ناکرێ چاوەڕوان بن خەڵکی کوردستان دیسانیش ببنە کەرەسەی دەنگکۆکردنەوەیان و چوار ساڵی دیکەش کاتی تاقیکارییەکی دیکە بدەنەوە بەوانەی کە لە چوار ساڵی رابردوودا نەیانتوانی کەمترین بەڵێنەکانی خۆیان بەجێ بگەیەنن.

لەم روانگەوەیە کە بە ئەزموون وەرگرتن لە چۆنیەتی رەفتاری کاندیدە بێدەسەڵات و بێبەڵێنەکان، خەڵکی کوردستان هەڵبژاردنی ئەم دەورەی سەرۆککۆماری بایکۆت دەکەن و ئەمەش دەکەنە هۆکارێک بۆ تێگەیاندنی هەموو لایەنەکانی کۆماری

ئیسلامی کە بزانن خەڵکی کوردستان وەک هەمیشە وشیارانە لەگەڵ ئەو بابەتانەی بە ژیانی ئەوانەوە گرێی خواردوە مامڵە دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٧

-------------------------------------------

## تەوژمی گۆڕانکارییەکانی نێوخۆ و داهاتووی کۆماری ئیسلامی

لە مانگی رابردوودا لە ئێران هاوکات دوو هەڵبژاردن بۆ سەرۆککۆماری و شۆڕاکانی شارو دێ بەڕێوەچوو. بە دوور لەو جۆرە روانینانە کە هەر چەشنە هەڵبژاردنێک لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە «شانۆگەری» دەزانن، ئەم دەورە لە هەڵبژاردنیش بە بەشداریی خەڵک بە تایبەت لە ناوەندە پڕ حەشیمەتەکانی ئێران کۆتایی پێهات. لە گەڵ ئەوەی هەمیشە گومان لە دەستێوەردان و فرتوفێڵ لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەکرێ و بە بێ ئەوەی قسەیەک لە ڕێژەی دەنگدەر و ڕێژەکانیدیکە بکەینەوە بۆ جارێکی دیکەش بە دەنگی خەڵک، رووحانی بووەوە بە سەرۆک کۆمار.

هاتوهاوارەکانی پێش هەڵبژاردن کۆتایییان پێهات، بەرەبەرەش خەریکە لە بیر دەچێتەوە کە لە ئێراندا هەڵبژاردنێک بووە و نەتیجەکەی چ شوێنەوارێکی لەسەر داهاتوو دەبێ، بەڵام ئەو راستییە لەبەرچاو ون نابێ کە کۆمەڵگەی ئێران بەرەو گۆڕانێکی بنەڕەتی هەنگاوی ناوە و ئەو گۆڕانە بە شێوەیەک لەم دەورە لە هەڵبژاردنیشدا دەرکەوت.

ئەوەی جێگەی ئەم باسەیە گۆڕانێک نییە لە نێو دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیدا، بەڵکوو ئەو گۆڕانە فیکری و فەرهەنگییەیە لە نێو خەڵکدا و بە تایبەت لە نێو بەرەو نەسڵی تازە پێگەیشتووەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا دروست بووە. گۆڕانێک کە حاکمانی کۆماری ئیسلامیی تووشی دڵەخورپە کردووە و ئەگەر گوێ لە قسەکانی خامنەیی لە پێش هەڵبژاردن و بە تایبەت لێدوانە یەک لەدوای یەکەکانی لە پاش هەڵبژاردن بگرین کە بە چ نیگەرانییەکەوە باس لە مەترسی دوو

قوتبی بوون دەکا، کە باش دیارە باس لە دروستبوونی قوتبی نارازیان بەرامبەر بە قوتبی دەسەڵات و دەست و پێوەندەکانیانە، دەردەکەوێ کە نیگەرانیەکانی ناوبراو تا چ ئاستێک بۆ ڕێژیم گرینگ و مەترسیدارن.

لە ڕاستیدا خامنەیی و دەست و پێوەندەکانی کە باوەڕیان وایە خەڵک دەبێ بۆ پاراستنی حکوومەتە ئیلاهیەکەیان گوێڕایەڵی هەموو فەرمانەکانیان بن، ئیستا بۆیان دەرکەوتوە کە کۆمەڵگەی ئیستای ئێران وەک سەرەتای دەسەڵاتداریەکەیان و ساڵەکانی دەیەی ٦٠، چاو و گوێ بەستراو نین و دروشمە ئایینیە درۆزنانەکانیان چی دیکە ناتوانێ فریویان بدا. ئەودەم مزگەوت و ڕەوزەخوێنەکان و نوێژی هەینی و خوتبەخوێنەکانی دەستنیشانکراوی دەزگای ڕێبەری دەرسی خەڵکیان دادەدا و بۆ دوورخستنەوەیان لە ڕاستیەکانی ژیان، حیکایەتە کۆن و دروستکراوەکانی خۆیان بە ناوی گێڕانەوەی ژیانی ئیمامەکانیان یا تەفسیری ئایەتەکانیان لە زمان ئەوانەوە، دەکردە خۆراکی مێشکیان و لەم ڕێگەوە بۆ هەر کارێکی نەشیاوی مرۆڤایەتی هانیان دەدان.
بەڵام ئیستا دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ دەیە بەسەر ئەو دەورانە تاریکەدا، ڕێگاکانی پێوەندیی خەڵک ئەوەندە زۆر بوون کە بۆ تێگەیشتن و تێگەیاندنی یەکتر، پێویستیان بە چوونە مەجلیسی ڕەوزەخوێنەکان نەماوە. خەڵکی ئیستا لە جیاتی گوێگرتن لە مێژووی دروستکراوو پڕ لە درۆی ئاخووندەکان، بە بەرەکەتی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و پەرەگرتنی پێوەندی ئینترنێتی، خۆیان لە ناو تۆڕەکانی کۆمەڵایەتیدا دەبیننەوە. بەربڵاوی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بەشداربوونی خەڵکێکی زۆر بە تایبەت لە ناوەندی شارە گەورەکان و کەڵکوەرگرتنی دروست لەم پێوەندیانە، ڕێگەی گەیاندنی بەربڵاوی پەیامەکانی بۆ ئاسان کردوون و ئەمەش هۆکارێکی باشە بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان و کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری یەکتر. هەر ئەمەش وای کردووە کە لە هەر حەرەکەتێکی جەماوەریدا بۆ وێنە هەڵبژاردنی ئەم دواییانەی ئێران، لاینگرانی خیابانی ڕیفۆرمخوازەکان شوێندانەریان لە مەجلیسی ڕەوزەخوێنەکان لەسەر خەڵک زیاتر بێ.

ئەم دیتنانە دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە کۆمەڵگەی ئێران بە دوور لە حەز و بەرنامەکانی ڕێبەرانی ئەسڵی کۆماری ئیسلامی، بەرەو پێش و بەرەو گۆڕانێکی جیدی هەنگاو دەنێ. گۆڕانێک کە بەبێ شکڵگرتنی توێژی ناوەندی کۆمەڵگە ئیمکانی پێکهاتنی نیە و هەر ئەمەش نیشان لە بوونی ئەم توێژەیە، بە تایبەت لە ناوەندی شارە گەورەکان و زیاتر لە تارانی پێتەختی ئێران کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە هەوڵی حاشالێکردن و لە نێوبردنی درا.
شکڵگرتنەوە و بوونی ئەم توێژە بۆ خۆی ئەو ڕاستیەمان دەخاتەوە بەرچاو کە، بەشی زۆری خەڵکی ئێران بەو فکرە کۆنە داسەپاوەی سێ دەیەی رابردوو رازی نین و لەهەر فرسەتێک بۆ خۆ دەرخستەوەی ئیرادەی خۆیان بە پێی هەلومەرجەکان کەڵک وەردەگرن. ئەگەر هێزە پێشکەوتوو و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران بتوانن خوێندنەوەیەکی واقعبینانەیان لە گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی هەبێ و بە وردی پێ‌و شوێنی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان بگرن، دەکرێ پەرەسەندنی وەها

بیرکــردنەوەیەک لە نــاو کــۆمەڵگەی ڕۆشــنبیری ئێــراندا، بێگومــان وەک هێزێــک کە لە داهــاتوودا بە گــژ سیســـتمی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامیدا بچێتەوە ببینن. ئەمە ئەو شتەیە کە خامنەیی نەیتوانی ترسی خۆی لێ بشارێتەوە و بە وەبیرهێنــانەوەی دەورانــی ســەرۆککۆماری بەنــی ســەدر، ویســتی رووحــانی و هاوفکرەکــانی کە پشتیان بە دەنگی ئەو خەڵکە بەستووە لە تێگەیشتنی خۆی لە مەسەلەی دوو قوتبیبوون ئاگادار بکاتەوە. ڕێبەر! پێش ئەوەش جەماعەتی «آتش بە اختیار»یشی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەر سەربزێوییەک بە شێوازی حیزبوڵلایی رووبەڕوو ببنەوە.

بەڵام ئەگەر بچینە نێو واقیعی ڕووداوەکانی ئەمدواییانە لە دەورووبەری هەڵبــژاردن و، کێبەرکێیەکــانی نێوان جیناحەکــانی ڕێــژیم، لەوێش ئەو جیاکــارییە لە لایەن خەڵکەوە بە ڕوونــی دەبینــدرێ. زۆربەی خەڵکی ئێران بە زۆر بەهــانە و لە زۆر ڕێگەوە دەریانخستوە کە لەگەڵ ڕێژیمی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامیدا نین. لە هەڵبژاردنەکانی ئەم چەنــد دەورەیەی رابردووش لە ڕێگەی دەنگەکانیانەوە زۆر بە ڕوونی ئەم پەیامەیان نە تەنیا بە سەرکردەکانی ڕێژیم بەڵکوو بە هەموو دنیــا ڕاگەیاندووە. خەڵک ئەگەر دەچنە دەنگدان بەشێکیان بــۆ ئەوەی [نــا] بە ڕێبەری نیزام بڵێن، دەنگ بەو کەسانە دەدەن کە فاسڵەی فکرییــان لەگەڵــی هەیە و ئەمەش شانسێک بــووە بــۆ باڵەکــانی دیکەی ڕێــژیم کە بە نــاوی ئیسلاحتەڵەب یــا ریفۆرمخواز ناسراون و ئیستا ئێتر زیــاتر لە دەورەی پێشوو خەڵک چاوەڕوانی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیــانە کە لە کــاتی هەڵبژاردنی ئەمجارەش دووپات کرانەوە.

ڕاستییەکی دیکەش کە ئەم گــۆڕانە لە نێــو خەڵکدا دەردەخــا، پاشەکشە پێکردنــی ســاڵ لە دوای ســاڵ زیــاتری جینــاحی ئوسوولگەرا لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدایە. لە بیست ســاڵ لەمەوبەرەوە کە بە نــاوی ئیسلاحات، محەممەد خــاتەمی بــوو بە سەرۆک کۆمــار تــا ئێستا ئەگەر ڕێژەی دەنگدەران بەرزی و نزمی هەبــووە، بەڵام بەبەردەوامی دەنگی بەرەی بەرامبەر بە خامنەیی لە ناو کۆماری ئیسلامیدا رووی لە زیادبوون کردووە. ئەمە لەوانەیە بە جۆرێک لەبەر ئەوە بێ کە، ئوسوولگەراکان خوێنــدنەوەیەکی نوێیــان بــۆ سەردەمە جیاوازەکــان نیە و بە پێــی هەست و ویستی ئەم سەردەمەی خەڵکی ئێران نــاتوانن بەرنامەیەکینوێ بۆ سیاسەت و ئیدارەی وڵات بخەنە بەردەم خەڵک، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بــێ متمــانەیی خەڵــک بە گشتی لە نیــزام، هۆکــاری ئەسڵیی ئەم گــۆڕانەیە. خەڵــک کە بە گشــتی لە نیــزام نــاڕازی و بێــزارن و خــامنەیی بە نمــادی دەسەڵاتداریی نیزام دەزانن، بە هەموو شێوەیەک بە ڕەدکردنەوەی خۆی و پەیــام و نوێنەرەکانی ئەگەر هەر نەبێ لە ڕێگەی دەنگــدانەوە، بەو نیــزامە دەڵــێن [نــــا]. ئەوان نە تەنیــــا لە هەڵبژاردنـــی ســــەرۆککۆماریدا، بەڵکـــوو پێشـــتریش لە هەڵبژاردنەکــانی مەجلیسی خوبرەگــان و مەجلیســی شووڕای ئیسلامی و ئەمجارەش لە هەڵبژاردنی شووڕاکاندا، نزیکترین و خۆشەویستترین کەسایەتییەکانی ڕێبەریان، لە مەیدان کردەدەر.

ڕاستە کە هەتا ئێستاش ڕێبەری نیزام ئەهرومەکانی دەسەڵاتی بە دەستەوە ماوە، بەڵام ئەم ڕەوتە ئەگەر بەردەوام بێ، دەبێ چاوەڕوانی گۆڕانێکی جیدی بین، کە لایەنێکی لەوانەیە ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆ و یەکلاکەرەوە بێ بۆ کۆتایی پێ هێنان بە دەسەڵاتدارانی نیزام و ڕێبەری کۆماری ئیسلامی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٠١٧

----------------------------------

## خەڵک و کێشەی نێو باڵەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران

ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی نێوخۆی ئێران و بەتایبەت کێشەی نێو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی جێگەی سەرنجن. دوایین هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری و دەنگهێنانەوەی ڕووحانی و بەشداریی بەرچاوی لایەنگرانی ڕێفۆرمخوازەکانی نێودەسەڵات و بە جۆرێکی دیکە، ناڕازییانی دژ بە خامنەیی، ئەو کێشانەی ئاشکراتر کرد.

ساڵانێکە باس لە بوونی چەند جیناح لە نێو ئاخووندە دەسەڵاتبەدەستەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەکرێ. هەر لەم پێوەندییەدا باس لە بوونی کێشەی فیکری و سیاسی لە نێو ئەم دەستە و تاقمە جۆراوجۆرانەدا کەم نەبووە. زۆرجار هەستکراوە لەسەروبەندی هەر کام لە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا، فەزایەک دروست دەبێ کە باس لەو کێشانە زەقتر دەبنەوە و تەنانەت نە تەنیا جیاوازییەکان بەڵکوو دژایەتییەکانیش لە بەرامبەر یەکتردا دەخەنە بەرچاوی خەڵک. ئەم جارەشیان، ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە پێش هەڵبژاردنەکان بە ڕوونی دیار بوو کە زمانی دەربڕینەکان بەرامبەر یەکتر لە هەر دوو جیناح لە جاران زبرتر بوو. قسە و باسەکانی ئەم جارەیان لە دژی یەکتر سنووری گلەیی دۆستانەی تێپەڕاند. ئەگەر ئەوەدەم ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگە و خراپەکارییەکانی دەسەڵاتداران زۆر ڕاشکاوانە هاتنە بەرباس، دواتر زمانی هەڕەشەکان بە تایبەت لە بەرەی ڕێبەر و دامودەزگاکانی سەر بە ڕێبەری توندتر و جیددیتر لە ڕابردوو بوون و ئێستا ئیتر تامی نەسیحەت و ئامۆژگاری نەدەدا. داخۆ هەموو هەم قسە و باسانە دەتوانێ سیناریۆی شانۆگەرییەک بێ کە ڕێژیم وەڕێیخستبێ؟ یا ئەو ڕاستییەشی تێدا دەبیندرێ کە ترس و دڵەڕاوکێ لە داهاتووی دەسەڵاتدارییان ئەوانی خستووەتە

بیرکردنەوە لە یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان و بە قەولی مەشهوور یەکدەستکردنەوەی نیزام بە تایبەتی لە ژێر دەسەڵاتی ڕێبەر و وەلی فەقیەدا.

ئەگەر بڕوانینە ئەو بابەتانەی کە ساڵانێک بوو بە بەردەوامی خەڵکیان پێوە سەرقاڵ کردبوو و ئەو مەسەلەی ئێستا خەڵک خۆی گرینگی پێدەدا، بە ئاشکرا دەبینین جۆر و شێوازی بابەت و هەڵوێستە دژ بە یەکەکان...زۆ ر گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ساڵانی زوو لەگەڵ بوونی ئەو هەموو کێشە نێوخۆییانەی نێو دەسەڵات و وڵات، ئەوەی کە بە زۆری دەیانخستە بەرباس، کێشەکانیان لەسەر سیاسەتی دەرەوە بوو. لە حاڵێکدا ئێستا لە پاڵ ئەوەدا کە خەڵک بۆی گرینگە ئاکامی «برجام» کێشە ئابوورییەکانیان لە کۆڵ دەکاتەوە یا نا! مەسەلەی چۆنیەتیی دەسەڵاتداری و دەوری خەڵک لە دەسەڵاتدا گرینگی زیاتری پێدەدرێ. ئێستا ئیتر خەڵک کە لە باری ئابوورییەوە لەوپەڕی بێ دەرەتانی و بەشی زۆریان لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژی، تەنیا بیر لە نان ناکاتەوە، بەڵکوو ئازادی و دەسەڵاتی خەڵک پرسێکی گرینگی بەردەمیانە و لە هەڵسوکەوت و شێوازی دەربڕینی داخوازییەکانیاندا بە ڕوونی دەردەکەوێ. ئێستا داخوازی سەرەکی خەڵک گۆڕانە لە شێوازی دەسەڵاتداریدا.

بێگومان لەم بەینەدا ڕاستییەک هەیە کە هەردوو جیناح و بە گشتی هەموو نیزامی هەراسان کردووە. لە زاهیری کێشمەکێشی ئاشکرای نێوان دەسەڵاتدارانی نیزامدا، هۆکارێکی گرینگ خۆی حەشار داوە کە ئاگرخۆشکەری ئەم بەزمەیە کە هەموو نیزامی داگرتووە، ئەویش خەڵکە.

جووڵەی ئارام و چەند ساڵەی خەڵک لە سەرانسەری ئێران بە تایبەت لە ناوەندی شارە گەورەکانیدا هەراسی بە ڕێبەرانی نیزام هەڵگرتوە. خەڵک کە ئێستاش لە ژێر سێبەری دەزگا ئەمنییەکانی ڕێژیم و سەرنێزەی سپای پاسداراندا هەناسە بڕکێیانە، بە ئومێدەوە دەڕواننە داهاتوو و هیچ هەلێک لە کیس نادەن بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان هەڵبڕن و باوەڕی خۆیان ئاشکرا بکەن و بە دەنگی خۆیان بڵێن کە مەشرووعییەت لەوانەوە سەرچاوە دەگرێ. بەمجۆرە ئەوە باوەڕ و ئیرادەی ئەو خەڵکەیە کە ڕێبەرانی نیزامی جیا لە کێشەی دابەشکردنی دەسەڵاتیان، کردوەتە دوو بەش. دەنا ئەوان لەسەر خوانی نیعمەتی ئیلاهی و سێبەری ڕێبەردا حەوانەوەیان کارێکی سەخت نابێ.

تێگەیشتن لە چۆنیەتی حکوومەتی ئیلاهیی خامنەیی و پێگەیشتنی نەوە نوێیەکانی کۆمەڵگە و گەیشتنیان بە ئاستێک لە دەرکی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، خەڵکی گەیاندووەتە ئەو قەناعەتە کە دەبێ لەو دەرفەتانەی بۆیان دێتە پێش بە دروستی کەڵکوەرگرن و بیکەنە مەیدانێک بۆ بە چالشکێشانی ڕێژیم. ئەوان کە ڕەنگە تا ئێستا هەست بە بوونی

توانای ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ هەموو هێزەکانی ڕێژیم نەکەن، هەوڵیان داوە داخوازەکانی خۆیان لە چوارچێوەی فرسەتە یاساییەکاندا بێننە گۆڕێ و پشتیوانی زۆربەیان لە بەرنامەی کاندیداتۆرێک، کۆ کردنەوە و دەرخستنی ئەو توانایەیە کە بڵێن، پێویستە گرینگی بە دەنگەکانیان بدرێ و وەک ڕێبەر هەموو شتێکیان فیدای خۆی و نیزام نەکا.

بێشک کێشەی مەشرووعییەتی دەسەڵاتی ئیلاهی ڕێبەر و دەسەڵاتی خەڵک، بە تایبەت کە بەشێک لە ئاخوندەکان دەنگی خەڵکیان وەک پشتیوانەی مەشرووعییەتی دەسەڵات پێ ڕەوایە هەروا ئاسان چارەسەر نابێ. لە گەڵ بوونی ئەو هەموو کێشە و هاتنە مەیدانی خەڵکیش، برایەتیی ئەم دوو ڕوانگە لە چوارچێوەی حکوومەتی ئیسلامی ئێراندا تا سەر نابێ و ناتوانن باڵانسی هێز تا سەر ڕابگرن. بویە نابێ گومان لەوە بکرێ کە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم دوو لایەنە لە دەسەڵاتدا دەبێ بە وەلانانی یەکیان یا بە کۆتایی هاتن بە تەمەنی ڕێژیمەکەیان کۆتایی پێ بێ.

لەو نێوەدا ئەوەی نابێ لەبەرچاو ون بێ دەوری خەڵکە کە دەیەوێ پارسەنگی هێز بگۆڕێ و بە خوێندنەوەیەکی نوێ کۆمەڵگەی ئێران بەرەو گۆڕانێکی جیددی بەرێتە پێش و ئیرادەی خۆی بەسەر دەسەڵاتی ڕەش و کۆنەپەرستانەی ویلایەتی فەقیەدا بسەپێنێ. هەروەها ئەوەی دەیەوێ پارسەنگی هێز بگۆڕێ و خۆڕاگری و هەوڵەکانی، داهاتووی گۆڕانێکی بنەڕەتی بۆ دەستەبەر بکا خەڵکە. بێ گومان لە وەزعێکی وەهادا پێویستە پشت بەو هێزە ببەسترێ و هەموو لایەک یارمەتیدەری بن، کە بە خوێندنەوەیکی نوێ و سەردەمیانە ئێران بەرەو گۆڕانێکی جیددی بەرێتە پێش و بەر لە گەڕاندنەوەیان بۆ ساڵە ڕەشەکانی سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی بگرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٧

----------------------------------------

## دوای ٢٨ ساڵ لە شەهیدبوونی ڕێبەرێک

٢٨ساڵ بەسەر شەهیدبوونی دوکتۆر عبدالرحمان قاسملوو ڕێبەری گەورەی گەلەکەمان تێپەڕی. لە دوای پێشەوا قازی محەممەد ئەو دووهەم ڕێبەری حیزب بوو کە بە دەستی تاوانبارانی دەسەڵاتدار لە ئێراندا شەهید دەکرا و بەمجۆرە خەسارێکی گەورە لە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوت. ئەم هەموو ساڵە ماوەیەکی زۆربوو کە گەلێک و حیزبێک بە بێ ڕێبەرێکی لێهاتووی وەک قاسملوو، ژیانی سیاسیی تێپەڕ بکا و دەکرا زۆر شت لە بیربباتەوە، کەچی لە

دوای ئەو هەموو ساڵانە نە تەنیا هیچ شتێک لە بیر نەکراوە؛ بەڵکوو ساڵ بە ساڵ زیاتر گەلەکەمان، نەتەوەکەمان و دۆستەکانمان بە خەم و پەژارەیەکی زۆرترەوە بیر لەو ڕۆژە دەکەنەوە و بە جۆش و خرۆشێکی لەبننەهاتوو هەستی خۆیان بۆ ئەو خەسارە گەورە دەردەبڕن.

ڕۆژی ۲۲ی پووشپەڕ، ئەو ڕۆژەی دەستی تێرۆری دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، گیانی ئەو گەورە پیاوەی لە نەتەوەکەمان ئەستاند، ئیستا بووەتە ڕۆژی دەربڕینی ڕق و تووڕەیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لایەنگرانی ئاشتی و مرۆڤایەتی بەرامبەر بەو کردەوە دژی ئینسانییە. ئەوان دەیانەوێ بە دنیا بڵێن، ئەگەر قاسملوو بە جەستە لە نێویاندا نەماوە بەڵام ڕۆحی باڵی کێشاوە بەسەر ڕۆژهەڵاتدا و ژیانی سیاسی و داهاتووی ئەو گەلە بەبێ یاد و ناوی قاسملوو مانای نیە. لە خۆڕا نیە هەتا ئێستاش و بە دڵنیاییەوە هەتا سەرکەوتن بە سەر دەسەڵاتدارانی بکوژی قاسملوودا و وەدیهاتنی ئامانجەکانی ئەو، دروشمی قاسملوو، قاسملوو، ڕێگەت درێژەی هەیە دروشمی سەر زاری خەڵکی کوردستانە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتییەکانیان لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران.

**بەڵام بۆ؟**

مێژووی تێکۆشانی د.قاسملوو، هەر لە سەرەتای دەسپێکردنی ژیانی سیاسیی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستاندا و، هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی بۆ خستنە بەرچاو و جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆژە سیاسییەکانی حیزب لەلایەک و هەروەها توانایە زانستی و سیاسییەکانی ناوبراو، لەسەریەک د. قاسملوویان کردبوە کەسایەتییەکی دیار لە نێو حیزبی دێموکرات و دواتر لە نێو بزووتنەوەی کورددا.

لە باری کار و بەڕێوەبەریی ئەرکی حیزبیدا، تواناییەکان و بەردەوامی قاسملوو لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتدا، زۆر زوو دەوری حاشاهەڵنەگری ئەویان وەک ڕێبەرێک سەلماند. لە باری سیاسیشەوە تێگەیشتنی سەردەمیانەی ئەو کە بەدووربوو لە هەرچەشنە دەمارگرژی و ئایدیۆلۆژی پەرەستییەک، وایکردبوو کە لەهەر زەمانێکدا کە حیزبەکەی و بزووتنەوەی کورد لەگەڵ پرسێکی تازەی سیاسی بەرەوروو دەبۆوە، هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات بە ڕێبەری قاسملوو دەبوونە سەرەتایەک بۆ گۆڕانێکی جیدی لە کاری فیکری و سیاسیدا. هەرچەند لەو سەروبەندەدا کە بە شێوەیەکی دەمارگرژانە شەڕی ئایدیۆلۆژییەکان لە ئارادابوو زۆرجار لە لایەن هێندێک تاقم و گرووپی دژبەریەوە هێرش دەکرایە سەر ئەو بۆچوون و هەڵوێستانە، بەڵام بە تێپەڕبوونی زەمان هەموو تێدەگەیشتن کە د.قاسملوو بە پشتبەستن بە تێگەیشتنە زانستی و فیکریەکانی، سیاسەتەکانی دادەڕێژێ و ئەو بوو کە لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگە و دەسەڵات تێدەگەیی.



سەرچاوە
Serchawe

لە لایەکی دیکەشەوە، د.قاسملوو زۆر بە باشی ئاگاداری جێگەوپێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بوو کە لە درێژەی خەبات و تێکۆشانی بەردەوامی تێکۆشەرانی دێموکراتدا، متمانەی تەواوی خەڵکی کوردستانی بەدەست هێنابوو. هەر بۆیە کاتێک کەسایەتییەکی مەزنی وەک قاسملوو پاش دوو دەیە، وەک ڕێبەری ئەو حیزبە دەگەڕێتەوە نێو باوەشی خەڵکەکەی، زۆر زوو متمانەی پێدەکرێ و پشتیوانی جەماوەری بۆ ساز دەبێ. ئەو بە باشی لەوە تێگەیشتبوو کە ئەو متمانە پێکردنەی خەڵکی کوردستان، ئەرکی حیزبەکەی قورستر کردوە و بەو پێوانە دەبێ سیاسەت بکا. لە خۆڕا نەبوو کە هەرکات پرسێکی گرینگی سیاسی دەهاتە پێش د.قاسملوو بە هەست پێکردن بە بەرپرسیاریەتیی حیزبەکەی لە ئاست بەرەوپێشبردن و بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی بزووتنەوەی کورد و ئاگاداربوون لە پشتگیری خەڵکی کوردستان قسەی نەتەوەیەکی دەکرد.

دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەوەی لە مەیداندا و بە کردەوە ڕێبەریی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی لە بەرانبەر ڕێژیمێکی جینایەتکاردا دەکرد، وەک ڕێبەرێکیش هەوڵی دەدا دوژمنەکانی ڕازی بکا بەوەی کە کێشەی کوردستان بە شەڕ چارەسەر نابێ. خەڵکی کوردستان لەمە تێگەیشتبوون کە ڕێبەرەکەیان لەبەر دەستەوەستانی و بێدەسەڵاتی نیە کە بەردەوام پەیامی ئاشتی بڵاو دەکاتەوە بەڵکوو جیا لە باوەڕی قووڵی بە ئایدیاکانی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەری کێشەکان، بەشێکی لەبەر پاراستنی نیشتمان و خەڵکەکەی بوو لە ئاگری شەڕ، کە هەوڵی دەدا لە ڕێگەی وتوویژەوە هەلێک بۆ دابینکردنی مافەکانیان بەدەست بێنێ. ئەگینا ئەو باش دەیزانی کە تێکۆشەرانی کوردستان و بە تایبەت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات هەرگیز لە بەرانبەر دەسەڵاتدارانی زۆرداری کۆماری ئیسلامیدا چۆک دانادەن و هەروەک ئیستاش دوای تێپەڕبوونی ٢٨ ساڵ بەسەر شەهیدبوونیدا، وەفادار بە فکر و ئەندیشەکانی قاسملووی ڕێبەریان، لە خەبات و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان بەردەوامن.

لایەنێکی بەرجەستەی دیکەی کەسایەتی دوکتور قاسملوو، دەوری ئەو بوو لە گەیاندنی پەیامی خەڵکی کوردستان بە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان. قاسملوو تاکە کەس بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە هۆی پێوەندییەکانی لەگەڵ حیزب و کەسایەتییەکانی ئوروپایی ببووە زمانحاڵی کوردستانی دێموکرات و ئازادیخواز. لە ماوەیەکی کورتدا خەڵکی کوردستان دیتیان کە بە هۆی قاسملووی ڕێبەریانەوە بێ پشتوپەنا نین و دەنگیان سنوورەکانی بەزاندوە و تەنانەت تیمەکانی ڕۆژنامەنووسی و یارمەتی تیمە پزیشکییەکانی دوورەوڵاتانیان لە نێو خۆیاندا دەدی. هەر ئەو بوو کە توانی هاوخەمی و سۆزی خەڵک لە ئورووپا بۆ خەڵک و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست بێنێ کە بۆ هەتا ئێستاش ئیعتیبار و پشتیوانیەکە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتە ڕەواکەی.



سەرچاوە
Serchawe

بەم هۆیانە و زۆر هۆی دیکەش دوکتور قاسملوو لەدوای ٢٨ ساڵ لە شەهیدبوونی، سەبارەت بە خەبات و تێکۆشانی، ڕێبەری و بەردەوامبوونی، فکر و ئەندیشەکانی و ئامادەبوونی بۆ فیداکردنی گیانی لە پێناو ئامانجەکانی گەلەکەیدا، ئیستاش ڕێبەرێکی زیندووە و خەڵکی کوردستان لەسەر درێژەدانی ڕێگەکەی سوورن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٧

-------------------------------------------

## کێشەکانی ڕووحانی و پێکهێنانی دەوڵەتی دوازدەهەم

دوای ئەوەی لە٢٩ی بانەمەڕی ئەمساڵ، حەسەنی ڕووحانی بە زۆربەی دەنگی بەشدارانی ئەو هەڵبژاردنە بۆ دووهەم جار وەک سەرۆککۆمار هەڵبژێردرایەوە، یەکەم پرسیار لەلایەن لاینگرانی و چاوەدێرانی بەرنامەکانی ناوبراو ئەوەبوو کە، کابینەی دووهەمی سەرۆککۆمار کە ئەمجارەیان خەڵک بە ئومێدێکی دیکەوە بۆی هاتنە مەیدانی کێبەرکێیەکانی هەڵبژاردن، چۆن و لە کێ پێک دێ؟

چوار ساڵ لەمەوبەر لە ململانێیەکی ئاسایی و وەک چاوەڕوان دەکرا حەسەن ڕووحانی بۆ یەکەم جار بە سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا. ئەوکات ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە ڕووخۆشییەوە پێشوازیی لەم هەڵبژاردنە کرد. بەڵام بەرەبەرە بە تێپەڕبوونی کاتی دەسەڵاتداری دەوڵەتی ڕووحانی، کێشەکانی ڕێبەر و ئۆرگانەکانی سەر بە دەزگای ڕێبەری لەگەڵ ئەویش وەک ئەوانی پێشووتری ئاشکرا بوو. ئەوە لە حاڵێکدابوو کە یەکەم کابینەی دەوڵەتی ڕووحانی، تێکەڵەیەک بوو لە کەسانی سەر بە جیناحە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی.

چوار ساڵ لەمەوبەر، ئەگەر ئەو وەک سەرۆککۆمار توانی هێندێک کەس بە ناوی تێکنۆکرات و پسپۆڕ لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لە کابینەکەیدا جێ بکاتەوە، لەو لایشەوە نەیتوانی چاوەڕوانیەکانی ڕێبەر بێ وڵام بێڵێتەوە و بۆ ڕازیکردنی ئەو و دەمبەستی موخالیفە موحافیزەکارەکانی بەشێک لە وەزارەتەکانی دەوڵەتەکەی ڕادەستی ئەوان کرد و چەند

وەزیرێکی وەک مستەفا پورمحەممەدی، عەبدولڕەزا ڕەحمانی، مەحمودی عەلەوی و... لەوان دیاری کرد. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە، لە کابینەکانی پێشووی سەرۆککۆمارە ئوسوولگەراکاندا تەنانەت وەزارەتێکیان بە جێناحە دژبەرەکانیان چ ئیسلاح تەڵەب چ میانڕەو ڕەوا نەدەدی. ئایا ئەمە جگە لەوەی ڕاستییەکانی دەسەڵاتداری موتڵەقی ڕێبەر و دامودەزگا دەست نیشانکراوەکان لە کۆماری ئیسلامیدا بەرجەستە دەکا مانایەکی دیکەی هەیە؟

چوار ساڵ لەمەوبەر دوای ئاشکرابوونی لیستی کابینەی دەوڵەتەکەی ڕووحانی، هێندێک نارەزایەتی لە نێو لاینگرانی و بە تایبەت بەشێک لە ئیسلاح تەڵەبەکان کە بە هیوای گۆڕانێکی جیددی پشتی ڕووحانییان گرتبوو دروست بوو.

بەڵام ئەودەم ئەوانەی بە میانڕەو ناسرابوون، لە بەر ئەوەی هەستیان نەدەکرد کێشەکانیان لەگەڵ ڕێبەر بەو ڕادە قووڵ ببێتەوە، هەم لە خۆیان ڕادەدی کە لەگەڵ هەر جێناحێک مامەڵە بکەن و ڕێکبکەون و هەم ڕێبەر و جێناحە نزیکەکانی زیاتر لە ئیستا متمانەیان بە ڕووحانی هەبوو. ئەوەش دەگەڕایەوە سەر ئەوەی کە لەم لاوە کەسایەتییەکی بە هێزی وەک هاشمیی ڕەفسەنجانی دەوری تایبەتی خۆی دەگێڕا لە پشتگیری ڕووحانی و ببوە پشتیوانێکی بە هێز بۆ ئەو و لەو لاشەوە، ڕابردووی بەرپرسایەتی سەرۆککۆماری تازە لە شووڕای عالی ئەمنیەت و هاوکاریکردنی لە نزیکەوە لەگەڵ خامنەیی لە هەموو ساڵانی پێشووتری خزمەتی لە کۆماری ئیسلامیدا، ئەو دڵنیاییەی دەدا بە ڕووحانی کە بتوانێ ئیدارەی دەوڵەتەکەی بکا و وڵامی زۆر لەو ڕخنانەش نەداتەوە.

بە تێپەڕینی چوار ساڵ بەسەر دەسەڵاتی ڕووحانی و دەوڵەتەکەی و جێبەجێ نەکردنی زۆر لەو وادە و بەڵێنانەی کە لە چوارچێوەی بەرنامەی «دولت تدبیر و امید»دا بە خەڵک و لاینگرانی دابوو، ئەو بیرکردنەوەی هاتبوە ئاراوە کە بۆ جارێکی دیکە ڕووحانی هەڵنەبژێردرێتەوە. بەڵام دیتمان کە سەرەڕای بێ مەیلیی خامنەیی کە تەنانەت دوای هەڵبژاردنیشی پیرۆزبایی لێ نەکرد و بەو قسەیەی کە - ئەو دەنگانە دەنگی نیزامن - ویستی وا نیشان بدا کە ئەگەر نیزامی کۆماری ئیسلامی نەبێ دەنگی خەڵک بۆ ڕووحانی هیچ نیە، دیسانیش دەنگدەرانی ئێرانی بە دەنگەکانی خۆیان متمانەیان پێدایەوە و بۆ دەوری دووهەم کردیانەوە بە سەرۆککۆمار. بەڵام داخۆ خەڵک لەمەوبەدواش هەروا چاوەڕوان دەمێنێتەوە، یا ڕووحانی دەتوانێ بۆ یەکجاری پشت لە خامنەیی بکا و وڵامی داواکارییەکانی خەڵک بداتەوە؟ لەو چوار ساڵەدا، لەگەڵ ئەوەی خامنەیی چ وەک ڕێبەر و چ وەک چاوساغ و پشت و پەنای ئوسوولگەراکان، لەگەڵ ئەوەی کە بەردەوام و بە بیانووی جۆراوجۆر تانەی لە قسە و سیاسەتەکانی ڕووحانی دەدا، هەوڵیشی دەدا هەتا دەوڵەت وەک بەشێک لە نیزام بپارێزێ و وای نیشان دەدا کە کێشەیەکی لەگەڵ نیە و هێندێک جار بۆ وێنە لە مەسەلەی بەرجامدا پشتیوانی لێکردن و کارکردی دەوڵەتی بۆ ڕێککەوتن بە نەرمشی قارەمانانە ناوبرد.

بە گشتی دەمبەدەمێکانی چوار ساڵی ڕابردوو بە تایبەت هێرشە یەک لە دوا یەکەکانی پاش هەڵبژاردنەوەی ڕووحانی، نیشانیدا کە خامنەیی و ئوسوولگەراکانی سەر بەو، لە زۆر بواردا لەگەڵ لایەنە فیکری و سیاسییەکانی ڕووحانی وەک نوێنەری ئیسلاح تەڵەب و میانڕەوەکان لە دەوڵەتداریدا یەک ناگرنەوە. لە سیاسەتی ئابوورییەوە بگرە کە خامنەیی بە پێشنیاری «اقتصاد مقاومتی» بەرنامەی ئابووریی نیزامی ڕاگەیاند هەتا سیاسەتی فەرهەنگی و مافی مرۆڤ و شارۆمەندی و... کە لە ڕێگەی دەزگای دادوەری و نوێنەرانی مەجلیس و ئیمام جومعەکان و هەرکەس کە نۆرەی دەگەیشتێ بە جۆرێک دژایەتی خۆی لەگەڵی دەردەبڕێ. جگە لەوەش کێشەی سپای پاسداران و دەوڵەتی ڕووحانی ڕۆژبەڕۆژ گەورەتر دەبنەوە هەتا ئەو جێگەی ڕووحانی نفووز و دەسەڵاتی سپای پاسداران بە دەوڵەتی سێبەر دەشوبهێنێ و بە ئاشکرا دەڵێ «خەڵک لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە دەوڵەتی بێ تفەنگە دەترسن چ جا لە سپا و بەسیج کە دەوڵێتی تفەنگ بە دەستن».

لە نێو ئەو کێشمەکێشەدا ڕووحانی دەبێ لیستی کابینەی دووهەمی بخاتە بەردەم مەجلیسی شووڕای ئیسلامی. مەجلیسێک کە بەشی زۆری ئەندامەکانی لەگەڵ بۆچوونەکانی ڕووحانی هاوڕان. بەڵام داخۆ ئەو دەتوانێ بە پشتبەستن بەو دەنگانە لە بەرانبەر ڕێبەر و دەزگا و باندە موشکیلە خوڵقێنەکانی ڕابوەستێ و ئەو متمانەی خەڵک پێیان کردوە بپارێزێ؟ ئەوەی ڕوونە گرووپە جۆراوجۆرەکانی بەستراوە بە ئیسلاح تەڵەبەکان، گەورەترین پشتیوانی ڕووحانی بوون و بەرینترین پێگەی کۆمەڵایەتییان بە تایبەت لە شارە گەورەکان بۆ پێک هێنا. ئەمەش وای لەو کردووە کە نیگەرانی لەدەستدانی ئەو پێگە و پشتیوانییە بێ، ئەگەر نەتوانێ لە ئاست چاوەڕوانییەکانی لاینگران و دەنگدەرانیدا دەوڵەتێک پێکەوە بێنێ کە بتوانێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو وادە و بەڵێنییانەی پێی داون هەنگاوی جیددی باوێ. بە تایبەت کە لەولاشەوە ئوسوولگەراکانی سەر بە ڕێبەری کە لە هیچ کابینەیەکی دەوڵەتیی خۆیاندا تەنیا پۆستێکیان بەوان ڕەوا نەدیتوە چاویان لەوە بڕیوە کە بزانن چ پۆستێکی وەزاری بۆ ئەوان دیاری دەکرێ. ئێستا دوای ئەو قسانەی کە ڕووحانی لە ڕێوڕەسمی «تحلیف»دا کردی کە زۆرتر لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی نیزامدا بوون و جۆرێک ڕێککەوتنی لە نێوان ئەو و ئوسولگەراکاندا پێوە دیارە وەک، سپا، دیفاع لە نیزام و قانوونی ئەساسی و...، بە ڕوونی دیار بوو کە سیاسەتەکانی دەوڵەتی دوازدەهەم بەرەو ڕاستگەرایی دەکشێ و نەیتوانی بیشارێتەوە کە لە سیاسەتەکانی داهاتوویدا خۆی لە ڕێنوێنیەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بێبەش ناکا. سەبارەت بە مەسەلە نێوخۆییەکانیش جگە لە هێندێک ئاماری دوور لە ڕاستی لە بواری تەندروستی و ئامووزش و ئەمنیەت، دێموکراسی ۱۱۱ ساڵەی دوای مەشرووتیەت بە چاوی دنیادا دەداتەوە بێ ئەوەی باسێک لە چۆنیەتی دابینکردنی دێموکراسی و مافی مرۆڤ و تەنانەت گەلاڵەی مافە شارۆمەندییەکەی خۆی بکا. ئێستا ماوەتەوە بزانین ڕووحانی لە پاراستنی تەنیا دەسەڵاتی یاسایی لە کۆماری ئیسلامیدا کە لە دەست ئوسولگەراکاندا نیە چۆن بۆ وڵامدانەوە بە دەنگدەرانی کەڵک وەردەگرێ. بۆیە نە دەبێ خەڵک چاوەڕوان بن کە کابینەی دەوڵەتەکەی ئەمجارەی ڕووحانی لە ئاست

چاوەڕوانییەکانیاندا بێ، نە دەبێ بە دووری ببینین کە ئەم چوار ساڵەش ڕووحانی بیەوێ یا بتوانێ کارێکی جیددی بۆ دابینکردنی داخوازییەکانی خەڵک ئەنجام بدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٧

----------------------------------------

## داوا و ڕەخنە، یا هەڵوێست

یەکێک لە پێش مەرجەکانی بەشداریکردن لە هەر هەڵبژاردنێکدا، هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک لە ویست و داخوازییەکانی دانیشتووانی وڵات. ئەو کەسانەی کە بە پێی پێگەی خۆیان و هەڵسەنگاندنیان لەو بەرنامانەی بۆ هەڵبژاردن بڵاو دەکرێنەوە بڕیار دەدەن چ بکەن و چۆن بکەن. لە ئێرانیش سەرەڕای هەموو ئەو کۆسپ و بەندوبەستانەی لە سەر ڕێی هەڵبژاردن دروست دەکرێ، دیسانیش بەشێک لەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگەکانیان بە و کەسەی ئومێدی پێدەبەستن دەدەن. لە دوا هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریشدا دیسان بەشێکی بەرچاو لە خەڵک بەو ئومێدەی ئەگەر لە چوار ساڵی ڕابردوودا ڕووحانی نەیتوانیبوو بەڵێنەکانی بەجێ بگەیەنێ و، بەڵکوو ئەمجارەیان وەک لە قسەکانی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەیکردن ئازاتر و بە بەرنامەتر بێتە پێشەوە و وەڵامدەری پشتگیری و پشتیوانی لایەنگران و دەنگدەرانی بێ، دەنگی خۆیان بۆ سەرکەوتنی ناوبراو خستە سندووقەوە

سێ مانگ تێپەڕی و ڕووحانی لە جێی خۆی دانیشتەوە و دەوڵەتی نوێی ناساند و سیاسەتەکانی دەوڵەتی بە گوێی هەمواندا دایەوە. هەر زۆر زوو بۆ هەمووان بە تایبەت ئەوانەی کە خۆیان بە هۆکاری سەرکەوتنی ئەو دەزانی و چاویان لەوەبوو لە دەوڵەتی نوێدا جێگەی تایبەتیان بۆ دابندرێ دەرکەوت کە، هیچ گۆڕانێک لە ئارادا نیە و فارس گوتەنی « آش همان آش و کاسه همان کاسه».

هەتا ئێرەی لانیکەم بۆ ئەوانەی دژبەری نیزامن شتێکی زۆر ئاساییە. بۆ ئەوانەش کە ئومێدێکیان بە ڕووحانی بەستبوو ئازارێکە، کە بۆ دیسان قارەمانەکەیان بێ وەفا دەرچوو. ئەوان ئێستا زۆرجار بە ئاشکرا ڕەخنە لە ڕووحانی دەگرن و یارمەتی و پشتیوانیی خۆیانیان بەچاودا دەدەنەوە، بەڵام ئەم ڕخنانە زۆرتر وەک گلەییەک دەچن هەتا ئەوەی وا نیشان بدەن کە دەیانەوێ بیکەنە بنەمایەک بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە نێو کۆمەڵگەدا. ئەم بەشە زۆرتر ئەوانە لەخۆ دەگرێ کە چاویان لە گۆڕانکارییەکانی نێو دەسەڵاتە. بەڵام داخۆ ئەوان توانای هێنانە ئارای داواکاری جێبەجێکردنی وادە پێدراوەکانیان نیە و ناتوانن کۆمەڵگەی ئێران وەجووڵە بخەن؟ ئایا ژنانی ئێرانی کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، کۆڵەکەی هەیکەلی تەبلیغاتی ڕووحانی بوون ئێستا کە تەنانەت پۆستە وەزارییەکانی پێشوشیان پێ ڕەوا نەدیتنەوە و دەرکەوت فەلسەفەی نیزام لەسەر ژنان نەگۆڕە، بێدەنگ دەمێننەوە یا تەنیا بە گلەییەکانیان قەناعەت دەکەن؟

ڕووحانی چوار ساڵ لەمەوبەر و ئەمساڵیش زۆر توندتر لە بەرنامە تەبلیغاتییەکانیدا قسەی لەسەر ماف و ئازادیی خەڵک دەکرد. ئەویش وەک هەموو هاوبیرەکانی دەیانزانی خەڵکی ئێران چۆن دەڕواننە نیزامی کۆماری ئیسلامی و چۆن دەبێ بیرکردنەوەکانی خەڵک بخەنە چوارچێوەی قسەو باسەکانی خۆیان. هەر ئەمەش وایکرد جارێکی دیکە ئەو خەڵکە بکەونە بەرەی ڕووحانی، بەڵکوو ئارەزووەکانیان وەدی بێ. بەڵام ڕووحانی لە پاڵ باس لە ئازادی تاکەکان زۆرتر سەرنجی دەدایە کێشەی ئابووری و هەوڵەکانی بۆ چارەسەری ئابووری داڕماوی وڵات. ئەو مژدەی چارەسەری کێشە ئابوورییەکانی وڵاتی بەو خەڵکە دا، بە بێ ئەوەی سەرنج بداتە داخوازییەکانی دیکەی ئەو خەڵکە، کە لە کێشە ئابوورییەکان بە لایانەوە گرینگترە. بێگومان ڕووحانی دەزانێ خەڵک چیان دەوێ، و دەشزانێ پێشکەوتن و گەشەی ئابووری لە هەر وڵاتێکدا پێش هەموو شتێک پێویستی بە ئیسلاحات و کرانەوەی فەزای سیاسییە و ئەگەر هاوتەریب ئەم دووە بەیەکەوە نەچنە پێش، ئیمکانی سەرکەوتنی نیە. ئەگەر لە چوار ساڵی داهاتووشدا وەک چاوەڕوان دەکرێ، دیسانیش تەنیا تەمەرکوزی دەوڵەتی ڕووحانی لەسەر سیاسەتی دەرەکی و هەوڵدان بۆ لابردنی تەحریمەکان بێ، ئەوا ناتوانێ وڵامدەری داخوازییەکانی خەڵک بێ.

ئەوەی ئێستا لە ئێراندا بەرچاوە، بەهێزبوونی بەرەی خەڵکی ئازادیخواز و مافخوازی وڵاتە لە بەرامبەر دەسەڵاتی مەزهەبی و دژی گەلی کۆماری ئیسلامیدا. هەرچەند ڕووحانی هەوڵ دەدا بە تانە و گلەییەکانی لە پاوانخوازەکان دڵی خەڵک خۆش بکا و هاوسەنگی ئەم دووبەرەیە بپارێزێ، بەڵام خەڵک بە دیتنی پێکهاتەی دەوڵەتەکەی و بە سەرنجدان بە قسەکانی، باش تێدەگەن کە ئەو نەیتوانیوە و نایهەوێ دەست لە بەرەی دژ بە بۆچوون و داخوازییەکانی خەڵک هەڵبگرێ. ئەو هەوڵ دەدا بە سەرقاڵکردنی خەڵک بە کێشە لاوەکییەکانەوە، بیرکردنەوە سیاسییەکانی خەڵک بەرامبەر بە شێوازی دەسەڵاتداری، مافی شارۆمەندی و ئازادییەکانیان لە بیر بباتەوە. چونکە باش دەزانێ ئەگەر کۆمەڵگە خەڵکێکی چالاکی سیاسی تێدابێ و

بتوانن خۆیان ڕێکخەن و چالاکییەکانیان بە ڕێکخراو بکەن، ئیتر کۆمەڵانی خەڵکی ناهومێد لە جیاتی ئەوەی وەدوای دروشمی فریودەرانەی کەسانی وەک ڕووحانی بکەون، بیر لە ڕێگەی دیکە دەکەنەوە بۆ ڕزگاربوونیان لە چنگ زوڵم و زۆرداری هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی.

بێ گومان خەڵک زیاتر لەوە تێگەیشتوون کە ناکرێ لەم هەڵبژاردن بۆ ئەو هەڵبژاردن و چاوەڕوان مانەوەی وادەوبەڵێنییەکان زەمان تێپەڕ بکەن. هەر بۆیە ئیستا کاتی ئەوەیە، ئەو ڕێکخراو و NGO یانەی زۆرجار بە مەبەستی گۆڕانخوازی پشتیوانی لە کەسایەتییە ئیسلاحتەڵەب یا میانڕەوەکانی نێو دەسەڵات دەکەن، ببنە هۆکاری فشارهێنان بۆ سەر دەوڵەت بۆ وەبیرهێنانەوە و جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانیان. ئەوان دەبێ وەبیر خەڵک بێننەوە کە چاوەڕوانییەکانیان لە کاتی هەڵبژاردندا چی بووە و چۆن دەوڵەت مەجبوور بە هەڵوێستی یەکلاکەرەوە بکەن. دەبێ لەوە تێبگەیێندرێن کە نابێ ڕێگە خۆشکەر بن بۆ ئەوەی نیزام عادەتیان بدا بە قبووڵی بەرنامە داڕێژراوەکانی. دەربڕینی ناڕەزایەتی چالاکانی مەدەنی و هەڵوێستی ڕێکخراوە مەدەنییەکان بەرامبەر بە بەرنامە و سیاسەتەکانی دەوڵەت ئەگەر کاریگەریشی لەسەر ئەوان نەبێ ئەوە دەردەخا کە خەڵکێکی هوشیار و زیندوو چاوەدێری هەڵسوکەوتەکانیان دەکا و کۆمەڵگە ڕادێنێ کە بەرامبەر چارەنووسی داهاتوویان بێدەنگ نەبن. NGO کان و چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک ژینگەپارێزان، پاراستنی زمان و خوێندن بە زمانی دایک، پشتیوانانی تەرکی ئێعتیاد وچالاکانی مافی مرۆڤ و... کە خۆبەخشانە بۆ ئەو کارانە زۆریان هەوڵ داوە و هەموو هەزینەیەکیان لە ئەستۆگرتوە، دەبێ بە بەرزکردنەوەی داواکاری و پێکهێنانی ڕێکخستنی ناڕەزایەتی، دەوڵەت ناچار بە پاشەکشە بکەن و وا بکەن کە ئەرکەکانی جێبەجێ بکا. بەمجۆرە دەردەکەوێ کە هەڵوێستی کاتی هەڵبژاردنیان بۆ پشتیوانی لە نیزام نیە بەڵکوو ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئاگۆستی ٢٠١٧

---------------------------------------

## ئێمە و ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی باڵەکایەتی

ڕۆژی هەینی ٣ی خەرمانان بەرامبەر ٢٥ی ئووتی ٢٠١٧، بە هۆی دروستبوونی کێشەیەک لە نێوان پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و چوار برا لە بنەماڵەی حاجی عومەرئاغای گوندەژوور لە ناوچەی باڵەکایەتیی سەر بە چۆمان، و بەدوای تەقەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و کوژرانی دووکەس بە ناوەکانی لوقمان ئەسکەندەر و فەرحان ئەسکەندەر، گرژی و ئاڵۆزییەکی چاوەڕواننەکراو ئەو ناوچەی داگرت. ئاڵۆزییەک کە بەداخەوە سنوورەکانی کولتووری کوردانەی بەزاند و خراپتر

لەوە لە جیاتی هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی داوای سزادانی یەک دوو تۆمەتبار، کورد گوتەنی تەڕ و وشکی بە یەکەوە سووتاند و هێندێک بە ئیحساس و هێندێک لایەن مەبەستدار، ئەو ڕووداوەیان کردە بیانوو و ڕق و ژاری خۆیان بەسەر هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەیاندا دابەشی. لەو نێوەدا بەیاننامەی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و قسەی بەرپرسەکانیان لەو ناوچە و وتارەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ جێگەی سەرنج بوون کە بە دوور لە چاوەڕوانی، لە جیاتی هەوڵدان بۆ ئارام کردنەوەی دۆخەکە، کەوتبوونە پێش ئەو دەنگە ناسازانەی کە دیار نەبوو لە کوێوە هان دەدرێن و بە بێ ئاگاداریی ئەوان و بنەماڵەی قوربانییەکان هاتبوونە مەیدان، بۆ ئەوەی شەڕوبراکوژی جێگەی برایەتی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی بگرێتەوە.

ئەم ڕووداوە لە کاتێکدا هاتەپێش کە، ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ بوو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لەو ناوچانە جێگیرببوون و بەردەوام کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی هێنانی هێزی سەربازی بۆ سەر سنوور و تۆپباران و هەڕەشەی هێرش بۆ ناوچەکە هەوڵی دەدا ناڕەزایەتییەک لە نێو خەڵکی ناوچەکە لە دژی پێشمەرگەکانی دێموکرات وەگەڕبخا. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەرکی هەموو حەساسییەتەکانی ناوچە و ئاگاداربوون لە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی، بەردەوام لە ڕێگەی بە هێزکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ خەڵکی تێکۆشەری ئەو ناوچانە و بە لەبەرچاو گرتنی ڕوانگەی کولتووری و کۆمەڵایەتی خەڵک لەو ناوچە، پێشی بە تێکچوونی پێوەندیی دەیان ساڵەی تێکۆشەرانی ئەم دیواودیوی ئەو سنوورە گرت و لەم ڕێگەوە بۆ پووچەڵکردنەوەی هەموو پیلانێکی کۆماری ئیسلامی و ڕاگرتنی بەستێنی لە باری مانەوە و چالاکیی پێشمەرگەکانی لەو سنوورە هەوڵی داوە. هەربۆیە ئەم ڕووداوە نەخوازراوە دڵتەزێنە کە بە هۆی کەمتەرخەمی، بەداخەوە دوو کوڕی بنەماڵەیەکی تێکۆشەری بە ڕابردووی ئەو ناوچەیەی کردە قوربانی، بۆ حیزبی ئێمە هەواڵێکی زۆر ناخۆش بوو.
هەر بە دوای بیستنی ئەو هەواڵە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەست بە بەرپرسایەتییەوە، لە ٤ی خەرماناندا بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک ڕوانگەکانی خۆی، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕووداوە و ئاسەوارە زیانبارەکانی درێژەکێشانی گرژییەکانی لە ناوچەدا خستە ڕوو. حیزبی دێموکرات لەو بەیاننامەدا کە بە هۆی گرینگیدانی پێویست بەو ڕووداوە بڵاوکرایەوە، لەگەڵ دەربڕینی هەستی خۆی بۆ ئازارەکانی وەها ڕووداوێک، داوای بەدواداچوونی چۆنیەتیی ڕووداوەکە بە مەبەستی پێشگرتن لە دووبارەبوونەوەی ڕووداوی لەو چەشنە دەکا. هەر لەو بەیاننامەیەدا لەگەڵ سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانییەکان، چاوەڕوانییەکانی حیزبی دێموکرات لەو بنەماڵە و خەڵکی ئەو دەڤەرە بۆ پێشگرتن لە کەڵکوەرگرتنی خراپی دوژمنانی کورد بە مەبەستی درزخستنە نێو ڕیزەکانی نەتەوەکەمان دەخاتە بەر چاو. لە بەشێکی دیکەی ئەو بەیاننامەیەدا، بە گرینگیدان بە پێوەندیی لە مێژینەی خەڵکی هەردوو بەشی کوردستان لە باشوور و ڕۆژهەڵات، حیزبی دێموکرات داوا دەکا، کە یارمەتی بدەن بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە و ڕێگە نەدەن بە هۆی درێژەکێشانی گرژییەکانەوە برایەتیی نێوان هەردوو بەشی کوردستان خەوشدار بێ.



سەرچاوە
Serchawe

ئەم هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بیروباوەڕی قووڵ و لە مێژینەی ئەم حیزبەوە سەرچاوەی گرتووە کە، زیاتر لە ٧٠ ساڵە پێی گۆش کراوە. لەو دەمەوە کە کۆماری کوردستان لە مەهاباد بوو بە نوێنگەی باڵانوێنی هاوپێوەندی ڕاستەقینەی کوردایەتی و بە باوەشی ئاواڵەوە یارمەتیی باشووری وەرگرت و وەک خاوەن قەزیەکە چاوی لێکردن. لە ماوەی ئەو ٧ دەهەیەدا، کوردانی ڕۆژهەلات و باشووری ئەم نیشتمانە وەک بەشێک لە نەتەوەیەک چاویان لە خەبات و تێکۆشانی یەکتر کردوە و لە هەر لایەک خەبات بۆ ڕزگاری سەری هەڵدابێ، خۆیان بە خاوەن و پشتیوانی زانیوە. هەر ئەو ناوچەی باڵەکایەتییە ٥٠ساڵ لەمەوبەر مەکۆی حەوانەوەی تێکۆشەرانی دێموکرات بووە و لە ٣٠ ساڵی ڕابردووشدا خەڵکی تێکۆشەری ئەو ناوچەیە گەورەترین پشتیوانی تێکۆشەرانی دێموکرات بوون. لەم ساڵانەی دواییشدا ئەو ناوچەیە و خەڵکەکەی بە بێ سەرنجدان بە هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بە دڵ گەورەییەوە ڕۆڵەکانی دێموکراتیان لە باوەش گرتووە و زۆریان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی شۆڕشگێڕییان یارمەتیدەریان بوون. بۆیە ئەگەر هاتنە پێشی ڕووداوێک و تووڕەبوونێکیش بۆ ماوەیەکی کورت هەلێک بۆ نەیارانی بزووتنەوەی کورد دەڕەخسێنێ هەتا لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن ئەوە وشیاری تێکۆشەرانی ئەو میللەتەیە کە بە زوویی زاڵ دەبن بەسەر گرژییەکانداو، دەرکە لەسەر هەوڵی دووبەرەکی نانەوە دادەخەن و ئازاری ڕووداوەکان تەحەمول دەکەن بۆ ئەوەی ئازارەکان گەورەتر نەبن.

لەم پێوەندییەدا حیزبە سیاسییەکانی هەر دوو بەشی کوردستان لە ڕۆژهەلات و باشوور، بە تایبەت لەم بارودۆخە ناسکەی ئێستای هەرێمی کوردستاندا، دەبێ بە هەست بە بەرپرسایەتیی زیاترەوە بۆ پێشگیری کە پیلانگێڕییەکانی دوژمنان و بە هێزکردنی هەرچی زیاتری بیری هاوپێوەندی نەتەوەیی لە نێو خەڵکی ئەم دوو بەشەی کوردستاندا هەنگاو بنێن و هیچ ڕووداوێک نابێ ببێتە هۆکاری کەڵکوەرگرتنی سیاسی و بە حیزبی کردنی کێشەکان. هەلومەرجی ئێستای کورد زیاتر لەوەمان لێدەخوازێ و ئەو زەروورەتمان لەبەر دەمدا زەق دەکاتەوە کە ئێستا زیاتر لە هەر زەمانێکی دی بە یەکەوەبوون و پاڵپشتی یەکترمان گەرەکە.

لە کۆتاییدا پێویستە سپاسی هەڵوێستی جوامێرانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەین، کە سەرەڕای هێرشی نابەرپرسانەی هێندێک لایەن و کەسی تایبەت، کە ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان لە ژێر پەردەی تووڕەیی و دڵسۆزی بۆ قوربانیانی ئەو ڕووداوەدا شاردبووەوە و، لەگەڵ ئەوەی هەست و ڕۆحیان ئازار دەدرا، بە هەست بە بەرپرسایەتییەکی ئایەندەنگەرانەوە ڕووبەڕووی ئەو کێشە بوونەوە و بە بیری قووڵی شۆڕشگێڕانە و دێمۆکراتییانەیان، لاپەڕەیەکی مێژوویی نوێیان بۆ خۆیان و حیزبەکەیان نەخشاند.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

---------------------------------------------------

## پێشەکی: بۆ یادی ١٠ ساڵە ماڵئاوایی هاوڕێ عوسمان ڕەحیمی

زانیم کاک ڕەحمان نەقشی - لە درێژەی هەموو زەحمەتەکانی دیکەیدا- خەریکی ئامادەکردنی بڵاڤۆکێکە لەسەر ژیان و خەباتی تێکۆشەر کاک عوسمان ڕەحیمی. هەرچەند لە توانای خۆم ڕانەدەدیت، بەڵام سپاسی دەکەم ڕێگەی پێدام بە بۆنەی یادکردنەوەی مرۆڤێک بە پاکی ئاو و خۆشەویستی خاک، چەند وشەیەک وەک پێشەکی بۆ ئەو بڵاڤۆکە بنوسم.

مرۆڤەکان بە جیا لە دایک دەبن و بە یەکەوە گەورە دەبن و دواتر هەرکام بە جیا و بە پێی کەسایەتی خۆی ڕێی ژیانی تایبەتی دەگرنە بەر و لە سیما و شێوەیەکی تایبەت بە خۆی لە نێو کۆمەڵگەدا سەر هەڵدەدەن. ئەمە تەنیا پێوەندی بە کەسایەتی ئەو کەسانەوە نیە کە هەرکام لە کۆمەڵگەی خۆیان بە هۆیەکی تایبەتەوە دەناسرێنەوە. بەڵکوو کەسی وا هەیە ئەگەر هێندێک جار کە بیری لێ دەکەیەوە بە هەزاران و بگرە ملیۆنان خەڵکت دێتەوە یاد یا دێتە بەرچاو. یا چۆن خانوویەک، گۆندێک یا شارێکت دێنێتەوە بەرچاو، ئاواش ئەو کەسە، سەنگەرێک، شۆڕشێک و وڵاتێکت وەبیر دێنێتەوە. ئەو کەسانە ئەگەر زۆر نین، کەمیش نین بە هۆی دروستکردنی مێژوویەک کە خشت و قوڕی هەڵچنینی دیوارەکەی بە خوێن و تەمەنی ئەوان گیراوەتەوە، ناویان لە مێژووی نەتەوەکە یا گەلە هەژارە بەشخوراوەکەیاندا بۆ هەمیشە بە زیندوویی تۆمار کراوە. لە نێو کوردی ڕۆژهەڵاتدا عوسمانە ڕەحیمی لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کەسانەدایە.

ئەو یەکێک لەو کەسانەیە کە ژیان و تەمەنی خۆی لە پێناو ئەو ئامانجانەدا دانا، کە زیاتر لە پێویستییەکانی ژیانی خۆی بوو. لە منداڵییەوە یەکترمان دەناسی و بە یەکەوە گەورە بووین. کۆمەڵێک منداڵی هاوتەمەن گەیشتبووینە تەمەنێک کە حەزمان لە هاوڕێیەتی و لە خۆنیشاندان بێ. کتێبمان دەخوێندەوە، وەرزشی ئێواران، چوونە دەرەوە لە شار لەگەڵ کوڕی یاران و زۆر کاری گەورەتر لەوەی کە بە ئێمەی قوتابی دەبیرستان بکرێ و پێمان وابوو گەورە بووین و سیاسەت دەکەین. ئەو بۆ هەموان لەگەڵ بوو. بەڵام زۆرمان هەستمان بە جیاوازییەکانی ئەو لەگەڵ باقی دۆستان دەکرد. گەنجێکی دڵپاک و بەڕێز، بە تەحەمول و خۆڕاگر، ئەگەر بەهەر هۆیەک دڵی گەردی بگرتایە ماوەیەک دووره پەرێزی دەکرد مەبادا دڵێشی دروست بێ. لەگەڵ ئەوەی کە لە پێناو دۆستایەتیدا لە هەموو شتێک دەگوزەرا، لە پێناو حەقدا و لە بەرامبەر نەیاراندا ڕەگی غوروری وەک ڕیشەی داربەڕووە شاخاوییەکانی نیشتمانی بوو. حەز و خولیای ئەو بۆ بەرەو پێشچوون سنووری نەبوو،



سەرچاوە Serchawe

بۆیە هیچ بەربەستێکی لەبەر دەم خۆیدا قبووڵ نەبوو. ئەو کە لە منداڵییەوە و لە نێو بنەماڵەکەی خۆیدا بە هۆی سیاسی بوون و خەباتگێڕی باوکی دێموکراتی، هەژاری و ترس و تۆقاندنی دەسەڵاتی ڕێژیمی سەرمایەداری شای هەست پێکردبوو، و دەیان و سەدان لێقەوماوی لە دەوری گەڕەک و شارەکەی دەدی، دەوری نوێی خوێندنەوەی بە کتێبەکانی گورکی و شۆلۆخۆف و دەست پێکرد و لە ڕێگەی ئەو ڕۆمانانەی شاکاری نووسەرانی سوسیالیست بوون بە دەرد و مەرگی هەژاران و زەحمەتکێشان زیاتر ئاشنا بوو. دواتر بە وەدواکەوتنی خوێندنەوەی فەلسەفە و تێگەیشتنی لە ماتریالیزم، ڕێبازی فکری ئەو شکڵی گرت. ساڵەکانی خوێندنی زانستگەی، دەورانێکی نوێ بوو بۆ ئاشنا بوون بە مەیدانێکی نوێی خەبات لە دژی ڕێژیمی شا و خەڵکانێکی جیاواز لەوەی لە بانە ناسیبوونی و فێربوون و وەرگرتنی ئەزموونێکی باش بۆ خەبات بوو کە بەداخەوە بە هۆی دەست پێکردنی شەڕ لە کوردستان لە لایەن حکوومەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئاخوندەکانەوە، پێش ئەوەی ساڵی ئاخری دوکتوراکەی لە ڕشتەی دامپزشکی تەواو بکا، بە کۆتا هات.

ئەو کاتێک کوردستانی ڕووبەڕووی شەڕ و ماڵوێرانی دی، وازی لە خوێندن هێنا و چەکی هەڵگرت و لە سەنگەری پاراستنی خەڵکی کوردستان، بوو بە پێشمەرگە. ئەو هێشتا چریکێکی چەپگرا بوو، بیری لە ڕزگاری زەحمەتکێشان لە چنگ زوڵم و ستەمی سیستمی سەرمایەداری ئێران و دەست وپێوەندەکانی دەرەبەگایەتیان لە کوردستاندا دەکردەوە. ئەمە فکرێک بوو لە سەرەتای تەمەنی تێگەیشتنیەوە و بە خوێندنەوەیەکی بەردەوام لەسەری پێی گەیشتبوو. درێژەی شەڕ لە کوردستان و گۆڕانی هەڵوێستە سیاسییەکان لە نێو حیزبە چەپەکاندا، عوسمانی تووشی خوێندنەوەیەکی نوێ کرد سەبارەت بە وەزعی کوردستان و ئەرک و بەرپرسایەتی شۆڕشگێڕانی کورد.

شەهید عومەری برا گەورەی کە بەداخەوە ساڵی ١٣٦٢ شەهید بوو، هێشتا زیندوو بوو، ئەو کادرێکی ئازا و دیار بوو لە نێو حیزبدا بە هۆی برینداربوونی لە شەڕدا ئێسکی ڕانی شکابوو و لە گوندی گەرماو لە جێدا بوو. باوکی کۆنە دێموکراتێکی ناسراو بوو لەو تەمەنەدا بە بنەماڵەوە ڕێگەی شاخی گرتبوە بەر. ئەمانەو و دیتنی وەزعی کوردستان و هەڵوێستی حیزبە چەپە سەرانسەریەکان، عوسمانیان هاندا بۆ ڕزگاری نەتەوە بندەستەکەی و زەحمەتکێشانی وڵاتەکەی کە خەمی بەردەوامی ئەو بوون لە ڕیزی پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانی حیزبی دێموکراتدا درێژە بە تێکۆشان بدا.

عوسمانی پێشمەرگە، دانشجوویەکی خوێندەوار و خاوەنبیر، شۆڕشگێڕێکی فیداکار و گەنجێکی خۆنەویست بوو. لە تێگەیشتن و تێگەیاندندا مامۆستای هاوڕێیانی پێشمەرگەی، لە خزمەتکردن و پێڕاگەیشتندا لە هەموان ڕۆح سووکتر و لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی پێشمەرگانەدا لە هەموان ئەرک وەخۆگرتر بوو. خۆشەویستی بۆ خەڵک و ڕێزلێگرتنیان و مەودای پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەییەکانی، زۆر زوو مەیدانێکی نوێی بۆ تێکۆشانێکی بەرپرسانەتریان بۆ کردەوە.

تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی کاک عوسمان، ئەویان کردبووە خۆشەویستی هەموو دڵسۆزانی حیزب و ئەمە وای کرد پلەکانی تەشکیلاتی یەک لە دوای یەک ببڕێ و بتوانێ لە مەیدانێکی بەرفراوانتردا دەربکەوێ.

ئەو لە هەموو ژیانی پێشمەرگانەیدا، چ وەک پێشمەرگە یا بەرپرسی پێشمەرگە لە سەنگەری پێشەوەی شەڕدا بوو. برینداربوونی لە شەڕەکاندا دەکردە بەهانەیەک بۆ بەرزکردنەوەی ورەی هاوڕێکانی، و بۆ پێشمەرگە بریندارەکان دەبوو بە دوکتور و برین پێچ. ئەو هەرگیز ماندوو نەبوو یا نەیدەویست هەست بە ماندوو بوونەکانی بکرێ. باوەڕی وابوو مرۆڤی ماندوو لە جێیەکدا دەوەستێ و پەکی دەکەوێ و ئەویش بیری لەوە نەدەکردەوە و بە هەموو باوەڕیەوە دژی ماندوو کردنەکان دەوەستایەوە. ئەو پیاوێک بوو بە پێوە چونکە لە هەموو سەنگەرەکانی خەباتدا لە پێشەوە بوو. لەگەڵ ئەو هەموو سەربوردەی لە ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتیدا هەیبوو، هەرگیز باسەکانی وەها نەدەکردن کە هەست بکەی تاریفی خۆی دەکا یا باسێک لە خۆی دەگێڕێتەوە. ئەو باوەڕی بە ناخی ئینسانەکان هەبوو کاتێک قسەیان دەکرد، و پێی وابوو راستییەکان لە ناخی ئینسانەکاندا شاردراونەوە و ئەوانەی تەزاهور دەکەن لە ناخیاندا نەخۆشن. زۆر جار پێی دەگوتم خۆ لەوانە بپارێزە بە پێکەنینەکانیان خۆت لێ نزیک دەکەنەوە و خۆشەویستییان دەردەبڕن، هەتا جارێک لێت تووڕە نەبن باوەڕیان پێ مەکە. ئەو هەموو کەسی خۆش نەدەویست و ڕقی لەوانە دەبووەوە کە درۆیان دەکرد و هەوڵیان دەدا ئاکارە ناحەزەکانیان بشارنەوە.

کاک عوسمان ئاوا گەورەبوو و گەورەتربوو، هەتا بەو گەورەییەوە بمرێ کە وەک نەمران یادی بکرێتەوە. مەخابن لە ساتەوەختێکدا کە حیزبەکەی و گەلەکەی دەبوو دەسکەوتی زیاتر لە سی ساڵ تێکۆشانی پڕ ئەزموونی ئەو بچننەوە و وەک سەرکردەیەک ڕێنوێن و ڕێ نیشاندەریان بێ بەرەو داهاتوویەکی پڕ سەروەری، هەموانی بە چاوی پڕ لە فرمێسک و دڵی بە خەمەوە بە جێ هێشت. یادی بەرز و بەڕێز بێ.

سەرچاوە: نامیلکەی ١٠ ساڵە ماڵئاوایی هاوڕێ عوسمان ڕەحیمی - ڕێکەوتی: ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

---------------------------------------------------------

## کاردانەوە سیاسییەکانی پاش ڕێفراندۆم

دوای چاوەڕوانییەکی درێژماوە و پڕ کێشە و، بێ ئاکام مانەوەی هەوڵی نوێنەرانی وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی لە کێشەکانی عێراق و ناوچەدا، بە مەبەستی ڕازیکردنی سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان بۆ پەکخستن یا وەدواخستنی کاتی ڕێفراندۆم و، بە هۆی نەبوونی جێگرەوەیەکی باش و جێی متمانە بۆ ڕێفراندۆم؛ لەسەر بڕیاری دەستەی بەڕێوەبەریی ڕێفراندۆم و پشتگیری سەرۆکایەتیی هەرێم، لە ٢٥ی سێپتەمبر پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ وەرگرتنی دەنگی خەڵکی باشووری کوردستان بەڕێوەچوو.

بەشداریی بەرچاوی خەڵک لە زۆر لە شارە گەورەکانی کوردستان لە میتینگەکانی پشتیوانی لە ڕێفراندۆم بە تایبەت بە بوونی بەڕێز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و، دەنگی چاوەڕوانکراوی زیاتر لە ٩٢ لەسەدی «بەڵێ بۆ سەربەخۆیی» بەشداربووانی دەنگدان، پشتیوانی بەهێزی خەڵکی لە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێفراندۆم نیشان دا. ئەم بەشداربوون و پشتیوانییە لەگەڵ بوونی هەموو کەموکوڕییەکانی کە باسی دەکرا، دەریخست کە ڕێفراندۆم تەنیا داوای چەند کەس و هێندێک لایەن نیە، بەڵکوو خواستی نەتەوەیەکە. نەتەوەیەک کە لەم بەشەی کوردستاندا سەت ساڵە بە هۆی سیاسەتی مەسڵەحەت خوازانەی زلهێزەکانی دوورەدەست بە هەموو شێوەیەک لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوچەوە هەوڵی لەنێوبردنی دراوە و هیچ گۆڕانێکی سیاسی نەبووەتە هۆی پێکهاتنی گۆڕانی فکری لە نێو تاقمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی عێراق لە دەورە جیاجیاکاندا.

لە عێراقدا کە پێشتر ناوەندە دەسەڵاتبەدەستەکان نەیانتوانیبوو لە ئاست چارەسەرێکی بنەڕەتیدا خوێندنەوەی دروست بۆ بابەتەکە بکەن، پێش هەڵبژاردن داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ڕێفراندۆمیان دەکرد. لە گەڵ ئەو هەموو دژایەتییەش کە بەرامبەری کرا بەڕێوەچوونی شکۆمەندانەی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ سەربەخۆیی پەیامێکی گەورەی گەیاندە هەموو جیهان کە هەتا ئێستاش بە زۆر هۆکار سەردێڕی هەواڵی ڕاگەیەنەکان و باسی دیدار و کۆبوونەوەکانی دەوڵەتانی جۆراوجۆر لە ئاستی هەرە بەرزدایە. ئەم ڕووداوە مێژووییە نە تەنیا لە عێراق بەڵکوو لە زۆر لە وڵاتانی ناوچە و جیهان کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە. دیارە دەوڵەت و پارلمان و ناوەندە حیزبی و ئایینییەکانی عێراق بە دوای ئاشکرابوونی سەرکەوتوانەی دەنگەکانی ڕێفراندۆم، هەڵوێستیان بەرامبەر بە کورد وەها توند بوو کە پاشخانی فکری فاشیستیانەی دژی کوردی لە دەسەڵاتی نوێی عێراقدا ئاشکراتر کرد و لە جیاتی وەڵامدانەوە بە ویستی ڕەوای زۆربەی دانیشتوانی کوردستان لە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان و بیرکردنەوە لە تەفاهوم و لێکحاڵیبوون، ڕێگەی گەمارۆدانی ئابووری و سیاسی و هەڕەشەی هێرشی چەکدارییان گرتەبەر. بەڵام لە دەرەوەی عێراق ئەو جۆرەی نەیارانی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باسیان دەکرد کاردانەوەکان کەمتر ڕەنگی دوژمنکارانەیان پێوە دیار بوو. ئێران و تورکیە دوو وڵاتی هاوسێی عێراق، بە زۆر هۆ و یەک لەوان بوونی خاک و ملیۆنان کورد لەو بەشانەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتیاندا، هەڵوێستەکانی پێش ڕێفراندۆمیان کە

پڕبوو لە هەڕەشە و ڕەدکردنەوەی هەرجۆرە قبووڵکردنێکی ئەو پرۆسەیە، دوای ئاشکرابوونی ئەنجامی ڕێفراندۆم، لانیکەم ئەگەر بە شێوەی کاتیش بێ و هۆکاری خۆیشیان هەبێ، بە شێوەی کرداری لەسەر هەڵوێستەکانی پێشوویان نەڕۆیشتنە پێش و ئەگەر لە دوا دیداری سەرۆک کۆماری هەر دوو وڵاتدا پێداگری لەسەر پاراستنی یەکیەتیی خاکی عێراق دەکەن، هەتا ئیستاش پێوەندییەکانی خۆیان بە تایبەت لە بواری بازرگانی و بە کراوە هێشتنەوەی کونسوولگەرییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان پاراستوە. لەگەڵ ئەوەش لە نێو ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارەکانی هەردوو وڵاتدا دەنگێکی زۆر هەیە کە پێیان وایە دەبێ ئەم ڕووداوە وەک خۆی و ئەو جۆرەی کە هەیە قبووڵ بکرێ کە زۆر هۆکار هەن کە ئەم قسانە وەربگیرێن و ببنە سیاسەتی ڕەسمیی ئەو دوو وڵاتە جیرانە. خۆ ئەگەر سەیری هەڵوێستی وڵاتانی دیکەی ناوچە بۆ وێنە عەرەبستانی سعوودی بکەین زۆربەیان ناڕاستەوخۆ پشتگیری ڕێفراندۆمیان کردوە یابێدەنگ بوون و دژایەتییان نەکردوە.

دوورتر لە سنوورەکانی عێراق، ڕادەربڕینی بەرپرسانی ڕەسمی وڵاتانێکیی وەک کانادا و فینلەند و بۆچوونی هاوسۆزی زۆر لە ئەندام پارلمانەکانی ئورووپایی لە وڵاتەکانی خۆیان یا لە یەکیەتی ئورووپادا و بە تایبەتی پشتیوانی بە ئاشکرای سەرۆکی دێموکراتەکان لە کۆنگرەی ئەمریکا و پێشنیاری قبووڵکردنی ئاکامی ڕێفراندۆم لە لایەن کۆنگرەی ئەو وڵاتەوە و داوای پشتگیری بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان لە باشوور لە سەرۆک دوناڵد ترامپ و ڕەخنەی هێندێک لە ئەندامانی کۆماریخوازی کۆنگرەی ئەمریکا لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان بەرامبەر بە ڕێفراندۆم و زۆر بۆچوونی لایەنگرانەی دیکە بە نیسبەت ڕێفراندۆم و سەربەخۆییەوە، دەکرێ وەک خاڵێکی گرینگ بۆ دروستبوونی زەمینەیەکی لەبار بۆ بەرەوپێشچوون و وەرگرتنی بیری سەربەخۆیی کوردەکانی باشوور لە کۆمەڵگەی جیهانیدا چاو لێبکەین.

جیاواز لە هەمووان کورد و وڵاتانی ناوچە چاویان بڕیوەتە هەڵوێستی وڵاتە گەورە خاوەن بەرژەوەندییەکان کە هەمیشە دەوریان هەبووە لە پێکهێنانی گۆڕانکارییەکان لە جیهاندا بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. ئەگەر بە وردی بڕوانینە قسە و ڕەفتاری سەرکردەکانی ئەو وڵاتانەی کە ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانن و بێگومان دوای کورد بۆ خۆی، کۆتا بڕیار لە لای ئەوان دەبێ، دەبینین کە بە جیاوازییەکی کەمەوە هەڵوێستەکانیان دەتوانێ یارمەتیدەری بەرەوپێشچوونی پرۆسەی گەیشتن بە سەربەخۆیی بێ. نەرمی نواندنی بریتانیا لە دەربڕینی هەڵوێستەکانیدا، ڕەدکردنەوەی سیاسەتی تەحریم و پێداگری لەسەر درێژەدانی پێوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ کوردستان لە لایەن ڕووسیەوە، هەوڵدانی فەڕانسە بۆ نێوبژیوانی لە نێوان بەغدا و هەولێر و بانگهێشتی هەردوو سەرۆکی کوردستان و عێراق بۆ پاریس و، لە کۆتاییدا سیاسەتی ئەمریکا کە لەگەڵ قبووڵ نەکردنی ڕێفراندۆم، هەردوولا هان دەدا بۆ چارەسەری کێشەکان ڕێگەی وتووێژ بگرنەبەر و عێراق و وڵاتانی دەوروبەریش ئاگادار دەکاتەوە بیر لە شەڕ و بەکارهێنانی هێز لە دژی هەرێمی کوردستان نەکەنەوە، هەموو لەسەریەک دەتوانن مژدەبەخشی جێگیربوونی داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان بن بۆ دیتنەوەی



سەرچاوە
Serchawe

چارەیەکی گونجاو و گەیشتن بە سەربەخۆیی لە ڕێگەی ئاشتییانەو دیالۆگەوە بۆ جیابوونەوەی بەرەبەرەو یەکجارەکی کوردستان لە عێراق.

لە پاڵ هەموو ئەمانەدا بڕیار و ئیرادەی سەرکردایەتیی سیاسی باشووری کوردستان و دەربڕینی هاوسۆزی و پشتیوانی بەرینی نەتەوەیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە ڕێگەی وەڕێخستنی کارنەڤاڵی شادی و هاودەنگی هێزە سیاسییەکان دەبێ ئەو پەیامەی بە هەموو لایەک گەیاندبێ کە کورد لە ئاست بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیدا یەکدەنگە و تەنیا ڕێگەی بەردەم، دانپێدانان بە مافی ڕەوای کورد و گرتنەبەری ڕێگەی ئاشتیانەی چارەسەری کێشەکانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

---

## کورتیلەیەک لە ژیانی مرۆڤێکی گەورە

مرۆڤەکان هەموو وەک یەک لە دایک دەبن. ئەوەی یەکیان لە کۆشک و ئەوی دیکە لە خانووچکەیەکی هەژارانەدا دەکەوێتە کۆشی دایکیەوە جیاوازییەک ناخاتە نێوانیان. بەڵکوو شێوازی گەورەبوون و بیرکردنەوەیانە کە لێکیان جیا دەکاتەوە. بۆ ئەوانەی تەمەنی خۆیان بەباشی و لە پێناو ژیان و ئازادی مرۆڤەکاندا تێپەڕ دەکەن با ئەوەش تووشی سەختی و نەهامەتییان بکا، بەڵام وەک بەشێک لە شانازییەکانی خۆیان و خەڵکەکەیان دەمێنێتەوە.

ئەم نووسینەم بەلاوە زۆر قورسە. لەسەر کەسێک بنووسی کە کەسایەتییەکەی لەلات گەورەتر بێ لەوەی هەستی پێدەکەی و یەکێک لە گەورەترین شانازییەکانت بێ. یا لەبەر ئەوەی کە خۆشەویستییەکەی گەییێتە ئەو ڕادە کە نەتوانی وەسفی بکەی. لەگەڵ ئەوەش حەزم لێیە بە کورتی چەند وشەیەک هەر بنووسم هەرچەند دەترسم لەبەر بێتواناییم لەسەرم ببێتە عەیبە. بۆیە لە ئێستاوە داوای لێبووردنی لێدەکەم.

وەک خۆی باس دەکا نزیک ٨٠ ساڵ لەمەوبەر، لە بنەماڵەیەکی بە پێوانەی ئەو سەردەمە مام ناوەندی لە شاری بانە لە دایک بووە. لە دوای دارەدارە و کەوتنە سەرپێ و هەڵاتهەڵاتی منداڵانەی لە نێو ماڵ و کۆڵان و بەردەرگە، تەقەی تفەنگ

و دەنگی تۆپ و تەیارە، دنیای منداڵی لێ تێکدەدا. شەڕی دووهەمی جیهانی دەسپێدەکا و دوای داگیرکردن و تاڵانی پادگانی بانە لە لایەن ئەرتەشی سوورەوە و گەڕانەوەی هێزەکانیان بەرەو موکریان، بانە کە دەسەڵاتی هیچ دەوڵەتێکی بەسەرەوە نامێنێ، دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتداری عەشایری بەگزادەی بانە و حەمە ڕەشید خان کە بە هۆی سەربزێوییەکانی لە دژی دەسەڵاتداری پاشایەتی حەمەڕەزاشا ناوبانگی هەبوو و، بۆ ماوەی ٣ساڵ بەسەر بانەدا حوکمڕانی کرد. حەمە ڕەشیدخان دوای ٣ساڵ کاتێک توانای بەربەرەکانی لەگەڵ هێرشی ئەرتەشی ئێرانی نەما، شاری سووتاند و بە وێرانی بەجێی هێشت. خەڵکی بانە لەلایەک لە ترسی هێرشی ئەرتەش و لەلایەک لە بەر سووتمان و بێ ماڵ و حاڵی شار بەجێدێڵن و ڕوو لە دێهات دەکەن و تەنانەت بەشێکیان بەرەو پێنجوێن لە ناوچەی شلێری باشووری کوردستان کوچ دەکەن کە بنەماڵەی ئەوانیش کە ماڵەکەیان سووتێنرابوو و جێگە و ڕێگەیان بۆ ژیان نەمابوو یەکێک لەو بنەماڵە کۆچبەرانە دەبن.

بەم جۆرە لە سەرەتای منداڵییەوە کاک هاشم کەریمی چاوی بە شەڕ و سووتانی شار و کۆچی بە ناچاری و دیتنی ستەمی دەسەڵاتداری دەوڵەتی و عەشایری دەکرێتەوە. بۆیە سەیر نیە منداڵێکی وا دواتر دەیان پرسیاری لە مێشکدا گەڵاڵە بووبێ و دواتر کە گەورە دەبێ لە گەڵ هەر ڕووداوێکی نوێ، بە دوای وڵامی پرسیارەکانیدا وێڵ بووبێ. دامەزرانی کۆماری کوردستان و تێکچوونی، ئەزموونی دەورانێکی کورتی بە ئازاد ژیان لە سەردەمی دوکتور موسەدیقدا و هەڕەشە و ترس بۆ سەر بنەماڵەکەی بە هۆی تێکۆشانی باوکم کە برا گەورەی کاک هاشم بوو، هەموویان پێش ئەوەی ئەو بگاتە تەمەنی کامڵی بەرپرسیاربوون، دەبێ هاندەربووبن بۆ بیرکردنەوەی زیاتر و دیتنەوەی وڵامی پرسیارە نوێیەکانی.

ڕێچکەی ژیانی کاک هاشم کە دەکرا دواتر وەک مامۆستایەک یا بەڕێوەبەرێک و تەنانەت وەک تواناییەکانی دواتری دەریخست وەک کاربەدەستێک ژیانی ئاسایی لە سەر زێد و ماڵی خۆی ببردایەتە سەر، لە ژێر کارتێکەری ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە لە ژیانی منداڵی و مێرمنداڵی بەرەو ئاقارێکی دیکە ڕۆیشت. ئەو بیرکردنەوەکانی خستە خزمەت هەوڵدان بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لە دەسەڵات و کۆمەڵگەدا و هەر لە سەرەتای تەمەنی تازەپێگەیشتوویی خۆیەوە یەکەم هەنگاوەکانی خۆی لە ڕێگەی سیاسەت بۆ ڕزگاری هەڵێنایەوە. وەک خۆی دەڵێ، سەرەتا بە بێ ئەوەی بە ڕەسمی حیزبی بووبێ هاوکاریی کاکی کردوە کە بەرپرسی حیزب بووە لە بانە. ئەمە دەکرێ سەرەتایەک بووبێ بۆ لەسەرڕێ ڕاوەستان و دەسپێکێک بۆ داڕشتنی پلانی کاری سیاسی سەربەخۆی، هەر وەک لەو دەمەوە هەتا ئێستا بەبێ هەست بە دوودڵی زیاتر لە ٦٠ساڵی تەمەنی خۆی لە پێناو بیر و ئامانجیدا تێپەڕ کردوە. لەو ڕێگەدا زۆر جار تووشی چەرمەسەریش بووە و بە دوورخرانەوەی ئیجباری لە شار بۆ گوند و تەنانەت بۆ شارەکانی دیکەی ئێرانیش سزا دراوە. بەڵام دواجار بە هۆی درێژەدان بە کاری سیاسی و حیزبی و بەرپرسایەتی لە کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تاران و بانە و دوای ئەوەی لە بەهاری ساڵی ١٣٥٢ و بە دوای شەهید بوونی مەلا قادر وردی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب لە ناو شاری بانە و

دەستبەسەرکرانی دوو کەس لە ئەندامانی حیزب، دیار بوو دەگیرێ و سزای ئێعدامیش چاوەڕێی دەکا، ناچار ڕوو لە باشووری کوردستان دەکا و بۆ ماوەی ٥ساڵ هەتا چەند مانگ پێش رووخانی دەسەڵاتی حەمە ڕەزا شا دووری لە زێد و کەس و کار و ئازیزانی تەحەمول دەکا.

کۆتایی پاییزی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بوو لە گەڵ شەهید عوسمانی مامم کە برا بچووکی کاک هاشم بوو سەفەرێکی سنەمان کرد و چووینە ماڵی ئاغا ئەفقی ڕەشیدیان کە هەتا دەچووینە سنە، بۆ زەحمەت پێدانیان مەنزڵگەی هەمیشەییمان بوو. زۆرجار کاک عوسمان لەگەڵ خۆی دەیبردم بۆ سەردانی زۆر شوێن، ئەو جارەش بەلامەوە ئاسایی بوو بە یەکەوە بچینە سنە. لە بیرمە کاک عوسمان پێی وتم کەمال باسی ئەم سەفەرە لای کەس مەکە. لە منداڵیمەوە هەستم دەکرد دەسەڵاتێکی ڕۆحی تلەپاتی بەسەرمەوە هەبوو، لە یەکەم ئیشارەی و یەکەم وشەی تێدەگەیشتم مەبەستی چیە، دیارە ئەودەم ئیتر زۆر گەورە بووم. بەڵام ئەو سەفەرەیان بۆ من تایبەت بوو. دوای نزیک بە ٥ ساڵ دووری و چاوەڕوانی، کاک هاشمم لەوێ دیتەوە. ساتێکی لە بیر نەچووەوە بۆ ژیانم. من نەمدەزانی کە ئەو و بەشێک لە هاوڕێیانی ڕێبەری حیزب بە نهێنی گەڕاونەتەوە ڕۆژهەڵات و خەریکی خۆڕێکخستنەوە و دانانی بەرنامەن بۆ داهاتووی تێکۆشانی حیزبییان. پێم وایە هەر ئەو دیدارەش بوو کە هاندەرم بوو بۆ ساغبوونەوەم لەسەر کاری سیاسی و درێژەی تێکۆشانم لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا. ئاخر ئەوکاتە لە نێو گەنجەکاندا باو بوو کە، بۆ ئەوەی بڵێی سیاسیم دەبوو توودەیی بای و لاینگری لە چریکەکانی خەڵقیش نیشانەی شۆڕشگێڕ بوونت بوو، ئێمەش لەو فەزایەدا دەژیاین و کاری سیاسیمان دەکرد. زۆری پێ نەچوو کاک هاشم گەڕایەوە بانە و لە ماڵی زیندوویاد جەلیلی مستەفازادە برای شەهیدان خەلیل شەوباش و عەزیز کۆبوونەوەیەکی ساز کرد. کۆمەڵێک گەنجی باشم لە بیرە کە لەوێ بوون و هەر ئەو ڕۆژە کومیتەیەکی کاتی دەسنیشان کرد بۆ بەڕێوەبەری کاروباری حیزب لە بانە، کە من یەکێک لەوان بووم.

لەگەڵ ئەوەی کاک هاشم تەنیا دەورانێکی کورتی کەمتر لە دوو ساڵەیم لە بیرە کە لەگەڵمان بوو ئەویش ئەوکاتەی لە قوتابخانەی سەرەتایی مامۆستامان بوو، بە هۆی ژیانی دوورخراوەیی بەردەوامی و خوێندنی لە تاران کەم لەگەڵ ئێمە ژیابوو و تەنیا بۆ کاتی پشووەکان دەهاتەوە بانە و بیرەوەرییەکی زۆرمان نەبوو، بەڵام دوای ڕویشتنی بۆ باشووری کوردستان کە ئەو کاتە من ١٦ ساڵ بووم و لە کلاسی ١١ دەمخوێند زۆر شتی لە خۆی بۆ بەجێ هێشتین. هیشتا کاک عوسمان کە چەند مانگ پێشتر ئەودەم کە لە دەبیرستان مامۆستامان بوو لە لایەن ساواکەوە گیرابوو، هەر لە زینداندا بوو. لە نەبوونی کاک عوسماندا، گەڕانەوەی کاک هاشم لە تارانەوە بۆ ڕۆژانی نەورۆز گەرم و گوڕی و خۆشی خستبووەوە نێومان. بەداخەوە ئەو جارەش خۆشیەکانمان کورت خایەن بوو. ئەم ڕووداوانە لەگەڵ ئەوەی قورساییەکی زۆری ڕۆحی خستبووە سەرمان بەڵام هاندەرمان بوون کە دواتر هەوڵ بدەین وەک ئەوان بچین، هەرچەند کارێکی زۆر زەحمەت بوو. خوێندنەوەی

ئەو کتێبـانەی ئەوان لە کتێبخـانەکەی مـاڵەوە کۆیـان کردبـوەوە و بەشێکی زۆری لە تـاڵانی سـاواکییەکان دەربـازیـان ببـوو، بیرکردنەوە لەوەی کە بۆ لە ماڵی ئێمەدا هەموو بە نۆبە دەچنە زیندان یا دەبێ لە چنگیان هەڵبێن و ماڵ و حـاڵی خۆیـان بەجێ بێڵن، هەست کردن بەو هەموو ناڕەحەتییانەی کە باوکم و کاک ڕەئووفی مامم و بنەماڵەکەمانیان خەفەتبار کردبـوو و زۆر شتی دیکە، لەگەڵ ئەوەی ئێمەشی لەو تەمەنەدا تووشی خەم و ناڕەحەتی کردبـوو بەڵام سیمایەکی ئەفسانەیی لە کـاک هاشم لەلامـان دروست کردبـوو. سیمای ئینسـانێکی ئـازا و خەباتکـار کە دوای گەڕانەوەی و هەتـا ئیسـتا بە سفـاتی بەرزی ئینسانی خۆی نیشانی دا کە شایستەی ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنانەیە کە خەڵکی شار و دۆستانی بۆیان دەکرد.

حیزبی دێموکرات کە خاوەنی کاک هاشم بوو بە هۆیەوە زۆر شتی لە بـانە هەبـوو. مرۆڤێکی ڕاستگۆ و دڵپـاک، خوێنـدەوار و ڕۆشنبیر، بە پشتیوانی ڕابردوویەکی پاکی خۆی و بنەمـاڵەکەی و خـاوەنی گەورەتـرین حیـزب لە کوردستـاندا، بەڵام سـادە و خۆماڵی، دۆستی نەیارە سیاسییەکانی، خەمخۆری خەڵک و ژیان و سەروماڵیان و زۆر تایبەتمەنـدی دیکە کە کـاک هاشمیان خۆشەویستتـر و ڕێزدارتـر لە هەمیشە کردبـوو، پشتوانەیەکی بەهێـز بـوو کە بە هـۆیەوە بـاوەڕ بە حیـزب زیـاتر ببـوو. ئەو خۆشەویستییەی کە هەتـا ئێستـاش نە تەنیـا کەمی نەکـردوە بەڵکوو لە نێو ئەوانەشدا کە نەیانـدیوە و تەنیـا نـاوبـانگیـان بیستوە ڕوو لە زیـاد بـوون بـوەوە. ئەو لەو مرۆڤـانەیە کە لەگەڵ دیتنـی جوانیەکـانی ژیـان، جوانی مرۆڤەکـان لە ناخیـانـدا دەبینێتەوە نە لە سیما و ڕەفتاریانـدا، چونکە خۆی لە ناخیەوە ئینسانی بیر دەکاتەوە. ئەو زۆرجـار تـووڕە دەبـوو بەڵام بە هـۆی هەڵسـوکەوتی ڕاسـتگۆیانەی تووڕەبوونەکـانی نە تەنیـا نەدەبـوونە هـۆی دڵ ئێشـە بەڵکـوو دوایە دەبـوونە بەزم و گێڕانەوەی لە مەجلیساندا. خۆ ئەگەر بیزانیایە دۆستێکیشی دڵگیر کردوە بە پێکەنینەوە دڵی دەهێنـاوە جێ. ئەمەش لەوەوە سـەرچاوە دەگرێ کە کـاک هاشـم بە خۆشەویسـتی سـەیری ئینسـانەکان دەکـا و جگە لە دوژمنـان و چەوسـێنەرانی هەژاران هەرگیز ڕقی لە کەس نەبووە و پێم وانیە بۆ جارێکیش بیری تۆڵەی جگە لە دوژمنان بۆ کەس چووبێ.

ئەوەی لە سەرەوە بـاس کـرا بەشێک لە سـەربوردەی ژیـانی تێکۆشـەرێکی نەتەوە بەشخوراوەکەمان و خەڵکی زەحمەتکێش و ستەمدیدەی وڵاتەکەمانە کە دەبینین هەموو تەمەنـی خـۆی خەمخـۆرانە لە خزمەت بەوانـدا بـردوەتە سـەر. کە ئەوە بـۆ خـۆی گەورەییەکی کەم هاوتـای کـاک هاشم و کەسـانی وەک ئەو لە نێـو خەڵکەکەمانـدا دەردەخـا. بەڵام کـاک هـاشم تەنیـا بەوەوە ناناسرێتەوە کە پیـاوێکی بەردەوام بـووە لە خەبـات و تێکۆشـان. ئەو تەنیـا کەسێکی خەباتکـار نەبـووە کە لە بەسـتێنێکی تـایبەتـدا کاری شۆڕشگێڕانەی کردبێ، بەڵکوو زۆرتر بە بیر و ئایدیاکانیەوە ناسراوەتەوە کە لە هەر هەلـومەرجێکی سیـاسی و حیزبیدا بووبێ بۆ جارێکیش ئەو ئایدیا فکریانەی خۆی لە بیـر نەکـردوە و فیـدای هیـچ مەوقعیەتێکـی تـایبەتی نەکـردوە. ئەمە دەریـدەخا کە مرۆڤێکـی خـاوەن بیـر بـووە و بە بەردەوامی بـۆ بەرفـراون کردنـی تێگەیشـتنی لە سـەر بیرکردنەوەکـانی هەوڵیداوە.

گەنجێک کە لە شارێکی بچووکی چەند هەزار کەسی کە لە ژێر کارتێکەری داب و نەریتی ئایینی و دەرەبەگایەتی ئەو سەردەمەدا بوە، پێدەگا. ئەو لە جیاتی کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو داب و نەریتانەوە، هەر لە سەرەتاوە هەست بە جیاوازی چینایەتی لە نێو کۆمەڵگەکەیدا دەکا و ڕزگاری مرۆڤی زەحمەتکێش و چەوساوەی لە چنگ کۆت وپێوەندی دەرەبەگایەتی و سیستمی عەشایری، دەبێتە بناخەی فکری ئەو بۆ ئازادی مرۆڤ و گەیشتن بە ژیانی یەکسان لە نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.
کاک هاشم پێدەگا، دەرس دەخوێنێ و دەبێتە مامۆستا. بە هۆی تێکۆشانی قاقە برای گەورەی لە کومیتەی حیزبی دیموکرات لە بانە، ئاگاداری زۆر شت دەبێ. حیزبی دێموکرات، حیزبێکە کە زۆرتر بۆ ڕزگاری نەتەوەیی تێدەکۆشی لە گەڵ ئەوەی حیزبی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەندام و تێکۆشەرانی ئەو حیزبە لە چینی هەژار و دەست کورتن. ئەوانەی کە کاک هاشم بە بەردەوامی بیری لە ژیان و ڕزگارییان کردوەتەوە. سەرەڕای ئەوەش زیاتر بیر لەوە دەکاتەوە کە خەبات بۆ ڕزگاری ئەو چینە هەژارە پێویستی بە تێکۆشانی جیاواز هەیە و لە گەڵ چەند کەس لە هاوڕێکانی بیر لە دامەزراندنی ڕێکخراوێک بۆ خەباتی چینایەتی لە کوردستاندا دەکەنەوە. بۆ ماوەکێش ئەو کارە دەکەن. بە هۆی فشاری ڕێژیم و دوورخستنەوەیان لێک پەرتەوازە دەبن و ئەو کارەیان پەکی دەکەوێ. دوای دوورخستنەوەی بۆ شاری تەفریش لە پارێزگای ناوەندی ئێران و دواتر دوای درێژەی خوێندن لە زانستگای تاران، فرسەتی ئەوەی دەست دەکەوێ خەڵکی زیاتر بناسێ و مەیدانی دیکە بۆ تاقیکاری سیاسی ببینێتەوە. خەباتی خوێندکاری لە زانستگەکاندا کە زۆرتر ڕێکخراوە چەپە نهێنییەکان بەڕێوەی دەبەن، بزووتنەوەی چەکداری ٤٦ - ٤٧ لە کوردستان و داستانی خۆ فیداکردنی ڕۆشنبیرانی پێشڕەوی وەک مۆعینی و شەریفزادە و زۆر ڕۆڵەی زەحمەتکێشی ئەو وڵاتە و دەسپێکردنی خەباتی چریکی شار لە شارە گەورەکانی ئێران لە لایەک و خوێندنەوەی بەردەوام لە هەلومەرجی ئەو کات پێویستییەکانی درێژەدانی خەبات لە دژی ڕێژیمی شا، کاک هاشم بەرەو ساغبوونەوەیەکی جیددی فکری و کرداری پاڵ پێوە دەنێ. ئەگەر ئەو وەک گەنجێکی خوێندەواری چەپی مارکسیست، بیر لەوە دەکاتەوە کە سەرچاوەی بەشی هەرە زۆری ئەو بەش مەینەتیانە ڕێژیمی سەرمایەداری مشەخۆری پاشایەتیە لە ئێراندا و بۆ کۆتایی پێهێنان بە هەموو ئەو نادادپەروەریانە دەبێ خەباتێکی هەمە لایەنە بۆ ڕووخانی ڕێژیم و گۆڕانی سیستمی دەسەڵاتداری بە ئەنجام بگا، لەو لاشەوە ستەمی دووجارەی هەر ئەو ڕێژیمە لە سەر گەلی بێبەشکراوی کورد لە هەموو مافە ئینسانییەکانی لە بیر ناکا و لە پاڵ خەبات بۆ کۆتایی پێهێنان بە ستەمی چینایەتی، دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەکەشی دەخاتە چوارچێوەی بیرکردنەوە سیاسیەکانیەوە و لە هەموو ماوەی ژیانی سیاسی خۆیدا هیچ کاتێک نە ئەم دووەی لێک جیا کردەوە و نە هیچیانی لە بیر بردوەتەوە. هەر بۆیە لە زووەوە و هەتا ئیستاش ژیان و کەسایەتی کاک هاشم سەرمەشق بوون بۆ زۆر لە ڕێبوارانی خەباتگێڕ و ئەوانەی باشی دەناسن، زۆر جار و بۆ زۆر شت ئەو بە نموونە دێننەوە. بەڵام جیا لە سیاسەت کاک هاشم بە هۆی جۆری ڕوانینی ڕاستگۆیانەی بۆ دیتنی دەوروبەری و ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگەکەیدا دەژین پێوەندییەکی وای لەگەڵ خەڵکی دەوروبەری

هەبوو کە هەموان بە شانازییەوە خۆشیان دەوێ. ڕوانینی ئینسان دۆستانەی کاک هاشم بێ بیرکردنەوە لە مەوقعییەت و پلە و پایەی کەسەکان، نیشانەی ئاست بەرزی تێگەیشتنی ئەون بۆ ژیانێکی واقعی مرۆڤەکان. ئەو کە بۆ خۆی هەموو تەمەنی بە سادەیی و بە دوور لە چاوەڕاوە سەیروسەمەرەکانی ژیان بردوەتە سەر، هەمیشە خەمی لە ژیانی دۆستان و خەڵکی دیکە خواردوە. هەوڵی بەردەوامی بۆ پاراستنی کەسایەتی ئەوانەی بە جۆرێک پێوەندی پێیانەوە هەبوە، ڕێزی ئەو بۆ مرۆڤەکان نیشان دەدا بەبێ بیرکردنەوە لە پلەوپایەی چینایەتی یا کۆمەڵایەتییان، بۆیە کاک هاشم لەگەڵ هەموو کەس کە شایانی دۆستایەتی بێ دۆستە و هەموو کەس حەز دەکا دۆستی کاک هاشم بێ و ناوی بێنێ. بێ گومان بوونی مرۆڤ گەلی خاوەن ئەخلاق و پرێنسیپی مرۆڤدۆستانەی وەک کاک هاشم لە نێو گەلەکەماندا هەم مایەی سەبڵندی نەتەوەکەمانە و هەم دەبێ سەرمەشق بن بۆ نەوەکانی داهاتووی ئەم نیشتمانە.

سەرچاوە: نامیلکەی ڕێزلێنان لە هاوڕێ هاشم کەریمی - ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## ستراتیژییەکانی ئەمریکا و ئێران لە بەریەککەوتنی یەکتردا

ناکۆکییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەمریکا و بەردەوامی و درێژەکێشانی لە دەستبەسەرداگرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکاوە لە تاران دەستی پێکرد. دەورەی دەسەڵاتداریی ٨ ساڵەی باراک ئۆباما لە کۆشکی سپی، بە هۆی سیاسەتی سزا و دیالۆگ دەورەیەکی ئارامتر لە دەورەکانی پێشووتری سەرۆکایەتیی ئەمریکا و پڕ دەسکەوت بوو بۆ ئەو بەشە لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە تەنیا بیر لە دەسەڵاتەکەی خۆیان و دەربازبوون لەو قەیرانانەی کە ڕووبەڕووی خۆیان دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێک لە ژیانی خەڵکی ئاسایی ئێراندا دروست بکا. جگە لەوە، لە دەورەکانی پێشووتری سەرۆکایەتیی ئەمریکادا چ دێمۆکرات چ کۆماریخواز، جارجارە گرژی و هەڕەشە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی دەبیندرا و زۆر جار باسی ئەوە دەکرا کە نەقشەی هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران لەسەر مێزی کاری سەرۆک کۆماردا داندراوە و چاوەڕوانی دوابڕیارن. دواجار لە دەورەی سەرۆکایەتیی بووشدا ئێران کەوتە هێڵی «مێحوەری شەرارەت» و هەڕەشەکان بۆ سەر دەسەڵاتدارانی تاران زەقتر بوونەوە.

ئەوەی ئێستا لە ماوەی کەمتر لە یەک ساڵ دەسەڵاتداریی سەرۆک ترامپیش بە گوێی دنیادا دەدرێ، دووبارەکردنەوەی هەمان سیاسەتەکانی پێشووە کە بە هەڕەشەیەکی سەرزارەکی زیاترەوە لەسەر ئێران دەگوترێ. هەرچەند لە دوابڕیاری گەمارۆخستنە سەر سپای پاسداران و هێنانی ناوی بەشێک لە فەرماندەرانی دیاری ئەو هێزە لەم پرۆژە نوێیەی سزادانەکانی

کۆماری ئیسلامیدا بە جۆرێک مەبەستی ئەمریکا لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پاوانخوازییەکانی ئێران لە ناوچەدا دەردەخا. ئەوانەی شارەزاییان لە ستراتیژییەکانی ئەمریکا هەبووە و لە بازنەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ورد دەبوونەوە، کەمتر باوەڕیان بە جێبەجێکردنی سیاسەتی هێرش بۆ سەر ئێران دەهێنا. ئەوان زیاتر ڕایان وایە کە هەروەک ئیستاش دەیلێن ستراتیژیی گۆڕانی سیاسەتی ئێران زیاتر گرینگی پێدەدرێ و لە پاڵ ئەوەشدا لە زەقکردنەوەی مەترسییەکانی ئێران وەک کارتێکی فشار بۆسەر وڵاتانی ناوچە بە تایبەت وڵاتانی عەرەبیی کەنداو کەڵکی لێوەردەگرن. بەڵام داخۆ ستراتیژیی نوێی کۆشکی سپی، بێدەنگییەکانی دەورەی ٨ ساڵەی سەرۆکایەتیی باراک ئۆباما لە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی سپای پاسداران لە ناوچە دەشکێنێ و وەک تیلێرسون دەڵێ نیزام دەکرێتە ئامانج؟

نزیک چوار دەیە لە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی تێدەپەڕێ. هەر زۆر زوو سیاسەتەکانی ئەم دەسەڵاتە نوێیە بەڕووی دەرەوە ڕێک خرا و بەکردەیی کرا. ستراتیژیی نوێی ئێران لە دژایەتی لەگەڵ ڕۆژاوا و بە تایبەت ئەمریکا و لەسەر کورتکردنەوەی دەستی ئەمریکا لە داگیرکاری و تاڵانی سەرمایەکانی وڵاتانی هەژار و بەتایبەت وڵاتانی موسوڵمانی ناوچەدا داڕێژرابوو. خومەینی کە ڕێبەریی شۆڕشی ئیسلامیی دەکرد، «ناردنە دەرەوەی شۆڕش» و یارمەتیدانی خەڵکی «مستضعف» لەو وڵاتانەی کە بە قسەی ئەو لە ژێر دەسەڵاتی «استکبار جهانی»دا بوون وەک ئەرکێک بۆ موسوڵمانانی شۆڕشگێر دیاری کرد. ئەمە ئەو دروشمە جوانانە بوون کە تەنانەت بەشێک لە هێزە کۆمۆنیست و چەپەکانیشی تووشی خۆفریودان کرد. ئەوان بە بیانووی خەبات لە دژی ئیمپریالیزم پشتگیریی ئەم سیاسەتەیان دەکرد. بەمجۆرە هێزێکی نوێ لە ناوچەی ڕۆژهەڵات نێوەڕاست بەرامبەر ئەمریکای بە هێزی بەرژەوەندیخوازدا سەری هەڵدا. لێرەوە دوو ستراتیژی جیاواز بەرامبەر یەکتر درێژەیان بە شەڕ و سازشەکانیان دا، ئێران و ئەمریکا. ستراتیژییەکی بەهێزی جیهانی خاوەن زۆرترین سەرمایە و بەهێزترین سپا و جبەخانە لە جیهاندا، و ستراتیژییەکی بەناو شۆڕشگێڕانەی پشتبەستوو بە ئایین و هێز و توانای خەڵکی ناوچە و دژبەرانی ئەمریکا لە جیهاندا. ئەم دوو ستراتیژییە هەرکام بە شێوەی خۆی لەو ماوەدا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە.

ئێران لە ڕێگەی پەرەپێدان بە هێزە نیزامییەکانی خۆی و دروستکردن و یارمەتیدان بە گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە ناوچەدا بۆ دژایەتی و لێدانی بنکە نیزامییەکانی ئەمریکا، وەک ئەوەی لە لوبنان، ئەفغانستان، عێراق، یەمەن و تەنانەت وڵاتانی ئەفریقا وەک کینیا و تانزانیا ڕوویان دا و، ئەمریکاش بە ڕێگەی هەڕەشە و سەپاندنی سزای ئابووری و فرۆشتنی چەک و چۆڵێکی زۆر بە وڵاتانی عەرەبیی ناوچە بۆ بەهێزکردنی توانای خۆپاراستنیان، ڕێگەی خۆیان بریوە. بەڵام دوای ئەو هەموو ساڵە کامیان لە بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانیاندا سەرکەوتوو بوون. کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە ناردنە دەرەوەی شۆڕش دوو مەبەستی سەرەکیی هەبوە، لە یەکیاندا بە تەواوی سەرکەوتوو بووە. ئەوان کە هەمیشە ئەمریکایان

وەک دوژمنی سەرەکیی خۆیان لە قەڵەم داوە و مەترسی هێرشی ئەمریکایان بۆ سەر ئێران زەق دەکردەوە، بە شەڕفرۆشییەکانیان لە دەرەوە و دوور لە سنوورەکانی خۆیان، لەلایەک ئەمریکایان ئازار دەدا و بەو ڕێگەشەوە خەڵکیان هان دەدا کە بۆ خەبات لە دژی داگیرکاری ئەمریکا پشت بە ئێران ببەستن. ئەمەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی بتوانن بەرەبەرە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سیاسیی هاوپەیمانەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پەرە بە نفووزی خۆیان بدەن.

بەمجۆرە ئێران نەتەنیا بە هۆی سیاسەتەکانی ئەمریکاوە، لەو خەڵکەی کە بەکاری دێنێ دانەبڕا بەڵکوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئێران بە توانایەکی بەهێزترەوە ڕووبەڕووی سیاسەتەکانی ئەمریکا بووەتەوە. ئیستا ئێرانی ئیسلامی لە پانتاییەکی بەرینی جۆغرافیاییدا لە ئێرانەوە تا لوبنان، بە حوزوری ڕاستەوخۆی نیزامی، خاوەن پێگەیەکی بەهێزە کە شوێندانەریی لەسەر گۆڕانکارییەکان هەیە. هەرچەند بە هۆی سیاسەتی هەوڵدان بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆری شیعە لە ڕۆژهەڵاتدا کە زۆرترین سەرمایەی ماڵی و ئینسانی ئێرانی هەڵلووشیوە، ئابووریی وڵات داڕماوە و خەڵکی ئێران لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و هتد خراپترین ڕۆژەکانی تەمەنیان تەجروبە دەکەن.
ئەمریکا لە بەرامبەردا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، ستراتێژیی خۆی لەسەر دوو کۆڵەکەی پێشگرتن لە نفووزی ئێران لە ناوچە و لاوازکردنی میلیشیاکانی سەر بەئەوان و لەو لاشەوە هەوڵدان بۆ گۆڕینی سیاسەتەکانی دەسەڵاتداری لە ئێران دامەزراندوە، کە هەتا ئیستا لە هیچیاندا دەسکەوتێکی نەبووە. بۆ ئەم مەبەستانە و لەبەر ناڕوونی ستراتێژییەکی بەردەوام، لەلایەک بە پشتگیری لە هاوپەیمانە عەرەبەکانی لە ناوچەدا و فرۆشتنی چەکوچۆڵێکی زۆر بەوان و ڕاگرتنی هێزێکی زۆروزەوەندی هێزە دەریاییەکانی لە کەنداو و دەریاکانی نزیک ویستوویەتی چاوزەقکردنەوەی خۆی نیشان بدا و، لەلایەکی دیکەشەوە لەڕێگەی ئیمتیازدان بۆ وتووێژ لەسەر ئەو بابەتانەی هیچ گۆڕانێک لەژیانی خەڵکدا پێکناهێنن و بە هیوای ئەوەی لە تاران دەسەڵاتێک بە سیاسەتێکی نەرمتر بێتە سەرکار، خۆیان لە کێشە بنەڕەتییەکان دزیوەتەوە. ئەزموونێکی سەرنەکەوتوو کە بە بەهانەی شەڕی دژی تێرۆر خەریکە لە عێراقیش دووبارە دەبێتەوە.

دوایین بەرکەوتنی ئەم دوو ڕوانینە ستراتێژیکە لە ناوچەدا، ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ بوو. لەم ڕۆژەدا و تەنیا دە ڕۆژ لە دوای بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم لە کوردستانی باشوور، حەشدی شەعبی و سپای عێراق، بە پشتیوانی و فەرماندەیی ناسراوترین کەسەکانی سپای پاسداران و تەنانەت بوونی چەکدارانی حیزبوڵڵای لوبنان بە ئاڵای خۆیانەوە، لە کەرکووکەوە بە مەبەستی داگیرکردنەوەی کوردستان و بەبەرچاوی ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکانەوە هێرشیان بۆ سەر پێشمەرگە دەستپێکرد. زۆر ئاشکرایە کۆماری ئیسلامی مەبەستییەتی لەو ناوچەدا نەتەنیا جێ پێیەک بۆ ئەمریکا نەهێڵێتەوە تەنانەت هەموو ئەو ناوچە بخاتە ژێر دەسەڵاتی سیاسی خۆیەوە و ئەمەش پێش هەموو شتێک لە ڕێگەی لێدانی ئەو هێزانەیە کە

ئەمریکا وەک هاوپەیمانی خۆی نێویان دێنێ. کوردیش کە یەکێک لەو هێزانەیە لە ساڵانی ڕابردوو بە تایبەت لە شەڕی دژی تێرۆردا وەک هاوپەیمانێکی ڕاستەقینەی بەرەی دژی تێرۆر و هاوپەیمانی ئەمریکا دەوری باشی گێڕاوە، کەوتوەتە بەر ئەو ڕقە ستراتێژیکەی ئێران و ئەمریکاش ئەگەر ئاگاشی لێ نەبووبێ، بەرامبەری بێدەنگ مایەوە و تەنیا پێناخۆشبوونی خۆی ڕاگەیاند.

ئێستا ئیتر بەڕوونی دیارە ئەمریکا لە هەموو ئەو ساڵانەدا وەک بەردەوام دەیڵێینەوە، بەدوای گۆڕینی سیستمی دەسەڵاتداری لە ئێراندا نەبوون و تەنیا چاویان لەوە بڕیوە کە بەڵکوو هەڕەشە و سیاسەتی سزادانی بەردەوام ئەوان مەجبوور بکا کە سیاسەتەکانیان بەرامبەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان بە جۆرێک ڕێکبخەنەوە کە هەڕەشە و مەترسی ئاشکرای پێوە دیار نەبێ. لە بەرامبەر ئەم سیاسەتەدا، خامنەیی لە دوا وتاریدا دەڵێ «ئازیزانم یەک شت بزانن ئەمریکا گەورەترین دوژمنی ئێوەیە و یەک هەنگاو پاشەکشە ئەوان هارتر دەکا». ئەمە قسەی ڕێبەری ئەو نیزامەیە کە چاوەڕوانی گۆڕانی تێدا دەکەن بەبێ ئەوەی فاکتەرەکانی گۆڕانکاری بخەنە بەرباس. داخۆ بە بوونی کەسێکی وەک خامنەیی لە سەرووی دەسەڵات و بە دەستەوەگرتنی هەموو جومگە سەرەکییەکان دەسەڵات لە بواری نیزامی، ئابووری، شەڕ، ئەمنییەتی و تیۆریکەوە وەک ئایین ئەمریکا دەتوانێ مەبەستەکانی خۆی بپێکێ؟ بەمجۆرە ئەمریکا بە ستراتێژییە نوێکەیشیەوە کەوتووەتە سەر دوو ڕێیانێک کە لەوانەیە هەڵبژاردنی هەر کامیان بۆ ئەوان گران تەواوبێ، شەڕو هێرش بۆ سەر ئێران یا لە چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکاندا چاوپۆشی لە سیاسەت و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی و پەرەگرتنی نفووزیان لە ناوچەدا.

لەو وەزعەدا ئەمریکا دەتوانێ و دەبێ لە ڕێگەی پشتیوانی و یارمەتیدانی هاوپەیمانە ڕاستەقینەکانیان، ئەوانەی کە گەیشتنی گۆمەڵگە بە ئازادی و دێموکراسی بە ڕێگەی دەرباز بوون لە داوی کۆماری ئیسلامی دەزانن و بە دوای ژیانێکی باش وماف و ئازادییەکانیاندا وێڵن مەیدانی هەڵسووڕان و ڕمبازێنی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەرتەسک بکەنەوە و کورد کە نیشانی داوە دەتوانێ فاکتەرێکی بەهێزبێ لە شوێندانان لەسەر ڕووداوەکانی ناوچە، وەک بەشێک لەو هێزانە ببینرێن کە لە چوارچێوەی بەرنامە ستراتێژییەکانیان بۆ ئەو مەبەستە حیسابیان لەسەر دەکرێ. بێگومان لە نێوخۆی ئێرانیشدا و لە نێو خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە چنگ بێعەداڵەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، وزەیەکی زۆری دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتدا هەیە، کە ئەگەر هەست بە پشتیوانییەکی واقێعی لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بکەن توانای خۆڕێکخستن و ڕووبەڕووبوونەوەیان بۆ پێکهێنانی هەر گۆڕانێک لە بەرژەوەندی خەڵک و بە مەبەستی دابینکردنی ماف و ئازادییەکانیان کەم نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

------------------------------------------------

## قەیرانەکانی ناوچە و داهاتووی ئێران

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ساڵانێکە قەیراناویترین ناوچەی جیهانە. نزیک چوار دەهەیە و ڕاست بە دوای پەیدابوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە سیاسەتەکانیان لەگەڵ هیچ بەهایەکی ئینسانی، دیپلۆماسی و پێوەندیی نێودەوڵەتیی جێکەوتوو لە نێو وڵاتانی دەورووبەر یەکی نەدەگرتەوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و هەر جارەی لە گۆشەیەکی ئەم ناوچە بچووکە، قەیرانێکی نوێ سەری هەڵداوە. قەیرانگەلێک کە پێش هەموو شتێک ئاسەواری خراپی خۆی لەسەر پێوەندیی کۆمەڵە جۆراوجۆرە تایبەتی و ئایینیەکان لە ناوچەدا بەجێ هێشتوە.

هۆکاری دروستبوونی ئەم دۆخە نالەبارە پێش هەموو شتێک، هەوڵی ڕێبەرانی ئێران بووە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری دەسەڵاتی ئایینی و لەو ڕێگەوە سەپاندنی دەسەڵاتداری خۆیان بەسەر هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. سیاسەتێک کە لە ڕوانینی ئەوانەوە تەنیا لە ڕێگەی میلیشیای مەزهەبیی گرێدراوی خۆیان بۆ شەڕ لە دژی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە هەرکام لەو وڵاتانەدا، دەبوو بەرەوپێش بچێ. ئەم سیاسەتە سەرەتا لە نێوخۆی ئێران بە لێدانی هەموو ئەو هێزانەی بیریان لە ئازادی و دەسەڵاتێکی مودێڕن دەکردەوە دەستی پێکرد و تەنانەت ئەگەر قسەکانی ئەو کاتی خومەینی و کاربەدەستانی دیکەش بێنینەوە بیر خۆمان، بە شێوەیەک هەوڵی پاکتاویی نەتەوەیی و ئایینەکانی جیا لە ئایینی دەسەڵاتی پێوە دیارە. دواتر شەڕلەگەڵ عێراق، دەخالەت لە لوبنان بە بەهانەی درۆزنانەی پاراستنی موسوڵمانانی فەلەستین و شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل، کێشە نانەوە لە پاکستان، بەحرەین، سعوودیە و پێکهێنانی هێزی تایبەت و گوێلەمستی خۆیان لە لوبنان، ئەفغانستان، عێراق و یەمەن و سازکردنی شەڕ لەو وڵاتانە؛ دیاریی ئەم سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامی بوون بۆ خەڵکی بەڵالێدراوی هەرکام لە وڵاتانە کە بە هۆی شەڕەوە تووشی ماڵوێرانی و ئاوارەیی و لە دەستدانی کەسوکاریان بوون.

دوای دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی نیزامی لە سووریە و بەشدارپێکردنی هێزەکانی سپای پاسداران و حیزبوڵڵای لوبنان لە شەڕی دژی هێزەکانی دژبەری بەشار ئەسەد،

لە مانگی ڕابردوودا و لە هەلومەرجێکدا کە دەوڵەتی ئەمریکا بابەتی گرینگی بەتێروریست ناساندنی سپای پاسدارانی تاوتوێ دەکرد و سەرەنجام بڕیاری تەحریم کردنی ئەو هێزەی لێدەرچوو، ئەمجاریش لە دەستێوەردانێکی ڕاستەوخۆ و

بەشداری پێکردنی هێزە تایبەتەکانی سپا و حیزبوڵڵای لوبنان و هەماهەنگی لەگەڵ حەشدی شەعبیی عێراق بە هێرشکردن بۆ سەر هەرێمی کوردستان و داگیرکردنی کەرکووک و بەشێک لە ناوچە کوردستانییەکان، عێراق و کوردستانی خستە قۆناغێکی قەیراناویی سەختەوە کە لەوانەیە ئەگەر پێشی پێنەگیرێ، ئە وڵاتە بەرەو شەڕێکی خوێناوی و بەردەوامی دیکە ببا.

پێشڕەوییەکانی سیاسەت و هێزەکانی ئێران لە وڵاتانی ناوچە بە تایبەت بوون و بەشدارپێکردنی هێزەکانی حیزبوڵڵای لوبنان، لەلایەک پڕکێشیی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆتاییهێنان بە پرۆژەی دروستکردنی ئیمپراتۆریی شیعی لە ئێرانەوە هەتا دەریای مەدیتەرانەی پێوە دیارە و، لە لایەکی دیکەشەوە کاردانەوەی درەنگ وەختی بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی و رۆژئاواشی بە دوای خۆیدا هێناوە. ئەمجارەیان وەک سەرۆک وەزیرانی لوبنان، سەعد حەریری لە کاتی بڵاوکردنەوەی وازهێنانی لە پۆستەکەی دوور لە وڵاتی خۆی و لە عەرەبستانی سعوودییەوە ڕایگەیاند مەترسیی تیرۆری ناوبراو و دەستێوەردانی لە ڕادەبەدەر و خۆسەپێنیی حیزبولڵا هۆکاری هەڵاتنی بووە. بەڵام ئەوەی وڵاتانی عەرەبی لەلایەک و ئیسرائیل و رۆژئاوای زیاتر نیگەران کردووە دەستێوەردانی ئێران و هەوڵی سەپاندنی ئۆتۆریتەی کۆماری ئیسلامییە بەسەر ئەو وڵاتەدا. ئەم کارە ئەگەر لە ساڵانی ڕابردووشدا هۆی نیگەرانیی بەردەوامی ئیسرائیل بووە، ئەمجارە هاودەنگیی بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی هاوپەیمانی ئەمریکا بە تایبەت عەرەبستانی سعوودی لە گەڵ ئیسرائیل ڕووی ڕاستەقینەی ئەو قەیرانانەی کە کۆماری ئیسلامی خوڵقێنەریان بووە بەشێکی ڕووبەڕووی لوبنان بووەتەوە ئاشکرا دەکا و تەنانەت وەک حەسەن نەسروڵڵا، ڕێبەری حیزبوڵڵای لوبنان نەیتوانی بیشارێتەوە مەترسیی شەڕێکی دیکەی لەو وڵاتە هێناوەتە ئاراوە.

ئەگەرچی لەو ماوە هەست بە هێندێک گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بەرامبەر بە دەستێوەردانەکانی ئێراندا دەکرێ، بەڵام هەتا ئێستاش پلانێکی جیددی بۆ ئەم کارە لە ئارادا نیە و زۆرتر وەک فشارێکی دیپلۆماسی دەچی کە کۆماری ئیسلامی ناچار بە وەستاندنی درێژەدانی بەرنامەکانی بکا. کۆبوونەوەی بە پەلەی وەزیرانی دەرەوە و دواتر وەزیرانی بەرگریی وڵاتانی عەرەبی و دەرکردنی ڕاگەیێندراوێکی چەند خاڵی، ڕێککەوتنی تەلیفۆنی ترامپ و ماکەرۆن سەبارەت بە لوبنان و دەعوەتی سەرۆک وەزیرانی دەست لەکار کێشراوەی لوبنان لە سعوودیەوە بۆ کۆشکی ئێلیزە لە پاریس و گەڕاندنەوەی بۆ لوبنان، هەرچەند نیشانەی وەدەنگهاتنی ئەو وڵاتانەیە بەرامبەر بەو وەزعە شێواوە کە تەنانەت حێزبوڵڵایشی نیگەران کردوە، گۆڕانێکی نوێی لە سیاسەتی ئەو وڵاتانە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی پێوە دیارە، ئەگەر تەنیا بۆ فشارهێنانێکی دیکە بۆ سەر ئێران لێکنەدرێتەوە. ڕاستە کە ئەم کارانە دەتوانێ کاریگەرییەکی ڕەوانی لەسەر وەزعەکە دابنێ بەڵام ئەگەر تەنیا لەو ئاستەدا بمێنێ و ئیقدامی جیددی و هەمە لایەنەی لەگەڵ نەبێ، هەرگیز نەیتوانیوە و ناتوانێ پێش بە درێژەی قەیرانخوڵقێنییەکانی کۆماری ئیسلامی بگرێ. ئەوەی دیارە ئەگەر کۆتاهاتنی کاتیی

کۆماری ئیسلامی بە زاهیر بۆ چارەسەری کێشەیەک ببینین، بەڵام بۆ کۆتاییپێهێنان بە قەیرانەکان نیە بەڵکوو بۆ خۆدزینەوە و دیتنەوەی فرسەتێکی نوێیە هەتا دواتر درێژە بە پیلانەکانی بدا. ئیستا ئیتر لە هیچکام لەو وڵاتانەی کە ئێران وەک بەشێک لە ئیمپراتۆریی خۆی چاویان لێ دەکا، ئیمکانی هەناسە هەڵکێشانیشیان بۆ خەڵک نەهێشتوەتەوە. دەبینی سەرۆک وەزیرانی وڵاتێک کە پێشتر باوکی لەو پۆستەدا بووەتە قوربانی تێرۆریزمی دەست پەروەردەی کۆماری ئیسلامی لە ترسی تێرۆرکردنی، وڵاتەکەی خۆی بەجێ دێڵێ و دواتر بە پشتگیری وڵاتانی دیکە دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی.

لێرەدایە کە کۆمەڵگەی جیهانی دەبێ زیاتر هەست بە مەترسییەکانی بوون و ڕێگەدان بە درێژەی سیاسەتی ڕێژیمێک لەو ناوچەدا بکا کە جگە لە پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی دوور لە سنووورە نێودەوڵەتییەکانی وڵاتەکەی و بیرۆکە ئایینیە تایبەتییەکەی، هیچ بایەخێک بۆ مرۆڤایەتی و ژیانی ئازادانەی خەڵک نە تەنیا لە وڵاتەکەی خۆیان، بەڵکوو لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانە دانانێ. داخۆ تا ئیستا ئەم قەناعەتە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لەسەر کۆماری ئیسلامی دروست بووە؟ یا دیسان لەم وڵاتانەدا دەبێ بە میلیۆنان خەڵکی بێ دەرەتانی دیکە ببنە قوربانیی بەرژەوەندخوازییە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتانی زلهێز و تەنانەت ئەو دەرفەتانەشیان لە کیس بچێ کە بە هۆی خەبات و ئازایەتیی خۆیانەوە بە دەستیان هێناوە.

لە نێوخۆی ئێران خەڵکی ناڕازی لە بوون و مانەوەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی، ڕۆژبەڕۆژ پەرە بە دەربڕینی ناڕەزایەتییە سێنفی و سیاسییەکان و خۆ ڕێکخستن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یەکجاری بەرامبەر بەو ڕێژیمە دەدەن. ئەوان کە زیاتر لە هەموو لایەنێکی دیکە هەست بە مەترسییەکانی درێژەکێشانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەکەن، پشتبەستوو بە ئیرادە و تواناکانی خۆیان ڕێگەی کۆتایی هێنان بە تەمەنی ئەم ڕێژیمە دەپێون و هیچ هەلێک لە دەست نادەن. بێگومان لە پاڵ فشارە دەرەکییەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی، یارمەتی و پاڵپشتی دنیای دەرەوە لە هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکان دەتوانێ یارمەتیدەربێ بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم خەباتە و بەرەو سەرکەوتنی ببا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

-----------------------------------------

## ئێران لە ستراتیژیی نوێی ئەمریکادا

نزیک بە ساڵێک لە دەسەڵاتدارەتیی دۆناڵد ترامپ لە کۆشکی سپی، وەک سەرۆک کۆماری ئەمریکا تێ دەپەڕێ. لەو یەک ساڵەدا زۆر کێشەی نێوخۆیی کە بوو بە هۆی ناڕەزایەتی دەربڕینی هاووڵاتیانی ئەمریکایی و چەندەها کێشەی دەرەکی ڕووبەڕووی بوونەوە. لە نێوخۆ بابەتگەلی وەک ماڵیات، کار، بیمەی دەرمانی و... لە زۆر شوێنی ئەمریکا هاووڵاتیانی هێنایە سەر شەقام. لە دەرەوەش بەهۆی ناڕوونیی ئاشکرای سیاسەتی کۆشکی سپی لەگەڵ قەیرانە سیاسییەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی دنیا، ترامپ چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە ڕەخنەی توندی لێ گیرا. لە تەواوی ئەو ماوەدا ئەو پێداگریی لەسەر قسەکانی خۆی کردوە و بەردەوام باسی لە ئەمریکایەکی خاوەن پووڵ و بەهێز کردوە. بەڵام لەو یەک ساڵەدا زۆرجار بێمەیلیی کۆشکی سپی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جیددی لەگەڵ کێشە ناوچەییەکانی جیهان دیتراوە.

ئەمریکا لە دورەی سەرۆکایەتیی ئۆبامادا توانیبووی ئۆتۆریتەی سیاسی و فکری خۆی لە چوارچێوەی ستراتێژییە هاوبەشەکانی لەگەڵ هاوپەیمانە ئورووپاییەکانیدا بەرزبکاتەوە. بەڵام لەو ناوچانەی کێشەی گەورەیان تێدابوو وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەم ئێعتبارە و پشتبەستن بە ئەمریکا ڕوو لە کزی بوو. داخۆ ئەمریکای ئێستا دەتوانێ خۆی لەو ئاستەدا ببینێتەوە یا هەر نەبێ، لەپاڵ ئەو ئاستە لە ئێعتباری نێودەوڵەتی، سەرنجی هاوپەیمانە ناوچەییەکانیشی وەک پێویست بۆ لای خۆی ڕابکێشێتەوە؟

سەرەنجام ڕۆژی ١٨ی دیسامبر ترامپ ستراتێژیی نوێی دەوڵەتەکەی سەبارەت بە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا ڕاگەیاند. لەوێدا دیسان هێز و سەرمایە دوو کۆڵەکەی بنەڕەتی ئەو ستراتێژییە بوون. لەو ستراتێژییە نوێیەدا ئەمریکا دەبێ سەرۆکایەتیی هەموو دنیا بکا و لەم ڕێگەوە ئەوەی ناوبراو پێی لەسەر دادەگرێ گەڕانەوەی غرووری لە دەستچووی ئەمریکاییەکانە. بەهێزبوونی ئەمریکا، دەوڵەمەندبوون و پارێزگاری لە سنوورەکانیان لە خزمەت بە ئەمریکایەک ناو دەبا، کە پێویستە لە ئاستی جیهاندا ڕۆڵی کاریگەری هەبێ و کەس نەتوانێ لەجێی ئەمریکا یا بەبێ ئەوان بڕیار بدا. لەکاتێکدا کە لەلایەن هاوپەیمانە ناوچەییەکانیەوە زۆرترین گلەیی لە هەڵوێستەکانی دەگیرێ، ترامپ ڕۆڵی ئەمریکا لە سیاسەتی جیهانی و هاوکاری هاوپەیمانەکانی زۆر بەرزتر لەوەی کە لەم یەک ساڵەدا بیندراوە دەنرخێنێ. بێگومان ئەگەر ئەمریکا بیەوێ ستراتێژییەکی داڕێژراوی لەو چەشنە لە جیهاندا بەرەوپێش ببا پێش هەموو شتێک پێویستی بە پێداچوونەوە بە چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە دەرەکییەکان و هاوئاهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا دەبێ.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕەخنەیەکی زۆر هاتووەتە سەر سیاسەتی دەرەوە و بەرگری ئەمریکا کە، لەبەر پشتگیری نەکردن لە ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتی سووریە کە خوازیاری گۆڕانکاریی دێموکراتی بوون لەوڵاتەکەیاندا، بەرامبەر ڕێژیمی سووریە کە بە هاوکاریی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی و ناردنی هێزەکانی سپای پاسداران بە فەرماندەیی قاسم سلێمانی بوونە هۆکاری

گیانلەدەستدانی سەدان هەزار کەس و ئاوارەبونی ملیۆنان هاوولاتی و ویرانیی لە نیوە زیاتری شا رو ناوچەکانی ئەو وڵاتە. یا کاتێ لە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە یەمەن کە لە ڕێگەی حووسییەکانەوە درێژەی کێشا، هاوپەیمانیی عەرەبی دروست بوو، ئەمریکا سیاسەتی بێتەفاوەتی گرتەبەر و لە ئاستی پێویستدا هاوکاری هاوپەیمانەکانی لە ناوچەدا نەکرد. هەروەها لە عێراقدا کە ئەمریکا دەوڵەتەکەی بە هاوپەیمانی خۆی دەناسێنێ چۆنە بەبەر چاوی ئەوانەوە دامودەزگاکانی ئەو وڵاتە لە لایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن و بە مەبەستی تایبەتیی خۆیان میلیشیایان لێ دروست دەکەن و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان هانیان دەدەن؟ تەنانەت لەسەر هێرشی هاوئاهەنگی ئێران - عێراق بۆ سەر هەرێمی کوردستان کە هاوپەیمان و هاوکارێکی باشی ئەوان لە شەڕی دژ بە داعشدا بوون، بێدەنگییان هەڵبژارد و بە سیاسەتی پاراستنی یەکگرتوویی عێراق پاساویان بۆ دەهێنایەوە.

تا ئێرە ئەم جۆرە هەڵویستانەی ئەمریکا درێژەی هەمان ستراتێژییەکەی باراک ئۆباما بوو کە پێی وابوو نابێ بۆ چارەسەری کێشە ناوچەییەکان ئەمریکاییەکان بە گیان و پووڵی خۆیان هەزینەی بۆ بدەن و ئەرکەکەی بە خەڵکی ئەو وڵاتانە دەسپارد کە بە هۆی سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی ئەوانەوە خراپترین سیستمی دەسەڵاتداری ئیستبدادی حوکمیان بەسەردا دەکەن. دارێژەرانی ئەم ستراتێژییە لە کاتێکدا دەیانزانی کە خەڵکی ئەو وڵاتانە بە دەستی بەتاڵ ڕووبەڕووی دەسەڵاتێکی پڕ چەک و بێ بەزەیی دەبنەوە، تەنانەت نەیانویست لە ڕێگەی شۆڕای ئەمنییەت و بە شێوەی یاسایی پێش بەو گرتن و کوشتنانە لەو وڵاتانەدا بگرن کە ئەوان چاوەڕوانی گۆڕانی شێوەی سیاسەتیان دەکەن.

ئیستا بە پێی ستراتێژییە نوێکەی دۆناڵد ترامپ، دەبێ گۆڕانێکی جیددی لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەو کێشانەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەن بێتە ئاراوە. لەگەڵ بوونی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو شوێنانەی ناوچە کە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا کێشە خۆڵقێنن و ڕەنگە چیتر نەتوانن سیاسەتی چاوەڕوانی بگرنە پێش، ترامپ تا ئێرەش دانی بە ڕێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا نەهێناوە و ڕێگەی هێشتوەتەوە جارێکی دیکەش بیکاتە بەرگێکی فشار بۆ سەریان. لەو لاشەوە مەسەلەی پەرەپێدانی دامەزراوە مووشەکییەکانی ئێران کە بەردەوام خەریکی پەرەپێدانیانن و هاوپەیمانە ئوورووپاییەکانی ئەمریکاش لە پاڵ جیاوازی بۆچوونیان لەگەڵ کۆشکی سپی لەسەر بەرجام بە کێشەیەکی نوێ دەزانن لەوانەیە ببێتە هۆکارێکی نوێ بۆ فشارهێنانی زیاتر بۆسەر ئێران. هەرچەند نوێنەری ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دیسان باس لە سیاسەتی فشار بۆ سەر ئێران بە مەبەستی گۆڕینی ئاکاری کۆماری ئیسلامی دەکا، بەڵام وێدەچێ ئەمجار فشارەکان زیاتر و بەرینتر بکرێنەوە و دەسەڵاتدارانی ئێران دەبێ هەستیان بە مەترسییەکانی وەها سیاسەتێک کردبێ بۆیە هاواریان لێ بەرز بووەتەوە.

بەڵام ئەگەر ئەم سیاسەتانەش بتوانێ کۆماری ئیسلامی بەرەو لاوازی ببا، هەرگیز ناتوانێ بنە فکرییەکانی «ولایت فقیە»ی کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ. مەگەر بە ئیرادەی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران کە ئیستا زیاتر لەهەر کاتێک بێزاری خۆیان لەو ڕێژیمە دەردەبڕن و لە پێناو گۆڕانێکی یەکجاری و ڕزگارییان لە چنگ ئیستبدادی ئایینی، بە شێوازی جۆراوجۆر بەرهەڵستی ڕێژیم دەبنەوە. بێگومان بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ فشارە دەرەکییەکان، یارمەتی و پشتیوانیی ئەو وڵاتانەی بیر لە ئازادی و دێموکراسی بۆ خەڵکی ئێران دەکەنەوە، دەتوانێ شوێندانەربێ و دەتوانن ببنە پاڵپشتێک بۆ گۆڕانکارییەک کە نیازەکانی دنیای پێشکەوتوو دابین بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٧

---------------------------------------------

٢٠١٨

------------------------------------------

## بەرجام چۆن و تا کوێ دەوام دێنێ؟

ڕۆژی هەینی ٢٢ی بەفرانبار سەرۆککۆماری ئەمریکا بۆ جارێکی دیکە هەڕەشەی هەڵوەشانەوەی «برجام»ی وەک خۆی هێشتەوە، بەڵام جێبەجێکردنی بڕیارەکەی بۆ ماوەی چوار مانگی دیکە وەدوا خست. مەبەستی ڕاگەیەندراوی ئەو، پێدانی ماوەیەکی دیکەیە هەتا هاوپەیمانە جیهانییەکانی و کۆنگرەی ئەمریکا دەرفەتی تاوتوێی زیاتری هەڵوێستەکەیان هەبێ. جیا لەوە لیستێکی دیکەی لە بنیاد و کەسایەتییەکانی سەر بە ڕێژیمی ئێرانی خستە سەر لیستی تەحریمەکانی پێشوو، کە لە نێویاندا تەحریمکردنی سادق لاریجانی، سەرۆکی دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامی بە هۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەپاندنی حوکمی ناعادڵانە بەسەرناڕازیانی ڕێژیمدا؛ گرینگیی خۆی هەبوو.

ڕێککەوتنی ئەتۆمی کە بە «برجام» ناسراوە و لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئۆبامادا بە ئەنجام گەیشت، بە بەردەوامی لەلایەن کۆماریخوازەکان و دەوڵەتی ترامپ ڕەخنەی لێ گیراوە. ئەم ڕێککەوتنە کە لە زۆر بواردا پاشەکشەی کۆماری ئیسلامی تێدا بەدی دەکرا و تەنانەت ڕێبەری نیزام ئەو سیاسەتەی هەیئەتەکەی بە «نرمش قهرمانانە» ناو دەبرد، دوای

دەورەیەکی درێژی وتووێژەکان لە نێوان ئێران و پێنج دەوڵەتی زلهێزی جیهان کە یەکیان دەوڵەتی ئەمریکا بوو پەسند کرا و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پێشوازیی لێ کرا. دۆناڵد ترامپ لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن و دوای بوونی بە سەرۆککۆمار قەت دژایەتیی خۆی لەگەڵ ئەم ڕێککەوتنە، کە بە ڕێککەوتنێکی نەشیاو بۆ ئەمریکای دەزانێ نەشاردووەتەوە. ئەو دەبێ پێبەندیی وڵاتەکەی بەم ڕێککەوتنە دەربڕێ، بەڵام تا ئێستا ٣ جار و لە کاتە دیاریکراوەکاندا لەم کارە خۆی بواردووە.

لە سێ دەیەی ڕابردوودی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا، ئەم ڕێژیمە بە مەبەستی بەهێزکردن و پڕ چەککردنی هێزەکانی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە سیاسییەکانی، کە خۆی لە دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پەرەپێدان بە نفووز لەو وڵاتانەدا دەبینێتەوە و، لە ژێر ناوی بردنە سەرێی توانا بەرگرییەکانی بۆ پاراستنی ئێران، هەوڵی خۆ پڕ چەک کردن و تەنانەت دەست پێڕاگەیشتنی بەو جۆرە چەکانە هەبووە کە بە چەکی ستراتێژیک ناویان دەبەن. لەو ساڵانەدا خەرجکردنی سەدان میلیارد دۆلار لە داهاتە نەوتییەکانی وڵات، بۆ بنیادنانی دامەزراوە ئەتۆمییەکان و دروستکردنی چەکی ئەتۆمی و وەک خۆیان دەڵێن بە هەزاران مووشەکی کورت مەودا، کە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگرێتەوە، لە نێوخۆدا هەزینەیەکی وەها قورسی خستە سەرشانی خەڵکی ئێران، کە ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر ئەوانی تووشی فەقیری و نەداری کرد. ئەم یەک لایەنە ڕوانینە بۆ دەوڵەتداری و پاراستنی نیزامەکەیان، بوو بە هۆی لەکارکەوتنی بەشی زۆری کارگە و کارخانەکان و بێکاربوونی کرێکاران و پەککەوتنی بەشە خزمەتگوزارییەکان. بەمجۆرە لەگەڵ بەرەوپێش چوونی هەر هەنگاوێک بۆ دروستکردنی چەکێکی نوێ، کۆمەڵگەی ئێران چەند هەنگاو لە ژیان و پێشکەوتن وەدوا دەکەوت. ئەمەش تەنیا بەشێکی بچووک لەو هەموو نەهامەتییانەن کە بە هۆی سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تووشی خەڵکی ئێران هاتوون و ئاسەوارەکانی ئەم خولیا شەڕەنگێزانە لە نێوخۆی ئێراندا، دەبێ لە داڕمانی ئابووری، بێکاری و تێکچوونی ژیانی خەڵک لە هەموو بوارێکدا ببینینەوە.

بەڵام لە دەرەوەی وڵات ئەم ئاکارانە هەم لە ناوچەدا ترسی زۆری لێ کەوتەوە و هەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بە تایبەت وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندیی تووشی نیگەرانی جیددی کرد. هەر ئەمە وای کرد ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی ڕاسپێردرا بۆ لێکۆڵینەوە لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران. خۆدزینەوە لە وڵامدانەوە و ڕکێشیی کۆماری ئیسلامی لەسەر درێژەدانی پرۆژە نیزامییەکانی زۆر زوو بووە هۆی بەسەردا سەپاندنی سزا ئابوورییەکان و دواتر کۆمەڵێک سزای دیکە بە تایبەت لە لایەن ئەمریکاوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ئەمریکا وەک گەورەترین وڵاتی زلهێزی جیهان بە هۆی خۆبواردن لە هەڕەشەی نیزامی و خۆدزینەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە ناوچەییەکان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لە هەموو شوێنێک بە جۆرێک شوێن پێی ئێرانی پێوە دیار بوو، زۆرتر بە گرتنەپێشی سیاسەتی تەحریم و سزای ئابووری و ماڵی و هەوڵدان بۆ مل کەچ

پێکردنی ئێران، توانیبووی کۆدەنگییەکی باش لە نێو کۆمەڵگەی جیهانی و بە تایبەت لە شووڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دروست بکا. هەر ئەمەش وایکرد کە کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە کۆمەڵگەی جیهانی بە تەنیا بمێنێتەوە و بۆ ڕزگارکردنی کاتیی خۆی، مل بە داواکانی ئەوان بدا. هەرچەند هەتا ئێستاش دەرکەوتوە کە ئەم ڕێژیمە لە هەموو بوارەکاندا بەرامبەر بەو وادە و بەڵێنانەی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵتی داوە وەڵامدەر نیە.

ئێستا دەوڵەتی ترامپ پێداگری لەسەر پێداچوونەوە بە هێندێک لە خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتننامە دەکا و پێیان وایە دەبێ هەموو ڕێگەیەک لە سەرکێشییەکانی ئێران بگیردرێ. ئەو بە دروستی باسی ئەوە دەکا کە بەشێک لەو پووڵانەی بە هۆی ئەو ڕێککەوتنەوە گەڕێندراونەتەوە بۆ ئێران لە ڕێگەی سپای پاسدارانەوە، خەرجی گرووپ و کارە تێرۆریستییەکان کراون و هیچی بە قازانجی خەڵکی ئێران بەکار نەهاتوە و کاریگەریی لە سەر باشبوونی ژیانی خەڵک نەبوە. بابەتێک کە خەڵکی هەژاری ئەو وڵاتە لە چاوەڕوانی سەرکەوتنی بەرجامدا گرینگییان پێ دەدا، و هۆکاری پشتگیری و دڵخۆشییان بە ئاکامی وتووێژەکان بوو. ئێستا ترامپ بۆ جێخستنی ئەم سیاسەتەی لە نێو کۆمەڵگەی جیهانیدا و بە تایبەت لە نێو هاوپەیمانەکاندا بە تەنیایە و دەبێ چوار مانگی دیکە چاوەڕوانی بڕیاری هاوپەیمانەکانی بێ.

ئەوەی پێویستە ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی کاریگەر لەسەر داڕشتنە سیاسییەکان لەبەر چاوی بگرن و ئیمکانی ڕاگرتنی ئەو هاوپەیمانییە دەرەخسێنێ، کە ببینن تەنیا هێزی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاگرتنی بەرجام، پشت بەستن بە خەڵک و بیروڕای گشتییە. لەم مانگەدا دەرکەوت کە ئەم ڕێژیمە هیچ پاڵپشتییەکی خەڵکی نەماوە و ئەو خەڵکە دەنگی بێزاریی خۆیان لە خۆپیشاندانەکاندا بە گوێی جیهان گەیاند. بۆیە پێویستە لە هەر پرۆژەیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و کورتکردنەوەی دەستی ئاژاوەگێڕانەی، پشتیوانی لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و پارێزگاری لە مافی مرۆڤ و کەمینە نەتەوەکان بکرێنە هەوێنی ڕێککەوتنەکان. ئەم کارە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ پاشەکشە کردن بە کۆماری ئیسلامی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٨

---------------------------------

## بریتانیا پشتی کۆماری نەگرت، یەکیەتیی سۆڤییەتیش هیچ ئینتیمایەکی بۆ سەربەخۆیی کورد نەبوو

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە سلێمانی سمینارێکی لە ژێرناوی "ئاستەنگەکانی بەردەم پرسی سەربەخۆیی لە کۆماری کوردستان ڕا تا ئێستا" دا بەڕێوەبرد.

لەو سمینارەدا کە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ٢ی ڕێبەندان بەڕێوەچوو، کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەژار هەورامی، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر لە سێ ڕەهەندی جیاوازەوە باسیان لە چۆنیەتیی دامەزران و هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و هۆکارەکانی شوێندانەر لەسەر ئەو ڕووداوە مێژووییەی کورد کرد.

لە دەسپێکی سمینارەکەدا پەیامی سکرتارییەتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ساڵیادی ٢ی ڕێبەندان و هەروەها مەبەستیان لە گرتنی ئەم سمینارە، لەلایەن نەوزاد فوئاد خوێندرایەوە.
کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دووهەم کۆڕگێڕی ئەم سمینارە بوو کە باسی لە "ململانێی زلهێزەکان لە ئێران و کاریگەریی لەسەر کۆماری کوردستان" کرد.

کەماڵ کەریمی لە تەوەری یەکەمی باسەکەیدا بە ئاماژە بەوە دا کە یەکیەتیی سۆڤییەت لە سەردەمی ڕووداوەکانی پێش و پاش دامەزرانی کۆماری کوردستاندا جێگە و پێگەی دیاری لە ئێرانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانیدا هەبوو، بەڵام ئەوە ئەمریکا و بریتانیا بوون کە توانییان ڕەوتی گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندیی خۆیاندا تەواو بکەن.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەوەرێکی دیکەدا باسی لە کاریگەریی پۆزتیڤ و نیگەتیڤی هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ئێران کرد کە بەهۆی شکانی دەسەڵاتی ڕەزاخانەوە کرانەوەی سیاسیی زیاتر و دروستبوونی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی لێ کەوتەوە و لە کوردستانیش بووە هۆی ئەوەی کوردەکان ئەو دەرفەتە مێژووییە بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بقۆزنەوە. کەماڵ کەریمی لەو پێوەندییەدا تیشکی خستەسەر ئەوەی کە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان جیا لە بەستێنە نێوخۆییەکەی بەرهەمی حزووری هێزەکانی هاوپەیمان لە ئێران بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بریتانیا هیچ پشتیوانییەکی لە کۆماری کوردستان نەکرد و بە گشتی بریتانیا هەتا ئێستاش لە ستراتیژیی سیاسیی خۆیدا نەچۆتە پشت پرسی سەربەخۆیی کورد و دوا نموونەش هەڵویستی ئەو وڵاتە لەبەرامبەر ڕاپرسییەکەی سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان بوو. لەولاش یەکیەتیی سۆڤییەت قەت ئینتیمای بۆ سەربەخۆیی کورد نەبوو و ویستوویانە کوردستان بەشێکی خودموختار لە وڵاتی ئازەربایجان بێ، بەڵام ئەوە پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بوون کە کۆماری کوردستانیان کردە ئەمری واقع لە بەردەم سۆڤییەت و ئێران و هێزەکانی دیکەی هاوپەیماندا.



سەرچاوە
Serchawe

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشی کۆتایی باسەکەیدا پەرژایە سەر هۆکارەکانی کشانەوەی هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت لە ئێران و کاریگەریی لەسەر هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان و هۆکارەکانی بەرگری نەکردنی کۆماری کوردستان. بەرێزیان لەو بەشەدا پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە رێبەرانی کورد لە کۆماری کوردستان زۆر زیاتر لەوەی دەکرا دەسکەوتیان بۆ پرۆسەی دەوڵەت - نەتەوەی کورد بەدی هێنا و زۆر لەوەندەی لە توانایاندا هەبوو توانییان نەخشی خۆیان بگێڕن و پرسی کورد ببەنە خانەیەکی دی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠١٨

---------------------------------------------

## ڕوونکردنەوە

سایتی ئاوێنە ڕۆژی ٢٤ - ١ - ٢٠١٨ وتووێژێکی کاک مستەفا هیجریی بڵاو کردووەتەوە لەم وتووێژەدا کاک مستەفا لە هێندێک شوێنیدا باس لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و مەسەلەی یەکگرتنەوە دەکا. بۆ ڕەواندنەوەی هێندێک گومان و دڵنیاکردنەوەی ئەو یەکگرتووخوازانەی کە لەوانەیە ئەم جۆرە باسانە نیگەرانیان بکا بە پێویستمان زانی ئەم ڕوونکردنەوەیە بدەین:

کاک مستەفا کە لە سەرەتای وەڵامدانەوەکەیدا زۆر بە باشی قسە لەسەر یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزب دەکا بەداخەوە، دواتر بەسەر هێندێک بابەتدا دەکەوێ کە بێگۆمان هەردوو لایەن دەبێ لەو هەلومەرجەدا زۆر بەرپرسیارانەتر لێیان ورد بېنەوە و قسەیان لەسەر بکەن.

* ئەوەی کە کاک مستەفا هیجری مەسەلەی ڕێفۆرم لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، لە هەوڵی سکرتێری پێشووی حیزب، بۆ وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران"دا، کورت دەکاتەوە و هیچ پێوەندییەکی بە ڕێفۆرم لە حیزبێکدا نیە و ناوی"هەوڵی نزیکبوونەوە لە ئێران"ی لێدەنێ، لەلایەک حاشاکردن لە سیاسەتێکە کە لە ٣٨ساڵی ڕابردوودا حیزبی دێموکرات هەم ئەو کاتەی یەکگرتوو بوو، هەم ئەو ساڵانەی دوایی کە بووە بە دوو لایەن، پێداگرییان لەسەر کردووە. ئەوە کە کۆماری ئیسلامی چ وەڵامێکی بەم داوای ٣٨ ساڵەیە داوەتەوە، هیچ لە مەوزووعەکە ناگۆڕێ. لە لایەکی دیکەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شاهیدی هەموو بەڵگەنامەکانی و لەگەڵ هەموو کەم و کوورییەکانی، هەوڵی ڕیفۆرمی لە نێو تەشکیلات و ڕێکخراوەکانی خۆیدا داوە کە، تەنیا ئیشارە بە دەستاودەست کردنی دەسەڵات و پۆستە حیزبییەکان و گۆڕانی دوو سکرتێر لە ماوەی سێ کۆنگرەی ئەم حیزبەدا بە نموونە دێنینەوە. بە بێ ئەوەی ئەم ئاڵوگۆڕانە بووبنە هۆی دروستبوونی کێشەیەکی ڕێکخراوەیی لەم حیزبەدا. ئیستا بەڕێز هیجری ڕیفۆرم بە چی دەزانێ ئەوە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.

* لەسەر جیابوونەوە و لێکدابران کە دەڵێ "من دەڵێم هیچ مانایەکی نیە"، کاک مستەفا ئەگەر دەیهەوێ پەی بەمانا و هۆی ئەم ڕووداوانە ببا، حەق وایە بگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ڕابردووی بە یەکەوە بوونمان و لە چۆنیەتی ڕوانینیان بۆ کاری ڕێکخراوەیی و هەڵسوکەوتیان لە گەڵ تاکەکانی حیزبدا ورد ببنەوە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر بە چاوی خەسارناسی و ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو ئەم ئاوڕە بدەنەوە، مانا و هۆکاری لێکدابڕان و جیابوونەوەکان دەدۆزنەوە و دەگەنە ئەو ئاکامە ئەگەر بیهەوێ حیزبی دیموکرات یەک بگرێتەوە و بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، پێویستە ئەم جۆرە ڕوانینە گۆڕانی بە سەر دابێ.

بێگومان بۆ ئەوەی "زەمینەیەکی هاوشێوەی ئەم چەند ساڵە دروست نەبێتەوە"، پێویستە بە مەسئولییەتی زیاترەوە سەیری کێشەکان بکرێ و لێدوانیان لەسەر بدرێ.

* لەو شوێنەش کە باس دەکا "یەکگرتنەوە پێویستی بە دوو لایەن هەیە... ئەگەر تەنها یەک لایەن لێبووردنی هەبێت... یەکگرتنەوە سەخت دەبێت"، هەموو لایەک ئاگادارن کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژە بۆ لابردنی یەکەم کۆسپی سەر ڕێگەی ئەوان، یەک لایەنە ڕایگەیاندووە کە لە پێناوی یەکگرتنەوەدا، کە ئەویش گرێدراوە بە ڕێککەوتنی کۆتایی و بە پەسندی هەردوولا، ئامادەیە لە "ژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا درێژە بە تێکۆشان بدەین".

* سەبارەت بە ڕێککەوتنەکانی تا ئیستاش، هەرچەند لەسەر زۆر بابەتی پێشنیاری هەردوولا لێک نزیک بووینەوە و هەیئەتەکان بە نیازپاکییەوە کاریان بۆ لێک تێگەیشتن کردوە، بەڵام لە سەر هیچ خاڵێک ڕێککەوتنی کۆتاییمان نەبووە و پۆستی سکرتێرییش یەک لەو خاڵانەیە کە هیچ ڕێککەوتنێکی لە سەر نەکراوە. بە تایبەت کە سکرتێر بە پێی پێڕەوی نێوخۆی ئێستای هەر دوولایەن، لە دوای کۆنگرە و لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە هەڵ دەبژێردرێ و بڕیاری لەسەر دەدرێ.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، ئێمە بە گەشبینییەوە دەڕوانینە ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی ڕێبەری و هەیئەتەکانی هەردوولا لە ئەستۆیان گرتووە و هیواداریین، ئەم جۆرە وتوویژ و لێدوانانە کار نەکەنە سەر ئیرادەی یەکگرتووخوازانی دێموکرات لە هەر دوولا و وەک جاران پاڵپشتی بەرەو پێشچوونی ئەو ڕەوتە مێژووییە بن.

کەماڵ کەریمی

بەرپرسی هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پرسی یەکگرتنەوە

٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٦

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جانێوێری ٢٠١٨

---------------------------------------------

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حدک بە بۆنەی ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان

هاونیشتمانانی بەڕێز!

هاوڕێیانی خۆشەویست!

پێشمەرگە قارەمانەکان!

٧٢ ساڵ لەمەوبەر لە هەلومەرجێکدا ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەنگاویان بۆ دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستان هەڵێنایەوە کە، بە دوای تێکشکانی فاشیزمی هیتلێری و دەوڵەتە بە هێزەکانی هاوتەریبی لە لایەن هاوپەیمانییەتی جیهانییەوە، گۆڕانێکی زۆر لە سیستمی دەسەڵاتداری لە زۆر وڵاتانی ئورووپا و ئاسیادا پێکهات. ئەم گۆڕانکاریانە زۆر لەو وڵاتانە و دواتریش زۆر وڵاتی دیکەی جیهانی لە ژێر چنگی دەسەڵاتی سەرمایەداری کۆن ڕزگار کرد و هێوای ڕزگاری مرۆڤایەتی لە چنگ زوڵم و زۆرداری و گەیشتنی بە ئازادی و دنیایەکی دێموکراتی لە هەموو شوێنێک بڵاو کردەوە.

ڕیبەرانی نەتەوەی کورد کە هەتا ئێستاش گەورەترین نەتەوەی بندەست و بێ دەوڵەتی جیهانە، بە سەرکردەیی پێشەوای

نەمر قازی محمد بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی دروست و بەجێی ئەو بارودۆخە سیاسییە، لە حاڵێکدا کە ئێران بە هۆی پێخوست بوونی لەژێر باری قورسی هێزەکانی سۆڤییەت، ئینگلیس و ئەمریکا، کە هەر کام لە لایەکەوە بەشێک لە خاکەکەیان خستبوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ و تەنیا چەند مانگ دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد و لە نێو ئاپۆرای جەماوەری دەیان هەزارکەس لە هاونیشتمانیانی کوردستان کە لە شارەکانی ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە ڕوویان لەو شارە کردبوو، دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند و بەمجۆرە خەونی لە مێژینەی ئەو نەتەوەیان کردە ڕاستی، کە لە پێناویدا بە هەزاران قوربانییان بۆ دابوو.

ئەم هەنگاوە بوێرانەی پێشەوای نەمری کورد، دوای ئەوەی کە زانیان حکوومەتی حەمەڕەزاشا و پشتیوانە دەرەکییەکانی ئەمریکا و ئینگلیس ئامادە نابن دان بە مافە ڕەوا نەتەوەیی و ئینسانییەکانی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێران بە تایبەتی کورددا بنێن، نە تەنیا تاکە ڕێگەیەک بوو کە لەبەر دەمیاندا مابوو، بەڵکوو کارێک بوو کە غورووری نەتەوەیی کوردی بەرز ڕاگرت و ئەگەر هەموو دەسەڵاتی خۆیان بەکار هێنا و هەوڵیان دەدا دەنگی کوردان کپ بکەن، پێشەوا و هاوڕێیانی کردیانە سەرەتایەکی نوێی مێژوویی حاشاهەڵنەگر بۆ نەتەوەی کورد. هەر بۆیە لە دوای تێپەڕینی ٧٢ ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوە گرینگە مێژووییەدا، نە تەنیا حیزبەکەی پێشەوا حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یادی ئەم ڕۆژ و ڕووداوە مەزنە دەکەنەوە، بەڵکوو لە تەواوی نیشتمانی کوردستان و هەموو کوردێک لە پانتایی جیهاندا، بەڕێزەوە دەڕواننە ئەم ڕووداوە و بە سەربەرزییەوە یادی دەکەنەوە. بەداخەوە بە هۆی ناهاوسەنگی هێزوگۆڕانکارییە سیاسییە چاوەڕواننەکراوەکان و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی شا لە دوای ١١ مانگ کۆتایی بە تەمەنی ئەم کۆمارە هات.

٧٢ ساڵ تێدەپەڕێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان، داڕێژەرو پشتیوانی سەرەکی ئەم پرۆژە نەتەوەییە هەتا ئێستاش بە بەردەوامی لە سەنگەری خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و ئاواتەکانی پێشەوا قازی تێدەکۆشێ. لەم ماوەدا چەندین قۆناغی بە سەرکەوتن و پاشەکشە تێپەڕاندوە، بەڵام هەمیشە بە چاوی ئومێدەوە ڕوانیویەتیە داهاتوو و ڕێبەری خەباتی کردوە. ئازادی و دێموکراسی و دابینکردنی مافە ئینسانی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، ئەو دروشمانە بوون کە لە نێوەرۆکی بەرنامەکەی کۆماردا هاتبوون و ئێستاش داوای سەرەکی هەموو خەڵکی کوردستانە. داوایەک کە ئەم ڕۆژانە بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و لە هەر فرسەتێکدا و بە هەر شێوازێک کە بۆیان کرابێ، ڕووبەڕووی دەسەڵاتدارانی ئێرانیان کردوونەتەوە. ئەمانە لە هەلوومەرجێکدا بوون کە ٣٨ ساڵە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران نە تەنیا وڵامێکی بۆ ئەم خەڵکە ستەملێکراوە و داخوازییەکانیان نەبوە، بەلکوو لە هەر شێوە و

لە هەموو ئیمکاناتێکی لەبەر دەستیدا بوە بۆ کپکردنی دەنگی ئەوان لە ڕێگەی سەرکوتەوە کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام نەیانتوانیوە پێش بە بەرەوپێشچوونی کاروانی پێشکەوتن و هەڵبڕینی دەنگی مافخوازانە و هەنگاونان بەرەو سەرکەوتن بگرن.

بەڕێزان:

لە ٣٨ ساڵی ڕابردوودا خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان هاوشان لەگەڵ پێشمەرگە قارەمانەکانیان، لە دژی کۆماری ئیسلامی و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە خەباتی سەختی بەرەنگاری لە دژی کۆماری ئیسلامیدا بەشدارییان کردوە و لەو ڕێگەدا ئەم گەلە سەربەرزە قوربانی زۆری داوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەش هیچ هەلێکی لەدەست نەداوە کە لە شار و گوندەکانی کوردستان لە دژی سیاسەتە دژی گەلییەکانی ئەم ڕێژیمە دەنگ هەڵبڕێ و دەنگی ئازادی و مافخوازانەی خۆی بە گوێی هەموو لایەک بگەیەنێ. بەڵام وڵامی هەمیشەیی ڕێژیم بەم ناڕەزایی دەربڕینانە بەکارهێنانی هێز و سەرکوت بوە. سیاسەتێک کە نە تەنیا نەیتوانیوە مەبەستەکانی ڕێژیم وەدی بێنێ بەڵکوو ڕۆژبەڕۆژ بوەتە هۆی زیادبوونی ڕق و توورەیی خەڵک لەوان. لە درێژەی ئەم سیاسەتانەدا و گوێ نەدان بە داخوازییە بنەڕەتییەکانی خەڵک و گرینگی نەدان بە ژیان و داهاتووی خەڵکی ئێران بە گشتی، کە نە تەنیا کوردستان بەڵکوو هەموو وڵاتی ئێران و نەتەوە ژێردەستەکانی ئەو وڵاتەی گرتبوەوە، نزیک بە مانگێک لەمەوبەر ڕق و توورەیی پەنگخواردووی چەندین ساڵەی چین و توێژی هەژار و وەزاڵەهاتو لە دەست ڕێژیم، خۆپیشاندانی هەزاران کەسی لە شارو شارۆچکە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی لێکەوتەوە.

لە ساڵانی ڕابردوودا و لە هێندێک لە دەورەکانی هەڵبژاردنی مەجلیس و سەرۆک کۆماریدا، بەشێک لە خەڵکی ئێران بە ئومێدی ڕاست دەرچوونی وادە و بەڵێنەکانی ئەم یا ئەو کاندید، لەم یا ئەو جێناحی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم، و لە چاوەڕوانی گۆڕانکارییەک کە بتوانێ لە جیاتی گرتن و زیندان و کوشتن لانیکەمی ئازادی و بژێوی ژیانیان بۆ دابین بکا، هەوڵیان دەدا بە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانیان ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوون لەو هەموو نەهامەتییەی بەسەریاندا هێناون ببیننەوە. بەڵام کاتێ کە دەرکیان بەوە کرد کە دەنگی ئەوان لە پشت سەری هەر کاندیدێک تەنیا بۆ فریودان و ڕاگرتنییان لە ژێر باری قورسی زوڵم و ستەمی هەر ئەو ڕێژیمەدایە، و زانیان سات و سەوداکانی جێناحەکانی ڕێژیم بۆ قایم ڕاگرتنی بناخەکانی زوڵم و بێدادی و گرینگی نەدانە بە ژیان و داهاتووی ئەوان، هاتنە مەیدان و دروشمی دژی دەوڵەتی ڕۆحانیان گۆڕی بۆ دروشمە ڕاستەقینەکان و، دامەزرێنەر و ڕێبەر و نیزامی کۆماری ئیسلامییان کردە ئامانج. ئەوان بە دروشمەکانیان پەیامی زۆر ڕوونی بێزارییان لە درێژەکێشانی تەمەنی ئەو ڕێژیمە بە گوێی هەموو دنیادا دا.



سەرچاوە
Serchawe

ئەو خەڵکە لە نەبوونی ئازادی و بە زانیاری لەسەر بەهەدەردانی زۆرترین سەرمایەکانی وڵات لە لایەن ڕێژیم لە دەرەوە، ئەویش بۆ شەر بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتە دژی گەلی و کۆنەپەرستەکانی هاوچەشنی خۆی و پەرەپێدان بە نفووزی ئیدئۆلۆژییە ئایینییەکەی خۆیان لە ناوچەدا لە ڕێگەی گرووپ و شەبەکە تێرۆریستییەکانیەوە، گەندەڵی ئیداری و دزینی پووڵی خەڵک لە لایەن کاربەدەست و دەست و پێوەندەکانیانەوە، کە ئەمڕۆژانە بەشێک لە نوێنەران و کاربەدەستانی دەوڵەت ئێعترافی پێدەکەن، گوێ نەدانی بە بەرنامە بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەوان و پلانی زۆر بۆ بێبەشکردنی ئەو خەڵکە لە بەشداریکردنیان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، ڕێگەی شەقامیان گرتەبەر. ئەو خەڵکە کە نیزام و لەسەرووی هەموانەوە دەزگای ڕێبەری بە هۆکاری ئەو ستەم و نەهامەتییانە دەزانی، گۆڕانی نیزامیان وەک تاکە ڕێگەی بەردەمیان دەدیت. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ڕێبەرانی نیزام سەرمەست لە پێداهەڵگوتنەکانیان بە سەرکەوتنەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکان و بێ ئاگا لە دەروونی پڕ خرۆشی خەڵک، تەنیا چاویان بڕیبوە توانای هێزە ئینتیزامییەکان و هێزی سپای پاسداران. ئەو هێزانەی کە دەرکەوت لە ڕۆژانی هاتنە سەر شەقامی خەڵک چەندە بەرامبەر، بە هێزی خرۆشاوی خەڵک دەستەوەستانە.

**هاونیشتمانانی بەڕێز**

ساڵانێک بوو کە ڕێبەری نیزام دەیەویست بە بەهانەی دوژمنکارییەکانی خەیاڵیی دنیای دەرەوە چاوبەستی خەڵک بکا و لەو بەربەرەکانێدا کە هیچ بەرژەوەندییەکی گەلانی ئێرانی تێدا نەبوو، ئیدعای دەکرد کە خەڵک لە پشت سەری نیزامە و هیچ لایەنێک بە بوونی ئەو خەڵکە ناتوانی چاو لە ئێران بکا. ئەوان کە بە هۆی سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی خۆیان و تەنیا بۆ پاراستن و پەرەپێدانی دەسەڵاتی نیزامەکەیان ببوونە هۆکاری دروستبوونی فشارێکی نێودەوڵەتی لەسەر ئێران کە هیچ خێرێکی بۆ خەڵک جگە لە چوونەسەری ڕێژەی بێکاری، فەقر، پەرەسەندنی فەزای نائەمنی و بێ باوەڕ و لێکترازانی شیرازەی ژیانی کۆمەڵایەتی نەبوو، بە بەرەوپێش بردن و درێژەپێدان بەم سیاسەتانە، بە ڕوونی ئەو ڕاستییەیان دەردەخست کە ڕێبەرانی جۆراوجۆری نیزام هەست بە هیچ بەرپرسایەتییەک بەرامبەر بە ژیان و داهاتووی خەڵک ناکەن. پەسەندکردنی بوودجەی ساڵی ١٣٩٧ بە پێچەوانەی ئیدعا و بەڵێنەکانی سەرۆککۆمار لە کاتی هەڵبژاردنیدا لە لایەن دەوڵەتەکەیەوە، کە بەشە خزمەتگوزارییەکان و بە تایبەت بەشەکانی پەروەردە و لەشساغی کەمترین پشکیان بۆ دیاریکراوە لە حاڵێکدا لە وڵاتێکی قەیراناویی ئابووری وەک ئەمڕۆی ئێراندا دیسان بوودجەی دیفاع و سپای پاسداران زیاتر لە سی دەرسەد زیاد دەکرێ، نیشانەیەکی ڕوونە بۆ گوێ نەدانی ئەوان بە چاوەڕوانی و ویست و داخوازەکانی خەڵک تەنانەت ئەوانەش کە لە گەڵیانن.

**هاووڵاتیانی خۆشەویست**

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە و بەر لە هەموو خەڵکی ئێران، هەستی بە بێ کیفایەتی ئەو ڕێژیمە کردوە و بە بەشداری نەکردن لە ڕێفراندۆمدا لە بناغەدا ڕەوابوونی ڕەت کردوەتەوە و ئێستاش بەشێکن لەو لەشکرە میلیۆنییەی خەڵکی ئێران کە لەگەڵ ئەوەی بە زیادەوە باری قورسی ئەو زوڵم و بێدادییەیان لەسەر شان ڕاگرتوون، بە درێژایی ٣٨ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی خەبات دەکا. ئەم گەلە لەو ماوەدا هەوڵی داوە بە خەباتی خۆڕاگرانەی لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیم، بوون و مانی خۆی بە ئیسپات بگەیەنێ و ئەگەر لە بەرەنگاری پێشمەرگانەدا مێژوویەکی سەربەرزانەی بۆ خۆی تۆمار کردووە، لە بوارەکانی دیکەشدا چالاکانی سیاسی و فەرهەنگی لە بواری تێکۆشانی مەدەنیدا کارنامەیەکی پڕشنگداریان بۆ گەلەکەیان نەخشاندووە. ئەگەر دەوڵەت تا ئێستاش ئامادە نەبوە تەنانەت مادەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی نیزامەکەیان بۆ خوێندن بە زمانی زگماکی لە ئێراندا جێبەجێ بکا، مامۆستایان و کوردی زانانی کوردستان، بە ماندووبوون و هەزینەی خۆیان هەوڵی فێرکاری زمانی کوردییان داوە و بە هەزاران منداڵ و لاوی کوردیان بە خوێندنەوە و نووسینی زمانی شیرینی خۆیان ئاشنا کردوە. شاعێران و ئەدیبان بە بەردەوامی چرای کۆڕە ئەدەبییەکانیان ڕۆشن ڕاگرتووە و هەڕەشەکان نەیانتوانیوە پێش بە دەربڕینی هەستی ناسکی کوردانەیان بگرێ. ژینگە پارێزان، مامۆستایانی ئایینی نیشتمانپەروەر و تەنانەت ئەوانەش لە کاری خزمەتگوزاریدا بە یارمەتیدان بۆ دروستکردنی قوتابخانەیەک یا بنکەیەکی پزیشکی بۆ شار و گوندەکەیان، بە تێکڕا نیشانیان داوە کورد نەتەوەیەکی خۆڕاگر و ئەرک وەخۆگرە و هیچ ڕێژیم و سیاسەتێک ناتوانێ بیری ئازادیخوازانە و مافخوازانەی ئەوان کە هەڵقوڵاو لە بیری نیشتمانپەروەرانانەیانە لە بن بێنێ. لەم ڕێگەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بە پاڵپشت و یارمەتیدەری هەموو ئەو تێکۆشەرانە دەزانێ و هیواخوازین درێژەی ئەم تێکۆشانە لە بەرەبەیانی ئازادیدا یارمەتیدەر بێ بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ئازاد و دێموکراتیک، ئەوەی لە کۆماری کوردستاندا هەوڵی بۆ دەدرا.

**خەڵکی خۆڕاگری کوردستان**

ئێستا بە ڕوونی و بۆ هەموو لایەک دەرکەوتوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ ڕێگەیەکی لە بەر دەمدا نەماوە بۆ چارەسەری و خۆرزگارکردن لە چنگ ئەو هەموو قەیرانەی کە خۆی و بەرنامەکانی خوڵقێنەری بوون. ئەو ڕێژیمە یا دەبێ تەسلیمی ئیرادەی بە هێزی خەڵک بۆ گۆڕانێک بێ کە هەموو ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران و سەرجەم خەڵکی ئێران دابین بکا کە شتێکی چاوەڕواننەکراوە، یا جارێکی دیکە دەکەوێتە بەر ڕقی پڕ خرۆشی خەڵک و ئاواتی کۆتایی تەمەنی

وەدی دێ. بۆیە پێویستە هەموو لایەک بە هەست بە بەرپرسایەتی زیاترەوە، لە هەر بوار و لە هەر فرسەتێک بۆ خەباتی یەکگرتوانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئینسانی و نەتەوەییەکانمان کەڵک وەرگرین. دیارە لێرەدا بە گرینگییەوە دەبێ بڕوانینە ئەرکی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بۆ یارمەتیدان بەم یەکگرتووییە. ئەرکێک کە هەموو خەڵکی کوردستان چاوی لێیەتی.

**بەڕێزان!**

ئێمە لە بیرەوەری ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، بە هیوا و گەشبینییەوە دەڕوانینە داهاتووی خەباتی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەلانی ئێران بە گشتی. ئێمە ئێستا لە هەمووکات زیاتر بێزراویی کۆماری ئیسلامی لە نێو خەڵکی ئێران و لێبڕاویی گەلانی ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە تەمەنی زۆرداری و دیکتاتۆری ئەو ڕێژیمە دەبینین. هەر بۆیە پەیاممان لەم ڕۆژەدا بۆ ئێوە ئەندامانی حیزب، هۆگرانی ڕێگە و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە، پێویستە یەکگرتوانە و شێلگیرانە لە قۆناغی ئێستای خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامیدا حوزوورمان هەبێ.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی ئەم ڕۆژەتان لێدەکەین، بە هیوای وەدیهێنانی ئامانجە لە مێژینەکانتان

حیزبی دێموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

١ - ١١ - ١٣٩٦

(لە ژمارەی ٧١٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٨

-----------------------------------------

## لە یادی شۆڕش و بەرەو ڕێبەندانێکی نوێ



سەرچاوە
Serchawe

ئەم ڕۆژانە ئێران لە ساڵیادی شۆڕشی ٢٢ی ڕێبەندان نزیک دەبێتەوە. ساڵی ١٣٥٧ گەلانی ئێران لەو ڕۆژەدا و بە دوای زیاتر لە ساڵێک خەباتی ئاشکرای خیابانی و دوای هەڵاتنی حەمە ڕەزا شا، کۆتاییان بە تەمەنی ڕژیمێک هێنا کە لە ماوەی پێنج دەیەی لەدوای یەک، گوێی خۆی لە دەرد و ئازاری ئەو خەڵکە ئاخنیبوو و هاواری ئازادیخوازانەی ئەوانی بە گرتن و زیندان و ئەشکەنجە وەڵام دەدایەوە.

سەرەڕای بەرنامەکانی شا و دەست و پێوەندەکانی لە پێشکەوتنی ئابووری و سەنعەتیکردنی وڵات و پەرەسەندنی ئێران لە بواری فێرکاری و تەندروستی و بە گشتی چوونەسەرێی ئاستی ژیانی خەڵک کە تا ڕادەیەک سیمای ئێرانی گۆڕیبوو، دەسەڵاتی سەرمایەداری بەستراوە بە دەرەوە و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی تاکەکەسی کە خۆی لە دەسەڵاتی شادا دەدیتەوە، لەلایەک ڕۆژبەڕۆژ زیاتر چین و توێژی هەژار و مام ناوەندیی کۆمەڵگەی بەرەو فەقر و نەداری پاڵ پێوە دەنا و، لەلایەکی دیکەوە بۆ کپکردنی دەنگی نارەزایەتییەکان، ساڵ بە ساڵ زاڵبوونی فەزای پۆلیسی بەسەر ئێراندا پەرەی دەگرت و ئازادیخوازانی وڵات زیاتر دەکەوتنە بەر پەلامار و سەرکوتی ئەو ڕێژیمە. لە ئاکامی پێداگری و درێژەدانی ئەو سیاسەتانەدا بوو کە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ڕاپەڕیو، ڕێگەیەکیان لەبەر دەمدا نەمابوو جگە لەوەی کە کردیان و تێیدا سەرکەوتن.

ئەو ڕۆژە بوو بە ڕۆژی خۆشیی سەرکەوتنی گەڵ و زیندووبوونەوەی هیواکان بە داهاتوو و گەیشتنی هەموو ئێرانییەک بە ئازادی و ژیانێکی سەردەمیانەی شایانی مرۆڤی ئەم سەردەمە. هەرچەند زۆری پێ نەچوو کە، دەسەڵاتدارانی تازە و بە تایبەت ئاخوندەکانی تینووی دنیا و دەسەڵات بە خۆفەڕزکردنیان لەسەر هێزی شۆڕش و خەڵکی ئێران بەرەبەرە چاوی هیوای ئەو خەڵکەیان کوێر کرد و ئەوانیش هەر جێ پێی خۆیان زیاتر قایم دیت، هەموو ئامانجەکانی خەڵک و شۆڕشەکەیان لەبیر کرد و پێش هەموو شتێک ئازادی ئەو خەڵکەیان لێ زەوت کردنەوە. لە بواری مافی مرۆڤیشدا ڕووی شا و یاسا و زیندانبانەکانیان سپی کردەوە و بۆ ژیانی خەڵکیش وایان کرد، خۆزگە بۆ ساڵانی ڕابردوو بخوازن. ئێستا ٣٩ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕێ و وەک هەموو ساڵێک چاوەڕوان دەکرێ کە خەڵک یادی ئەو ڕۆژە بکەنەوە.

ڕۆژێک کە خەڵک بە هی خۆیانی دەزانن نەک دەسەڵاتدارانی ڕێژیم. لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا ڕێژیم هەوڵی داوە بە وەڕێخستنی کارناڤاڵی میلیۆنی لە یادی شۆڕشدا، وا نیشان بدا کە ئەو خەڵکەی لەو ڕێپێوانانەدا بەشدار دەبن بۆ پشتگیری لە ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان و ڕێژیمەکەیانە و ڕێبەری ڕێژیم بە بەردەوامی ئەمەی بە چاوی نەیارانی نێوخۆیی و دەرەکیدا داوەتەوە. هەروەها ڕێژیم هەمیشە هەوڵی داوە نارەزایەتییەکانی خەڵک بە کاری کەمینەیەکی فریوخواردووی دەرەوە لە قەڵەم بدا، بەڵام خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٨٨ و ڕاپەڕینەکانی خەڵکی شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە پانتایی وڵاتدا لە

مانگی بەفرانباری ڕابردوو، ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەی خستە بەر چاوی جیهان کە خەڵک ڕیزی خۆیان لەو دەسەڵاتدارە ئایینی و نیزامییانە جیا کردوەتەوە کە وەک حەمەڕەزاشا هەموو شتێک بۆ بەهێزکردن و پاراستنی دەسەڵاتەکەیان حەڵاڵ دەکەن.

بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئێران لەم ٣٩ ساڵەدا بەرەو کوێ ڕۆیشتوە و خەڵکەکەی بە کوێ گەیشتوون؟

ئەگەر ٣٩ ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ هەموو کیشەکانی ڕێژیمی شا لە نێوخۆدا ئێران وڵاتێکی جێی باوەڕ بوو بۆ وڵاتانی دیکە، لە سایەی دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا، ئێران ئیستا لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا یەکێک لە بیزراوترین ڕێژیمەکانی سەردەمە. ئاستی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بە تایبەت لە ناوچەدا، گەیوەتە جۆرێ لە بێ متمانەیی تەواو و زۆربەی وڵاتان بە گومانەوە دەڕواننە سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە. هەر ئەمە وای کردوە جگە لەو بێ متمانەییە، بۆ ڕاگرتن و پاشگەزکردنەوەی لەو سیاسەت و کردەوانەی کە دژ بە وڵاتانی دیکە گرتوویەتیە بەر، لە بواری دیپلۆماسی و ئابوورییەوە بە بەردەوامی بکەوێتە ژێر گوشاری وڵاتە زلهێزەکان. دیارە ئەم کارەش ڕاستەوخۆ شوێنی لەسەر ژیانی خەڵک داناوە و ئەو وەزعەی خوڵقاندوە کە هەموو خەڵکی ئێران لێی بێزارن و ڕاستەوخۆ بەرپرسانی ڕێژیم بە تایبەت کەسی یەکەم، ڕێبەر عەلی خامنەیی لێ بە بەرپرس دەزانن.

لە نێوخۆی ئێراندا، پیشکەوتنە ئابووری و سەنعەتییەکانی ٣٩ ساڵ لەمەوبەر ڕاوەستاون، کارخانەکان بەرەبەرە بەرەو لە کارکەوتن و داخران دەڕۆن، ئامارە ڕەسمییەکانی دەوڵەت کە زۆریش جێی باوەڕ نین، باری خراپی ژیانی کۆمەڵگەی ئێران دەخەنە بەرچاو. هەژاریی هەوسارپچڕاو، بێکاریی ڕوو لە زیادبوون، پەرەگرتنی نەخۆشییە درمەکان، پێڕانەگەیشتنی تەندروستی، چوونە سەرێی نەخوێندەواری بە هۆی فەقر و نەبوونی ئیمکاناتی خوێندن و پەرەگرتنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر بابەتی دیکە کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ژیانی خەڵک بە تایبەت چینە هەژار و کەم دەستڕۆیشتوەکانەوە هەیە، بەشێکن لەو کارەساتانەی لەو ٣٩ ساڵەدا و لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا نەسیبی خەڵکی ئێران بوون. ئەمە جگە لە زەوتکردن و بەربەست دانان بۆ هەر چەشنە ئازادییەک کە لە چوارچێوەی یاساکانی مافی مرۆڤدا بۆ هەموو ئینسانێک بە ڕەوا دەبیندرێ.

لە کوردستانیش، سەرباری هەموو ئەو بەڵایانەی کە وەک بەشێک لە دانیشتووانی ئێران ڕووبەڕوویان بوەتەوە، بە هۆی کوردبوون و خەباتیان لە پێناو وەدەست هێنانی ئامانجە ئینسانی و نەتەوەییەکانیان، بە بەردەوامی لە ژێر سزای قورسی ئابووری و ئەمنییەتیدا ڕاگیراون. پێشگرتنی بە پلانی پێشکەوتنی ئابوری لە بواری سەنعەتی و کشت و کاڵ و تەنانەت

بازرگانییەوە کە هۆکارێکی بەرچاوە بۆ زیادبوونی بێکاری وەک لە کرماشان کە نرخی بێکاری لە ٥٠ لەسەدی تێپەڕاندوە، پەنابردنی خەڵک بۆ کۆڵبەری کە بە کار بە حیساب نایەت و بە نیزامیکردنی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان وەزعێکی نالەبارتری بۆ ژیانی خەڵک دروست کردوە. هەر بۆیە ئیستا خەڵکی ئێران بە گشتی بەدەرکی دروست و ناسینی ماهییەتی ڕێژیم، دوای ئەوە هەموو ڕێگەکانی بەرەو گۆڕانیان تاقی کردەوە و دەسکەوتێکیان نەبوو، ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی ڕێژیمیان لە تەواوەتیی خۆیدا بە هەموو تاقم و دەستە جۆراوجۆرەکانیەوە هەڵبژاردوە و لە خۆپیشاندانەکانی ئەمڕۆژانەش دا دروشمی نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیان بەرز کردەوە.

ئەوان دەیانەوێ و دەبێ لە ٢٢ی ڕێبەندانێکی نوێدا دوا پەیامی خۆیان بە گوێی دنیادا بدەنەوە کە، ئێرانێکی ئارام و ئازادیان دەوێ و وەک ساڵی ٥٧ کە جیلەکانی ئەودەم قسەی خۆیان بۆ لادانی حکوومەتی پاشایەتی بردە سەر، ئەمجارە و جیلی ئەم سەردەمە شەڕی حکوومەتی دینی خامنەیی و دارودەستەکەی لە کۆڵ خۆیان و جیهان بکەنەوە. هەنگاوێک کە نە تەنیا ئێران بەرەو ئارامی و پێشکەوتن دەبا، بەڵکوو وڵاتانی ناوچە و جیهانیش لە بەڵای سیاسەتی کۆنەپەرەستانە و تێرۆریزمی دەوڵەتی ڕزگار دەکا.

(لە ژمارەی ٧١٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠١٨

-----------------------------------------

## کارتێکەریی هێزەکانی هاوپەیمان لە دروستبوونی کۆماری کوردستاندا

لەگەڵ دەسپێکی شەڕی دووهەمی جیهانی و سەرەڕای ڕاگەیاندنی بێلایەنیی ئێران، ئەو وڵاتە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە داگیر کرا.

یەکیەتیی سۆڤییەت لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران و لە دەریای خەزەرەوە لە ڕێگای تورکەمەنستانەوە هێزەکانیان دەگەیننە ئێران و لە ڕاستیدا بەشی هەرە زۆری باکووری ئێران داگیر دەکەن و هێزەکانیان لە ئازەربایجان و بەشێک لە ڕەشت و گیلان جێگیر دەکەن و تەنانەت لەوبەر دەریای خەزەریشەوە هەتا سمنان هێزەکانیان جێگیر دەبن. هاوکات بریتانیاش کە لە

بەغدا جێگیر ببوو، لە ڕێگای خانقینەوە هێزیک بەڕێ دەکاتە ئێران لە کرماشان، هەمەدان و قەزوێن جێگیر دەبێ و ئەوە ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ ئەوەی هێزەکانی بریتانیا بتوانن دەست بەسەر بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان بە تایبەتی لە ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەقز، سنە هەتا کرماشان و خوارتر دابگرن. بریتانیا هەروەها لە ڕیگەی بەسرەشەوە هێزێک دەنیرنە نێو ئیران بۆ ئەوەی دەست بەسەر کوردستاندا بگرن کە گرینگترین چاڵە نەوتەکانی ئەو دەمی ئێران و ئێستای ئێرانیشی تێدایە تا بەو جۆرە کۆنترۆڵی تەواوی ئەو ناوچانە بکەن. دیارە ئەوە لایەنی سەربازیی کارتێکەریی هێزەکانی هاوپەیمانەکە بڵێین لە کوێوە هاتوون و لە کوێ جێگیر بوون، بەڵام گرینگتر لەوە کاریگەریی هاتن و جێگیربوونیانە لەسەر دۆخ و هەلومەرجی ناوچەکە.

لەو کاتەدا ئەمریکاش کە لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ هاتبووە نێو هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکانەوە، بەدوای قایمکردنی پێگەی خۆی لە ئێران و شوێنەکانی دیکەی ناوچەوە بوو.
لەو هەلومەرجەدا سۆڤیەتییەکان بەشێکی زۆر لە خاکی ئیرانیان بەدەستەوە گرتبوو. ئەوان شانسی زۆر زیاتریان هەبوو بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەرییان لەسەر داهاتووی ئەو وڵاتە هەبێ. ئەوان لە هەلومەرجێکدا هێزەکانیان لەو بەشە گرینگەی خاکی ئێراندا مابوو، کە بەهۆی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە توانیبوویان بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات ڕزگار بکەن و حکومەتی سۆسیالیستیی لێ دابمەزرێنن. لە بارودۆخێکدا کە قسەی ئازادیخوازی و دێموکراسی لەسەر ناوی ئەوان تاپۆ ببوو و لە دنیادا وەردەگیرا، لە هەلومەرجێکدا کە لانیکەم دوو نەتەوە لە نێو خاکی ئێران، واتە نەتەوەی کورد و ئازەری لە کوردستان و ئازەربایجان پێشوازییان لە هاتنی ئەوان کردبوو، بۆیە یەکیەتیی سۆڤییەت دەیانتوانی ببنە پیگەیەکی باش بۆ درێژەدانی سیاسەتەکانیان لە ئێراندا. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە ئەوە بریتانیاییەکان بوون کە توانیان گرەوی یارییەکە لە ئەوان ببەنەوە و بە تەئسیردانان لەسەر تاران و لەسەر پیاوانی سیاسیی ئێران، سیاسەتەکانی خۆیان ببەنە پێش هەتا ئەو جێیەی کە دوای چوار ساڵ بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی گەورەیان بۆ ساز بێ، سۆڤیەت ناچار بکەن بە بڕیاری ستالین هێزەکانی لە ئێران بەرێتە دەر. ئەوەش بووە هۆی ئەوە کە دوو نەتەوەی کورد و ئازەری کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا پشتیان بەستبوو بە بوونی ئەو هێزانە، لە ڕاستیدا بە تەنیا بمێننەوە. مەبەستی هاتنی ئەو سپا و هێزانە بۆ ئێران دیارە. سروشتییە هەر سپایەکی بێگانە کە دێتە وڵاتێک بۆ داگیرکارییە و بە مەبەستی دانانی کارتێکەریی سیاسییە لەسەر وڵاتەکە بۆ ئەوەی سیاسەت و ستراتیژییەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا جێگیر بکەن. سەرەتای ئەو کارە لەلایەن بریتانیاییەکان بە پاڵپشتی ئەمریکا و بە لادانی ڕەزاشا دەستی پێکرد. ڕەزاشا کە لە ماوەی ١٦ - ١٧ ساڵ دەسەڵاتداریی خۆیدا وەزعی ئێرانی وا لێکردبوو کە ناسەقامگیری لە هەموو جێیەک دەبیندرا. مەعلووم بوو کە بریتانیاییەکان نیزامێکی سیاسیی ئەوتۆیان لە ئێران دەویست کە سەقامگیر بێ بۆ ئەوەی بتوانن بەرژەوەندییە درێژماوەکانیان لە ئێراندا دەستەبەر بکەن. ئەوان دەیانزانی لە وڵاتێکی ناسەقامگیری وەک ئەوکاتەی کە ڕەزاشا حکومەتی



سەرچاوە
Serchawe

بەسەردا دەکرد بۆ ئەوەی مەبەستیان بوو دەستی نەدەدا، هەر بۆیە پیش هەموو شتێک ڕەزاشایان لادا و کوڕەکەی کە تازە پێ دەگەیشت لە جێگە دانا. بەڵام سەرۆک وەزیرێک ئەودەم دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت - محەممەدعەلی فروغی - کە لە ڕاستیدا هەم بۆ ئێرانییەکان کەسێکی وڵاتپارێز و نیشتمانپەروەر بوو، هەم بۆ سیاسەتکردن کەسێکی شارەزا و لەکل دەرهاتوو بوو. ئەو توانی لە ژێر سەرپەرستیی بریتانیاییەکاندا ئیدارەی دۆخی ئەو کاتی ئیران بکا کە بەدەست قەیرانێکی گەورەی وەک هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانەوە گرفتار ببوو. دیارە ئەوەمان لەبیر نەچێ کە یەکێک لە هۆکارەکانی لادانی ڕەزاشا جیا لە ناسەقامگیربوونی وڵاتەکەی بەشێکیشی بەهۆی بوونی ئاڵمانییەکان بوو لە ئێراندا. پێوەندی ژێر بە ژێری ڕەزاشا لەگەڵ ئاڵمانییەکان و بوونی زیاتر لە سەدان کەس لە جاسووسەکانی ئاڵمانی لە ئیران کە بەردەوام هەوڵیان دەدا لە سەر سۆڤیەت - کە بەرەی ڕاستەوخۆی شەڕ لەگەڵ ئاڵمانییەکان بوو لە باکووری ئێران - زانیاری کۆبکەنەوە؛ کە ئەوەش بۆ سۆڤییەت و بۆ بریتانیا و ئەمریکاش زۆر گرینگ بوو کە پێشی پێ بگرن.

یەکێک لەو بابەتانەی کە دواتر کاریگەریی دانا لەسەر دۆخی سیاسیی ئێران کۆبوونەوەیەک بوو بە ناوی «پەیمانی ئیتحادی» کە لە تاران بەسترا. ئەو کۆبوونەوەیە لە نێوان کۆنسوولی بریتانیا و کونسوولی سۆڤیەت و سەرۆک وەزیرانی ئێران بەسترا و ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە هێزەکانی هاوپەیمان ٦ مانگ دوای کۆتایی هاتنی شەڕ وڵاتی ئێران جێ بهێڵن. لە ساڵی ١٩٤٣دا کە بۆ یەکەمجار ڕۆزڤێڵت و چرچیل و ئیستالین لە تاران کۆ دەبنەوە، ئێران پێداگری لەسەر وەگەڕخستنەوەی ئەو خاڵەی پەیمانی ئیتیحادی دەکا کە لەوێشدا موافقەتی لەسەر دەکرێ و هەر ئەوەش بیانووی بەهێزی دایە دەستی ئەمریکا و بریتانیا کە دواتر فشاری زیاتر بخەنە سەر سۆڤیەت بۆ ئەوەی هێزەکانی لە ئێران بکێشێتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ کاریگەریی هێزەکانی هاوپەیمان لەسەر بارودۆخی سیاسیی ئێران و ناوچە دەست بەسەرداگیراوەکان دەبێ بڵێین کە سروشتییە هاتنی ئەوان لە سەرەتادا بۆ ئەوە بوو کە ئێرانیان بەدەستەوە بێ. چونکی سۆڤیەت لە بەرەی ڕۆژئاوای شەڕی خۆیدا لەگەڵ ئالمان بە تەنیا بوو و پێویست بوو ئەمریکا و بریتانیاییەکان یارمەتیی پێ بگەیەنن. ئێرانیان وەک پردێک دیتەوە کە بتوانن پێیدا بپەڕنەوە بۆ سۆڤییەت و یارمەتییە نیزامییەکانیان بگەیەننە ئەو وڵاتە. ئەمە بیانووی سەرەکیی هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان بۆ ئێران بوو. بەڵام لەسەر کاریگەرییەکانی؛ ئەگەر باسی کاریگەرییە کاتییەکانی بکەین کە هیندێک لایەنی پۆزیتیڤی لێ کەوتەوە؛ هاتنی ئەو هێزانە بۆ نێو ئێران وەزعێکی لە ئێراندا خولقاند کە دوای نیزیک دوو دەیە دەسەڵاتی پۆلیسیی ڕەزاشا خەڵک هەستیان بە بوونی ئازادی و جۆرێک دێموکراسی لە وڵاتدا دەکرد. هەر ئەوەش وایکرد کە کۆمەڵێک حیزبی باش لە ئێراندا دروست ببن و ئەو حیزبانەی پێشووش کە هەبوون بە جۆرێک زیندوو ببنەوە و ئەمە یارمەتیدەر بوو بۆ کرانەوەیەکی سیاسی لە ئێراندا.

ئەگەر لە ناوچەی کوردستان بڕوانین، هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان لە کوردستانیش کاریگەریی خۆی لەسەر هەلومەرجەکەدا دانا. بوونی هێزەکانی سۆڤییەت لە ئازەربایجان و دواتر کشانەوەی لەو بەشەی کوردستان سەر بە پارێزگای ورمێ، لە موکریان کاریگەریی زۆری هەبوو. بریتانیاییەکان نەیانتوانی هێزەکانیان بێننە ئەو شوێنانە لەبەر ئەوەی کە لە ڕووسەکان نزیک نەبنەوە و ئەوە دەرفەتێکی لەباری ڕەخساند تا هەم ئازەرییەکان و هەم کوردەکان لەو ناوچانە بیر لەوە بکەنەوە کە زیاتر لەو دۆخەکە کەڵک وەر بگرن.

بە سەرنجدان بە کێشە و ئاستەنگەکانی ئەو دەم و تایبەتمەندیی دۆخەکە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێبەرانی کورد لەو سەردەمەدا زۆر زیاتر لەوەی کە دەیانتوانی هەنگاویان هەڵێناوەتەوە و زۆر زیاتر لەوەی کە دەکرا دەسکەوتیان وەدەست هێنا. لەو هەلومەرجە نالەبارە و لە کۆمەڵگەیەکی عەشایری و دەرەبەگایەتی و نەخوێندەواردا کە سیستمی ئیداری، پشتیوانیی ماڵی، هێزی تۆکمەی چەکداری نیە و لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین کوردستان هەر هیچی نیە؛ بەڵام قازی محەممەد دەکەوێتە پێش کۆمەڵە کەسێکی تێکۆشەر و لەو بێ دەرەتانییەدا ئەو هەنگاوە پیرۆزەی هەڵێناوە و کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند کە هەتا ئێستاش بۆ ئێمە سەرکەوتن و دەسکەوتێکی یەکجار زۆر و گەورەیە. دەسکەوتێک کە دەتوانین بڵێین لەژێر کاریگەریی بوونی کاتیی هاوپەیمانان لە ناوچەدا وەدەست هاتووە و لە ڕاستیدا بۆ ئێمە بۆتە مێژوو. بەڵام جیاواز لە کارتێکەریی بوونی هێزەکانی هاوپەیمان، ڕۆڵی خودی ئەو هێزانە شتێکی دیکەیە.

بریتانیاییەکان نە ئەو کات و نە دواتر و نە تا ئێستاش قەت نەهاتوونەتە پشت سەری پرسی کورد و بابەتی دەوڵەت - نەتەوەی کورد لە ستراتیژیی ئەو وڵاتەدا نەبووە. لە سەردەمی کۆماردا بریتانیاییەکان سیاسەتێکیان هەڵبژارد کە لەگەڵ ئەوەی هەوڵیان دەدا لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی ئەو ناوچانەی خوارووی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان دابوو بە ئارامی بجوڵێننەوە، لەولاوە بەبەردەوامی یارمەتییان دەدا بە، بەهێزکردنی ئەرتەشی دەوڵەتی ناوەندی.

یەکیەتیی سۆڤییەتیش لە ڕاستیدا بە هیچ جۆرێک بەرنامەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستانیان نەبوو. ئەوان لەسەرەتاوە دەیانویست کوردستان بەشێک بێ لە دەوڵەتی سەربەخۆی ئازەربایجان، دواتر کە دەوڵەتی سەربەخۆش لە بەرنامەیان چووە دەروە هاتن باسی سیستمی ئەیالەتیی ئازەربایجانیان کرد کە لەوێشدا کوردستان بەشێک بێ لە ئازەربایجان. بەڵام ئەوە قازی محەممەد بوو کە لە بەرامبەریاندا وەستا و پێیانی ڕایگەیاند کە ویست و داخوازی ئێمە گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆیە. بۆیە سۆڤییەتەکانیش لە ڕاستیدا بەو جۆرە نەهاتوونەتە پشتی پرسی کوردەوە تا کورد وەک پاڵپشتێک حسێبیان بۆ بکا. کورد چاوەڕوانی ئەوە بوو کە بوونی هێزەکانی هاوپەیمان ببێتە هۆی ئەوە کە سۆڤییەتەکان لە ناوچەدا بمێننەوە و لە مانەوەی ئەواندا بتوانن زیاتر درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن و کارەکانی خۆیان بەرنە پێشێ. دیارە

بەداخەوە ئەو دەمیش کە سۆڤیەت لە ژێر هەڕەشەکانی ئەمریکادا لە ئێران کشایەوە، ئیتر دەرکەوت کە لە ڕاستیدا مەسەلەی ئازەربایجانیشی بەلاوە گرینگ نەبوو، چ بگا بە کوردستان.

* ئەم باسە لە پەنێلێکدا پێشکێش کرا کە یەکیەتیی لاوانی پارتی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە شاری سلێمانی پێکی هێنابوو

(لە ژمارەی ٧١٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠١٨

## ڕووحانی لە چی دەگەڕێ؟

ئەمساڵیش یادکردنەوەی ٢٢ی ڕێبەندان ڕۆژی سەرکەوتنی گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی پاشایەتی حەمەڕەزاشادا، لەلایەن ڕێژیمەوە بەڵام لە فەزایەکی سیاسیی جیاواز لە ساڵانی پێشوودا بەڕێوەچوو. لەگەڵ ئەوەی دەزگا و دامەزراوەکانی سەر بە ڕێژیم هەموو هەوڵی خۆیان دا هەتا بە کۆکردنەوەی خەڵکی زیاتر وا بکەن ئابڕووی لەدەستچوویانی پێ بکڕنەوە، نەیانتوانی وەک هەموو جارێ کە ئیدیعایان دەکرد، کۆبوونەوەی میلیۆنی وەڕێ بخەن و شەقامەکانی شار بە خەڵک لێوانڕێژ بکەن. لە زۆربەی شارەکان بە تایبەت لە کوردستان بێدەنگیی بەشداربووان کە زۆریش نەبوون دەریدەخست، کە بەشێک لەو خەڵکە لەبەر مەوقعییەتی کاری و بە زۆرەملی چووبوونە ڕێپێوانەکەیان.

ئەمجارە خەبەرێک لە ڕێبەر و قسە ئاگرینەکانی نەبوو. پێداهەڵگوتنەکان بە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە چەشنی جاران نەبوو، تەنانەت سەرۆککۆمار لە قسەکانیدا لە نێو دەیان هەزار کەس لە بەشداربووانی تاران لە پاڵ هەر مژدەیەک بۆ داهاتوو، نقورچکێکی لە کاربەدەستان کە زۆرتر مەبەستی باڵی بەرامبەری بوو دەگرت. بەڵام ئەو، نە توانی پاکانەیەک بۆ نیزامەکەی بکا و نە قسەیەکی نوێی جێی باوەڕی خەڵکی پێ بوو. ئەو ئەگەر ڕەخنەیەکی هەبوو نە لە نیزامێک بوو کە خەڵک داوای گۆڕینی دەکەن، بەڵکوو لەو کەسانە بوو کە گۆیا نیزامەکەیان بەدناو کردوە و ئەگەر بەرنامەیەکیشی ڕادەگەیاند بۆ خەڵکی تووڕە لە نیزامەکەیان نەبوو، زۆرتر بۆ ئەوانە بوو کە هێشتا چاوەڕوانیی موعجیزەیەک دەکەن بۆ ڕزگاربوونی ڕێژیم لە چنگ تووڕەیی خەڵک.



سەرچاوە
Serchawe

قسەکانی ڕووحانی لەسەر یاسای بنەڕەتیی وڵات و ئەوەی کە هەر کەس باوەڕی بەو یاسایە هەبی لە هەر شکڵ و بەهەر شێوەیەک لەگەڵ ئێمەیە، دەریخست کە ئەوەی ئەو پەیامیان بۆ دەنێرێ ڕەقیبەکانی و لایەنگرانی جیناحەکانی دژبەریەتی لە نێو کێبەرکێکانی دەسەڵاتدارەتیی حکوومەتەکەیاندا.

با لە پێشدا بڵێین ئەوەی پێوەندی بە جێبەجێکردنی یاساکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە پێش هەموو کەس ڕووحانی دەزانێ کە دەسەڵاتە زۆرە یاسایی و نایاساییەکانی ڕێبەر و دامەزراوەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەو لە لایەک و، چاونووقاندن لە جێبەجێکردنی ئەو بەندانەی کە پێوەندیی بە ژیانی خەڵک و کەڵکوەرگرتنی خراپ لە بەشێک لەو یاسایانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی دەزگای ئیجرایی و دادوەرییەوە، هۆکاری سەرەکیترن لە بێ کەڵکبوونی یاساکە بۆ ئەو دۆخەی تێی کەوتوون. نیزامێک کە یاساکەی ئەو هەمووە دەسەڵاتەی بە یەکێک وەک ڕێبەر و چەند دامەزراوەی سەر بە ئەو دابێ، تەنانەت بۆ سەرۆککۆمارە میانڕەو و ئیسڵاحتەڵەبەکانیش، کە ئەگەر بشیانهەوێ هەنگاوێک باوێن بۆ پاراستنی ئازادی و دابینکردنی ئەو مافە کەم و چوارچێوەدارەی کە لە یاساکەیاندا بۆ خەڵک دیاری کراوە، ڕێگەیەکی نەهێشتووەتەوە. هەر بۆیە لەو هەلومەرجەشدا کە ئیتر بێزاریی خەڵک لە حکوومەت لە کەس شاراوە نیە، دیسانیش یاسای بنەڕەتی دەکرێتە پەیامی ئاشتیی نێوان باڵەکانی ڕێژیم و بە ڕوونی سەفی حکوومەتییەکان و خەڵک لێک جیا دەکرێتەوە.

ئاغای ڕووحانی کە پێوەی دیارە ترسی شۆڕش و ڕاپەڕینی یەکجاریی خەڵک و سەرهەڵدانەوەی ئەوەی لە مانگی بەفرانباردا بە دروشمی نا بۆ ویلایەتی فەقیە و مردن بۆ دیکتاتۆر نیزامەکەیانی وەلەرزە خست دایگرتوە، و بە پێچەوانەی باوەڕەکانی قسە لە ئازادی دەکا، دەبێ بزانێ ئەگەر قەرارە ئەو مۆژدەدەری ئازادی بێ و ئەگەر ئیسڵاحات ڕێگەی پێشگرتن لە شۆڕش بێ، تەنیا لە ڕێگەی ملدان بە ئیرادەی خەڵک بۆ بەشداریی ڕاستەوخۆیان لە گۆڕینی یاسای بنەڕەتی، ڕێکخستنی ڕێفراندۆمێکی ڕاستەقینە و سپاردنی دەسەڵات بە نوێنەرانی ڕاستەوخۆی خەڵکەوە جێبەجێ دەبێ. خەڵکی وشیاری ئێران ئیستا بە چاوکراوەییەوە گوێ لە قسە و پەیامەکانیان دەگرن و دەزانن کە ئەو ڕاپرسییەی ئاغای ڕووحانی کە بە پێی مادەی ٥٩ی یاسای بنەڕەتی باسی دەکا، سەرەڕای ئەو هەموو بەربەستەی کە بە هۆی دەسەڵاتی ڕێبەر و شووڕای نیگەهبان و دەنگی نوێنەرانی دژبەری کە لەسەر ڕێیەتی، ئەگەر سەریش بگرێ تەنیا بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی خۆی و جیناحێکی تایبەتیی هەر ئەو ڕێژیمەیە کە بە دەستەیەوە دەناڵێنن. ئەمەش جگە لە قایمکردنەوەی پێگەی ئەوان بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی ڕێژیمەکەیان کە ئیستا ئیتر خەڵک هیچ ئومێدێکیان پێی نەماوە، خێرێک بەو خەڵکە ناگەیەنێ کە لە چنگ زوڵم و بێدادی ئەوان وەزاڵە هاتووە.



سەرچاوە
Serchawe

خەڵکی ئێران دەزانن لە وڵاتێکدا کە وڵامی بچووکترین ڕەخنە یا دەربڕینی نارەزایەتییەک تەنانەت لەسەر مافی ڕۆژانەیان، لە دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ڕێژیمدا، گرتن و زیندان و کوشتن بووە و هەر ئێستاش هەیە و کەسیش بۆ وڵامدانەوە خۆی لێ بە بەرپرس نازانێ، ناکرێ باوەڕ بەو قسانەی سەرۆککۆمار بکەن کە خۆی لە داڕشتن و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەت و کردەوانەدا بەرپرس بووە. لەو پێوەندییەدا قسەکانی ئەحمەدینژاد کە لە کاتی کارەساتی جینایەتەکانی زیندانی کەهریزەک لە ساڵی ١٣٨٨ سەرۆککۆمار بوو و ئاگای لە هەموو ئەو جینایەتانەیە کە بەسەر خەڵکی مافخوازی بە تایبەت تاراندا هات و ئەو دەم نەقەی لێوە نەهات و خۆی بەشێک بوو لە بەڕێوەبەری ئەو کارەساتە، دانپێدانانێکی گەورەیە لەسەر بەردەوامی دامودەزگاکانی ڕێژیم لە درێژەدان بە سیاسەتی سەرکوت کە دەڵێ: «خەڵک دەگرن، دەیبەنە زیندان، دوایە جەنازەکەی دەدەنەوە و دەڵێن موعتاد بووە و خۆی کوشتوە.»

ئێستا ئیتر ئاغای ڕووحانی کە لە ترسی دارمانی نیزامەکەیان قسە لە ئیسلاحات و ئازادی دەکا دەبێ باش بزانێ، خەڵکی ئێران چیدی وەک ساڵانی ڕابردوو لە خەوی غەفڵەتدا نازین و لە قەراغەوە سەیرکەر نابن. ئەوان بە دیتنی درۆ و فریوکارییەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم، بە خرۆشەوە ڕووبەڕووی نیزام و ڕێبەر و دەوڵەتەکەیان بوونەوە. ئەگەر ئەویش بیر لە ئیسلاحات دەکاتەوە، ڕێگەی ئیسلاحات لە ئێراندا، بە ڕێگەی ڕازیکردنی ڕێبەر و دابەشکردنی دەسەڵات و بوودجە لەگەڵ جیناحە جۆراوجۆرەکان و فەرماندەکانی سپادا ناڕوا، بەڵکوو بە کاناڵی دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسینی ئەو خەڵکەدا تێدەپەڕێ کە بەهۆی بەشداری ئازادانە و ڕاستەوخۆیان لە دەستنیشان کردن و هەڵبژاردن بە بێ دەخالەت و دەستێوەردانی دەسەڵاتەوە دەبێ. ڕێگەیەک کە ئەوان گرتوویانەتەبەر و بە دڵنیایی و بە لێبڕاوییەوە بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەیگەیەننە ئامانج.

(لە ژمارەی ٧٢٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریویێری ٢٠١٨

----------------------------------------

## دیسان کۆماری ئیسلامی و تیرۆر

ساڵانێک بوو کە کردەوەی تێروریستی لەسەر حیزب و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، وەک ڕابردوو هەستی پێ نەدەکرا. بەڵام لەو ساڵانەشدا کەس نەیتوانی پاکانە بۆ ئەو ڕێژیمە بکا، کە سیاسەتی تێرۆری

وەلا نابێ. تێرۆری دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەر کاریانەوە لە نێوخۆی وڵات بە لێدانی فیزیکی دژبەرەکانیان دەستی پێکرد و لە ساڵی ١٣٦٧ و بە پاکتاوکردنی چەند هەزار کەسیی زیندانیانی سیاسی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. ڕاست دوای ئەوەی کە فشار و ڕاوەدوونانی لایەنگرانی تێکڕای حیزبەکانی ئێران، زۆر لە ڕێبەران و چالاکانی سیاسیی ناچار کرد کە وڵات بەجێ بهێڵن و ڕوو لە هەندەران بکەن، دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی کە بە هاوبەشیی وەزارەتی ئیتلاعات و سپای پاسداران و ڕاستەوخۆ لە ژێر چاوەدێریی ڕێبەرانی پلە یەکی دەسەڵاتدار وەک سەرۆککۆمار، وەزیری ئیتلاعات، سەرۆکی ئاسایشی نیشتمانی و لە سەرووی هەمووانەوە ئایەتوڵڵا خامنەیی و بە دەستووری ڕاستەوخۆی ئەوان ئەم ئەرکەیان بەڕێوە دەبرد، ڕووی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کرد.

ئەم دەزگایە بۆ سەرپۆشدانان لەسەر جموجۆڵەکانیان باڵوێزخانە و کۆنسولگەرییەکانی کۆماری ئیسلامییان لەو وڵاتانەی کە کاری تێرۆریستییان تێدا بەڕێوە دەبرد بەکار هێنا و تێرۆریستەکانیان، بە ناوی دیپلۆماتی ئێرانییەوە بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکانیان هەڵسووڕانیان هەبوو. ئەوکاتە کەم وڵات هەبوو کە ڕێژیم شانەیەکی تێروریستیی لە هێلانە جاسووسییەکانیدا جێگیر نەکردبێ، بەڵام لە هێندێک وڵات وەک فەڕانسە بە تیرۆری دوکتۆر شاپووری بەختیار، سویس کازم ڕەجەوی، ئۆتریش دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملوو، ئاڵمان دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و زۆر وڵاتی دیکەی وەک ئیتالیا، تورکیە، مالیزی و...، لە چاوچنۆکیی بازرگانیی دەوڵەتەکانیان باشتر کەڵکی وەرگرت و بە شەهیدکردنی ڕێبەران و کەسایەتییە دیارەکانی دژبەرانی، کوشەندەترین زەربەکانی لە ئۆپۆزیسیۆن دا. ئەمە جگە لە زۆر شوێنی دیکە وەک وڵاتانی عەرەبی کە بۆ پەرەپێدانی نفووزی خۆی و بە هێزکردنی پێگەی شیعەکانی سەر بە خۆیان لە دروستکردنی گرووپە تیرۆریستییەکان و کاری تێرۆریستی نەپرینگاونەتەوە.

ڕەنگبێ هەڵوێستی ئازایانەی دادگای بێرلین لە دوای کارەساتی شەهیدانی میکۆنۆس و مەحکوومکردنی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە هۆی ئاگاداربوون و دەرکردنی بڕیاری ئەو کردەوە تێرۆریستییە، ڕەوتی درێژەدانی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو ئاستەدا لە دەرەوە خاو کردبێتەوە، بەڵام هەرگیز هیچ یەک لەو گوشارانە نەبوونە هۆی دەستبەرداربوونی ئەو ڕێژیمە لە سیاسەتی تێرۆر و ئەوان بە هۆی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە هەر شوێنێک جێ پێیەکان بۆ کرابێتەوە، ئەو شوێنەیان کردوەتە مەیدانی تەڕاتێنی تێرۆریستەکانیان و بە ئەنجام گەیاندنی پیلانە دزێوەکانیان.

کوردستانی عێراق یەکێک لەو ناوچانەیە کە هەم بە هۆی هاوسنووری و هەم بە هۆی پێویستییان بە ئێران لەو هەلومەرجەیدا کە کەوتبووە ژێر حەساری ئابووریی عێراقەوە و هێندێک هۆکاری دیکەش و یەک لەوان کیبەرکێی پێوەندیی بەشێک لە حیزبەکانی باشوور لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە لە ڕێگەی دەزگای هەواڵگریی سپای پاسدارانەوە ڕێک دەخرا و



سەرچاوە
Serchawe

بەشێک نەبوو لە پێویستییەکانی دەسەڵاتی کوردی لەم ناوچە، هەر زۆر زوو بوو بە هۆی کرانەوەی مەیدانێکی بەربڵاو بۆ گرووپە تێرۆریستییەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی هەتا ئەو جێگەی ناوەندی نهێنیی قەرارگا تێرۆریستییەکەشیان لەو ناوچەدا دامەزراند. هەر ئەمەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ بەرینترکردنی پێوەندییەکانی ئەم دەزگا تێرۆریستییە لەگەڵ خەڵکانی دیکە بە دوور لە چاوی دەسەڵات و حیزبەکان.

ئاکامی دروستبوونی ئەم هەلومەرجە پەلاماردانی بنکە و بارەگای پێشمەرگە و ناوەندە حیزبییەکانی ڕۆژهەڵاتی بوو کە لە باشووری کوردستان جێگیر ببوون. دەسپێکردن و درێژەی یەک لە دوای یەکی پیلانە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە باشوور تەنیا لە ماوەی پێنج ساڵدا لە ڕێگەی ڕفاندن، کەمین دانانەوەو هێرش بۆ سەر بنکە و ماڵەکان بوو بە هۆی گیانلەدەستدانی سەدان کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە لەو نێوەشدا حیزبی دێموکرات بوون پشکی شێری بەرکەوتووە. لە ساڵی ١٣٧٧ بەم لاوە، گۆڕانکارییەکانی نێوخۆ، زیادبوونی فشارە دەرەکییەکان و جێگیربوونی دەسەڵات لە کوردستان، چەند هۆکارێک بوون بۆ ڕاوەستان یا کەمبوونەوەی ئەم کردەوە تێرۆریستییانە و لە جێگەی ئەو ڕێگەی دیکەیان (وەک فشارخستنە سەر حیزبەکانی باشوور بۆ بەرتەسککردنەوەی تێکۆشانی ئەو حیزبانە و ڕێگرتن لە هاوکاری کردنیان) گرتە بەر و لەو لاشەوە وایان نیشان دەدا کە لە ڕۆژهەڵات کورد گرفتێکی نیە و حیزبەکانیان لە مەیدانی ڕاستەوخۆی خەبات دوور خستوەتەوە. هەرچەند لە مەیداندا بوونی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەموو پیلانەکانیان چ لە شاخ و چ لە شار هەرگیز نەیهێشت ئەو ڕاستییەیان لە بیر بباتەوە کە خەباتی ڕۆڵەکانی کورد لەو بەشە لە خاکی کوردستان بەردەوامە و هەرگیز هەستیان بە ئارامی نەکرد. هەر بۆیە هەتا ئێستاش پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات لە ورمێ هەتا ئیلام وەک ناوچەیەکی ئەمنییەتی چاو لێ دەکەن و کردوویانە بە مۆڵگەی دەیان هەزار پاسدار و هێزی ئەمنییەتی خۆیان.

پەرەگرتنی خەبات لە نێوخۆی وڵات و بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری و داواکارییە نەتەوەییەکان، و ئاگاداربوونی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە کاریگەریی هێزە سیاسییەکان لەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێستا ئەو نیگەرانییانەی لای ئەوان زیاتر کردووە. بێ گومان ئەمە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەستپێکردنەوەی پەلامارە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامییە بۆ سەر پێشمەرگە و حیزبەکان. پیلانێک کە لە شەوی یەلدای ١٣٩٥ کە بە هۆی تەقاندنەوەی بۆمب لە بەردەم بارەگای سەرەکیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە کاتێکدا کە پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان لەو شەوەدا یادی لە دایکبوونی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوویان دەکردەوە و ٧ شەهیدی لێ کەوتەوە، دەستی پێکرد و لە کۆتاییەکانی ئەمساڵیشدا لە کردەوەیەکی بۆمب دانانەوەدا سەباح ڕەحمانی و لە پیلانێکی دزێوی تێرۆریستیدا فەرماندە قادر قادریان تێدا بووە قوربانی و، شەهید بوون. ئەمە جیا لە پووچەڵکردنەوەی چەندین پیلانی دیکەش کە پێش بە جێبەجێبوونیان گیراوە.

بێگومان ئەمە سەرەتایەکی نوێی دەورێکی تازەی هێرشە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامییە، کە بەبەر چاوی خەڵکی باشووری کوردستانەوە و لە وڵاتەکەی ئەواندا بەڕێوە دەچێ و، خەڵکی ڕۆژهەڵات چاوەڕوانی هەڵوێستیان لێ دەکا.

ئێستا کە کۆماری ئیسلامی رووهەڵماڵراوانە و بێ پەروا ئەم رەوتە درێژە پێ دەدا، جگە لە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی یەکدەست لە لایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و وەدەنگهاتنی دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان کە چاوەڕوانیی چاوەدێریکردنی زیاتری دەستوپێوەندەکانی ڕێژیم کە بە هەر ناو و عینوانێکەوە دێنە باشوور لێ دەکرێ، بێگومان پێشمەرگە و پارێزەرانی نیشتمان لە هەر شوێنێکی کوردستان بن، ناتوانن بێدەنگ دابنیشن و چاوەڕوانی خەبەری کردەوەیەکی تێرۆریستی دیکە و شەهیدبوونی رۆڵە و هاوسەنگەرانیان بن. دەسەڵاتدارانی ڕێژیم دەبێ بزانن تواناکانی نیشتمان پەروەرانی کورد ئەوەندە هەیە، کە ئەوان لێی تۆقیون و هەوڵ دەدەن بەم کردەوە دژە مرۆڤانە لاوازی بکەن، کە هەرکات بیانەوێ دەتوانن لە تۆڵەی خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ئەو شەهیدانەدا زەبری کاریگەریان لێ بدەن.

(لە ژمارەی ٧٢٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٨

---

## کۆماری ئیسلامی و کێشە تازەکانی بەردەمی

کۆماری ئیسلامی پێ بەپێی دەستدرێژی و پاوانخوازییەکانی لە ناوچەدا ڕووبەڕووی کێشەی گەورەتر دەبێتەوە. ساڵانێکە کۆماری ئیسلامی لە ژێر ناوی ناردنەدەرەوەی شۆڕش لە وڵاتانی ناوچەدا لە گێچەڵ دەگەڕێ و بەپێی بەرنامەکانی سپای پاسداران لە هەوڵی دروستکردنی گرووپی جۆراوجۆر بووە لە نێو خەڵکی وڵاتانی دەوروبەری بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی وڵاتەکانیان. ئەوان بەدوای ئەوەوەن کە بە تێکدانی ئەو وڵاتانە و هەڵایسانی شەڕی نێوخۆیی، هەم پێگەی خۆیان لەو وڵاتانەدا بەهێز بکەن و هەم دەسەڵاتی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە هەرکام لەو وڵاتانەدا بێننە سەرکار. سیاسەتێک کە لە زاهیردا سەرکەوتوو بووە و لوبنان، سووریە، یەمەن و عێراقی تووشی شەڕ و نەهامەتی کردوە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە هەزینەیەکی زۆری ماڵی و ئینسانیشی بۆ خەڵکی ئێران بە دواوە بووە. بە جۆرێک کە ئێستا بەشی زۆری ئەو خەڵکە، کە بە هۆی خراپی لە ڕادەبەدەری باری ئابووریی وڵات کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر ژیانی ڕۆژانەی ئەوان داناوە،



سەرچاوە Serchawe

هاتوونەتە دەنگ و داوا دەکەن ئەو پووڵانەی بۆ ئەو دەستدرێژییانە لە دەرەوەی وڵاتەکەیان خەرج دەکرێ بۆ خزمەتکردنی خەڵکی خۆیان بە کاری بێنن.

دیارە ئەمە تەنیا لایەنێکی کێشەکەیە کە یەخەی خەڵکی گرتوە. لایەنێکی دیکەی شوێنەواری ئەم سیاسەتە، ئەو فشارانەیە کە بە هۆی کەللەڕەقی و پێداگری تا ئیستای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە سەر درێژەدان بە سیاسەتەکانیان، لە لایەن ڕۆژاواوە لەسەری زیاد دەکرێ. لە سەردەمی باراک ئۆباما دا و بە هۆی هەوڵدانێک بۆ ڕازیکردنی کۆماری ئیسلامی پڕۆژەی بەرجام کە تەنیا سنووردارکردنی چالاکییە ناوکییەکانی دەگرتەوە، - لای زۆر لەو کەسانەی کە لە دەرەوە پێیان وابوو ئەوە کێشەیەکی سەرەکییە و، لە نێوخۆش ئەو ڕێککەوتنەیان بە دەسکەوتێک دەزانی بۆ کەمبوونەوەی فشارەکان لەسەر وڵاتەکەیان و باشتربوونی ژیان و گوزەرانیان - دڵخۆشییەکی زۆری دروست کرد. هەرچەند بە تێپەڕبوونی تەنیا چەند ساڵ دەرکەوت کە خێروبێری ئەو ڕێککەوتنە و گەڕانەوەی بەشێک لە پووڵە بلۆککراوەکانی ئێران هیچی لە ژیانی خەڵک نەگۆڕی و تەنیا بۆ خزمەتی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و درێژەدان بە سیاسەتە چەوتەکانیان بوو. ئێستاش کە ئەوان نەیانتوانیوە نیازپاکیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یارمەتیدانی ئەو وڵاتانەی چاویان بڕیوەتە ئێران و دەیانویست بەم جۆرە ڕێککەوتنانە ئێران بگەڕێننەوە باوەشی کۆمەڵگەکە هەست پێبکەن و، بە پێچەوانەی ویستی ئەو وڵاتانە لە جیاتی ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە و پێڕاگەیشتن بە وڵات و خەڵکەکەی درێژەیان بە سیاسەتی شەڕەنگێزانەیان دەدا، دیسان باسی ڕووبەڕووبوونەوە بەرامبەر بە دەستێوەردانەکانی ئێران لە ناوچە و هەڕەشەکانیان لە دژی بەرژەوەندییە ناوچەیی و جیهانییەکانی ڕۆژاوا و وڵاتانی ناوچە وەک بابەتێکی گرینگ هاتوەتەوە نێو باسە سەرەکییەکانی دەوڵەتمەدارانی ئەو وڵاتانە.

لە ئەمریکا کە لایەنی سەرەکیی وتووێژەکانی وڵاتانی ١+٥ بوو، بە دوای گۆڕانی سەرۆککۆمار و بە دەسەڵاتگەیشتنی، دۆناڵد ترامپ هەر زوو بەجێگەیاندنی بەڵێنەکانی سەردەمی هەڵبژاردن کە پێداچوونەوە بە نێوەرۆکی بەرجام بوو و بە خراپترین ڕێککەوتنی ئەمریکای ناو دەبرد خستە بەرنامەی کاری خۆیەوە. ناوبراو لە یەک ساڵی ڕابردوودا چەند جار خۆی لە پێبەندبوون بەو ڕێککەوتنە بوارد و بەردەوام هەڕەشەی کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە دەکا. هەرچەند لە سەرەتاوە وا لێکدەدرایەوە کە دەوڵەتی ترامپ لە بەرامبەر شەریکە ئورووپاییەکانیدا بە تەنیا دەمێنێتەوە، بەڵام پێداگریی سەرۆککۆماری ئەمریکا و بە تایبەت گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی ئیدارەی کۆشکی سپی کە بە مەبەستی یەکدەنگکردنی هەڵوێستی کۆشکی سپی بەرامبەرکۆماری ئیسلامی لێکدەدرێتەوە، بەرەبەرە بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپای پەلکێشی نێو کێشەکە کردەوە و ئەگەر بە تەواویش لەگەڵ ئەمریکا هاوڕا نین بەڵام بۆ ڕاگرتنی باڵانسێک لە پێوەندییەکانیاندا، بوونە بەشێک لە زیادکردنی فشارەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی.

لە ناوچەی پڕ کێشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا، زۆر لە وڵاتانی عەرەبی نە تەنیا بێدەنگیی درێژماوەی خۆیان بەرامبەر بە دەستدرێژییەکانی ئێران بۆ سەر وڵاتانی عەرەبی ناوچە شکاندوە بەڵکوو بەشێکی بەهێزیان بە چاوساغیی سعوودییە و پشتیوانیی ئەمریکا و هاوکاریی ئیسرائیل، بەردەوام لە کۆبوونەوەدان هەتا هێز و ڕێوشوێنێکی وەها دیاری بکەن کە بتوانن بەر بە دەستدرێژیی زیاتری ئێران لە ناوچەدا بگرن. ئەوان دەیانەوێ کۆماری ئیسلامی شەڕەکانی بباتەوە حەساری ماڵی خۆی. شوێنێک کە دەسەڵاتی ڕەشی خۆی بەسەردا سەپاندووە و هەموو ئەو ساڵانە بە بەهانەی شەڕ لە دەرەوەی سنوورەکانی و پارمەتیدان بە برایانی موسوڵمانی لە جیهاندا، خەڵکی ئێرانی بێبەش کردوە لە هەموو مافە ئینسانییەکانیان و ئەگەر دەنگێکی دژ بەوانیش بەرزبووبێتەوە، زۆر حاسان لە ژێر ناوی «محارب» و دژی بەرژەوەندییەکانی وڵاتی ئیسلامی سزا دراون. بەڵام داخۆ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە دوای ئەو هەموو ساڵەی سامان و خەڵکی ئێرانیان کردە سووتەمەنی ئەو شەڕانەی لە دەرەوە هەڵایساندوە ئێستا کە هەم لە دەرەوە و لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە لە دوور و نزیک کەوتوەتە ژێر فشار و هەڕەشە و هەم لە نێوخۆی وڵات کەوتوەتە بەر ڕق و نەفرەتی خەڵکی وەزاڵەهاتووی وڵات، دەتوانن لە هەر دوو بەرەکەدا ئەم شەڕە درێژە بدەن؟ لە حاڵێکدا کە ئێستا ئیتر نە لاوانی ئێران ئامادەن وەک ڕابردوو چاوبەستراو خۆیانیان بۆ بە کوشت بدەن و نە باری ئابووریی دارماوی وڵاتیش دەتوانێ هەزینەی درێژەدانی ئەو شەڕانە و پارمەتیدانی ئەو هەموو گرووپە تێرۆریستییە دابین بکا. ئەگەر جاران ئەوان پشتیوانیی خەڵکی ئێرانیان لە ڕێژیمەکەیان بە چاوی دنیادا دەدایەوە ئێستا هەر ئەو خەڵکەیە کە دەنگی بڵندیان بە هاواری دژی دەسەڵاتداران و ڕێژیمەکەیان دنیای وەخەبەر هێناوە کە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و خەڵکی ئێران لە دوو بەرەی جیاوازدان. ئەوان لە بەرەی شەڕ و پەرەپێدانی تێرۆریزمدا و ئەمانیش لە بەرەی ئاشتی و پێکەوە ژیان لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. بەمجۆرە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کەوتوونەتە نێوان دوو بەرداشەوە کە هەرکام دەتوانێ بە نۆرەی خۆی زیاتر بەرەو لاوازی و نەمانی یەکجاری پاڵیان پێوە بنێ.

(لە ژمارەی ٧٢٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٨

---------------------------------------------

## ئێران لە گێژاوی کێشە ناوچەییەکاندا

لە دوای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و لە ماوەی نزیک بە چوار دەیەی تەمەنیدا، ئەو ڕێژیمە بە دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەدا بە پێی سیاسەتی پەرەپێدانی مەیدانی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی خۆی کێشەخوڵقێنترین وڵات بووە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. ڕێژیم هەر جارەی لە وڵاتێک و بە خوڵقاندنی کێشەیەکی نوێ، وای کردوە کە ئیستا ئەم کێشانە بە کۆ لەسەر کۆماری ئیسلامی کەڵەکە بن کە بەرەبەرە هەست دەکرێ، درێژەدان و یارمەتیدان بەو لایەنانەی هەتا ئیستا بە پشتیوانی و پووڵ و ئیمکاناتی ئینسانیی ئەوان ئیمکانی خۆڕێکخستن و کێشەخوڵقاندنیان لە وڵاتەکانیان داوە، کارێکی حاسان نەبێ و ئەگەر بیهەوێ خۆیشی لێ دەرباز بکا ڕێگەیەکی سەختی لە بەرە.

وەزعی ئەم ناوچە بەدوای سەرهەڵدانی شەڕی داعش ڕێگەی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا کردەوە کە جیاواز لە ڕابردوو، کە بە بوونی چەند پێگەیەکی نیزامی لە وڵاتانی وەک سعوودیە و ئیمارات و جووڵەی کەشتییە شەڕکەرەکانیان لە ئاوەکانی دەوروبەر دەورێکی سیمبۆلیکیان لە بوون و پشتیوانی وڵاتانی دۆست و هاوپەیمانیان هەبوو، دەرکەون. ڕووسیە و ئەمریکا کە سیاسەتیان بۆ پەرەپێدانی نفووز لە هەرکام لە وڵاتانی ناوچە دەیان ساڵە تووشی کێبەرکێیەکی بەردەوامی کردوون، لە سووریە کەوتوونەتە شەڕێکی ناڕاستەوخۆوە. هەرچەند سەرەتا هەمووان بە ناوی بەرەنگاربوونەوەی تێرۆرەوە هاتنە مەیدانی ئەو شەڕە، بەڵام ڕووسیە بۆ پاراستنی ڕێژیمی ئەسەد و کردنەوەی جێ پێیەکی نوێ بۆ نزیکبوونەوە لە دەریا و، ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی بۆ قایمترکردنی پێگەی خۆیان، بە لێدانی داعش و لاوازکردنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، کەوتنە دووبەرەی جیاوازەوە. ئیستا سووریە بووەتە مەیدانێکی کراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە دژ بە یەکەکان. ئەوەی بە ناوی شەڕی نیابەتییەوە لەوێ دەکرێ ئەگەر هەوڵی چارەسەرێکی دیپلۆماسی بەهێزی بۆ نەدرێ، لە ڕاستیدا داهاتووی سووریە بەرەو ئاقارێکی نادیار و پێوەندییەکانی ئەو زلهێزانەش بەرەو ئاستێکی مەترسیدار دەبا.

گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا و وەدەنگهاتنی بەرامبەر بە جینایەتە دژە مرۆییەکانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لە دژی خەڵکی سیڤیل لە هەڕەشەوە بۆ کردار، بە لێدانی گورزی سەربازی لە پێگە سەربازی، ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و عەمبارکردنی چەکی شیمیایی و بنکەی فڕۆکە ئاسمانییەکانی سووریە، سووربوونی ڕۆژئاوای لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووسیە و هاوپەیمانەکانی ئاشکرا کرد. کاتێک کە ئەمریکا بە هاوکاریی بریتانیا و فەڕانسە و پشتگیری ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوپەیمانەکانیان لە نێو وڵاتانی جیهاندا، دوایین هێرشی بۆ سەر پێگەکانی سەربازی سووریە ئەنجام دا بە ڕوونی پەیامی خۆی بە ڕووسیە ڕاگەیاند کە، هیچ شتێک بەربەست نابێ لە بەرامبەر ڕووبەڕووبوونەوەیان لە سووریەدا. ئەم هەڕەشە سەربازییانە نە تەنیا هێزەکانی ئەسەد بەڵکوو لە چەند شوێنێک بنکەی

هاوپەیمـانە ڕووسـی و ئێرانییەکانیشـی گـرتەوە و بە هـۆیەوە تـا ئیسـتا ژمـارەیەک لە سـەربازانی ڕووس و زیـاتر لە چەکدارەکانی سەر بە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی تێدا کوژراون.

بێگومان ئەم سیاسەتانەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، لەلایەکەوە دڵخۆشکەرن بو بەربەست دانـان لە سەر ڕێگەی درێـژەی تەمەنـی ئەو ڕێژیمـانەی کە بـێ سلکردنەوە و تەنیـا لە پێنـاو مـانەوەی خۆیانـدا دەست بـۆ هەر چەشنە جینایەتێک بـۆ سەرکوتکردنی خەڵکی وڵاتەکەیان دەبەن. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ هاوپەیمانەکانیـان کە بەبـێ بیرکـردنەوە لە چارەنووسی ملیۆنان خەڵکی لێقەوماوی ئەو وڵاتانە و تەنیا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان چاو لە هەر چەشنە جینـایەتێکی ئەوان دەنووقێنن و تەنانەت یارمەتیشیان دەدەن پەیـامێکی ڕوونی تێدایە. بەڵام هێشتا زووە کە بـزانین درێـژەی ئەم ڕەفتـارانە، دەرخەری گۆڕانێکە لە داڕشتنی ستراتیژییەکی نوێی ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکـانی لە ئاستی جیهـانی و بە تـایبەت لە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاستدا کە دەتـوانێ زۆر گـۆڕانی جیـددی بـۆ سـەقامگرتوویی لە نـاوچەدا بە دوای خۆیدا بێنـێ ئەگەرچی بەداخەوە وێرانی و کوشتنێکی زۆریشی بە دواوە بووە.

لەم نێوەدا کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا و بە تایبەت لە حەوت ساڵی ڕابردوودا بە هەموو شێوەیەک و بە هەمـوو ئیمکانـاتی نیزامیی خۆیەوە بەشداریی ڕاستەوخۆی لە شەڕی سووریە لە دژی خەڵکی ئەو وڵاتە و دژبەرانـی ئەسـەد کـردوە. بە شێوەیەک کە شـەڕەکەی کـردووەتە هـی خـۆی و لە کۆشـکی سـەرۆککۆمارییەوە هەتـا هەمـوو نـاوچە شـەڕلێدراوەکانی ئەو وڵاتەدا و بە تایبەت لە شار و ناوچە شیعییەکانی سووریە بە هـۆی چەکدارانی سپای پاسداران و بەکرێگیـراوان پاکسـتانی، ئەفغـانی و حیزبوڵڵای لوبنان و بە پشتیوانی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕووسی مودیرییەتی ڕاستەوخۆی ئەو شەڕەی کردوە. ئەوان مەبەسـتیان بوو کە بەم شێوە بتوانن هەم پردی پێوەندی لە ڕێگەی زەوییەوە بۆ لوبنان ببەستن و هەم هێزەکانی خۆیـان لە سنوورەکانی ئیسڕائیل نزیک بکەنەوە.

کۆماری ئیسلامی کە لە سەردەمی ئایەتوڵڵا خومەینییەوە خولیای شەڕ لەگەڵ ئیسـڕاییل و لەنێـوبردنی ئەو وڵاتەی هەبـووە و بە بەردەوامی لە ڕێگەی حیزبوڵڵای لوبنان و گرووپە توندئاژۆیەکانی فەلەستینەوە هەوڵی گەرم ڕاگرتنـی شـەڕی لەگەڵ ئەو وڵاتە داوە، سـەرەتا شـەڕی سـوورییەی بە بەرەکەت زانـی کە بتـوانێ بە هـۆیەوە لەو مەبەسـتەی نزیـک ببێـتەوە و چەنـد هەنگـاوێکیش چـووە پێش. بەڵام بە پێـوانەی خوێنـدنەوەی ئیسـتا لە دیتنی گۆڕانکـاری لە سیاسـەتەکانی ئەمریکـادا، ئەوە تەنیا ڕێژیمی بەشار ئەسەد نیە کە کەوتووەتە بەر زەبـری سیاسـی و نیزامیـی ئەمریکـا، بەڵکوو ئێرانە کە ئامـانجی یەکەم دەبێ لە هەر ئاڵوگۆڕێکی پێشبینی نەکراو کە چ بە ڕێگەچارەی دیپلۆماسی و ڕێککەوتن لەگەڵ ڕووسیە بێتە دی یا درێـژەدان بە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەو وڵاتەدا.

لەم نێوەدا دوو لایەنی گرینگ لە ناوچەدا دەتوانن کاریگەریی زیاتریان لەسەر لێدان و پاشەکشە بە ئێران هەبێ. دوو لایەن کە بە بێ ئەوەی ئاشکرای بکەن وەک هاوپەیمان لە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی ئێراندا هەڵوێستیان هەیە. ئیسرائیل کە نایشارێتەوە ڕاستەوخۆ هێرش دەکاتە سەر بنکە سەربازییەکانی سپای پاسداران لە سووریە و، هاوپەیمانی عەرەبی کە سعوودیە ڕێبەرییان دەکا و ئەم ڕۆژانە قسە لە ناردنی سپایەکی عەرەبی دەکرێ بۆ بەشداری لە شەڕی سووریەدا. دیارە ئەمە هیچ هەڵسەنگاندنێکی دیکەی بۆ ناکرێ جگە لە ساغبوونەوەی هەمووڵایەنە لەسەر سنووردارکردنی حوزووری کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە عەرەبییە و، دەکرێ وەک سەرەتایەک بۆ کۆتاییپێهێنان بە دەستدرێژییەکانی ئەوان لە ناوچەدا ببیندرێ.

(لە ژمارەی ٧٢٤ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٨

## کۆرەی باکوور و ئێران، یەک چارەنووس و دوو ئاقاری جیاواز

لە دوای کۆتایی شەڕی نیوە دوورگەی کۆرە و دابەشبوونی بە دوو وڵاتی جیاواز بەو ناوە و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆمۆنیستی لە بەشی باکوور کە لەلایەن یەکیەتیی سۆڤییەت و چین پشتیوانیی لێ دەکرا، پێوەندییەکانی ئەمریکا و ئەو وڵاتە تازە دامەزراوە پچڕا و و دواتر بە ئاقارێکی دوژمنکارانەدا درێژەی کێشا. لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا ئەم دوو وڵاتە جگە لە هەڕەشەکردن لە یەکتر ڕێگەیەکیان لەبەردەمدا نەهێشتبۆوە بۆ چارەسەری کێشەکانیان. بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا لەلایەن کیم جونگ ئون، سەرۆکی کۆرەوە هەڕەشەکان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بە هۆی تاقیکردنەوەی پەیتاپەیتای مووشەکە ئەتۆمییەکانی، هەڕەشەیەکی مەترسیدارتربوون لەسەر داهاتووی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. ئەمە هەمووی لە هەلومەرجێکدا ڕوویان دەدا کە کۆرەی باکوور لە ژێر فشاری گەمارۆ ئابوورییەکاندا پشتی چەمابووەوە و ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئەو وڵاتە بە ڕادەیەکی بێ سنوور بەرەو خراپی ڕۆیشتبوو.

لە ئەمریکا بە دوای هاتنەسەرکاری دۆناڵد ترامپ وڵامدانەوە بەو هەڕەشانە توندتر و جیددیتر بوون و تەنانەت مەترسیی هەڵایسانی شەڕێکی ماڵوێرانکەر لەو ناوچە دنیای نیگەران کردبوو. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە چین گەورەترین پشتیوانی کۆرەی باکوور هەرگیز نەهاتە نێو ئەو شەڕە تەبلیغاتییەی نێوان ئەو دوو وڵاتە. بێگومان ئەوان دەیانزانی هەڵایسانی شەڕێکی تازە لەو نیوە دوورگەیە، بە تایبەت کە سەرۆکی کۆرە بە خۆڕانان بە مووشەکە بالستیکییە ئەتۆمییەکانی بەردەوام

هەڕەشەی ئاشکرای لە ئەمریکا و هاوڕەگەزەکانی لە باشوور دەکرد، نائەمنییەکی زۆر لەو ناوچەیە دروست دەکا و بە هۆی زەرەرمەندبوونی بازرگانیی ناوچە، دووکەڵی شەڕەکە دەچێتە چاوی ئەوانیشەوە. بۆیە دەکرێ دەخالەتی چین، یەکێک لە هۆکارەکان بووبن بۆ ڕازیکردنی کۆرە بۆ پێداچوونەوە بە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا. گۆڕانێک کە زۆر زوو ئاسەواری باشی دەرکەوت و بە سەردانی بەرپرسانی ئەمنییەتی و سیاسی تا ئاستی سەفەرەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کۆرەی باکوور و ئازادکردنی دیلە ئەمریکاییەکان و دیاریکردنی کاتی دیداری سەرۆکی هەر دوو وڵات بەرەو ئاقارێکی باش دەچێتە پێشەوە.

هەنگاوێکی باش کە دەتوانێ شوێن لەسەر داهاتووی وڵاتێکی دوورخراوە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دابنێ و یارمەتیدەر بێ بۆ چارەسەری زۆر لە کێشە ئابوورییەکانی کە خەڵکی تووشی هەژاری و دواکەوتوویی کردوە. ڕێکخستنەوەی ئەم پێوەندییانە ئەگەرچی نێوبژیوانێکی دیاری نیە و زۆرتر ئیبتکاری دیپلۆماسیی ئەمریکای لە پشتە، بەڵام بەهۆی دوورخستنەوەی مەترسیی شەڕێکی ئەتۆمی، لە هەموو جیهان پێشوازی لێ دەکرێ.
دوور لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەمان سیناریۆی کۆرەی باکوور لە ئارادایە. سیناریۆی تەمبێکردنی وڵاتە سەرکێشەکان کە ناوچە جیاجیاکان تووشی نائەمنی دەکەن و مەترسیی بۆ سەر بەرژەوەندیی وڵاتە زلهێزەکان بە تایبەت ئەمریکا دروست دەکەن. لەم ناوچەیەدا هاوشێوەی کۆرە، لە ژێر سێبەری سیاسەتی پاوانخوازانەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیدا، ئێران تووشی هەمان چارەنووس بووە. ئێرانێک کە تەنانەت ئۆباماش کە موهەندیسیی بەرجامی کرد، لە دوایین پەیامیدا بە وەدەنگهاتن لەسەر بڕیاری ترامپ بۆ کشانەوەی لە بەرجامدا دەڵێ، «لە مێژ ساڵە نە تەنیا ئەمریکا بەڵکوو هەموو جیهان دەزانن و هاوار دەکەن کۆماری ئیسلامی وەک هەڕەشەیەک دەبینن و جگە لە هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەتی ئەمریکا، هەڕەشەیەکە بۆ سەر پاراستنی ئەمنییەتی وڵاتانی ناوچە و لەوانەیە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو شەڕێکی ماڵوێرانکەر ببا». هەر ئەمەیە وای کردوە کە لە سیاسەتی نوێی دەوڵەتی ئەمریکادا ئێرانیش تووشی گۆشەگیری ببێتەوە و چیدیکە نەتوانی لە سیاسەتی یارمەتیدانی کۆمەڵگەی جیهانی و ساتوسەودا بازرگانییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانەی سیاسی و سەرمایەی پەرەپێدانی دەستدرێژییەکانی لە وڵاتانی ناوچە، بەهۆی گرووپ و میلیشیا دەسکردەکانی کەڵک وەربگرێ.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بە تایبەت ئەمریکا لە ڕێگەی ڕێککەوتنی بەرجامەوە هەوڵی ئەوەیان دەدا کە ئێران بگەڕێننەوە نێو ڕاستەی ئوسوولیی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و یارمەتیی بدەن کە لە سیاسەتی دەستدرێژیکەرانە و پاڵپشتیی تێرۆریزم دووری بخەنەوە. بەڵام ئێران کە تەنانەت بەدوای ڕێککەوتنی بەرجام، بە پێچەوانەی ئەوەی کە دەیتوانی کەڵکی باشی لێ وەربگرێ بۆ خۆدەرباز کردن لە سزاکانی کۆمەڵگەی جیهانی و لەو ڕێگەوە بیر لە گەشەی ئابووری وڵات و



سەرچاوە
Serchawe

پێڕاگەیشتن بە ژیان و گوزەرانی خەڵک بکاتەوە، لەسەر درێژەی سیاسەتەکانی بەردەوام مایەوە و پێی وابوو بە ڕاگرتنی کار لە بنیاتە ئەتۆمییەکانی، خۆڵ دەکاتە چاوی دنیا و لە پەنا ئەودا سیاسەتی نائەمن کردنی وڵاتانی ناوچە و دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا درێژە دەدا. سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی کە هەرگیز وەک کارێکی بنەڕەتی بۆ چارەسەری کێشەکان چاویان لەو ڕێککەوتنە نەکرد، لایان وابوو کە بە دروستکردنی کێشە لە نێو ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدا دەتوانن ئامانجەکانی خۆیان بپێکن و بە دانی ئیمتیاز بە ئورووپاییەکان جێ پێی ئەمریکا لەق بکەن. کارێک کە تێیدا سەرکەوتوو نەبوون و ڕاست بە پێچەوانە، لەحاڵێکدا کە ئورووپاییەکان هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن هەتا بە ناوی ڕزگارکردنی بەرجام ئەمنییەتی ئابووریی وڵات و کۆمپانیاکانیان لە لایەن ئەمریکاوە بپارێزن، ئەمریکا قسە لە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی جیهانی دژ بە ئێران دەکا. بێگومان ئورووپاییەکان لە ئەگەری دروستبوونی وەها هاوپەیمانییەکدا کە دەتوانێ زۆربەی وڵاتانی خاوەن هێز و سەرمایەی ناوچە و زۆر وڵاتی دیکە کە ژیانیان بە یارمەتی ماڵی و ئابووری ئەو وڵاتانەوە بەستراوەتەوە لە خۆیدا کۆبکاتەوە، لە بەرامبەر ئەمریکادا بۆ دیفاع لە کۆماری ئیسلامی ئێران ناوەستنەوە.

لە ئەگەرێکی وەهادا کە لە ڕاستییەوە نزیکە، ئەوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە دەبێ تەکلیفی خۆی بۆ دوایین جار لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران ڕوون بکاتەوە. وڵاتێک کە نەتەنیا وەک کۆرەی باکوور چەکی ئەتۆمیی نیە، بەڵکوو خەڵکێکی ئازا و ئازادیخوازی تێدا دەژی کە لە هەموو ئەو ساڵانەدا لە بەدەستهێنانی کەمترین فرسەت و بچووکترین دەرفەت بۆ دەربڕینی هەستی ئازادیخوازانە و بانگەوازی عەداڵەتخوازانەی خۆیان خافڵ نەبوون. لەلایەکی دیکەشەوە بێ سباتیی ئابووری لەلایەک و خراپی لە ڕادەبەدەری ژیان و گوزەرانی خەڵک بە گشتی، بە پێچەوانەی کورە کە زاهیرەن ناڕەزایەتیی تێدا بەدیناکرێ، لە ئێران هاندەرێکی بە هێزن بۆ سازدان و وەڕێخستنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە دژی ڕێژیم. ئێستا بەڕوونی دەبیندرێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەوتووەتە تەنگەژەیەکی وەها کە ڕەنگە لە داتوویەکی نەزۆر دووردا بۆی زەحمەت بێ لێی دەرباز بێ، ئەرک و بەرپرسایەتیی چالاکانی سیاسی و هێزەکانی دژبەری ڕێژیم گەلێک قورستر دەبێ بۆ پێکهێنانی هاوئاهەنگی زیاتر بۆ ڕێکخستنی خەباتێکی هەمەلایەنە لە دژی ڕێژیم و دەستەبەرکردنی هەرچی باشتری ئاوات و ئامانجەکانی خەڵک.

(لە ژمارەی ٧٢٦ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٨

------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## کۆماری ئیسلامی و ئیسلاحات؟

ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو ماوە چ لە دەرەوە و چ لە نێوخۆ، پرسیاری زۆری لە سەر داهاتووی کۆماری ئیسلامی دروست کردوە. لەلایەکەوە بە هۆی گۆڕینی هەڵوێستی کۆشکی سپی لە ئەمریکا و توندتربوونی هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە پرۆژەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا و هەڕەشەی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبی، ئێران کەوتووەتە ژێر فشارێکی زۆری ئابووری و دیپلۆماسییەوە لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە. لەولاشەوە لە نێوخۆی ئێران بە هۆی کێشەگەلی زۆر و هەمەلایەنەوە، دەربڕینی نارەزایەتییەکانی خەڵک ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەرە دەسێنێ و گشتگیرتر دەبێ. هەڕەشە ئابوورییەکانی ئەمریکا بە هۆی نوێکردنەوە و زیادکردنی تەحریمەکانەوە، کشانەوەی یەک لەدوای یەکی کۆمپانیە گەورە جیهانییەکان کە بە دوای ڕێککەوتنی بەرجام ڕوویان لە ئێران کردبووەوە بە هۆی مەترسیی سزادانیان لەلایەن ئەمریکاوە، هۆکارێکی بەرچاون بۆ چاوەڕوانکردنی داتەپینی یەکجارەکیی ئابووری دەوڵەت و گەورەتربوونی قەیرانی دارایی و ئابووری لە ئێراندا. ئەمە ئەو وەزعەیە کە یەخەی کۆماری ئیسلامیی گرتوە و بەرەو چارەنووسێکی نادیار پاڵی پێوەدەنێ.

لە تەواوی ساڵانی ڕابردوو، لە نێوخۆی وڵاتدا کۆماری ئیسلامی بە سەپاندنی فەزای ئەمنییەتی قورس و هەوڵی سەرکوتی خەڵک لە ڕێگەی گرتن، زیندانیکردن، ئەشکەنجە و تەنانەت ڕەشەکوژی و ئیعدامکردنەوە، بە هەموو شێوەیەک مافە سەرەتاییەکانی خەڵکیان پێشێل کردووە و هەوڵی دەمکوتکردنی خەڵکی نارازی و مافخوازیان داوە و هیچ گوێیان بە داخوازییەکانی خەڵک نەداوە. بەڵام بە بەردەوامی و تەنیا لەپێناو مانەوە و بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی ڕێژیمەکەیان دەسەڵاتدارانی ڕێژیم هەرکات هەستیان بە توندکردنی فشارە دەرەکییەکان کردبێ، ملیان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ زلهێزە جیهانییەکان ڕاکێشاوە. بەرجام دوایین نموونەی ئەو پەلکێشکردنەی کۆماری ئیسلامی بوو بۆ سیاسەتێکی داسەپێندراو بەسەریاندا. سازش و ڕێککەوتن هەرکات هەستیان بە مەترسی کردبێ لەگەڵ هێزەکانی بیگانە. ئەمە لە حاڵێکدا بووە کە سەرەڕای مانۆڕە درۆزنانەکانیان بە ناوی یاسای بنەڕەتی و مافی شارۆمەندی و بەشداریکردنی خەڵک لە چارەنووسی خۆیاندا، هەرگیز ئامادە نەبوون لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان کە چەند جیلیان خۆیان لە پێناو سەقامگرتوویی ئەو نیزامەدا فیداکرد سازش بکەن، و بە ملدان بە ویست و داوا ڕەواکانیان و بە هاوبەشکردنیان لە ژیانی سیاسی و ئیداری وڵاتدا ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ ئیمزا بکەن. ڕێککەوتنێک کە دەیتوانی بە پێی یاسایەکی خەڵکی و نیشتمانی، ئێران لەو هەموو فەقر و وێرانییە بپارێزێ. ئەم کایەی شێر و ڕێوییە چەندجارێک لە سەردەمی سەرۆککۆماری ڕەفسەنجانییەوە هەتا ئێستا دووبارە بووەتەوە.

ئیستا بۆ جارێکی دیکە بە هۆی فشارەکانی دەرەوە بە تایبەت دەوڵەتی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترامپ کایە هەمیشەییەکە دەستی پێکردوەتەوە. لە حاڵێکدا خامنەیی کە زیاتر لە جاران ترسی ڕێ نیشتووە بە بەردەوامی قسە لە بێباوەڕی بەرامبەر ئەمریکا دەکا، نوێنەرەکانی بە ناوی دەوڵەتەوە، لە دەرەوە بە واستەگەری و دانیشتنی بە دزی لە هەوڵی ڕازیکردنی دڵی ئەمریکاییەکانن. لەولاشەوە وەک عادەتی هەمیشەیی کە لە کاتی تەنگانەدا خەڵکیان وەبیر دێتەوە، دیسان باس باسی قبووڵکردنی هێندێک لە گلەییەکان و هەوڵی چارەسەری گیروگرفتەکانە. هەرچەند باش دەزانن کە کار لە گلەییدا نەماوە و ئەو شەپۆلە نارەزایەتییانەی بەرەبەرە هەموو ناوچە و شارە جیاجیاکانی ئێرانی تەنیوەتەوە و هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی لەخۆ گرتووە، قسەی زیاتر لە گلەییەکی تێدایە و دروشمەکانی ئەو خۆپیشاندانانە کە هەرکامەی بە هۆکارێک سازدەکرێ دروشمی هەوڵدانە بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی کە لەوانەیە ئەو گۆڕانکارییە، ڕووخانی ڕێژیم بە دوای خۆیدا بێنێ.

هەرچۆنێک هەڵسەنگاندن بۆ ئەو باروودۆخە بکرێ ئەوە بە ڕوونی دەبیندرێ کە ڕێژیم بە حکوومەت و دەوڵەتەوە و بە گشتی نیزامەکەیان، کەوتوونەتە بەر تەوژمی ڕق و تووڕەیی خەڵک. بێگومان زۆربوونی فشارەکان لە دەرەوە بە تایبەت کە سیستمی ئابووری لەبەر یەک هەڵوەشاوی ئێرانی کردوەتە ئامانج و لەبەردەستدانەبوونی ڕێگە چارەیەکی ماوەکورت بۆ چارەسەری بە پەلەی کێشەکان - ئەگەر بیر لە چارەسەریش بکەنەوە - مەیدان بۆ پەرەگرتنی نارەزایەتییەکان خۆشتر دەکا. درێژەکێشانی ئەم باروودۆخەش لانیکەم ڕێژیم بەرەو لاوازیی زۆرتر دەبا و تواناکانی خۆڕاگری و بەکارهێنانی دەزگا و هێزە سەرکوتکەرەکانی بۆ پێشگرتن لە دەربڕینی نارەزایەتییەکان کەمتر دەکاتەوە. بەمجۆرە ئیستا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێگەیەکی جگە لە پاشەکشە بۆ نەماوەتەوە. هەرچەند ئەزموونەکانی پێشوو پێمان دەڵێن کە بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆیان تەسلیمبوون بە دەرەوە حاسانترە بۆیان، هەتا وڵامدانەوە بە داخوازییەکانی خەڵک و ڕازیکردنی ئەوان.

درێژەی ئەو وەزعە لەگەڵ ئەوەی عەلی خامنەیی وانیشان دەدا کە شتێکی سەیر نەهاتوەتە ئاراوە و وا پێدەچێ کە دیسانیش بیر لە درێژەی دەسەڵاتی خۆی وەک ڕابردوو بکاتەوە، وای کردوە کە سەرۆککۆمار و هێندێک لە دەوڵەتمەدارانی ئێران و تەنانەت بەشێک لە سیاسی و ڕۆشنبیرەکانیشیان بیر لە ئیسلاحی وەزعەکە بکەنەوە بۆ ڕزگاربوون لە چنگ ئەو بەڵایەی کە تووشی خۆیان کردوە. بەڵام بەڕاستی ڕێگەیەک بۆ ئیسلاح ماوەتەوە؟ دیارە ئەگەر هەرکەس یا جیناحێک لە ڕێژیم بیەوێ باس لە ئیسلاحات بکا پێش هەموو شتێک پێویستە باس لە بوونی قەیرانێکی قووڵ بکا کە بە هۆی دەسەڵاتداریی نیزامەکەیانەوە هەموو جومگەکانی ژیانی ئێرانییەکانی گرتووەتەوە و ڕەوابوونی داواکارییەکانی خەڵک نە بۆ پۆزی سیاسی و فریودەرانە، بەڵکوو وەک ڕاستییەکی ژیانی ئەمڕۆی خەڵک قبووڵ بکا. دواتر ئەو یا هەرکەسێک کە قسە لە

بەرنامەیەکی لەو جۆرە دەکا دەبێ باوەڕمەندی خۆی بە ئیسلاحات لە ڕێگەی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ساختارێک کە، بە پێی یاساکەیان و بە هۆی بوونی ڕێبەرێک کە بە تەنیا دەسەڵاتی لە هەمووان زیاترە و بە ئەمری ئەو فەرماندەکانی سپا، ڕاگەیاندنی ڕەسمی، سەرۆکی دادوەری و چی و چی دیاری دەکرێن و، لەم ڕێگەوە دەسەڵاتێکی ئیستبدادی بەسەر وڵاتدا سەپاندوە بە ئاشکرا نیشان بدا. لەگەڵ ئەوەش ئیسلاحات کاتێک جێبەجێ دەبێ کە پێشتر یاسای بنەڕەتی بگۆڕدرێ، دەستی سپا لە کاروباری نێوخۆیی کورت بکرێتەوە و بوونی ئازادیی ڕادەربڕین، ڕاگەیاندنی ئازاد و پێکهێنانی کۆبوونەوە و دروستکردنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی بە شێوەی کردەیی بە ڕەسمی بناسرێ. دەنا ئەو قسە و باسانە بۆ ئەوان خەیاڵی خۆشی ڕزگاربوونیانە لە چنگی عەداڵەت و خەڵکی ئێرانیش جارێکی دیکە فریوی ئەو موعیزانە ناخۆن.

(لە ژمارەی ٧٢٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٨

## دروستبوونی هیچ جەمسەربەندییەکی حیزبی ناتوانێ

## خزمەت بە داهاتووی بزووتنەوەی کورد لە ئێران بکا...

### دیمانە: مەنسوور مرووەتی

**کەماڵ کەریمی: دروستبوونی هیچ جەمسەربەندییەکی حیزبی ناتوانێ**

(لە کەس شاراوانە نیە کە ئێران لەبەردەم گۆڕانێکی بنەڕەتی دایە. لەو ماوەیەدا هەم لەنێوخۆ نارەزایەتییەکان پەرەیان سەندوە، هەم لە دەرەوەی وڵاتیش فشاری زیاتر خراوەتە سەر کۆماری ئیسلامی. داهاتووی ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟ ئایا شۆڕشێکی دی لە ئێران بەڕێوەیە؟ ئایا کۆماری ئیسلامی ناچار بە هەندێ گۆڕانکاریی بنەڕەتی دەکرێ؟ کورد لە ئێران لە کوێی ئەم هاوکێشەیەدا جێی گرتووە؟ ئەم باسە و چەند بابەتێکی دی تەوەری وتووێژێکی تایبەتیی «کوردستان»ن لەگەڵ کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان)

**پرسیار:** کاک کەماڵ زۆر کەس وەزعی ئیستای ئێران بە ساڵی ٥٦ و ڕۆژانی پێش ئینقلاب دەشوبهێنن. زۆر کەس هەن باس لەوە دەکەن کە حەتمەن کۆماری ئیسلامی دەڕووخێ و زۆر کەسیش هەن کە پێیان وایە کە نەخێر کۆماری ئیسلامی تەنیا

**لەبەردەمی ڕووخان دایە. جەنابت لەگەڵ کام لەو بۆچوونانەی؟ ئایا کۆماری ئیسلامی بەڕاستی دەڕووخێ، یا لە بەرامبەر فشارەکانی دەرەکی بە تایبەت ئەمریکا لە بەرەبەری گۆڕانێکی جیددی دایە؟**

**وەڵام:** ڕاستییەکەی موقایسەی بەینی ساڵەکانی ٥٦ - ٥٧ لەگەڵ ٩٦ - ٩٧ بە لایەنێک دەتوانێ دروست بێ هەرچەند لە هێندێک شتدا جیاوازییان زۆرە. دروستبوونەکەی لەوە دایە کە لە ساڵی ٥٦دا ئێعترازەکان بەرەبەرە دەستیان پێکرد و دوایی ئێدامەی پەیدا کرد و لەم شار بۆ ئەو شار گواسترایەوە هەتا هەموو شارەکانی ئێرانی گرتەوە. لە لایەکیتریش ئێعترازەکان هەرچەند بە قەولێک یەک هۆکاری تایبەتیی هەبوو بەڵام دواتر دیتمان بوو بە ئێعترازێکی گشتی لەنێو سێنفەکان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران. لە نێو زانستگاکان، مەدرەسەکان، بازار و بەرەبەرە مانگرتنی گشتی لە نێو مامۆستایان، کارمەندان، کرێکاران بە تایبەت کرێکارانی سەنعەتی نەوت کە گەورەترین زەبری ئابووریی لە ڕێژیمی شا دا. بەمجۆرە ئێران بەرەبەرە بەرەو قۆناغێک ڕۆیشت کە دەبوو ئینقلاب ڕوو بدا. ئەوەی ئێستا لێرە دەیبینین هۆکاری دیکەشی هەیە وەک نارەزایەتی بەرامبەر بە وەزعی خراپی ئابووری، فەساد، ڕانتخۆری و بە گشتی نەبوونی ئەمنییەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و... . ئەگەر بڵێین هۆکارەکان جیاواز بن بەڵام شێوەی دەسپێکردنەکەی بە تایبەت لە سەرەتای بەفرانباری ٩٦، هەمان شێوازی دەسپێکردنی نارەزایەتییەکانی ساڵی ٥٦ دەبینین. بەڵام دوو جیاوازی لە بەینی ساڵەکانی ٥٦ و ٩٦دا دەبیندرێ. ئەویش ئەوەیە کە ساڵی ٥٦ کە ئەم نارەزایەتییانە دەستیان پێکرد سەرەتا دیار نەبوو کە ڕێبەرییەک لە پشت ئەم بزاوتەیە و هاتووە بۆ ئەوەی ڕێبەری بکا و لە ڕاستیدا خۆی بەسەر ئینقلابدا سەپاند و خۆی کردە خاوەنی ئینقلاب. بەرەبەرە کە خۆپیشاندانەکان پەرەیان گرت ئەمانە زیاتر هاتنە نێو ڕیزەکانی نارازییان و مزگەوتەکانیان کردە مینبەری ئینقلاب، ئەویش لایەنی مەزهەبیی حەرەکەتەکەبوو؛ لەگەڵ ئەوەی ڕێکخراوی چەپی بەهێز لە ئێراندا هەبوون و لە دوای ئینقلاب لە تاران دەماندی کە خۆپیشاندانی چەندسەد هەزار کەسییان وەڕێ دەخست. بۆیە بوونی ڕێبەرییەک بۆ ڕێکخستن و ڕێبەریکردن و تەنانەت ڕێکخستنی دروشمەکان و خستنە سەر زاری خەڵک، هۆکاری سەرەکیی گەیشتن بە ئینقلاب بوو. ئەمە ئێستا لەم قۆناغەی بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵکی ئێراندا نابیندرێ. ئەوە جیاوازییەکی گەورەیە لە نێوان ئەو کات و ئێستادا.

**پرسیار: هەروەک باست کرد نە ڕێبەرییەکی دیار و گشتی هەیە و نە ئۆپۆزیسیۆنێکی جیددی لە ئاستی ئێراندا و نە ئالترناتیڤێک بۆ کۆماری ئیسلامی و ئەم ڕێژیمە زۆر جیاوازیی هەیە لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی. ئەوە ئەم فکرە بەقووەت ناکا کە نەخێر کۆماری ئیسلامی لە ڕووخان جارێ دوورە؟**

**وەڵام**: مەسەلەی ڕووخان یا گۆڕان لە کۆماری ئیسلامیدا لە هێندێک لایەنەوە دەکرێ وەک یەکی ببینین. گرینگ ئەوەیە کە ئایا گۆڕان لە کۆماری ئیسلامیدا، لە ئاستی ئەو دروشمانە دایە کە ساڵانێکە میانڕەوەکان و ئیسلاح تەڵەبەکان باسی دەکەن؟ یا نا گۆڕان دەگاتە ئاستێک کە بتوانێ خەڵک ڕازی بکا و دڵنیابن کە ئەو گۆڕانە دەتوانێ ژیانی ئەوانیش بگۆڕێ.

من پێموایە هۆکارێکی گرینگ جیا لە وەزعییەتی خراپی نێوخۆیی لە ئارادایە، ئەویش هۆکاری دەرەکییە و دەوری ئەمریکا بە تایبەت لەو مەسەلەدا. فشارەکانی ئەمریکا لە یەک ساڵی ڕابردوودا کەموێنە بووە لەو چل ساڵەی ڕابردوو کە بەردەوام شەڕەدەندووکەیان بووە. ئەم فشارانە وەک زۆرجار لە زمان بەرپرسانی ئەمریکاوە گوێمان لێدەبێ کە مەبەست ڕووخانی ڕێژیم نیە، ڕەنگبێ لە نێوخۆ هێزێکی وا دروست بکا کە ببێتە ئەهرومی فشار بۆ سەر دەسەڵات و ناچار بە گۆڕانکاریی بکا.

ئەگەر باس لە پێویستیی نەمانی ڕێژیم بکەین لە ڕاستیدا ئێران گەیشتووەتە ئەو ئاستە کە پێویستە نیزام یا سیستمێکی نوێ لەو وڵاتەدا دابمەزرێ. ئەم حکوومەتە نە لە باری ئابوورییەوە توانیویەتی کارێکی وا بکا، نە لەباری سیاسی و دیپلۆماسییەوە توانیویەتی ئێعتباری وڵاتێکی وەک ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بپارێزێ و نە لە ناوچەدا توانیویەتی لەگەڵ دراوسێکانی پێوەندییەکانی ڕابگرێ کە جێی متمانە بێ. لە نێوخۆی وڵاتیش ئەوەی کە دەیبینین جگە لە نێو کۆمەڵێک چەکدارانی سپا و بەسیج و ئەو دەزگایانەی کە سەر بە بەیتی ڕێبەرین، لە نێو خەڵکی ئێرانیشدا ئێعتبارێکی ئەوجۆرەی نەماوە. بەڵام ئەو ڕاستییە هەیە کە بۆ ئەوەی نیزامێک بگۆڕی دەبێ هێزێکی دیکەت هەبێ کە جێگەی ئەو بگرێتەوە. لە ئێراندا دەبینین ئۆپۆزیسیۆنێکی پەڕشوبڵاو هەیە لە چەپەکان، کۆماریخوازەکان، شاپەرەستەکان و موجاهیدین کە بە زۆری لە دەرەوە تێکۆشانیان هەیە و لە ڕاستیدا هەتا ئیستا هەست بەوە ناکرێ کە هیچکام لەم لایەنانەی ئۆپۆزیسیۆن، توانیبێتیان لەنێو خەڵکی ئێراندا پێگەیەکی بەهێز بۆ خۆیان دروست بکەن و بتوانن مەسیری ئینقلاب دیاری بکەن. بەو مانا کە ئەگەر ئینقلاب پێ دەگرێ دەبێ ڕێبەرییەکی هەبێ مەسیرەکەی دیاری بکا و بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو بیباتە پێش. لەولاشەوە ئەگەر سەیر کەین ڕێژیم هەتا ئیستاش بە هۆی پاڵپشتیی هێزە سەرکوتکەرەکانی درێژە بە سەرکوت و ترساندنی خەڵک دەدا. هەروەها هەتا ئیستا فشارە نێودەوڵەتییەکان وا نەکەوتوونەتە پاڵ یەک کە نیشان بدا وڵاتانی زلهێز و بڕیاردەر ڕووخانی ڕێژیمیان مەبەستە و زۆرجار پێچەوانەکەی لە ئورووپاییەکان و تەنانەت لە ئەمریکاییەکانەوە دەبیسین. بۆیە ئیستا مەسەلەی گۆڕان زۆرتر دیتە بەرباس بەڵام، گۆڕانێک کە زۆرکەس پێیانوایە کۆماری ئیسلامی بەو نێوەرۆکەی خۆی ناهێڵێتەوە. ئەمە لەوانەیە گۆڕانێک بێ کە خەڵکی ئێران پێی ڕازی بن. ئەویش گۆڕانێکە کە لە سەرەتاوە دەبێ لە قانوونی ئەساسییەوە دەست پێبکا. ئەو قانوونەی کە بۆخۆی سەرچاوەی تەواوی ئەو نابەرابەری و جیاکاری لەنێو خەڵک و دوورخستنەوەی خەڵکە لە هاوبەشبوونیان لە ئیدارەی وڵاتدا. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە هەموو ئەو شوێنانەی لەو قانوونەدا باسی سەڵاحییەت و مافی خەڵکە بەستراوەتەوە بە پاراستنی ئەسڵی نیزامی ئیسلامی و ڕێکبوونی لەگەڵ ئەحکامی ئیسلامی و تەفسیری ئەمەش دراوەتە دەست شووڕای نیگەهبان.

**پرسیار:** کاک کەمال هێندێک وردتر هاتیە نێو کێشەکانی قانوونی ئەساسی و ئەو شتانە کە ئەگەر گۆڕانێک دەست پێبکا لە کوێوە بێ. بەڵام لە سەر کوردستان. ئێستا چ کۆماری ئیسلامی بڕووخێ و نەمێنێ یا گۆڕانێکی دڵخوازی خەڵک ڕوو بدا، وەزعی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی یا حیزبەکانی کوردستانی ئێران زۆرجار باس کراوە و ئیتر بووەتە پرسیارێکی کلێشەیی کە وەزعیان چۆنە. بەڵام ئەوەی کە ئێستا هەیە، سبەینێ هەر تەحەولێک هەبێ؛ ڕووخان بێ یا گۆڕان وەڵامدەری ئەوەیە کە لەقەدەر داخوازی و چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران بن؟

**وەڵام:** بە سەراحەت بڵێم زۆر بەداخەوە نا. هەرچەند کوردستان بۆخۆی وەک واحیدێکی جیاواز لە شوێنەکانی دیکەی ئێران دەبێ چاوی لێبکرێ، لەبەر ئەوەی کە خاوەنی خەباتێکی جیاوازە لەو خەباتەی خەڵکی تاران، مەشهەد یا شیراز دەیکەن. ئەویش بەو مانایە کە جگە لە شتە هاوبەشەکانیان کورد بە دوای مافە سیاسی و نەتەوەییەکانیەوەیەتی. ڕەنگە بڵێین لەهەر هەلومەرجێکدا کە ڕێژیم ئەگەر بەرەو ڕووخان بڕوا ئەو بۆشاییەی کە لە نەبوونی دەسەڵات لە ئێراندا دروست دەبێ کوردستانێکی ئازاد بەدوای خۆیدا دێنێ. ئەمەیان تا ئێرە دەکرێ پێی دڵخۆش بین بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕەنگە کافی نەبێ کە بڵێین حکوومەت دەڕووخێ و...

کوردستان ئازاد دەبێ، بە هۆی تێکشکانی هێزەکانی ڕێژیم و کۆنتڕۆڵی لەلایەن خەڵک و هێزی پێشمەرگەوە کە دەبێ خاوەنداریەتی کوردستانی ئازاد بکەن. کێشەکە لەوێوە دەست پێدەکا کە ئەم هێزە کوردییانە دەبێ پێشتر بۆ ئەو قۆناغە ئامادەکاری و هاوئاهەنگیی تەواویان کردبێ بە یەکەوە بۆ یارمەتیدان بە ڕووخانی ڕێژیم ئەگەر بەرەو ڕووخانی ڕویشتین و تەنانەت لە ئەگەری گۆڕانیشدا کە ئەگەر فاکتەرەکانی ڕووخان تەواو بەدەستەوە نەبن و ڕێژیم ناچار بە قبووڵی گۆڕانێکی جیددی بێ ئەو جۆرەی خەڵک دەیانەوێ. لێرەشدا دەبینین ئەو بۆشاییە هەر هەیە. هەتا ئێستاش هێزەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی پێوەندییەکانیان باشە بەڵام نەبوونەتە خاوەن بەرنامە و ستراتیژییەکی پێویست کە چۆن ڕووبەڕووی ئەو قۆناغانە دەبنەوە. بە بڕوای من ئەمە گەورەترین کێشەیە بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ بەرەو ڕووخانی ڕێژیم بڕۆین چ بەرەو مەسیری ئەو ئاڵوگۆڕە ئیحتمالیانەی دیکە. لە شەرایتێکی وادا زۆر کێشەی چاوەڕوانکراو هەیە کە هیچیان یارمەتیدەر نابن بۆ بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان.

**پرسیار:** پێشتر باسمان لە وێکچوونەکانی ئێستا و سەرەتای ئینقلاب کرد. ئەودەم لە کوردستان تەنیا دوو حیزب هەبوون کۆمەڵە و دێموکرات. ئێستا هەر ئەم حیزبانە بوونە پێنج شەش حیزب و بۆ خۆیان ناوەندێکی هاوکارییان پێک هێناوە. زۆر کەس دەڵێن ئەوە بۆ ڕوتیناتە هیچ شتێکی جیددی نیە و هیچ ئیلزامێکی تێدا نیە. وەک نموونە باس لەوە دەکرێ کە ئەم ناوەندە بۆ کاری دیپلۆماسیی خۆیان ناوەندێکی هاوبەشیان نیە و هەر حیزبێک دەچێ بە ناوی خەڵکی کوردەوە قسە دەکا و پێشنیاری سەیروسەمەرە دەدا. ئەم کێشانە چۆن چارەسەر دەبێ؟

**وەڵام:** دیارە ئەوەی باسی پێوەندیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوەندی هاوکاریی ئەو حیزبانەیە دەبێ بڵێین ئەو ناوەندی هاوکارییە ئێستا لە سەرەتای کاری خۆی دایە. تا ئێستا لەو ناوەندەدا کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەک کە جۆری هاوکاریی هەمەلایەنەی ئەو حیزبانە لەو ناوەندەدا تەعریف بکا پەسەند نەکراوە. بۆیە سەیر نیە کە هەر حیزبێک کە لەو ناوەندەشدا بێ بۆخۆی کار و تێکۆشانی دیپلۆماسیی خۆی هەبێ و ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکا. ئەمە ڕەنگبێ بۆ هەمووان ڕەوا بێ. بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەگەر قەراربێ ئێمە گرینگی بدەین بەو داهاتووەی کە لێی نیگەرانین و گرینگی بدەین بەوەی کە چۆن ئەم نیگەرانییانە دوور بخەینەوە لە خۆمان، و زەمینەی هاوکارییەکی باشتر لە داهاتوودا خۆش بکەین و وا بەرەو پێشەوە بڕۆین کە دڵنیا بین لە داهاتوودا کەمتر تووشی ئەو گیروگرفتانە دەبین؛ پێویستە هەموو لایەک بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن دەتوانن هاوکاریی باشتریان هەبێ لە داهاتوودا. ئەزموونی هەموو ساڵانی ڕابردووی ڕۆژهەڵات و هەموو ئەحزابی کوردی نیشان دەدا کە دنیای دەرەوە کەمتر گوێ لە حیزبێک دەگرێ.

ئەوان شناختیان هەیە بە نیسبەت حیزبەکان و مەسەلەی کوردەوە، زۆرجار بە نوێنەرانی ئێمە و حیزبەکانی دیکەش گوتراوە ئەگەر بکرێ بە یەکەوە قسە بکەن لەگەڵ دەوڵەتان و ئەو لایەنانەی کە پێیان وایە کاریگەرییان دەبێ لەسەر بابەتەکانیان. هۆکارەکەش ئەوەیە هەر حیزبێک دەچێ قسەی خۆی دەکا ڕاستە بەناوی کوردەوە قسە دەکا. بەڵام ئەو تەنیا قسەی خۆی لە ڕوانینی خۆیەوە بڵاو دەکاتەوە. ئەو شوێنانەش کە دەیانبینین هەموو حیزبەکان دەستیان پێڕادەگا و دەتوانن بیانبینن. بۆ وێنە هەر ئەو ماوەیە لە ئەمریکا کە دوو حیزبی کوردی سەردانی ئەوێیان کردبوو، ناوەندێکی فکریی ناحکوومییان دیوە کە تەبلیغاتی زۆریشی پێوە کرا، کە هەشت مانگ لەمەوبەر نوێنەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و جێگری سکرتێری حیزب دانیشتنی لەگەڵیان هەبووە و هەر ئەو باسانەیان لەگەڵ کردوون. لەوانەیە هەموو قسەکان وەک یەک نەچن چون هەرکام لە ڕوانگەی حیزبی خۆیەوە قسە دەکا. بە بڕوای من لە جیاتی ئەوەی لە یەکتری بشارنەوە کە خەریکی چین و زیاتر لەوەی کە هەیە گەورەی بکەنەوە باشتر وایە کە لەگەڵ یەکتر باسەکانیان بکەن بۆ ئەوەی کە دەچنە ئەو شوێنانە قسەی هەموو لایەنەکانیان پێ بێ و بتوانن نوێنەرایەتیی هەموو لایەنەکان بکەن. ئەمە یەکێک لە کێشەکانی نێو ئەو حیزبانەیە و زۆرتر کێشەیەکی ڕەوانییە بە مەبەستی تەبلیغات و خۆنیشاندان. هێندێک دەیانەوێ بەمجۆرە وانیشان بدەن کە ئەوا مەترەحن لە حاڵێکدا ئەو شوێنانە گرینگییەکی ئەوتۆیان لە وەزعییەتی ئێستای ئێمەی کورددا نیە. ئەم بابەتە جیا لەو تەبلیغاتە حیزبییەی کە بە جۆرێک لەڕادەبەدەر گەورە پیشان دەدرێ خاڵێکی گرینگە و ئەگەر ئێستا بیر لەوە بکەینەوە کە ئێمەی کورد لە داهاتوودا بەرەو چ مەسیرێک لە گۆڕانکارییەکان بە ڕووخانی ڕێژیمیشەوە دەڕۆین و بۆ ئەوەی دڵنیابین کە نیازەکانی داهاتووی خەڵکی کوردستانمان دابین کردوە، پێویستە گرینگی بدەین بە هاوفکری و هاوئاهەنگیی زیاتر لەگەڵ یەکتر لە هەر زەمینەیەکدا؛ چونکی تەنیا کاری دیپلۆماسی نیە، لە زەمینەی کاری

پێشمەرگایەتی، ڕاگەیاندن و هەر کارێک کە بۆ بەرەوپێشبردنی بزووتنەوە پێویستە هەنگاوی باشتر بنێین بۆ ئەوەی لەهەر شێوازی گۆڕانێکدا بتوانین دەوری خۆمان بە باشی بگێڕین.

**پرسیار**: ئەوەی کە باست کرد دوو حیزبی کوردستانی ئێران سەردانی ئەمریکایان کردووە من بیستوومە کە ئەو دوو حیزبە داوایان کردووە کە جگە لەوان با حیزبەکانی دیکە نەیەنە ئەوێ، یانی مەرجیان داناوە. واتە گوتویانە ئێمە دێین بە مەرجێک بۆ وێنە حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبێ یا فڵانە کۆمەڵە نەبێ. ئەوە تا چەند ڕاستە؟

**وەڵام**: ئەو قسە بۆ ئەو دیدارانە نەبوو. لە ڕاستیدا سمینارێک کە لەلایەن لایەنگرانی حکوومەتی پاشایەتی لەوێ پێکهاتبوو و لە ڕێگەی ئاغای نووریزادەوە حدکا و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ دەعوەت کرابوون، کە وەک کورد تەنیا کاک عەبدوڵڵا موهتەدی بەشدار بووە و لەوێ ئەو قسەیەی کردوە کە گرینگییەکی نیە؛ لەبەر ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سیاسەتی ئێران بۆ داهاتوو لە بازنەی شاپەرەستەکاندا نیە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەوان باوەڕیان بە بوونی کورد وەک نەتەوەیەک کە خاوەن مێژوو و خواستی خۆیەتی نیە.

**پرسیار**: یانی هەم حدکا هەم کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ وایان گوتووە؟

**وەڵام**: بەڵێ ئێمەش وامان بیستووە.

**پرسیار**: باشە ئەمجۆرە پێوەندییە مەترسیی ئەوە دروست ناکا ئەم حیزبانە کە هێزی چەکداریان هەیە سبەینێ لەبەر ئەوجۆرە ڕوانینەیان بۆ یەکتر قبووڵنەکردن کێشە بخوڵقێنن؟ چ زەمانەتێک هەیە کە سبەینێ کە لە سنوورەکان چووینە ئەودیوو ئەوەی بە شەڕی براکوژی ناودەبرێ دەست پێنەکاتەوە؟

**وەڵام**: بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئێمە لە دە ساڵی ڕابردوودا بە سەردانی بەردەوامان لە حیزبەکانی کوردستانی ئێران و ڕێکخستنی پێوەندییەکی سالم لەگەڵ هەموویان هاندەر بووین بۆ ئەوەی بتوانین بەیەکەوە کار بکەین. دەزانین کۆسپەکان کەم نەبوون لەسەر ڕێگەمان. ئێستا ئەم کۆسپانە ناڵێم نەماون بەڵام کەم بوونەتەوە. هەربۆیە توانیمان ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دروست بکەین. هەرچەند ئەوەش بۆخۆی بێ کێشە نەبوو لەلایەن هێندێک لە حیزبەکانەوە. ئەمە ڕاستییەکە لەبەردەم حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا کە نە هیچ حیزبێک بە تەنیا، نە دوو دوو بە یەکەوە و تەنانەت دروستبوونی هیچ جەمسەربەندییەکی حیزبی ناتوانێ خزمەت بە داهاتووی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بکا. ئەمە ئەزموونێکی گشتی بزووتنەوەی کوردە، ئەزموونی چل ساڵ بەیەکەوە نەبوونمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەزموونی زیاتر لە ٥٠ ساڵ



سەرچاوە
Serchawe

خەبـاتی باشـوور، تەنـانەت بـاکوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتانیش لەم چەنـد سـاڵەدا، پێمـان دەڵـێ بەیەکەوە نەبوونمـان هـیچ ڕێگەیەکمـان لەبەردەمـدا نـاهێڵێتەوە جگە لە یەکترکـوژی. بـۆیە دروسـتکردنی ناوەنـدی هاوکـاری شـتێکی پێویسـت بـوو، پەرەپێدانی جۆری هاوکارییەکانی ئەو حیزبانە زۆر گرینگە و هەوڵدان بـۆ ئەوەی سنووری هاوکارییەکانمـان لە چوارچێوەی ناوەند بگوازینەوە بۆ ڕێکخستنی بەرەیەکی کوردستانی ئەرکێکی زەرورییە. بـۆ ئەو کـارەش ئێمە بەرنـامەی خۆمـان ئامادە کردوە هەرچەند بەداخەوە ئێستا بە تەواوی زەمینەی ئەو کـارە لە نێـو هەمـوو حیزبەکانـدا ئامادە نیە. بـۆیە ئێسـتا باشتر وایە لە چوارچێوەی ناوەنددا چۆنیەتیی هاوکارییەکانمـان دیـاری بکەیـن و ئەمەش کـارێکی قـورس نیە. دەتـوانین بـۆ هەمـوو ئەو کارانەی لەبەر دەستمان دایە کۆمیتەی هاوبەش دروست بکەین و ئەرکەکـان بە یەکەوە ڕاپەڕێنین. ئێمە ئەم باسـانەمان لە ناوەندی هاوکاریدا بووە. ئێمە هەمیشە پێداگریمان کردوە لەسەر بەیەکەوەبوونمان و ئێستاش پێمان وایە کـاری یەک یـا دوو حیـزبیش بەیەکەوە نـاتوانێ ئەو کەلێنـانە پڕبکـاتەوە و لەوانەیە ئەگەر هەروا بـڕوا لە جیـاتی بەرەیەک دوو بەرە دروسـت ببـێ. دروسـتبوونی ئەم دوو جەمسـەرییە لە نێـو حیزبەکانـدا لە باشـووری کوردسـتان لە دەیەی ٦٠ی میلادیـدا ئەزموونێکی تاڵی لێ کەوتەوە و ئەوجا لە جیاتی دوو حیزب بەشەڕێین دوو گرووپ لە حیزبەکان بوونە دوژمنی یەکتر.

**پرسیار**: لە قسەکانتاندا وادەردەکەوێ کە مەترسییەکان هەست پێدەکەن. باشە جیا لەو واقعە، ئێستا کە تێکنۆلـۆژیی پێوەندییەکان گەشەی کردوە و لە بەردەستی حیزبەکانیشدا هەیە، ئەو دەرفەتە چۆن کەڵکی لێوەرگیراوە؟ یـان پێتـان وانیە کە خراپ کەڵکی لێوەرگیراوە و ململانێی نێوان حیزبـەکان لـە نێو تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا بـە خراپ ڕەنگی داوەتـەوە؟ چ بکرێ بۆ ئەوەی ئەمە کار نەکاتە سەر پێوەندیی حیزبەکان؟

**وەڵام**: ڕاستییەکەی هیچ شتێک تەزمینی ئەوە ناکا جگە لەوەی حیزبەکان ڕاستگۆیـانە و دڵسـۆزانە هەوڵ بـدەن بەرنـامەیەکی عەمەلی بۆ هاوکاریی هەمەلایەنە دیـاری بکەن. بـۆ ئەوەی هەمووان بەیەکەوە لە کارەکانـدا بەشدار بـن. ئێمە نـابێ بڵێین حیزبی دیموکراتی کوردستان حیزبی ٥٠ لەسـەدی خەڵکی کوردستانە و فڵانە حیـزب ٥ لەسـەدی خەڵکی لەگەڵە. دیـارە ئەو هاوسەنگییە هەر ناکرێ و هەر حیزبێک بەپێی نفووزی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی پێگەی بەهێزتر و دیـارتر بـێ و زۆریـش ئاساییە کە شوێندانەریی زیاتری هەبێ لە نێو کۆمەڵگە و دەورووبەریش. بەڵام ئەگەر بێینە سەر بیرکردنەوە لە هاوکـاری دەبێ ئەو شتانە وەلابنێین. بیـر لەوە بکەیـنەوە کە ئێمە چۆن دەتـوانین وەهـا بەیەکەوە بین کە وەکـوو واحیـدێک عەمەل بکەین، ئەمەش تەنیا ڕێگەیە کە دەتـوانێ دوورمان خـاتەوە لەو داهـاتووەی کە لێـی دەترسێین. ئەگینـا هیچ تەعەهـودێکی یەک یـا دوولایەنە نـاتوانی پێشـی ئەوە بگـرێ. ئەگەر ئـێمە تەعەهـودی ئەخلاقیمـان نەبـێ بەرامـبەر خوێنـدنەوەمان بـۆ داهاتووی کوردستان و هاوکاری هەموو حیزبەکان لەگەڵ خۆمان بە زەروور نەزانین ڕەنگە سبەینێ زۆر شت بخەینە ژێر پـێ. گرینـگ ئەوەیە کە ئـێمە بتـوانین لەگەڵ هەمـوو حیزبەکـان بەبیرکـردنەوەی هـاوبەش بەرنـامەیەکی ئەوتـۆ دابڕێـژین کە

هەموومـان وەک ئەوی دیکە کـارەکە بکەیـن. لەوێدا ئیتـر دیـار نیە بـن کێم و ئەوی دیـکە کێیە. چـونکە کـورد بەیەکەوە ڕووبەڕووی کێشەکان دەبێتەوە.

**پرسیار: هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو نیگەرانییانە و کـار و بەرنامەکانی داهـاتووی ئـەو ناوەنـدە هاوکارییـە، بفەرموون کە پێشنیاری ڕوونتان چیە؟**

**وەڵام:** ئێمە ئیستا ناوەندێکی هاوکاریمان هەیە و وەک ئەرک دەبێ هەرچی زووتر ئاییننامەیەکی تێدا پەسەند بکرێ و بە پێی ئەو ئاییننامەیە جۆری پێوەندییەکانمان دیـار بـێ و ئەرکەکانمـان دیـاری بکرێ. هـەروەها بـۆ کـاری هـاوبەش گرووپـی هاوبەش دروست بکەین، بۆ هەر کارێک چ کـاری دیپلۆماسی بـێ یـا پێشمەرگانە یـا ڕاگەیـاندن و هەر ئەرکێکی دیکە. ئەوە جیـاواز لەوەی هەر حیزبێـک کـاری تـایبەتیی خـۆی هەیە. ئەو جـۆرە لە هـاوکـاری دەتـوانێ یارمەتیمـان بـدا بە بەرینتـر کردنەوەی بازنەی هاوکاری هەموو حیزبەکـان و بێگومـان کـاریگەریی بـاشـی دەبێ لەسەر قوناغەکـانی خەبـاتی داهاتوومـان. وەک پێشتر باسم کرد بۆ ئەو کارە ئێمە شتی ئامادەمان هەیە و هیوادارم کە بتوانین لە ڕێکخستنی باشتری هاوکارییەکانمان لە چوارچێوەی ناوەند و تەنانەت بەرەیەکی بەرینتریشدا سەرکەوتوو بین.

(لە ژمارەی ٧٢٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٨

---------------------------------------------------

## ڕووحانی داوای یەکگرتوویی لە کێ دەکا

قسە یەک لەدوای یەکەکـانی ئەم دواییـانەی بەرپرسـانی نیـزام دەری دەخـا کە بەرەبەرە ڕێبەرانـی هەرسـەرووی ڕێـژیمیش باوەڕیـان هێنـاوە کە بە پـێچەوانەی هاتوهاوارەکانیـان، گەمـارۆدانی وڵاتەکەیـان لەلایەن ئەمریکـاوە گلـۆڵەی خسـتوونەتە لێژی. سـاڵانێک بـوو دروشمی «مردن بـۆ ئەمریکـا» و «ئەمریکـا هیـچ غەڵەتێکی پێنـاکرێ»، بنێشـتە خۆشکەی سەر زاری ئیمـام و ڕێبەر و ئوممەتەکەیـان بـوو و ئەمەیـان بە هۆکـاری یەکیەتیـی ئـوممەتی ئیسلامی لە قەڵەم دەدا. چەپ و ڕاسـتی دەسەڵاتدارانی نیزام بۆ خۆبردنە پێش سنگیان بـۆ دەکوتـا و نەیاندەویست لە ڕیزی وەدواکەوتـووانی ئیمـام وەپـاش کەون.

بەڵام چەند ساڵ لەمەوبەر کاتێک یەکەم دەوری گەمارۆکان لە سەردەمی ئەحمەدینـژاددا کـاریگەریی خۆیـان لەسـەر ئـابووریی دەوڵەت و ژیانی ئەوان دەرخست، ڕووحـانی هـاتە مەیدان و بەو هیوایەی کە بە سێحری کلیلەکەی گەمارۆکـانیش کۆتـاییـان پێدێ، جڵەوی دەسەڵاتی دەوڵەتـی لە کۆمـاری ئیسلامیدا گرتەدەست. هەرچەنـد پێشتریش جیـاوازیی بیرکـردنەوە لەسـەر چـۆنیەتیی پاراسـتنی نیزامەکەیـان لە نێـو دەسـەڵاتداراندا هەبـوو، بەڵام ئەوکـاتە و بەدوای هاتنەسـەرکاری ڕووحـانی، چۆنیەتیی ڕوانینی جیاواز بەرامبەر ئەمریکا کەلێنی نێوان دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی بە تەواوی ئاشکرا کرد.

یەکەم هەنگاوی ڕووحانی بـۆ دەربـازکردنی دەسـەڵاتەکەیان لە قەیرانێکی چاوەڕوانکراو، قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە بـوو کە ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بۆی خوڵقاند و لە درێژەی وتووێژەکانی ئێران لەگەڵ کۆمەڵەی وڵاتـانی ١+٥ ڕێککەوتنی بەرجامیان ئیمزاکرد. ئەمە دەرفەتێکی باش بوو بۆ خۆدزینەوەی کۆماری ئیسلامی و دوورکەوتنەوە لەو سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییـانەی جیهـانی پـێ تـووڕە بـوو. ئەوکـاتە ئەم سیاسـەتەی ڕووحـانی کە خـامنەیی جارێک دەیگوت بـاوەڕ بە ئەمریکا نـاکرێ و جـارێکی دی ئەم سیاسـەتەی دەوڵەتـی پـێ نەرمینوانـدنی قارەمانـانە بـوو بـۆ ڕزگـاربوون لە چنـگ ئەو هەمـوو نەهـامەتییەی بـۆ خەڵکیـان دروست کردبـوو، بـوو بە هـۆی ئاشکرابوون و گەورەبـوونەوەی کێشـەی نێـوان باڵەکـانی ڕێـژیم. ئوسوولگەراکان کە نەیاندەویست ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا بە ناوی دەوڵەتەوە بێ، هێرشی توندیان بۆ سەر ڕووحانی دەست پێکرد و هەر کامەیـان بە جۆرێک تۆمەتباریـان دەکرد. کەسیان قبووڵیـان نەبوو کە ئەمە بـۆ دەربـازکردنی هەموویـانە لەو تەنـگەژەی کە دەبـوو سـەریان بخـوا و گەڕانەوەی ئەو خێرەوبێـرەیە کە سیاسـەتی ئۆبامـا بەهـۆی ئـازادکردنی پـووڵە بلۆککراوەکانیان، بەسەریدا دەرشتن. بە دوای ڕاگەیاندنی کشانەوەی ئەمریکا لەلایەن دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەو وڵاتەوە و قورسبوونی بـاری گرانـی سەرشـانی دەوڵەتـی ڕووحـانی و پەرەگرتنـی نـاڕەزایەتییەکـانی خەڵکی ئێـران، ئەم کێشـانەی نێـو دەسـەڵات گەیشـتە ئەوەی کە مـاوەیەک لەمەوبەر گوێبیسـتی واتەواتـی وەلانـانی ڕووحـانی لە دەسـەڵات لە زمـان پیـاوە ناسراوەکانی ئوسوولگەراکانەوە دەبووین. ئەسپاردنی دەوڵەت بە فەرماندەیەکی نیزامی کە ئەویش دەبوو سەردارێکی سپای پاسداران بێ، پێشنیاری کەسێکی نزیکی خامنەیی بوو. لەم بگرەوبەردەدا و لەوپەڕی شەڕەقسەیاندا کتوپڕ ڕووحـانی هـاتە قسە و بە پێچەوانەی هەڕەشەکانی پێشووی لە دژبەرەکـانی نێو دەسەڵاتی، قسـەی گـۆڕی و بـاس لەوە دەکـا کە «ئـامادەین لەگەڵ هەر ئەو کەسانەی کە ساڵانێکە فشارمان بۆ دێنن قسە بکەین و ئەگەر نییەتی باشیان هەبێ لەگەڵیـان ڕێککەوین» یان دەڵێ؛ «لە بەرامبەر هەموو جیناحەکاندا، هەموو ئەوانەی کە تـا ئەمڕۆ خراپترین تۆمەتیـان لە دەوڵەت داوە چۆک دادەدەم و دەستیان ماچ دەکەم.» ئەو لێرەدا ڕووی قسەکانی لەو کەس و لایەنانەیە کە سەر بە لایەنەکـانی ئوسـوولگەران و پێشتر ڕووحانییان بە سازان لەگەڵ ئەمریکا تاوانبار دەکرد. ئەو داوایان لێدەکا کێشە نێوخۆییەکانیـان وەلا بنێن و هەموو بە یەکەوە ڕووبەڕووی ئەمریکا ببنەوە.

ئەم هەڵوێستەی ڕووحانی بە ئاشکرا وەزعی ئێستای ئێران و ڕیزبەندییەکانی نێو دەسەڵات و خەڵک لەم وڵاتەدا دەردەخا. لەم وتە بەنرخانەی! ڕووحانیدا دەبینین کە لە هیچ شوێنێکی قسەکانیدا ڕووی لە خەڵک و تەنانەت ئەوانەی کە بە ئومێدی کاریگەریی کلیلە سێحراوییەکەی دەنگیان پێدا و لە چاوەڕوانیی جێبەجێبوونی بەرنامە ڕاگەیەندراوەکەی کاتی هەڵبژاردنی لە کاتی سەرۆککۆماریدا پشتیان گرت، نییە. ئەو ئێستا بە باشی دەزانێ کە خەڵکی ئێران بە گشتی ڕیزی خۆیان لە نیزام و دەسەڵاتدارە جۆراوجۆرەکانی جیا کردوەتەوە. هاتنە سەر شەقامی ڕۆژانەی خەڵک لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران و دەربڕینی نارەزایەتیی بەردەوامیان لە درێژەی ماوەی دەسەڵاتداریدا ئەو پەیامەی بە ڕووحانی داوە کە لەوە زیاتر ناتوانێ بە دروشمی بریقەدار و درۆزنانە فریویان بدا و لەولاشەوە سفرەی هاوبەشی لەگەڵ جیناحە نەیارەکانی لە نێو بازنەی دەسەڵاتداری نیزامدا، پان بکاتەوە. ئەو هەروەک لەکاتی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەنگی خەڵک بۆ گەیشتن بە کورسیی سەرۆککۆماری قسەی لە مافی شارۆمەندی و بەشدارکردنی خەڵک لە بەڕێوەبەریی وڵات و کورتکردنەوەی ئەو دەستانەی نانی خەڵک بە تاڵان دەبەن دەکرد، دەبوو لە بیری بوایە کە تەنیا هێزێک کە دەیتوانی ئەو و دەسەڵاتەکەی بپارێزێ هەر ئەو خەڵکەیە کە دەبوو وەک مرۆڤێک کە مافی ژیانێکی شەرافەتمەندانەی لە وڵاتەکەی خۆیدا هەبێ هەستی بە پشتیوانی و دابینکردنی مافەکانی بکردایە.

ئەو خەڵکە لەمێژ بوو دژی سەرکوتکارییەکانی دەزگا ئەمنییەتییەکان، پێشێلکارییەکانی دامودەزگای دادوەری، بێبەشبوونیان لە مافە سەرەتاییەکانیان وەک ئازادیی تاک و بە کۆمەڵەکانیان، گەندەڵی و دزینی ماڵ و سامانیان لە لایەن دەزگا حکوومەتییەکان و بەرپرسان و فەرماندەرانی سپاوە دەنگی هەڵبڕیبوو. بەڵام ئێستا کە دەزانن هەموو کەسایەتی و جیناحەکانی ڕێژیم لەم بێبەشکردنەی خەڵکیدا یەکدەست و یەک کاسەن، هەموویان یەکدەنگ و یەکریز لە دژی نیزام ڕا پەڕیون.

ئاکامی ئەم سیاسەتەی ڕووحانی کە بە جۆرێک هەمان سیاسەتی هاوشێوەکانی پێشووی بوو وای کرد کە ئیتر ڕیزبەندییەکان لە ئێراندا بە تەواوی گۆڕانکاریی بەسەردا بێ. پێشتر گەمەی جیناحە جیاکانی نێو دەسەڵات ئەو بەشە لە خەڵکیان کە چاوەڕوانی گۆڕانکارییەک بوون لە نێو دەسەڵاتدا، بەسەر دوولایەندا دابەش کردبوو. بەڵام سیاسەتە گشتییەکانی ڕێژیم و گوێنەدانی دەسەڵاتداران بە داخوازی بەردەوامی خەڵک بۆ چارەسەری کێشەکانیان، ئێرانی گەیاندوەتە جێگەیەکی هەستیار لە گۆڕانکارییەکی قووڵتر لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا. ئێستا ئیتر ڕووحانی دەزانی ناتوانێ بۆ پشتگیری ڕوو لە خەڵک بکا. بۆیە بە شەرمسارییەوە ڕوو لە دژبەرەکانی لە نێو ڕێژیمدا، «ئەوانەی کە تا ئەمڕۆ خراپترین تۆمەتیان لە دەوڵەت داوە» دەکا و لە بەرامبەریاندا چۆک دادەدا و دەستیان ماچ دەکا. داوایەک کە تازە هیچ دادێکی نادا.

(لە ژمارەی ٧٢٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٨

-----------------------------------

## پاشەکشەی ڕێژیم لە کوێ و بۆ چی؟

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەمێژ ساڵە تەمەنی ئاڵۆزی ڕێژیمەکەیان لە قەیرانێکەوە بۆ قەیرانێکی دیکە تێپەڕ دەکەن. ئەزموونەکانی ئەو ساڵانە پێمان دەڵێن کە ئەوان هیچ کات لە بیری ئەوەدا نەبوون چارەسەری یەکجاری ئەو قەیرانانەی تووشی وڵاتی ئێرانیان کردوە بکەن و هەرجارەی ویستوویانە بە جۆرێک بەردێکی لەسەر دانێن و خۆی لێ بدزنەوە، بەبێ ئەوەی خەم لەوە بخۆن کە داهاتووی وڵاتێک لەژێر ئەو هەموو قەیرانە یەک لەدوای یەکانەدا چ دەبێ. گومان لەوەدا نییە کە ئەوان نە بۆ خزمەتکردنی وڵات هاتبوون و نە لە خەمی ژیانی خەڵکی ئێراندا بوون کە گلەییەکیان لەسەر بێ، بەڵام بۆ خۆیشیان جگە لە دزی و تاڵانی سەرمایەکانی ئەو وڵاتە بەپیت و بەرەکەتە، ئەگەر لە خەمی دەسەڵاتدارییەکەیان بووبن دەردەکەوێ ئەزموونی ئەوەیان نەبوە کە هیچ دەسەڵاتێک لە ژێر کارتێکەریی بەردەوامی ئەو قەیرانانەدا ناتوانێ بۆ هەمیشە خۆ ڕابگرێ و لە جێیەک مەجبوور بە تەسلیم و سەربەردانەوە دەکرێ.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنیانەوە بەپێچەوانەی هەموو عورفێکی دەسەڵاتداری بە سازکردنی شەڕ لەگەڵ هاوسێکانی و هەڕەشە لە شەرق و غەرب بە تایبەت ئەمریکا هەوڵی خۆسەپاندنێکی ئیدئۆلۆژیکییان دا، بەڵکوو لە سایەی بێ خەبەریی خەڵکی ئێران و کێشە نێودەوڵەتییەکان لە ناوچەدا، جێ پێی دەسەڵاتدارەتیی درێژماوەی خۆیان قایم بکەن و لە پێناو ئەم ویستەدا ئەوەی گرینگییان پێ نەدا ژیان و داهاتووی ئەو خەڵکە بوو کە لە پێناو ئەواندا، بە چاوبەستراوی لە بەرەکانی شەڕ و خۆپیشاندانە فەرمایشییەکاندا بازاری ئیدیعاکانی ئەوانیان گەرم دەکرد. بە جۆرێک کە لە تەواوی ئەو ساڵانەدا تەنیا چەکێک کە بەرامبەر بە دنیای دەرەوە لهکاریان دهکرد بە چاودادانەوەی پشتیوانیی بەرینی خەڵک (ئوممەتی شەهیدپەروەر) لە ڕێژیمەکەیان بوو. ئیدیعایەک کە ئەم ڕۆژانە لە بڕەو کەوتووە و ناوێرن باسی بکەن. ئیستا ئیتر ئەوە خۆیانن و دەستەوەستانی بەرامبەر ئەو هەموو کێشانە کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە.

لەم کێشمەکێشەدا ڕێبەرانی ڕێژیم بە تایبەت کەسی یەکەمیان خامنەیی دوای چەند جار هێرشی بە قسە و هەڕەشەکردن، کاتێک زانییان هەموو دەرگایەکیان لەسەر داخراوە و تەنانەت ڕووسیەی هاوپەیمانیشیان ڕووی خۆشیان پێ نیشان نادا و وڵاتانی دوستیان کە زۆرجار لەبەر بەرژەوەندییە بازرگانییەکانیان چاوپۆشییان لە هەموو دەستدرێژییەکانی ئەوان بۆ سەر

گیان و ماڵ و کەرامەتی ئینسانیی هاووڵاتیانی ئێرانی و، تەنانەت کارە تێرۆریستییەکانیان لە وڵاتە دوورهەدەستەکانیش دەکرد نەیانتوانی یارمەتییەکیان بدەن، لە نێوخۆ بەپەلە کەوتنەخۆ بۆ ئاشتهوایی نێوماڵی خۆیان و لەسەر داوای خامنەیی بۆ ڕزگارکردنی کەشتییە تێکشکاوەکەیان لە نوقمبوون کە هەموویان دەگرێتەوە کێشە و دوژمنایەتییەکان وەلانا و، لە دەرەوەش ئەوەی ئاشکرا بووە دوای بێ ئاکامبوونی سەفەری ڕووحانی بۆ ئورووپا و نێردەی تایبەتی خامنەیی بۆ ڕووسیە، و پەیامی ئاغای ترامپ کە ئامادەیە بێ مەرج ئەگەر کۆماری ئیسلامی ویستی وتووێژیان لەگەڵ بکا، ئەوجا نۆرەی ناردنی بەنهێنیی نێردەی وڵاتان بۆ لای دەوڵەتی ئەمریکا هات کە بەڵکوو وەک ڕووحانی گوتی «وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا یانی تەسلیم بوون» ڕێگەی تەسلیم بوونیان بۆ بهێڵدرێتەوە. ئێستا بەڕوونی دەردەکەوێ هاوکات بوونی فشارەکانی نێوخۆ لەلایەن خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران کە بۆ هەدەستهێنانەوەی مافە لە دەستچووەکانیان ڕژاونەتە سەر شەقام و، فشارەکانی دەرەوە بە تایبەت لە لایەن ئەمریکاوە بە مەبەستی کورتکردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە و پەکخستنی دەزگای تیرۆریستیی سپای پاسداران لە بەڕێوەبردنی کارە تیرۆریستییەکانی، ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمەیان لە مودیرییەتی قەیرانەکان بە قازانجی خۆیان نائومێد کردووە. ڕێژیم کە هەموو ئەو ساڵانە لەلایەک بە کۆکردنەوەی خەڵک لە میتینگە دەوڵەتییەکاندا، خۆی وەک دەسەڵاتێک کە خەڵک پشتیوانیی لێ دەکەن دەردەخست و لەولاشەوە لە چاوچنۆکیی کۆمپانیاکانی وڵاتانی دەرەوە بۆ نیشاندانی سەقامگرتوویی و بەهێزیی خۆی کەڵکی وەردەگرت، ئێستا نە ئەمی ماوە نە ئەو.

لەو بەینەدا ئەوەی کە خەساری گەورەی بەرکەوت خەڵکی بێ ئەنوای ئێران بوو. لە نێوخۆی وڵات پاش نزیک بە چوار دەیە سەرکوتی بێبەزەییانە کە جگە لە دەستوپێوەندە سوێندخواردووەکانی خۆیان هەموو کەسی گرتەوە، ئێستا خەڵک بە گشتی و لە هەموو ناوچەکانی ئێراندا بۆ گۆڕینی ئەو وەزعە بە شێوەی ئاشکرا ڕووبەڕووی ڕێژیم بوونەتەوە و ئەم خۆدەرخستنەش ڕۆژبەڕۆژ بەرینتر دەبێ و دەردەکەوێ کە خەڵک هیچ باوەڕێکیان بە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و بەڵێنە بەدرۆکانیان نەماوە و ڕێبەرانی وڵاتیش باش لەمە حاڵی بوون و لەوە تێگەیشتوون کە خەڵک ڕێگەی گەیشتن بە گۆڕانێک دەپێون کە داهاتووی باشی خۆیانی تێدا ببیننەوە، ئەگەر بە ڕووخانی ڕێژیمیش بێ. بەڵام سەیر ئەوەیە لە ڕێڕەوی پاشەکشەکانیاندا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ خۆڕزگارکردن لە چنگ مەترسیی ڕووخانی ڕێژیمەکەیان بیر لە هەموو ڕێگەیەک دەکەنەوە و تەنانەت ئامادەن بە تەسلیمبوونیش بێ، پەنا بۆ ئەم و ئەو ببەن کە دڵی ئەمریکایان بۆ نەرم کەن بەڵکوو لە کەری شەیتان بێتە خوار و دەرگای وتووێژیان بۆ بکاتەوە؛ بەڵام بۆ ساتێکیش بیر لە ڕێگەی خەڵکی وڵاتەکە بۆ بەشداری لە چارەسەری کێشەکان ناکەنەوە.

ئەوە ڕوونە کە ڕێگەی چارەسەری لە دەرەوە ڕەنگە بۆ ئێستا و بە شێوەی کاتی ڕێگە چارەسەرێک بۆ ڕێژیم بەمەبەستی تێپەڕین لەقەیرانەکانی ئێستا بێ، بەڵام بێگومان بۆ چارەسەری کێشەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران هیچی تێدا نییە. خەڵکێک کە ناهومێد لە گۆڕانکاری لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە بۆ خۆی ئەم ڕێگەی گرتووەتە بەر و ئێستا گوێ بە کێشەکانی ڕێژیم لەگەڵ ئەمریکا نادا و ئەگەریش گرینگیی پێ بدا لەبەر ئەوەیە کە بتوانن لە فشارەکانی ئەو وڵاتە بۆ سەر ڕێژیم بە مەبەستی گۆڕینی وەزعەکە بە قازانجی خۆیان و داهاتووی وڵاتەکەیان کەڵک وەرگرن. خەڵکی ئێران بەگشتی ئێستا باش لەوە تێگەیشتوون کە پاشەکشەکانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە بەرامبەر ئەمریکادا تەنیا و تەنیا بۆ خۆدەربازکردنی خۆیانە لە قەیرانێک کە تۆماری تەمەنیان تێکەوە دەپێچێ.

(لە ژمارەی ٧٣١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٨

---------------------------------------

## لە جیاتی پێشبڕکێی خەباتی پێشمەرگانە، دەبوا ستراتیژی و بەرنامەی هاوبەشمان هەبا بۆ ئەو مەبەستە

**دیمانە: مەنسوور مروەتی**

**پرسیار:** دەگوترێ کە حیزبی دێموکرات داهێنەر و خاوەنی ئەو سێمبولانەیە کە ئەمڕۆ کوردی پێ دەناسرێتەوە. وەکوو دەوڵەتی کوردی، ئاڵای کوردستان، ناوی پێشمەرگە و سروودی نەتەوایەتیی کورد، ئەم قسەیە تا چەندە ڕاستە؟

**وەڵام:** دەکرێ بڵێین پێش دامەزرانی حیزبی دێموکراتیش ڕەنگبێ باس لە دەوڵەتی کوردی کرابێ، دەزانین کە کورد خاوەنی زیاتر لە سەدە و نیوێک خەبات و تێکوشانە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت بۆ دابینکردنی مافەکانی خۆی. ئەوەی گرینگە لە تەواوی ئەو قۆناغانەدا کورد لە هەر شوێنێک توانیبێتی ڕاپەڕێ، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆی گەلێک لەم دەستەواژانە ڕەنگە باس کرابن. مەسەلەی دەوڵەتی کوردی دەزانن لە جەریانی پەیمانی سیڤەر و پەیمانی لۆزاندا مەترەح بووە، زۆر پێشتر لەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دابمەزرێ، وشەی پێشمەرگەش کە ناوێکی پیرۆزە بۆ هەموو ئەو خەباتکارانەی کە چەک هەڵ دەگرن بۆ بەرگری لە نەتەوەکەیان و بەرەنگاربوونەوەی دوژمن



سەرچاوە Serchawe

لە دەستدرێژییەکانی بۆ سەر مافەکانی خەڵکی کوردستان وشەیەک بووە ڕەنگە زۆرجار بەکار هاتبێ، ئاڵای کوردستان ئەو ئاڵا سێ ڕەنگەی کە ئێستاش بە ڕسمی لانیکەم لە پارچەیەکی کوردستان واتە لە هەرێمی کوردستان وەک ئاڵای ڕەسمی کوردستان ناسێندراوە ئەویش پێش دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەنگبێ بیری لێ کرابێتەوە و قسەی لێ کرابێ، تەنانەت وەک باس دەکەن لە پەیمانی سێ سنووری کورداندا دانانی ئاڵایەکی ئاوا هاتووەتە بەر باس؛ بەڵام ئەوەی گرینگە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات ڕسمییەتی دا بەم سیمبولانە. دڵدار شێعری «ئەی ڕەقیب»ی پێش دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان هۆندبۆوە، بەڵام کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا و بە پێی بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆماری کوردستان دامەزرا، ئەم شێعرە بوو بە شێعری سرودی نەتەوەیی و خەڵکی کوردستان لەو دەمەوە تا ئێستا وەک سروودی نەتەوەیی قبوڵیانە و دەیڵێنەوە. وشەی پێشمەرگە کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێشنیار کرابوو، لە حکوومەتی کۆماری کوردستاندا بە بڕیارێکی ڕەسمی بوو بە ناوی ئەو چەکدارانەی کە چەک بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان و بو پاراستنی نەتەوەی کورد هەڵ دەگرن. بۆیە ئەگەر بڵێین پێش دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کورستانیش ئەم هێما و سیمبولانە هەبوون، هەرچەند بەو جۆرە مەترەح نەبوون؛ بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان شانازیی ئەوەی پێ بڕاوە کە ڕەسمیەت بدا بەم دەستەواژانە و وەکوو کۆمەڵێک بایەخی نەتەوەیی بە ڕەسمییەتیان بناسێنێ کە هەتا ئێستاش لای نەتەوەی کوردەوە قبووڵ کراوە.

**پرسیار**: بەڵام ئەم حیزبە ئێستاش بە ئامانجە سەرەکییەکەی نەگەیشووە و زۆر کەسیش نیگەرانی ئەوەن کە نەکا داهاتووی حیزبی دێموکرات وەک داهاتووی حیزبی تودەی ئێرانی لێ بێ. لەو بارەوە دەڵێن چی؟

**وەڵام**: من ئەوەندەی دەزانم لەو بەشە لە کوردستان کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە هەتا ئێستاش پێگەی حیزبی دێموکرات بە گشتی لەنێو خەڵکی کوردستاندا پێگەیەکی یەکجار زۆر بەهێزە، ئەمە ڕەنگبێ لە ڕۆژێکی وادا وەک پڕوپاگەندە بچێ بۆ حیزبێک کە ئێمە بوخۆمان خاوەندارێتیی ئەو حیزبە دەکەین و پێشمەرگەی ئەو حیزبەین، بەڵام ئەوە واقعییەتێکە لە زمان خەڵکەوە دەیبیستی. ئەمە ڕاستییەکە زۆرێک لە تەحلیلگەران و زۆر لە لێکۆڵەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەنانەت دەروونناسەکان دانی پێدا دەنێن. هۆکارەکەشی ڕابردوویەکی دوورودرێژی خەباتی ۷۳ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ئەم حیزبە کۆمەڵێک کاری پڕبایەخی کردوە، کە هەندێ شتی لەنێو کومەڵگەی ئێمەدا جێ خستوە. بۆیە ئاسان نییە کە ئەم حیزبە لە خەڵک دابڕێ و بیر لەوە بکەینەوە ئاخۆ داهاتووی ئەم حیزبە لەنێو خەڵکدا چیی لێ دێ. من دڵنیام ئەم پرنسیپە جێکەوتووە وای کردوە خەڵک هەتا ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئومێدیان بە حیزبی دێموکرات بێت و ئەمە بۆخۆی دەری دەخا حیزبی دیموکرات ئەو جێگە و پێگە هەمیشەیەی خۆی هەیە. لەوانەیە جەریاناتی سیاسیی دیکەش هەبن، لەوانەیە ڕووداوی سیاسی هاتبێتە پێش یا دیسان بێتە پێش و مومکینە هێندیک هەڵە و نەدانەم کاری لە حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی دێموکراتیش ڕووی دابێ کە خەڵکی لی دڵمەند بوون، یا نیگەرانی درووست بکا؛ بەڵام بە بڕوای من ئەم

پرنسیبانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٧٣ ساڵ خەباتدا لەنێو خەڵکدا جێی خستوون بۆخۆی بووەتە چەند کۆڵەکەیەکی بەهێز کە حیزبی دێموکراتی لەسەر ڕاوەستاوە و کردوویەتیە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک.

**پرسیار: واتە حیزب بووە بە بەشێک لە کولتووری خەڵک؟**

**وەڵام:** بەڵێ بەڕاستی وای لێ هاتووە. ئەتۆ بێهێنە بەرچاوی خۆت ئەو وەختانەی کە لە حیزبی دێموکراتدا کێشەیەک دروست دەبێ، بۆ وێنە لە کونگرەی ١٣دا کێشەیەک دروست بوو کە بەداخەوە دوای زیاتر لە ساڵێک دەوامی کێشەکان لە حیزبی دێموکراتدا و چارەسەرنەکردنی بەهۆی هێندێک نەزانکاری لەلایەن ڕێبەریی ئە وەختی حیزبەوە، حیزبی دێموکراتی تووشی لەتبوون کرد. خەڵک نەیان توانی بە نسبەت ئەمەوە بێ تەفاوت بن. هەر ئەمە بوخۆی دەلیلێکە بو ئەوەی خەڵک چەندە ئومێدیان بە حیزبی دێموکراتە و چەندە نیگەرانن لە وەزعییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ١١ ساڵە ئەم حیزبە لەت بووە و دوو حیزبی دێموکرات بە جودا کاری سیاسیی خۆیان درێژە دەدەن بەڵام یەک زەڕەش لە نیگەرانییەکانی ئەو خەڵکە کەم نەبووەتەوە.

خەڵکی کوردستان ئێستاش هیوایان بە حیزبی دێموکراتە و حیزبی دێموکرات هەرچەند بە دوو حیزبی دێموکرات تێکۆشانی خۆی درێژەی دەدا؛ بەڵام هەموو لایەک وەکوو یەک هەڵدەسەنگێنن، وەک یەکی دەبینن و ئەگە یەکیان هەڵە دەکا پێیان ناخۆشە و، یەکیان کاری چاک دەکا پێیان خۆشە. یانی وا نەبووە کە خەڵک لە ڕووی زێهنییەوە لانیکەم ئەم دوگانەگییەی قەبووڵ کردبێ، ئەمە بوخۆی نیشانەی ئەوەیە کە ئەم خەڵکە دیسانیش ئومێدیان بە حیزبی دێموکراتە و ئومێدیان بە داهاتووی حیزبی دێموکراتە؛ لەبەر ئەوەی داهاتوی خۆیان گرێ داوە بە داهاتوی حیزبی دێموکراتەوە و داهاتووی باشی خۆیان لە داهاتوی باشی حیزبی دێموکرات دا دەبینن.

دیارە هاوکات لەگەڵ باسکردنی ئەمانە، دەبێ کەموکۆڕییەکانی حیزبی دێموکراتیش دانەپۆشین و چاوپۆشی نەکەین لە هەڵەکانمان.

بەڵام لەگەڵ دیتنی هەڵەکانمان ئەمن پێم وایە دیسانیش ئەوەی کە ئومێدبەخشە بۆ داهاتووی خەباتی ئێمە لە کوردستان و لەنێو خەڵکی خۆماندا دیسانیش ئەو گرێدراوییە بەهێزەیە. ئەو کولتوورسازییەی حیزبی دێموکراتە کە لە ٧٣ساڵدا لە نێوان خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا دروست بووە.



سەرچاوە Serchawe

**پرسیار:** کاک کەماڵ ئەو خەڵکە وەک خۆت فەرمووت نیگەرانن لەو وەزعەی کە ئێستا ئەو حیزبە گەورەیە تووشی بووە. ئێستا دوو حیزبی دێموکرات هەیە و دوو هەیئەت هەیە بۆ یەکخستنەوەی حیزبی دێموکرات. جەنابیشت بەرپرسی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی. پرسیار ئەوەیە داهاتووی حیزب چی ئەبێ؟ ئایا هەروا بە دوو باڵ ئەڕوا؟ چۆنی یەک ئەخەنەوە و چۆن خەڵک دڵنیا دەکەنەوە کە ئەو حیزبە یەک دەگرێتەوە؟

**وەڵام:** بە داخەوە ناخوشە کە بڵێم جارێ دانوستانەکانمان ڕاوەستاوە، ئەویش هۆکارەکەی بەداخەوە وەک بەڕێز کاک مستەفا هیجری لە وتووێژێکی لە ڕادیۆ ئەمریکادا گوتی، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بەستنی ئەو کۆنگرەیەی ئەخیری ئەوان لەزستانی ڕابردوودا و ئەوە بووە هۆی وەستانی دانیشتنەکانمان. بەڵام لە مێژە گوتومانە و ئەوەی کە لەلای حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە ڕاگەیەندراوە ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات مەحکوومە بە بەیەکەوە بوون. ئەمە شتێک نییە لە ئێرادەی ئێمەدا یا لە ئێرادەی ئەواندا بێت. ئەمە لە ئێرادەی گشتیی خەڵکی کوردستان و لە ئێرادەی گشتی ئەو دێموکراتانەیە کە دڵسۆزانە لە خەمی داهاتووی حیزبی دێموکرات دان. چەندە حەق بەمنە یا چەندە حەق بە تەرەفەکەمە لە دانیشتنەکاندا ئەوە هیچ لەم بیرۆکەیە ناگۆڕێ کە مادام خەڵکی کوردستان ئومێدیان بە حیزبی دێموکراتە و داهاتووی خۆیان بە داهاتووی حیزبی دێموکرات گرێ داوە، کەوابوو ئەوان چاوەڕوانی ئەوەن بزانن حیزبی دێموکرات ئەم داهاتوویە چۆن دەنەخشێنێ، بۆیە دەڵێم مەحکوومین بەیەکەوە بوون.

**پرسیار:** وەک فەرمووت و کاک مستەفا هیجریش باسی کردووە، کۆنگرەی دواجاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووەتە هۆی پەکخستنی دانیشتنەکان. ئێوە دەفەرموون مەحکوومین بەوە کە یەک بین. ئەدی باشە ئێوە چۆن دیسان دەست پێ دەکەنەوە؟

**وەڵام:** بە بڕوای من سەخت نییە. بەپێی ئەو باسانەی کە لە نێوخۆماندا هەمانە و بە تایبەتی لە دەفتەری سیاسیدا، ئێمە هەست دەکەین کە کارێکی سەخت نییە.

**پرسیار:** ئەی بۆچی جێبەجێ ناکرێ؟

**وەڵام:** جێبەجێ نابێ لەبەر ئەوەی کە کارێک نییە کە یەکلایەنە بە ئێمە بکرێ. دەبێ هەر دوو لایەن بە یەکەوە بیکەین، بەڵام تەنها لەبەر ئەوەی کە دەڵێین مەحکوومین بە بەیەکەوە بوون، لانیکەم ئەمن دەڵێم لە ئێستا بە تایبەتی لە وەزعیەتی ئێستای ئێراندا ئێمە بڕوانینە مەوزوعەکان کە دەبینین کاری زۆر بەپەلە بۆ ئەو بابەتە لە بەردەست دایە و

ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ نـاتوانین ئەم حیـزبە یەک بخەیـنەوە و بیکەیـنەوە بە حیزبێکی واحیـد، بەڵام هێنـدێک شت مەجبوورمـان دەکا ئیمە وەکوو یەک تەعـامووڵ بکەیـن لەگەڵ ڕووداوەکـان، وەک ئەوەی لە ڕوانگەی خەڵکەوە ئەمن بـڕوانمە مەوزووعەکە نەک لە ڕوانگەی خومەوە.

**پرسیار**: **ڕوانگەی خەڵک چۆن؟**

**وەڵام**: ڕوانگەی خەڵک ئەوەیە کە ئومێدیان بە حیزبی دێموکراتە و داهـاتووی خویـان بە داهـاتووی حیزبـی دێموکرات گـرێ داوە، ئەو حیزبـی دێمـوکراتەی کە ئەوان دەیبیـنن نە ئەمـن دەیبیـنم، نە تـەرەفەکەم دەیبینـێ، ئەوەی کە خەڵـک دەیبینـێ. ئەگەر خەڵک ئومێدی بەوەیە کە ئەم حیـزبە ببێـتەوە یەک حیـزب. بە بـڕوای من لە قونـاغی ئـاوادا زۆر کێشـەی گرینـگ لە بەر دەممان دایە کە ئەمن دەڵێم مادام خەڵک چاوی لەوەیە کە حیزبی دێمـوکرات دەبـێ گرێگوشـای کێشـەکانی ئەوان بـێ ئەم حیزبی دێموکراتە دەبێ دانیشـێ ئەگەر بیـر لەوە ناکـاتەوە یەک بگـرێتەوە بیـر لەوە بکـاتەوە چـۆن بەیەکەوە ڕووبەڕوی ئەم پرسانە ببنەوە؟ چۆن بیر لە چارەسەری ئەم کێشانە بکەنەوە؟ چۆن دانیشن نەخشە ڕێگە دانێن بـۆ ڕووبەڕوبـوونەوەی لەگەڵ ئەم کێشـانە؟ ئێـران بەرەو قەیرانێکـی قـووڵ ڕۆیشـتووە و ئەم قەیـرانە لە هەر حاڵـدا ئێرانـی خسـتووتە سـەر دووڕێیـانی ڕووخان یا گۆڕان. دەڕووخێ ئێمە چ دەکەین، دەگۆڕێ ئێمە چ دەکەیـن؟ ئەمە کـاری هەمـوو حیزبەکـانە و ئەمن نـاڵێم تەنیـا کاری ئێمەیە. بەڵام پێش هەموو کەس ئەگەر لە دیدی ئەو خەڵکەوە بڕوانین عەکسی ڕوانگەی ئەم دو حیزبـی دێمـوکراتەیە. کە وابوو ئەگەر بیر لەوە ناکەینەوە جارێ چۆن یەک دەگرینەوە مەجبوورین بیـر لەوە بکەیـنەوە چـون دادەنیشین بەیەکەوە نەخشە ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆ ڕوبەڕوبوونەوە لەگەڵ ئەم چالشانە و بۆ ئەوەی ئەم کێشانە چارەسەر بکەین.

**پرسیار**: **کاک کەماڵ لە ئێستادا ئینترنێت و تۆڕە کومەڵایەتییەکان بوون بەبەشێک لە ژیانی خەڵک بەتایبـەتی تێکۆشەرانی سیاسی و مەدەنـی. زۆر خەڵـک کە لە دنیـای مەجـازی و تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان دان لە کـاروکردەوەی ئەنـدامانی هەردوو لا نیگەرانن. دیارە ئەمن نامهەوێ بڵێم ئەم لا باشە ئەو لا خراپە، یا فەرق و جیـاوازییەک دابنێم. خەڵـک نیگەرانە، دەزانن ئەگەر سەرکردایەتیی هەردوولا بیرێک نەکەنەوە دواڕۆژ تووشی شتی قەرەبـوونەکراوە دەبـین ئێـوە چ دەڵـێن بە خەڵکێک کە نیگەرانە لەو بارەیەوە؟**

**وەڵام**: بەو خەڵـکە دەڵـێم ئەو نیگەرانییە زۆر زۆر لە جێی خـۆی دایە و ئەگەر بێتوو ڕێبەریی ئەم دوو حیزبـی دێموکراتـە نـاتوانن ڕێگە چـارەیەک دابنـێن یـان هەوڵ بـدەن بـۆ یەکگرتنەوەیەکـی یەکجـاری کە بتـوانن ببـنە خـاڵێکی بەهێـز بـۆ ئەو بزووتنەوە و هیوا بەخش بن بۆ خەڵکەکەمان بە نیسبەت ڕوانگەیـان بـۆ داهـاتوو، بەڵام لە ئێسـتادا پێویسـتە حەتـمەن بیر

لەوە بکەنەوە کە هەر دوو لایەن مەجبوورن بەیەکەوە تەعامولێکی درووستیان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن بەرەورووی ئەو کێشانە ببنەوە کە ڕۆژانە لە کوردستان ڕوو دەدەن. با وا بکەین خەڵک واقعبینانە بیربکەنەوە، واقعبینانە شتەکان لە زمان ئێمەوە ببیستن، ئێمە دەڵێین ئەم دوو حیزبە هەر دووکیان دوو هێزی پێشمەرگەی بەهێزیان هەیە، کامیان زیاتر، کامیان کەمتر، کامیان بەتەجروبەتر یا کامیان کەم ئەزموونتر؛ ئەمانە هیچ لە مەوزووعەکە ناگوڕێ. بەڵام دەڵێین ئەگەر بۆ وێنە بێتوو لە جیاتی ئەوەی پێشبڕکێ بکەین بۆ خەباتی پێشمەرگانە، ئەگەر بێتوو دانیشن بەیەکەوە بیر لەوە بکەنەوە کە ستراتیژیی چەکدارانەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە و بە پێی ئەو ستراتیژییە هەنگاو بنێین. بەرنامەیەکی هاوبەش دانێین بۆ کاری پێشمەرگایەتی. بێگومان ئەمە زۆر سەرکەوتووتر دەبێ لەو کارەی کە لە ئێستادا دەکرێ. نموونەیەکی دیکە دەڵێم ئەگەر حیزبی دێموکرات یەک بێت لە دنیای دەرەوە گوێبیستی زۆر زۆر دەبێ.

**پرسیار**: ئێستا ئەوانەی ئەم وتووێژە دەخوێننەوە و بەتایبەتی ئەوانەی کە خەمخۆری هەر دووبەشی دێموکراتن، دەزانم دەڵێن ئێمە جگە لە یەکگرتنەوەی دێموکرات هیچی دیکەمان ناوێ، بۆیە ئەو پرسیارە لە جەنابت دەپرسم و کۆتایی بەو باسە دێنم. جەنابت وەکوو کەسێک کە لەو بوارەدا بەرپرسایەتیت هەیە بۆ یەکگرتنەوەی ئەم دوو باڵی دێموکراتە هیوادار هەی؟ چی بە خەڵک دەڵێی؟

**وەڵام**: ئەو داوایەی خەڵک زۆر پیرۆزە، ئەو داوایە تازە نییە لە ڕاستیدا پێش لەتبوونی حیزب ئەو داوایە هەبوو. ئەمن بەبیرم دێ پێش لەتبوونی حیزب دەستە دەستە لەو دیوەوە خەڵک دەهاتن دیداریان دەکرد لەگەڵ برادەرانی ئێمە و لەگەڵ کاک مستەفای هیجری و لەگەڵ خەڵکی دیکە، بۆ ئەوەی کە ڕێگە چارەیەک بخەنە بەردەم ڕێبەریی ئەودەمی حیزب کە پێش بەوە بگیردرێ. بەڵام بەداخەوە چارەسەرەکەی بە دەست ئێمە نەبوو. نیگەرانییەکەیان ئێستاش لە جێگای خۆیەتی، من ئێستاش دەڵێم ئەگەر ئەوان نیگەرانن ئێمەش نیگەرانین. ئێمەش دەڵێین بەڵێ هەرکاتێک زەمینەیەکی لەبار خوڵقا و ڕوانگەیەکی هاوبەش دیتراوە بۆ ئەوەی کە ئەم حیزبە ببێتەوە یەک نابێ بە هیچ جۆر ڕۆژێک وەدرەنگێی بخەین. ئێستا بە هەر هۆیەک کە ئەم ئامادەییە لە هەردوو لا نییە، دەکرێ بیر لەوە بکەینەوە بزانین چی دەتوانێ ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە و چ ڕێگەیەکی ترمان لەبەر دەمدا هەیە کە یەکبوون و یەکگرتویی حیزبی دێموکرات نیشان بدات. بەبڕوای من ئەوەی کە یەک حیزبی دێموکرات هەبێ زۆر باشە، بەڵام ئەگەر نەبوو بیر لەوە بکەینەوە دێموکراتەکان لە بواری ستراتیژیی سیاسی و لەباری ستراتیژیی چەکدارییەوە ڕوانگەی هاوبەشیان هەبێ. یانی لە هەر بۆارێکدا دەبێ بە کاری هاوبەش قەرەبووی ئەوە بکەینەوە. هەرچەند هیوادارم زیاتر بەرەو ئەوە بڕۆینە پێشەوە کە حیزبی دێموکرات ببێتەوە بە یەک.

**پرسیار**: زۆر کەسیش نیگەرانی دەستتێوەردانی ئەحزابی پارچەکانی دیکە کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و نایشارمەوە دیسانەکە لەوبارەوە مەسئوولییەتی گەورە دەخەنە ئەستۆی حیزبی دێموکرات. لەو بارەوە دەڵێن چی؟

**وەڵام**: ڕاستییەکەی ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات نەتەنیا ئێستا، بەڵکوو لە٤٠ ساڵی ڕابردوودا، لە ٥٠ ساڵی ڕابردوودا، یەکێک لەو شتە گرینگانەی کە گوتومانە ئەوە بوە کە حیزبی هیچ پارچەیەکی دیکە حەقی دەخالەتی لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا نەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەسئولییەتەوە لە تەواوی تەمەنی خۆیدا ئەمەی پاراستووە. کاتی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان کە پێشنیار کراوە بە قازی محەممەد کە لقێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان، یا لە باکووری کوردستان بکرێتەوە، قازی محەممەد ئەوەی قەبووڵ نەکردووە. قازی محەممەد سفارشی کردووە کە لەوێ حیزب دابمەزرێنن. هەر بۆیە ساڵی دواتر لێرە پارتی دێموکراتی کوردستان دادەمەزرێ. هەر لەو وەختەوە ئەم سیاسەتە هاتووە و سیاسەتێکی درووستە. ئەو وڵاتانەی ئێمە خەباتی تێدا دەکەین سنووری قانوونیی خۆیان هەیە، ڕاستە ئێمە ئەو سنوورانەمان قبووڵ نییە، کوردستان یەک کوردستانە و کورد یەک نەتەوەی دابەش کراوە، بەڵام مادام تۆ خەبات دەکەی دەبێ بیر لەوە بکەیتەوە ئێستا لەو پارچەیەی خۆت ئەو خەباتە بە کوێ دەگەیەنی. بەڵام بەداخەوە ئەمە زۆر جار نە پارێزراوە ئێمە پاراستوومانە خەڵکی دیکە نەیپاراستووە. هێندێکیان بە ناوی دۆستایەتی یان بە ناوی هاوکاری لەگەڵ حیزبە دۆستەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتوون ئەو کارەیان کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە هەمیشە پێمان وابووە ئەمە تەنیا دەبێ لەسەر داوای قانوونیی ئەو حیزبانە بێ کە داوا بکەن لە حیزبێک کە یارمەتیی بدات، ئێمە لێرە لەشەڕی داعشدا هێزێکی چەکداریی یەکجار زۆر و بەهێزمان هەبوو، فەرماندەی زۆر بە وەج و لێزانمان هەبوو بەڵام بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعش داوامان لە حکوومەتی هەرێم کرد کە ئەگەر ئەوان پێویستییان بە ئێمەیە ئامادەین یارمەتییان بدەین. بۆخۆمان نەچووین ملی پێوە نێین. نەدەکرا و ئەمە بە دەخالەت دەزانین لە کاروباری ئەواندا و ئەگەر ئەوان داوایان بکردایە زۆر ئاسایی بوو کە ئێمەش لە مەیدانی شەڕدا، نەک هەر لە شەڕی داعشدا، بەڵکوو لە هەر شەڕێکدا کە ئەوان داوا لە ئێمە بکەن و پێیان وابێ کە پێویستە ئێمە هاوکارییان بکەین دیسانیش هەر ئامادەییمان هەیە و ئەمە ڕێگەیەتی. بەداخەوە ئەم نیگەرانییە هەیە، نیگەرانییەکەش زۆرتر بەداخەوە خەڵک لە پەکەکەی هەیە کە بەناوی جۆراوجۆر کار دەکا لەوەدا، دەبینن لە باشووری کوردستان، لە ڕۆژئاوای کوردستان یان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی جۆراوجۆر حیزب درووست دەکا و واش دەکا کە نیشان بدا ئەو حیزبە ئی ئەوانە. ئەم حیزبانە بۆخۆشیان ناتوانن جورێک عەمەل بکەن یا جورێک قسە بکەن یا جورێک سیاسەت بکەن کە نیشان بدەن کە نا وانین. هەر بۆیە ئێمە ئەوە بە دەخالەتێکی ناڕاست و ناپێویست بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەبینین. بەڵێ ئەگەر حیزبی دێموکرات یەک بێت و یا ئەگەر هەر دوو لای دێموکرات بەیەکەوە پلانێکی ستراتیژیی باش دابرێژن، دەکرێ بە شێوەیەکی مەنتقی ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە ببینەوە.

**پرسیار**: چی ئەڵێن بە خەڵکێک کە کوڕیان لە ڕیزی پەکەکە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان شەهید بووە؟

**وەڵام:** ئێمە نامانهەوێ بە خەڵک بڵێین کە سەربەست نەبن لە بیر کردنەوەدا، خەڵک ئازادن لە بیرکردنەوەکانی خۆیاندا و مافێکی زۆر سەرەتاییە بۆ هەر ئینسانێک لە هەر کومەڵگەیەکدا کە ئازادانە بیر بکاتەوە، بەڵام کە دێتە بواری سیاسی و کاری عەمەلییەوە ئێمە پێمان وایە هەموو تاکەکانی خەڵکی کوردستان دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکی دانەبڕاوە لە کوردستانی گەورە، بەڵام لە ڕاستیدا بەشێکی جیایە و لە باری سیاسییەوە، کولتووری موبارزاتیی خۆی هەیە. خەڵک دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن سیاسەت دەکەن، بە پێی ئەم کولتوورە دەبێ ڕێنمایی پەکەکەش بکەن، کە جێگای ئەوان باکووری کوردستانە؛ چونکە لێرەدا پەکەکە هیچ ڕێگاچارە و هیچ بەرپرسایەتییەکی نییە بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا.

**پرسیار:** وەکو دوایین پرسیار، حیزبی دێموکرات پاش ٧٣ ساڵ جگە لە ساڵی یەکەم تا ئێستا نەبووە بە دەسەڵات ئەی کەی دەبێ بە دەسەڵات؟

**وەڵام:** ٧٣ ساڵ تەمەن بۆ حیزبێکی سیاسی تەمەنێکی کەمە بۆ ئەوەی کە تو بڵێی توانیبێتی بە ئامانجەکەی بگا یا نەگا، بەتایبەتی کە بیر لەوە بکەینەوە ئێمە لە وڵاتی خۆماندا نین کە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات هەوڵ بدەین. هەروەها ئێمە لە وڵاتێکدا خەبات دەکەین کە کەمینەیەکین و زۆرینەی ئەو وڵاتە تا ئێستا لەگەڵ ئێمە هاوڕا نەبووە، زۆرینەی ئەو وڵاتە بەردەوام دژایەتیی ئێمەیان کردوە، نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران نەیانتوانیوە بێن بگەنە ئەو ئاستە کە بتوانن لەگەڵ ئێمە لە خەباتدا هاوڕا بن، لە دۆخێکی ئاوادا حیزبێکی سیاسی ئەگەر لە ٧٣ ساڵی تەمەنی خۆشیدا نەیتوانیوە بگاتە دەسەڵات، ٧٣ ساڵ نابێ زۆر بۆی بنووسرێ. بەڵێ ئێستا ئەگەر من کوردستانم هەبێ و هەوڵ بۆ دەسەڵات بدەم لە ٢٠ ساڵی ئەوەڵدا نەمتوانی بە دەسەڵات بگەم، ئەوە حیزبەکەم کێشەیەکی هەیە یا دەبێ هەڵوەشێتەوە یا ستراتیژییەکانی بگۆڕدرێ؛ بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێی ستراتیژییەکی دروست کاری کردوە کە توانیویەتی ٧٣ ساڵ وەکوو پێشڕەوترین و گەورەترین حیزبی خەڵکی کوردستان بمێنێتەوە. ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان شایەنی ئەوە نەبایە و خاوەنی ئەو ستراتیژییە دروستە نەبوایە لەو ٧٣ ساڵەدا بێگومان ئێستا دەبووە حیزبێکی چکۆلەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو جورەی کە پێشتر باسمان کرد کەس بە جێگای ئومێدی خۆی نەدەزانی.

(لە ژمارەی ٧٣٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

---------------------------------------------------

## داپۆشینی تاوانە تێرۆریستییەکان لە پێناو چیدا؟

لە ١٧ی مانگی خەرمانانـدا کۆماری ئیسلامی لە درێـژەی کـردەوە تێرۆریستییەکانیدا بە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات بە وتەی خۆیان هەوڵی لەنێوبردنی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دا و وەک لە بەیاننامەکانی دوای کارەساتەکەدا ئاشکرایان کـرد ئامانجیان لە نێوبردنی حیزبێک بووە کە وەک خۆیان دەڵێن ئەمنییەتی نیشتمانیی ئێرانی خستووەتە مەترسییەوە. ئەمە یەکەم جار نییە کە بە بیانووی هاوشێوە حیزبی دێمۆکرات دەکەوێتە بەر پەلاماری تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی و لە ساڵانی ڕابردووشدا لە دەیان کردەووەی تێرۆریستیدا بە سەدان کەس لە ئەندام و پێشمەرگە و تەنانەت ڕێبەرانی هەڵکەوتووی حیزبیان کردوەتە ئامانج و شەهیدیان کردوون. کە نموونەی هەرە بەرچاویان شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی لە ئۆتریش و ئاڵمان لە دوو کردەوەی تێرۆریستیی جیاوازدا بوو. تێرۆرگەلێک کە دەکرا و دەبوو بە هۆیانەوە فشارێکی جیددی بخرێتە سەر نیزامی کۆماری ئیسلامی، بە جۆرێک کە بەربەستێک بوایە لە بەردەم دامودەزگا تێرۆریستییەکانی نیزام، کە وەک ئێستا هەموو وڵاتانی جیهان نەخاتە بەر هەڕەشەکانی خۆی.

هەر لەو مانگەشدا مەسەلەی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و هەوڵی باندە تێرۆریستییەکانی نیزام بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەکی تێرۆریستی لە فەڕانسە، ئورووپای بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد. ئەویش لە کاتێکدا کە ڕووحانی، سەرۆککۆمارەکەیان لە سەفەرێکی ئورووپایی بۆ بەدەستهێنانی پشگیری وڵاتانی ئورووپایی لە بەرامبەر فشارەکانی ئەمریکادا کە بەشێکی گرێدراوە بە تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ئێرانەوە، گەشتێکی دیپلۆماسی دەست پێکردبوو. بەدوای ئەوەدا کە پۆلیسی فەڕانسە زانیاری بەدەست هێنابوو کە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی مەبەستیان بووە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوی موجاهیدین بە دانانەوەی بۆمب وەبەر پەلامار بدەن، ڕاونان و دەستگیرکردنی ئەو تێرۆریستانە لە فەڕانسە و ئاڵمان و بێلژیک پەردەی لەسەر ئەو پیلانە تێرۆریستییە هەڵ دایەوە. ئەم جارەش بە دەستگیرکردنی "اسدالله اسدی" یەکێک لە دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیم، دیسان ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەی ئاشکرا کردەوە کە دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامی کەس نین جگە لەو پاسدارە دەورەدیتووانەی کە بە ناوی ئەرکی دیپلۆماسی وڵاتەوە بەڕێ دەکرێنە ئەو شوێنانەی بە ناوی باڵوێزخانەوە کراونەوە و وەک پێشتر زۆرجار گوتراوە شوێنێک نین جگە لە بنکەیەکی جاسووسی کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی وەدواکەوتنی دژبەرانی ڕێژیم و جێبەجێ کردنی پیلانە تێرۆریستییەکانیان بەکاری دێنن. لەم پڕۆسەی



سەرچاوە
Serchawe

وەدواکەوتنەدا جگە لە جەنابی دەبیری سەفارەتی ئێران لە ئۆتریش کۆمەڵێک کەسی دیکەش دەستگیر کراون کە دەوڵەتی بێلژیک بە ئاشکراکردنی ناوی دووکەس کە هەڵگری مادەی تەقینەوە بوون ڕێگەی حاشالێکردنی لە هەموولایەک بەست.

لێرەدا ئەوەی جێی سەرنجە قسەکانی مانوێل مەکرۆن سەرۆکی فەڕانسەیە کە کاتێک ئەو هەموو بەڵگانە لەبەردەست دایە و ناتوانێ حاشا لە بوونی ئەو پیلانە تێرۆریستییانە بکا هەوڵ دەدا بۆ پاکانە کردن بۆ نیزامی کۆماری ئیسلامی، پەنا بەرێتە بەر دەستە دەستەکردنی نیهاد و دەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی و خۆ بدزێتەوە لەو بەرپرساتییەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نیزامێکی تێرۆریستی کە وڵاتەکەی ئەویان کردووەتە مەکۆی کارە تێرۆریستییەکانیان لەسەر شانیەتی. ئەوە لە حاڵێک دایە کە پێشتر وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی، ئاماژە بۆ وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیم دەکا لە بەڕێوەبردنی ئەم پیلانە تێرۆریستییەدا و ئەوان وەک ڕێکخەری ئەم هەوڵە تێرۆریستییانە دەناسێنێ. ئاغای مەکرۆن لە وتووێژێکیدا دەڵێ ئێران لە هێندێک بابەتدا دەستەبەندی و کێشەی خۆیان هەیە و ناکرێ بڵێین دەستووری ئەم کارە لە سەرەوە هاتووە یا هی ئەم یا ئەو دەزگای ئەمنیەتییە. بەڵام داخۆ سەرۆککۆماری وڵاتێکی وەک فەڕانسە نازانێ کە هەموو ئەو نیهاد و دەزگا ئەمنیەتییانە لەژێر چاوەدێری و بە ئەمری "سەرەوە" ئەویش دەزگای ڕێبەری کار دەکەن و لەوێ بڕیاریان لەسەر دەدرێ و جێبەجێکردنیان بەم یا ئەو دەزگای جیاواز دەسپێردرێ؟

لە دوای پیلانی تێرۆری دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو کە بەداخەوە سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو و لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر شەهید کران، دەسەڵاتی ئەو کاتی ئۆتریش وەک ئێستای ئاغای مەکرۆن پەنای بردە بەر خۆدزینەوە لە ڕاستییەکان و هەتا ئێستاش ئامادە نەبووە لەسەر ئەم تێرۆرە ناجوامێرانە شتێکی ڕەسمی بڵاو بکاتەوە. بەڵام کاتێک کە سکرتێری دواتری حیزبی دێمۆکرات دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە بێرلین بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهیدکران و بۆ لێکۆڵینەوە لەو پرسە، دادگای بەناوبانگی میکۆنووس کە وەک نوێنگەی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی دادوەری لە جیهاندا وەدەرکەوت، بە ئاشکراکردنی ناوی بڕیاردەران و جێبەجێکارانی ئەو کردەوە تێرۆریستییە کە لەسەرووی هەمووانەوە ناوی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی عەلی خامنەیی هاتبوو، هیچ گومانێکی بۆ کەس نەهێشتەوە کە ئەو تێرۆرانەی دەکرێن ڕاستەوخۆ دەستوورەکەیان لە کوێوە دێن. هەربۆیە ئەو کات هەموو وڵاتانی ئورووپایی ئەگەر لەبەر پاراستنی ئابڕووی خۆیشیان بووبێ و، بە شێوەی کاتیش بووبێ بە کێشانەوەی باڵیۆزەکانیان لە تاران نارەزایەتی خۆیان دەربڕی.

بێگومان ئێستاش کە فەڕانسە وەک وڵاتێک ناسراوە کە هەمووکات پاڵپشتی لە ئازادی و مافی مرۆڤ کردووە و ئەم شانازییە زۆرتر بەوان بڕاوە کە بە نیشتمانی لە دایکبوونی دێمۆکراسی ناوزەد بکرێ، و بە تایبەت کە لە گرووپی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تێرۆردا ئەندامێکی دیار و کارایە، ئەو چاوەڕوانییەی لێ دەکرێ کە بە چاونووقاندن لە سیاسەت و کارە

تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێناو بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و سات و سەودای نێودەوڵەتی ڕێگەخۆشکەر نەبن بۆ درێژەپێدانی بەرنامە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمێک کە هیچ بایەخێک بۆ باوەڕەکانی ئەوان لەسەر ئازادی و مافی مرۆڤ دانانێ. ڕێژیمێک کە بە پێی بنەما فکرییە داسەپێندراوەکانی، مرۆڤ لە ئاستی خوارووتر لە کۆیلەدا دەبینێ ناکرێ بەسەر دەستە و نیهادی باش یا خراپدا دابەش بکرێ. چاوەڕوانیی زیاتر ئەوەیە کە دەوڵەتی فەڕانسە لەگەڵ هاوپەیمانە ئوورووپاییەکانی، هاوکار و یارمەتیدەر بن بۆ لەقاودانی هەرچی زیاتری سیاسەت و کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمێک کە مانەوەی خۆی نە لە ڕێککەوتنێکی ڕاستەقینە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵکوو لە بەکارهێنانی ساتوسەودا بازرگانییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئوورووپاییدا دەبینێ، بۆ ڕێخۆشکردنی تێرۆر و لەنێوبردنی دژبەرە ئازادیخوازەکانی ئێران لە هەر شوێنێک کە فرسەتی هەناسەدان و دەنگ بەرزکردنەوەیان هەبێ لە دژی ئەو هەموو ستەمەی کە کۆماری ئیسلامی بە خەڵکی ئێرانی ڕەوا دیتووە.

(لە ژمارەی ٧٣٦ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## ئێران و سەپاندنەوەی تەحریمەکانی ئەمریکا

شەش مانگ بەسەر ڕاگەیاندنی کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی بەرجام بۆ چارەسەری کێشەی دامەزراوە ناوکییەکانی ئێران تێ دەپەڕێ. لەم شەش مانگەدا سەرۆککۆماری ئەمریکا بەردەوام کۆماری ئیسلامیی لە گێڕانەوەی ئەو بەشە لە سزاکانی ئەمریکا لەسەر ئێران، کە لە کاتی دەسەڵاتدارەتیی ئۆبامادا هەڵپەسێردرابوون، لە ئەگەری جێبەجێ نەکردنی مەرجەکانیان وریا کردووەتەوە. لە کۆتاییدا ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەر بڕیاری گێڕانەوە و جێبەجێکردنی هەموو ئەو سزایانەی پێشتر کۆنگرە و مەجلیسی سێنا پەسەندیان کردبوو، دەرچوو. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لە تەواوی ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕەشی خۆیاندا لاسارانە و بێ گوێدان بە بەها و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و بەدوور لە لەبەرچاوگرتنی هەرچەشنە ئەخلاقێکی سیاسی هەوڵی پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆیان بە شێوەی ناڕەوا داوە، لەدوای بەردەوامی لەسەر لاسارییەکانیان، ئەمجارە خۆیان لەبەرامبەر ئیرادەی نەگۆڕی ئیدارەی ترامپدا دیتەوە کە هەست دەکرا دەیانەوێ سنوورێک بۆ سیاسەتی دەستدرێژیکارانەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دیاری بکەن. ئەوان لە جیاتی بیرکردنەوە لە ژیانی خەڵک و چارەسەری کێشەکانیان، لە بازنەی کێشە و کێبەرکێی بەرژەوەندییەکانی ئوورووپا، ڕووسیە و چین لەگەڵ ئەمریکا

کەوتنە ململانێیەکی نابەرابەر و نابەجێ لەگەڵ ئەو وڵاتە، کە لە چەند مانگی ڕابردوودا بە کشانەوەی یەک لەدوای یەکی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئورووپایی و ئاسیا لە گرێبەستەکانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی بازرگانی لەگەڵ ئێراندا، دۆڕاویی ئەم سیاسەتە بەڕوونی دیار بوو. سیاسەتێک کە هەر لە سەرەتاوە ڕوون بوو جگە لە زیان پێگەیاندنی زیاتر بە ژیان و داهاتووی خەڵکی ئێران دەسکەوتێکی نەدەبوو. ئەمە جگە لەوەی کە پێگەی ناوچەیی ئێران بەهۆی هەڵوێستی شەڕەنگێزانەیان ڕۆژبەڕۆژ لاوازتر بووە و تەنانەت نزیکترین هاوپەیمانەکانیشیان لەو کێشەدا خۆیان لێ دەدزییەوە.

هەرچەند ئیستا ئیتر وەک پێشوو تەنیا کێشەی دامەزراوە ناوکییەکانی نییە کە ئەمریکا خۆی پێوە سەرقاڵ کردبێ، بەڵکوو مەسەلەی تێرۆریزم،

دەخالەتەکانی ئێران لە وڵاتانی ناوچە، پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستییەکان، مەسەلەی تاوانەکانی شەڕ، مافی مرۆڤ و هتد، بەشێکن لەو بابەتانەی کە پەروەندەیەکی قەبەی لەسەر کۆماری ئیسلامی لەلای ئیدارەی ترامپ درووست کردووە و لە ئەگەری دەستهەڵنەگرتنیان، بۆ هەرکامیان ڕووبەڕووی سزای نوێ دەبێتەوە.

بە پێی ئەو بڕیارەی دەوڵەتی دۆناڵد ترامپ کە سەنعەتی نەوت و سەرچاوە بانکی و داراییەکانی ئێرانی کردووەتە ئامانج، کۆماری ئیسلامی بێبەری دەبێ لە هەر چەشنە مامڵەیەکی بانکی و فرۆشتنی نەوت کە بێگومان زیانێکی زۆر بە ئابووری ئێران دەگەیەنێ و دەبێ چاوەڕوانی دارمانی یەکجاریی ئابووری وڵات بکرێ. ئەمەش لە کاتێکدایە کە هەڵاوسانی دراوی و چوونەسەرێی بایی هەموو پێداویستییەکی ڕۆژانەی ئاسایی کە شوێنەواری کورتماوەی فشارەکانی ئەمریکایە، نەک ئێستا بەڵکوو لە چەند مانگ لەمەوبەرەوە بەڕوونی خۆی دەرخستووە و، درێژەکێشانی ئەم وەزعە ژیانی خەڵکی لە ئێران بەرەورووی مەترسییەکی گەورە کردووەتەوە. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە هەتا ئیستاش لووتبەرزانە قسە لە دۆڕاویی سیاسەتەکانی ئەمریکا دەکەن و خۆیان لە گوتنی ڕاستییەکان بە خەڵک دەدزنەوە و بە بەرزکردنەوەی ئەو دروشمانەی ساڵانێکە گوێی خەڵکی پڕکردووە و بە ئیدیعای تێپەڕاندنی قەیرانی تەحریمەکان و تێکشکاندنی ئەمریکا دەیانەوێ داماوی خۆیان بشارنەوە، بۆ خۆیان باش دەزانن کە ڕاوەستان لە وەها پێگەیەکدا چ زیانێکی گەورە بە خەڵک و داهاتووی وڵات دەگەیەنێ. بەڵام باش دیارە کە ئەوان تەنیا بیر لە پاراستنی دەسەڵاتە ڕەشەکەی خۆیان دەکەنەوە و لە پێناو ئەو مەسەلەدا بۆیان گرینگ نییە کە چی بەسەر ژیانی خەڵکدا دێ.

بەمجۆرە و بە ڕاگەیاندنی ئەم بڕیارە، ئەگەر چاوەڕوانییەکان لەسەر ئەوەی کە ئەمریکا لە بەرامبەر داواکاری و فشاری زۆری وڵاتانی هاوپەیمانی لە ئاستی جیهانیدا و بە تایبەت وڵاتانی ئورووپایی کە کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی قسەی

لە هەوڵی ئەوان لە پێشگیری لە کاریگەری هەڵوێستی ئەمریکا لە بەرامبەریاندا دەکرد، چ گۆڕانێک بەسەر سیاسەتەکانیدا دێنێ کۆتایی پێهات. بەمەش ڕێگەی چەواشەکاری و فریودانی خەڵک لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەبەسترێ کە لەوە زیاتر نەتوانن بە ئومێدبەخشینی خەیاڵی تەنانەت هێزە فریودراوەکانی خۆیشیان لەسەر پێ ڕابگرن. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی هەوڵیان داوە بە گەورەکردنەوەی کێشە دەرەکییەکان کە خۆیان خوڵقێنەری بوون و هەمیشە حەزیان کردووە کە ئەو جۆرە کێشانە زیاتر لەوەی هەیە بخەنە بەرچاوی خەڵک، خۆ لە باس لە کێشە و قەیرانە بنەڕەتییەکە کە چاوەڕوانی و داواکاری جۆراوجۆری خەڵک لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابوورییەک کە پێوەندیی بە ژیانی ئەوانەوە هەبووە ببوێرن. ئەوان بەم شێوە مەبەستیان بوو کە بە نیشاندانی مەزڵوومییەتی خۆیان لە بەرامبەر ئەوەی بە دوژمنکاری دەرەکییان ناو دەبرد و گۆیا وڵات لەمەترسی دایە، خۆیان لە چارەسەری دەیان قەیرانی خوڵقاوی دەستی خۆیان لە نێوخۆ بدزنەوە و وڵامی داواکاریی چالاکانی نێوخۆ بە تۆمەتلێدان بە پێوەندی لەگەڵ دەرەوە بدەنەوە. لەولاشەوە کێشەکانی دەرەوە بە هۆکاری وێرانیی وڵات و خراپبوونی ژیان و گوزەرانی خەڵک لە قەڵەم بدەن.

ئێستا گومان لەوەدا نەماوە کە خەڵک بە گشتی لە سیاسەتی دووڕوویانە و درۆزنانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە باشی تێگەیشتوون و ئەگەر بەشێک لەو خەڵکەش لە چاوەڕوانیی چارەسەری کێشە درەکییەکاندا بۆ گۆڕانی وەزعی وڵاتدا مابوونەوە، دەبێ بۆیان دەرکەوتبێ کە ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە هەر هەموو ڕێگەکانی بەردەم چارەسەی کێشەکانی ئەوانی بەستووە. بەم جۆرە چاوەڕوان مانەوە نە تەنیا یارمەتییەک بە داهاتوویان ناکا بەڵکوو هۆکارێکی گرینگیشە بۆ ئەوەی سەرانی ڕێژیم بتوانن ئەو جۆرەی پێیان خۆشە و بەبێ گوێدان بە ژیان و داهاتووی خەڵک و وڵات، درێژە بە دەسەڵاتدارەتیی خۆیان و مانەوەی ڕێژیمەکەیان بدەن، ڕێژیمێکی لاواز کە هیچ داهاتوویەکی نەماوە.

بۆیە گرینگە کە هەرچی زیاتر بۆ ڕزگاربوون لە چنگ زوڵم و زۆرداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پەرە بە ناڕەزایەتییە ڕەواکانی خەڵک بدرێ و نیشان بدەن کە ئەوان بەشێک نین لەو دامودەزگا مافیاییەی کە سزا دراوە و لەم ڕێگەوە بە خۆڕێکخستن و هاتنە مەیدان ئەوانیش ببنە هۆکارێکی فشار بۆ پاشەکشە بەو ڕێژیمە و گرتنەبەری ڕێگەی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان.

(لە ژمارەی ٧٣٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەر ٢٠١٨

----------------------------------------

## ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و مەسەلەی کورد

ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری کۆماری ئیسلامی کە لە چەندین بەرەی چەپ، لایەنگرانی سەڵتەنەت، شووڕای بەرگریی میللی و بە تایبەت حیزبەکانی نەتەوەکان لە ئێراندا پێک هاتوون، بە جیاوازیی بۆچوونی سیاسییانەوە و هەرکام بە پێی نفووزی سیاسی و تواناکانی خۆیەوە هەر لە سەرەتاوە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا هەڵوێستیان گرت. هێندێک لەو ڕێکخراوانە بە پاڵپشتی حیزب و خەڵکی کوردستان تەنانەت ڕێگەی خەباتی چەکدارییان هەڵبژارد، هەرچەند بەداخەوە چالاکییەکانیان لە سنووری کوردستان تێ نەپەڕی. ئەگەر سەرکوتی بێبەزەییانەی چالاکانی ئەم گرووپانە لە ساڵانی سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئاخووندەکانەوە، جگە لە شەهیدکردنی دەیان هەزار کەس و زینیدانیکردنی ژمارەیەکی زیاتر لەوان بوو بەهۆی هەڵاتنی میلیۆنان کەس بۆ دەرەوەی وڵات و گواستنەوەی چالاکییەکان بۆ تاراوگە، لە کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئەرکی ڕێبەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی لەسەر شان بوو، لەگەڵ ئەو حیزبانەی دیکەی لە مەیداندا مانەوە، ڕێگەی خۆڕاگرییان لە نێوخۆی وڵات لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا هەڵبژارد. بەربەرەکانێ و خۆڕاگرییەک کە دەیان لاپەڕەی زێڕینی بۆ خەباتکارانی دژی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی نەخشاندووە.

دوابەدوای کشانەوەی هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە نیوەی دووهەمی دەیەی شەستدا، جگە لە حیزبەکانی کوردستان و گواستنەوەی چالاکییەکانیان بۆ دەرەوە، پەرتەوازەییەکی وەهایان پێوە دیترا کە بەداخەوە شوێندانەری کەمیان لەسەر کۆمەڵگەی ئێران پێوە دیار بوو. بەڵام لەم ساڵانەی ڕابردوودا کە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لەو هەموو زوڵم و زۆرەی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی وەدەنگ هاتوون، بەرەبەرە لە شکڵی جۆراوجۆردا لایەنەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی وەخۆکەوتوون و هەرکام بە پێی هزر و بۆچوونی خۆی دەیەوێ خۆی وەک جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی بناسێنێ. هەتا ئێرەی ڕەنگە باسێک هەڵنەگرێ جگە لەوەی کە بڵێین، ئەگەر بیر لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بکەنەوە دەبێ کە زیاتر خۆیان بە لێکنیزیکبوونەوە خەریک بکەن هەتا هەرکام لە فۆڕمی جیاواز و بە ئیدیعای سەیروسەمەرەوە بێنە مەیدان. چونکە درووستکردنی هاوپەیمانی بە مەبەستی ئاڵوگۆڕێکی لەو چەشنە پێش هەموو شتێک پێویستی بە یەکخستنی هەموو توانا دابەشکراوەکانە و، یەکڕیزی لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی هاوبەشدا دەبێ مەبەستی سەرەکی بێ کە بەداخەوە جارێ ئەمە نابیندرێ.

لەم کێبەرکێیەدا هەرچەند گرووپە کۆنەپارێزەکانی وەک سەڵتەنەتخوازەکان و مەشرووتەخوازەکان و هێندێک کەسایەتی کە

هەتا ئێستاش دەرکیان بە گۆڕانکارییەکان نەکردووە و بە هێندێک دروشمی بریقەدار دیسان بیر لە دەسەڵاتی بە ئەزموونکراوی چەند دەیە لەمەوبەریان دەکەنەوە، بەڵام بە خۆشییەوە گۆڕانێکی باش لە بیرکردنەوەی لایەنە چەپ و دێموکرات و کۆماریخوازەکاندا دەبیندرێ. ئێستا ئەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن دەبێ زۆرتر گرینگی پێ بدەن، نابێ حەز و خولیاکانی دەسەڵاتخوازی بێ، بەڵکوو دەبێ ئەو ڕاستییانە زیاتر ببینن کە بوونەتە هۆکاری بێزاری خەڵک لە دەسەڵاتدارە جۆراوجۆرەکانی ئێران و کەوتنە ڕێچکەی بە ئەنجام گەیاندنی گۆڕانکارییەکان. ئەوان دەبێ سەرنج بدەنە هۆکارەکانی دامەزراندنی سیستمێکی سەقامگرتوو کە بەرژەوەندییە گشتییەکانی هەموو پێکهاتەکانی ئێرانی لە چوارچێوەی بەرنامەکانیاندا لەخۆ گرتبێ. لەم ڕوانگەوە هەموو لایەک دەبێ بزانن جیاواز لە مەسەلە گشتییەکانی وەک مافی مرۆڤ، جیاوازییەکانی ڕەگەزی، زمان، ئایین، ناوەندگەرایی و زۆر بابەتی سەرزمانی دیکە کە بەشی زۆریان شتی باشن و بەشێکیان لە یاساکانی دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیشدا هاتوون بەڵام بە کردەوە هیچ هەنگاوێک بۆ جێبەجێکردنیان هەڵنەهێنراوەتەوە، هێندێک بابەتی گرینگتر لە هەردوو نیزامی دەسەڵاتداری ئێراندا لە ٨ دەیەی ڕابردووەوە، بوونیان هەبووە و ئێستاش بەهێزتر دەردەکەون کە لەلایەک بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان خەبات کراوە و لەو لاشەوە بە ناوی پاراستنی هێمنایەتی وڵات، هەموو ئەو وشە جوانانە لەبیر کراون و ڕێگەی بەهێزکردنی سپا و سەرکوت گیراوەتە بەر. بە دڵنیایی هیچ هێزێکی دێموکرات و پێشکەوتنخواز نییە کە خۆی لە پەسەندکراوەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ بێبەری بکا، بەڵام دەسەڵاتخوازانی ئێران هەمیشە لە سەرکوتی داواکارییە ڕەواکانی خەڵکدا و بە بەهانەی جۆراوجۆر هەموو ئەو مافانەیان پێشێل کردووە کە ئەو جاڕنامەیە بە تاکەکان و کۆمەڵە جیاوازەکانی ڕەوا دیتووە. هەربۆیە خەڵک زەحمەتە هەروا حاسان باوەڕ بەو جۆرە دروشمانە بکا و بەم شێوە بکرێ ببنە جێی باوەڕی گشتی.

ئەوەی ئێمە وەک کورد دەبێ گرینگی پێ بدەین سەرەڕای هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی لە جاڕنامەکانی ڕێکخراوەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند کراون، گەیشتن بە ماف و ئازادییە نەتەوەییەکانمانە کە بەشێکی گرینگ لە ستراتیژی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک دێنێ. بێگومان ئەمە ئەگەر لە چوارچێوەی ئێراندا سەیر بکرێ و گەیشتن بە سازان و ڕێککەوتنێک کە دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیک و فێدراڵ بناخەی داڕێژراوی بێ، پێش هەموو شتێک دەبێ بیر لەوە بکرێتەوە کە پێکهاتەکانی درووستکەری ئەم سیستمە فێدراڵە چۆن دەتوانن بە یەکیەتییەکی برایانە و داخوازانە ئەم سیستمە بپارێزن. نەتەوەکانی ئێران و لە پێش هەمواندا نەتەوەی کورد لە ئێران مێژوویەکی دووردرێژی خەبات لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان تۆمار کردووە. لە هەر گۆڕانێکدا کە لە ئێران هاتبێتە پێش دەوری خۆیان هەبووە و ئەگەر گوێ بۆ داواکارییە ڕەواکانیان نەگیراوە لە بەرامبەر سەرکوتدا بێدەنگ نەبوون و بەربەرەکانێیان کردووە. ئێستاش و لەم قۆناغە نوێیەدا کە چاوەڕوانی زۆر گۆڕانکاری جیدی دەکرێ، کورد فاکتەرێکی بەهێزترە لە جاران کە ئەگەر هەر لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆن مەبەستی بێ بە دروشمی چاوپڕکەر و وادەی بێ بنەما بۆ داهاتوو


سەرچاوە
Serchawe

و هێز و تواناکانی کورد پشت گوێی بخا، ڕاست لە درێژەی ئەو ڕێگە شکست خواردوەدا هەنگاو دەنێ کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا لە ئێران تاقی کراوەتەوە و بۆ لە نێوبردنی ئاوات و ئامانجەکانی ئەم نەتەوە جگە لە بە کوشتدانی سەدان هەزار هاونیشتمانی خۆیان دەسکەوتێکیان نەبووە.

لێرەشدا پێویستە ئەوە وەبیر بێنینەوە کە کەسایەتی و لایەنە کوردییەکان بە هەر بیر و بۆچوونێکەوە، مادام خۆیان بە بەشێک لە هێزی ڕزگاریدەری کورد پێناسە دەکەن وشیار بن کە بۆ ساتوسەودای سیاسی و دەرکەوتنی دیپلۆماتیک نەکەونە داوی ئەو پەیماننامانە کە بەڕوونی ڕێگەی چارەسەری دابینکردنی مافەکانی کوردی تێدا دیاری نەکرابێ.

(لە ژمارەی ٧٣٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی نۆڤەمبەر ٢٠١٨

-------------------------------------------

## کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئەرکی هەنووکەییمان

چل ساڵ خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی و لە پێناو گەیشتن بە ئاوات و ئامانجە حاشالێکراوەکانی نەتەوەی زۆڵملێکراوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تۆمارێکی مێژوویی پڕ شانازیی بۆ خەڵکی کوردستان و حیزبە شۆڕشگێڕەکانی ئەو بەشە لە کوردستان نەخشاندووە. لە ماوەی چوار دەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیاسەتی سەرکوتکارانەی کۆماری ئیسلامیدا کە بۆ بە چۆکداهێنانی ئەم گەلە بەشخوراوە داڕێژرابوو، بە پشتیوانیی خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان لە سەنگەری بەرگری لە بەرامبەر پەلامارە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیمدا سەربەرزانە خۆڕاگرییان کرد و نەیانهێشت بیرە چەپەڵەکانی ئەم ڕێژیمە کۆنەپەرستە بەسەر کوردستاندا بسەپێندرێ. هەر بۆیە ئێستاش دەبینین لە هەر بوارێکدا چالاکانی کورد سەریان لەنێو سەراندا دیارە و پێشمەرگە سیمبولی خۆڕاگری و چالاکانی مەدەنی نوێنگەی تێکۆشان بۆ گشتگیرکردنی خەبات، بوونەتە دووانەی دیاری مەیدانی خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

ئەگەرچی خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە پێویستیی بە یەکگرتوویی و هاوئاهەنگیی بەرنامە بۆداڕێژراوی حیزبەکان هەبووە، هەلومەرجی سیاسی و گۆڕانکارییەکان ئەوە دەخوازێ کە زیاتر بیر لە بابەتە بکرێتەوە و هەنگاوی جیددی بۆ ئەو مەبەستە هەڵێنرێتەوە. ئیستا خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و لە گەیشتن بە دەسکەوتەکانی نزیک بووەتەوە. درێژە و ئاکامی ئەم دەورە لە خەباتی شێلگیرانەی خەڵک و حیزبە پێشڕەوەکانیان بووەتە هۆی دروستبوونی وەزعی ناڵەباری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کە لە هەموو بوارێکدا تووشی شکان هاتووە و بە کەڵەکەبوونی قەیرانە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە سەری، و بێ هیوابوونیان لە دیتنەوەی ڕێگەچارەسەرێک بۆ خۆ دەربازکردن لە ژێر باری گرانی ئەو قەیرانانەدا لێ وەدەرکەوتوە. ڕێژیمێک کە لە چل ساڵی ڕابردوودا نە تەنیا هیچ هەنگاوێکی بۆ وڵامدانەوە بە ویست و داخوازە ڕەواکانی کورد نەداوەتەوە بەڵکوو بەردەوام لە هەوڵی کوشتن و تیرۆر و سەرکوتدا بوە، ئیستا لە دەورانێکدا تەمەنی پڕ لە شوورەیی خۆی درێژە پێدەدا کە نەک هەر فشارێکی نێودەوڵەتیی زۆر گەورەی لەسەرە بەڵکوو لە نێوخۆی وڵاتیش بە هۆی سیاسەتی دژی گەلییانە و گوێنەدان بە داواکارییەکانی خەڵک و خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتییەکانیان بەرامبەر بە ژیانی خەڵکی ئێران و جیلەکانی داهاتوو، کەوتووەتە بەر ڕق و بێزاریی گشتی و هەر ڕۆژەی لە گۆشەیەکی وڵات ڕووبەڕووی خۆپیشاندان و گردبوونەوەی ناڕەزایەتیدەربڕینی چین و توێژە جیاجیاکانی ئەو خەڵکە وەزاڵەهاتووە دەبێتەوە. بەمجۆرە هیوا و چاوەڕوانییەکی زۆر بەدی دەکرێ کە دەرفەتێکی سیاسی وەها بێتە پێشەوە کە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بتوانن بەرهەمی خەباتەکەیان بچننەوە و بە ئاوات و ئامانجە لە مێژینەکانیان بگەن. ئامانجێک کە بە هەزاران قوربانییان بۆ داوە بەڵام هەرگیز ئەمە نەبووەتە هۆی کشانەوە و سەربەردانەوەیان لە بەرامبەر ڕێژیمێکدا کە لە ساڵانی دەسەڵاتداریدا بە هەموو شێوەیەک هەوڵی کپکردنی دەنگی ئەوانی داوە و بە سەرکوت و زەبروزەنگ ویستوویەتی حەز و خولیاکانیان لەبار بەرێ.

لێرەدا پێویستە لەبەر چاومان بێ کە لەم ماوە دوورودرێژەی خەباتدا ئەگەر شانازییەکانی کورد لەو بەشەدا ئەوەندە هەن کە ناخۆشییەکانی لە بیر بکەین و برینە خۆکردەکانی پێ لە بیر بەرینەوە، بێگومان هەڵە و کەموکووڕییەکانیش جێی هەڵوێستەن و ناکرێ لە بیر بکرێن. بەشێک لەم کێشە و کەموکووڕیانە دەگەڕێتەوە سەر جۆری پێوەندیی حیزبە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و نەبوونی تێگەیشتن و ڕێککەوتنێکی وەها کە لە ئاست پێویستییەکانی ڕێبەریکردن و بەرەو پێشبردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا بێ. هەر بۆیە پێش هەموان ئەرکی حیزبەکان و شارەزایانی لێکۆڵینەوە لە قۆناغە مێژووییەکانی کوردە کە بەرپرسانە و بە مەبەستی تێگەیشتن لە چۆنیەتی و هۆکاری دەسپێک و دروستبوونیان قسەی لێبکەن و بۆ پێشگرتن لە دووبارەبوونەوەی لەو چەشنەیان ئاکامگیری بکەن و بەرنامەی بۆ دابڕێژن. ئەمەش دەبێ پێشتر لە لایەن حیزبەکانی کوردستانەوە کە ئەرکی ڕێبەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانیان لەسەر شانە،

بکرێتە پرۆژەیەک بۆ باس لێکردن، کە نە تەنیا زیان بە ئیعتباری بزووتنەوە نەگەیەنێ بەڵکوو لە ئاکامدا بەرهەمەکەی ببێتە ڕێککەوتنێک بۆ بەرپرسکردنی هەموو لایەنەکان بەرامبەر بە داهاتوو.

ئەم داواکاری و چاوەڕوانییە کە کۆمەڵە پرسیارێکی لەنێو تێکۆشەران و خەمخۆرانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستاندا دروست کردووە، پێویستی بە وڵامدانەوەیەکە کە تەنیا حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لێی بەرپرسیارن. ئێستا کە سەرەڕای زۆر هەلومەرجی نەخوازراو بەخۆشییەوە بەشێک لەم حیزب و لایەنە سیاسییانە ئاستی پێوەندییەکانیان گەیاندووەتە هاوکاریی ڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» دەبێ وەک ئەرکێک بڕواننە ئەو بابەتە گرینگە و هەوڵ بدەن لە مەیدانێکی بەرینتردا و لە نێوخۆیاندا و لە پێوەندی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەش، خەمێک لەم پرسە بخۆن و بە تێگەیشتنێکی سەردەمیانە لە خوێندنەوەیان لە بارودۆخی ئێستای ناوچە و ئێران و کوردستان، هەوڵی دیاریکردنی ستراتێژیی هاوبەشی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن و بە نووسینەوەی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک کە هەموویان وەک یەک لە بەرامبەریدا خۆ بە بەرپرس بزانن، خەڵکی کوردستان لە سەرکەوتنی خەباتەکەیان و داهاتوویەکی ڕوون بۆ کوردستان دڵنیا بکەنەوە. ئەمە دەبێ وەک ئەرک هەنووکەییمان و دڵنیابوون لە چارەنووسی نەتەوەکەمان چاو لێبکرێ و بە هەموو لایەک هەوڵ بدەین کە کێشە و گرفتەکانی دەیەکانی ڕابردوو کە زۆرجار زیانی زۆری بە بزووتنەوەکەمان گەیاند و ڕێژیمیش کەڵکی لە بەشێک لەم ناکۆکییانە وەرگرت، دووبارە نەبنەوە و نەبنە هۆی سەرقاڵکردنی حیزبەکان و نائومێدکردنی خەڵک.
خەڵکی کوردستان ئێستا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەییان و پێویستە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە پلاندانان بۆ خەباتی هاوبەشیان یارمەتیدەری یەکدەنگی و یەکریزییان بن.

(لە ژمارەی ٧٣٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەر ٢٠١٨

---------------------------------------------------

## هۆکارەکانی ترسی خامنەیی لە ساڵی دادێ



سەرچاوە Serchawe

سەرەڕای هاتوهووتەکانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەوەی کە کۆمەڵگەی ئێران توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هەموو کێشەیەک هەیە و تەنانەت سیاسەتی دوژمنکارانەی ئەمریکا و تەحریمەکانیش ناتوانن پشتی ئەوان بچەمێنن، جاربەجار لە دەستیان دەردەچێ و هیچ شتێک ناتوانێ پێش بە شاردنەوەی ترس و نیگەرانییەکانیان بگرێ. چل ساڵە و هەموو جارێ دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی و حکوومەتی لە ئێران بە دروشمدان هەوڵیان داوە نییەتە شاراوەکانی خۆیان و کەم و کوڕییەکانی خەڵک و وڵات بشارنەوە. سیاسەتی ناردنەدەرەوە و جیهانگیرکردنی شۆڕشی ئیسلامی کە بە بەردەوامی و بە مەبەستی دەستوەردان لە وڵاتانی دوور و نیزیک و گەورەکردنەوەی دوژمنی دەرەکی، بەشێک بووە لە هەوڵەکانیان بۆ خۆڵ لە چاوکردنی خەڵک و لە پەنایدا پتەوکردنی بناخەی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەیان بەسەر خەڵکدا. بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام ئازایەتی و خۆڕاگریی ئەم خەڵکەیان کردووەتە هەوێنی پێداهەڵگوتن بە نیزامەکەیان، کە ئێستا ئیتر دوای تێپەڕینی چل ساڵ ڕەنگ و بۆنێکی نەماوە هەتا بتوانن کەسی پێ فریو بدەن؛ بەڵام دیسانیش کاتێ قسە بۆ خەڵک دەکەن چەندپاتکردنەوەی هەمان ئەو پێداهەڵگوتن و درۆیانەیان لێ دەبیسینەوە.

کەم نین لەو بەرپرسانە لە سەرۆککۆمارەوە هەتا وەزیر و نوێنەرانی مەجلیس و بەتایبەت وتاربێژانی نوێژی هەینی کە لەلایەن ڕێبەرەوە خۆیان و وتارەکانیان دیاری دەکرێن، کە بە بەردەوامی درۆ دەرخواردی مێشکی خەڵک دەدەن و خۆیان لە باسکردنی ڕاستییەکان دەدزنەوە و ئەم شێوازە بووەتە شێوەیەکی ڕەسمیی ڕاگەیاندنی نیزام. ئەگەر رووحانی باس لە بەربەستەکان لەسەر ڕێی دەکا، یا جەواد زەریف، وەزیری دەرەوە باس لە بوونی کێشە دەکا لە نێو دەسەڵاتدارانی ڕێژیمدا و لە نێوچوونی هەموویان بە یەکەوە لە کەشتییەکدا دەخاتە بەر چاویان، بە ئاشکرا دەبینین کە لە گەڵ ئەوەی دەیانەوێ کێشەکان لە چوارچێوەی هێندێک گرفتی نێوخۆییاندا نیشان بدەن، هەست بە شێواوی وەزعەکەیان و ترس لە داهاتوویان پێوە دیارە. بەڵام کاتێ کە خامنەیی ڕێبەری نیزامەکەیان دێتە گۆ، هەموو هەست دەکەن کە کێشەکان لەوە گەورەترن کە بە قسە و باسی پێ بشاردرێنەوە. ئەگەر سەرنج بدەینە وتارەکانی خامنەیی کە لە تەنگانەدا و هەر جارەی بە بیانوویەک کۆمەڵە خەڵکێکی بۆ کۆ دەکەنەوە هەتا لە کۆڕی ئەواندا پەیامەکانی بگەیەنێ، بەڕوونی ئەم ترس و شڵەژاوییەی کە سەراپای دەسەڵاتی ڕێژیمی داگرتوە دەبیندرێ.

خامنەیی وەک ڕەواڵی هەمیشەیی دیسانیش بۆ خۆدزینەوە لە باس لە کێشەکانی نێوخۆی وڵات و خەڵکە بێدەرەتانەکەی، پەنا دەباتە بەر گەورەکردنەوەی دوژمنە دەرەکییەکان و بە تایبەت ئەمریکا و دەستوپێوەندە ناوچەییەکانیان بە مەترسی سەرەکی ناو دەبا و وەک ڕەواڵی هەر جارەی بە پێداهەڵگوتن بە خەڵکی قارەمانی ئێران و گەورەیی نیزامەکەی داوای خۆڕاگری و یەکیەتی لە دەستوپێوەندەکانی دەکا. ناوبراو کە نیزامەکەی بە هۆی سیاسەتی مەزنیخوازی و دەسەڵاتخوازانەیەوە لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا بووەتە هۆکاری بە کوشتدانی سەدان هەزار کەس لە مەیدانەکانی شەڕدا و

ملیۆنان کەس ئاوارە و پەڕیوەی وڵات بوون و ئەوەیشی ماون لە ژیانی کوڵەمەرگیدا ژیان دەبەنە سەر، دیسانیش بەدوای زیندووکردنەوەی هەستی شەهادەتخوازیەوەیە و دەڵێ «ئەوەی کە خەڵکی ئێران لە چل ساڵی ڕابردوودا لەم ڕێگە پڕ زەحمەت و مەترسیدارەدا لە بەرامبەر هەموو زاڵمانی بەهێزدا وەستان، بە هۆی باوەڕیان بە شەهادەت و ئەم چارەنووسە پڕ شانازییەیە»، بەڵام باس ناکا کە چ شتێک ماوە کە خەڵک شانازیی پێوە بکا. ناوبراو کە دیسانیش بە گەورەکردنەوەی مەترسی پیلانگێڕییەکانی ئەمریکا دەیەوێ خۆی لە ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران بدزێتەوە، بوونی دوو دەستەیی و ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک لەگەڵ دەسەڵات و هاتنە سەر شەقامی خەڵک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر بە ڕێژیم و هێنانەگۆڕێی داخوازەکانیان، دەداتە پاڵ ئەوان و دەیەوێ وا نیشان بدا کە خەڵکی ئێران ئێستاش باوەڕیان بە نیزامی کۆماری ئیسلامییە و ئەوە تەنیا چەند گرووپێکن کە بە فیتی ئەمریکا ئاژاوە دەنێنەوە.

سەرەڕای هەموو ئەو جۆرە دڵنیا کردنەوانەی خامنەیی سەبارەت بە بەهێزبوون و خۆڕاگری و شکست پێهێنانی پیلانەکانی ئەمریکا لەلایەن ڕێژیمەکەیەوە، ئەو ناتوانێ ترس و دڵەخورپەی خۆی لە خراپی بارودۆخەکە بشارێتەوە و ئەگەر بە ناوی ئاژاوەگێڕییەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٩٧ یا پیلانەکانیان بۆ ساڵی ٩٨یشدا بێ، ئاماژەی بە خراپی بارودۆخی ڕێژیم و نیگەرانی لە داهاتووی چارەنووسی ڕێژیمەکەی دەکا. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بەڕاستی ئەو لە چی دەترسێ؟

ئەوەی ڕاستییە چل ساڵ دەسەڵاتی تاکڕەوانەی خومەینی و خامنەیی لە سەرووی نیزامی کۆماری ئیسلامییەوە، ئێرانی کردووەتە وڵاتێک کە لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە تووشی داتەپین بووە. سیاسەتی ڕێژیم وڵاتی بەرەو ئاقارێک بردووە کە خەڵک هەست بە ئەمنییەت و دڵنیابوون لە داهاتووی ژیانی ناکا. نەبوونی ئازادی، زاڵکردنی باری قورسی ئەمنییەتی و پڕکردنی زیندانەکان لە خەڵکی ناڕازی و ئازادیخواز و لە پاڵ ئەودا، بێکاری و گرانی و کەمتوانایی و بێخەمیی دەسەڵاتداران لە دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵک، بەشی هەرەزۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە چیدی ناکرێ بە دیار دروشمی فریودەرانەی ڕێبەر و دەستوپێوەندەکانیەوە دەستەوئەژنۆ لە چاوەڕوانیدا بمێننەوە. هەربۆیە هەر ڕۆژەی بەشێک لە چین و توێژە وەزاڵەهاتووەکانی کۆمەڵگە بە هاواری گێڕانەوەی مافە لە دەسچووەکانیان دەڕژێنە سەر شەقام و لە جیاتی وڵامدانەوە بە پەیامی شەهادەت تەڵەبانەی خامنەیی، بۆ بە دەستهێنانی مافەکانی خۆیان و هاووڵاتییانیان، لە سەر شەقام گیان دەبەخشن.

ئەوان بە بەرزکردنەوەی دروشمی «دوژمنمان هەر لێرەیە بە درۆ دەڵێن ئەمریکایە» پەیامی خۆیان بە گوێی ڕێبەر و نیزامەکەی گەیاندوە و تێیانگەیاندوون کە تەنیا ڕێگەی ڕزگاری، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نیزام و ڕووخانی ڕێژیمێکە کە

جگە لە ماڵوێرانی دەسکەوتێکی بۆ خەڵک نەبووە. هەر بۆیە خامنەیی ترسی ڕێ نیشتوە و ئەم ترسەشی بۆ ناشاردرێتەوە کە ساڵی دادێ لەوانەیە ساڵێکی خۆش نەبێ بۆیان.

(لە ژمارەی ٧٤٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٨

-----------------------------------

## بابەتی ساڵی ٢٠١٩

-----------------------------------

### ستاتووی کورد لە سووریەی داهاتوودا

کورد ئەگەر بەداخەوە بە هۆی دابەشکراویی نیشتمانەکەی، لە حاڵێکدا کە کاتی ئەو دابەشکارییە حەشیمەتی کورد لە سەر خاکی عوسمانی لە زۆربەی ئەو بەشە لە نەتەوەی عەرەب کە وڵاتیان بۆ دروست کرا زیاتر بوو، لە هەموو ئەو وڵاتە دروستکراوانەی ناوچەدا لە باری حەشیمەتەوە لە کەمایەتی دایە؛ بەڵام لەسەر خاکی خۆی ژیاوە و لە هەرکام لەو

وڵاتانەدا هەتا ئێستاش وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی نەتەوەیی ماوەتەوە و دیارە. ڕەنگدانەوەی ئەم سیاسەتی دابەشکردنە زاڵمانەیەی بریتانیا و فەڕانسە و لەبەرچاونەگرتنی مافی کوردەکان، لە سەد ساڵی ڕابردوودا بەهۆی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بۆ پاراستنی خۆی لەبەرامبەر سیاسەتی لەنێوبردن و تواندنەوەی لە هەموو ئەو وڵاتانە و بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش؛ بەرەنگاربوونەوە و نائارامی بووە. لە سووریەش سەرەڕای دەیان ساڵ سیاسەتی بە عەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان و زوڵم و زۆری و حاشاکردن لە ناسنامە و شوناسی کوردییان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتەوە، ئەو بەشە لە نەتەوەی کورد پێداگرییان لەسەر مانەوە لەسەر خاکی خۆیان کردووە و بە تەحەمولی گرتن و کوشتن و دەربەدەری و بەردەوامییان لە مافخوازی، گەلێ فیداکارییان کردووە هەتا خاک و ناسنامەی خۆیان بپارێزن.

بە دوای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی خەڵک یەک لە دوای یەک لە وڵاتانی عەرەبی، خەڵکی سووریەش لە شاری درعاوە لە دژی دەسەڵاتی حکوومەتیی سووریە ڕاپەڕین و سەرەتا ئەو شارەیان بەدەستەوە گرت. دواتر دەربڕینی ئەم ناڕەزایەتییانە پەرەیان سەند و بە سەرهەڵدانی دژایەتی بەشێک لە سەربازان و ئەفسەرانی ئەرتەش لە گەڵ بەشار ئەسەد، زۆربەی ناوچەکانی وڵات و تەنانەت دیمشقی پێتەختیشی گرتەوە. ئەمە دەرفەتێکی باشی درووست کرد تا کوردەکانیش کە ساڵانێک بوو ڕاپەڕینەکانیان لە تەنیاییدا سەرکوت دەکرا بیر لە ئازادکردنی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بکەنەوە و بەرەبەرە هێندێک لە ناوچە کوردییەکان کەوتە ژێر دەستی کوردەکان. شڵەژاویی دەسەڵات لە نائارامییە نێوخۆییەکانی ئەم وڵاتە و لاوازیی ڕووبەڕووبوونەوەیان وای کرد کە حکوومەتی سوورییە هێزەکانی لە بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکان بکشێنێتەوە و ڕادەستی «یەکینەکانی پاراستنی گەل»یان بکا.

سووریە کەوتبووە نائارامییەکی بێسنوور کە گرووپی ئیسلامیی داعش سەری هەڵدا و لە دوای عێراق لەو وڵاتە بە شێوەیەکی کتوپڕ دەستی بەسەر ناوچەیەکی بەریندا گرت و بە مەبەستی گەیشتن و کۆنترۆڵی سنوورەکانی تورکیە پەلاماری ئەو ناوچانەی دا کە بە دەست یەپەگەوە بوو. ئەمە بووە سەرەتای دەسپێکردنی شەڕێکی گران لەو ناوچانە و کوردەکان لە دوای هەرێمی کوردستان لە باشوور بۆ پاراستنی خۆیان لە ڕۆژئاواش تووشی شەڕێکی درێژماوە لەگەڵ داعش هاتن. شەڕێک کە بە دوای ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش پێی وڵاتە زلهێزەکانی بۆ سوورییە کردەوە و ئەمە یارمەتیی هێزە کوردییەکانی دا کە هەتا بەسەر داعشدا سەرکەون و، شەڕی کۆبانێ کە هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانیش دەوری باشیان تێدا هەبوو، وەک حەماسەیەکی مێژوویی لە دنیادا دەنگی دایەوە. زیاتر لەوەش بە دروستکردنی سوپای سوورییەی دێموکرات و بە هاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ناوچەیەکی بەرینیان لە سوورییە خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. دیارە ئەمە دژکردەوەی دەوڵەتی تورکیەی بە دوای خۆیدا هێنا و بە دوای هەڕەشەی بەردەوامی تورکیە و بە بیانوی بوونی پ ک ک لەو ناوچانە، ئاخرییەکەی بە بەرچاوی دنیا و بێئەوەی لایەنەکانی هاوپەیمانی ناڕەزایەتییەک دەربڕن،

ئەرتەشی پۆشتە و پەرداخی تورکیە هێرشی کردە سەر عەفرین و کۆتایی بە دەسەڵاتی یەپەگە لەو ناوچەیەدا هێنا و مەترسیی لەسەر ناوچەکانی دیکەش دروست کردووە.

ئەزموونی ئەم دەورە لە خەباتی کوردەکانی ڕۆژئاوا کە ئەوانیش توانییان وەک تەجرەبەی هاوشێوە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئەم بۆشاییە سیاسییە وەک دەرفەتێک بەکاربێنن بۆ پەرەپێدان بە خەباتی خۆیان، ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو. لاوازیی ڕێژیمی بەشار ئەسەد، شەڕی ماڵوێرانکەری داعش و بە هۆیەوە هاتنی هێزی هاوپەیمانان، ئازایەتی و لەخۆبووردەیی کچان و کوڕانیان و پشتگیری هەموو کوردستانییان، یارمەتیدەر بوون هەتا ناوچەکانی کوردستان ئازاد بکرێن. بەڵام ئێستا دوای کۆتاییهاتن بە شەڕی داعش، وەخۆکەوتنەوەی هێزی حکوومەتی، لاوازی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە وگرتنەوەی ناوچە لەدەسچووەکان لەلایەن حکوومەتی سوورییەوە، درێژەی هەڕەشەکانی تورکییە، پیلانگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت بڕیاری ئەمریکا بۆ کشانەوەی هێزەکانی لەو وڵاتە هەرچەند باس لە درێژەی پشتیوانییەکانیان لە کوردەکان دەکەن، شێوازی گەمەکەی بەرەو گۆڕان بردووە و ئەوان پێویستە بە جۆرێکی دیکە و ڕوانینێکی نوێوە بیر لە خۆیان و داهاتوویان بکەنەوە. یەکێک لە پێویستییەکانی خەباتی نەتەوەیەک بەشدارپێکردنی هەموو توانا فکری و کارییەکانی ئەو پێکهاتەیە کە بە داخەوە لەو ماوەدا بە بیانووی یەک دەسەڵات و یەک هێزی چەکدار، ئەو جۆرەی دەبوو بیر لەو بابەتە نەکرایەوە و بە کردەوە خەڵک بە هۆی حیزبەکانیانەوە کەوتنە دوو بەرەی جیاوازەوە. بۆیە لە ئێستادا زۆر پێویستە لە جیاتی ڕوانینی تاک لایەنە بیر لە هاوهەڵوێستی زیاتر بکرێتەوە هەتا لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا، هەموو لایەنەکان و لە ڕێگەی ئەوانەوە تێکڕای خەڵکی تێکۆشەری ئەو بەشە خۆیان بەرامبەر بە داهاتوو بە بەرپرسیار بزانن. خۆ دوورخستنەوە لە کێشە ئێقلیمییەکان و نەهێشتنی حەساسییەتەکان کە ڕێگەی دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچە لە دژی بزووتنەوەکە خۆش دەکا و هەوڵدان بۆ خۆڕێکخستن لەگەڵ واقعییەتەکانی سیاسەتکردن لەو ناوچە ئاڵۆزەدا ڕەنگبێ یارمەتیدەر بێ بۆ دەربازبوون لە ئەگەرە ناخۆشە چاوەڕوانکراوەکان.

بێگومان بوونی هێزە دەرەکییەکان کە بە دڵنیاییەوە تەنیا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا لەوێن لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەتوانێ یارمەتیدەربێ بۆ بردنەسەرێی وزە و گەشەی بزووتنەوەیەک، بەڵام لەو ناوچەدا کورد دەبێ زیاتر بیر لە تواناکانی خۆی و دیتنەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ چارەسەری کێشەکانی بکاتەوە. ئەوەی کە ئێستاش لە سووریە بە هۆکاری نێوخۆیی و پاڵپشتی سیاسی زلهێزەکان ڕێگەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکانی لەگەڵ دەسەڵات ماوە هەل و دەرفەتێکی باشە هەتا قورسایی خۆیانی بخەنە سەر و حکوومەت ناچار بکەن بۆ دانپێدانان بە بوونی کورد لەو وڵاتە وەک پێکهاتەیەک و دەستەبەرکردنی لانیکەمی مافەکانیان و بە یاسایی کردنی ئەو مافانە.

بزووتنەوەی کورد لە سووریەلە ئێستادا بە قۆناغێکی سەختدا تێدەپەڕێ و ئەوە دەخوازێ کە هەموو لایەک بە بەرپرسیاریەتیی زیاترەوە و بە خۆپاراستن لە تاکڕەوی، بۆ دەربازبوون لەو قۆناغە و پاراستنی مەوجوودیەتی کورد بڕواننە بابەتەکە.

(لە ژمارەی ٧٤١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٩

---

## گوتاری نەتەوەیی لە کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستا

دووی ڕێبەندانی ئەمساڵ، یادی حەفتاوسێ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، دەکرێتەوە. کۆمارێکی کەم تەمەن و پڕ دەسکەوت کە لەوانەیە لە سەردەمی دامەزرانیدا کەم کەس هەنگاوەکانی بەرەو کارێکی وەها مەزنی بەبیردا هاتبێ. وشیاری و خوێندنەوەی وردی پێشەوا لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیی ئەو سەردەمە و بوێریی ئەو بۆ ئەنجامدانی کاری وەها گەورە و دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردی، نەتەوەی کوردی کردە خاوەن مێژوویەکی حاشاهەڵنەگر لە دەربڕینی ئیرادەی نەتەوەیی بۆ دەرخستنی خواستی سەربەخۆ ژیان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی. کۆمارێک کە دوای زیاتر لە حەوت دەیە بووەتە شانازییەکی لەبیر نەکراو بۆ هەموو نەتەوەی کورد.
لەو لێکدانەوە و نووسراوانەی لەسەر کۆمار نووسراون زۆر لایەنی ئەرێنی وەک شەڕی جیهانی، لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندی، داگیرکرانی ئێران و....، کە کارتێکەرییان لەسەر پێکهاتنی هەلومەرجێکی وا کە ئیمکانی دامەزرانی کۆماری تێدا ڕەخسا، خستووەتە بەر باس. بەڵام ئەوەی زیاتر لەو بابەتانە گرینگی هەیە و کەمتر لەو نووسراوە و کتێبانەدا سەرنجی دراوەتێ، بوونی فاکتەرێکی بەهێزتر لە هەمووانە کە ئەویش زاڵبوونی بیری نەتەوەیی و وەدواکەوتنی ئامانجێکی هەمیشەیی کورد بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سەربەخۆی نەتەوەیی بوو. ئەگەر چاوێک بە مێژووی سەرهەڵدانەکانی کورددا بخشێنینەوە، بوونی بیری نەتەوەیی بەسەر هەموو سەرکردەکانی شۆڕشەکانی کوردەوە بە زەقی دەردەکەوێ. ئەوە ڕاستە کە پێشەوای مەزن بە تێگەیشتن لە هەلوومەرجی سیاسی ئەو کاتە و سەرەڕای ئامادەنەبوونی نەتەوەکەمان لە باری زەینییەوە بیری لە دامەزراندنی کۆمار کردەوە، بەڵام لە هەموو قسە و وتار و هەڵسووکەتیدا دەردەکەوێ کە ئەوەی ئەو بە دوایەوە بووە لەژێر هەر ناوێک کە بۆ کۆماری دابنێین و پێناسەی ئەم دەسەڵاتە بکەین، بیرکردنەوە و هەوڵدان بووە بۆ گەیشتن بە کیانێکی

سەربەخۆی نەتەوەیی. ئەو بوو ئیجازەی دا لە ڕێوڕەسمەکاندا باس لە سەربەخۆیی بکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا مەسەلەی سەربەخۆبوون ڕەنگ بداتەوە. ئەمە و زۆر بابەتێکی دیکی دەری دەخا کە ئەگەر پێشەوا وەک کاراکتێرێکی شارەزای بواری دیپلۆماسی دەیزانی چۆن ڕەفتار دەکا بەڵام بیرۆکەی سەربەخۆییخوازی هاندەری سەرەکیی بووە بۆ دامەزرانی کۆماری کوردستان.

هەوڵدان بۆ بەشداری پێکردنی هەموو چین و توێژەکان لە ڕووناکبیران شار و مەلا و سەرۆک عەشیرەتەکانەوە هەتا کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە ماکۆوە هەتا کرماشان، متمانە پێ بەخشین بوو بە نەتەوەیەک کە هەموو ئەوانەی لە خۆ دەگرت کە دەبوو خۆیان لە ئەرکێکی نەتەوەییدا ببیننەوە. پێشەوا کە بیری لە دەسەڵاتی حیزبی نەدەکردەوە، دەیزانی خەبات بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی پێویستیی بە بوونی نەتەوەیەک و بەشداریکردنی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەکەیەتی. هەروەک بیری تیژی ڕێگاکانی دەبڕی، چاوی دووربینینیشی هەموو ئەو کەسانەی دەدیتەوە کە لەو مەیدانەدا ئەرکدار بکرێن. ئەو بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردە هەوێنی بەرنامەیەکی دەوڵەتی بۆ خزمەتکردنی خەڵک و پێگەیاندنیان بۆ داهاتوویەکی باش. پێشەوا لەوە خافڵ نەبوو کە نەتەوەیەک کە بەرەو ئەو ڕێبازە هەنگاو دەنێ، دەبێ لە باری پەروەردە و کولتوورەوە پێگەیشتوو بێ و لە بواری ئابووری و کاری خزمەتگوزارییەوە لە پێشکەوتن دڵنیابێ. هەربۆیە هەموو ئیمکاناتی ماڵی خۆیشی لەم پێناوەدا دەخستە بەردەستی حکوومەتەکەی. لەخۆڕا نیە کە دوای ٧٣ساڵ نەتەوەی کورد بە گشتی کۆماری کوردستان وەک یەکەم دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەیی کورد چاو لێدەکەن و بیر و بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێشتر لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرابوو، بووەتە هەوێنی خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. خەباتێک کە تەواوی ئەو ساڵانەی دوای شەهیدبوونی پێشەوای کورد بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمار بەردەوام بووە و لەو پێناوەدا نەتەوەکەمان بێ سڵکردنەوە هەزاران قوربانیی بۆ داوە.

ئێستا پاش ٧٣ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر دامەزرانی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان و، لە ئاکامی بەردەوامی خەباتگێڕانەی یەک لە دوای یەکی جیلەکانی قوتابیانی ڕێبازی پێشەوای نەمر، نە تەنیا ئەم بیرکردنەوە و ڕێبازەکەی پێشەوا لە کزی نەداوە بەڵکوو بەردەوام ڕوو لە پەرەگرتن چووە. ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەفادار بە ڕێبازەکەی پێشەوا و بە پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبەکەی پێشەوا قازی محەممەد، بە بەردەوامی هەوڵیان داوە ئاڵای ڕێبازی نەتەوەیی حیزب و پێشەواکەی بەرز ڕاگرن و لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان هەڵکەوتبێ لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوەیان دەرخستوە کە ئەوان نەتەوەیەکن و بە دوای وەدیهێنانی ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەممەد کەوتوون. ئەم ساڵانە تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگەی تێکۆشانی جۆراوجۆرەوە و بە وەرگرتنی پەیامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە تێکۆشان بۆ پاراستنی سروشتی جوانی نیشتمانەکەیان کوردستان، پەرەپێدان بە پاراستن و گەشەی زمان و کولتووری نەتەوەیی و ڕێزگرتن لە ڕۆژە نەتەوەییەکانی کورد و بەرزکردنەوەی ئاڵای



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان، هاوشانی پێشمەرگە پارێزەرانی ڕاستەقینەی گەڵ و نیشتمان کە یەکێک لە یادگارەکانی کۆماری کوردستانە، هەوڵیان داوە بۆ پاراستن و شوناسخوازی نەتەوەیی و هەموو بە یەکەوە لەم ئەرکەدا سەرکەوتنی گەورەیان بە دەست هێناوە.

یەکێک لە بیرۆکە مەزنەکانی پێشەوای هەمیشە زیندوو، لە نێوبردنی هەر جیاوازییەکی دەسکردی دوژمن بوو بۆ جیاکاری لە نێو نەتەوەکەماندا. ئەوەی کە ئەمڕۆ بووەتە ئەرکێک لە بەردەم هەمواندا و بۆ ئەوەی بتوانین بە سەر هەموو کۆسپەکانی سەر ڕێماندا زاڵ بین پێویستە بۆ ڕزگاری یەکجاری و گەیشتن بە سەرکەوتنێک کە هەموو مافەکانی کوردی تێدا دەستەبەر کرابێ، ئەم بیرۆکەیە لە نێو نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەرەگرتووتربێ و بیری نەتەوەسازی بە مانای یەکگرتوویییەکی شوناسخوازانە کە هەموو جیاوازییەکانی نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردەوای لەنێو ببا ببێتە فکرێکی گشتگیر و هەموو تێکۆشەرانی کورد لەم ڕاستییە باش تێبگەن کە ئەگەر وەک نەتەوەیەک وەدوای مافەکانی خۆیان بکەون گومان لە سەرکەوتنیان نامێنێ. ئەوەی ئەمڕۆ بە خۆشییەوە بناغەیەکی باشی بۆ داڕێژراوە و هەست دەکرێ بە خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە پەیامەکانی پێشەوا و کۆماری کوردستان بووەتە هەوێنی بیری نەتەوەیی تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

(لە ژمارەی ٧٤٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٩

## کورد و چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەک سەدەی ڕابردوودا بەردەوام لە خەباتدا بووە بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی. لە حەوت دەیەی ڕابردووشدا و بە دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پێی بەرنامەیەکی دیاریکراو خەباتگێڕانی کورد شێلگیرانە خەباتیان کردووە و لە تێکۆشان ڕانەوەستاون. دامەزرانی کۆمار کە یەکێک لە شانازییە نەتەوەییەکانی کوردە، بەشداری لە نارەزایەتییەکانی ساڵەکانی ٣١ و ٣٢، خەباتی چەکداریی ساڵانی ٤٦ - ٤٧ و خۆڕاگری لە بەرامبەر دەزگای پۆلیسی ساواکی شادا چەند نموونەیەکن لەو هەنگاوە بەرزە شۆڕشگێڕانەی تێکۆشەرانی دێموکرات و ئازادیخوازی کورد، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. ئاکامی ئەم دەورە لە خەبات هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی

خەڵکی ئێران لە دژی دەسەڵات ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ڕزگاربوونی خەڵکی کوردستان بوو لە چنگ ستەمی ئەو ڕێژیمە.

چل ساڵ لەمەوبەر و بە دوای لە نێوچوونی دەسەڵاتی پاشایەتی خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی کە لە پێناو وەدەستهێنانی ئازادیدا قوربانیی زۆریان دابوو، بەهومێد بوون کە بەری خەبات و چەند دەیە هەوڵ و تێکۆشانیان بچننەوە و لە سێبەری ئازادیدا بحەسێنەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە تەواوی ئەو ساڵانەدا لێبڕاوانە لە دژی ڕێژیمی شا خەباتی کردبوو و لەو پێناوەدا قوربانیی زۆری دابوو بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە سەرکەوتنی شۆڕش کرد. حیزبی دێموکرات هەر زوو ڕایگەیاند کە... ل٢خەڵکی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خەباتی کردووە و دەرکەوت کە ڕێژیمی شا بە هەموو ئیمکاناتییەوە نەیتوانی ئەم خەڵکە مەجبوور بکا واز لە داخوازییەکانیان بێنن. هەر بۆیە باش وایە ڕێبەرانی شۆڕش لە ئیستادا پەیامی ئاشتیخوازانەی خەڵکی کوردستانیان لەبەرچاو بێ و وەک بەڵێنیان داوە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەستەبەر بکەن.

بەداخەوە لە یەکەم کاردانەوە بەرامبەر ئەم پەیامەی خەڵکی کوردستان و لە سەری ساڵی ١٣٥٨دا، بە پیلانی هاوبەشی ئاخوندەکان و پاشماوەکانی ئەرتەشی شا کە لە کوردستاندا تا ئەو کاتەش فەرماندەیی پادگانەکانیان دەکرد، لە پادگانی سنەوە ئەم شارەیان دایە بەر هێرشی تۆپخانە و بە پشتیوانی هێلیکۆپتر خەڵکی ئازادیخوازی ئەو شارەیان خەڵتانی خوێن کرد و نەورۆزی خوێناویی سنەیان بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک خوڵقاند. ئەوان بەمەش نەوەستان و ئەوجا هەمان ئەو باندانە لە ورمێوە گەڵاڵەی تێکدانی میتینگی حیزبی دێموکرات و قەتڵوعامی کوردەکانی نێشتەجێی نەغەدەیان داڕشت و لە بانەمەڕی هەمان ساڵدا ئەم هێرشەیان جێبەجێ کرد کە بوو بە هۆی شەهیدبوونی دەیان کەس و ئاوارەبوونی هەزاران کەس لەو شارە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە دەرکی دروستی لە بیرکردنەوەی مەلا تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکان هەبوو، مەترسیی هێرش و شەڕی لە کوردستان هەست پێکردبوو. هەر بۆیە لەگەڵ خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر پیلانێک لە دژی خەڵکی کوردستان، هەموو هەوڵی خۆی دا کە لە ڕێگەی ئاشتی و وتووێژەوە کێشەی کوردستان چارەسەر بکرێ. بەڵام بیری شەڕەنگێزانەی خومەینی و دارودەستەکی گەیشتە ئەو ئاستەی لە ٢٨ی گەلاوێژدا، خومەینی بڕیاری جیهادی لەدژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند و لە پاوەی خۆڕاگرەوە پەلاماریان بۆ سەر کوردستان دەست پێکرد کە بە شەڕی سێ مانگە ناوبانگی دەرکرد و لەو سێ مانگەدا پاش شکانی یەک لە دوای یەکی هێرشەکانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و خەسارێکی زۆر، لە ٢٦ی خەزەڵوەردا و بە دوای پەیامی خومەینی بۆ ڕاوەستانی شەڕ و وەڵامی ئەرێنی حیزبی دێموکرات کۆتایی بەم دەورە لە

شەڕ هات. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر ئەو کات بۆ جارێکی دیکەش لەسەر ڕێگەچارەی ئاشتیخوازانە و وتووێژ بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک کە مافی خەڵکی کوردستان دابین بکا، پێداگری کرد.

بەم جۆرە هاتوچۆی نوێنەرانی دەوڵەت بۆ کوردستان و دانیشتن لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد. سەرەتا گەڵاڵەیەکی ۲٦ مادەیی ئامادە کرا کە دواتر لە درێژەی کاری هەیئەتی نوێنەرایەتیدا لەگەل هەیئەتی دەوڵەت خرایە بەر باس. بەداخەوە هاوڕانەبوونی لایەنەکانی دیکەی بەشدار لە هەیئەتدا لەگەڵ حیزبی دێموکرات و جیاوازیی ڕوانین لە چۆنیەتیی وتووێژ لەگەڵ دەسەلات بیانووی دایە دەست دەوڵەت بۆ خۆ دزینەوە لە وتووێژەکان. حیزبی دێموکرات کە وەک هەمیشە بەرپرسانە دەیڕوانییە هەلومەرجەکە، دەیزانی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەهانە دەگەڕێ بۆ دەسپێکردنەوەی پەلامارەکانی بۆ سەر کوردستان. بەلام ئەوەیشی نەدەشاردەوە کە هەر ڕۆژێک شەڕ درەنگتر دەست پێبکا بە قازانجی خەڵکی کوردستانە. هەر بۆیە بۆ ئەوەی هەم دەرفەتی وتووێژ لەکیس نەچێ و هەم کاتی زیاتر بۆ خۆ ئامادەکردن لەگەڵ شەڕفرۆشییەکان ڕێژیم بەدەستەوە بێ، دوای هەڵبژاردنی بەنی سەدر بۆ سەرۆککۆماری لە دیداری هەیئەتێکی حیزب لەگەڵ ناوبراو، بە پێی تەوافوقی هەر دوولا گەڵاڵەیەکی شەش مادەیی بۆ وتووێژ خرایە بەر دەستی بەنی سەدر، سەرۆک کۆماری کاتی ئێران. ئەوەش بڵێین کە ئەوەندەی لەلایەن حیزبەکانی دیکەوە سیاسەتەکانی حیزب بە «فورسەت تەڵەبی» لەقاو دەدرا، زیاتر لەوە خەڵکی کوردستان کە خوازیاری جێبەجێبوونی داواکانیان لە ڕێگەی ئاشتییەوە بوون متمانەیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبوو و پاڵپشتییان دەکرد.

بەداخەوە وەک چاوەڕوان دەکرا بیری کۆنەپەرستیی زاڵ بەسەر دەسەلاتی تازەدا، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا بیری لە ئازادی و مافەکانی خەڵک نەدەکردەوە، ڕێگەی درێژەدانی شەڕی لە کوردستان هەڵبژارد. شەڕێک کە ئەگەر بە پێی ئامارە تەواو نەکراوەکانیش لانیکەم لە دەوری دوو سەد هەزار چەکداری ڕێژیمی تێدا کوژرا و بە سەدان هەزار بریندار و دیلیشیان هەبوو، هەتا ئێستاش بە میلیتاریزە کردن و بڕەودان بە فەزای ئەمنییەتی، سێبەری شوومی بەسەر کوردستانەوە ماوە. بەو حاڵەش لەگەڵ ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان شێلگیرانە لە بەربەرەکانێ بۆ پاراستنی کەرامەتی خەڵکی کوردستان و هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانیان لە خەبات بەردەوام بووە، هەمیشەش وەک پرێنسیپێک چاوی لە دیالۆگ و ڕێگەی چارەی ئاشتییانە کردووە. حیزبی دێموکرات هاوکات لەگەڵ خەباتی بەردەوام بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمێک کە توانای وڵامدانەوەی بە دابینکردنی مافە ڕەواکانی خەڵک نییە کە ئەوەش بە دوور نابیندرێ، نەیشاردووەتەوە کە هەر کات دەرفەتی وتووێژێکی ئوسوولی و مەنتقی لەگەڵ دەسەلات بێتە پێش، وەک یەکێک لە شێوازەکانی خەبات چاوی لێدەکا و بە مەبەستی دوورخستنەوەی مەترسییە بەردەوامەکانی سەر خەڵک و هەوڵدانێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە لە مێژینەکانیان کەڵکی لێوەردەگرێ.

(لە ژمارەی ٧٤٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٩

---------------------------------------------

## کۆنفرانسی وارشۆ، مەبەست و ئاکامەکانی

ڕۆژانی ٢٤ و ٢٥ی مانگی ڕێبەندان بە بەشداری وەزیرانی دەرەوە و نوێنەرانی زیاتر لە ٦٠ وڵات کۆنفرانسی ( ئاشتی و هێمنایەتی لە ڕۆژهەڵات) لە وارشۆ پێتەختی لەهێستان بەڕێوە چوو.

زیاتر لە مانگێک بوو کە ئەمریکا لە پێوەندی لە گەڵ دەوڵەتی لەهێستان ساغ بوونەوە کە ئەم کۆنفرانسە لە وارشۆ بەڕێوە بچێ. هێنانە بەرباسی بەستنی ئەم کۆنفرانسە هەر زوو مشتومڕی لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا دروست کرد. ئێران پێش هەموان مەبەستی ئەم کۆنفرانسەی بە دژایەتی ئەمریکا لە گەڵ کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم دا و بە هەوڵێکی ئەمریکای ناو دەبرد کە دەیەوێ لە دژی ئێران هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی دروست بکا. وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاواش کە دژی وەک دەڵێن زیادەڕۆییەکانی ئەمریکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و بە تایبەت لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەوڵی پەکخستنی ئەم کۆنفرانسەیان دا و لە دوا بڕیاردا مۆگرێنی بەرپرسی پێوەندییەکانی یەکیەتی ئورووپا بڕیاری دا بەشداری لەو کۆنفرانسەدا نەکات. سەرەڕای ئەم بڕیارەش هێندێک لە وڵاتانی ئورووپا کە ئەندامی ئەو یەکیەتییەن بەشداریی ئەم کۆنفرانسەیان کرد. جگە لەوانەش بوونی نوێنەرانی دیاری چەند وڵاتێکی عەرەبی وەک عەرەبستانی سعوودی، کوەیت، یەمەن، قەتەر و... لە پاڵ بوونی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لەو کۆنفرانسەدا سەرنج ڕاکێش بوو. کۆماری ئیسلامی وەک وەزیری دەرەوەی لەهێستان ڕایگەیاند بە هۆی هاوڕانەبوونیان لەگەڵ سیاسەتەکانیان بۆ ئەم کۆنفرانسە دەعوەت نەکرابوون. هەر بۆیە زۆر زوو لە دژی بەڕێوەچوونی کەوتنە خۆ و لە کاتێکدا ترسیان لە ئاکامەکانی کۆنفرانسەکە نەدەشاردەوە، ئەم کارەیان بە شکست خواردوو ناو دەبرد.

لەم کۆنفرانسەدا کە باس لە ئاشتی و ئارامی ڕۆژهەڵات دەکرا سەرەڕای ئەوەی پێشتر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاندبوو کە بۆ دژایەتی لەگەڵ ئێران نیە، کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی دەستوەردان و دەستدرێژی بۆ وڵاتانی ناوچە و

پشتیوانی لە گرووپە تیرۆریستییەکان، بەرجام و هەوڵی ئێران بۆ دروستکردنی مووشەکە دوورمەوداکان بوو بە بەشێک لە باسی وتاربێژەکان. تا ئەو جێگەی کە بابەتەکانی وتاربێژەکان ڕاستەوخۆ ڕوویان لە کۆماری ئیسلامی بوو و زۆربەی قسەکان بە تایبەت لە سەر پشتیوانی لە تێرۆریزم و نا ئەمن کردنی ناوچە ڕووبەڕووی ئێران کرایەوە. بە جۆرێک کە وەزیری دەرەوەی وڵاتی میواندار دەڵێ کە ئەو بابەتەی بە لاوە سەیر بوە کە هەمووان هەر باسی ئێرانیان دەکرد و وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش گوتی کە لەو کۆنفرانسەدا کەس بەرگری لە کۆماری ئیسلامی نەدەکرد.

ئەوەی دیارە دەوڵەتی ئەمریکا پاش چوونەدەر لە ڕێککەوتنی بەرجام و شکستی هەوڵەکانی بۆ ڕازیکردنی یەکیەتی ئورووپا بە مەبەستی هاوئاهەنگی لەگەڵیان بۆ فشارخستنە سەر کۆماری ئیسلامی، هەوڵی دەوردانەوەی سیاسەتەکانی ئەو یەکیەتییە دەدا و هەڵبژاردنی لەهێستان بۆ میوانداری ئەو کۆنفرانسە دەتوانێ بەو مانا بێ. هەرچەند ئەکیەتی ئورووپاش بە تایبەت لە چەند مانگی ڕابردوودا، فشارێکی دیپلۆماتی زۆری لە سەر ئێران هەبووە و تەنانەت تا ئاستی تەحریمی وەزارەتی ئیتلاعات و هێندێک لە کەسانی سەر بەوان و پێشگیری لە فڕینی فڕۆکەکانی شێرکەتی ماهان بۆ ئاڵمان چوونە پێش. بەڵام ئەم سیاسەتانەی ئورووپا نە گۆڕانێکی لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا دروست کرد و نە ئەمریکاشی ڕازی کرد. هەر بۆیە سەرەڕای دژایەتی توندی یەکیەتی ئورووپا وەک دەڵێن لەگەڵ سیاسەتی تاک لایەنەی ئەمریکا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی و ڕوانینیان بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەمریکا بە شێوەیەکی جیددیتر درێژەی بە سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی داوە و بە پشتیوانی ئیسرائیل و زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و بەردەوامی تەحریمە قورسەکانی لەسەر ئێران، بەرەی دژی ئەو ڕێژیمەی بەهێزتر کردوە. بەڕێوەچوونی کۆنفرانسێکی لەو چەشنە لە وڵاتێکی ئورووپایی و بە بەشداری نوێنەرانی زیاتر لە ٦٠ وڵات، لە لایەک نیشانەی بەردەوامی ئەمریکایە لە درێژەدانی سیاسەتی فشاری زیاتر بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و لە لایەکی دیکەشەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی پێداگری لە سیاسەتی شەڕەنگێزی و پشتیوانی لەو گرووپە تێرۆریستییانەی بە هاوپەیمانی خۆیان دەزانێ، ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو تەریک بوونەوەی زیاتر دەڕوات و دۆستە ئورووپاییەکانیشی هەتا سەر ناتوانن لە سەر ئەو هەڵوێستەی خۆیان بۆ یارمەتیدانی بەردەوام بن.

بە گشتی ئەوەی لەو کۆنفرانسە کەوتە بەر چاو، چوونە پێشی سیاسەتی ئەمریکا بۆ بە هێزکردنی سەنگی خۆی لە سیاسەتی بەربەرەکانێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بوو. ئەمریکا ئەگەر پێشتر ڕایگەیاندبوو کە مەبەستی ئەو کۆنفرانسە دژایەتی لەگەڵ ئێران نیە، بەڵام دەرکەوت کە سەر لە بەری کار و قسەی بەشدارانی کۆنفرانسەکە ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی کرانەوە و لەم بارەوە ئەگەر ئەمریکا مەبەستێکی هەبووبێ ئامانجەکەی پێکاوە. جیا لەوەش بەشداری نوێنەرانی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی و دیدار و چاوپێکەوتنەکانی ئەوان پەیامێکە بۆ هەوڵدان بۆ هەماهەنگی زیاتری ئەو وڵاتانە

لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا. پەیامێک کە نە وڵاتانی ئورووپایی دەتوانن چاوی لێ بنووقێنن نە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەتوانن بە نیشانەی شکست خواردوویی ئەو کۆنفرانسەی لە قەڵەم بدەن.

ئەوەی لەو کۆنفرانسەشدا کە پێشتر دیار بوو بەرەو چ ئاقارێک دەچێتە پێش جێگەی بەتاڵ بوو نوێنەرانی خەڵکی ستەم لێکراوی ئێران و بە تایبەت نوێنەرانی نەتەوە بندەستەکانی ئەو وڵاتە و خەڵکی کوردستان بوو کە چل ساڵە سەرەڕای هەموو جۆرە زوڵم و ستەمێک کە پێیان ڕەوا دیتراوە، بۆ ساتێک لە خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاربوون لە چنگ ڕێژیمێک کە ئەوان دنیای بە ئامان هێناوە ڕانەوەستاون. بێگومان بیستنی داستانی چل ساڵ لە نەگبەتی و نەهامەتی ئەو خەڵکە کە کۆماری ئیسلامی بەسەریدا هێناون لە زمان خۆیانەوە لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا، دەتوانێ زۆر ڕاستی حاشاهەڵنەگر لە سەر سیاسەتە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆمەڵگەی گوێ داخراوی نێودەوڵەتی ئاشکرا بکردایە..

(لە ژمارەی ٧٤٤ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٩

---------------------------------------------

## سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە گێژاوی کێشە نێوخۆییەکاندا

سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک بەپێی ڕێوشوێنە فەرمییەکان لە لایەن دەوڵەتی ئەو وڵاتەوە دادەڕێژرێ و وەزارەتی دەرەوە لە جێبەجێکردنی بەرپرسیارە. دیارە ئاکامی سەرکەوتن یا پێچەوانەکەی هەر سیاسەتێک کە لە ڕێگەی وەزیر و دیپلۆماتەکانیەوە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن، ڕاستەوخۆ بەرپرسیاریەتییەکەی بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە. زۆر جار بیندراوە بەهۆی شکستهێنانی بەرنامەیەکی سیاسەتی دەرەوە یا تەنانەت گەورەبوونەوەی جیاوازیی بۆچوونی وەزیر لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەت و چارەسەرنەبوونی کێشەکانیان، وەزیرێک وەلا دەنرێ یا دەست لە کار دەکێشێتەوە. ئەم کارە لەو وڵاتانەی خاوەن سیستمێکی دامەزراوەیی دەوڵەتین و بەرپرسن لە ئیدارەی سیاسیی وڵاتەکەیان؛ هەمیشە وەک بابەتێکی ئاسایی وەرگیراوە و

ئەگەر بەپێی قورسایی ئەو وڵاتە لە سیاسەتگوزاری کاریگەری لەسەر جۆری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش هەبووبێ، دەوڵەت بەپێی بەرنامەی داڕێژراوی خۆی درێژە بە کارە دیپلۆماسییەکانی لە دەرەوەی وڵات دەدا.

بە پێچەوانەی ئەم شێوازە دەوڵەتدارییە لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا، هەڵسوکەوتەکان بە جورێکی تر دەکەونە بەرچاو. لە ئێران و لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا، ئەم مەسەلەش وەک زۆر بابەتی دیکە زۆر جار کێشەخوڵقێن بووە و هەست دەکرێ دەوڵەت و وەزیری دەرەوە لە بێدەسەڵاتی تەواودا ئیدارەی وڵات و ئەرکە سیاسییەکانیان بەڕێوە دەبەن. نیزامی کۆماری ئیسلامی کە لەسەر دامەزراوەی ویلایەتی فەقیهـ بەڕێوە دەچێ و، لە یاسای بنەڕەتیدا ڕێبەر ئەرک و دەسەڵاتێکی ڕەهای بۆ لە بەرچاو گیراوە، دەسەڵاتی تەواو دراوە بە کەسێک وەک ڕێبەر کە چاودێری هەموو کارەکانی دەوڵەت بکا و تەنانەت دەخالەت بکا و، بەبێ ئەمری ئەو هیچ کار و پرۆژەیەکی سیاسی لە ئاستی دەرەوەدا ناکەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. ئەم دەسەڵات و هێندێک جار دەخالەتەش لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە و دیاریکردنی هەیئەتە دیپلۆماسییەکان و سنووردانان بۆ چۆنیەتیی باسەکان و تەنانەت قبووڵ یا ڕەدکردنەوەی هەر ڕێککەوتنێکدا بە ڕوونی دەکەوێتە بەرچاو. نوێترین دەخالەت و هەڵوێستی ڕێبەر لە دوا سەردانی بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سوورییە بۆ تاران بوو. دەرکەوت لە پێکهێنانی ئەم دیدارە ڕەسمییەدا، نە تەنیا وەزیری دەرەوە بەڵکوو دەوڵەتیش دەورێکیان نەبووە و بێ ئاگابوون لە سەردانێکی لەو جۆرە. سەفەرێک کە لە ڕێگەی فەرماندەی سپای قودس قاسم سلێمانی و تەنیا بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ خامنەیی ڕێک خرابوو. ئەم کارە بوو بەهۆی تووڕەیی جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران و تەنانەت ڕاگەیاندنی دەست لە کارکێشانەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا؛ هەرچەند ئەم کارەی زیاتر وەک نیشاندانی گلەمەندیی خۆی و تۆران دەچوو هەتا هەڵوێستێکی جیدی بەرامبەر بەو بێڕێزییەی پێی کرابوو.

لە ئێراندا سەرچاوەی ئەم سیستمە حکوومەتییە ویلایەتییە لەوێوە دەست پێدەکا کە لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا دەسەڵاتێکی ڕەها دراوە بە ڕێبەر. ڕێبەریش لە بەیتی ڕێبەری، کەسانی نیزیک لە خۆی لە باری ڕوانگە و بیرکردنەوەوە لە دەوری خۆی کۆ کردۆتەوە و ئەرکەکانی سیاسەتی دەرەوە لەوێوە دادەڕێژرێ و بەڕێوە دەبرێن و بەشە ڕووتینییەکەی دەمێنێتەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە. زۆر جار بینراوە کە نوێنەری ڕێبەر لە سەفەرە سیاسییەکاندا بۆ وڵاتانی دەرەوە بەرپرسی گەیاندنی پەیامی ئەو بوون و لەوێدا جێگەیەک بۆ وەزیری دەرەوەی دەوڵەت وەک بەرپرسی کاروباری دەرەوە لەبەرچاو نەگیراوە. جگە لە پێگەی یاسایی ڕێبەر، پاڵپشتیی سپای پاسداران و بە تایبەت سپای قودس کە ڕاستەوخۆ دەستوور لە خامنەیی وەردەگرن و خۆیان لە چوارچێوەی بەرنامەکانی دەوڵەتدا نابیننەوە، پێگەیەکی بەهێزی چەکداری بۆ خامنەیی دروست کردوە. بەدەستەوەبوونی ئیمکاناتێکی ماڵی یەکجار زۆرتر لەوەی لە بوودجەی دەوڵەتدا دەبیندرێ کە لە ڕێگەی بەشی ئابووریی سپای پاسداران و قەرارگای «خاتم الانبیا» کە بەشی بەهێزی هاوردەکردن و پرۆژە بنەڕەتییەکانیان بەدەستەوە گرتوە و هەروەها داهاتی ناوەندە ئایینییەکان وەک قودسی ڕەزەوی و... دەگاتە دەستیان، ئیمکاناتی ماڵیی

هەر پرۆژەیەکی لە دەرەوەی وڵات بۆ دەستەبەر کردوون. لە باری کارکردی سیاسی لە دەرەوە پشت بەستن بە سیاسەتی ناردنەدەرەوەی شۆڕش و دروستکردنی هێزی میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییەکان لە وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەم ڕێگەوە ڕاستەوخۆ دەستوەردان لەو وڵاتانەدا، بووەتە بەشێک لە سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم کە بە تەواوی لە ڕێگەی سپای قودسەوە و بە دارشتن و چاودێریی بەرنامەکانیان لەژێر دەسەڵاتی ڕێبەر و باڵەکانی لایەنگرییەوە بەڕێوە دەچێ. جگە لەوەش لە نێوخۆی وڵاتدا بە دامەزراندن و گرینگی پێدان بە سیستمی ئەمنییەتیی تایبەت وەک «حفاظت اطلاعات سپاه» دەوری وەزارەتی ئیتلاعاتیان داوەتەوە و هەموو ئەمانە بوونەتە هۆکاری دروستکردنی دەسەڵاتێکی تایبەت.

لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی باس کران ناکرێ کێشە نێوخۆییەکانی نێو باڵەکانی ڕێژیم لەبەرچاو ون بن و، ئەمەش وەک هۆکارێک بۆ گوێ پێنەدانی خامنەیی بەو گرووپەی ئێستا دەوڵەتیان بە دەستەوەیە نەبینین. هەرچەند گومان لەوەدا نییە کە باڵەکانی ڕێژیم هەموو هەوڵیان بۆ پاراستنی نیزامی کۆماری ئیسلامییە و لە هاواهەنگی بۆ سەرکوت و جینایەت و برسی کردنی خەڵک دریغییان نەکردووە، بەڵام جیاوازیی بۆچوونیان لەسەر چۆنیەتیی ئەو ئەرکەیان وای کردووە خامنەیی بەشێکیان بە نیزیکتر لەخۆ بزانێ و زیاتر پشتیان پێ ببەستێ. هەر کاتێکیش ئەوانی دیکە لە دەسەڵاتدا بوون و قسەیەکیان بێ مەیلی ڕێبەر و باڵەکانی دیکە کردبێ ڕێبەر هاتووەتە سەر هێڵ و لە دەمی داونەوە؛ بە تایبەت ئەگەر قسەیەک لە سیاسەتی دەرەوەدا بە دڵی ڕێبەر و باڵە ئوسوولگەراکان نەبووبێ.

ڕەنگدانەوەی ئەم کێشانە لە نێو دەسەڵات لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیدا، هەتا ئێستاش نەک تەنیا یارمەتیی بە چارەسەرکردنی کێشە دەرەکییەکانیان نەکردووە بەڵکوو بووەتە هۆی دروست بوونی پرسیارگەلێک لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کە گەیشتن بە وڵامەکانیان بەتەواوی ماهییەتی کۆماری ئیسلامی ڕوون دەکاتەوە. ڕێژیمێک کە لەژێر سێبەری دەسەڵاتخوازی سەرەڕۆیانی خامنەییدا نە تەنیا گرینگی بە ژیانی هاووڵاتیانی نادا بەڵکوو هیچ بایەخێک بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانیش لە جۆری پێوەندییە دەرەکییەکان نادا. ئەمە ئەو وڵام و تێگەیشتنە واقعییەیە کە بە دوای تۆرانی جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە هیچ بایەخێکی نییە چونکە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا وەزیری دەرەوە هیچ کارەیە.

(لە ژمارەی ٧٤٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

-----------------------------------------------

## دیسان خامنەیی و داڵغەی وەبەرهێنان!

ئێران سالی ۹۷ی بە گشتی و بە تایبەت لە بواری ئابووریدا لە ئاقارێکی خراپتر لە ڕابردوودا تێپەڕ کرد. ساڵەکانی پێشتر بە هۆی سووککردن و لابردنی بەشێک لە سزا نێودەوڵەتییەکان و وەدەست خستنەوەی بەشێک لە قەرز و پووڵە بلۆککراوەکان، ئابووریی وڵات گەشەیەکی چەند لە سەدی بە خۆیەوە بینی. ئیستا ئەم ئاستە لە گەشە نەک هەر دابەزیوە، بەڵکوو پێدەچێ ساڵی ۹۸ چەند لە سەدێک بێتە ژێر خاڵی سفرەوە. لەوە گەڕێین کە دەمڕاستەکانی ڕێژیم هەرکام چ لێکدانەوەیەک بۆ ئەم کێشە کە ڕاستەوخۆ یەخەی خەڵکی گرتۆتەوە دەکەن و چۆن یەکتر تاوانبار دەکەن بە لێنەزانی و نەبوونی مودیرییەت و دزی و فەساد، کە هەمووی ئەوەی لە سەر یەکتری دەڵێن ڕاستە. ئەگەر سەرنجێکی سەرپێیی بدەینە سیستمی ئیدارەی ئابووری، ڕاستییەکی تاڵتر ئەوەیە کە ئابووریی ئێران بناخەیەکی داڕێژراوی زانستی و قایمی نەبووە و ئەگەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی ئاخوندەکان ئابووریی ئێران لە سەر سیستمێکی داڕێژراو بەڕێوە دەچوو، ئەوەشیان لە بەر یەک هەڵتەکاندوە. کەوابوو پێش ئەوەی لە هۆکارەکانی دیکە بگەڕێین ئەوە لە بەر چاو روونە کە هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی دۆخێکی ئاوا نالەبار، زاڵبوونی دەسەڵاتێکی فاسد و قۆڵبڕە کە لە جیاتی بیرکردنەوە لە دیتنەوەی ڕێگە چارەکان و ئەسپاردنی ئەو ئەرکە بە کەسانی شارەزا و خزمەتگوزار، تەنیا بیر لە کۆکردنەوەی پووڵ و سامانی گشتیی وڵات بۆ گیرفانی خۆیان دەکەنەوە.

یەکێک لەو هۆکارانەی زۆر لە سەر زمانانە و بە تایبەت ئەمڕۆژانە کەوتۆتە نێو باسەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیش کە پێشتر حاشایان لێدەکرد، مەسەلەی تەحریمە بەرفراوانەکانی ئەمریکایە لە سەر ئێران کە بە دوای هاتنەسەر کاری دۆناڵد ترامپ و رەدکردنەوەی ڕێککەوتنی بەرجام بە سەریدا سەپێندرایەوە. گومان لەوەدا نەبوو و چاوەڕوان دەکرا کە ئەو گەمارۆیانە بە پێچەوانەی هاش و هووشەکانی ڕێبەری نیزام و دەست و پێوەندەکانی کاریگەریی کتوپڕ و قورس لە سەر باری ئابووری و پووڵی ئێران دادەنێ و بەرەو داتەپینی دەبا. چونکە ئابووریی وڵاتێک کە تەنیا پووڵی نەوتی هەرزان فرۆشکراو پاڵپشتی بێ لەگەڵهەر لەرزەیەکی سیاسی لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا، ناتوانی خۆی ڕابگرێ و بە لە دەستدانی سەرچاوە پووڵییەکانی بە ئاسانی بەرەو دارمان دەڕوا. ئێستا تەحریمەکانی ئەمریکا ڕاستەوخۆ تەنیا سەرچاوەی بەهێزی داهاتی پووڵیی ئێرانی خستۆتە مەترسییەوە. جگە لە دابەزینی نرخی نەوت کەمبوونەوەی کڕیاری نەوتی ئێران لەژێر هەڕەشەکانی ئەمریکادا ئەم سەرچاوەیەشی تووشی لاوازی کردوە و بەرەو وشکبوونی دەبا.

هەرچەند ناکرێ کاریگەریی تەحریمەکان لەسەر ئێران بە کەم ببینرێ، بەڵام ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی تووشی ئەو قەیرانە و بە گشتی خەڵکی ئێرانی تووشی ئەو مەرگەساتە کردوە کە ڕاستەوخۆ نیزام و ڕێبەرانی لێی بەرپرسن، زۆرتر بابەت گەلی نێوخۆیین. بێ بەرنامەیی ئابووری و نەبوونی چاوەدێریی دروست کە زۆرتر بۆ نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و کارامە لە ئێراندا دەگەڕێتەوە کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی مافیای سپای پاسدارانی نییە و بە زۆر هۆکار بوونەتە چاولەدەست و شەریکیان، هۆکارێکی بەرچاوە بۆ ئاڵۆزبوونی کێشە ئابوورییەکان. هاوئاهەنگیی ئابووریی دەوڵەتی لەگەڵ کەرتی تایبەت پێویستییەکی گرینگە بۆ گەشەپێدانی ئابووری. بەڵام لەم بوارەدا سپای پاسداران لە ڕێگەی «قەرارگای خاتم الانبیا» کەرتی تایبەتی قۆرغ کردوە کە خێر و بێری تەنیا بۆ بەشێک لە سەرکردە و فەرماندەکانی سپایە و ئەم بەشەی لە ئابووریی وڵاتی وەلا ناوە. بە نەبوونی سەرمایە لە دەست خەڵکدا و کۆبوونەوەی پووڵی وڵات لە دەست کۆمەڵێکی تایبەتدا کە بۆ خۆیان هیچ دڵنیاییەکیان لە داهاتووی نیزام نییە و بە چەند میلیارد دۆلار لە سەرمایەی نەختیی وڵاتیان بردۆتە دەرەوە کە یا لە بانکەکانی دەرەوە دایدەنێن یا لە وڵاتانی دیکە موڵک و ماڵی پێدەکڕن، ئێران تووشی قەیرانی پووڵی هاتووە. هەر بۆیە کەرتی تایبەت ناتوانی هیچ یارمەتییەک بە بەرەوپێشبردنی کاری بەرهەمهێنان بکا. لەگەڵ ئەوەش لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بانکەکان لە جیاتی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پووڵی بە خەڵک بۆ وەگەڕخستنی کەسب و کار، قەرزی گەورە و میلیاردییان داوەتە کەسانێک کە لە دەسەڵات و باندە مافیاییەکانیان نیزیکن کە هیچ خێر و بێرێکیان بۆ خەڵک و ئابووری وڵات نەبووە و تەنانەت بەشی زۆریان کە پشتگیری باندە مافیاییەکانی دەسەڵاتیان هەیە ئامادە نەبوون قەرزەکانیان بۆ بانکەکان بگێڕنەوە.

لەم وەزعە شپرزەی ئەمڕۆدا خامنەیی، ڕێبەری نیزام وەک ساڵانی ڕابردوو کە هەر ساڵەی بە ناوێک ناودێر دەکرد کە خەڵک دڵخۆش بکا بە چارەسەری باری ئابووری، ئەمساڵیشی بە ساڵی پەرەپێدانی بەرهەمە نێوخۆییەکان ناو نا. دیارە لە دە ساڵی ڕابردوودا بەردەوام خامنەیی لە پەیامە نەورۆزییەکانیدا کە بۆ خۆی کردیە باو، سەرنجی دەخستە سەر بواری ئابووری و هەر ساڵێک ناوێکی لێ دەنا. بەڵام لە تەواوی ئەو ساڵانەدا ئەم ناو لێنانانە نەتەنیا یارمەتییەکی نەدا بە باشبوونی باری ئابووری، بەڵکوو خۆش بژێویی ئابووریی بنەماڵە ئێرانییەکان بەرەو خراپتربوون ڕۆیشتووە. خامنەیی کە سەرەڕای دروشمدانەکانی دەردەکەوێ دەستی شتووە لە بەرهەمهێنانی پیشەسازی و گەورە، ئیستا چاوی لە بەرهەمهێنانی بنەماڵەییە بۆ دروستکردنی بەرهەمی دەستی و بەخێوکردنی ئاژەڵی ماڵی هەر نەبێ بۆ ئەوەی لە برسان نەمرن.

ئەوەی ڕاستییە، کێشەی ئابووری ئێران نە هی ئیستایە و نە تەحریمەکان بە تەنیا توانیویانە ئەو وێرانییە ئابوورییە دروست بکەن. کێشە جۆراوجۆرەکانی ئێران و بە تایبەت کێشە ئابووریەکان بە تێکڕا دەگەڕێنەوە بۆ بوونی دزی، و درۆ و فەسادێک کە تەواوی سیستەم و دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامیی لە ڕێبەرەوە و هەموو دەستوپێوەندەکانی گرتۆتەوە.

کەم کەس لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەیە کە ئیستا ناوی لە لیستی دز وماڵخۆرەکاندا نەبێ و هەتا لە ڕێبەریش نیزیکتر ببیەوە فاسدەکان زەقتر و بەرچاوترن. هە بۆیە زۆر زەحمەتە ئەم دەستەواژانەی هەموو ساڵێک خامنەیی ڕایدەگەیەنێ بتوانێ چارەسەرێکی دەرد و مەرگی خەڵک بکا، بەڵکوو تەنیا داننانێکە بەو دۆخە شپرێوەی بڕستی لە خەڵک بڕیوە. هەر ئەوەی خامنەیی ساڵی ۹۸ بە ناوی پەرەپێدانی بەرهەم ناودێر دەکا، ئەو ڕاستییە دەردەخا کە گەشەی ئابووریی ئێران بەرەو داکشانە و تەنانەت ئاستی بەرهەمهێنان خراپتریش دەبێ لە چاو ساڵی ڕابردوو.

(لە ژمارەی ۷۴۷ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ۲۰۱۹

---------------------------------------------------

## یادێک لە ماندووبوونەکانی تێکۆشەرێکی نادیار

### بۆ کار و چالاکییەکانی رەحمان نەقشی

لە شارەوە بۆ شاخ و دوایی بەرەو هەندەران کۆچی کرد. ماوەیەک لە هولەند مایەوە و دوایە ڕوو لە کانادا دەکا. بیری نیشتمان و یادەوەرییەکانی بەردەوام لە خەیاڵی دایە. چەند ساڵێک تێدەپەڕێ، بیری هاوڕێیان و کوردستان دەکا. ئەو خولیایەی لە مێشکی دایە ڕێگەی حەسانەوەی لە دوورە وڵات لێ دەبەستێ. دڵی ئۆقرە ناگرێ و ڕوو لە نیشتمان دەکاتەوە و خۆی لە باوەشی داوێ بۆ حەوانەوە. کوردێک کە دڵی پڕە لە خۆشەویستیی نیشتمان و خۆی بە هاوشانی ئازادیخوازان و تێکۆشەرانی دێموکرات دەزانێ و لە پێناویاندا گەلێک ئەرکی لە بەر دەم خۆیدا داناوە. ئەو تێکۆشەرە نادیارە کاک ڕەحمانی نەقشی خەڵکی سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو حەزی لە ئەدەب و سیاسەت و کاری ڕۆژنامەگەرییە و کاتێکی زۆری بۆ خزمەت کردنی نەتەوەکەی لەم ڕێگەوە بۆ تەرخان کردووە، وەها کە بوەتە بەشێکی سەرەکی لە ژیانی. ئەو بە تەنیا و بێ هیچ پشتیوانییەکی ماڵی و ئاوڕدانەوەیەکی کەس یا لایەنێک خۆبەخشانە وەک پێشمەرگەیەک لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەدا ئەم ئەرکە گەورەی لە سەر شانی خۆی داناوە. لە گەڵ ئەوەی لە خۆم ڕانابینم خۆ لە قەرەی هەڵسەنگاندنی ئەو هەموو زەحمەتانەی کاک ڕەحمان بە تایبەت لە بواری ئەدەبیات و ڕۆژنامەوانییەوە بدەم، بەڵام لە بەر ئەوەی زۆربەی کارەکانیم دیتوە و زۆریان سەرنجیان ڕاکێشاوم، حەزم کرد بۆ سپاس و پێزانینێکیش بێ چەند دێرێک بنووسم و لە قەدەر توانایی خۆم وەک کەسێک کە بە بەردەوامی بڵاوکراوە جوراوجۆرەکانیم دیتوە، سپاسی بکەم.

١٠ ساڵ بە سەر بڕیار و بەکردەیی کردنی بیرۆکەکانی تێدەپەڕێ. لەو ساڵانەدا کاک ڕەحمان بێ وچان و بێ چاوەڕوانی هیچ پاداشێک و بە بێ ماندووبوون، بەردەوام بووە لە بڕینی ئەم ڕێگە و تەنیا تەلیفۆنێکی هاوڕێیەکی بۆ دەستخۆشانە بەس بووە کە ئەو دڵی بە کارەکەی خۆش بێ و ماندوویی ئەو نۆبەی لە کارێکی بحەسێنێتەوە. لەو کارانەی کە بە ئەنجامی گەیاندوون کە هەموویان جێگەی تێڕامانن، بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "یەکبوون" بایەخێکی تایبەتی هەبوو کە لەودا هەوڵی دەدا لە سەر بابەتی جۆراوجۆر، وتار و بابەتی جیاجیا و جیاواز بڵاو بکاتەوە. ئەمە ڕێگەیەک بوو بۆ ئاشناکردنی خوێنەرانی گۆڤارەکە بە بیروبۆچوونی نووسەران سەبارەت بە مەسەلە گرینگەکانی سەر ڕێیان. ئەم بۆچوونانە بە هۆی بابەت و نووسراوە و وتووێژەوە کە ڕادەیەکی زۆریان لێ بڵاوبووەوە، یارمەتی زۆری داوە بە خوێنەرانی کە لە هاوڕێیانی خاوەن بابەتەکان لەسەر مەسەلە گرینگەکان باشتر تێبگەن. لەو نووسراوە و وتووێژانەدا سیاسەت، ئەدەبیات و زمان زیاتر بەرچاو دەکەون و تەنانەت بابەتی هزریش لە بیر نەکراون.

بەشێکی دیکەی کارەکانی گرینگیدانە بە کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەو ١٠ ساڵەدا لە ١٢٠ بەشدا بە ناوی " کۆبەندی بەشێک لە کاروچالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان"دا بڵاوکراونەتەوە. ئەمە دەری دەخا کە ناوبراو وەک کادرێکی چالاکی ڕاگەیاندن بە بەردەوامی چاوەدێری هەموو جووڵە سیاسی، چەکداری، هونەری و کۆڕوکۆبوونەوەکانی حیزبی کردوە و بۆ بەرگرتن لە پرش و بڵاوی، مانگانە هەموو ئەو شتانەی لە سەر یەک داناوە و بڵاوی کردوونەوە. لە ڕاستیدا بە بێ ئەوەی لە ڕاگەیاندنی حیزبەوە هیچ ئەرکێکی بۆ دیاری کرابێ خۆبەخشانە ئارشیویکی مانگانەی دروست کردوە کە هەر کەس و هەر کات بیەوێ دەتوانێ لە پەیجەکەی و سایتی کوردستان و کورددا بیبینێتەوە و ئەم کار و چالاکییانە بخوێنێتەوە. ناوبراو ئەم ئەرکە قورسەی خستوەتە سەر شانی هەتا هۆگرانی حیزبی دێموکرات بە بەردەوامی و بە بێ ئەوەی تووشی زەحمەت بن هەتا چالاکییەکی حیزبی ببیننەوە ڕاستەوخۆ بچنە ناخی چۆنیەتی کار و تێکۆشانی تێکۆشەرانی دێموکراتەوە.

کاک ڕەحمان لە پاڵ ئەو هەموو ئەرکەدا، شەهیدان و کەسایەتییە نەمرەکانیشی لە یاد نەکردووە و لە زیاتر لە ٢٠ نامیلکەی جیادا بە خەمخۆرییەوە یادی شەهیدان، کەسایەتییە کۆچکردووەکان و شاعیران و هونەرمەندانی کۆچکردووی کردوەتەوە و وەفای خۆی بۆ کار و تێکۆشانی ئەو نەمرانە دەرخستوە کە هەر کامەیان لاپەڕەیەکی زێڕینیان لە مێژووی گەلەکەمان نەخشاندووە.

لە ڕاستیدا کارە جۆراوجۆرەکانی کاک ڕەحمان شیاوی ئەوەیە کە لە جیاتی تەنیا سپاس کردنێک پشتگیری بکرێ بۆ بەردەوام بوونی و جێی خۆیەتی خوێنەرانی قەڵەم بەدەستی بابەتەکانی لە سەر هەر کام لە بڵاوکراوەکانی بە جیا هەڵسەنگاندن بکەن بۆ ئەوەی گرینگی کارێکی لەو جۆرە بەرجەستەتر بکرێ و هاندەرێکیش بێ بۆ کەسانی خۆنەویست و خۆبەخشی وەک کاک ڕەحمان لەو بوارەدا توانایی خۆیان بخەنە گەڕ.

ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٩

----------------------------------------

## جیهان، ئێران و سپایەکی تێرۆریست

ساڵێک لەمەوبەر و بە دوای وڵامنەدانەوەی کۆماری ئیسلامی بە داواکارییەکانی ئەمریکا و گوێنەدان بە هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ملدان بە ڕێگە چارەیەک بۆ کۆتاییهێنان بەو کێشانەی کە ئێران خوڵقێنەری بوون، ئەمریکا دەستی بە زیندووکردنەوەی جێبەجێکردنی تەواوی ئەو سزایانەی دژی ئێران کرد کە پێشتر بە هۆی ڕێککەوتنی بەرجام لە سەردەمی باراک ئۆبامادا هەڵپەسێردرابوو. وەک بە بەردەوامی بەرپرسانی ئەمریکا دووپاتیان دەکردەوە مەبەستی ئەوان لەم کارە هەوڵدانە بۆ گۆڕینی سیاسەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی. هەوڵ و داواکارییەک کە نە تەنیا هیچ ئاکامێکی نەبوو بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بیری مەزنیخوازانەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و پڕوپاگەندە لە سەر هێز و نفووز و تواناییەکانی سپای پاسداران لە بەرینتر کردنی ناوچەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت دوور لە سنوورەکانی ئێرانیش، هاندەر بوو بۆ پەرەپێدانی دەخالەت و برەودان بە کردەوە تێرۆریستییەکانی سپا و لە لایەکی دیکەوە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەمریکا هەتا بە شێوەی یاسایی و لە ڕێگەی بڕیارێکی کۆشکی سپی، وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی بە جیهان بناسێندرێ. بەمجۆرە سپای پاسداران خرایە لیستی ڕەشی گرووپە تێرۆریستییەکان، کارێک و بڕیارێک کە تا ئێستا لە لایەن هیچ وڵاتێکەوە نەکراوە.

بێگومان ئەم بڕیارەی دەوڵەتی ئەمریکا لە دوای جێبەجێکردنی یەک لە دوای یەکی سزا سەپێندراوەکان لە سەر ئێران و خستنە بەرباسی بابەتی تێرۆریزم کە هیچ لایەنێکی دەرەوە ناتوانێ بۆ پاکانەکردن بۆ سپا پاساوێکی بۆ بێنێتەوە، باری سەرشانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران قورستر دەکا، بە تایبەت کە هێندێک لەو ڕێبەرانە بۆ خۆیان بەشێکن لەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە. دەزگایەکی نیزامیی ڕەسمی ڕێژیم کە وەک ئەمریکا دەڵێ و هەموو جیهانیش دەزانێ لە ڕێگەی



سەرچاوە
Serchawe

گرووپە میلیشیا شیعەکانی سەر بە دەسەڵاتی مەزهەبیی ئێران، لە وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست وەک، عێراق، سووریە، یەمەن و لوبنان و زۆر لە وڵاتانی دوورەدەستیش، بـووەتە سەرچاوەی دروستبوونی کێشـەی ئەمنیەتیی گەورە. ئەمە جگە لە هێرشی بەردەوامی بەقسە و دروشم و یارمەتیدانی بە ئاشکرای گرووپە توندئاژووە موسوڵمانەکانی فەلەستین و لوبنـان کە هەڕەشـەی زۆر و گەورەی بـۆ سـەر ئیسـرائیل دروست کـردوە. ئەمـانەش هۆکـارێکن بـۆ دەسـتئاوەڵا بـوونی ئەمریکـا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران و نەبوونی بەرهەڵستییەکی جیددی لە لایەن وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت ئورووپـا. ئەمەش دەتـوانێ پەیـامێکی بـۆ کۆمـاری ئیسلامی تێـدابێ کە بەرەبەرە لەم دنیـا پـان و بەریـنەدا بە تەنیـا دەمێنێـتەوە و چەنـد وڵاتێکـی دیکتاتۆری وەک کورەی باکوور وێنزۆئێلا و سوودان کە ئەمیان ڕۆیشت، ناتوانن بگەنە فریای. هەر بۆیە بە دوای بڕیارەکـانی پێشووتری تەحریمە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران دەبێ چاوەڕوانی کاریگەریی زیاتری ئەم بڕیارە لەسەر دۆخی ئێران بە گشتی و بە تایبەت لەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بین.

هەرچەند ئەگەر بڕوانینە قسە و هەڵوێستی ڕێبەرانی ڕێژیم و فەرماندەکانی سپا هەر وەکوو هیچ نەقەومابێ و ڕێوییـان بە پیـرەوە هـاتبێ وایە، ئەمەش پیشـەی هەمیشـەییان بـووە بـۆ چاوبەسـتنی خەڵـک. لە بیرمـانە و زۆری بەسـەردا تێنەپەڕیـوە کاتێک خامنەیی گوتی «ئەگەر ئەمریکـا لە بەرجـام بکشـێتەوە ئێـمە دەیسووتێنین». بەڵام نە تەنیـا ئەوەی نەکرد بەڵکوو دەسـتەوداوێنی ئورووپـا بـوو هەتـا بە فریـای بـکەوێ و کـاتێ کە ئەوانـیش هیچیـان بـۆ نەکـرا یـا نەکـرد و دەرکەوت کە وەڕێخستنی کاروباری ماڵیی ئێران کارێکی حاسان نیە، دەستی کرد بە گلە و گازەنـدە کە لە ئەمریکـا دەترسـن و نایـانەوێ پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا بە خاتری دۆستایەتیی ئەمـان تێک بـدەن. خـامنەیی ئەوجـا وازی لە هەڕەشـەکانی هێنـا و چاوەڕوانی تێپەڕینی زەمان مایەوە کە ئەویشی بە قـازانج نەبـوو. چونکە ئیسـتا ئیتـر زۆر زەحمەتە لە ئورووپـادا کەس یـا کومپـانییەک بـیەوێ بیـر لەوە بکـاتەوە کە بازرگـانی لەگەڵ لایەنێـک بکـا کە سیاسـەتەکانی بە ڕەسمی تـێکەڵ بە کـاری تێرۆریستی بـووە و نـاتوانێ حاشای لـێ بکا. درێژەکیشـانی ئەم ڕەوتە کە جگە لە سەپاندنی سزای نـوێ بـۆ ئێـران هیچی دیکەی بەدواوە نابێ ئەگەر سەرکێشی سپای پاسدارانی لەگەڵ بـێ، بێگومـان ئورووپـا و ئەمریکـا لەو بـارەوە لێـک نیزیکتـر دەکـاتەوە و بەو دۆخە نالەبـارەی ئێـران لە بـاری ئـابوورییەوە تووشی هـاتووە، کۆمـاری ئیسلامی دەگەیەنێـتە داخراوییەکـی تەواو لە هەڵوێست و سیاسەتکردن لە نێو کۆمەڵگەی جیهانیدا. جگە لەوەی کە پێوەنـدییەکانی لەگەڵ وڵاتـانی دراوسێی بە وردی دەکەوێتە ژێر چاوەدێری زیاترەوە و بە پێی یاساکانی ئەمریکا ئەوان دەتوانن دەست بەسەر هەر شتێکی ئێرانـدا بگـرن کە گومانی لێ بکەن.

لە نێوخۆی وڵاتیش سپای پاسداران لە ساتەوەختی دامەزرانیەوە بوو بە گۆپاڵی سەرەکیی سەرکوت و نەهێشتنی هەر چەشنە دەنگێکی نـاڕەزایەتی ئێرانییەکـان لە دژی ڕێژیمی تـازە بە دەسـەڵات گەیشـتوو. لە کوردسـتان بە تـایبەت ئـامرازی هێرشی

بێبەزەییانە بۆ سەر شار و گوندەکان و سووتاندنیان، کوشتنی بە کۆمەڵی گەورە و بچووک، ژن و منداڵ، گرتن و دوورخستنەوە بوون و، دەست بردن بۆ هەر چەشنە کردەوەیەکی دژە مرۆڤانە حەزی خوێنڕێژی سەرکردەکانیانی دادەمرکاند. ڕێژیم بە هۆی لقەکانی وەزارەتی ئیتلاعات و سپای قودسی ژێر ئەمری ڕێبەریی نیزام، بۆ تێرۆری ڕێبەران و ئەندام و پێشمەرگەکانی کوردستان و تێکۆشەرانی ئێرانیی هەموو سنووره ئەخلاقی و جوغرافیاییەکانی بەزاند. هەربۆیە بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە جگە لەو شانۆگەرییانەی بە جل و بەرگی پاسدارانەوە بەڕێوە چوون، ناکرێ هیوا و هومێدی لە دڵی خەڵکی شۆڕشگێر و تینووی ئازادیدا بە ئاواتی لاوازبوون و کەم کردنەوەی دەسەڵاتی سەرکوتی لقە جۆراوجۆرەکانی سپا زیندوو نەکردبێتەوە.

خەلکێک کە ئیستا ئیتر بە دوای ئازادیدا دەگەڕێ و ساڵانێکە بە هەموو شێوازێک بۆ گەیشتن بەو ئازادییەی کە کەسایەتی بەرزی مرۆڤەکان دەپارێزێ خەبات دەکا. ئازادییەک کە چوار دەیەیە لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانەوە لێی زەوت کراوە و سپای پاسداران و گرووپە بەستراوەکان بەوانەوە ئەهرومی سەپاندنی ئەم نارەواییە بوون بە سەر ئەو خەڵکەدا. خەڵکی ئێران دەزانن هۆکاری ئەو هەموو سەختییەی بەسەر ئەواندا هاتووە بوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سیاسەت و دەسەڵاتە نارەواکەیەتی و دەربازبوون لەو هەموو قەیرانەی کە ژیانی ئەوانی خستووەتە مەترسییەوە تەنیا بە دەربازبوون لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دێتە دی.

(لە ژمارەی ٧٤٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٩

---------------------------------------

## هێزی خەڵک لە یەکلاکردنەوەی هاوکێشەکاندا

کۆماری ئیسلامی لە گێژاوی بێ دەرەتانیدا بەرامبەر فشار و هەڕەشەکانی ئەمریکا، هەر ڕۆژەی بە هەڵوێستێکی سەیر و سەمەرە و دژ بە یەک و هەر جارەی بە هۆی یەکێکەوە سەر لە مەیدانی کێبەرکێی سیاسییەکانیدا دەردێنێ. ئەگەر ڕووحانی دەڵێ ئەمریکا ناتوانی پێش بە ناردنە دەرەوەی نەوتی ئێران بگرێ و گۆیا شەش ڕێگەی دیکەیان لە بەر دەستە و وا دیارە بابەتەکەش نهێنییە، فەرماندە نیزامییەکان کە باوەڕ بەو قسەی سەرۆککۆمارەکەیان ناکەن هەڕەشەی بەستنی گەرووی هۆرموز دەکەن و ڕادەگەیەنن کە ئەگەر نەوتی ئێران نەڕوا نەوتی هیچ شوێنێکی دیکەش لەوێوە ناڕوا! لە لایەکی دیکەشەوە

لە پڕ جەواد زەریف، وەزیری دەرەوە سەر لە نیۆیۆرک دەردێنێ و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە باس لە ئامادەیی ئێران بۆ وتوویژ لە گەڵ ئەمریکا دەکا و دەڵێ کە دەسەڵاتی تەواوی بۆ ئەو بابەتەش پێدراوە، ئیدیعایەک کە کەم کەس لە دنیادا باوەڕی پێکرد و گرینگیی پێدا. ئەمەش بابەتێک بوو کە هەم ئەمریکاییەکان ڕەدیان کردەوە و هەم دەمڕاستەکانی ئوسوولگەراکان و فەرماندە باڵادەستەکانی سپای پاسدارانیشی هێنایە سەر خەت و ئەوجار ئەوان لە جیاتی خامنەیی هاتنە دەنگ کە لەو هەلومەرجەدا وتوویژ لەگەڵ ئەمریکا مانای تەسلیم بوونی هەیە و ئەوانیش ئامادە نین کە تەسلیم بن.

ئەوەی جیا لەو گاڵتە بەخۆکردنە و لەو قسە و باسانەی لە ڕاگەیەنەکاندا بڵاوی دەکەنەوە و ئێستاش لەو پەڕی دەستەوەستانیدا لە مەیدانی سیاسەتی جیهانیدا بۆ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ماوەتەوە ئەگەر تەسلیم بوونیش بێ هەوڵدانە بۆ دیتنەوەی ڕێگەیەک بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا. ڕێژیمێک کە بەهۆی سیاسەتی دەستدرێژیکەرانە و پەرەپێدانی تێرۆریزم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و هەڵایسانی شەڕی تایفی و مەزهەبی لە وڵاتانی ئیسلامیدا بە مەبەستی لاوازکردنی دەسەڵاتی یاسایی ئەو وڵاتانە و بەهێزکردنی لایەنەکانی دەستپەروەردەی خۆی، ئێرانی تووشی کۆمەڵە قەیرانێک کردوە کە هیچ وڵاتێک تەنانەت وڵاتە هەژار و دواکەوتووەکانیش بە خۆیانەوە نەدیوە، کەوتووەتە... بەر قورسترین سزا ئابوورییەکانی ئەم سەردەمە و بەرەو داڕمان و نابووتیی یەکجاری دەڕوا. کار گەیوەتە جێیەک کە تەنانەت وڵاتێکی بچووکی دراوسێی وەک بەحرەینیش لە سەر هەڕەشەی داخستنی ڕێڕەوی ئاوی هورموز لێی وەدەنگ دێ، بۆیە دەبێ چ ڕێگەیەکی دیکەی جگە لە تەسلیم و سەرشۆڕکردن لە بەر دەمدا مابێ. هەرچەند نە لە ئێستادا هیچ زەمینەیەکی لەبار بۆ وتوویژ لە نێوان ئەمریکا و ڕێژیمدا دەبیندرێ و نە لە داهاتوویەکی نیزیکیشدا ئەمریکا فشارەکانی بۆ خوڵقاندنی ئیمکانی وتوویژ کەم دەکاتەوە.

ئەگەر چاو لە ستراتێژیی سیاسیی دەوڵەتی ئێستای ئەمریکا و ستافی کاریی دۆناڵد ترامپ لە کۆشکی سپی بکەین بە ئاشکرا دیارە کە جیاوازیی نێوان داواکاری ئەمریکا بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕابردوو یەکجار زۆرە و ئاستی چاوەڕوانییەکانی ئەمریکا و بە جۆرێک هێندێک لە وڵاتانی ئورووپاییش بۆ گۆڕانکارییەکان لە ڕەفتار و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە کێشەی مافی مرۆڤدا بەرزتر بووەتەوە. ڕێککەوتنی ئەتۆمی کە پێشتر وەک دەسکەوتێکی گرینگ لە جیهاندا باسی لێ دەکرا و کۆماری ئیسلامی هەوڵی دەدا کە وڵاتانی ئورووپایی بە بەڵێنی بێ بنەما لەسەر درێژەدانی قبوولی ئەو ڕێککەوتنە لەگەڵ خۆی و لە بەرامبەر ئەمریکادا بهێڵێتەوە، ئێستا بە زەقکردنەوەی مەسەلەی تێرۆریزم و بە تایبەت کە ڕێکخراوی بەرپرسی هەموو کارە تێرۆریستییەکان (سپای پاسداران) لە لایەن ئەمریکاوە کەوتە لیستی ڕەشی سازمانە تێرۆریستییەکان، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەم هەڵوێستانەی ئەمریکاوە. جیا لەوەی مەسەلەی گرینگی کۆنترۆڵی مووشەکە دوورمەوداکانی ڕێژیم کە بە تایبەت هەڕەشەیەکی گەورەن بۆ سەر ئیسرائیل و پاراستنی

هێمنـــایەتی نـــاوچەی کەنـــداو وازهێنـــان لە هەڕەشـــە و ســـازکردنی مەترســـی بـــۆ ســـەر بەرژەوەنـــدییەکانی ئەمریکـــا و هاوپەیمانەکـــانی لەو نـــاوچەدا و بـــاس لە کێشـــەکانی مـــافی مـــرۆڤ لە ئێرانـــدا و گەلێـــک بـــابەتی دیـــکە کە لە لیســـتی داخوازییەکـــانی ئەمریکـــادان ڕێـــگەی ســـەختی ســـازانی نێـــوان ئەو دوو لایەنەی دژوارتـــر کـــردووە و بێگومـــان دەبێـــتە هـــۆی زیاترکردنی فشارەکان. لە وەزعێکی وەهادا داخۆ جگە لە چاوەڕوانی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بـۆ گـۆڕانی ڕەفتـاری ڕێژیم ڕێگەیەکی دیکە نییە؟

گومـان لەوەدا نەمـاوە کە درێـژەی تەحریمەکـانی ئەمریکـا و بەرەبەرە قورسـتر کردنـی بـاری تەحریمەکـان بە پلانی یەک لە دوای یەک، بـارگرانییەکی وەهـای لە سـەر ڕێـژیم دروسـت کـردوە کە کەسـیان حاشـا لە ئاسـەوارە زیانبارەکـانی بـۆ سـەر ڕێژیمەکەیـان نـاکەن. ئەم وەزعە پێشـتر کـاریگەریی خـۆی لە سـەر ژیـانی خەڵـک بە گشـتی دانـاوە و بە هـۆی کەمبـوونی کەلوپەل و گرانبـوونی نرخەکـان و بێکـاری و کەم دەرامەتـی، ڕۆژ بە ڕۆژ ژیـانی خەڵـک بەرەو ئاقـارێکی مەترسیدار بـردوە. ئیسـتا ئیتـر هـیچ چـاوەڕوانییەکی هیـوابەخش نییە بـۆ چارەسـەری ئەو هەمـووە کێشـە کەڵەکەبـووە لە نێوخـۆی وڵات کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ژیانی تێکڕای خەڵکی ئێرانەوە هەیە. هەر بۆیە ڕەنگە مەیدانی یەکلاکردنەوەی ئەم کێبەرکێیە تەنیـا نێوخـۆی وڵات و بەهـۆی ئەو خەڵـکەوە بـێ کە لەو فەزا ئەمنییەتە قورسـەدا بە هەمـوو شـێوەیەک نـاڕەزایەتیی خۆیـان لە مانەوەی ڕێژیم دەردەبڕن.

خەڵکی ئێران زیـاتر لە یەک سـەدەیە بە پێـی کولتـووری خەباتکـارانەی خۆیـان ڕێـگەی خەبـاتی سەر شەقام و دەربڕینـی ناڕەزایەتییەکانیان لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی داخوازەکانیان بە شێوەی ئاشکرا تەجروبە کردوە. ئەزموونێک کە چ لە ئێـران و چ لە زۆر وڵاتـی دیـکەش وڵامـی داوەتەوە. شـێوە خەبـاتێـک کە هەر ئیسـتا لە وێنـزۆئیلای دۆسـت و هـاوپەیمـانی کۆمـاری ئیسلامی لە بەرامبەر سیستمێکی دیکتـاتۆری هاوشێوەیان بەڵام بە ڕواڵەت چەپگەرا، دیکتـاتۆر بەرەو بە چۆکداهێنان دەبـا. ئیستا و لەو هەلومەرجەدا کە فشارە دەرەکییەکان تەنگیان بە سەرکردەکانی ڕێژیم هەڵچنیوە، کـاتی ئەوەیە کە خوازیـارانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ئێراندا بە بەرنامە و پلانی گونجاو بۆ وەڕێخستنی خەباتێکی گشتگیر و بە پشتیوانی و یارمەتیدانی دامەزراوە و ڕێکخراوە سێنفی و مەدەنییەکـان ڕێخۆشکەر بن بـۆ وەڕێخسـتنی خەبـاتێکی جەمـاوەری بە مەبەسـتی بەهێزکردنی فشـاری نێوخـۆیی و یەکلاکـردنەوەی چارەنووسـی دەسـەڵاتێک کە جگە لە زوڵـم و بێـدادی هیچی بـۆ خەڵـک نەکـردوە. ئەمە دەتوانێ ڕێگەیەک بێ بۆ کۆتایی هێنان بە تەمەنێک دەسەڵاتداری دیکتاتۆری و گەیشتن بە ئازادی.

(لە ژمارەی ٧٤٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)



سەرچاوە
Serchawe

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٩

---------------------------------------

## کۆماری ئیسلامی چی بە دەستەوە ماوە؟

١٨ی بانەمەڕ ساڵێک بەسەر کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی بەرجام کە بەرهەمی ٣ ساڵ کار و کۆبوونەوەی هەیئەتە جیاوازەکان و وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ٥+١ بوو و لە پووشپەڕی ١٣٩٤ ئیمزا کرابوو تێپەڕی. دەوڵەتی دۆناڵد ترامپ لە واشینگتۆنەوە هەڕەشەکانی لە دژی ئێران خستە بواری جێبەجێکردن و یەک لە دوای یەک تەحریمی وەک سزادانی ئێران بە گوێنەدان بە داخوازەکانی لەسەر بەشە جۆراوجۆرەکانی ئابووریی ئێراندا سەپاند. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کۆماری ئیسلامیش بە بەردەوامی هەڕەشەی تۆڵەستاندنەوەی دەکرد. دوای تێپەڕینی یەک ساڵ، ئەمریکا سپای پاسدارانی وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناساند و سزای بەسەر ئەو ناوەندە سەربازی، ئەمنیەتی و ئابوورییەی کۆماری ئیسلامیشدا سەپاند. هەروەها بە مەبەستی وشککردنی داهاتی نەوتی ئێران، هەڕەشەی سزادانی هەموو ئەو وڵات و کۆمپانیانەی کرد لە ئەگەری درێژەدان بە مامەڵەی کڕینی نەوت لە ئێران.

لە بەرامبەردا کۆماری ئیسلامی کە سەرەتا وای نیشان دەدا کە سزا و تەحریمەکانی ئەمریکا کاریگەرییان لەسەر ئێران نابێ، کەوتەخۆ و بە پێهەڵاگوتن بە توانایییەکانی سپای پاسداران هەڕەشەی داخستنی گەرووی هۆرموزی کرد بە مەبەستی پێشگرتن لە بەڕێکردنی نەوتی وڵاتانی خەلیج. هەڕەشەیەک کە کەس بە جیددیی نەگرت و نەیتوانی بیکا بە فشارێک لەسەر ئەمریکا. جگە لەوانەش گلەییکردن لە ئورووپا و هاواربردنە بەر پۆتین و کەوتنەخۆ لە سەفەرە دیپلۆماسییەکانی وەزیری دەرەوەش دادی نەدا و ئەوجارەش نە ڕووسیە و نە ئورووپا نەک نەچوونە پشتی، بەڵکوو بەگوێی ئێرانیان دادا کە پێویستیە وادە و بەڵێنی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکانی لەیاد بێ!

هەموو ئەم شتانە لە هەلومەرجێکدا هاتنە بەر باس کە ئەمریکا گەلەپاپۆڕە زەبەلاحە فڕۆکەهەڵگرەکانی خۆی بەرەو کەنداو وەڕێ خستبوو و بە ئاشکرا بە ئێرانی گوت ئەگەر هەڵەیەک بکەی لەگەڵ ئەو هێزە بەرەوڕوو دەبیتەوە. بەمجۆرە لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا هەتا ئێستاش باس لەوە دەکا کە بە نیازی شەڕ نییە و دەیەوێ کۆماری ئیسلامی بکێشێتە سەر مێزی وتوویژ، بەڵام درێژەکێشانی ئەو دۆخە لەوانەیە ئەو دوو لایەنە پەلکێشی شەڕ بکا. کۆماری ئیسلامی کە لە هەموو دەرکەیەکی دا هەتا یار و پشتیوانێک بۆ خۆی ببینێتەوە ئێستا لە بەرامبەر بەرژەوەندیخوازیی ئەو وڵاتانەی وەک ڕووسیە

کە بە هەوانتە ملی بۆ ڕاکێشابوون و بە دۆستی خۆی دەزانین لە لایەک و، زیادبوونی فشارەکانی ئەمریکا لەولاوە بێدەرەتان و بەتەنیا ماوەتەوە. هەروەها باش دەزانێ لە گەمەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ویَنزۆئێلا و کورەی باکوور و سووریە ناتوانن هیچ یارمەتییەکی بدەن و ئیستا خۆیان ماونەتەوە و گرووپە میلیشیا چەکدارەکانی شیعەی دروستکراوی خۆیان لە وڵاتانی دەورووبەر، جا چ لە یەمەن بێ یا لە لوبنان، سووریە و عێراق یا پاکستان و ئەفغانستان. بەڵام تۆ بڵێی شەڕی ئەمریکا کە لە قەراغ سنوورە ئاوییەکانی ئێران لە کەنداوی فارس بە وردی چاوەدێری جمووجۆڵەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەن بەم گرووپانە بکرێ و ڕێبەرانی نیزامیش پاڵی لێ بدەنەوە و سەیری ئەو یارییە ئاگرینەبکەن؟

ئەوەی جێی سەرنجە، لەگەڵ پێداگریی ئەمریکا لەسەر ئەوەی کە مەبەستیان لەو کارانەیان لەلایەک زیادکردنی فشارەکانە بۆ سەر کۆماری ئیسلامی هەتا مل بۆ وتوویژ ڕابکێشن و کۆکردنەوەی هێزەکانیشیان بۆ بەرگری لە کردەوەی خراپەکارانەی ئێرانە و هەتا ئیستا چەند جارێک ئاغای ترامپ و وەزیرەکانی ڕایانگەیاندوە کە مەبەستیان هێرشکردنە سەر ئێران نییە، ڕێبەرانی نیزامیش هەر ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئەمریکا شەڕ لەگەڵ ئێران ناکا و تەنیا دەیەوێ فشارەکان لەسەر ئەوان زیاد بکا. دیارە ئەگەر ئەم قسەی هەردوولا وەک یەک دەچن کە ئەمریکا هێرش ناکاتە سەر ئێران، بەڵام بە دڵنیاییەوە مەبەستەکانیان لەم دەربڕینە هاوشێوە جیاوازە. دەوڵەتی ئەمریکا کە بە ئاشکرا و بە کۆکردنەوەی ئەو هێزە زەبەلاحە کە تەنیا دەتوانێ بۆ شەڕێکی یەکلاکەرەوە پێویست بێ هەلومەرجێکی ئامادە بۆ شەڕی خوڵقاندوە کە پێویستیی بە ئامادەکردنی بیروڕای گشتییە لەنێو خەڵکی ئەمریکا و کەمکردنەوەی حەساسییەتی دژبەرەکانی لە نێوخۆی وڵات و هەروەها ئارام ڕاگرتنی وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و کاتی دەوێ بۆ هاوڕاکردنی وڵاتانی دیکە لەگەڵ سیاسەتەکانی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا. بەڵام ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە دەستیان لە دنیا بڕاوە، لە دووپات کردنەوەی ئەم قسەیە کە ئەمریکا شەڕیان لەگەڵ ناکا مەبەستی جیاوازیان هەیە. ئەوان باش دەزانن کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا و پاش هاتنە سەرکاری دۆناڵد ترامپ لە ئەمریکا پێ بە پێی سیاسەتە هێرشبەرانەکانی ئەمریکا مەجبوور بوون لە زۆر لە سەنگەرەکانی پێشوویان کە وەک ئیمپراتۆرییەک شانازییان پێوە دەکرد بکشێنەوە. لێدانی پەیتا پەیتای هێزەکانی سپای پاسداران لە سووریە لە لایەن ئیسرائیلەوە و لە نێوچوونی دەیان پێگەی سەربازی و هەزاران کوژراو و بریندار لە هێزەکانی سپای پاسداران، کشانەوەی بە زۆرەملی هێزەکانی حووسی لە یەمەن و دەسبەرداربوون لە بەشێک لە سیاسەتەکانیان لە عێراق کە وەک کارتی فشار بەکاریان دەهێنا، بەشێکی بچووک لەو شکستانەن کە بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی بوونەتەوە. شکست گەلێک کە لە چاوی هێزەکانی سپای پاسداران بە دوور نییە و دەزانن کە ئەم شکست و پاشەکشانە چ کاریگەرییەکی خراپی لە سەر توانا و ورە و باوەڕ بە شەڕی ئەوان داناوە. قۆستنەوەی تویتێکی ترامپ کە دەنووسێ "نایەوێ شەڕ لەگەڵ ئێران بکا" تەنانەت لەلایەن عەلی خامنەییەوە و دووپات کردنەوەی ئەو قسە نە تەنیا نیشانەی بەهێزیی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو ئەو ڕاستییە دەردەخا کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە باشی هەست بە

نەبوونی توانایی بەرەنگاربوونەوەیەکی نیزامی دەکەن و بەم جۆرە دەیانەوێ دڵخۆشیی هێزەکانیان بدەنەوە کە مەترسن شەڕ ڕوو نادا!

لە دوایین گۆڕانکارییەکانی ئەم کێشە سیاسییە و بە دوای تەقینەوەی مووشەکێکی کاتیۆشا لە نزیک سەفارەتی ئەمریکا لە بەغدا و پەیامی تویتێری تڕامپ کە دەڵێ "ئەگەر ئێران بە دوای شەڕەوەیە ئەمە بەڕەسمی کۆتایی ئێران دەبێ. جارێکی دیکە هەرگیز هەڕەشە لە ئەمریکا مەکەن"، هەڵوێستی جێرمی هانت، وەزیری دەرەوەی بریتانیا کە ماوەیەکە هەڵوێستەکانیان لە بۆچوونی ئەمریکاییەکان نزیک بۆتەوە جێگەی سەرنج بوو کە دەڵێ، بە ئێرانییەکان دەڵێم کە ئەمریکا بە تەمای شەڕ نییە بەڵام ئەوانیش ئیرادەی ئەمریکا لە مەحەک نەدەن. ئەمەش ئەوە دەردەخا کە سەرەڕای باسکردن لە وتووێژ ڕوودانی شەڕ بە دوور نابیندرێ. بەڵام پەیامی تویتریی جەواد زەریف لە هەمووان سەرنج ڕاکێشترە و وەک ئەوە دەچێ کە نەزانێ لە درێژەی مێژووی ئێراندا بە هۆی ناکارامەیی دەسەڵاتدارانی ئێران چ بەڵاهایەک بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتەدا هاتوە و چۆن نەزانی و خۆ بە زلزانی دەسەڵاتداران لە زۆربەی دەورە مێژوویییەکاندا و بە هۆی شەڕ و تێکشکانی لشکرەزەبەلاحەکانی ئێران، وڵاتەکەیانی بچووک و بچووکتر کردۆتەوە هەتا ئەو جێگەی کە بووەتە پشیلەیەک کە ئیستا بە باسکردن لە فێدرالیزم یا دابینکردنی مافی نەتەوەکان لە سەر و کلککردنی دەترسن. ئاغای زەریف ئەوەی لە بیر چۆتەوە کە نە تەنیا ئەسکەندەر و چەنگیز بەڵکوو عەرەب و ئەفغان و هەر کەسێک کە ڕۆژێک چاوی تەماحی لە سەریان بووە بە حاسانی بەشێک لەو خاکەی داگیر کردوە و بەشی خۆی لێ پچریوە. ئەو دەبێ لە بیری بێ کە ئیمام خومەینی کاتێ کە عێراق لەشکریانی ئیمامی زەمانیان تێک شکاند چۆن بۆ خۆدەربازکردن جامی ژەهری نۆش کرد، ئەدی ئەودەمی ئەم هەموو غیرەتە لە کوێ بوو؟ هەرچەند ئەو کە باس لە ئێرانی دەکا و داوا دەکا کە هەڕەشە لە هیچ ئێرانییەک مەکەن دەزانێ کە هەڕەشەکان ڕوویان لە خەڵکی ئێران نییە، بەڵکوو لە کۆمەڵێک دەسەڵاتداری مافیایی و دوور لە خەڵکە کە ماوەی چل ساڵە ئەوەی لە دەستیان هاتوە بۆ لە نێوبردنی ئەرزشە ئینسانییەکانی ئەو خەڵکە کردوویانە.

هەر بۆیە ئێستا ئەو خەڵکەی کە ئەوان باسی دەکەن نە بیر لە شەڕ دەکەنەوە نە لە وتووێژ. ئەوان بیر لە گۆڕانێک دەکەنەوە کە ئەو هەموو زۆردارییە چل ساڵەیان لەسەر کەم بکاتەوە. ئەگەر وتووێژ ڕێگەیەک بێ بۆ سازانێکی دیکەی نێودەوڵەتی کە نە تەنیا بەرژەوەندییە ئابووری و سەربازییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بپارێزێ بەڵکوو یارمەتی بە کورتکردنەوەی دەسەڵاتی ملهوڕانەی ئەو تاقمە لە دەسەڵاتدارانی ئیستای ئێران بدا و بە هۆی لاوازکردنی دەسەڵاتەوە داواکارییە بنەڕەتییەکانی تێکڕای دانیشتووانی ئەو وڵاتە دابین بکرێ، بێگومان لەلایەن خەڵکی ئێرانەوە پێشوازیی لێ دەکرێ. وە ئەگەر بەپێی سیاسەتی هەمیشەیی دەسەڵاتدارانیش بێ و شەڕ هەڵایسێ، گۆمان لەوەدا نییە کە خەڵک لە بەرەی کۆماری ئیسلامیدا نابن و بە پێچەوانە دەبن بە بەشێک لە هێزی ڕزگاریدەر لە چنگ زوڵم و زۆرداری باندە مافیاییەکانی کۆماری ئیسلامی. حیزبی ئێمە و خەڵکی کوردستانیش کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا و بە پێی پیلانی دژە



سەرچاوە
Serchawe

مرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی لە ژێر هەڕەشەی لە نێوچووندا بووە، قەت شەڕخواز نەبووە و شەڕی بە نیعمەتی ئیلاهی نەزانیوە. بەڵام لەوە دوودڵ نییە کە ئەگەر شەڕێک ڕوو بدا هۆکاری سازبوونەکەی ملهوڕی و زێدەخوازیی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییە و ئەو گەلەی چوار دەیەی تەواو بۆ پاراستنی خۆی و گەیشتن بە ئامانجەکانی خەباتی کردوە و قوربانی داوە نابێتە لشکری پارێزەری ئەو ڕێژیمە و ئەگەر مل بۆ داواکارییەکانی ڕانەکێشێ یارمەتیدەر دەبێ بۆ لە نێوچوونی و ڕێگە خۆشکەر دەبێ بۆ گۆڕانکارییەک کە ژیانێکی ئازاد و دێموکراتیک بۆ هەموو گەلانی ئێران دابین بکرێ و مافە ڕەوا نەتەوەییەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش تێیدا دەستەبەر بکرێن.

ئێستا ئیتر بە ڕوونی دیارە کە کۆماری ئیسلامی نە پشتیوانیی خەڵکی شەهادەتخوازی! ماوە و نە دۆست و نە ئیمکاناتی وەڕێخستنی شەڕێک کە بە تەنیا دەبێ ڕووبەڕووی هێزی گەورەترین لشکرەکانی وڵاتانی دوور و نزیک ببێتەوە. تەنیا شتێک کە بە دەستییەوە ماوە کە ناتوانێ دڵ بەویش خۆش بکا، بوونی ئەو چەند گرووپە تێرۆریستییەیە کە سپای قودس ڕێبەرییان دەکا، هەرچەند پێ ناچێ هەلومەرجی سیاسیی ناوچە مەجالی جموجۆڵێکی ئەوتۆ بەوانیش بدا. هەر بۆیە ئەگەر خۆی لە قەرەی شەڕێکی کاتی و کورت ماوەش بدا ئەوە یا سەری خۆی لەسەر دادەنێ یا ناچار دەبێ مل بۆ داخوازییەکانی ئەمریکا بۆ وتوویژ ڕابکێشێ و نەرمشە قارەمانانەکانیان دووبارە بکەنەوە. ئەگەرچی لەو دۆخە نالەبارەی نێوخۆی وڵات و پەرەگرتنی بەردەوامی ناڕەزایەتییەکان، ئەمەش ناتوانێ ڕێگەیەک بێ بۆ ڕزگاربوونیان لە چنگ قەیرانە نێوخۆییەکان و درێژەدانی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەیان.

(لە ژمارەی ٧٥٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٩

## ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە ئەگەری شەڕ یا وتوویژدا

بەردەوامیی هەڕەشەکانی ئەمریکا و درێژەی تەحریمەکان و فشاری دیپلۆماسیی زیاتر بۆ سەر ئێران، هەتا ئێستاش تۆپی یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی لە مەیدانی ئێراندا ڕاگرتوە. بەمجۆرە کۆماری ئیسلامی لە سەر دووڕێیانی شەڕ یا وتوویژدا ماوەتەوە و چاوەڕوانی هەر گۆڕانکارییەکە لە ئەمریکا یا لە ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا کە لەو دۆخە ڕزگاری بکا. گۆڕانکارییەکانی مانگەکانی ڕابردوو بۆ کۆماری ئیسلامی دڵخۆشکەر نەبوون. ئەگەرچی دۆناڵد ترامپ لە ژێستێکی دیپلۆماسیدا نەرمییەکی بەرامبەر بە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نواند، بەڵام سیاسەتی کۆشکی سپی بۆ بەکارهێنانی هەرچی

زیاتری فشار بۆ سەر ئێران لە قسە و کارەکانی وەزیری دەرەوە و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکادا گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتوە. هەرچەند ئەمە وەک جیاوازیی بۆچوونی ئەوان لەگەڵ سەرۆککۆمار باس دەکرێ، بەڵام دەکرێ تاکتیکێک بێ لە سیاسەتی ئاشکرایاندا. هەوڵەکانی وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە بۆ ڕازیکردنی هاوبەشە ئورووپاییەکانیان بۆ فشار خستنەسەر ئێران، چەند کۆبوونەوەی ڕێبەرانی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی لە عەرەبستانی سعوودی و داواکارییان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ فشارخستنە سەر ئێران بو کورتکردنەوەی دەستی ئێران لە دەستێوەردان و بڵاوکردنەوەی نائەمنی لە وڵاتانی ناوچە و زۆر هەنگاوی دیکە کۆماری ئیسلامی ئێرانی تووشی تەنگەژەیەکی زۆر گەورە کردۆتەوە. لەو لاشەوە کۆماری ئیسلامی بۆ خۆدەربازکردن لەو هەلومەرجە سەختەی تووشی هاتوە لە پاڵ هەڕەشەی بەرەنگاربوونەوە، لە هەموو دەرگەیەک دەدا هەتا جارێ لە ئاگری شەڕ بەدوور بێ. ئەوەی دیارە ڕەنگبێ شەڕ بژاردەیەک بێ و هەر سەرشێتییەک بتوانێ ئاگرەکەی هەڵایسێنێ بەڵام هەتا ئێستاش نەبووەتە تەنیا بژاردەی بەردەم هەر دوو لای کێشەکە.

جگە لە شەڕ کە نیگەرانییەکی زۆری لای دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندەکانیان لە ناوچەدا دروست کردوە، وتوویژ باسی سەرەکی بە یەک گەیشتنی ئەم دوو جەمسەرەی کێشەکەیە. کارێک کە لەگەڵ نەرمی نواندنەکانی ئەم چەند ڕۆژەی بەرپرسانی ئەمریکا، بە هۆی قسە دژ بە یەکەکانی دەمڕاستەکانی ڕێژیمی ئێران، هەموو لایەکی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە بە هۆی پێبەندنەبوونی کۆماری ئیسلامی بە بەڵێنەکانی بەرامبەر بە کۆمەڵگەی جیهانی و بەردەوامی لە پەرەپێدانی پیشەسازی نیزامی و پاڵپشتی گرووپە تێرۆریستییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵات و وڵاتانی دووردەست و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە و نائەمن کردنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ملنەدانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە داواکاری و چاوەڕوانی وڵاتانی دیکە کەمێک ئەستەمە. لەگەڵ ئەوەش زیادبوونی فشارەکانی سەر ئێران بە تایبەت بە هۆی تەحریمەکانی ئەمریکا لەسەر ئابووریی ئەو وڵاتە، هیوایەکی بۆ سەربەردانەوەی کۆماری ئیسلامی و قبووڵ کردنی هەلومەرجی پێکهێنانی وتوویژ هێشتۆتەوە. هەرچۆنێک بێ قۆناغی شەڕ یا ئاشتی لەنێوان سیاسەتی ئەم دوولایەنە و هاتنە نێو کایەی وڵاتانی دۆست و هاوپیمانی هەردوولا بە لایەکدا دەکەوێ. قۆناغێک کە ئەگەر بەرەو هەڵایسانی شەڕ بڕوا خەڵک دەبێتە سووتمانی کاولکارییەکانی و ئەگەر نا دەتوانێ بەبێ بەشداری خەڵکی زوڵم لێکراوی ئێران و بە بێ لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەوان تێپەڕێندرێ.

لێرەدا ئەوەی گرینگە ئەوە نییە کە داخۆ کۆماری ئیسلامی چۆن دەتوانی دیسانیش دنیا فریو بدا و بە قبووڵکردنی ڕێککەوتنێکی داسەپێندراوی دیکەی وەک بەرجام هەلومەرجی درێژەپێدانی تەمەنی پڕ لە جینایەتی خۆی بە دەست بێنێتەوە، بەڵکوو خەڵک و چارەنووسی ئەوان لە نێو مامڵەیەکی ئاوا گەورەی نێودەوڵەتیدایە کە دەبێ گرینگیی پێ بدرێ. خەڵکێک کە چل ساڵە بە هەموو شێوەیەک لەلایەن ڕێژیمێکەوە دەچەوسێندرێتەوە کە تەنانەت خەڵکی ناوچە و دنیایشی وە

زاڵە هێنـاوە. لە هەمـوو سـاڵانی دەسـەڵاتداری کۆمـاری ئیسـلامیدا سـەرەڕای گـوێنەدان بە داواکارییەکـانی خەڵـک و بێبەشکردنیان لە هەرچەشـنە مـافێکی ئینسـانی و سـەرکوتی بێبەزەییـانەی ئـازادیخوازان و گەلانـی بندەست لە ئێرانـدا، ڕۆژبەڕۆژ ناڕەزایەتیی لە دژی دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە پەرەی سەندوە و بە بەردەوامی ڕووبەڕووی دەربڕینـی ناڕەزایەتییەکـانی خەڵک بۆتەوە. خەڵکی ئێران هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبوون لە دەرەوەڕا لە جیاتی ئەوان دژایەتیی حکوومەت بکرێ، بـۆ خۆیـان و بەدەستی بەتـاڵ بەڵام بە وزە و ئیرادەی بەهێزەوە لە مەیدانی جۆراوجۆردا ڕێژیمیـان بە چـالش کێشـاوە و دەنگی نـاڕەزایەتیی خۆیـان گەیانـدۆتە گـوێی هەمـوو جیهـان. ئەو ڕاستییەی کە تەنیـا خەڵکـی ئێـرانە کە دەتـوانێ بڕیـار لە چارەنووسی خۆی بدا و ئەوانن کە دەیانەوێ و دەتوانن کاریگەرییـان لەسەر گۆڕانکارییەکـان بە قـازانجی داهاتوویـان هەبـێ هەر لە جێی خۆیەتی. هەرچەنـد پـاڵپشتی و هـاوخەمیی کـۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە ئیستا بە تەواوی ڕاستییەکانی شێوەی دەسەڵاتداری و ئـامانجەکـانی کۆمـاری ئیسـلامییان بـۆ دەرکەوتـوە دەتـوانی یـارمەتیـدەر بـێ بـۆ گۆڕانکارییەکـان بە قـازانجی خەڵک و ناوچە.

لێرەدایە کە ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی وەک هۆکاریی پێوەندی نێوان خەڵک و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەو وڵاتـانەی کە کاریگەرییـان لەسـەر شێوەی گۆڕانکارییەکـان لە ئێرانـدا هەیە، ئەرکەکـانی بەرجەسـتە دەبـنەوە و چـاوەڕوانیی خەڵـک لە هەوڵدان بۆ ڕێکخستن و بەدەستهێنانی ئەو پشتیوانییە بۆ جێبەجێکردنی گۆڕانکارییەکان زیاتر دەبێ. هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەم هەلـومەرجەدا بە دوور لە چـۆنیەتیی ڕوانینـی تـاک لایەنە و بیرکردنەوەیـان لە گەیشـتن بە دەسـەڵات، بـۆ ئەوەی پشتیوانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بەدەست بێنن دەبێ هەوڵ بدەن لەسەر کۆمەڵێک پرەنسیپی گشتی و پێش هەموو شتێک ماف و ئازادییەکانی هەموو دانیشتووانی ئێران بە کەمینە نەتەوەییەکانیشەوە ساغ ببنەوە و بە پێی بەرنامەیەکی تەوافوقی پێشـوەخت هەنگـاوی یەکگرتووانەیـان بکەنە هەوێنـی یەکبوونیـان بـۆ ڕووبەڕووبـوونەیەکی گشتی لە دژی کۆمـاری ئیسلامی. هەروەها لە کاتێکـدا کۆمـاری ئیسلامی کەوتـۆتە ژێـر فشـاری ئەمریکـا و هـاوپەیمانەکـانی، ئۆپۆزیسیۆن دەبێ هەوڵ بـدا لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتـانی دەرەوەدا دنیـا بێنێتە سەر خەت کە بە دوور لە شەڕ و لە ئەگەری هەر مـامڵەیەک کە یـارمەتی بە درێژکردنەوەی مـاوەی دەسەڵاتداری کاربەدەستـانی ئیسـتای ئێـران بـدا، نە تەنیـا خزمەت بە خەڵکـی ئێـران نـاکەن بەڵکوو فرسـەت پێـدانێکی دیـکەیە بە زینـدووبوونەوەی ڕێژیمێکـی لاواز و بەرەو لە نێوچـوو کە لە داهـاتوودا هەمـان سیاسـەتی تێرۆریست پەروەری و نـائەمن کردنـی نـاوچە و جیهـان بگـرێتەوە بەر. لەو نێـوەدا حیزبەکـانی کوردسـتانی ئێـران ئەرکـی گرینگیـان لە بەر دەستە. بێگومـان یەکبـوون و یەکرێـزی ئەوان و گرینگیـدان بە بەرژەوەنـدییە گشـتییەکان بـۆ گەیشـتن بە ئـامـانجی لە مێـژینەی خەڵکـی کوردسـتان کە دابینکردنـی مـافی نەتەوەییـانە دەتـوانێ یـارمەتیـدەربێ بـۆ تێپەڕانـدنی ئەم قۆناغە تایبەتە لە خەباتمان.

(لە ژمارەی ٧٥١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوونی ٢٠١٩

----------------------------------------

## دیپلۆماسیی ئێران لەو ماوەیەدا چ دەسکەوتێکی هەبووە؟

لە یەک ساڵی ڕابردوودا پێ بە پێی زۆرتربوونی فشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، دەزگای دیپلۆماتیکی ئێران بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم دەورە لە سیاسەتەکانی ئەمریکا جموجۆڵێکی زیاتری لە خۆی نیشان دا. ئەوەی ئاشکرایە دەوڵەتی ئێستای ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترامپ لە پاش کشانەوەی لە ڕێککەوتننامەی بەرجام بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکانی نیزیکتر بۆتەوە. ئەوەی ئەوان بە دوایەوە بوون لاوازکردنی ئابووریی ئێران و وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە بواری ناردنە دەرەوەی نەوتدا بوو. ئێستا مەبەستی ئەوان لە وەگەڕخستنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان بە تایبەت لەسەر کەرتی ناردنە دەرەوەی نەوت گەیشتووەتە ئامانجی خۆی و کۆماری ئیسلامی لەو داهاتە زۆرەی کە گۆمان لەوەدا نەبوو کە بەشی زۆری بۆ پشتگیریی کارە تێرۆریستییەکانیان لە دەرەوەی وڵات بە کار دەبرا بێبەش بووە. لەگەڵ ئەوەی لە یەک ساڵی ڕابردوودا ئەم گەمارۆیانە لەسەر خراپتر بوونی ژیانی خەڵکی ئێران بە ئاشکرا کاریگەریی قووڵی داناوە، بەڵام هەتا ئێستاش سەرانی کۆماری ئیسلامی، بێمنەت لە ژیان و داهاتووی ئەو خەڵکە باس لە کێشەکانی نێوان خۆیان و ئەمریکا دەکەن. ئەوان کە هەرگیز بیریان لە وەزعی نێوخۆ و خەڵکی ئێران نەکردووەتەوە تەنیا چاویان لە دەرەوەی وڵاتە کە کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەن.

ساڵێک لەمەوبەر و لەگەڵ کشانەوەی ئەمریکا، سەرانی کۆماری ئیسلامی کە هەمیشە بە تواناکانی سپای پاسداران و میلیشیاکانی دەسکردی خۆیان لە وڵاتانی دەوروبەریان دەنازن و، تازە هەستیان کردبوو کە خۆیان تووشی چ کێشەیەکی گەورە کردووەتەوە بە پەلە دەزگای دیپلۆماسیی خۆیان وەڕێ خست تا بتوانن پێشی ئەو کارەساتە چاوەڕوانکراوە بگرن کە پێشبینی دەکرا بە توندی بەرۆکیان بگرێ. ئەویش لە ڕێگەی پەنابردن بۆ ڕووسیە و دەوڵەتە ئورووپاییەکان، بە تایبەت ئەو دەوڵەتانەی کە لە وتووێژەکانی بە ئەنجام گەیاندنی بەرجامدا دەوری کاریگەریان هەبوو لە هاوڕایی کردنی دەوڵەتی ئەو کاتی ئەمریکا بۆ ناچارکردنی ئێران بە قبووڵکردنی ڕێککەوتننامەکە. ئەویش نە تەنیا لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوە بەڵکوو تەنانەت نوێنەرە تایبەتەکانی ڕێبەریش بەرەو ڕووسییە و وڵاتانی دوور و نیزیک بەڕێ کران. بەڵام لێکدانەوەکانی خامنەیی و هاوبیرانی لە هەڵسەنگاندنی هاوکێشە سیاسییەکانی دنیا و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەو وڵاتانە، بە زوویی

هەڵە و سەرلێشێواویی خۆی دەرخست. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە خۆیان وەک قوتبێک دەدی لە هاوکێشە جیهانییەکاندا و بە هۆی ئیمتیازە زۆر و زەوەندەکانی پێشوو بە هێندێک لەو وڵاتانە، باوەڕیان بە پەلکێش کردنیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکا هێنابوو نەیاندەزانی کە پێوەندییە ستراتێژییە ئابوورییەکانی وڵاتانی زلهێزی دیکە لەگەڵ ئەمریکا و تواناییەکانی لە ئاستێکدا نییە کە هەڕەشە و تەماح وەبەرنان و هەڕاجکردنی سەرمایەی ئێران بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی سیاسیی ئەوان، ناتوانێ کاریگەریی جیدی لەسەر ئەو پێوەندییانە دابنێ. هەربۆیە لەگەڵ هەموو جیاوازیی بۆچوونەکانی ئورووپا لەگەڵ دەوڵەتی ترامپ لەسەر مەسەلەی ناوکیی ئێران، دیتمان ئەو وڵاتانە نەکەوتنە بەرەی ئێران لە دژی ئەمریکا و هەتا ئێستاش ڕوویان لە کۆماری ئیسلامییە کە کێشەکان گەورەتر نەکاتەوە.

کۆماری ئیسلامی کە ئێستا هەست دەکا هەموو دەرگایەکی لێ داخراوە و نیگەرانە لە درێژەکێشانی ئەو بارودۆخە و زیادبوونی فشارەکان و کەڵەکەبوونی زۆرتری قەیرانەکان، ئەو جار ڕووی لە دیپلۆماسیی شەڕ کردوە و دەیەوێ لە لایەک بە تێکدانی هێمنیی کەنداو و دروستکردنی مەترسی لەسەر هاتوچۆی کەشتییە بارهەڵگرەکان، ترسی دروستبوونی شەڕ لە بەرچاوی دنیادا گەورە بکاتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە بە پرۆپاگەندە لەسەر دەستپێکردنەوەی چالاکییە ناوەکییەکانی، فشار بخاتە سەر وڵاتانی ئورووپایی. لەوانەیە ئێستا ئیتر بۆ خۆیشیان ڕوون نەبێ لەو سەرلێشێواوییەدا بە دوای چیدا دەڕۆن و ئەم هەنگاوانە چ ئاکامێکی دەبێ. ئەوان بەم جۆرە دەیانەوێ ئەو وڵاتانە لەسەر مێزێک دابنێن کە ئەمریکا لە بەرامبەریاندا دانیشتبێ بۆ وڵامدانەوە نەک کۆماری ئیسلامی. بەڵام ئەوەی ڕوون و لە بەرچاوە ئەوەیە کە ئەگەر ساڵێک لەمەوبەر و بە دوای ڕاگەیاندنی کشانەوەی لە ڕێککەوتننامەی ناوەکی زۆر لە وڵاتان ڕەخنەیان لە ئەمریکا گرت و بەوەش مەیدانێک بۆ خۆ بە مەزڵووم نیشاندانی کۆماری ئیسلامی و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی کرایەوە، ئێستا مەیدانەکە گواستراوەتە بۆ تاران و ئەو ماوە ئەوە نێردەی وڵاتانی وەک ئاڵمان و بەم دواییانەدا ژاپۆن و ئەوجار ئاڵمان و فەڕانسە بە یەکەوە بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە مەترسییەکانی لاسارییەکانیان دەچنە تاران. پەیامی ئەوان و زۆربەی ڕێبەرانی وڵاتە کاریگەرەکان بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران ئەوەیە کە هەوڵ بدەن کێشەکان گەورەتر نەکەنەوە و لەو ئاستەدا پێبەند بن بە بەڵێنەکانی پێشوو کە نەبنە سەرچاوەی ئاڵۆزکردنی زیاتری دۆخەکە. جگە لە وڵاتانی ئورووپایی تەنانەت وەزیری دەرەوەی چین کە ئێران کیسەی گەورەی بۆ پشتیوانییەکانی هەڵدروو بوو ئامۆژگارییان دەکا کە بە ئیحتیاتەوە هەنگاو هەڵێننەوە.

ئێستا ئیتر دوای ئەوەی پەیتاپەیتا دووبارەی دەکەنەوە کە دەبێ لایەنە ئورووپاییەکان لەو فورسەتە کە ماوە کەلک وەرگرن بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان، بە تەواوی دەرکەوتووە کە دیپلۆماسیی ئێران لەو کێبەرکێیەدا بە تەواوی تووشی شکست هاتووە و جێگەیەک نەماوە کە ئەوان پەنایان بۆ نەبردبێ و دووبارە ڕووی لێبنێنەوە بەڵکوو بیکەنە پاڵپشتی خۆیان

بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان. لەو لاشەوە ئەوە دیپلۆماسیی ئەمریکایە کە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو مەبەستەکانی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هاودەنگی لە نێوان هاوپەیمانەکانیدا نیزیک دەبێتەوە. وەک دیتمان لە دوای هێرش بۆ سەر پاپۆڕە بارهەڵگرەکان و تۆمەتبارکردنی کۆماری ئیسلامی لە لایەن ئەمریکاوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە هەر زوو بریتانیا و دواتر ئاڵمان بە جۆرێک کەوتنە پاڵ ئەمریکا و خەتاکەیان خستە ملی ئێران. بەمجۆرە دەردەکەوێ کە ڕۆژبەڕۆژ نرخی تەسلیمبوونی ئێران دەچێتە سەرێ و ئیمکانی هەڵایسانی شەڕیش زیادتر دەبێ. ئاکامی بەردەوامی لە سیاسەتێکی شکست خواردوو کە بە هەر لایەکدا بکەوێ نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەگەر بە سەر پێشەوە بمێنێ تووشی زیانی گەورە دەکا. هەر بۆیە خەڵک و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی پێویستە بە ئامادەیی تەواوەوە ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکانی داهاتوو ببنەوە و جێ پێی خۆیان لە هەر گۆڕانێکدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کە ڕزگاربوونیانە لە دەست چوار دەیە زوڵم و ستەمکاری قایم بکەن.

(لە ژمارەی ۷۵۲ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٩

-----------------------------------------------

## زەروورەتەکانی بەردەم ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دوای چل ساڵ خەباتی بەردەوام و خۆڕاگری لە بەرامبەر هێرش و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیدا، گەلانی ئێران بە تایبەت تێکۆشەرانی دەروەست بۆ گەیشتن بە ئازادی و پەرەگرتنی خەبات، لە هەوڵ و ماندووبوونیان ڕانەوەستاون و ڕێژیمیش بە هۆی سیاسەتەکانیەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لاوازی زیاتر ڕۆیشتوە. چوار دەیەی ڕابردوو بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەزموونێکی شکستخواردوو لە داڕشتن و درێژەی سیاسەتێک بووە کە چاوی بە ڕەچاوکردنی هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی هەڵنەهات و جگە لە سەرکوت و زەبر و زەنگ ڕێگەیەکی لەبەر دەم خۆیدا نەدی. ڕێژیمێک کە بە مەبەستی یەکدەست کردنی کۆمەڵگە و لە

قاڵبدانی بیر و زەینی خەڵکی ئێران پەنای بردە بەر هەموو شێوازێکی فریودەرانە و خەڵک خەڵەتاندن، ئێستا زیاتر لە هەمووکات ڕووبەڕووی نارەزایەتیی ئەو خەڵکە لە دەسەڵاتداران و تەواوەتی ڕێژیمەکەیان بوونەتەوە و دەبیندرێ ڕێگەچارەیەک بۆ دامرکاندنەوەی ڕق و بێزاری خەڵک، لەبەردەم دەسەڵاتدارانی ڕێژیمدا نەماوەتەوە. قەیرانە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئەمنییەتییەکان لە نێوخۆی وڵات بوونەتە سەرچاوەی کێشەیەکی قووڵ لە نێو خەڵک و دەسەڵاتدا و، قەیرانی دیپلۆماسی و فشارە سیاسییەکانی دەرەوەش لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بە تایبەت ئەمریکاوە، کۆماری ئیسلامییان بەرەو هەڵدێری نەمان یا مل پێکەچکردن بردووە. بەمجۆرە ئێران بەرەو گۆڕانکارییەکی بێ ئەملاو ئەولا بەرەوپێش هەنگاو دەنێ و خەڵکیش لە چاوەڕوانی ئەم گۆڕانکارییانەدا بیر لە داهاتووی خۆیان دەکەنەوە.

لەم نێوەدا خەڵکی کوردستان وەک یەکێک لە بێبەشکراوترین ناوچەکانی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، کە لەو چل ساڵەدا زۆرترین فشاری سیاسی، ئەمنییەتی و ئابووریی لە لایەن ڕێژیمەوە لەسەر بووە، زۆرترین چاوەڕوانی و ئامادەیی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ لە ئەگەری هەر گۆڕانێکدا دەوری خۆی بگێڕێ و بەرەو گەیشتن بە ئازادی و وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی زەرووڕەتەکانی بەردەم ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سوارچاکی مەیدانی خەبات بێ. تێکۆشانی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە لەو ماوە دوورودرێژەدا لە هەموو بوارەکانی خەباتدا، چ لە شاخ و خەباتی پێشمەرگانە و چ لە نێوخۆی وڵات و بە خەباتی سیاسی و مەدەنی ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە کورد بۆ ڕۆژێکیش لە خەبات نەوەستاوە و بەردەوام لە بەرەوپێش چوون بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانیدا بووە. یەکێک لە جیاوازییەکانی خەبات لە کوردستان و بەربەرەکانی بەردەوام لەگەڵ ڕێژیم، بوون و لە مەیداندا مانەوەی حیزب و ڕێکخراوگەلێک بووە کە لە دانی بیر و ئیدەی خەباتگێڕانە بەو خەڵکە و ڕێکخستنیان بۆ بەردەوامی لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا دەروری کاریگەریان هەبووە کە لەو بەینەشدا حیزبی دیمۆکرات وەک حیزبێکی نەتەوەیی کە گەورەترین پێگەی جەماوەریی لە کوردستاندا هەیە، زۆرترین نەقشی لەو بەرەو پێشچوونەدا گێڕاوە. ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان هەتا ئێستاش چاویان لەو حیزبانە بێ کە بتوانن پێکەوە و بە هاوبەشی بیرێک لە داهاتووی کوردستان بکەنەوە.

ئێستا هەموو لێکدانەوەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە کۆماری ئیسلامی توانای چارەسەری کێشەکانی خەڵکی ئێرانی نەماوە و لە ژێر قورسترین فشارە سیاسی و ئابوورییەکاندایە و ڕۆژبەڕۆژ بەرەو لاوازی زیاتر دەڕوا و نارەزایەتییەکانی خەڵکیش ڕوو لە پەرەگرتن دەبێ. لەم ساتەوەختە گرینگەدا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ئەرک و چاوەڕوانی خەڵکی کوردستان دەبێ بە شێوەیەکی جیددیتر بیر لە خۆیان و پێوەندییەکانیان و ئێستا و داهاتووی کوردستان بکەنەوە. خەباتی کوردستان بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە و ئەزموونی ئەو هەموو ساڵە پێمان دەڵێن کە لێک دووربوون و کێبەرکێی حیزبی لە مەیدانی خەباتی نەتەوەییدا نە تەنیا هیچ قازانجێکی بە دواوە نەبووە بەڵکوو لە هێندێک هەلومەرجیشدا زیانی بە خەباتی

شۆڕشگێڕانەمان گەیاندوە. هەموو ئەو حیزبانە بە دوور لە خۆ بە زلزانی و بە دەرکی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەکەمان، وەک زەروورەتێک دەبێ بەو ڕابردووەدا بچنەوە و هۆکارەکانی ئەو لێک دووربوون و چەند بەرەییە لە سەر ڕێگەیان هەڵگرن. ڕێگەکەشی ئەوەیە کە، بە دارشتنی پلانێکی هاوبەش کە بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵکی کوردستانی تێدا ڕەچاو کرابێ، بیر لە دروست کردنی هاودەنگییەک لە نێو خەڵکی کوردستاندا بکەنەوە کە بتوانن یەکدەنگ ببنە پاڵپشتی هەر پرۆژەیەکی سیاسی بۆ چارەسەری و دابینکردنی مافەکانیان. جا ئەم پلان و بەرنامەدانانە چ لە ئەگەری پاشەکشەی ڕێژیم بەرامبەر ویستی کورددا بێ یا ئەگەری هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نێوخۆیی یا دەرەکی بێ بۆ کۆماری ئیسلامی.

ڕێککەوتنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دارشتن و ڕاگەیاندنی هەر پلان و بەرنامەیەکی هاوبەش جگە لەوەی کە دەتوانێ یارمەتی بە یەکریزی خەڵکی کوردستان بدا، دەتوانێ ببێتە ئادرێسێک بۆ هەر لایەنێک لە پێویستی دەبێ کورد لە ڕۆژهەڵات وەک بەشێک لە فاکتەرەکانی گۆڕان لە نێو موعادێلەکانی خۆیدا ببینێتەوە. ئەمە چ ڕێژیم یا ئۆپۆزیسیۆن یا لایەنە نێوخۆییەکانی کاریگەر لە گۆڕانکارییەکاندا بێ، یا خود لایەنی دەرەکی بێ کە لە بەردەوامی گوێ پێنەدانی ڕێژیم بە ویست و داخوازییەکانی کورد لە لایەن دەسەڵاتەوە بیەوێ کورد وەک شەریکە بەشێک لەو گۆڕانکارییانەدا ببینێتەوە. بێگومان ئەمە دەرفەتێکی باش دروست دەکا هەتا نوێنەرایەتیی لایەنە کوردییەکان ڕێگەی چوونە نێو بازنەی کایە دیپلۆماسییەکان ببینێتەوە و ببێتە بەشێک لەو پرۆژانەی کە بۆ هەر چەشنە گۆڕانێک بۆ داهاتووی ئێران دێتە کایەوە. کارێک کە هەتا ئێستا بە ئەنجام گەیاندنی لە لایەن هیچ حیزبێکەوە بە تەنیا مومکین نەبووە.

هەرچۆنێک بێ لە ئێرانی قەیراناوی ئێستادا و لە لاوازی و دەستەوەستانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمدا، چاوەڕوانی هاتنە پێشی هەر چەشنە گۆڕانێک دەبێ لە پێش چاوبێ. ئەمەش وا دەکا کە ئێستا زیاتر لە هەر کاتێک حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیر لە چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتن لەو دەرفەتانە بکەنەوە کە بە دڵنیاییەوە بۆیان دێتە پێش. لە کیسچوونی هەر دەرفەتێک بزووتنەوەی کورد تووشی خەسارێک دەکا کە لەو هەلومەرجە هەستیارەدا قەرەبووکردنەوەی حاسان نابێ. بۆیە دەبێ زیاتر لە هەر کاتێک سەرنج بدرێتە یەکگرتوویی و هاوخەباتی حیزبە خەباتگێڕ و دەروەستەکانی ڕۆژهەڵات لە پێناو کەڵکوەرگرتن لە هەلومەرجی ئێستا و داهاتوو لە پێناو گەشەپێدانی خەباتی خەڵکی کوردستان و گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

(لە ژمارەی ٧٥٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

-----------------------------------------

## بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بەرهەڵستەکانی

لە سەدەی ڕابردوودا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەردەوام و بە شێوازی جۆراوجۆر، بە یەکڕیزیی خەباتکارانی کورد ڕێگەی دژوار و درێژی تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەی کورد کە ڕزگاری لە چنگ ستەمی نەتەوەیی و وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیەتی بڕیوە. لەو ماوەدا ئەگەر خەڵکی کوردستان بە هەموو ویست و ئارەزوویانەوە پشتیوانیی بێدرێغیان لە بزووتنەوەکەیان و خەباتگێڕانی ڕێی ئازادی نەتەوەییان کردوە، دوژمنیش هەوڵی داوە بە هەموو شێوازێک و لە هەموو کەس و کەرەسەیەک بۆ دووبەرەکی نانەوە لەنێو ڕیزی ئەم بزووتنەوە ڕەوایەدا کەڵک وەربگرێ. ئەگەر لە دەیەکانی پێشووی سەردەمی دەستپێکردنی ئەم بزووتنەوەیەدا و بە هۆی زاڵبوونی سیستمی عەشیرەتی و دواکەوتوویی فکری، کولتووری و سیاسی کە نەخوێندەواری و نەبوونی پێوەندی لەگەڵ دنیای دەورووبەر هۆکاری سەرەکیی بوون، ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ بەگژیەکدا کردنی کورد و بەستنی ڕێگەی بەربڵاوکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ئاستی هەموو کوردستاندا، لەم سەردەمەدا بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی تێگەیشتن و وشیاریی سیاسی خەڵک بە هۆی خوێندەواری و کەلکوەرگرتن لە ئامرازەکانی پێوەندی، بزووتنەوە گەیشتۆتە ئاستێک کە زیاتر لە هەر کاتێک بە دڵنیابوون لە سەرکەوتن و وەدیهاتنی ئامانجە نەتەوەییەکەی ڕێگە دەبڕێ. ئیستا ئیتر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا قەتیس نەماوە بەڵکوو لە پانتایی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی کورد بە کرمانج و سۆران و لەک و کەلهوڕەوە و بە هەموو پێکهاتە ئایینییەکانەوە، بە مەبەستی وەدیهێنانی ئازادی بۆ نەتەوەکەیان و بە ڕێکاری جۆراوجۆرەوە لە مەیدانی خەبات دان.

پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، کاربەدەستانی ڕێژیم بە مەبەستی کپکردنی دەنگی ئازادیخوازیی کورد جگە لە هێرشی ماڵوێرانکەرانەیان بۆ سەر شار و گوندەکانی کوردستان، بە چەکدارکردنی کۆمەڵێک هەڵخەڵەتاوی خۆیی و فتوای جیهاد و هاندانی بیری ئایینی دژی کورد، زۆر جار بە خۆدەرخستنی بە درۆ و دڵسۆزی بۆ خەڵکی کوردستان هەوڵی داوە لەم ڕێگەشەوە کەلێنێکی دیکە بخاتە نێو ڕیزەکانی ئەم بزووتنەوەوە. لەگەڵ ئەوەی کە لە تەواوی ساڵانی تەمەنیدا ڕێژیم کۆسپی خستووەتە بەردەم پێکهێنانی کۆڕوکۆبوونەوەکانی چالاکانی بوارە جۆربەجۆرەکانی کورد، بەڵام ئازایەتی و بوێری ئەم تێکۆشەرانە چۆکیان پێدا دان و لە زۆر شوێن و بە بۆنەی جیاجیا کۆڕ و سمیناری کوردانە بەڕێوە چوون. کارێک کە هەموو لایەک دەزانن کە لەبەر دڵنەرمی و ڕێگەکردنەوە بۆ ئەم جۆرە خەباتە نەبووە، بەڵکوو بەردەوامیی تێکۆشەرانی کورد لە نێوخۆی وڵات بۆ گەیشتن بە مەبەستەکەیان بە ئەنجامی گەیاندوە و لەو ڕێگەشدا هەزینەیەکی زۆریان بۆ داوە و بە دڵەوە



سەرچاوە
Serchawe

زیندان و ئەشکەنجەیان بۆ قبووڵ کردوە و بەمجۆرەش لاپەڕەیەکی زێڕینیان لە خەباتی شوناسخوازانەی کورد نەخشاندوە. سەرەڕای هەموو ئەم بەربەستانە کە ڕێژیم بۆ کپکردنی دەنگی مافخوازانەی کورد لەسەر ڕێی تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دانابوو، چەند ساڵێکە ئەوجار بۆ خۆیان کەوتوونەتە خۆ و بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی بیری خەڵک دەستیان کردوە بە پێکهێنانی کۆڕ و سمینار لە ژێر عێنوانی جۆراوجۆردا، هەرچەند ڕۆڵە چاوکراوەکانی کورد نەتەنیا نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەم نمایشانە و هەوڵیان داوە بە تێخزاندنی کولتوور و ئەدەبی کوردی پێش بە خراپ کەلوەرگرتنی ڕێژیم بگرن. دوایین هەوڵی ڕێژیم بۆ گەیشتن بە ئامانجە نگریسەکەی کە دژایەتییە لەگەڵ بیر و شوناسی نەتەوەخوازی لە کوردستان، وەڕێخستنی سمینارێک بوو لە مەهاباد.

ئەم کۆبوونەوەیە کە لەژێر ناوی "هەمایش دگرپذیری و رواداری" بەڕێوەچوو هەوڵێکی دیکەی دەزگاکانی ڕێژیمە بۆ خستنە ژێر پرسیاری بزووتنەوەی شوناسخوازانەی نەتەوەیی کورد و کەمڕەنگ کردنەوەی داخوازەکانی خەڵکی مافخوازی کوردستان. جگە لەوە شێوازی بەڕێوەچوون، ڕیزکردنی دانیشتووانی سەر کورسییەکان، وتاربێژ و نێوەرۆکی باسەکان، بە ئاشکرا دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ئەم هەمایشە نە بۆ دیتنەوەی ڕێگە چارەکان بەڵکوو بۆ زەقکردنەوەی گرووپێکی فیکری تایبەت و ئەنجامەکەشی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بەدواوەیەتی، شەفکردنی ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە لە ڕێگەیەکی نوێوە.

لە چل ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی هەوڵی داوە بە پڕۆپاگەندەی ئایینی دژی موسوڵمانانی سوننی کوردستان و هاندانی بیری شیعە لە دژیان زوڵمێکی دووقات لەوان بکەن. بەڵام ئەمە تانیا بە هۆی سوننەبوونیانەوە نەبووە بەڵکوو کوردبوونی ئەوان و ملنەدانیان بە دەسەڵات هۆکاری ئەم زوڵمە بووە. سەیر نییە کە ئێستا ئەویش بەهۆی کۆمەڵێکی تایبەت لەمانە بیر لە چارەسەر دەکاتەوە؟ ئەوەی جێگەی داخە کۆمەڵێک خوێندەواری کورد بەبێ بیرکردنەوە لە کێشە سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستان و هەوڵدان بۆ کەلکوەرگرتن لەو دەرفەتانەی دەستیان دەکەوێ بۆ باس لەسەر داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەکەیان و بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ئەگەر کۆبوونەوەی دیگەرپەزیرییە بۆ غەیری خۆیان کەسی لێ نییە، یا ئەگەر ڕەوادارییە بۆ بیری جیاواز بۆ کەسی دیکە بە ڕەوا نابینن، قبووڵیان کردوە کە بەشداری ئەم شانۆگەرییە بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە باوەڕی هەمیشەییەوە پشتگیری هەموو جۆرە بیروباوەڕێکی جیاوازی فیکری و ئایینی دەکا و ئەمەی نەتەنیا بە کۆسپ نەزانیوە بۆ دۆخی ئێستای خەباتی نەتەوەیی، بەڵکوو جیاوازیی باوەڕی بە مەرجی ئەوەی لە پێناو خزمەت بە ئەسڵی مەسەلەکە کە چارەسەری سیاسییانەی کێشەی کوردە، بە دەوڵەمەندیی پاشخانی خەبات زانیوە.

ئەوە ڕاستییەکە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەتەوەیەکی خاوەن ئیدە و ئایینی جیاوازە و لە خەباتی نەتەوەییدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان کوردی شیعە و سوننە و ئایینەکانی دیکەدا نییە. ئێستا هەر ئەوەندەی مەهاباد ناوەندی مێژوویی بیری شوناسخوازانەی نەتەوەیی کورد ماوەتەوە کە ڕێژیم بەم پیلانانە دەیەوێ ئەم بەرگەی لەسەر دامالێ، کرماشان و ئیلامیش بوونەتە ناوەندی بیری ڕۆشنبیریی کورد لە پێناو خەباتی نەتەوەکەیان و هیچ لایەک نە وازیان لە ئایینی تایبەتی خۆیان هێناوە و نە ئایینەکەشیان بووەتە هۆکاری دابڕانیان لە تێکۆشان بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان.

پوختەی مەبەست ئەوە کە هەموو لایەک بە تایبەت ڕۆشنبیران و مامۆستایانی ئایینی کە زۆریان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و لە پێناو سەربەستی نەتەوەکەیان گیانیان بەخت کردوە یا فشار و زوڵمی ڕێژیمەکانی پاشایەتی و ئیسلامی ئێرانیان تەحەمول کردوە دەبێ بە چاوکراوەیی بڕواننە ڕێکخستنی ئەم نمایشانەی ڕێژیم و نەبنە هۆکاری گەرمکردنی سیاسەتە شکستخواردووەکانی ڕێژیمێک کە لە بنەڕەتدا هیچ باوەڕێکی بە بوون و باوەڕیان نییە.

(لە ژمارەی ٧٥٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٩

---

## چل ساڵەی ٢٨ی گەلاوێژ و فتوای خومەینی

لە دوای کودیتای ساڵی ١٣٣٢ لە دژی دەوڵەتی خەڵکیی دوکتور موسەدیق، ٢٨ی گەلاوێژ بووە ڕۆژێکی تاڵی لەبیرنەکراو لە بیر و زەینی خەڵکی ئێراندا کە لەو ساڵەدا بە حاستەم هەناسەیەکی ئازادیان لە ئێرانی قەیراناویدا هەڵکێشابوو. ئەودەم لە کوردستانیش خەڵک بە هیوای ڕزگاربوونیان لە چنگ دیکتاتۆریی حەمە ڕەزاشا بە تێکڕا هاتبوونە مەیدان و چاوەڕوانیی گۆڕانکارییەکانیان دەکرد. هیوا و ئومێدێک کە ٣٥ ساڵی خایاند هەتا بە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا بە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی وەدیهات. هەر چەند بەداخەوە زۆری پێ نەچوو کە دەرکەوت گۆڕانێک نەهاتوەتە ئاراوە کە



سەرچاوە
Serchawe

خەڵک دڵی پێ خۆش بکا و تەنیا تاج و مەندیل لە سەر کورسیی دەسەڵات جێگۆڕکەیان پێکرا. بەڵام ئەگەر لە جیاوازییەکان ورد ببینەوە ئەویان بە ناوی دێموکراسی و پێشکەوتنەوە زوڵمی لە خەڵک دەکرد و ئەمی تازەیان بە پاشخانێکی کۆنەپەرستانە لە بیرکردنەوەکانی و لە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە هەوڵی لە نێوبردنی هەر ئاسەوارێکی بیری پێشکەوتنخوازانەی دەدا. زۆری پێنەچوو کە دەسەڵاتدارانی تازە نییەتی ڕەشی خۆیان بۆ دژایەتیی هەر چەشنە بیرێکی ئازاد و مافخوازانە لە کوردستانەوە دەست پێکرد. ئەوان بە شەڕهەڵایسان لە شارەکانی کوردستان سەرەتا لە سنە و دواتر لە نەغەدە و سەرەنجام لە پاوە خەڵکی ئێران و کوردستانیان پەلکێشی شەڕێک کرد کە دوای چل ساڵ جگە لە خەڵک بە کوشتدان و وێرانی، قووڵبوونەوەی قەیرانە سیاسی و نیزامی و ئەمنییەتییەکان هیچ دەسکەوتێکی بۆیان نەبووە.

درێژەی ئەم شەڕانە و سەرەنجام فتوای جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی موسوڵمانی کوردستان بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ عورفێکی سیاسی و ئایینی و ڕاسپاردنی هەموو هێزە نیزامییەکانی ئێران بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان بە ناوی شەڕ لە دژی کافران لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، یادی تاڵیی ئەو ڕۆژەی لە بیری خەڵکدا زیندوو کردەوە و لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی لە مێژووی ڕەش و تاریکی ئێراندا تۆمار کرد. مێژوویەک کە دەسەڵاتدارانی تاران بە شەڕ و خوێنڕشتنی خەڵکی ئازادیخوازی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران نووسیبوویانەوە و سەرکوتی بێبەزەییانەی ئازادیخوازانی وڵاتیان وەک سەروەرییەک بۆ خۆیان حیساب دەکرد.

ڕێژیم بە پەلاماردانی شار و گوندەکانی کوردستان بە بۆمبارانی شارەکان، سووتاندنی دەیان گوند و کوشتاری بە کۆمەڵی دانیشتووانی و ئێعدامی بەکۆمەڵی لاوانی کوردستان هەوڵی کپکردنی دەنگی بەرزی ئازادیخوازییان لە کوردستان دەدا. هەرچەند خۆڕاگری و بەربەرەکانێی خەڵکی کوردستان و زەبری تێکشکێنەری هێزی پێشمەرگە لە ماوەی ٣ مانگدا کە لە مێژووی پڕ سەروەریی خۆڕاگریی خەڵکی کوردستاندا بە شەڕی ٣ مانگە ناسراوە، هێزە هێرشبەرەکانی کۆماری ئیسلامیی تووشی شکستێکی وەها گەورە کرد کە خومەینی ناچار بکا بۆ پاراستنی هێزەکانی پەیامی ٢٦ی گەلاڕێزان بڵاو بکاتەوە و داوای ڕاوەستاندنی شەڕ بکا؛ بەڵام دوایە و بە شێوازی هەڵسوکەوتی نێردراوەکانی بۆ کوردستان، دەرکەوت کە دەرکردنی ئەو پەیامە هیچ نییەتێکی باشی لە پشت نەبووە. بەمجۆرە ٢٨ی گەلاوێژ بوو بە سەرەتای دەسپێکی شەڕێک کە چل ساڵە بەبێ ئەوەی ڕێگەچارەیەکی کۆتایی بۆ ببیندرێتەوە لە کوردستان درێژەی هەیە. بەڵام ئەم شەڕە بۆ بە سەر کوردستاندا سەپا و ئاکامەکانی چی بوو؟

نەتەوەی کورد لە کوردستانی دابەشکراودا ئەگەر لە مێژبوو خەباتی دەکرد بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چوار دەیە بوو کە خەباتێکی سازماندراو لە لایەن حیزبی دێموکراتی

کوردستانەوە ڕێبەری دەکرا و جیا لە تێکۆشانی سیاسی و ڕێکخراوەیی بەردەوام لەلایەن تێکۆشەرانی دێموکراتەوە، خاوەندارەتیی شۆڕشی چەکداری ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی دەکرد کە لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا دەسەڵاتی شایان وەلەرزە خستبوو. هەربۆیە جیاواز لە ناوچەکانی دیکەی ئێران خەڵکی کوردستان بە بوونی بیرێکی نەتەوەیی و ئازادیخوازانە و ئێرادەیەکی شۆڕشگێڕانە و لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا، بەرەیەکی بەهێزییان بۆ خەبات پێک هێنابوو، کە لە نێویاندا بە هەزاران کەس ئامادەی فیداکاری بوون بۆ پاراستنی دەسکەوتی گەلەکەیان لە پاش شۆڕشی ١٣٥٧. جگە لەوەی چەند ڕێکخراوی چەپی ئێرانیش کە کوردستانیان بە ناوچەیەکی پڕ پتانسییەل بۆ شۆڕش دەدی لەوێ تێکۆشانیان هەبوو. لەو لاشەوە لە تاران کۆمەڵە کەسێک دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتبوو کە بە بوونی پاشخانێکی فکریی کۆنەپەرستانە دژی هەر چەشنە بیرکردنەوەیەکی ئازادیخوازانە بوون. هەر بۆیە بۆ پاراستن و قایم کردنی دەسەڵاتەکەیان بە فرسەتیان زانی بە ناوی شەڕ لە گەڵ دژە شۆڕش لە هەستی خەڵکی ساویلکە و نەزانی ئەو سەردەم کە بە هەموو ئێحساسیانەوە لە شۆڕشی دژی ڕێژیمی شا بەشدارییان کردبوو کەلک وەرگرن و لەشکریان لێ پێک بێنن و بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان و دەستبەسەرداگرتنی ئەو سەنگەرە قایمەی شۆڕش ڕەوانەی کوردستانیان بکەن. لەم چل ساڵەدا هەر چەند کوشتن، زیندانی کردنی بە هەزاران کەس و ئێعدامی ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی کورد بەشێک بووە لە سیاسەتی سەرکوتکارانەی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، بەڵام ئەوان نە تەنیا نەیانتوانیوە بە ئامانجە چەپەڵەکانیان کە سەرکوتی یەکجاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە بگەن، بەڵکوو تێکۆشەرانی کورد بە ئاستی بەرزی تێگەیشتوویان لە ڕەوابوونی ماف و داخوازییەکانیان بە پشتیوانی لە حیزبە شۆڕشگێڕەکانیان و بە شێوازی جۆراوجۆر و بەردەوام ڕووبەڕووی ڕێژیم و سیاسەتەکانی دەبنەوە و تەنانەت ڕۆژێک نەیانهێشتوە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بە حەساوەیی بیر لە کوردستان بکەنەوە.

لە کۆتاییدا و دوای چل ساڵ ئەگەر ڕێژیم لە زەلکاوی کێشە نیزامی و ئەمنییەتییەکانیدا لە کوردستان نوقم بووە و ڕێگەچارەیەک بۆ دەربازبوون لە بەردەم خویدا نابینێ، بزووتنەوەی کورد بە ڕێبەری حیزبە ڕەسەن و پێشکەوتنخوازەکانی لە بواری سیاسی و ڕێکخراوەییەوە مەودایەکی زۆریان بەرەو سەرکەوتن بڕیوە. کورد ئێستا لە ئاستی سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا بەرەو بوون بە فاکتەرێکی کاریگەر لە هاوکێشە سیاسییەکان بەرەو گۆڕانکارییەکان هەنگاو دەنێ. ئەگەر چل ساڵ لەمەوبەر دەگوترا تەنیا شاخەکان پشتیوانی کوردن، ئێستا بزووتنەوەی کورد خاوەن هێزێکی چەند ملیۆنییە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات کە لە کەس تەنانەت ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیش شاراوە نیە و لە دەرەوەش بوەتە خاوەن پێگەیەکی دیپلۆماسیی بەهێز کە دەتوانێ کاریگەری لەسەر دارشتنی هەر پلانێک بۆ گۆڕانکاری لە ئێراندا هەبێ.

(لە ژمارەی ٧٥٦ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٩

----------------------------------------------

## ئۆپۆزیسیۆنی دژی ڕێژیم و هەڵوێستی ئێمە

لە دوو حەوتووی ڕابردوودا دوو کۆبوونەوەی جیاواز و بە دوو مەبەستی جیاواز لە دەرەوەی وڵات و لە دوو وڵاتی جیاواز بەڕێوەچوو. لە هەر کام لەم کۆبوونەوانەدا بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی دژی کۆماری ئیسلامی پێشتر کاریان بۆ کردبوو و دەوریان تێیدا هەبوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەڕەسمی بۆ هەر دووکیان دەعوەت کرابوو، بە هۆکاری تایبەت لە سەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوون و باسەکانی ئەو کۆبوونەوانە بەشداریی تێدا نەکرد.

کۆبوونەوەی یەکەم کە لە ئەمریکا بەسترا و ئەوەی لێی دیار بوو بە جۆرێک بۆ ڕێکخستنی، لابییەکی دژ بە کۆماری ئیسلامی لە ئەمریکای لە پشت بوو و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن کە لەگەڵ شۆڕای میلیی بەرگری و ڕێکخراوی موجاهێدین هاوئاهەنگییان هەیە؛ بەشداریی بەرچاویان لە کۆبوونەوەکەدا هەبوو. ئەم کۆبوونەوەیە کەوا دیار بوو بە مەبەست هاوکات لەگەڵ کۆڕی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٥ی سێپتامبردا ڕێک خرابوو، زۆرتر بە دوای ئەوەوە بوو لە کاتی بەشداریی سەرۆکی زۆربەی وڵاتانی دنیا لە کۆبوونەوەی ئەو ڕێکخراوەدا لە نیۆیۆرک دەنگی بوون و ناڕەزایەتی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە ڕێژیم بە گوێی هەمواندا بدا و لە ڕاستیدا زۆرتر ئاکسیۆنێک بوو بۆ نیشاندانی هاوئاهەنگیی ئۆپۆزیسیۆن و خەڵکی ئێران لەگەڵ سیاسەتەکانی هاوپەیمانیی ئەمریکا لە دژی کۆماری ئیسلامی و بە ئامانجی ڕووخانی ڕێژیم کە ئیستە داواکاریی زۆربەی ئۆپۆزیسیۆن و خەڵکی ئێرانە.
بەشداریی چەند کەسایەتییەکی ئەمریکایی لەو کۆڕەدا و قسە و باسەکانیان لەسەر ئێران و کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە پانێلەکانی ڕۆژی دووهەمی کۆبوونەوەکەدا کە داخراوتر بوو گرینگیی خۆی هەبوو. هەرچەند بەداخەوە ئەوجارەش بە هۆی تێنەگەیشتن لە ڕاستییە پێویستەکان بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئێران و داهاتووی ئەو وڵاتە و هەوڵدان بۆ خۆسەپێنیی سیاسی نەکرا هەموو ئۆپۆزیسیۆنی کارا و خەباتگێڕ لەو کۆبوونەوەدا لە دەوری یەک کوببنەوە.

کۆبوونەوەی دووهەم کە لە ٢٨ی سێپتامبر و لە شاری لەندەن بەڕێوەچوو کارێک بوو کە نزیک بە ساڵێک بوو لە لایەن چەند کەسایەتییەکی ئێرانییەوە هەوڵی بو دەدرا. کۆبوونەوەیەک کە بە بێ بەشداریی حیزبەکان و ئەوەی دیار بوو تەنیا بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و ڕووناکبیری پێک هاتبوو. ئەم کۆبوونەوە کە بۆ ڕاگەیاندنی دروستبوونی

ڕێکخراوێکی نوێ لەژێر ناوی «شورای مدیریت گذار» بەڕێوە چوو، بە جیاوازییەکەوە لەگەڵ کۆبوونەوەکەی نیویۆرک، لەهەوڵی دارشتنی بەرنامەیەکدا بوو بۆ چۆنیەتیی گۆڕانکارییەکانی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی. بەرنامەیەک کە لەوێشدا دەرکەوت ئەو ڕەوتەش ئامادە نەبوون کەمترین سەرنج بدەنە کێشە سەرەکییەکانی بەشی زۆری دانیشتووانی ئێران و بە تایبەت نەتەوەکانی بەشدار لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئێران. وەک لە ڕاگەیەندراوەکەیاندا دیارە «پاراستنی تەواویەتی ئەرزیی ئێران، دێموکراسیی پارلمانی لەسەر ئەساسی جیایی دین و دەوڵەت و هەروەها مافی مرۆڤ»، کۆمەڵە پرسێکن کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ بەرنامەی بەشەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نییە و هەموو لایەک کردوویانەتە سەردێڕی دروشم و باسەکانیان. ئەمەش هۆکارێک بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەڕای دەعوەت کردنی ڕەسمی ئامادە نەبوو بەشداریی ئەم کۆبوونەوانە بێ کە زۆر بە گرینگییەوە باسی لێدەکرا.

لە پێشدا ئەوە بڵێین کە حیزبی دێموکرات بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی هەمیشە باوەڕی قووڵی بە پێوەندی و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران هەبووە و هەوڵ و تێچووی زۆریشی بۆ گەیشتن بە پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیک و پێشکەوتنخواز داوە. بەرزکردنەوەی دروشمی بۆ پێشەوە بەرەو بەرەیەکی دێموکراتیک لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب و دواتر بەشداری لە شۆڕای میلیی بەرگری و هەوڵی دوکتور شەرەفکەندی بۆ کۆکردنەوەی هێزە ئێرانییەکان کە لە بێرلین لە کاتی وتووێژ لەگەڵ بەشێکیاندا تێرۆر کرا و بەشداریی ئەم حیزبە لە دوو پێکهاتەی سیاسیی حیزبە ئێرانییەکان وەک یەکیەتیی هێزە چەپ و دێموکراتەکان و بەرەی دێموکراسیخوازانی ئێران کە چەندین حیزب و گرووپی ئێرانی تێدا بەشدارن، ئەم باوەڕە سیاسییە بەڕوونی دەردەخا. بەڵام ئێستا دوای چل ساڵ خەباتی بەردەوام لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات زۆر قۆناغی بەرەو پێش بڕیوە و نەتەوەی کورد وەک یەکێک لە نەتەوەکانی پێکهاتەی ئێران بە وشیاریی نەتەوەیی لە ئاستێکی بەرزدا دەڕوانێتە داهاتووی خۆی و حیزبی دێموکراتیش وەک حیزبێکی بەرپرس لە ئاست داخوازی و ویستە نەتەوەییەکانی بەرپرسانە دەڕوانێتە سازدانی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە.

ئەوەی پێویستە بۆ داهاتووی ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی گرینگی پێ بدرێ ئەوەیە کە، لە پاڵ بیری دێموکراسی و هەوڵدان بۆ هێنانە سەرکاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیک، باس لە هۆکارەکانی جێگیر نەبوونی دێموکراسییە لە ئێراندا و ئەمە تەنیا بە بەرزکردنەوەی دروشمی دێموکراسی و ئازادی جێبەجێ نابێ. لە ئێرانێکی فرەنەتەوە و فرەزمان و فرەکولتووردا، دیتنەوەی ڕێگەی پێکەوەژیانی ئەم فرەچەشنییانە دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا بێ. کورد کاتێک دەتوانێ خۆی بە خاوەنی ئێران بزانێ کە وەک نەتەوەیەک هەست بە سەروەریی خۆی بکا و بزانێ کە وەک مەترسی بۆ سەر دەسەڵات و تەواوییەتی ئەرزی چاوی لێ ناکرێ، وەک ئەوەی کە ئێستا بەداخەوە بیر و زەینی زۆربەی ئێلیت و سیاسییەکانی ئێرانی

داگرتوە. کورد و حیزبە پێشکەوتنخوازەکانی کە نوێنەرایەتیی ئەم گەلە دەکەن دەزانن کە ئۆپۆزیسیۆنێک دەتوانێ ئیددعای گۆڕانی پێشکەوتنخوازانە بکا و داهاتوویەکی باشتر لەوەی ئێستا هەیە بۆ خەڵکی ئێران بە دیاری بێنێ، کە بە دوور لە مەزنیخوازیی ئێرانی بوون چاو لە کێشەی ئەو نەتەوانە بکەن کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حەمەڕەزا شا و کۆماری ئیسلامیدا بە بیانووی جۆراوجۆر چەوساونەتەوە و هەوڵی لە نێوچوونیان دراوە. ئەوە هەمیشە ڕێگەیەک بووە بۆ دەسەڵاتداریی دیکتاتۆری هەتا ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا پێ لەبار بەرن. هەر بۆیە پێداگری لەسەر ئەوەی کە کورد بەشداری لە هاوپەیمانییەکی ئێرانیدا دەکا کە بەڕوونی باس لە کورد و کێشەکانی و ڕێگە چارەکانی بکا، ڕێکارێکی سیاسیی دروست و پێویستە.

(لە ژمارەی ٧٥٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

--------------------------------------------

## دوژمنایەتیی پرسی کورد و بەرەنگاریی ڕۆژاوا

ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٩ کاتێ درێژەی نارەزایەتییەکانی وڵاتانی عەرەبی گەیشتە سووریە، لە زۆربەی ناوچەکانی ئەو وڵاتەدا خەڵک لەدژی دەسەڵاتی دەیان ساڵەی بنەماڵەی ئەسەد و حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار ڕاپەڕین. بەهۆی درێژەی ئەم نارەزایەتییانە زۆربەی ناوچەکانی ئەو وڵاتە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی خەڵکەوە کە لە گرووپی جیاجیادا خۆیان ڕێکخستبوو. وەک سپای ئازاد کە فەرماندە و سەربازە هەڵاتووەکانی ئەرتەش سەرکردایەتییان دەکردن و کۆمەڵێک خەڵکی سیاسییان لەخۆ ئاڵاندبوو، هەتا گرووپە مەزهەبییە توندڕەوەکانی وەک بەرەی نوسرە و گرووپە دەسکردەکانی سەر بە تورکیە. لەم نێوەدا کوردەکان کە دەیان ساڵ بوو لە ژێر ڕەحمەتی وڵاتانی ئێستێعماری ئورووپا و دواتر حیزبی بەعسدا کەمترین مافی ئینسانیشیان پێ ڕەوا نەدیترابوو، کەڵکیان لەو هەلە وەرگرت و بە دوور لە بیر و سیاسەتی ئۆپۆزیسیۆنی ڕەنگاوڕەنگی سووریە، بۆ بەدەستەوەگرتنی ناوچە کوردییەکان و دارشتنی قەوارەیەکی ئیداریی تایبەت کە خزمەت و پاراستنی خەڵکەکەی کردبووە ئامانج هاتنە مەیدان. پەیەدە و هێزە چەکدارەکەی (یەپەگە) کە تازە دامەزرابوون، ئەم ئەرکەیان گرتە ئەستۆ. سەرەڕای هەموو گلەیی و گازەندەیەک کە لە بواری نەتەوەیی و تاکڕەوی و هەوڵنەدان بۆ بەکارهێنانی هەموو وزە و تواناکانی کورد لەو ناوچە و لەو ساڵانەدا لە ڕێگەی دروستکردنی بەرەیەکی فراوانتر لە کوردەکان، ئەوان توانییان

نموونەیەکی جوان لە ئیدارە و خزمەتکردنی هەموو خەڵکی ئەو ناوچانە بە تایبەت لە ڕێگەی بەشداری پێکردنی هەموو نەتەوە و ئایینە جیاجیاکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان نیشان بدەن.

ساڵی ١٣٩٤ کاتێک داعش خیلافەتی خۆی لە بەشێک لە خاکی سووریە و عێراقدا جێگیر و بەهێز کردبوو، کوردستانی باشوور و ڕۆژاوا بوون بە ئامانجی سەرەکییان بۆ داگیرکاری و وێران کردن. بە خۆشییەوە هەستی نیشتمانپەروەری کورد و فیداکاری و گیان بەخشینی پێشمەرگە لە باشوور کورد و فیداکاری و گیان بەخشینی پێشمەرگە لە باشوور بە پشتیوانیی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی شەڕ لە دژی داعش، باشووری کوردستانی پاراست. بەڵام شەڕ لە ڕۆژئاوا بەهۆی تێکچوونی وەزعی سووریە و کەلکوەرگرتنی داعش لە نالەباریی وەزعی ئەوێ ماوەی شەڕەکەی درێژتر کردەوە. کۆبانێ بەهۆی ئازایەتی و لە خۆبوردوویی کچان و کوڕانی شەڕڤانی ڕۆژاوا، بوو بە ڕەمزێکی جیهانی لە بەرخۆدان و تێکشکاندنی داعش. لەم شەڕەدا ئەمریکا وەک سەرکردەی هێزی هاوپەیمانی دژی داعش ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە پشتیوانیی سەربازی کوردەکان. تا ئەو جێگەی بە یارمەتیی ئەوان هێزێکی بەرفراوان لە دانیشتووانی ناوچە بە کورد و عەرەب و مەسیحییەوە لەژێر ناوی هێزەکانی سووریەی دێموکرات ڕێک خرا و بە چەکی ئەمریکی تەیار کران. هەرچەند هەر لە سەرەتاوە زۆر کەس بەگومانەوە دەیانڕوانییە پێگە و دەوری ئەمریکا لە سووریەدا، بەڵام بوون و پشتیوانیی هێزە هاوپەیمانەکان ئومێدی ئەوەی دروست کردبوو کە ئەم هێزە و ئەو ناوچانەی لەبەر دەستیان دایە هەم دەتوانێ کاریگەری لە دارشتنەوەی قەوارەیەکی دێموکراتیکی بۆ داهاتووی سووریە هەبێ و هەم بۆ یەکەم جار کورد لە ژێر سایەی فیداکارییەکانی خۆی لە بەرەیەکی جیهانیدا، لانیکەمی مافە ئینسانییەکانی بۆ دابین بکرێ.

مەخابن بەدگومانییەکان بەرامبەر سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی ئەمریکا وەڕاست گەڕا و دەوڵەتی دۆناڵد ترامپ بە دوور لە هەموو پرێنسیپێکی سیاسی بە بڕیاری کتووپڕی کشانەوەی هێزەکانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدەدا، ڕێگەی بۆ هێرشی سەربازیی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر ئەو ناوچانە کە دیاربوو پێشتر خۆی بۆ ئامادە کردبوو خۆش کرد. هەر ئەم کردارەی ترامپ کە بە خەیانەتێکی دیکە لە کوردەکان ناوبرا وایکرد ئەرتەشی پۆشتە و پەرداخی تورکیە لە ١٧ی ڕەزبەردا بەدرۆ و بە ناوی شەڕ لە دژی تێرۆریزم هێرشی بەرینی خۆی بۆ سەر شار و گوندەکانی ڕۆژاوا دەست پێبکا و بە بەرچاوی هێزە هاوپەیمانەکانەوە کە بە یارمەتی و فیداکاری کوردەکانی ڕۆژاوا شانازیی تێکشکانی داعشیان پێ بڕابوو، بێ بەزەییانە کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی لە ژن و منداڵەوە وەڕێ خست. ئەو شەڕەی تورکیە بەسەر ڕۆژاوایدا سەپاند، تەنیا لە چەند ڕۆژدا بە سەدان کوژراو و برینداری لێکەوتەوە و بە دەیان هەزار کەس مەجبوور بە بەجێهێشتنی ماڵ و حاڵیان بوون

ئەم بڕیارە هەڵنەسێنگدراوەی ئاغای ترامپ کە زیانێکی گەورەی بە کورد لە ڕۆژاوا و دابینکردنی ئارامی لە ناوچەکەدا و بە ئێعتباری سیاسیی ئەمریکا گەیاند، لەگەڵ بەرهەڵستی بەرین لە کۆمەڵگەی جیهانیدا بەرەوڕووبوو. ناڕەزایەتیی توندی ئەندامانی کۆنگرە و سێنای ئەمریکا لە بڕیار و لێدوانەکانی ترامپ، هەڵوێستی بەجێ بەڵام ناکارامەی یەکیەتیی ئوروووپا، وەدەنگهاتنی وڵاتانی کۆمکاری عەرەبی و ناڕەزایەتیی زۆر لە وڵاتانی دیکە کە بوونە هۆی دروستکردنی فشارێکی زۆر لەسەر دەوڵەتی ئەمریکا، کارگێڕانی سیاسەتی ترامپییان خستە سەر ئەو ڕێگە کە لە لایەک بە هەڕەشەی تەحریم و لە لایەکی دیکەوە بە ناردنی بەهێزترین بەرپرسانیان بۆ تورکیە بکەونە هەوڵی ڕاگرتنی کاتیی شەڕەکە. کارێک کە ئەگەر هیچ هومێدێکی نوێی لای کوردەکان دروست نەکرد بەڵام بوو بە فرسەتێک کە بەشێک لە ژن و منداڵی دانیشتووی ئەو ناوچانە هەلی خۆڕزگاربوونیان لە چنگ مەرگێکی چاوەڕوانکراو دەست کەوت؛ ئەمەش لە حاڵێکدابوو کە هەموو لایەک چاوەڕوانی زیاتریان دەکرد لەم هەوڵە بە پەلانە و لانیکەم دەبوو بڕیاری ڕاوەستانی یەکجاریی شەڕی لێ بکەوتایەوە.

ئەگەر لەم شەڕە نابەرامبەرەدا کورد بەتەنیا مایەوە و دیسانیش شۆڕشی مافخوازانەی کورد لە پێناو ساتوسەودا ئابوورییەکاندا پشتگوێ خرا، بەڵام ئەوەی دەبێ لە بەرچاو ون نەبێ خۆڕاگری و لە خۆبووردوویی شەڕڤانانی ڕۆژاوا لە بەرامبەر هێرشی بەرفراوانی تورکیە، پشتیوانی و هاودەنگی هەموو کوردستانیان لە پانتایی وڵاتانی جیهاندا و هەڵخڕانی سۆزی دۆستانی کورد لە ئەمریکا و ئورووپادا بوو کە نەیانهێشت ژینوسایدی خەڵکی ئەم بەشە لە کوردستان لە ژێر پەردەی سیاسەتی بێدەنگی زلهێزەکاندا کە بە دوور لە هەر چەشنە بیرکردنەوەییەکی ئێنسانی تەنیا لە بیری بەرژەوەندییەکانی خۆیاندان، سەر بگرێ.

بێگومان ئێستا ڕۆژاوا تووشی چارەنووسێکی نادیار بووە. بەڵام بۆ داهاتووی ڕۆژاوا و هەموو بەشەکانی کوردستان پێویستە چاوخشاندنەوەیەکی جیددی بە سیاسەت و ڕوانینەکاندا بکرێتەوە. مەسەلەی کورد ئێستا بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ. گۆڕانکارییەکان زۆرجار بە دوور لە ئیرادەی کورد دەچنە پێش. پێویستە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەوڵی هاودەنگییەک لە ئاست پێویستییەکانی ئێستا و داهاتوومان بگرینە بەر.

(لە ژمارەی ٧٦٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## کۆماری ئیسلامی لە گێژاوی سیاسەتی ناوچەییدا

شەپۆلەکانی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی بەرەبەرە بەرەو ئێران دەگەڕێتەوە. لە ساڵانی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی توانیبووی بەهۆی پشتیوانییە ماڵییەکانی و بەکارهێنانی هێزە تایبەتەکانی سپای قودسی پاسداران پەل باوێتە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە شیعە مەزهەبەکانی لێ نیشتەجێن. ڕێبەرانی ڕێژیم بەپێی سیاسەتی پاوانخوازانەیان و بەمەبەستی دروستکردنی هاوپەیمانییەکی شیعی لە ناوچەدا، جیاواز لە هەوڵی نائەمنکردنی هەموو ناوچەکە، توانییان لە لوبنان، سووریە و عێراق کە زۆرینەی خەڵکەکەیان ئاییینزای شیعەیان هەیە جێ پێیەکی باش بۆ سەپاندن و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان بکەنەوە. دوای وێرانبوونی وڵاتانی یەمەن و سووریە، ئێستا دەردەکەوێ بەرەبەرە لەمیان بەهۆی فشارەکانی هاوپەیمانیی عەرەبی و سیاسەتی ئامریکا و لەوی دیکەش بەهۆی زاڵبوونی هێژموونیی ڕووسیە، ڕێژیم جێ پێی پێ لەق بووە. ئێستا نۆرە گەیوەتە لوبنان و عێراق کە خەڵکی ناڕازی لە شێوازی دەسەڵاتداری و نەبوونی خزمەتگوزاری بۆ ژیانیان لە شەقامی شارە گەورەکانیان خۆپیشاندان دەکەن و داوای گۆڕینی دەسەڵاتداران و شێوازی حوکمڕانی لە وڵاتەکەیان دەکەن. دوو وڵاتی گرینگ لە بازنەی ستراتێژییەکانی کۆماری ئیسلامیدا، کە هەر گۆڕانکارییەک بە قازانجی خەڵک دەتوانێ ببێتە هۆی دارمانی تەواوی ستراتێژییەکانی ڕێژیم لە ناوچەدا.

عێراق بەهۆی هاوسنووری لەگەڵ ئێران و حەشیمەتی زۆری شیعەی تێکەڵ بە بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی لەو وڵاتە و بوون و نفووزی ئەمریکا لەوێ، گرینگییەکی زیاتری بۆ ڕێبەرانی ڕێژیم هەیە. هەر بۆیە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە سەرهەڵدانی نائارامی لەو وڵاتەدا نیگەران بوون و ئەگەر بۆ خۆیشیان وەک پێویست دەستیان لە وەڕێخستنی نائارامییەکیشدا بووبێ تەنیا بە شێوەی کاتی و بۆ فشار خستنەسەر دامودەزگایەکی حکوومەتی و شکاندنی بێدەنگی بەرامبەر بوونی هێزەکانی ئامریکا بووە و دواتر بۆ چارەسەرکردنی دەستیان تێوەرداوە و خۆیان کردووەتە پیاوچاکی مەیدانەکە. ترسی ئێران لە بوون و پەرەسەندنی هەر نائارامییەک لە عێراق بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ببێتە هۆی پەرەسەندنی نفووز و دەسەڵاتی ئامریکا و کورتکردنەوەی دەستی ئەوان لە کاریگەرییان لە داڕشتنی سیاسەتەکانیان لەم وڵاتەدا. لە لایەکی دیکەشەوە گەڕانەوەی شەپۆلی نائارامییەکان بۆ نێوخوی ئێران کە دەبێتە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر دەسەڵاتەکەی خۆیان وەک خەتەرێک دەبینن کە نەتوانن پێشی پێ بگرن. بەڵام ١٦ ساڵ لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سەدام حوسەین و بەهۆی دەخالەتەکانی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی لە حیزب و گرووپگەلێکی تایبەت لەنێو شیعەکاندا و، زیاتر لەوەش دروستکردنی گرووپی چەکداریی جیاجیای بەستراوە بەخۆیان، هێشتا ئەم وڵاتە سەقامگیری بەخۆیەوە نەدیوە. جگە لە بڵاوبوونەوەی نائەمنییەکی زۆر و سەرەڕای داهاتی زۆری وڵات، خەڵک هێشتا لە ژیانێکی سەردەمیانەی ئینسانیی



سەرچاوە
Serchawe

بێبەشن. ئەمەش هۆکاری سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و درێژەکێشانی خۆپیشاندانەکانە لە ناوچە عەرەبییە شیعەکاندا و دەردەکەوێ بێمتمانەییەکی زۆر بەرامبەر دەسەڵاتدارە جۆراوجۆرەکان کە یەک بە دوای یەک لەو ساڵانەدا کە بە دەنگی ئەوان گەیشتوونەتە دەسەڵات و حوکمڕانییان کردووە لە نێو خەڵکدا دروست بووە.

لەم نێوەدا کۆماری ئیسلامی کە دەستی باڵای لە دەخالەت کردن لە کاروباری عێراقدا هەیە و بە بەرچاوی خەڵکەوە قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سپای قودس هەر ئێستا لە بەغدادە و دەیەوێ بەپێی ویستی ئێران چارەسەری کێشەکان بدۆزێتەوە، کەوتووەتە بەر ڕقی کۆمەڵانی خەڵکی ڕاپەڕیوی خۆپیشاندەر. ئەو خەڵکە کە بە تەواوی هەستیان بە دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێران کردووە و دەزانن کە بوونی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتەکەیان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئاڵۆزییەکانی وڵاتەکەیان، بە بەرزکردنەوەی دروشمی ئێران بۆ دەرەوە و دڕاندنی وێنەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دژایەتیی خۆیان لەگەڵ بوون و دەخالەتەکانی ئەوان دەردەبڕن. ڕق و تووڕەییەک کە وای لە کۆماری ئیسلامی کرد داوا لە زیارەتکارانی ئێرانی کەربەلا بکا کە واز لە سەفەری عێراق بێنن. بەمجۆرە دەردەکەوێ کە ڕێژیمی ئێران نەتەنیا نەیتوانیوە شیعەی عێراق بکاتە بەشێک لە لەشکری خۆی بۆ دوژمنایەتیی ئەو وڵاتانەی مەبەستیانە بە گژیاندا بکەن، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ڕیزبەندیی خۆیان وەک شیعەی عێراقی بەرامبەر بەوان پاراستووە و نایانەوێ وڵاتەکەیان بکەنە سووتمانی فرەخوازییەکانی ئێران.

بێگومان هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی حیزبی لە ڕێگەی دروستکردنی دەستەبەندی لەنێو سیاسەتمەدارە حیزبییەکانی شیعەدا بە مەبەستی دەسەڵاتداریی زۆرینەی شیعەکان لە ڕێگەی ئەو لایەنانەوە کە کۆماری ئیسلامی پشتگیرییان دەکا و خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی یاساکانی بەڕێوەبەریی وڵات کە هۆکاری دروستبوونی گەندەڵی و بە فیڕۆدانی سەروەت و سامانی گشتیی عێراقی بەدوای خۆیدا هێناوە، سەرچاوەی پەرەگرتنی ناڕەزایەتییەکانە لەنێو خەڵکی عێراقدا. بەڵام ئەوەی کە خۆپیشاندەران کۆماری ئیسلامی بە سەرچاوەی ئەو کارەساتەی بەسەریان هاتوە دەزانن جێگەی سەرنجە. خەڵکی ڕاپەڕیوی عێراق کە وەک هەموو گەلێکی ئازادیخواز پێش هەموو شتێک بیر لە سەربەخۆیی و سەربەستیی خۆیان دەکەنەوە بەڕوونی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتەکەیاندا دەبینن. لە ئیدعاکانی دەسەڵاتدارییان بەسەر پێتەختەکانی وڵاتانی عەرەبی و یەک لەوان بەغدا هەتا خۆڕانانی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران لەنێو خاکی عێراقدا و پەیامەکانی خامنەیی‌ڕا بگرە هەتا هەوڵدانیان بۆ کاریگەری لەسەر دیاریکردنی بەرپرسانی حکوومەتیی عێراق لە ڕێگەی قاسم سولەیمانییەوە بە مەبەستی ڕێخۆشکردن بۆ سەپاندنی سیاسەتەکانیان، ئەو هۆکارانەن کە تووڕەیی خەڵکی بە دوای خۆیدا هێناوە و دروشمی دژبە ئێران و کۆماری ئیسلامی و چوونەدەریان لە وڵاتەکەیان، لە بەغدا و کەربەلا و نەجەف کە بۆ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی سێ پێگەی گرینگی سیاسی و ئایینین، بووەتە دروشمی سەرەکیی خۆپیشاندانەکان.



سەرچاوە
Serchawe

بەمجۆرە دەبینین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوای چوار دەیە لە دەسەڵاتداریی پڕلە شەڕ و خوێنڕشتن و هەوڵی بۆ دەسەڵاتداری بە سەر وڵاتانی موسوڵماندا، لە کاتێکدا لە نێوخۆی ئێرانیشدا لەگەڵ قەیرانە بەردەوامەکانی ڕووبەڕوو بووە، لەو وڵاتانەش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پێگەی خۆی لەنێو خەڵکیدا لە دەست دەدا و ئێستا دەبێ چاوەڕوان بن کە شەپۆلی وەڕێخستنی شۆڕش لەو وڵاتانەدا بەرەو نێوخۆی ئێران بگەڕێتەوە.

(لە ژمارەی ٧٦١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەریی ٢٠١٩

---------------------------------------------

## خۆپیشاندانەکانی ئێران و ئەرکەکانی ئێمە

ساڵانێکە بە هۆی بوونی سیستمی دەسەڵاتداری خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی و دارشتن و درێژەی سیاسەتێکی ئیداری کە هەرگیز بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێرانی تێدا لەبەرچاو نەدەگیراو و نەبوونی هیچ بەرنامەیەکی دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ڕێژیم بۆ چارەسەری کێشە کەڵەکەبووەکانی وڵات، دەنگی ناڕەزایەتی لە نێو خەڵکدا بەرزبووەتەوە. دەنگێک کە لە لایەک بە هۆی دروشمی فریودەرانەی ڕێبەرانی ڕێژیم و لە لایەکی دیکەوە بە پەنابردن بۆ سەرکوت و زەبر و زەنگ زۆر جار کپ دەکرا. هەرچەند نە سەرکوت توانی بە یەکجاری ئەو خەڵکە بێدەنگ بکا و نە ڕێژیمیش لە ویست و توانایدا بوو کە چارەسەری ئەو هەموو کێشانە بکا کە خۆی هۆکاری خوڵقاندنی بوو. بەڵکوو بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی ڕێبەر و کاربەدەستەکانی دەسەڵات بە هۆی پەرەگرتنی قەیرانەکان و دەستەوەستانی ڕێژیم لە بەرامبەریاندا، ناڕەزایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و دەنگی ناڕازیبوون لە ڕێژیم و دەسەڵاتدارە جۆراوجۆرەکانیان بەرزتر دەبووەوە.

ئەوەی لە خۆپیشاندانەکان و دەربڕینی نارەزایەتییەکان لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەکەوتە بەرچاو و لە کۆی هەمواندا کە هەر جارەی بە بیانوویەک دەهاتنە سەر شەقام، چاوەڕوانی خەڵک بوو بۆ گۆڕانێکی بنەڕەتی کە کاریگەری هەبێ لە سەر ژیان و کەسایەتی ئێرانییەکان وەک مرۆڤێکی ئەم سەردەمە و گێڕانەوەی کەرامەتی ئینسانی لە دەستچوویان. شتێک کە بە دوای دروستبوونی کۆماری ئیسلامی و بە دەسەلات گەیشتنی بەشێک لەو ئاخووندانەی کە بە سەپاندنی بیری تایبەتی و مەزهەبی خۆیان بە سەر هەموو بەشەکانی ژیانی خەڵکدا، بەرەبەرە لە دەستیان دابوو. ئێستا دوای زیاتر لە چوار دەیە

دەسەڵاتداری خۆسەپێنەرانەی کۆماری ئیسلامی ئەو قەناعەتە لای تێکڕای خەڵک دروست بووە، کە ناتوانن چیدی چاوەڕوانی گۆڕانێک بن لە نیزامێکدا کە کەمترین بایەخ بە مافەکانیان نادا و هەر بۆیە ئەگەر گۆڕانێک دەبینین گۆڕانی بیرکردنەوەی خەڵکە کە بۆ چارەسەرسەری کێشەکانیان و گەیشتن بە ئازادی و مافەکانیان ڕووبەڕووی تێکڕای دەسەڵاتدارانی ڕێژیم دەبنەوە و ئازادی خۆیان لە نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دەبیننەوە. خۆپیشاندانەکانی چەند حەوتووی ڕابردووی ئێران بە جیاوازییەکی زۆر لەگەڵ هاتنە سەر شەقامی خەڵک لە ساڵانی ڕابردوودا ئەم پەیامەشی بە گوێی دنیا گەیاند کە ڕێژیم لە بەرامبەر کێشەکانیدا پشتیوانیی خەڵکی ئێرانی نیە و ئەوان چارەسەری کێشەکان لە نەمانی ئەو ڕێژیمەدا دەبیننەوە.

خۆپیشاندانەکانی ئەمساڵ ئەوەشی دەرخست کە ئیستا ئیتر وەک ساڵی ٨٨ ئەوە تەنیا تاران نیە کە بۆ دەرخستنی ناڕازیبوونیان لە دزینی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماردا بێنە سەر شەقام و ڕێپێوانی ملیۆنی سازکەن. یا وەک ساڵی ٩٦ تەنیا شاری مەشهەد و چەند ناوچەیەکی بەرتەسک نابێتە شوێنی دەربڕینی ناڕەزایەتی تەنیا لە دژی کاربەدەستانی دەوڵەتی، بەڵکوو ئەم جارە و بە هۆی ناڕازیبوونی تێکڕای خەڵکی ئێران و گەیشتن بە قەناعەتی چارەسەری یەکجاری کە نەمانی کۆماری ئیسلامییە، زۆربەی پارێزگا و ناوچەکانی ئێران بوونی مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و کە بەداخەوە بەهۆی سیاسەتی هەمیشەیی ڕێژیم لە وڵامدانەوەی خەڵک قوربانی زۆری لێکەوتەوە. ئەگەر ساڵانی ڕابردوو ناوەندی ئێران و گەورە شارەکان تەنیا بە مەبەستی فشار خستنە سەر دەوڵەت جووڵەیەکیان تێدا بوو و ناوچەکانی دوور لە ناوەند بە تایبەت کوردستان کە بەردەوام لە خەبات و ڕووبەڕووبەنەوەدا بوون بەرامبەر بە دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی بە تەنیا دەمانەوە، ئەم جارە زۆربەی ئەو شوێنانە لە شاری گەورەی وەک شیراز و ئێسفەهان هەتا کوردستان و خووزستان هاوشان لەگەڵ یەکتر و بە یەک دەنگ مەیدانی نیشاندنی ناڕازیبوونی خۆیان بەرینتر کرد و بە تێکەڵ بوونی خوێنی کورد و عەرەب و ئازەری و فارس مەیدانی خەباتیان ڕەنگاند و هاوبەشی خۆیان لە بەردەوامی خەباتی هاوبەش و گەیشتن بە مافەکانیان دەرخست.

لەم نێوەدا بۆ خەڵکی کوردستان کە چوار دەیەیە لە ژێر قورسترین باری سەرکوت و داپڵۆسیندا خۆی ڕاگرتووە و ملی بۆ زۆرداری کۆماری ئیسلامی ڕانەکێشاوە و بەردەوام سیاسەتی فریودەرانەی کۆماری ئیسلامی هەوڵی دابڕانی تێکۆشەرانی ناوچەکانی دیکەی ئێرانی لە ئامانجەکانی خەباتی بەردەوامی ئەم گەلە لە دژی ڕێژیم داوە، زۆر گرینگە کە بەردەوامی هاوخەباتی مەیدانیی هەموو خەڵکی ئێران ببێتە تێگەیشتنێکی واقیعی لە ماهییەتی ڕێژیم و مافی هەموو نەتەوە و دانیشوانی ئێران. پێویستییەک کە دەتوانێ یەک ڕیزی خەباتکارانی هەموو بەشەکانی ئێران بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پتەوتر بکا بە جۆرێک کە ڕێژیم چیدیکە نەتوانێ لە جیاوازییەکانی نێوان نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران کەڵک وەرگرێ و لە دژی یەکتر بەکاریان بێنێ و هەوڵ بدرێ ئەم هاوخەباتییە ببێتە هۆی هاوپێوەندییەکی ڕێکخراو لە

نێوانیاندا بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی زۆردارانەی ڕێژیم کە بۆ مانەوەی خۆیان بەردەوام هەوڵی دووبەرەکینانەوە و بەگژداچوونەوەی ئازادیخوازانی داوە.

بێگومان لەم هەلومەرجە هەستیارەدا کە دەردەکەوێ نەبوونی بەرنامەیەکی ڕاگەیێندراو و ڕێبەرییەکی هاوبەش یەکێ لە لاوازییەکانی ئەم بزووتنەوەیە، ئەرکی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات و پێشکەوتنخواز زیاتر دەبێ و پێویستە هەموو لایەک بە بەرپرسیاریەتی زیاترەوە و بۆ ڕێبەری کردنی ئەم بزووتنەوە گشتییە هەنگاوی بەکردەوەی جیددی هەڵێننەوە. لە کوردستان کە بەردەوامی خەباتێکی چل ساڵەی خەڵک بە ڕێبەری حیزبە شۆڕشگێڕەکانی لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەزموونێکی زۆری لە دوای خۆی بەجیهێشتووە، ئیستا ئەرکی هێزەکانی کوردستان بە تایبەت ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران گەلێک گرینگترە کە بە پشت بەستن بە پوتانسییەلی بەرزی شۆڕشگێرانەی خەڵک و ئەزموونی ڕێبەری کردنی شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەبات، یارمەتیدەربن بۆ دروستکردنی هاودەنگییەکی بەهێز لە نێوانیاندا و بە بەرنامەیەکی دیار و هاوبەش بۆ ئەم قۆناغە و بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن هەنگاو باوێن. هەروەها دەکرێ بزووتنەوەی کوردستان و ئێعتباری ڕێبەری ئەم بزووتنەوە بکرێتە هەوێنی دروستکردنی بەرەیەک لە هێزە شۆڕشگێڕەکانی ناوچەکانی دیکەی ئێران بۆ ڕێبەری کردنی بزووتنەوەی گشتی خەڵک بۆ کۆتایی پێهێنان بە دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی.

(لە ژمارەی ٧٦٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------------------

## بابەتی ساڵی: ٢٠٢٠

------------------------------------------------

## بۆچی بایکۆت و هەڵبژاردن لەپێناو چیدا؟

لە مانگی ڕەشەمەدا و تا کەمتر لە دوو مانگی دیکە هەڵبژاردنی نوێنەرانی دەورەی یازدەهەمی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی لە ئێران بەڕێوە دەچێ. مەجلیسێک کە بە دوور لە هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ چۆنیەتیی ڕێکخستنی هەڵبژاردنی ئەندامەکانی و بەکارهێنانیان بۆ مەبەستە سیاسییە تایبەتەکانی خۆیان، خەڵک هەمیشە چاوەڕوانیی ئەوەیان هەبووە هەتا نوێنەرانی هەڵبژێردراویان، مەجلیس بکەنە سەکۆی دەربڕینی هاواری پڕ لە دەرد و مەرگی ئەوان. دیارە هەڵبژاردن لە ئێران و لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هەرگیز نەیتوانی شێوازێکی دێموکراتیک بۆ دیاریکردنی نوێنەرانی خەڵک بە خۆوە ببینێ، بەڵام ئەوە بەو مانا نەبووە و نییە کە خەڵک تەسلیمی ئیرادەی دەسەڵاتداران بوون و بە شێوەی بیرکردنەوەی ئەوان بڕواننە هەڵبژاردن.

هەروەک لە چەند قۆناغی جیاجیادا دەبینین کە خەڵک لە زۆربەی شوێنەکانی ئێران و بەتایبەت لە کوردستان هەڵبژاردنیان دەکردە بیانوویەک بۆ دیتنەوەی مەیدانێک بۆ دەربڕینی ویست و داخوازییەکانی خۆیان. لە کوردستان لە زۆر لە دەورەکانی پڕۆپاگاندای هەڵبژاردندا دیتوومانە کە سەکۆی تەبلیغاتیی کاندیداتۆرەکان بۆ مەجلیس و تەنانەت سەرۆککۆماریش کراوەتە شوێنی دەربڕینی دروشمە سیاسییەکان و بەرزکردنەوەی دەنگی داخوازە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان و، بەم شێوە دروست کردنی فەزای یەکدەنگ و یەکڕەنگی هەڵبژاردنیان کە ڕێژیم بە دوایەوە بوو دەشکاند. چالاکانی بەهەست و لەسەرپێ دەیانزانی کە لە کاتی هەڵبژاردندا کەمتر پەلاماری خەڵک دەدرێ و ئەوەشیان بە دەرفەتێک دەزانی کە بۆ لەقاودانی سیاسەتی ڕێژیم بەرامبەر خەڵکی کوردستان بەباشی کەلکی لێ وەرگرن و ئەم شێوازە ڕووبەڕوو بوونەوەش لە بەرامبەر سیاسەتەکانی ڕێژیمدا زۆر جار ئاکامی باشی لە خۆی بەجێ هێشتوە. بە جۆرێک کە ئەگەر ڕێژیم هەموو هەوڵی خۆی دەدا هەتا مەجلیس وەک کۆڕێکی یەکدەنگ بۆ پشتیوانی سیاسەتەکانیان دەرکەوێ بەڵام هەر لە دەورە جیاوازەکانی ئەو مەجلیسەدا کەم نەبوون لەو نوێنەرانەی کە پشتیان لە خەڵکەکەیان نەکرد و وەفای خۆیان بۆ ئەو دەنگدەرانەی بە هیوایەکەوە پشتیان گرتبوون دەربڕی. لە ڕاستیدا ئەگەر مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی وەک دەسەڵاتی دەرکردنی یاسا، بەگشتی شوێنێک بووە بۆ پشتگیری لە سیاسەتەکانی ڕێژیم بەڵام ئەوە بەو مانا نەبووە کە تێکڕای نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک بووبێتنە گۆپاڵی دەستی ئەو ڕێژیمە. هەر چۆنێک بێ ئێران زۆر قۆناغی جۆراوجۆری تێپەڕاندوە و داخۆ ئێستا دوای ئەو هەموو ئاڵوگۆڕەی هاتووەتە پێش دیسان دەکرێ وەک قۆناغەکانی پێشوو چاو لە مەجلیس و هەڵبژاردن بکرێ؟

لە دوای چل ساڵ ئێران پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ. لە لایەکەوە بەهۆی سیاسەتی ناواقیعی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە هەڵقوڵاوی بیری تەسک و تێنەگەیشتنی دەمڕاستەکانی ئەو ڕێژیمە لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەیە، وڵات بەرەو نوقم بوون لە قەیرانگەلێکی وێرانکەر خزیوە و ئەمەش بووەتە هۆی زۆربوونی نارەزایەتی لەدژی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم. لە لایەکی

دیکەشەوە ئاشکرابوونی سیمای درۆزنانەی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان ڕێگەی فریودانی زیاتری خەڵکی بەستوە و دەردەکەوێ چیی دیکە خەڵکی ئەم سەردەمە لە دەشتی کەربەلا و قودسدا بە دوای نانی خۆیاندا ناگەڕێن. خەڵک لەوە تێگەیشتوون کە هۆکاری برسی بوونی خۆیان و ژن و منداڵیان، هۆکاری دواکەوتوویی وڵات و لەبەر یەک هەڵوەشانی بنەماکانی ژیانی کۆمەڵگە، بوونی ئەو ڕێژیمە و سیاسەتی ئەو دەسەڵاتدارانەیە کە بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا جگە لە برسی کردنیان لە ڕشتنی خوێنیشیان ناپرینگێنەوە. جگە لەوە ئەمجار هەوڵی بە ئاشکرای یەکدەست کردنی دەسەڵات، کە ئەگەر پێشتر دەیانویست بیشارنەوە و کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە چنگ یەک کەسدا و ئەویش تەنیا ڕێبەر ئەو پەیامە بە خەڵک دەدا کە ئەگەر لە یاسای بنەڕەتیدا باس لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دەکرێ لەمەوبەدوا تەنیا یەک دەسەڵاتە و ئەوی دیکە دەبێ چاولێکەر بێ. دامەزرانی بنیادێکی کە لە هیچ شوێنێکی یاساکانی ئێراندا باسی لێوە نەکراوە بە ناوی شۆڕای بەرزی هاوئاهەنگیی ئابووری کە لە لایەن سەرۆککۆمار، سەرۆکی دەزگای داد و سەرۆکی مەجلیس و لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی ڕێبەردا بەڕێوە دەبرێ. نموونەیەکی بەرچاوی بێئێعتبار کردنی مەجلیس و ئەندامەکانیەتی.

بەمجۆرە ئەگەر پێشتر شۆڕای نیگەهبان و مەجلیسی تەشخیسی مەسڵەحەت و نەزارەتی ئیستسوابی و لە سەروو هەمووانەوە حوکمی حکوومەتی، کۆسپی سەر ڕێگەی ئەو نوێنەرانەی مەجلیس بوون کە ئەگەر کەمیش بوون دەیانویست ببنە دەنگی ڕاستەقینەی خەڵک، ئێستا ئیتر ئەم دامەزراوە تازەیە کە ئێعتبارێکی بۆ مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی نەهێشتووەتەوە، پێیان دەڵێ کە مەجلیس تەنانەت دەسەڵاتی پاراستنی مافەکانی خۆیشی نییە چ بگا بە مافەکانی خەڵک. جگە لەوەش سەرەڕای درێژەی وەزعی نالەباری ژیانی خەڵک، بەردەوامیی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە سەرکوتی بێبەزەییانەی هەر چەشنە ناڕەزایەتییەکی خەڵک لەدژی سیاسەتەکانیان کە دوایین نموونەی ڕووبەڕووبوونەوەی جینایەتکارانەی خۆپیشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەر بوو، دەریخست کە ڕێگەیەکی دیکە بۆ خەڵک نەماوە جگە لە خەبات و بەربەرەکانی بۆ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ئێراندا و لەنێو بردنی هەموو ئەو کۆت و بەندانەی لەسەر ڕێگەیان داندراوە.

ئێستا ئیتر تووڕەیی خەڵک لە سەرانسەری ئێران و لە کوردستان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گەیشتوەتە ئاستێک کە بە دوور دەبینرێ خەڵک هیچ هیوایەکی بەو شێوە ئاڵوگۆڕانە مابێ و لە هەڵبژاردندا بەشداری بکرێ. هەر بۆیە پێویستە هەموو لایەک بە وردی بڕواننە وەزعی ئێستا و بۆ نیشاندانی بەهێزی ئیرادەی خەڵک بەتایبەت لە کوردستان، بیر لە چونیەتیی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پیلانەکانی ڕێژیم بکەنەوە و بۆ دەرخستنی ئاستی بەرزی ناڕەزایەتیی خەڵک لە ڕێژیم و دەسەڵاتدارەکانی بایکۆتی ئەم دەورەی هەڵبژاردنی مەجلیس بکەنە دروشم و ئەرکی سەرەکییان. لەم دەورەدا دەبێ ئەو پەیامە بە گوێی جیهان بگا کە ئەگەر ڕێژیم لە کاتی هاتنە سەر شەقامی خەڵک بو دەربڕینی داخوازییەکانیان بە گوللە وڵامیان دەداتەوە، خەڵکیش بە نەچوونە سەر شەقام و دەنگنەدان لە هەڵبژاردندا ناڕەزایەتیی دووبارەی خۆیان نیشان

دەدەنەوە. دەبێ هەموو لایەک ئەمە وەک ئەرکێکی گرینگ لە بەردەم خۆیاندا ببینن کە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بەشدارانی هەڵبژاردن، نیشاندەری ئاستی بەرینی نارەزایەتیی خەڵکە و ئەم جارە ئەمەش مەیدانێکە بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی گشتی لە رێژیم و سیاسەتەکانی.

(لە ژمارەی ٧٦٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠٢٠

--------------------------------------------

## لە بەفرانباری ٩٦ بۆ بەفرانباری ١٣٩٨

تەنیا دوو ساڵی دیکە لە سەر تەمەنی پڕ کارەساتی کۆماری ئیسلامی زیاد بوو. پاش ئەوەی لە بەفرانباری ١٣٩٦ خەڵکی ناڕازی شارە گەورەکانی ئێران سەرەتا لە دژی گرانی و بێکاری ڕژانە سەر شەقامەکان و دواتر دروشەکانیان بوو بە مردن بۆ دیکتاتۆر و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی. ئەوان ئەو دەم تەنیا سێ ڕۆژ لە سەر شەقام بوون و بە دوای هێرشی سەرکوتکەرانی کۆماری ئیسلامی بەرەبەرە کۆتایی بە خۆپیشاندانەکانیان هات. هەر چەند ئەو دەم بەشێک لە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی هەوڵیان دا ئەمە وەک کێشەی خەڵک لە گەڵ دەوڵەت و بێ بەرنامەییەکانی ڕووحانی بخەنە بەر چاو، بەڵام دروشمی خۆپیشاندەران و وتنەوەی نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی سنووری نمایشیی نێوان باڵەکانی ڕێژیمی تێک دا.

ڕێژیم بە سەرکوتی دوو ساڵ لەمەوبەری ئەو خۆپیشاندانانە جارێکیتر ویستی دەسەڵاتی خۆسەپێنی خۆی بداتەوە بەڕووی خەڵکیدا بەڵام هەرگیز نەیتوانی ئەو خەڵکە لە دەربڕینی داخوازییە ڕەواکانیان بترسێنێ و بۆ هەمیشە بێدەنگیان بکا. تەنیا دوو مانگ لەمەوبەر و لە مانگی خەزەڵوەردا بوو کە خۆپیشاندانی بە ملیۆنان خەڵک لە زیاتر لە ١٠٠ شار و شارۆچکەی گەورەی ئێران دیسان دەنگی بەرز و دلێری نارەزایەتی لەم دەسەڵاتەی گەیاندە گوێی دنیا. سەرکوتی ئەمجارە بێ بەزەییانەتر بەڵام خۆڕاگری خەڵک لە بەرامبەر هێزە سەرکوتکەرەکاندا قایمتر و بەهێزتر بوو. کوشتنی ڕاستەوخۆی سەدان کەس لە شەقامەکاندا و گرتنی هەزاران کەس کە زۆر لەوانیش لە زیندانەکان و یا لە ڕێگەی گواستنەوەیاندا بۆ

زیندان کوژران و ئاماری کوژراوەکانی گەیاندە سەرووی ١٥٠٠ کەس، پاشەکشەی بە خەڵک کرد و بێدەنگییەک بەسەر وڵاتدا کشا. بەڵام هەموو لایەک دەیانزانی ئەمە کۆتایی کار نیە و خەڵک واز لە مافە زەوتکراوەکانیان ناهێنن.

ئیستا ڕاست دوو ساڵ بە سەر هاتنە سەر شەقامی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لەدژی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەر و سەرکردە جۆراوجۆرەکانی لە بەفرانباری ١٣٩٦ تێدەپەڕی. دیسان بەفرانبار و دیسان هاتنە سەر شەقام و دیسان دەنگی بەرز و دلێر و هاواری پڕ بە قوڕگی خۆپیشاندەرانی ناڕازی و مەرگ بۆ خامنەیی. ئەگەر تەنیا چاو لە بوونی خۆپیشاندانەکان بکەین شتێکی سەیر ڕووی نەداوە. لە هەموو ئەو ساڵانەدا بەردەوام توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵگە بە هۆکاری جیاجیا و بە مەبەستی تایبەتی خۆیان، مانیان گرتووە یا خۆپیشاندانیان وەڕێ خستووە. بەڵام ئەوەی لەو بەفرانبار هەتا بەفرانباری ئەمساڵ گۆڕاوە جێی سەرنجە. لە بەفرانباری پێشوودا ئەگەر لە هێندێک شوێن دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر بیسترا، دروشمی مەرگ بۆ ڕووحانی و هێرش بۆ سەر دەوڵەت و سیاسەتەکانی قسەی زیاتری ئەو خەڵکە بوو. ئایا خوێندنەوەی ئەو خەڵکە لە بەرەو خراپ چوونی وەزعی ئێران ئەوە بوو کە دەوڵەت بە جیا لێی بەرپرسە یا بەرەو ئەو ئاقارە هیدایەت دەکرا، ئەو دەم جێی پرسیار بوو. بەڵام ئیستا تەنیا دوای دوو ساڵ تێپەڕبوون بە سەر خۆپیشاندانەکانی بەفرانباری ٩٦دا دەبینین گۆڕانێکی زۆر بە سەر قسە و دروشم و داواکارییەکانی خەڵکدا هاتووە. دروشمەکانی بەفرانباری ئەمساڵ بوونەتە تیرێک و ڕاست دڵی نیزامی کۆماری ئیسلامییان کردوەتە نیشانە. ئەگەر لەم دروشمانە ورد ببینەوە "سلێمانی قاتڵە و خامنەیی جاهیلە" یا "مەرگ بۆ ئەسڵی ویلایەتی فەقیە"، "مەرگ بۆ ستەمگەر جا چ شا بێ چ ڕێبەر"، " کۆماری ئیسلامیمان ناوێ" و " کوژراومان نەدا تا سازش بکەین ڕێبەری قاتڵ ستایش بکەین" و زۆر دروشمی دیکە لە دژی خامنەیی و سپای پاسداران و تێکڕای نیزام دەریدەخا کە ئەو خەڵکە دوای تاقیکردنەوەی هەموو ڕێگاکان و وڵام نەدانەوە بە هیچ یەک لە داخوازییەکانیان کە ئەمەیان دەبێ لە ماهییەتی ڕێژیمدا ببیننەوە، ئیستا مان و داهاتووی خۆی و وڵاتەکەیان لە گرەوی نەمانی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەر و دەستوپێوەندە حکوومەتی و دەوڵەتییەکەیدا دەبینن. ئیستا زیاتر دەردەکەوێ لە نێوخۆی ئێران خەڵکی ناڕازیی لە بوون و مانەوەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی، ڕۆژبەڕۆژ پەرە بە دەربڕینی ناڕەزایەتییەکان و خۆڕێکخستن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یەکجاری بەرامبەر بەو ڕێژیمە دەدەن. ئەوان کە زیاتر لە هەموو لایەنێکی دیکە هەست بە مەترسییەکانی درێژەکێشانی دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە دەکەن، پشتبەستوو بە ئیرادە و تواناکانی خۆیان ڕێگەی کۆتایی هێنان بە تەمەنی دەسەڵاتداری ئەم ڕێژیمە دەپێون و هیچ هەلێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجەیان لە دەست نادەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی جانێوێری ٢٠٢٠

-------------------------------------------- -------



سەرچاوە Serchawe

## خامنەیی ئێران بەرەو کوێ دەبا؟

چل ساڵە بەڕێوەچوونی نوێژی هەینی لە ئێران و بە تایبەت لە تاران بووەتە ڕێوڕەسمێکی سیاسی. لە تەواوی ئەو ساڵانەدا دەسەڵاتدارانی ڕێژیم هەوڵیان داوە لە کۆبوونەوەی خەڵک لە بەڕێوەبردنی ئەرکی ئایینیی خۆیان لە نوێژی هەینیدا، بە مەبەستی سیاسی و ڕاهێنان و هاندانی خەڵکی نوێژکەر بۆ پشتیوانی بەرنامە و پیلانەکانیان کەڵک وەرگرن. بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن دەزگایەکی تایبەت سەر بە ڕێبەرەوە بۆ هەر هەینییەک ڕیزە بابەتێک بڕیاری لەسەر دەدرێ و پێشنوێژەکان دەبێ لە خوتبەی پێش نوێژدا باسی بکەن. لەم نێوەدا ڕەنگە هێندێک شار دیارتر بووبن، بەڵام تاران و نوێژی هەینییەکەی کە بە زۆری لە زانکۆی تاران بەڕێوە دەچوو سەرنجڕاکێشتر بووە لەوانی دیکە. پێشنوێژی تاران یا کەسێکی دیار بووە لەنێو ئاخووندەکاندا یا بەپێی پێویست ڕێبەر یا کەسێکی دەستنیشانکراوی ئەو و بە مەبەستی تایبەت و لە کاتی تەنگانەیەکی سیاسیدا ئەم ئەرکەی بەڕێوە بردوە. ماوەی هەشت ساڵ بوو خامنەیی نەچووبووە پشت ئەم تریبوونە، هەتا چەند ڕۆژ پێش دوایین هەینی بەفرانبار، ڕاگەیەندرا کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی پێشنوێژی ئەم هەینییە دەبێ. بێگومان پرسیارێکی زۆر لای خەڵک و چاوەدێران دروست ببوو کە دەبێ چ پەیامێکی نوێ کە کاریگەری هەبێ لەسەر پێویستی گۆڕانکارییەکان لەلایەن ڕێبەرەوە بڵاو بێتەوە؟ وەزعی نالەباری ڕێژیم، فشارە دەرەکییەکان و دەستەوەستانیی ڕێبەر لە بەرامبەریاندا و گرینگتر لە هەمووان پەرەگرتنی ڕۆژ لەدوا ڕۆژی دەربڕینی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران لە سەر شەقام و لە شارە گەورەکان و بەپێی دروشمەکان بە چالش کێشانی ڕاستەوخۆی ڕێبەر و نیزامەکەی لە لایەن ئەو خەڵکەوە، درێژەدان بە جینایەتەکانی سپای پاسداران و هێزە سەرکوتکەرەکانی دیکەی ڕێژیم کە تەنیا لە دوو ڕۆژی کۆتایی مانگی خەزەڵوەردا زیاتر لە ١٥٠٠ کەسیان کوشت و بە هەزارانیشیان بریندار و دەسبەسەر کرد و بوو بە هۆی زیاتر بوونی تووڕەیی خەڵک، برینداربوونی دڵی میلیۆنان ئێرانی و هەست بە شەرمەزارییان لە ئاست کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهۆی خستنە خوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە لە لایەن پەدافەندی مووشەکی سپای پاسداران و گیان ئەستاندنی ١٧٦ مرۆڤ کە زۆربەیان ئێرانی و کەسی شیاو و پێگەیشتوو بوون، و زۆر کێشەی دیکە ئەو چاوەڕوانییەی تەنانەت لای دەوڵەتەکەیشی دروست کردبوو کە ڕەنگبێ بە فەرمانێکی نوێ ڕێی چارەسەری کێشەکانیان نیشان بدا.

٢٧ی مانگ و کاتی نوێژی هەینی گەیشت و ڕێبەر لە سەکۆی خەتابەتدا قسەکانی دەست پێکرد. هەر زوو دەرکەوت کە بەردەنگی ئەو، خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و چاوە زەقبووەکانی دنیای دەرەوە نین کە بزانن چ گۆڕانێکی نوێ لە سیاسەتی ڕێژیمدا هاتووەتە ئاراوە هەتا لە زمان ڕێبەرەوە بیبیسن و چۆنیەتیی چارەسەری کێشە کەڵەکەبووەکانی تێدا ببیننەوە. بەردەنگی قسەکانی ڕێبەر تەنیا ئەو چەند هەزار کەسە بوون کە فشارەکانی دەرەوە و خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و



سەرچاوە
Serchawe

دەستەوەستانیی ڕێبەرانی نیزام، ترسی خستووەتە دڵیان کە درەنگ یا زوو کۆشکی هیواکانیان دادەڕمێ و جێگە و پەنایەکەیان بۆ نامێنێتەوە هەتا مەدحی کۆماری ئیسلامی تێدا بکەن. بۆ بەشەکەی دیکەی خەڵکی ئێرانیش کە لەبەر چاوی ئەودا چەند سەد کەسێکن هەڕەشە بوو بۆ لە نێوبردنیان. باسەکانی خامنەیی لە چەند تەوەرێکدا کۆببۆوە کە هەمووی ڕوو لە دەورەوە بوو. ئەمریکا، وڵاتانی ناوچە، ئازایەتییەکانی سپای قودس و هێرشی مووشەکی. بەمجۆرە ناوبراو خۆی دزییەوە لە باسکردن لە سەرەکیترین کێشەکانی نێوخۆیی کە بوونەتە بەڵا بۆ گیانی نەخۆشی ڕێژیمەکەی. خامنەیی بە پێداهەڵگوتن بە سپای قودسی پاسداران و بەخشینی نازناوی قارەمانانی بێسنوور و پێداهەڵگوتن بەو شەڕانەی لە وڵاتانی ناوچە وەک لوبنان و سووریە و یەمەن و عێراق هەڵایساندوون مەبەستی بوو بەهێزیی خۆی لەوێوە بە چاودا بداتەوە. شەڕێک کە خۆی دانی پێدادەنێ کە بۆ دوورخستنەوەی شەڕ لە ئێراندا بووە. بە مانایەکی دروست بەکوشتدانی دەیان هەزار کەس و ماڵوێرانکردنی بە میلیۆن کەسی دیکە لەو وڵاتانە بۆ دوورخستنەوەی ئاگری شەڕ لە خۆیان و لە ماڵی خۆیان بووە نەک بۆ ڕزگاربوونی ئەو وڵاتانە لە چنگ ئیستێکبار. ئاغای خامنەیی لە حاڵێکدا باسی سپای قودس وەک نیهادێکی ئینسانی بە ئەنگیزەی ئینسانییەوە دەکا کە هەموو دنیا شاهیدن کە ئەم نیهادە ئینسانکوژە بۆ ڕاگرتنی نفووزی کۆماری ئیسلامی و دۆستەکانی لە ناوچەدا چ بەڵایەکی بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتانە هێناوە و چۆن فەرماندە کوژراوەکەی بە بکوژی منداڵانی سووریە ناوی دەرکردوە.

جەنابی ڕێبەر لە حاڵێکدا شانازیی بە لێدانی مووشەکی پایگایەکی ئەمریکایی لە عێراقدا دەکا - کە کەمترین خەساریان وێکەوت - کە بە لێدانی بە ئەنقەستی فڕۆکە مەدەنییەکەی ئۆکراین خەسارێکی زۆری گیانی و ڕۆحی لە خەڵکی ئێران دا و زیانێکی زۆری بە ئێعتباری ڕێژیمەکەشیان لەبەر چاوی خەڵکی دنیا گەیاند. بەڵام بە دەربڕینی ئەسەفێک بە سەریدا تێدەپەڕێ و ئەمەش دەکاتە بەهانەیەکی دیکە هەتا وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت ئەمریکا و خەڵکی ناڕازی ئێران وەبەر پەلامار بدا. لەوێشەوە دەپڕژێتە سەر مەسەلەی بەرجام و هێرش بۆ سەر سێ وڵاتی ئورووپایی کە بوونەتە دواکەوتەی ئەمریکا و هەڕەشەی ئەوەشیان لێدەکا کە ئەمریکا چیی پێکراوە هەتا ئێستا ئەوان بتوانن بیکەن. بەم ڕوانین و دەربڕینەوەیە کە هەموو لایەک هەست بە تێکشکاویی دەروونیی ڕێبەری نیزام دەکەن و دەزانن کە ڕێگەی فریودانی لێ بەستراوە و چیدیکە ناتوانێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە لاڕێدا بەرێ. هەر بۆیە تەنیا یەک ڕێگە لەبەر دەم خۆی و لایەنگرانیدا دەبینێتەوە کە خۆبەهێزکردنە. ئەویش نەتەنیا بە هێزی نیزامی بەڵکوو بە هێزی ئابووریش. سەیر ئەوەیە ڕێبەر لە حاڵێکدا ئەم فڕوفیشاڵانە دەرخواردی لایەنگرانی دەدا کە تەنانەت خۆیشی دەزانێ ئابووریی وڵات کەوتووەتە چ قۆناغێک لە داتەپین و ئەوان تازە توانای ڕاگرتن و هەستاندنەوەیان نەماوە. لەوەش گەڕێین کە ئابووریی وڵات بە هۆ و پشتیوانی خەڵکەوەیە کە دەتوانێ لەو هەموو قەیرانە ڕزگاری بێ و ئەوەی ئێستا خەڵک دەیانەوێ لە چنگی ڕزگاریان بێ ڕێبەر و نیزامەکەیەتی کە هۆکاری بەردەوامیی ماڵوێرانییەکانی ئێران و خەڵکەکەیەتی. ئەو خەڵکە ڕاپەڕیوەی کە لە



سەرچاوە
Serchawe

مەیدانی ڕاستەوخۆی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵیان ڕۆیشتنی ڕێبەر و نیزامەکەی بە یەکەوە داوا دەکەن. بێگومان مانەوەی خامنەیی دەتوانی ئێران بەرەو دنیایەکی تاریکتر بۆ ئێرانییەکان پاڵ پێوەنێ و هەر بۆیە خەڵک ڕزگاربوونی خۆیان لە دەربازبوون لە داوی خامنەیی و ڕێژیمەکەیدا دەبینن.

(لە ژمارەی ٧٦٦ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانیۆیری ٢٠٢٠

--------------------------------------------

## پەیامە گەورەکانی پێشەوا قازی محەممەد

### پەیامە گەورەکانی پێشەوا قازی محەممەد لە یەکبوونی کوردەوە هەتا ئیرادەی دروستکردنی دەوڵەت

(پوختەیەک لە قسەکانی کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سیمیناری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان)

ڕەنگە لە چارەگە سەعاتێکدا باس لە گەورەیی کۆماری کوردستان لە پانێلێکی وادا کارێکی ئاسان نەبێ و زۆریش ئەستەم بنوێنێ، بەڵام بە بۆنەی یادکردنەوەی هەر بەکورتیش بووبێ باسێکی لەسەر بکرێ، کە جێگەی خۆیەتی و دەتوانین بڵێین جۆرێک زیندووکردنەوەی هەموو ئەو ڕۆژانەیە کە کۆماری کوردستانیان بەرەو دامەزراندن برد و، هەموو ئەو ڕۆژانەی کە کۆماری کوردستانی تێدا ژیا و هەموو ئەو دەرسانەی کە لە دوای کۆماری کوردستانیش بۆ ئێمە وەکوو نەتەوەی کورد ماوەتەوە.

یەکێک لە پەیامە گەورەکانی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد یەکبوونی کورد بووە، ئێمە هیواداریین بتوانین بەیەکەوە وڵامدەری ئەو پەیامەی پێشەوا قازی محەممەد بین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کورد. بەڵام لەسەر ئەسڵی مەسەلەکە کە بەحسێکی زۆر دوور و درێژە، من بەکورتی ئاماژە بە چەند شت دەکەم کە ئەویش نە وەکوو هۆکار، چونکە کۆماری کوردستان ڕووداوێکی کوتوپڕ نەبووە هەتا هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانەکەی هەبووبێ - هۆکار زیاتر بۆ ڕووداو بەکار

دێ -، من پێم وایە دەبێ بیر لە بەستێنەکانی پێکهاتنی کۆمار یان دامەزراندنەکەی بکەینەوە. ئەگەر وەک بەستێن چاوی لێبکەین من پێم وایە لە باری مێژووییەوە و لە باری نەتەوەییەوە شۆڕشەکانی پەنجا ساڵ پێش لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەبێ بخەینە بەر باس و، بە تایبەتی ئەو شۆڕشانەی لە دوای کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی دەستیان پێکرد، بە تایبەتی بە هۆی داگیرکاریی بریتانیا و فەڕانسە لە مەنتەقەدا و بە تایبەتیتر لە عێراق و سووریە کە تازە دابەش کرابوون. هاتنە ئارای دوو دەوڵەتی نوێ وەکوو دەوڵەتی تورکیە و دەوڵەتی نوێی ئێران - نەوەکوو بڵێین وڵاتێکە دەوڵەتی لێ دروست بووبێ دەزانین کە ئێران بۆخۆی لە باری دەوڵەتدارییەوە سابقەیەکی چەند هەزار ساڵەی هەیە- بەڵام هاتنە سەرکاری دەوڵەتێکی نوێ کە ئەویش دەوڵەتی ڕەزاشا بوو.

ئەگەر بڵێین بە جیاوازیی زۆرەوە بەڵام هەوڵدانی تورکیە یا بڵێین ناتەبایی تورکیە لەگەڵ کێشەی کورد - چون [تورکیە] دەوڵەتێکی تازە دامەزراو بوو و کێشەی کوردی وەک هەمیشە مەترسییەک بۆ لەباربردنی ئەم دامەزراوە تازە وەک دەوڵەت تورکیە دێتە دی- زۆرترین شۆڕشەکان لەم سەردەمەدا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، ئێمە لە کوردستانی باکووردا دەیبینین. شۆڕشی زۆر کرا بەڵام لە گرینگترین شۆڕشەکانی ئەو سەردەمە دەتوانین ئاماژە بە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانە لە ساڵی ١٩٢٧، شۆڕشی ئارارات لە ساڵی ١٣٣٠، شۆڕشی دێرسیم لە ساڵی ١٩٣٦ و ئەو شۆڕشانەی تریش کە لە بەینی ئەم شۆڕشە گەورانەدا لە ناوچەی جیاجیادا سەریان هەڵدەدا؛ ئەمە بۆخۆی ڕەنگە بڵێین پاشخانێکی مێژوویی باش بوو بۆ ئەوەی کە هەم دەربخا کە کورد بەردەوام لە هەموو هەلومەرجێکدا هەوڵی داوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، کە ئەو سەردەم ئەگەر بە هەموو ناو و ناتۆرە داگیرکەرییە ئیمپریالییەکان هەمیشە کوردیان وەکوو نۆکەری بەشێک چاو لێدەکرد. ئەگەر شێخ سەعیدیان وەکوو پیاوی بریتانیا، شۆڕشی ئاراراتیان بەستراوە بە سۆڤیەت و حکوومەتی ئێران یا هەر لایەنێک زانی و تۆمەتباریان کردن، بەڵام هەموو ئەمانە دەرخەری ئەوەیە کە کورد لەسەر پێیە و لە سەختترین هەلومەرجدا هەوڵی داوە بۆ ئەوەی کە بیری نەتەوەخوازی، بیری سەربەخۆییخوازی، بیری ئازادیی نەتەوەیی بەردەوام بێڵێتەوە و لە بەرامبەر ئەم زوڵم و زۆریانەدا بەردەوام بە شۆڕشی زۆر قورس و گران -هەرچەند هەزینەی زۆری ئینسانیی بۆ داوە، هەرچەند بەداخەوە کورد وەکوو نەتەوەیەک زۆر کوژراوی داوە - لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی کە سەرەکیترینیان سەربەخۆیی کوردستانە و بەداخەوە هەتا ئێستاش پێی نەگەیشتوە، بەڵام بەم خوێندانانە زیندوویی بیری نەتەوەییان لەنێو نەتەوەی کورددا ڕاگرتوە. ئەم پاشخانە مێژووییە ئەگەر لە باکوور تێپەڕی لە ڕاستیدا لە سووریەش بە دروستبوونی خۆیبوون لە سووریە و لوبنان و دواتر لە عێراقی تازە دامەزراو دەوڵەتە نوێکان لەم ناوچەدا ئیدارەی وڵاتەکانیان بەدەستەوە گرتبوو.

سەرهەڵدانی شۆڕشی بارزانی سەردەمی شێخ ئەحمەدی بارزانی بەتایبەتی دواتر لە ساڵی ١٩٤٣دا لە نزیک کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی، شۆڕشی نوێی بارزان بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفای بارزانی، ئەمانەش بۆخۆی دەرخەری ئەوەیە کە

شۆڕشی کورد نەبەستراوەتەوە بە چوارچێوەیەک لە بەشێکی تایبەتی کوردستاندا، بەڵکوو هەموو بەشەکان لەم دابەشکارییەدا بە جۆرێک هەوڵیان داوە کە ئەم مێژووە تۆمار بکەن کە کورد لە قۆناغێکی تایبەتیدا نەژیاوە و کۆتایی بە تەمەنی شۆڕشەکانی نەهاتوە.

ئەگەر کاریگەریی ئەم شۆڕشانە لەسەر کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا بێنینە بەر باس، گواستنەوەی ئەم مێژووە و گواستنەوەی ئەم بیرە نەتەوەییە یارمەتیی داوە بۆ ئەوەی کە لە زەمانی شۆڕشی ئاراراتدا کوردەکانی ڕۆژهەڵات یارمەتیی شۆڕشی ئارارتیان داوە و، یەکێک لە کێشەکانی کە دروست دەبێ نێوان ئێران و تورکیە یارمەتیی عەشیرەتەکانی جەلالییە لە شۆڕشی ئارارات داوە و، دواتر سەرهەڵدانی شۆڕشی سمکۆ لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوایی هەڵاتنی لە زیندانی ڕەزاشا شۆڕشی دەست پێکردەوە و، چەند ساڵێک توانی ئەو شۆڕشەی ئیدامە بدا کە لە نەوعی خۆیدا دەبێ بڵێین ئەویش بۆخۆی شۆڕشێکی نوێ بوو؛ بە دەرکردنی ڕۆژنامەی "شەوی عەجەم" کە دواتر گۆڕی بە ڕۆژنامەی "ڕۆژی کورد" ڕەنگە بڵێین قۆناغێکی نوێی لە خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەست پێکرد، کە هەتا ئەودەمە نەبوو ئەویش بە دەرکردنی ڕۆژنامە و کاری تێکەڵکردنی کاری ڕۆژنامەگەری و سیاسی و کاری شۆڕشگێڕی لەگەڵ یەکتر؛ ئەمانە هەموو دەتوانن بەکگراوەندێکی نوێی مێژوویی و فکریی باش بێ کە چۆن، چ بەستێنێکی دروست کرد کە کۆماری کوردستانی تێدا دروست بێ.

دەزانین بەدوای هەموو ئەم ڕووداوە مێژوویانەدا لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان -کە بە داخەوە هەمیشە یەک کەمایەسی هەبووە ئەویش ئەوەیە کە کورد هەمیشە لە ناوچەکەدا بە تەنیا بووە-، کورد کە پێوستی بەوە بووە کە لە گۆڕانکارییە ناوچەییەکاندا بەشدار بێ بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک یا ڕۆژاوای ئاسیا هەمیشە بەشێک لەو گۆڕانکاریانە بووە. لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا، لە شەڕی دووەمی جیهانیدا، کورد هەوڵی بۆ دا بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە پێویست بوو، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە جۆرێک یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەیکە ئەم هەنگاوانە کە بەرەو پێش دەڕۆیشتن، بتوانن سەقامگیر بن و یارمەتیدەر بن بۆ جێبەجێ بوونی ئەو ئاوات و خواستانەی کورد، بەداخەوە کورد نەیتوانیوە ئەو پێگە نێو دەوڵەتییە پەیدا بکا. ئینگلیسەکان و فەڕانسەوییەکان بە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا کوردیان وەکوو مەترسییەک بۆ سەر دەسەڵاتی خۆیان، بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە عێراق و سووریەدا حیساب دەکرد.

ئێرانی پاشایەتی، شۆڕشەکانی باکووری کوردستانی وەک مەترسییەک بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی دەخوێندەوە کە پێیوابوو ڕەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی ڕۆژهەڵات. تورکیەی تازەش -کە باسمان کرد- هەمیشە کوردی وەکوو مەترسییەک دەبینی بۆ ئەوەیکە مەترسی بخاتە سەر سەقامگیربوونی دەسەڵاتەکەی، بۆیە لە هەموو لایەکەوە بە سۆڤیەتی لە دوای

شەڕی یەکەمی جیهانی بە بریتانیا، بە فەڕانسە کە ئەم سێ لایەنە کاریگەریی تەواویان هەبوو لەسەر دارشتنی نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست؛ بەداخەوە بە هەر سێکیان مۆقەفی دژایەتی لەگەڵ کوردیان پەرە پێدا هەتا ئەوەی گەیشتینە شەڕی دووەمی جیهانی.

لە شەڕی دووەمی جیهانیدا ئەگەر گۆڕانێک هەست پێبکەین ئەو گۆڕانەیە کە دوای ئەوەی ئێران و تورکیە دەکەونە ڕیزی وڵاتانی شەڕکەر لەگەڵ ئیتالیا و لەگەڵ ئاڵمان دەکەون، لە ڕاستیدا ئێران کە تازە نەیدەتوانی خۆی لەم پێوەندییە دەرباز بکا، ملی دا بە ئەوەیکە وڵاتەکەی لە لایەن ئینگلیس و سۆڤیەت لە باکوور و لە باشوورەوە داگیر بکرێ. ئەمە بۆخۆی گۆڕانێکی بڵێین نیسبی بوو لە تێکەڵبوونی کێشە نێودەوڵەتییەکان بە مەسەلەی کورد نە ئەوەی مەسەلەی کورد بە کێشە نێودەوڵەتییەکان تێکەڵ بووبێ، ئەوان بوون کە هاتنە ئەو مەسەلەی کە کوردستانیشی تێدا بوو مەجبوور بوون خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مەسەلەی کورد بکەن. ئینگلیسییەکان بەداخەوە هەر ئەو سەردەمەش دژایەتیی مەسەلەی کوردیان دەکرد، بەڵام لانیکەم سۆڤیەتەکان بە هۆی ئەوەیکە هاتبوونە ئەو ناوچانەی کە بەشێکی کوردستان بوو و تەنانەت هەتا سنەش هاتن و دواتر بەداخەوە لەوێ گەڕانەوە و، ئەو ناوچانەیان چۆڵ کرد و هەر لە مەهاباد بەرەوژوور مانەوە؛ بەڵام نەیاندەتوانی فاکتەری کورد لەوێدا لەبەرچاو نەگرن. هەر ئەم لەبەرچاو گرتنەی فاکتەری کورد بوو کە بوو بە هۆکارێک کە کوردەکان لەوێدا بتوانن مەیدانێک ببیننەوە بۆ دروست کردنی پێوەندی لەگەڵ لایەنێکی نێودەوڵەتی، ئەگەر ئەمریکای تازە نەفەس کە تازە هاتبووە مەیدانی شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و، ئینگلیسی پیر لە ناوچەدا بەداخەوە هیچ ڕوویەکی خۆشیان بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشان نەدا، لانیکەم سۆڤیەت بە هۆی دەرگیر بوونی لەگەڵ ئەسڵی کێشەکە - هەرچەند لە سەرەتاوە ئەوانیش کوردیان یا کوردستانیان وەکوو بەشێک لە ئازەربایجان لە ئێراندا دەدی، بەڵام دوایی لەگەڵ ئەمری واقع بەرەوڕوو بوون، دیتیان کە ناتوانن مەسەلەی کورد لەبەر چاو نەگرن و ئەمە هۆکارێکی باش بوو، بۆ ئەوەی کە یەکەم جار کورد بتوانێ خۆی لە بەینی ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا ببینێتەوە و ئومێد پەیدا بکا بۆ ئەوەی کە سۆڤیەت دەتوانێ یارمەتیدەری کورد بێ، هەر چەند یارمەتییەکانی سۆڤیەت بە نەتەوەی کورد کەم نەبوو لانیکەم لەو بارەوە کە بڵێین فەزایەکی دروست کرد کە تواندرا کۆماری کوردستان دابمەزرێ.

لە جەریانی دەستپێکی شەڕی دووەمی جیهانیدا هەر وەک باس کرا، تەئسیراتی مێژوویی و فکری و نەتەوەیی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە بە هۆی دروست بوونی کۆمەڵەی ژ - کاف، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەی کە بوونی سۆڤیەت و ململانێی لەگەڵ ئەمریکا و ئینگلیس لەو ناوچەدا خولقاندبووی، ئەو قەناعەتەی دروست کرد کە کۆمەڵەی ژ - کاف دەبێ شکڵێکی نوێ بەخۆی بدات و حیزبێکی نوێ دروست بێ. پێشەوا قازی محەممەد کە هەتا کۆتاییەکانی تەمەنی ئەم کۆمەڵەیە نەچووبوە ڕیزیانەوە، بەڵام دەعوەت کرا و بەشداریی ئەو لە کۆمەڵەی ژ-کافدا بوو بە هۆی ئەوەیکە لەوێ نوتفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ببەسترێ.

ئەم هەنگاوە پارمەتیی دا بۆ ئەوەی کە شایەد هەم بە جۆرێک مەسەلەی بوونی حیزبێکی دێموکرات و ئەوەی کە ببێتە جێگرەوەی کۆمەڵەی ژ - کاف - کە زۆرتر وەکوو کۆمەڵەیەکی ناسیۆنالیستیی داخراو لەو سەردەمەدا سەیر دەکرا - و، تەنانەت ئەو ناتۆرەش لەو دەدرا کە ئەوانیش هەر سەر بە ئینگلیسییەکانن، ڕەنگ بوو پارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەیکە هەم ئەمریکاییەکان، ئینگلیسییەکان، فەڕانسەوییەکان کە ئەو سەردەم لانیکەم وەکوو وڵاتانی ڕۆژاوایی خۆیان بە دێموکرات دەزانی، هەم سۆڤیەت کە بیری سۆسیالیستی و زاڵبوونی سۆسیالیستی لەسەر حکوومەتی ئەوێ و "چەسپاندنی دێموکراسی و مافی نەتەوە بندەستەکان" کە دروشمی سەرەکییان بوو، ئەو قەناعەتیان تێدا دروست بووبێ کە دەتوانن تەعامولێکی دروست لەگەڵ ئەم حیزبە و دواتر لەگەڵ ئەو کۆمارە بکەن کە بە نیازی دامەزرانی بوون.

ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی چەند مانگ دوای دامەزرانی، بڕیاری دامەزرانی کۆماری کوردستانی دا، شایەد بە هەڵسەنگاندنێکی دروست مەنتەقیانە و ئەقڵانیی پێشەوا قازی محەممەدی بزانین کە دەرکی ئەوە کردبوو کە زەمان ئەونە تەنگە کە هەر هەنگاوێکی هەڵێنێ دەبێ زۆر خێراتر ئەو هەنگاوە هەڵێنێتەوە. دامەزراندنی حیزبێک بۆ دامەزرانی کۆمارێک ڕەنگبێ پێویستیی بە زەمانێکی درێژ بێ بۆ دراسەکردن، بۆ خوێندنەوە، بۆ خۆ ئامادەکردن، بۆ سازکردنی تەواوی ئەو ئیمکاناتەی کە پێویستە لە باری مادی و ئابووری و سیاسی و دیپلۆماسی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هتد، بەڵام لەم ماوە کورتەی دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان، تەنیا پێشبینییەکانی قازی محەممەد دەخوێندرێتەوە کە چۆن وەکوو سەرکردەیەکی شارەزا لەو سەردەمەدا زانیویەتی کە زەمان چۆن بەخێرایی بەرەو پێش دەڕوا و، چۆن کورد لە بەرامبەر مەترسییەکاندا ڕادەوەستێ و، چۆن مەترسییە پێشووەکان دیسان سەر هەڵدەدەنەوە؟ هەر بۆیە کۆماری کوردستان دادەمەزرێنێ و بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان کە زۆر کەس لەوانەیکە لە موتالەعاتی مێژووییان هەیە یا مێژوو دەنووسنەوە، پێیان وایە قازی محەممەد لە کاتی دامەزرانی کۆماری کوردستانیش دڵنیا نەبووە لە پشتگیریی بەردەوامی سۆڤیەتییەکان و، زۆریش دڵنیا نەبووە لەوەیکە بتوانێ کۆمارەکەی زۆر دەوام بکا و؛ بەڵام دیسانیش وەکوو ئەرکی مێژوویی سەرکردەیەک ئەم ئەرکەی بەڕێوە برد، وەکوو سەرکردەیەک ئەم شانازییەی بۆ خۆی و بۆ حیزبەکەی و بۆ نەتەوەکەی هێنا ئارا و، هەتا ئێستاش بووەتە یەکێک لە شانازییە نەتەوەییەکانی کورد لە کوردستان.

(لە ژمارەی ٧٦٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

----------------------------------------

## بێهیوایی ڕووحانی، سەرۆکی دەوڵەتی ئومێد

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ یادی ٤١ ساڵەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی حەمەڕەزاشا بوو. لەگەڵ ئەوەی هەموو ساڵێک خەڵکی ئێران یادی ئەم ڕۆژەیان بەرز نرخاندوە، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیش هەوڵیان داوە کە ئەم هەست و هەڵوێستەی خەڵک بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە و بە ئێعتباری ڕێژیمەکەیانی دابنێن. هەرچەند هەر ساڵێک کە تێدەپەڕی ڕێژەی بەشداریکردنی خەڵک لە ڕێوڕەسمەکان کەم دەبۆوە، ڕێژیمیش بەو ڕادە هەوڵی گەورەکردنەوەی دەدا و بە بەشداریی میلیۆنی ناو دەبرد. بەڵام ئەمساڵ بە دوای خۆپیشاندانی بەربڵاوی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە چنگ ستەمکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرانسەری ئێراندا و سەرکوتی خوێناوی ئەم ڕاپەڕینە لە مانگی خەزەڵوەردا لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، سەرەڕای هەوڵ و داواکاری و پاڕانەوەیەکی زۆر لە لایەن ڕێبەرانی ڕێژیمەوە خەڵک خۆی لەم بەشداری کردنە ساڵانەیە بوارد و بەم جۆرە ڕیزی خۆیان لە دەسەڵات و دەستوپێوەندەکانیان جیا کردەوە و هۆکارەکەشی ڕوونە. ئێستا خەڵک نایانەوێ دەسکەوتەکانی ئەوان لە شۆڕشدا بە ناوی ڕیژیمەوە تەواو بێ و تەنانەت شانازیی ئەم دەسکەوتە لەگەڵ ئەو کەسانەی لە سەرکەوتنی شۆڕشدا تەنیا بیریان لە دەسەڵات کردوەتەوە بەش بکەن. هەرچەند سەرۆککۆمار گەورەیی کرد و لە وتەیەکیدا بەم جۆرە لە ڕادەی ئازادی خەڵک دوا کە "خەڵک ئازادن بێنە سەر شەقام و پشتگیری شۆڕشەکەیان بکەن"، بەڵام تەنیا دەستوپێوەندەکانی خۆیان لەو ئازادییەی سەرۆک کەڵکیان وەرگرت و لە دەوریان کۆبوونەوە.

دیارە یادی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ بە دوو هۆکاری تایبەت هەم بۆ ڕێژیم و هەم بۆ خەڵک لەگەڵ ساڵانی پێشوو جیاوازی هەبوو. یەکەم خۆپیشاندانەکانی ئەم ساڵ و سەرکوتی بێبەزەییانە و جینایەتکارانەی خەڵک و کوشتن و برینداركردنی هەزاران کەس لە سەر شەقامی شارەکانی ئێران دابڕانێکی یەکجاریی وەهای لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا دروست کرد کە خەڵکی ئێران ئامادە نەبوون هاوبەشی دەربڕینی خۆشیی ڕۆژی شورش لەگەڵ حکوومەتییەکان بن، دووهەم نزیکبوونی ئەم یادە لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی کە دەسەڵات مەبەستی بوو لەم یادە بۆ هاندانی خەڵک بۆ چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان کەڵک وەرگرن. دیارە بە پێچەوانەی هەوڵەکانی ڕێژیم خەڵک بە دەم بانگەوازی بکوژەکانی هاووڵاتیانیانەوە نەچوون و ئەمەش ئەو پەیامە دەدا کە بەو جۆرەی ڕێژیم چاوەڕوانە بازاڕی هەڵبژاردنیان بۆ گەرم ناکرێ و خراپتر لەوەش بە قسەی سەرۆککۆمار ئاغای ڕووحانی بێ، دەبێ چاوەڕوانی ڕووداوی مژدەبەخشی ئینقلاب بین.

ئەگەر سەرنج بدەینە وتەکانی حەسەنی ڕووحانی کە لە ڕێوڕەسمی تاران و لە نێو ژمارەیەکی زۆر کەمتری خەڵک لەوەی چاوەڕوانییان هەبوو قسەی دەکرد، بێهیوایی و ترس نەتەنیا لە وەزعی خۆی و دەوڵەتەکەی، بەڵکوو لە داهاتووی نیزامەکەشیان بە هەموو قسەکانیەوە دیار بوو. ڕووحانی لە کاتێکدا داوای بەشداری هەڵبژاردن لە خەڵک دەکا کە بە هۆی شووڕای نیگەهبانەوە سەلاحییەتی زۆرترین کاندیدەکانی ئیسلاحتەڵەب و نیزیک لە خۆی ڕەد کراوەتەوە، هەر بۆیە پێشتریش گوتوویەتی "دەترسێ ئینتخابات ببێ بە تەشریفات" و ئەوە بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی نەتەوەیی دەزانێ. زیاتر لەوەش ڕەدی سەلاحییەتی دەیان کەس لە نوێنەرانی مەجلیسی دەیەم کە ئێستاش لە مەجلیسدان گاڵتەجاڕییەکە کە ڕووحانی ناتوانێ پاساوی بۆ بێنێتەوە. بەڵام لە هەموو سەرنجڕاکێشتر دانپێدانانی ناوبراو بوو بە نەبوونی هەڵبژاردنی ئازاد لە هەڵبژاردنە فەرمایشییەکەی نیزامەکەیدا کاتێ دەڵێ، "ئەگەر ڕێژیمی پێشوو ڕێگەی هەڵبژاردنیی ئازادیان بە خەڵک بدایە پێویستیی بە ئینقلاب نەدەکرد". حەسەنی ڕووحانی بەم وتەیەی دەیەوێ هەم گلە و گازەندەی خۆی لە ڕێبەر دەرببڕێ کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی "نظارت استصوابی" و بە لادانی زۆربەی بەربژێرەکان لە کێبەرکێی هەڵبژاردندا و بە تایبەت ئیسلاح تەڵەبە حکوومەتییەکان و کەسە نیزیکەکانی خۆی، ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادیان لەو لایەنانە کە بە بیری جیاوازەوە پاڵپشتی ڕێژیم بوون، بەستووە و هەم مەترسی بەرپابوونی ئینقلاب لە ئێراندا بە هۆی دووڕاگرتنی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسیان و بەربەستکردنی ئازادیی، بە گوێی ڕێبەردا بدا. ڕووحانی باش دەزانێ ئەو ئازادییەی ئێستا بۆ سەرکوت و گرتن و پڕکردنی سندووقەکانی دەنگدان بۆ لاینگرانی نیزامەکەیان هەیە لە ڕێژیمی پێشووشدا هەر بەو ڕادەیە هەبوو. کەوابوو جیاوازییەک لە نێوان شا و ڕێبەر و یاسا ئیستێبدادییەکانیاندا نییە و دەردەکەوێ زۆرتر گلەیی ئەو لە ڕادانی لاینگرانی خۆیەتی نەک خەڵک و ئازادی بۆ ئەوان. سەرۆککۆمار باش دەزانێ کە خامنەیی لە مێژە هەستی بە وەڕێکەوتنی شۆڕش کردوە و ئەوەی ئەمجارە لە هەڵبژاردنی مەجلیسەوە دەستی پێکردووە و لە داهاتووشدا سەرۆککۆماریش دەگرێتەوە تەنیا بۆ خۆپارێزی و پاراستن و درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵات و نیزامەکەیەتی لە بەرامبەر شەپۆلەکانی ئەو نارەزایەتییانەی کە لە هەموو وڵات وەڕێ کەوتوە.

لە ڕاستیدا سەرەڕای ئەوەی قسەکانی ڕووحانی تێکەڵەیەک لە ترس و گلەیی و نائومێدی پێوە دیار بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەوڵی دا، ئەرکی خۆی بۆ گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردن بەجێ بگەیەنێ و ئەویش وەک خامنەیی داوای لە خەڵک دەکرد کە بۆ پاراستنی مەشرووعییەتی نیزام بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان. لە حالێکدا مەشرووعییەتی نیزام کە ئەوان تەنیا لە بەشداری خەڵک لە هەڵبژارنەکاندا دەیبینن و دەیانەوێ ئەوە بخەنە بەر چاوی وڵاتانی جیهان کە بەوجۆرە پشتیوانی خەڵکیان هەیە، لە مێژە لە لایەن خەڵکەوە و بە هاتنە سەر شەقام و بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکاندا و بە تایبەت بەم دروشمانە "کۆماری ئیسلامیمان ناوێ" و "مردن بۆ ئەم ویلایەتە" دژایەتی خۆیان لەگەڵ تەواوەتی نیزام دەربڕیوە. ئەوەش ڕوونە کە خەڵک ئێستا نە بە هۆی وەلادانی بەربژێرە ئیسلاح تەڵەبەکان لە کێبەرکێی هەڵبژاردندا



سەرچاوە
Serchawe

بەڵکوو بەهۆی نائومێدییان لە هاتنە ئارای هەر چەشنە گۆڕانکارییەک لە ساختاری کۆماری ئیسلامیدا بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنە دەکەن.

بێگومان ڕێژیم لە هەوڵدایە و دەتوانێ ڕێژەیەکی سەدی لە لایەنگران و خەڵکی چاولەدەست و ترسەنۆک بکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەڵام ئەوەی دیارە ئەو بەشدارییەی کە ئەوان دەیانەوێ مەشرووعییەتی نیزامی پێ دەرخەن لێی بێبەش دەکرێن و بەمجۆرە جارێکی دیکەش دەنگی ڕاستەقینەی خەڵک بۆ نا گوتن بەو شێوە دەسەڵاتدارییە دەردەکەوێ. ئێستا کە هەموو بەرنامەکان بۆ یەکدەست کردنی نیزام و دەسەڵاتێکی یەکدەنگ دەچنە پێش، داخۆ ڕێبەرانی سەرەکی کۆماری ئیسلامی ڕێگەیەکی دیکەیان لەبەر دەمدایە بۆ گۆڕانکارییەک بە ئاڕاستەی دابین کردنی داواکارییەکانی خەڵکی ئێران و بە دەست هێنانەوەی دڵی ئەوان یا بەمجۆرە قەیرانێکی بێ چارەسەری نوێ بۆ ڕێژیمەکەیان دەخوڵقێنن؟

(لە ژمارەی ٧٦٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٠

---

## ئێران لە دوای ٤١ ساڵ لە شۆڕشی ئیسلامی

٤١ ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەنداندا دەسەڵاتی حەمەڕەزاشا و تەمەنی حکوومەتەکەی لە دوای ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداری بەسەر ئێراندا، بە هۆی ڕاپەڕینی هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی ئێران کۆتایی پێهات. ئێران لە سەردەمی ڕێژیمی شادا لە دنیای دەرەوەدا، بە وڵاتێکی سەقامگرتوو، پێشکەوتوو و بەهێز لە ناوچەدا چاو لێدەکرا.

ئەمریکا و ئورووپا لە کێبەرکێی نێودەوڵەتیدا گرینگیی تایبەتیان پێدەدا، ئابووریی ڕوو لە گەشەی وڵات بە پشتبەستن بە پیشەسازیی نەوت و پەرەسەندنی پێوەندیی سەرمایەداریی ئێران و جیهان لە لایەک و خۆ پڕچەککردنی ئەرتەش بە چەکی مۆدێڕن و پێشکەوتوو، ئێرانیان کردبوە قوتبێکی گرینگی پاراستنی هاوسەنگی لە ناوچەدا و ئەمانە ئەگەر بەستراوەیی شای بە بەرەی سەرمایەداریی جیهانییەوە بە دواوە بوو، ئێرانی خستبوە سەر ڕێگەی گەشەسەندن و پێشکەوتن.

لە ئێرانی سەردەمی شادا ئەگەر جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ناوەندی شارە گەورەکان و ناوچە بەرفراوانەکانی دیکەی وڵاتدا هەبوو، بەڵام لەو ناوەندانەدا بیری ژیانێکی پێشکەوتووانە جێ کەوتبوو. ئەگەر بە هۆی چاوچنۆکیی سەرمایەداریی تازە پێگەیشتوو مەودای ...چینایەتی، ڕوو لە زیادبوون بوو و چینی هەژاری قەراغ شارەکان و ناوچە دووردەستەکان زۆرتر بوون لەوانەی لەم پێشکەوتنە کەلکیان وەردەگرت، لەو لاشەوە چینی مامناوەند شکڵی گرتبوو و بە کەلکوەرگرتن لە ئیمکانات و کەرەسەکانی پێویستی گەشەی سەرمایەداری، شاعیران و نووسەرانی دەروەست، مامۆستایان و خوێندکارانی زانستگە، ناوەندە زانستی و کولتوورییەکانیان کردبوە سەنگەری خەبات بۆ بەرەو پێش بردنی خەبات و گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد. لەو سەردەمدا ئەگەر هەوڵ بۆ بەربەست کردنی ئازادییە سیاسییەکان بەردەوام بوو، بەڵام بە تایبەت لە شارەکاندا تا ڕادەیەک، ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان و ئازادژیان بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە بە پێی یاساکانی وڵات پارێزراو بوو.

٤١ ساڵ لەمەوبەر لە بواری ئابوورییەوە، ئێران وڵاتێکی گەشەسەندوو بوو و کێبەرکێی لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی دەکرد. ئەوکات لەبەر ئەوەی ئەم گەشەسەندنە نەخرایە بواری خزمەت بە چینە هەژار و کەمداهاتەکان و ناوچە بێبەشەکان و، لە لایەکی دیکەشەوە بەربەست لەسەر هەر چەشنە تێکۆشانێکی سیاسی دادەنرا و، بوونی ئازادی و دێموکراسی کرابوونە قوربانیی سات و سەودای بازرگانیی نێوان دنیای سەرمایەداری، ڕێژیمی پاشایەتی کەوتە بەر ڕق و بێزاریی خەڵکی ئێران و دەسەڵاتەکەیان تێکەوە پێچرا. ئەوکات خەڵک بە نیازی گەیشتن بە ئارەزووەکانیان کە هەڵمژینی بۆنی ئازادی و ڕزگاربوونیان لە چەوساندنەوە و هەژاری بوو، ملیان دا بە وەدواکەوتن بە دروشمە درۆیینەکانی کەسێکی وەک ئایەتوڵڵا خومەینی کە دوای ٢٥ ساڵ دوورخراوەیی گەڕایەوە ئێران و بەسەر شەپۆلی نارەزایەتییەکانی خەڵک بوو بە ڕێبەر و دواتر کۆماری ئیسلامیی بۆ دامەزراندن.

ئێستا دوای ٤١ ساڵ لە گۆڕانی دەسەڵاتی پاشایەتی بە کۆماری، ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردووی ئێران بدەینەوە، دەبینین ئەم وڵاتە لە ماوەی ئەو ٤ دەیەدا چەندە لە قەرا پێشکەوتنەکانی وڵاتانی دیکە ئەگەر تەنیا چاو لە وڵاتانی هاوسێی بکەینەوە بەرەو پاش گەڕاوەتەوە. لەم ساڵانەدا ئابووریی ڕوو لە گەشەی پێشوو ڕووی لە دابەزین کردوە. پەککەوتنی سەنعەت، کەمبوونەوەی بەرهەمە کشت و کاڵییەکان و دابەزینی بێسنووری نرخی پووڵی وڵات و لەژێر کاریگەریی ئەوانەدا،

هاتنەخوارەوەی ئاستی ئالوویری بازرگانیی دەرەوە و کردنی ئێران بە بازاڕێکی مەسرەفی و پەرەگرتنی هەژاری و هاتنەخواری ئاستی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، دەریدەخەن کە بەرنامەکانی ڕێژیمی ئیسلامی چۆن ئێرانیان بەرەو وێرانی پاڵ پێوەناوە. جگە لەمەش شوێنەواری ئەم وەزعە نالەبارە ئابوورییە و ڕوانگەی کۆنەپەرستانە و دژە مرۆڤانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەسەر ماف و ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک، کۆمەڵگەی ئێرانی هەتا ئاستی لێکترازان بردوە و بووەتە هۆکاری پەرەگرتنی نەخۆشی و پەتای جۆراوجۆر لەنێو کۆمەڵدا.

زیادبوونی نەخوێندەواری بە تایبەت لە ناوچە دووردەست و هەژارەکاندا، پەرەگرتنی بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان، چوونەسەری ڕێژەی تەڵاق و لێکهەڵوەشانی بنەماڵەکان و دزی و کوشتن و فەسادی ئەخلاقی، بەشێکن لەو ماڵوێرانییەی بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا هاتوە. بەڵایەک کە نە تەنیا ڕێژیم هیچ بیرکردنەوەیەکی بۆ چارەسەرییان نییە بەڵکوو بۆ خۆیان هۆکاری بڵاوبوونەوەیانن.

لە بواری دابینکردنی ئازادییەکان و پەرەپێدانی دێموکراسی لە ئێراندا، کە بێگومان ئەگەر ڕێژیمی شا بیرکردنەوەیەکی دروست و سەردەمیانەی بۆ پێشکەوتن هەبایە و تێگەیشتن لەوەی کە لە وڵاتێکی وەک ئێراندا، گەشەی ئابووری بە کردنەوەی فەزای سیاسی و ڕێخۆشکردن بۆ گەشەی سیاسی و، پەیڕەوکردنی ڕێبازی دێموکراسی بۆ دەسەڵاتداری دەیتوانی ڕێگەی خۆشبژێویی هەموو دانیشتووانی وڵات و دابینکردنی داهاتوویەکی باشی بە دواوە بێ، ڕەنگە تووشی ئەو چارەنووسە نەبایە. بەڵام هەرچەند کە شا لەگەڵ بیری ئازادی و دێموکراسی بە مانای بەشداری پێکردنی ڕاستەوخۆی خەڵک لە ئیدارە و بەڕێوەبەریی وڵاتدا ڕێک نەدەکەوت، لانیکەمی ئازادی بۆ شێوەی ژیانی ئینسانەکان لەبەرچاو دەگرت.

کۆمەڵە ماف و ئازادییەک کە دوای ٤١ ساڵ خەڵکی بێبەش لە هەموو مافەکانیان دێنێتە سەر شەقام و تازە دەیانەوێ ئەو مافانەی کە کۆماری ئیسلامی، سەرەتا بە کەلکوەرگرتن لە هەستی شۆڕشگێڕی و ئایینیی خەڵک و دواتر بە زەبر و زۆر و سەرکوت لێی زەوت کردوون، وەربگرنەوە. خەڵکی ئێران لە دوای ئەو هەموو ساڵە ئیتر نایانەوێ سەر بۆ دەسەڵاتی ملهوڕانەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی شۆڕ بکەن و لەوە زیاتر ببنە سووتمانی سیاسەتەکانیان کە جگە لە دواکەوتوویی و ماڵوێرانی، شتێکی دیکەیان لێ نەدیتوە. ئەو خەڵکە باوەڕیان بە جیاوازی ڕەگەزی و بەزۆر داپۆشینی ژنان نییە. ئەوان بە دوای دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکانەوەن. چینە هەژارەکانی ئێران ئاوەدانی و پێشکەوتنی ئابوورییان بۆ خزمەتکردنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەوێ، نەک برسیکردنی زۆربەی خەڵک لە پێناو تێرکردنی کۆمەڵێک مشەخۆری دەسەڵاتدار.

جگە لەم وەزعە نالەبارەی نێوخۆ، لەم ماوەدا سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، ئێرانی کردووەتە وڵاتێکی پەراوێزخراو لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا و، لەنێو وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتیشدا کۆماری ئیسلامی بە ڕێژیمێکی شەڕفرۆش و ئاژاوەگێڕ ناسراوە کە هەوڵی تێکدانی ئاسایشی وڵاتانی دراوسێ دەدا و، بەڕێوەبەرانی ئەم سیاسەتەش نە تەنیا حاشایان لەم کارە دزێوانە پێ ناکرێ بەڵکوو جاربەجاریش شانازیی پێوە دەکەن و هەڕەشە لەو وڵاتانە دەکەن.

هەربۆیە ئێستا خەڵک بۆ گێڕانەوەی ئێران بۆ سەردەمی پێشکەوتنی ئابووری و دابینکردنی ئازادی لە پێناو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیکدا خەبات دەکا. ئەوان دەزانن کە ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە زۆر و درۆ لێی ئەستاندوون دەبێ بە خەبات و خۆڕاگری و، بە کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی بە دەستی بێننەوە و؛ لەم ساڵانەدا دەریان خستوە کە بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە لە گیانی خۆیشیان درێغی ناکەن.

(لە ژمارەی ٧٦٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٠

----------------------------------------------

## تەنووری ساردی هەڵبژاردن لە ئێران و لێکەوتەکانی

دیمانە: هەردی سەلیمی

**کەماڵ کەریمی:** ئەم "نا"یەی کە دیسان بە کۆماری ئیسلامی گوترایەوە، دەسکەوتێکی باشە بۆ بزووتنەوەی سیاسی و گۆڕانخوازانە لە ئێران و کوردستان

لە ڕۆژی ٢ی ڕەشەمەی ٩٨ی هەتاویدا هەڵبژاردنی پارلمانی ئێران بەڕێوە چوو، سەرەڕای بانگەشە و پروپاگاندایەکی زۆر لەلایەن ڕێژیمەوە بۆ گەرمکردنی بازاڕی بەشداریی خەڵک، بەڵام ئاکامەکەی پێچەوانە بوو و بەپێی ڕاگەیاندنی وەزارەتی نێوخۆی ئێران ٤٢٪ی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو بەشدارییان لەم هەڵبژاردنانەدا کرد و؛ کورسییەکانی مەجلیسیش بەشی هەرە زۆریان بە ئوسوولگەراکان بڕا و ئەوەیکە لەم نێوەدا نوێ بوو هاتنی ڕێژەیەکی بەرچاو لە فەرماندەیانی سپای پاسداران وەک نوێنەری مەجلیس بوو. ڕووداوەکانی ساڵی ٩٨ بە تایبەتی ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەر، گرینگییەکی زۆری بە ئاکامی هەڵبژاردن هەم بە لای دەسەڵاتەوە و هەمیش بە لای دژبەرانەوە دروست کردبوو. لە کوردستان پێشتر حیزبە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی بەیاننامە بەشداریکردنیان لەم خولەی هەڵبژاردندا بایکۆت کردبوو و، ئاکامەکەش نیشانی دا کە ڕێژەی بەشداری لە کوردستان لە خوارەوە بووە. بۆ کردنەوەی زیاتری ئەم مژارە وتووێژێکمان لەگەڵ کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە.

**هەردی سەلیمی:** هەڵبژاردنەکانی مەجلیس بەڕێوەچوون. ئەگەر وای دابنێین هەر کێبەرکێ و هەڵبژاردنێک براوە و دۆڕاوێکی هەیە، ئەمجارە کێ براوە و کێ دۆڕاوی ئەم گەمەیە بوو؟

**کەماڵ کەریمی:** کۆماری ئیسلامی لەمەڕ هەڵبژاردنەوە زیاتر بەدوای ئەوەوە بووە کە نیشان بدا، خودی ڕێژیمە کە براوەی سەرەکیی هەڵبژاردنەکانە. چ توانیبێتی لە هەندێک قۆناغدا خەڵکێک بکێشێتە سەر سەندووق و لە تلەڤیزیۆندا نیشانیان بدا، چ تەنانەت لە دەسبردنە نێو سەندووقەکان و تەقەلوب و زیادکردنی دەنگەکاندا وایان نواندوە کە خەڵکێکی زۆر چوون و دەنگیان داوە، بەم شێوەیە دەیهەوێ نیشان بدا کە ڕێژەیەکی بەرچاو پشتیوانی کۆماری ئیسلامییە و بەدەم بانگەوازەکەیانەوە دەچن و؛ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن.
ئەوەیکە ئەم جارە بینیمان لە ڕاستیدا جیاوازییەکی یەگجار زۆری لەچاو هەڵبژاردنەکانی پێشوو هەبوو - هەرچەند هەڵبژاردنەکانی پێشووش قەت لەو ئاستەدا نەبووە کە کۆماری ئیسلامی بتوانێ دڵی پێخۆش بکا ئەگەر وازی لە تەقولەبەکانی بهێنایە - بەڵام هیی ئەم جارەیان لە هەلومەرجێکدا کە بە تایبەتی لە چەند ساڵی ڕابردوودا ناڕەزایەتییەکان گەیشتبوە ترۆپکی خۆی و، بە تەواوی دەرکەوتبوو کە ئەوەیکە ڕێژیم پێشتر دەیتوانی بە جۆرێک دایبپۆشێ ئیتر ئەم جار ئەم کارەشی پێنەکرا.

کوشتاری خەڵک لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە ناڕەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەردا و، خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە کە هەر ئەو کات سەلمێندرا کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی سپای پاسدارانەوە ئەو فڕۆکەی خستوەتە خوارەوە و، زۆر هۆکاری دیکە کە ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی زۆر بەرین کردبۆوە، بەتەواوی دەردەکەوت کە مەودایەکی زۆر کەوتووەتە نێوان خەڵک و دەسەڵات.

بۆیە ئەم جارە سەرەڕای هەموو هەوڵ و پاڕانەوەیان تەنانەت لە لایەن خامنەیی و ڕۆحانی و بەرپرسە پلەبەرز و پلەخواری ڕێژیم بۆ هاندانی خەڵک و کێشانیان بۆ سەر سەندووقەکانی دەنگدان؛ ئەوەیکە خەڵک بە نەچوونی خۆیان نیشانیان دا ناڕەزایەتیی چەندبارەی خۆیان بوو. بەشدارینەکردن و ڕێژەی زۆر لە خوارەوەی دەنگدەران دەریخست، خەڵک لەم ڕێگەشەوە ویستیان ناڕەزایەتیی خۆیان دەرببڕن و، دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی ئەم دۆڕانەی قەبووڵ کردبوو و تەنانەت وازی لە مانۆڕی درۆیینیش هێنا کە پێشتر بە فۆتۆشاپ و لەم چەشنە تێکنیکانە دەیهەویست ڕێژەی بەشداریی خەڵک زۆر نیشان بدا. لێرەدا دەکرێ بڵێین کۆرۆنا بەفریای ڕێژیم کەوت و بەم بۆنەیەوە ڕێگەی بێدەنگی هەڵبژارد و خۆی لە بایکۆتی خەڵک لە گێلی دا؛ بۆیە لەم جاردا بەدڵنیاییەوە ڕێژیم نەیتوانی دەسکەوتێکی هەبێ.

**هەردی سەلیمی**: ئەم دەنگنەدانەی خەڵک لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێ و چ لێکەوتەیەکی بۆ کۆماری ئیسلامی دەبێ؟

**کەماڵ کەریمی**: کۆماری ئیسلامی دەیهەویست بە دنیای دەرەوە بە تایبەتی ئورووپاییەکان - کە بەجۆرێک حەزیان لێیە بچنە نێو ئەو کایانەوە- و تەنانەت دۆستەکانیشیان وەکوو چین و ڕووسیە نیشان بدا و، پەیامێکی وا بگەیەنێ کە کۆماری ئیسلامی پشتیوانیی خەڵکی لەپشتە، دەیانویست هەڵبژاردن وەکوو پێوەرێکی دێموکراتیک بوونی ڕێژیم نیشان بدەن، بەڵام ئاکامی بەشدارینەکردنی خەڵک لێکەوتەی پێچەوانەی ویستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەدواوە بوو. بۆیە ئەو لێکەوتە پێچەوانەیەی کە باسمان کرد ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی نەیتوانی پەیامی خۆی بە وڵاتانی دەرەوە بدا، بە سەرنجدان بەوەی کە هەندێک لە وڵاتان چاودێرییەکی چڕیان بەسەر ڕۆژی هەڵبژاردندا بوو و چاوەڕوانی ئاکامەکەی بوون.

لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین بەشداری نەکردنی خەڵک پەیامێکی جدیی دیکەی خەڵکی ئێران لە دوای خۆپیشاندانەکانیان بە دنیای دەرەوە بوو، کە چیتر باوەڕێکیان بەو حکوومەتە و نمایشە شێوەدێموکراتیکەکانی نییە. ئەگەر جاران بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان دەبوونە کارتێک و لەسەر مێزی دیپلۆماتکارانی کۆماری ئیسلامیدا دادەنران، بەڵام ئێستا و ئەم جارە ئەم کارتەشی لەدەست دا و دنیای دەرەوەش لەوە ئاگادار بووەوە کە پشتیوانیی خەڵکی لەدەست داوە.



سەرچاوە
Serchawe

**هەردی سەلیمی:** وەزارەتی نێوخۆی ئێران ڕایگەیاندوە کە نێونجیی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان سەتا ٤٢ بووە کە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا پێشتر ڕووی نەداوە. بەدەر لەوەی هەر ئەو ئامارە و ئەوەندە بەشدارییە باسکراوەش شک و گومانی زۆری لەسەرە، بەڵام بەو حاڵەش فەزلی، وەزیری نێوخۆ دەڵێ ئەم ڕێژەیە جێی ڕەزامەندییە و قبووڵە. بۆچی کۆماری ئیسلامی بەوەندەش قایلە؟

**کەماڵ کەریمی:** ڕەنگە ئەگەر هەڵبژاردنێک دێموکراتیک بێ و لە وڵاتێکی ئازاددا بەڕێوە بچێ، کەس بیر لە ڕێژەی دەنگدەران نەکاتەوە. لە وڵاتی فەڕانسە جارێک ٣٢٪ی خەڵک بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد، بەڵام سەرکۆماریش هەڵبژێردرا و هیچ کەسێکیش پرسێکی وای بۆ دروست نەبوو کە ئاخۆ ئەو حکوومەتە پشتیوانیی خەڵکی هەیە یان نا. لە ئێراندا چونکە دەسەڵات بەسەر خەڵکدا سەپاوە، هەمیشە هەوڵی ئەوە دراوە تەنانەت بە بردنە سەری ڕێژەکە بە دنیا نیشان بدەن کە خەڵک لەگەڵ دەسەڵاتدایە.

ئەم جار سەرەڕای هەموو ئەو فرتوفێڵانەی کە کرا و ئاماری ڕەسمیی حکوومەت ٤٢%ی ڕاگەیاند، بەڵام دیسان ڕێژەیەکی کەمە بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستای ئێران، ئەمە لە کاتێکدایە کە هەموو هەوڵ و توانای خۆیان وەگەڕ دەخەن بۆ هاندانی خەڵک و تەنانەت خامنەیی دەڵێ: "ئەگەر منیشتان خۆش ناوێ، بەڵام لەبەر وڵاتەکەتان دەنگ بدەن"، بەڵام بەم حاڵەشەوە ڕێژەکە لە خوارەوە بوو و بەدڵنیاییەوە کەمتر لەوەش بوو کە ڕاگەیەندرا. وەزارەتی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی بەم کارە دەیهەوێ پێش بەو کاریگەرییە نەرێنییانە - لە ڕوانگەی ئەوانەوە - کە لەسەر دەروونی خەڵک دەیبێ بگرێ. هەروەها ئەو کاریگەرییەش لەسەر دنیای دەرەوە لاببا و سەرەڕای پێناخۆش بوونی خۆیان، ئەم ڕێژەیە زۆریش ئاسایی و سروشتی نیشان بدەن. بەڵام ڕاستییەکە لە خەڵک و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش - کە بەداخەوە ناهێڵن لە نزیکەوە چاودێرییان بەسەر ڕەوتی هەڵبژاردنەکاندا بکەن - ناشاردرێتەوە و، ڕاستییەکەش ئەمەیە کە ڕێژەی ڕاگەیەندراو درۆیین و دەسکردە و هەروەها زۆر کەمتر لە چاوەڕوانیی کۆماری ئیسلامییە بۆ مانۆڕدان.
کاتێک لە پێتەختی ئێران کە یەک شەشی جەماوەری ئەم وڵاتە لەخۆ دەگرێ و، زیاتر لە ٩ میلیۆن کەس مافی دەنگدانیان هەیە بەڵام ڕێژەی بەشدارییەکە کەمتر لە ٢٤%ە، ئیتر ڕوونە کە بارودۆخی ڕێژیم لەنێو خەڵکدا بە تایبەت لەنێو شارێکی وەکوو تاراندا - کە بەدڵنیایی لە شارەکانی دیکەش وا بووە - چییە و چۆنە. ئەگەر لە تاران ٢٤% بەشدارییان کردبێ - کە بێگومان کەمتر بووە - وێناچێ لە ناوچەکانی تردا لەوە زیاتر بووبێ.

قایل بوون بەم ڕێژەیەش کە ئێمە دەزانین کەمترە، بە مەبەستی ئەوەیە کە وا نیشان بدرێ لە زۆر وڵاتی تریشدا بەشداریی لەم شێوەیە دەکرێ؛ بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە ئەگەر دەیانهەوێ خۆیان بە وڵاتێکی دێموکراتیک بشوبهێنن، ئەی ئەم هەمووە هات و هاوار و دەهۆڵ کوتان و پاڕانەوەیان لە چییە؟

**هەردی سەلیمی:** لە ۲۹۰ کورسیی مەجلیس تەنیا چارەنووسی ۱۱ کورسییان ماوەتەوە بۆ دەوری دووهەم، بەڵام لەو ۲۷۹ کورسییەی یەکلا بوونەتەوە؛ پشکی ئیسلاحتەڵەب و ئیعتدالگەراکان تەنیا ۲۰ کورسی بووە؛ ئەوە بە بڕوای ئێوە یانی کۆتایی ڕێفۆرمخوازی لە پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا؟

**کەماڵ کەریمی:** ئامارەکان بە دروستی لە پرسیارەکەدا هاتوون، ئەوەی‌کە ناڕوونە ئەوەیە کە ئەم فەرماندانەی سپا لەگەڵ ئوسوولگەراکان هەن یان سەربەخۆن. بە سەرنجدان بەوەی‌کە دەوترا سپای پاسداران بەتامەیە کوودتا بکا، ئایا ئێمە دەتوانین ئەمە بە کوودتا یان بە شێوەکوودتایەک بشوبهێنین؟ ئایا ویستی خامنەیی کە یەکدەست کردنی نیزامە —کە بێگومان بە پشتیوانیی سپای پاسداران دەکرێ- ئەمە یەکێک لە ڕێگەکانیەتی کە سپای پاسداران بێنێتە نێو سیستمی یاسادانانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە؟ ئایا بەم شێوە و لەم ڕێگایەوە بە هێنانی فەرماندە پلەبەرزەکانی سپای پاسداران هەوڵی ئەوە دەدرێ کە سیستمی سیاسیی ئێران یەکدەست بکرێ؟

ئەگەر باس لە ڕێفۆرمخوازی یا ئیسلاحتەڵەبەکان بکەین، دەورەیەکی گەشەی ئیسلاحتەڵەبی لە ئێراندا دەبیندرێ و باش نییە حاشا لەم شتە بکرێ؛ هەندێک گۆڕانکاری لەوانەیە لە وڵاتێکدا بە ئاکام نەگا بەڵام بێگومان کاریگەریی خۆی لە هەندێک بارودۆخدا دادەنێ. لە ساڵی ۱۳۷٦ کاتێک کە محەممەدی خاتەمی بوو بە سەرۆککۆمار و ئیسلاحتەڵەبەکان زۆرینەی کورسییەکانی مەجلیسیان دوو ساڵ دواتر بەدەست هێنا، لە ڕاستیدا دەورانێکی نوێ لە ژینگەی سیاسیی ئێراندا کرایەوە. ڕەنگبێ ئەوان سەر بە حکوومەت بووبن بەڵام بە فکرێکی نوێوە هاتبێتن و بەڵام دیسانیش بۆ پاراستنی دەسەڵات بەرنامەیان داڕشتبێ، ڕەنگبێ هەوڵیان دابێ بۆ ئەوەی لەو کێشەی نێوان باڵەکانی نێو دەسەڵاتدا خۆیان لە دەسەڵات بەدەستەوە گرتن لە ڕێگەی دەرفەتی هەڵبژاردنەوە نزیک کردبێتەوە؛ بەڵام زۆری نەخایاند و لەگەڵ کۆتایی چوار ساڵی یەکەمی سەرۆککۆماریی خاتەمیدا دەرکەوت کە نا، ئیسلاحتەڵەبەکان ئەگەر خاوەنی ئەو هێزەش هەن کە بتوانن گۆڕانکاری بەدی بێنن بەڵام خاوەنی ئیرادەی پێویست بۆ هێنانەدیی گۆڕانێک کە لە خزمەتی کۆمەڵ و خەڵکدا بێ؛ نین.

بیرۆکەی ئەمان بۆ پاراستنی ئەسڵی نیزامی کۆماری ئیسلامی، لە ڕاستیدا ئەو خەنجێرە ژەهراوییە بوو کە بۆخۆیان لە خۆیان دەدا، واتە ئەوان تەواوی بەرنامەی ئیسلاحاتیی خۆیان فیدای پاراستنی نیزام کرد. هەر بۆیە لەدوای دەورەی



سەرچاوە
Serchawe

یەکەمی سەرۆککۆماریی خاتەمی دەرکەوت نە تەنیا لەنێو ئەو خەڵکەی کە بە هیوایەکەوە پشتیوانیی ئەوانیان کردبوو، بەڵکوو لەنێو بەشێک لە کادرە سەرەکییەکانیشیان ئەو گومانە دروست بوو کە لە کۆماری ئیسلامیدا بیرۆکەی ڕیفۆرم ناتوانێ بەو جۆرە بچێتە پێشەوە. هەر بەم هۆیەش بەرە بەرە لێکدابڕان کەوتە نێو ڕیزەکانی ئیسلاحتەڵەبانیشەوە، بۆ نموونە ئیسلاح تەڵەبانی ڕادیکاڵ دروست بوون کە دواتر و لەساڵی ۸۸دا زۆر چالاک بوون.

بە بڕوای من وردە وردە و لە ساڵی ۸۰ بەملاوە بە هۆی ئەوەی ڕێبەرانی ئیسلاحات بەشێک بوون لە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و پاراستنی نیزامیان وەپێش هەموو شتێک دابوو، نەیانتوانی یارمەتیی بەرەوپێش چوونی ڕەوتی ئیسلاحات لە ئێران بکەن و، ئەوە سەرەتای پاشەکشە و بچووک بوونەوە بوو و لە کۆتاییدا ئێستاش سەرەتای لەنێو چوونی هەر جۆرە بیرۆکەیەکی ڕیفۆرمیستی لە ئێراندایە.

ئەگەر هەر واش داینێین کە ئەوانە بەشێک لە ئیسلاحتەڵەبانی حکوومەتی بوون، بەشێک بوون کە دەیانویست لەنێو دەسەڵاتدا ڕیفۆرم بکەن، ئاکامی هەڵبژاردنی ئەم جارە دەریخست کە ئەگەر لە ساڵی ۸۸دا ڕێپێوانی زیاتر لە یەک میلیۆنیی ئیسلاح تەڵەبەکانیان سەرکوت کرد و، مووسەوی و کەڕووبییان لە ماڵی خۆیاندا زیندان کرد؛ ئێستا ئیتر بەم هەڵبژاردنە و دوای دە ساڵ دەکرێ بڵێین دوایین بزماریان لە تابووتیان دا.

بارودۆخی ئێستا و ئەو ڕەوتەی کە ئێستا دەچێتە پێشەوە، ئەوەی تێدا نابیندرێ کە جارێکی تر مەجال بەوە بدرێ کە دیسان ڕیفۆرمیستەکان سەر هەڵبدەنەوە. چونکە هەموو هەوڵێک دراوە ئەوان لە گۆڕەپانی هەڵبژاردن دوور بخرێنەوە، هەر بۆیە لەوانەیە لە داهاتوودا هەوڵی جدیتر بدرێ بۆ ئەوەیکە ئەو ۱۵ - ۲۰ کەسەش کە چوونەتە مەجلیس، لە مەیدان وەدەر بنرێن.

**هەردی سەلیمی:** ئێمە دەزانین لە وڵاتانێکی وەک یەکیەتیی سۆڤیەت و چین، هەر کەسانی حکوومەتی بوون کە ئیسلاحاتێکیان لەوێدا بەدی هێنا، هۆکاری ئەوەیکە ڕەوتی ڕیفۆرم کە لەلایەن کەسانی حکوومەتییەوە لە ئێران بەڕێوە دەچوو نەیتوانی بە ئاکامێک بگا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سیستمی کۆماری ئیسلامی ڕیفۆرم هەڵنەگرە یا چ هۆکارێکی تری هەیە؟

**کەماڵ کەریمی:** ناکرێ لەم بارەوە هەڵسەنگاندن بکەین لە نێوان کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی تردا. بۆ نموونە ئێمە دەبینین کاتێک گۆرباچۆڤ گەڵاڵەی ڕیفۆرمی سیاسیی گلاسنۆستی هێنایە بەرباس، بۆخۆی یەکێک لە بەهێزترین کەسانی

یەکیەتیی سۆڤیەت بوو بەڵام هات و ڕێگەی ئیسلاحاتی گرتەبەر؛ لەویّ کەسێکی سەرتر لە گۆرباچۆڤ نەبوو کە بیهەویّ پێشی پێبگریّ. ڕەنگبیّ نیگەرانی لەنێو ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستدا هەبوو و گومانیان لەوەدا بوو کە ئەم ئیسلاحاتانە بتوانیّ یارمەتی بە چاکبوونی دۆخەکە بدا؛ بەڵام گومانەکانیش نەیتوانی پێش بە بڕیاری گۆرباچۆڤ بگریّ. هەرچەندە ئاکامەکەی جیاواز بوو لە ویستی گۆرباچۆڤ، ئەو دەیهەویست چاکسازییەک لەنێو سیستمدا بێنێتە ئاراوە بەڵام چاوەڕوانیی خەڵک زیاتر بوو و، ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەتی لیّ کەوتەوە.

لە ئێراندا ئەگەر چاکسازییەکی جدی نە تەنیا لەنێو سیستمدا بەڵکوو لە ئاستی کۆمەڵگەشدا ئەگەر بکریّ، ڕەنگبیّ هەر بەو ئاکامە بگا کە یەکیەتیی سۆڤیەت پێی گەیشت. کێشەی ئیسلاحتەڵەبان لە ئێراندا ئەوە بوو کە زیاتر لەسەر ئەو باوەڕە کۆن و کلاسیکە بوون کە پێیان وابوو ئیسلاحات دەبیّ لەنێو دەسەڵاتدا بکریّ؛ بەڵام لەنێو دەسەڵاتدا هێزی گەورەتر لەوان هەیە کە خاوەن بڕیاری سەرەکییە لە سیستمی سیاسیی ئێراندا و ئەویش ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ڕێبەریش پشتەستوور بە پشتیوانیی هێزی سپای پاسدارانە، لە باری ئابوورییەوە نەبەستراوەتەوە بە بوودجەی دەوڵەتەوە، دەزگا و ناوەندە ئەمنیەتییەکانیش - تەنانەت هیی سپاش - پێڕەوی لە ڕێبەر و بەیتەکەی ئەو دەکەن، بێجگە لەمانەش یاسای بنەڕەتییش ڕێگەی بە دەستێوەردانەکانی ڕێبەر داوە ئیسلاحتەڵەبەکان دانیان بەوەدا نا کە لە دەرەوەی یاساش حوکمی حکوومەتیی هەیە-؛ هەربۆیە لایەنی ڕێبەر بالادەست و بەهێزترە و ئەوانیش لە بەرامبەر وەها لەمپەرێکدا بشیانهەویّ ناتوانن بە شێوەی جدی بەرەو چاکسازی هەنگاو بنێن.

بۆیە ئەگەر ئیسلاح تەڵەبەکان دەیانویست گۆڕانێک لە سیستمی ئیداری و هەتا ڕادەیەک سیاسیی ئێراندا پێک بێنن، بەڵام دەسەڵاتی سەرووتری ئەوان لەگەڵ ئەم فکرە نەبوو. ڕەوتی ئیسلاحات هێزی بەسەر دەسەڵاتدا نەشکا و وەک خودی سەیری ئەوان نەکرا و، تەنانەت سەرکوتیش کران. ئەمەش یەکەم جار نییە، هەر لەدوای مردنی خومەینی کە دەسەڵاتی وڵات کەوتە دەستی ڕەفسەنجانی و خامنەیی، کۆمەڵی ڕۆحانییانی شۆڕشگێڕیان لەنێو برد. لە کاتێکدا ئەوان لە هەستە بەهێزەکانی کۆماری ئیسلامی بوون کە پشتیوانیی خومەینییان لەگەڵ بوو. جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەم هەستە ناوەندییەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا کە خامنەیی ڕێبەریی دەکا؛ بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەم جۆرە هەوڵانەدا نییە، هەر بۆیە نە تەنیا لەگەڵیان نییە بەڵکوو هەمیشە هەوڵی سەرکوتکردن و بێدەنگکردنیانی داوە.

وێنەی خاتەمی بڵاو نابێتەوە، مووسەوی و کەڕوبی لە زینداندان و ژمارەیەکی یەگجار زۆر لەو کەسانەی کە لە ڕیزی ئیسلاح تەڵەبەکاندا بوون بەڵام بەشێکی بنەڕەتی بوون لە کادری بەڕێوەبەریی نیزام، یان کەوتنە زیندان و... ناچاریان کردن بە تۆبەکردن و بەشێکیشیان تێدا بردن. ئەمانە جیاوازیی ڕەوتی ڕیفۆرم لە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ شوێنەکانی ترە.

لە چین بە پێچەوانەی ئێران و یەکیەتیی سۆڤیەت خودی ڕێبەریی حیزبی کۆمۆنیستی چین بەرنامەی ئیسلاحاتی ئابووریی دانا و نەیهێشت لە کۆنترۆڵ دەرچێ، سروشتییە کە بەشی ئابووریش پێوەند دەدرێتەوە بە سیاسەت و بە تایبەتی لە بەشی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە. وڵاتی چین لەم بارەوە سەرکوتوو بوو بە جۆرێک کە هەم توانیان کۆمەڵگەکەیان کۆنترۆڵ بکەن و هەمیش سەرکەوتنێکی بەرچاوی ئابووری بەدەست بێنن.

لە ڕاستیدا ئەمە گەورەترین جیاوازیی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ترە لەم بارەیەوە، کە هەستەی سەرەکیی ڕێژیم دژایەتی لەگەڵ هەر چەشنە ڕیفۆرم و گۆڕانێک دەکا و، ئێمە دەبینین کە بنەما کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەکانی ئەم وڵاتە بە گشتی هەرەسی هێناوە و ئەمەش سەرچاوە لە سیاسەتی نەگۆڕی ڕێبەریی وڵات دەگرێ. لێکەوتەی ئەم تێڕوانینەش پێشگری لە چالاکیی ڕیفۆرمیستەکان و لەسەر کار لابردن و لە زیندان کردن و کوشتن و ڕاونانیان بۆ دەرەوەی وڵات بووە. هەر بۆیە ئێمە دەڵێین کۆماری ئیسلامی خۆی تاقەتی بە ئیسلاحات ناشکێ و هەڵگری چاکسازیی نییە.

**هەردی سەلیمی:** ئایا ئاستی چاوەڕوانیی خەڵکیش لەچاو ئەو سەردەمە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە؟ ئەوان هەر بەو چاکسازییانەی کە خاتەمی بانگەشەی بۆ دەکرد ئێستا ڕازی دەبن؟

**کەماڵ کەریمی:** بێگومان ئاستی چاوەڕوانیی خەڵکی ئێرانیش لەچاو ٢٢ ساڵ لەمەوبەر هەڵکشاوە و ڕەنگە بەو ئیسلاحاتەی کە خاتەمی بەڵێنی دا و جێبەجێی نەکرد، ڕازی نەبن. ئەمەش دوو هۆکاری هەیە، یەکەمیان ئەوەیکە هیچ هیوایەکیان بە چاکسازی نەماوە و، دووەم ئەوەیکە هەستەی ناوەندیی دەسەڵات - کە باسمان کرد - ڕێگەی سەرکوت لە بەرامبەر ویستی خەڵکدا دەگرێتە بەر و ئەمەش بووەتە هۆی بێبڕوایی خەڵک بە دەسەڵات لەو سۆنگەیەوە کە کارێکیان بۆ جێبەجێ بکا.

لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕوانیی خەڵک زۆر چووەتە سەرەوە. ڕەنگە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر خەڵک بە گۆڕانکارییەکی بچووک لە سیستمی ئیداری و سیاسیی وڵات ڕازی دەبوون، بەڵام ئێستا ئەم ڕادە لە ویستی خەڵک کە کۆماری ئیسلامییش ناتوانێ جێبەجێیان بکا، خەڵک دەکاتە ناڕازی. بۆیەش دروشمی خەڵک زیاتر لە بازنەی نەمانی کۆماری ئیسلامی، ویلایەتی فەقیهـ و ڕێبەر و تەنانەت نەمانی سپای پاسداران وەک پارێزەری سەرەکیی ئەم ڕێژیمە و... دەخولێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

٢٠ لەمەوبەر هێشتا بەشێکی زۆر لە خەڵک پێیانوابوو کە ئەمە دەسەڵاتێکی ئینقلابییە و هەشت ساڵ لە شەڕدا بووە و پێویستە پشتیوانیی لێ بکرێ؛ بەڵام ئێستا دەبینین بە زۆر هۆکار کە یەک لەوانە گۆڕانی نەسلەکان و شێوازی بیرکردنەوەیە بێهیوایی، بێبڕوایی و بێمتمانەیی و ڕادەی زۆری چاوەڕوانی جێگەی ئەوانەی گرتوەتەوە.

هەرچەندە ئێستا بیری زاڵ بەسەر سیستمی کۆماری ئیسلامیدا هیچ ئیسلاحێک هەڵناگرێ، بەڵام بێتوو بیشیکا هەوڵەکانی لە ئاستی چاوەڕوانیی خەڵکدا نابێ.

**هەردی سەلیمی:** لە ٢٢١ کورسیی ئوسوولگەرایانیش، ١٢٣ کەسیان نیزامی و لە ڕوخسارە ناسراوەکانی سپای پاسدارانن. وەک باسمان کرد سپای پاسداران کادر و مۆرەکانی خۆی بە ئاشکرا ناردووەتە مەجلیس، پێشتر وەک دەسەڵاتی سێبەر هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی پاوان کردبوو و خۆیشی دەدزیەوە لە هەموو بەرپرسایەتییەک. ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی کەلانی کۆماری ئیسلامی دەبێ، بە تایبەت کە ئەمجارە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریشمان لەپێشە؟ ئایا باڵی ئوسوولگەراش خەریکە شوناسی خۆی دەدۆڕێنێ و لە ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامییەکاندا دەتوێتەوە؟

**کەماڵ کەریمی:** لە کێبەرکێی نێوان ئوسوولگەراکان و میانەڕەوەکاندا - چون ئیسلاحتەڵەبەکان زۆر دیار نەبوون -، دەکرێ بڵێین باڵی ئوسوولگەرا براوە بوو، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە لەنێو ئەو کەسانەش کە بە لیستی ئوسوولگەراکانەوە چوونەتە مەجلیسەوە کەسانێکی بێشوناسیشیان تێدایە کە ڕوون نییە سەربە چ لایەنێکن. هەروەکوو باسمان کرد هاتنە مەیدانی بەشێکی زۆر لە فەرماندەکانی سپای پاسداران دەردەکەوێ کە ئوسوولگەراکانیش براوەی هەڵبژاردن نین. ئەگەر پێشتر ئەوان خەت و نیشانیان دەدا ڕەنگە لەمەبەدوا ئەوان خەت و نیشان لە سپای پاسداران وەربگرن. هەر بۆیە لەم هەڵبژاردنەدا باڵەکانی کۆماری ئیسلامین کە دۆڕاون نە ئیسلاح تەڵەب و میانەڕەوەکان، بەڵکوو تەنانەت ئوسوولگەراکانیش ناتوانن خۆیان بە براوە بزانن.

زۆر جار باس کراوە کە سپای پاسداران دەیەوێ بە کوودتایەکی نەرم هەموو دەسەڵاتی ئێران بەدەستەوە بگرێ و، ئەمە بە تەواوی لەژێر چاودێریی خامنەییدا دەکرێ. ئەم جۆرە جموجووڵانە دەرخەری ئەوەیە کە ڕەنگە ئەم بیرۆکەیە چووبێتە قۆناغی کردارییەوە. بە بڕوای من ئێران بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێ کە ئوسوولگەراکان بچنە ژێر کاریگەریی فەرماندەکانی سپاوە و لەو نێوەدا بتوێنەوە. بەم جۆرە و بە ڕواڵەتێکی قانوونی سپای پاسداران پتر لە پێشوو دەبێتە هێزی یەکەم و، بە بڕوای من ئوسوولگەراکان بە تەواوی لەژێر کاریگەریی بڕیاردانی ئەواندا دەبن و بەرەو یەکدەنگییەکی زیاتر لەگەڵ ڕێبەر و



سەرچاوە
Serchawe

سپای پاسداران کە هێزێکی ٤٠ لەسەدیی مەجلیسن پاڵ پێوە دەنرێن و سەربەخۆیی و بڕیاری خۆیان زیاتر لە جاران و هەروەها شوناسی خۆیشیان لەدەست دەدەن.

ئەمەش بڵێین ئەگەرچی سپای پاسداران بەردەوام ڕەدی کردوەتەوە کە دەستێوەردان لە کاری سیاسیی وڵاتدا بکا، بەڵام هەموو چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ئاکامی ئاراستەیەکی سیاسیی بەهێزە لەنێو کۆماری ئیسلامیدا. ئەگەر تا بە ئێستاش بە شێوەی فەرمی لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتدا چالاکییان نەبوو، ئیتر لەمەبەدوا بەتەواوی بوونیان هەیە و ڕۆڵی ڕاستەوخۆ لە دارشتنی قانوون و سیاسەتدا دەگێڕن.

بوونی ڕاستەوخۆی سپای پاسداران بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە هێزێکی یەکلاکەرەوەیە لەم نێوەدا چ لە باری ماڵی و نیزامی و سیاسییشەوە، کاریگەریی خۆی لەسەر ڕووداوەکانی داهاتووی وڵاتیش دادەنێ. بێگومان من لەو باوەڕەدام هەموو ئەم هەوڵانە بۆ یەکدەستر کردنی هەستەی دەسەڵاتە و، من پێموا نییە چیتر ڕێگە بە کەسانی ئیسلاحتەڵەب و میانەڕەو بدرێ کە وا بە ئاسانی لە ڕوخساری نوێنەرانی مەجلیس و سەرۆککۆماریدا بێنەوە گۆڕەپانی سیاسیی وڵات.

**هەردی سەلیمی:** ئەم یەکدەست کردنە کە باس کرا، بە سەرنجدان بەوەی کە لەسەر مێزی ئیدارەی وڵاتی ئەمریکادا کارتی گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیمی ئێران داندراوە و هەروەها چالاکیی دەرەکیی سپای پاسداران کە لە دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادایە، لە ئەگەری درێژەدان بە ڕەفتاری هەنووکەیی کۆماری ئیسلامی؛ لێکەوتەی نێودەوڵەتیی بەدوادا دەبێ؟ یان با بڵێم بەرەوڕووی هەڵوێستی جدیتر دەبێتەوە؟

**کەماڵ کەریمی:** لە پێوەندی لەگەڵ دەرکەوتە دەرەکییەکانی، ئەوەی کە تا ئێستا بە ئاشکرا دیتراوە سیاسەتێکی زیرەکانەی کۆماری ئیسلامی - لە ڕاستیدا فرتوفێڵێک کە نواندوویەتی- بووە، کە لە بەرامبەر دنیای دەرەوەدا هەتا ئێستا ئەم ڕێژیمەی بەسەر پێوە ڕاگرتوە. لە لایەکەوە لە ڕێگەی دەزگای ڕێبەرییەوە و بە پشتیوانیی سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنیەتییەکانیان هەوڵی ئەوەیان داوە سیاسەتەکانی خۆیان لە دەرەوەی سنوورەکان ببەنە پێشەوە، لە لایەکی تریشەوە بە بوونی دەوڵەتانێکی وەک ڕەفسەنجانی و خاتەمی و ڕۆحانی هەوڵیان داوە کە پەیامێکی پێچەوانە بە دنیای دەرەوە بدەن. هەر لەم پێوەندییەدا زەریف لە دوایین دانیشتنی لەگەڵ ئاژانسدا داوای هاوکاریی لەوان کردبوو کە پشتگیرییان بکەن بۆ ئەوەی ئەو دەنگە دژانەی نێو دەسەڵات کپ بکرێن.

بەم شێوەیە لە ڕێگەی دەوڵەتانێکی بەرواڵەت میانەڕەوەوە تێکۆشاون بە دنیای دەرەوە نیشان بدەن کە لە ئێران و لەنێو نیزامدا کۆمەڵە کەسانێک هەن کە بە مەبەستی گۆڕانکاری کار دەکەن و، بەم شێوەیە کاتی خۆی دەوڵەتە ئورووپاییەکان و



سەرچاوە
Serchawe

تەنانەت دەوڵەتی ئۆباماشیان بەو قەناعەتە گەیاندبوو کە بۆ پێکهێنانی گۆڕانکارییەکان پێویستیان بە یارمەتیی ئەو دەوڵەتانە هەیە؛ بەڵام لە ڕووی کردارییەوە کۆماری ئیسلامی سیاسەتە ڕەسمییەکانی خۆی بردووەتە پێشەوە. دەتوانین بڵێین کۆماری ئیسلامی ئەم دەوڵەتە میانەڕەوانەی وەک ئامێرێک بۆ تەفرەدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەکار هێناوە.

سروشتییە کە ئەم قۆناغە تێدەپەڕێ و، ئەمەش لە هەوڵەکانیان بۆ یەکدەست کردنی نیزام دەردەکەوێ. ئایا ڕێژیم یا با بڵێین ڕێبەر دەیەوێ بەدوور لە جەناحبەندییەکان بۆخۆی هەنگاو لەڕێی سەقامگیریی ئاشتەوایی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا هەڵبێنێتەوە؟ بەدوور نابیندرێ. هەرچەند من بۆخۆم باوەڕم بەوە نییە بڵێن ماهیەتی فڵان ڕێژیم فڵان جۆرە، بەڵام لە ماهیەت و فکریەتی کۆماری ئیسلامی و خامنەییدا ئەمە نابیندرێ؛ بەڵام ئەمە یەکێک لەو ڕێگەیانەیە کە بیانەوێ بەدوور لە هاوبەشکردنی ئیسلاحتەڵەب و میانەڕەوەکان، بۆخۆیان بیانەوێ ڕێگەی سازشێکی جدی لەگەڵ دنیای دەرەوە بە تایبەتی ئەمریکا بگرنە بەر و بە ناوی خۆیانەوە تەواوی بکەن. هەرچەند من وەک خۆم ئەم ئەگەرە بەدوور دەبینم.

لای من وایە کە مەبەستی ئەوان لە یەکدەست کردنی دەسەڵات ئەوەیە کە بیانەوێ بە هێزێکی کۆکراوەترەوە بەرەوڕووی کێشەکان ببنەوە، ڕەنگە بیانەوێ ئەزموونی کورەی باکوور لە ئێران دابەزێنن. بەدوور نییە کە هەڵسەنگاندنێکی هەڵە لە بارودۆخی وڵات، خەڵک، جوغرافیای ناوچە، پێوەندیی دەسەڵات لەگەڵ وڵاتە جۆراوجۆرەکان و هێزی خۆیان بکەن. هەر بۆیە پێموایە ئەم هەوڵانەی کە دەدرێ لە پێناو ئاشتەواییدا نییە، بەڵکوو زۆرتر بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکانە کە هەوڵی پێکهێنانی دەسەڵاتێکی یەکگرتووتر دەدەن.

بۆیە ئەم ڕێگەیە کە گرتوویانەتە بەر بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی تاکلایەنەیە کە هەم پشتیوانیی سیاسی، هەم قانوونی و هەمیش نیزامیی هەبێ و، ئەمە ڕەنگە ڕێگەی سەرکوت و کوشت و بڕینی زیاتر لە ئێراندا بکاتەوە؛ بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگەی بەرەو کۆتایی ڕۆیشتنی کۆماری ئیسلامیشە، بە سەرنجدان بەوەی کە خەڵک زەحمەتە تەسلیمی ئەم خواستەی ڕێژیم بن و دنیای دەرەوەش لەدوای باوەڕ پێکردن بە دەوڵەتی ئیسلاحات، میانەڕەوەکان و چاوەڕوانیی گۆڕانی ڕەفتاری ڕێژیم، بۆ جارێکی تر لە بەرامبەر ئیرادەی کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگی هەڵبژێرن.

**هەردی سەلیمی: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەڵبژاردنەکانی بایکۆت کردبوو. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی لە ئاستی گشتیشدا بەشدارییەکە زۆر کەم بوو، پێتان وایە بەشداریی کەمی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان لە کوردستان وڵامدانەوە بە هەڵوێستی بایکۆتی حیزبە سیاسییەکان بوو، یان دەرەنجامی بەستێن و بارودۆخە گشتییەکە؟**

**کەماڵ کەریمی:** لە پێوەندی لەگەڵ بڕیاری ناوەندی هاوکاری لەمەڕ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان، لە ڕاستیدا ئەم حیزبانە کاریگەریی خۆیان لە کۆمەڵگەدا هەیە و ئەمەش نەک لەم هەڵبژاردنەدا بەڵکوو پێشتریش سەلمێندراوە و خەڵک بەرەوپیری داواکارییەکانیان چوون. بێگومان ئەوەی کە خەڵک پێشوازی و بەشدارییەکی سارد و سڕیان لە هەڵبژاردنەدا کرد دوو هۆکاری هەبوو، یەکەمیان داواکاری و هاودەنگیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران –کە چاوەڕوانیی خەڵک لەم حیزبانە هەمیشە هاودەنگی بووە- کە بە بڕوای من زۆریەک لەو کەسانەی کە بایکۆتی هەڵبژاردنیان کرد لەژێر کاریگەریی بڕیاری ئەم حیزبانەدا بوون. بەدڵنیاییەوە ئەم بڕیارە بە پێی هەڵسەنگاندنێک بوو کە بۆ بارودۆخی ئێران کرابوو و ئاوێتەبوونی نالەباریی دۆخە گشتییەکە و داواکاریی حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری دەستی بە دەستی یەکترەوە دا و بووە هۆی ئەوەیکە خەڵک بە ساردی بەرەورووی هەڵبژاردن ببنەوە. بۆیە دووهەم هۆکار دەتوانێ نارەزایەتیی گشتیی خەڵکی کوردستان لە بارودۆخەکە بێ.

کوردستان جیاوازتر لە هەموو ناوچەیەکی ئێرانە، بۆ نموونە لە شارێکی وەک تاراندا نارەزایەتیی خەڵک لە دەسەڵات و بێهیواییان لە هەڵبژاردن کاریگەریی بووە لەسەر بڕیارەکانیان هەتا داخوازیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن. بەڵام لە کوردستاندا پێوەندیی خەڵک لەگەڵ حیزبەکان لە ڕاستیدا پێوەندییەکی بەهێزترە، بۆیە ڕاستە لە ئێران نارەزایەتییەکی گشتی هەیە بەڵام لە کوردستاندا هاودەنگیی حیزبەکان زیاتر هاندەر بوو بۆ بەشداری‌نەکردنیان لە هەڵبژاردندا.

**هەردی سەلیمی:** هەر لەسەر کوردستان، بایکۆتی ناوەندی هاوکاری کە حیزبی دێموکراتی کوردستانیشی تێدا بەشدارە، شارگەلێکی وەک ورمێ، قوروە و شنۆ و نەغەدەشی گرتەوە کە لەوێدا دوو نەتەوەی کورد و ئازەری پێکەوە دەژین، بەگشتی ستراتیژی یا تاکتیکی حیزبە کوردییەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وەها دۆخێکدا بۆ ئەم شارانە چییە؟

**کەماڵ کەریمی:** لەو ناوچانەی کە لە پرسیارەکەدا هاتوە بەشداریی خەڵک لەچاو ناوچەکانی تری کوردستان زیاتر بوو، ئەمەش هۆکاری تایبەت بە خۆی هەیە کە باسی لێدەکەین. داواکاریی ناوەندی هاوکاری ڕوو لە هەموو خەڵکی کوردستان لە گشت ناوچەکان بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند خولی ڕابردووی هەڵبژاردنەکاندا بە تایبەت لە هەڵبژاردنەکانی شۆڕای شارەکان و مەجلیسدا بە نیسبەت ئەم ناوچانەوە هەڵوێستێکی جیاوازی هەبوو لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی کوردستان. ئەگەر ئێمە پێمانوابوو بۆ نموونە لە سنە دەبێ بایکۆتی هەڵبژاردن بکرێ، یا لە خولێکدا پێمانوابوو ڕاستە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیک نییە بەڵام خەڵک پێیانوایە کەسێکی شیاو هەیە با پشتگیریی لێبکرێ؛ بەڵام لە قۆناغی ئێستای ئێراندا و بە هۆی قووڵایی نارەزایەتییەکی گشتی کە هەیە، بێگومان بایکۆت باشترین ڕێگەیە بۆ دەربڕینی ئەم نارەزایەتییانە.

بەڵام بەم حاڵەشەوە ئێمە تێبینیی تایبەت بە خۆمان لەسەر ناوچەی ورمێ و نەغەدە هەبوو. هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئێستاش ئێمە پێمانوایە لەوێ کێشەی تێکەڵبوونی دوو نەتەوەی لێکجیاوازی کورد و تورک لە ڕاستیدا جۆرە هەستیارییەکی دروست کردوە. لە ڕابردوودا ئێمە هەوڵمان دابوو بۆ ئەوەی کە بتوانین خەڵک هان بدەین کە کاندیدی باش بناسێنن و بیاننێرنە شۆڕاکان و مەجلیسەوە، کە لە قۆناغێکدا ئەو کارەش کرا و کوردەکان توانیان سەرکەوتن بەدەست بێنن. بەڵام لە دەوری پێشوودا سەرەڕای ئەوەیکە داواکارییمان هەبوو ئاکامی پێچەوانەی هەبوو، ئەویش لەبەر ئەوە بوو کە حیزبەکانی دیکە بە تێکڕایی بایکۆتیان کردبوو. لەم قۆناغەشدا ئەم هەستیارییەی کە باس کرا هەر لەسەر جێی خۆی بوو و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو، هەتا تەمەنی کۆماری ئیسلامی هەڵدەکشێ ئێمە لەگەڵ پرسی چارەسەر نەکراوی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نەتەوەی کورد و تورک لەم ناوچانەدا بەرەوڕووین. بەرەبەرە هەست دەکرێ بیری ناسیۆنالیستی لەنێو تورکەکاندا لەو ناوچانەدا زۆر بەهێزتر بووە، لەم بیرە ناسیۆنالیستییە ڕێژیمیش کەلکی وەرگرتوە و سپای پاسدارانیش یارمەتیی بەهێزتر بوونی دەکا. ئەمە بەو واتایە نییە کە سپای پاسداران پەرەسەندنی ئەم بیرەی پێخۆش بێ بەڵام ئەوان لەو باوەڕەدان کە ئەم فکریەتە بواری بەگژدا چوونەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی ئاسانتر دەکا؛ هەر بۆیە بە هەموو شێوەیەک یارمەتییان داون.

لەم قۆناغەدا ئەم هەستیارییە بۆ کوردەکانیش دروست بووە و بە تەواوی هەستیان بە مەترسی کردوە. ئەگەر تورکەکان دەیکەن، بۆ کوردەکان لە بەرامبەر شوناسی خۆیاندا هەوڵێکی جدی نەدەن؟ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بەم هۆکارانەی کە باس کرا تێبینیی خۆمان هەبوو، بەڵام ناوەندی هاوکاری کە باوەڕی وابوو بایکۆتەکە دەبێ ئەویش بگرێتەوە؛ ئێمەش بۆ پاراستنی یەکڕیزییەکە ئەم داوایەمان قەبووڵ کرد. بەڵام بینیمان کە لە ورمێ خەڵکی کورد هەڵبژاردنیان بایکۆت نەکرد، بەشداریی هەر دوو نەتەوەکە نیشانی دا کە لەوێ ئەو هەستیارییە هەر بەهێزە. من هیوادارم کە لە داهاتوودا حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری بەجدییەتەوە بیر لەم ناوچەیە بکەنەوە و بەدوور بین لە بڕیاری هەستەکی و دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵسەنگاندنی هەڵەمان پاڵ پێوە نەنێ.

زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە چ جیاوازییەک لە نێوان کوردێکی پاسدار و تورکێکی پاسداردا هەیە، بەڵام دەبینین کە خەڵک پیشە و پێشینەی کەسەکان نابینن و تەنیا چاویان لە نەتەوەکەیانە. هەر بۆیە ناوەندی هاوکاری و بە تایبەتییش حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ بەدوور لە هەڵایسانی گرژیی نێوان ئەم دوو نەتەوەیە - مادام کە خەڵک بەو هۆکارانەی وا باس کران هەر بەشداری دەکەن- لەبیری ئەوەدا بین کە بە جۆرێک هەلەکە بقۆزینەوە کە لە قازانجی نەتەوەی کورددا بێ.



سەرچاوە
Serchawe

**هەردی سەلیمی:** زۆر کەس پێیان وایە کە ئەگەر حیزبێکی سیاسی، هەڵوێستێکی هەبێ و خەڵکەکەی پێڕەوی لێ نەکەن، ئەوە ئەم حیزبە تووشی کارەسات بووە و ئەگەریش نا لە گەشبینانەترین حاڵەتی خۆیدا تووشی دۆڕان و شکست هاتووە؛ ئایا ڕای ئێوەش لەم بارەیەوە هەروایە؟

**کەماڵ کەریمی:** دەبێ بڵێین بارودۆخی سیاسی و خوێندنەوەی دروستی ئەم بارودۆخە زۆر کاریگەرە لەسەر ڕادەی وەرگیرانی هەڵوێستەکە لە لایەن خەڵکەوە. لە کاتێکدا تۆ لە دۆخێکی ئازاد و لە خاکی خۆتدا بی، هەڵسەنگاندنەکە نە بە ڕێژەی یەک لە سەد بەڵکوو بە ڕێژەی یەک دەهومی لەسەدییش مومکینە و دەکرێ. بەڵام لەم هەلومەرجە ئەمنیەتییەی کە خەڵک تێیدایە و لە نەبوونی خۆمان بۆ بانگەشە و باسکردنی بەرنامە سیاسییەکانمان؛ ڕەنگە ئەم هەڵسەنگاندنە لە ڕاستیدا هەر دروست نەبێ کە ئایا هەڵوێستی سیاسیی حیزبێک چەندە وەرگیراوە یان نا. بە بڕوای من ئەگەر لەسەر ئەم نوێترین خولەی هەڵبژاردن قسە بکەین، وەک لە پرسیاری پێشووشدا باسمان کرد، هەڵوێستی حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری لە لایەن خەڵکەوە وەرگیرا. لە خوارەوە بوونی ڕێژەی بەشداریی خەڵک دەردەخا کە ناڕازیبوونی خەڵک و بەدەم هەڵوێستەکەی حیزبەکانی کوردستانەوە هاتنیان بۆخۆی بووە هۆکاری بەشداری‌نەکردنیان.

ئەوەش بڵێین کە باس لە کوردستان دەکەین مەبەستمان لە خەڵکی کوردە نەوەک ئەو هەمووە، پادگان و ناوەندە ئەمنیەتی و بەکرێگیراوانەی ڕێژیم کە بە ڕێژەی تەواو بەشداریی هەڵبژاردنیان کردوە و هەواڵ و زانیاریی دروست و وردیشمان هەیە کە زۆر یەک لەوانە نە یەک جار بەڵکوو چەند جاریش بانگ کراون و دەنگیان داوە. ئەگەر ئێمە لە شارێکی بچووک وەک بانە ئەگەر بڵێین ٢٠ هەزار کەس بەشدارییان کردبێ، دڵنیاین کە نیوەی ئەم ڕێژەیە لە هێزە ئەمنیەتی و ئینتزامی و سەربە دەسەڵاتەکان پێک هاتوون. هەرچەندە ئێمە گومانمان هەیە لەسەر ڕاستی و دروستیی ڕێژەی ڕاگەیندراو بەڵام دیارە بەشدارییەکە سارد بووە و ئەمەش نیشان دەدا کە بەدەم داواکاریی حیزبەکانەوە هاتوون.

ئەوە نەبێ کە ئێمە تەنیا پێوەری هەڵبژاردنمان لە بەردەستدا بێ، بەڵکوو لە بۆنە جیاوازەکانیشدا ئەم بەدەنگەوە هاتنە هەر بووە، بەڵام ئەگەر لە دۆخێکی تایبەتیشدا خەڵک نەیانتوانی وڵامدانەوەیان هەبێ، شتێکی سەیر نییە چون دەبێ کاریگەریی کەشە سیاسی و ئەمنیەتییەکە لەسەر خەڵک و ڕادەی نزیکبوون و چالاکبوونی ئێمە لە نێوخۆ لەبەرچاو بگیرێ؛ یانی ئەم لەمپەرانە ببیندرێن و جا هەڵسەنگاندن بۆ ڕێژەی پێشوازییەکە لە هەڵوێستەکە بکرێ.
ئێمە ئەو ڕاستییە دەبینین کە لە ورمێ پێشوازییەکی کەمتر لە بانگەوازی ئێمە کراوە، بەڵام ئەمەش بەو واتایە نییە کە خەڵکی ئەو ناوچەیە لە حیزبە کوردستانییەکان دابڕابن؛ بەڵکوو دەبێ هۆکارە تایبەتەکان لەوێدا ببینینەوە و ئەم

هۆکارەش بکەینە پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی پێشوازی نەکردنیان یان نەتوانینی وڵامدانەوەیان بە داخوازیی حیزبەکانی کوردستان.

بۆیە بە هیچ شێوەیەک ناکرێ بەبێ لەبەرچاو گرتنی دۆخەکە، هەڵسەنگاندن بکرێ بۆ ڕادەی وەرگرتنی داواکاریی حیزبەکان و، پێشتریش خەڵکی کوردستان سەلماندوویانە کە چاویان لە دەمی حیزبەکانی خۆیانە و بەدەم بانگەوازەکانیشیانەوە هاتوون و لە چەندین مانگرتنی گەورەشدا بەشدارییان کردوە و؛ ئەگەریش ببینین کە لە کات و دۆخێکی تایبەتدا بە پێی پێویست ناتوانن بە دەم بانگەوازەکەوە بێن ئەوە هیچ کات بە واتای کارەسات و دۆڕان و شکست بۆ ئەم حیزبانە نییە.

**هەردی سەلیمی**: ئەو "نا"یەی بە کۆماری ئیسلامی گوترا، چ لە کوردستان و چ لە ئاستی گشتیدا، چۆن دەتوانێ ببێتە دەسمایەی دەسکەوتی سیاسی بۆ بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد و هەروەها بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیخوازی و دێموکراسیخوازی لە ئاستی وڵاتدا؟ مەبەست ئەوەیە دەبێ چی بکرێ ئەم "نا"یە بەوەندە تەواو نەبێ و شتی هەستپێکراو بەدووی خۆیدا بێنێ.

**کەماڵ کەریمی**: بە بڕوای من ئەم "نا"یەی کە دیسان بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی بووەوە، دەسکەوتێکی باشە بۆ بزووتنەوەی سیاسی و گۆڕانخوازانە لە ئێران بە گشتی و بە تایبەتی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. هەر ئێستا هەڵوێستی وڵاتانێکی وەک ئەمریکا لەم بارەوە دەبینین کە پێیانوایە بەشدارینەکردنی خەڵک نیشانەیەکی تری دەربڕینی نارەزایەتیی گشتیی خەڵکە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. من لەو باوەڕەدام کە تێکۆشەرانی سیاسی و حیزبە سیاسییەکان دەبێ هەوڵ بدەن کە ئەمە وەکوو ڕاستییەکی کۆمەڵگەی ئێران زیاتر بخەنە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دۆستانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لە ئێران و، ئەمە بکرێتە هەوێنێک بۆ پشتیوانییەکی جدی لە خەڵکی ئێران و بە تایبەتی بزووتنەوەی سیاسی-نەتەوەیی کوردستان. هەوڵ بدرێ بۆ کەلکوەرگرتن لەم دەرفەتە لە پێناو پشتیوانی لە بزووتنەوە سەرەکییەکە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییە کە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئێران، بەبێ پشتیوانیی دەرەکی نەختێک زەحمەتە بتوانێ ڕێگەی خۆی ببڕێ، بۆیە پێویستە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە کە نارەزایەتییەکی گشتی بوو زۆرتر زەق بکرێتەوە.
فشارە سیاسییەکانی دنیای دەرەوە لەسەر کۆماری ئیسلامی لە دوو قۆناغدا یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەیکە ئەم بزووتنەوانە بەهێزتر بن. هەم لە قۆناغی دە ساڵ لەمەوپێش کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و شۆڕای ئەمنیەت فشاریان خستە سەر ئێران



سەرچاوە
Serchawe

و تەحریمیان کرد و دواتر بەرە بەرە کەم بوونەوە، هەم لەم دەورە نوێیەشدا - لەگەڵ ئەوەیکە بەداخەوە قورسایی باری ئابوورییەکەی دەکەوێتە سەر شان و ژیانی خەڵک- بەڵام ئەم ڕاستییەش ببینین کە ئەمە کۆماری ئیسلامییە کە مەبەستی سەرەکیی ئەم تەحریمانەیە.

ئەوەش دەزانین کە تەحریمە ئابوورییەکان چونکوو لە چوارچێوە و شکڵێکی سیاسیدان، کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ڕابردوو بەرەو تەریک کەوتن دەبا و، دەبێتە هۆی دروستبوونی نارەزایەتیی زۆرتر لەنێو خەڵکدا، دەبێتە هۆی دوودڵی و دڕدۆنگیی کاربەدەستانی ڕێژیم و، ئێمە ئەگەر بتوانین دنیای دەرەوە باشتر لەم دۆخە تێبگەیەنین و بیکەینە هۆکارێک بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانییەکی بەهێزتر، بە تایبەتی لەباری دیپلۆماسی و سیاسییەوە بۆ سەر کۆماری ئیسلامی؛ ئەوە دەتوانین یارمەتیدەر بین بۆ خەڵکی ئێران و بە تایبەتی خەڵکی کوردستان بۆ بڕینی ئەو ڕێگە سەختەی کە لە بەردەمیاندایە.

ئەو خەڵکەی کە لە خۆپیشاندانەکانی ئەمساڵدا دەرکەوت تەنانەت لە قوربانیدانیش ناسڵەمێنەوە و ئامادەن بۆ گەیشتن بەو ڕزگارییەی کە مەبەستیانە لە گیانی خۆیشیان خۆش بن. ئاماری کوژراوەکانی خەزەڵوەر کە لە نێوان ١٥٠٠ - ١٧٠٠ کەسە، بێجگە لە بریندار و گیراوەکان، خۆی دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە خەڵکی ئێران ئامادەیی گیانبازییان هەیە و ئەگەر پشتیوانییەکی بەهێزی دەرەکییشیان لەپشت بێ؛ بێگومان هەنگاوی جدیتر هەڵدێننەوە بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**هەردی سەلیمی:** سپاس بۆ بەشداریتان.

**کەماڵ کەریمی:** ماندوو نەبن و سپاس بۆ ئێوەش.

(لە ژمارەی ٧٦٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠٢٠

**ململانیی خەڵک و کۆماری ئیسلامی و کەڵەکەبوونی قەیرانەکان**



سەرچاوە
Serchawe

ساڵی نوێ لە هەر هەلومەرجێک و هەر شوێنێک بێ بە چاوەڕوانی و دڵخۆشیی خەڵک بۆ هەنگاونان بەرەو ژیانێکی نوێ و چارەسەری کێشەکانی ڕابردوو دەست پێدەکا. هەموو کەس بە ئومێدەوە دەڕوانێتە ڕۆژەکانی دوای ڕۆژی نوێبوونەوەی ساڵ و بەو بۆنەوە جێژن دەگرن و شادی دەکەن. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە پێچەوانە خەڵک بیر لە گەورەبوونەوەی قەیرانەکان و زیادبوونی کێشە و گرفتەکانیان دەکەنەوە و بە ئەزموونی هەموو ساڵانی ڕابردوو دەرکەوتوە پەیامی ڕێبەرانیش هیچ گۆڕانێکی باشی لە وەزعەکەدا بە قازانجی خەڵک دروست نەکردوە. لە کاتێکدا خەڵکی ئێران ساڵی ١٣٩٧یان بە هەزار بەدبەختی تێپەڕاند و لە باری ئابوورییەوە ئاستی ژیانی خەڵک زۆر دابەزیبوو، خامنەیی لە پەیامی نەورۆزیی خۆیدا ساڵی نوێی بە ناوی ساڵی "ڕەونەقی بەرهەمهێنان" ناوزەد کرد و داوای لە خەڵک دەکرد بە پەنابردن بۆ بەرهەمهێنانی بچووک لە ماڵەوە خەمێک لە ژیانی خۆیان بخۆن و یارمەتی بدەن بە ئابووریی وڵات. ئەم قسەی خامنەیی لەسەر ئابووریی وڵاتەکەی جگە لەوەی دیانپێدانانێک بوو بە وەزعی خراپی ئابووریی ئێران کە هەمیشە دەیانگوت هیچ گرفتێکیان لەگەڵ ئەحریمە ئابوورییەکان نییە، دەستەوەستانی حکوومەتەکەشی ئاشکرا کرد کە چاوەڕوانییان لەوان نەبێ کە کارێکیان بۆ بکەن بۆ باشترکردنی باری ژیانیان و دەبێ خەڵک بۆ خۆی خەمێک لە ژیانی بخوا. لە حاڵێکدا هەر بۆ ئەو ساڵە و لەو وەزعە نالەبارە ئابوورییەدا بوودجەی دەزگا ئەمنییەتی و سەربازییەکانی ڕێژیم ٣٠ لەسەد زیاد کرا هەتا توانای سەرکوتی خەڵکی ناڕازی لە دەسەڵاتدارییەکەیان بەهێزتر بکا. ئەمە سەرەتای ساڵێکی پڕ قەیرانی هەمەجۆرە بوو بۆ کۆماری ئیسلامی.

لە سەرەتای ساڵدا هێشتا خەڵک دڵخۆشییەکانی خۆیان بە هاتنی ساڵی نوێ بە تەواوی لە بیر نەکردبوو کە بەشی زۆری پارێزگاکانی ئێران بە تایبەت سێ پارێزگای کرماشان و ئیلام و لوڕستان کەوتنە بەر ڕقی سروشت و بە هۆی بارینی زۆری باران کەوتنە ژێر سێڵاو و زیانێکی زۆر بە ماڵ و دارایی خەڵک گەیشت کە بە سەدان میلیارد تمەن مەزەندە دەکرا و هەتا کۆتایی ساڵیش ڕێژیم نەیویست و نەیتوانی قەرەبووی ئەو زیان لێکەوتووانە بکاتەوە، ئەمە بێجگە لە گیان لەدەستدانی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ئەو پارێزگایانەی کەوتنە ژێر ئەو لافاوەوە. لێرەدا جێگەی پێزانینە کە یادێک لە هەڵمەتی نەتەوەیی و ئینسانیی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستان بکرێ کە سەرەڕای پێشگرتن و کۆسپ دروستکردن بۆ ئەو هەڵمەتە لە لایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە، توانیان یارمەتیی هاونیشتمانانی لێقەوماوی کرماشان و ئیلام و لوڕستان بدەن و لە نەبوونی پێڕاگەیشتنی حکوومەتدا بارێکی کەمیش بووبێ لە سەر شانیان کەم بکەن.

هەر لەو وەرزەدا و لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر قەیرانە سروشتی و دەسکردەکانی خۆیدا دەستەوەستان مابووەوە، لە کێشە دەرەکییەکاندا و بە دوای تەحریمی دەزگا و کەسە ڕەنگاوڕەنگەکانی و فرۆفیشاڵی بێمنەتانەی لەسەر تەحریمەکان و هاتوهاواری کاریگەرنەبوونیان لەسەر کۆماری ئیسلامی، تەحریمی سپای پاسداران و بە تێرۆریست ناساندنی

بەهێزترین باڵی نیزامیی ڕێژیم لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە، قەیرانێکی نوێی بۆ ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی خولقاند. سپای پاسداران لە ڕێگەی سپای قودسەوە ساڵانێکە بە هۆی ڕێکخستنی گرووپی چەکداریی جۆراوجۆر و لەژێر ناوە ئایینییەکاندا و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە هەوڵی نائەمن کردنی ئەو وڵاتانە و جێگیرکردنی پێگەی سیاسی و ئایینیی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی پەرەپێدان بە دەسەڵاتی سیاسی و مەزهەبیی ئەو ڕێژیمە داوە. جگە لەوەش دژایەتیکردنی ئەو وڵاتانەی پێوەندییان لەگەڵ ئەمریکا هەیە و لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەو وڵاتانە و لە ناوچەدا، وەک ئەرکێکی دیاریکراوی ئەم بەشە لە سپای پاسداران کە بەهێزترین بەشی سپایە هەرگیز لە بەرچاوان ون نەبووە. ئەمریکا بەم بڕیارەی لە دوای تێکدانی پێوەندییە ئابوورییەکانی ڕێژیم لەگەڵ دنیای دەرەوە، گەورەترین زەربەی لە پەیکەرەی کۆماری ئیسلامی دا و شایەد ئەم بڕیارە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی چەند مانگ دواتر لە فڕۆکەخانەی بەغدا هێرش بکەنە سەر قاسم سولەیمانی فەرماندەی ناسراوی ئەم سپایە و بە کوشتنی دوایین زەنگی مەترسی بۆ ڕێژیمی ئێران لێبدەن. هەر ئەمەش بە تایبەت بە دوای لاوازیی ڕێژیم لە مودیریيەتی کێشەکانی ناوچە و سەرهەڵدانەکانی شارەکانی عێراق و دژایەتیی خەڵک لە بەرامبەر بوون و نفووزی ئێران لە وڵاتەکەیاندا هۆکارێکی بەرچاون بۆ پاشەکشە و شکستی سیاسەتی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە.

هەر لەم ساڵەدا بە پێی درێژەپێدانی سیاسەتی سەرکوت و کپکردنی دەنگی خەڵک، بگروبکوژ لە ئێران بەرەوی هەر ما و جگە لە ئەمنییەتی کردنی زیاتری فەزای وڵات و گرتن و زیندانی کردن، ئێعدامەکانیش لە کزییان نەدا و و بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری لە لایەن ڕاگەیەندراوەکانەوە کۆسپی زیاتر دروست کرا. بەم هۆیەوە بوو کە لە لیستی هەواڵنێرانی بێسنووردا بۆ ئازادیی چاپەمەنی لە جیهاندا ئێران لە نێوان ١٨٠ وڵاتدا لە پلەی ١٧٠دا جێی گرتوە. ئەمەش دەریدەخا کە لە جیهاندا کەس باوەڕ بە قسەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ناکا کە دەڵێن لە ئێراندا هەموو کەس ئازادە قسەی خۆی بکا و ڕەنگە ئەمە بە درۆی ساڵ دابنێن. لە گەڵ ئەوانەش سیاسەتی دژە مرۆڤانەی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لەدژی تێکۆشەرانی کورد لە کوردستان هەروا بەردەوام بووە و بە تایبەت شەهیدکردنی دوو دەستە لە ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بێچەک بوون و لە گوندەکانی قەلەڕەشەی سەردەشت و حەسەن چەپێی مەهاباد لە لایەن بەکرێگیراوانی پڕچەکی ڕێژیمەوە هێرشیان کرایە سەر نموونەیەکی بەرچاوی دڵڕەقیی ئەوان بەرامبەر بە دەنگی ئازادیخوازانەی تێکۆشەرانی کوردە.

لە خەزەڵوەری ساڵی ٩٨ دا بە بەهانەی گران کردنی بایی بێنزین ڕقی پەنگخواردووی خەڵکی ئێران بە دروشمی نا بۆ کۆماری ئیسلامی و مردن بۆ ویلایەتی فەقیه، بە ڕووی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیدا تەقییەوە. ئەم خۆپیشاندانانە کە بەشی زۆری شارەکانی خواروو و نێوەڕاست و ڕۆژاوای ئێرانی گرتەوە ناڕازیبوونی بێسنووری خەڵک لە دەسەڵاتداریی کۆماری

ئیسلامی دەرخست. هەرچەند بەداخەوە ڕێکخراونەبوونی بزووتنەوەکە و پەلاماری بێبەزەییانەی خەڵک لە لایەن ڕێژیمەوە کە زیاتر لە هەزار کوژراو و هەزاران بریندراری لێکەوتەوە، ڕێگەی سەرکوتی ئەم جارەی ئەم ڕاپەڕینەی خۆش کرد بەڵام بێگومان ڕق و بێزاریی خەڵک لە ڕێژیم و دەسەڵاتدارەکانی زیاتر کردوە و دەکرێ لێکترازانی یەکجاریی خەڵک و دەسەڵات وەکوو گەورەترین قەیران بۆ کۆماری ئیسلامی چاو لێبکرێ.

سێ مانگی کۆتایی ساڵیش سێ مانگی پڕ کێشە بوون بۆ کۆماری ئیسلامی. دوای ئەوەی فڕۆکەکانی ئەمریکا لە بەغدا لە هێرشێکدا فەرماندەی سپای قودس قاسم سولەیمانییان کوشت ڕێبەرانی ڕێژیم بۆ قەرەبووکردنەوەی ئێعتباری لە دەسچوویان کەوتنە خۆ و بە سازکردنی نمایشێکی گەورەی خەڵک ویستیان بە دنیا بڵێن کە خەڵک هێشتاش هەر لە پشتیانن. بەڵام تەنیا چەند ڕۆژ دواتر کاتێک کە بە هەڵسەنگاندنێکی هەڵە لە بارودۆخی خەڵکی ئێران فڕۆکەیەکی ئۆکراینی بە دوو مووشەکی سپای پاسداران لە ئاسمانی تاران کەوتە خوارەوە و ١٦٨ کەس کە زۆربەیان خوێندکار و کەسانی پسپۆڕی ئێرانی بوون بوونە قوربانی و بوو بە هۆی ڕسواییەکی دیکە بۆ کۆماری ئیسلامی، هەر ئەو خەڵکە هاتنەوە مەیدان و لەدژی ڕێژیم و ڕێبەرە ناکارامەکەی کەوتنە خۆپیشاندان. ڕەنگدانەوەی ئەم نارەزایەتییانە بە تایبەت لە خۆپیشاندانی حکوومەتی بە بۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی شۆڕشی ١٣٥٧ زیاتر دەرکەوت کە خەڵک ئامادە نەبوون بە دەم بانگەوازی ڕێبەر و دەمڕاستەکانی ڕێژیمەوە بچن و وەک لە ئامارەکاندا دەرکەوت خۆیان و کۆمەڵێک خەڵکی هاوردە لەملاولاوە تەنانەت مەیدانی ئازادییان بۆ فیلم هەڵگرتنەوە بۆ پڕ نەکرایەوە. لە وەها وەزعێکدا بوو کە ڕێژیم بەرەو هەڵبژاردنی دەورەی یازدەهەمی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی کە لە مانگی ڕەشەمەدا کرا دەچوو. هەڵبژاردنێک کە پێشوەخت دیاربوو کە بیری یەکدەستکردنی دەسەڵات ئەویش لە دەست ڕێبەر و فەرماندەکانی سپادا هەوێنی جێبەجێکردنیەتی و لانیکەم ئەم جارەیان نە ڕێبەر بۆی گرینگ بوو خەڵک بەشداری دەکەن یان نا و نە خەڵکیش بەلایەوە گرینگ بوو کێ دەنگ دێنێتەوە. زۆر زووش دەرکەوت کە بە چوونی زیاتر لە یەک لەسەر سێی فەرماندەکانی سپا بۆ ئەو مەجلیسە چ مانایەکی هەیە.

بەداخەوە لە کۆتایی ساڵێکی پڕ لە ناخۆشی خەڵکی گیرخواردوو لە نێوان ئەم هەموو قەیرانانەدا کە تەنیا کۆماری ئیسلامی لە خولقاندنیان بەرپرسیارە، لە نەبوونی و بێکاریدا تووشی قەیرانی کۆنترۆڵی نەخۆشیی کرۆناش هاتن. کرۆنا کە لە وڵاتی چینەوە سەری هەڵدا زۆر بە پەلە گەیشتە ئێران. شایەد پێش هەموو وڵاتانی دیکەی جیهان. بوونی زۆرترین پێوەندیی بازرگانی و زۆرترین هاتوچۆ بۆ ئەو وڵاتە و گوێنەدان بە داوای شارەزایانی پزیشکی و شاردنەوە و ئاشکرانەکردنی داتا و زانیارییەکان، بە کورتی نەزانیی لەوپەڕی خۆیدا و گرینگی نەدان بە ژیانی خەڵک، ئەو هۆکارانەن کە بەداخەوە کرۆناشی کردوەتە قەیرانێکی گەورە و مەترسیدار. قەیرانێک کە بەداخەوە تا ڕۆژی کۆتایی ساڵ سەرانسەری ئێران و کوردستانیشی گرتوەتەوە و مەترسیی ئەوەی هەیە کارەساتێکی مرۆیی بە دوای خۆیدا بێنێ.



سەرچاوە
Serchawe

بەم جۆرە ساڵی ١٣٩٨ بە کۆتا دێ. ساڵێک وەکوو هەموو ساڵەکانی دیکە بۆ خەڵکی ئێران بەو جیاوازییە کە هەر ساڵەی قەیرانێکی نوێ بە قەیرانەکانی پێشوو زیاد دەبێ بەبێ ئەوەی ئەوانی پێشووتر چارەسەر کرابن. دیسانیش بەو هیوای کۆتایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی کۆتایی هەموو قەیرانەکان و دەسپێکێک بۆ گەیشتن بە ژیانێکی ئاسوودە بۆ هەمووان بێ.

(لە ژمارەی ٧٧٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠٢٠

----------------------------------------

## بە ناوی خەڵک و بۆ گیرفانی خۆیان

زیاتر لە دوو مانگ دەبێ دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا سەرەتا لە چین و دواتر بڵاوبوونەوەی لە نزیک بە تەواوی وڵاتاندا لەسەر گۆی زەوی، جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە. هەرچەند لە سەرەتادا لە هێندێک لە وڵاتان کەمتەرخەمی دەوڵەتەکان هۆکاری پەرەگرتنی ئەم پەتایە بوو، بەڵام کاتێک هەست بە مەترسی بڵاوبوونەوەی زیاتری لەسەر ژیانی خەڵک و کۆمەڵگەی بەشەری کرا، لێی وەخۆ کەوتن و بە شێوازی جۆراوجۆر و پێویست لە هەر وڵاتێکدا هەوڵی بەربەست کردنی تەشەنەسەندن و جێ خۆشکردنی زیاتری ئەم میوانە نەخوازراوە درا. هەوێک کە سەرەڕای قوربانی بوونی نزیک لە ٥٠ هەزار کەس و زیاتر لە ٩٠٠ هەزار تووشبوو بەپێی ئامارە ڕاگەیێندراوەکان خەریکە کاریگەری خۆی دادەنێ و ئاستی ڕێژەی ڕۆژانەی تووشبووان دێنێتە خوارێ. ئەم بەڵا لابەلایە وەک هەموو وڵاتانی دیکە ئێران و خەڵکە هەژار و لێقەوماوەکەشی تووش کردوە، بەڵام بە جیاوازیی یەکجار زۆرەوە.

ئاشکرایە کە خەڵکی ئێران ساڵانێکە بە دەست قەیرانی جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنن. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا کە خەڵک تەنیا لە پەسەنی کارەکانی ڕێژیمدا مافی دەنگ هەڵبڕینی ئازادانەیان هەبووە، دەنا بۆ هەر دەنگێکیتر سەرکوت کراون، بەهۆی ناکارامەیی و سیاسەتە تەک ڕەهەندییەکانی دەسەڵاتەوە کە هەرگیز بەرژەوەندیی خەڵکی تێدا ڕەچاو نەکراوە ئابووری وڵات بەرەو ئاقارێکی وەها خراپ برا کە ژیانی و گوزەرانی تاک بە تاکی خەڵک جگە لە بەشێک لە دەستووپێوەندەکانی ڕێژیم کەوتووەتە مەترسیی گەورەوە. هەر ئەمەش زیانێکی قورسی

لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک داوە و ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی بەرەو لێکترازان بردوە. بۆ دروستبوونی ئەم بارودۆخەش هەموو کەس دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و بێخەمییەکانیان بەرامبەر بە چارەنووسی خەڵک و وڵاتی ئێران بە بەرپرس دەزانن.

هەر ئەم جارەش دیسان گوێپێنەدان بە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کوڕونا وپاراستنی گیانی خەڵک و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی، وای کرد کە تەنیا بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی خۆیان کە کەس گومانی نیە کە بە درۆ و بە شاردنەوەی قورسی کارەساتەکە بڵاودەبێتەوە بە دەیان هەزار کەس تووشبوون و هەزاران کەسیش گیانیان لە دەست داوە. ئەم ئامارە لەگەڵ درۆکانی ڕووحانیی سەرۆککۆمار کە پەردەی شەرمی دڕاندوە و لە کاتێکدا وەزیرەکانی لە سەرەتای مانگی ڕێبەندانەوە لەم مەترسییە ئاگاداریان کردوونەوە بەڵام جەنابی دەڵی کە لە ٢٨ی ڕێبەنداندا زانیومانە کە کورونا هەیە، دەریدەخا کە ئەم ڕێژیمە چەندە خۆی لەو خەڵکە هەژار و بێدەرەتانە بەخاوەن دەزانێ و چ کاتێک پێویستیی بەوانە. ئەوەی دیار بوو دەمڕاستەکانی ڕێژیم پێش هەموو کەس زانیبوویان کە ئەم پەتایە بەر دەرکەی ماڵی هەمووانی گرتوە، بەڵام ئەوان کە هەمیشە بیریان لای خۆدەرخستن و نمایشی هێز بووە ئەویش بە پاڵپشتی ئەو خەڵکەی کە چیتر وەدوایان نەدەکەوتن لەبەر ڕێوڕەسمی ٢٢ی ڕێبەندان و بە تایبەت بەڕیوەچوون هەڵبژاردنەکانی مەجلیس ئەم مەسەلە گرینگەیان شاردەوە مەبادا ئەو بەشە خەڵکەش کە بەهەر بەهانەیەک دەچوون بەدەمیانەوە بترسن و لەو ڕۆژانەدا لە حزووریی میلیۆنیی! خەڵکدا دەرنەکەون. ئەمەیە بیرکردنەوەی ڕێژیمێکی ناپەرپرس و بەرپرسانێکی درۆزن. بەڵام بە پێچەوانەی دەمڕاستەکانی ڕێژیم لەولاوە وڵاتانی جیهان بە دەربڕینی نیگەرانی لە دۆخی نالەباری ئێران و بە مەبەستی یارمەتیدان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و پێشگیری لە تەشەنەسەندنی کورۆنا کەوتنەخۆ و ژاپۆن ٢٣ ملیۆن دولار و یەکیەتی ئورووپا ٢٠ ملیۆن یۆرۆ یارمەتیی کۆماری ئیسلامییان دا. لەگەڵ ئەوەش پزیشکانی بێسنوور دەستیان بە سازکردنی بیمارستانێک بۆ نەخۆشەکانی کورۆنا لە شیراز کرد کە بەداخەوە لەبەر ئەوەی پووڵی نەختی بۆ ڕێژیم تێدا نەبوو پێشیان لە کارەکەیان گرت و بڕیاری وەدەرنانیان لە ئێران دەرچوو. جگە لەمەش ئامادەیی ئەمریکا بوو بۆ ناردنی کەرەسە و پێداویستی پێشگیری لەو پەتایە، کە هەر زوو لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ڕەتکرایەوە.

ئێستا بزانین هۆکارەکانی ئەم سیاسەتبازیيانەی ڕێژیم چین و بە دوای چییەوەن؟ ڕاستە کە گیرفانی خەڵک بەتاڵە و بەشی ژیانی ڕۆژانەیانی تێدا نیە، بەڵام خۆ خەزێنەی ڕێبەر و داهاتە بێ ماڵیاتەکانی ئەوەندەی تێدایە کە بۆ ڕۆژی تەنگانەی وا کەڵکی لێوەرگرن. ئەوە نەبوو ساڵی ٩٧ و هەر دوای تێکچوونی بەرجام ٢ میلیارد و ٥٠٠ ملیۆن لە سندووقی پاشەکەوتی دراو، لەلایەن ڕێژیم بە ناوی بەهێزکردنی بونیەی بەرگری درا بە سپای پاسداران و هەر دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی بە بڕیاری ڕێبەر ٢٠٠ ملیۆن یۆرۆ لەو سندووقە پێشکەش بە سپای قودس کرا، لە حاڵێکدا هەتا ئێستا ئامادە

نەبووە بۆ ئەم بەڵا کوشەندەیە لەو سندووقە کەڵک وەربگرێ. ئەدی چۆنە دیسان بۆ کار و ژیانی خەڵک کەوتوونەتە سواڵ و پاڕانەوە و هۆکاری هەموو نەهامەتییەکانی خەڵکی ئێران دەبەستنەوە بە گەمارۆ ئابوورییەکانی سەریان؟ داخۆ بەڕاستی خەتای ئەو بەڵایانەی بەسەر خەڵکی ئێران دێ گەمارۆ ئابوورییەکانن یان بوونی ڕێژیمێکی نابەرپرس و نەزان و کەمتەرخەم بەرامبەر بە وڵات و ژیانی خەڵکەکەی؟ ڕێژیمێک کە ئەگەر کەمترین هەستی بەرپرسایەتی هەبووایە دەبوو لە جیاتی شاردنەوەی ڕاستییەکان، زۆر زوو خەڵک لە مەترسییەکانی ئەم بەڵایە ئاگادار بکاتەوە و ڕێوشوێنی کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئێمکاناتی پووڵی و تکنیکی و پزیشکی وڵات بخاتە بەرنامەی کاری خۆیەوە. ڕێژیم لە جیاتی ئەوەی خەمی چارەسەری ئەم پەتایە بخوا ئەمەی بە دەرفەت زانیوە و دەزگای دیپلۆماسی و پاڕانەوەی خستوەتە کار و دەیەوێ جیهان بێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەگەر گەمارۆ ئابوورییەکان نەبن ئەوان دەتوانن چارەسەری ئەم کێشە و هەموو کێشەکانی دیکە بکەن. لە ڕاستیدا ئەوان بە ناوی خەڵکەوە و بۆگیرفانی خۆیان کەوتوونەتە هاوار. بەڵام هەم خەڵکی ئێران و هەم هەموو وڵاتانی جیهان، جگە لە چەند دەوڵەتێک کە بەژەوەندییەکانیان گرێی خواردوە بە بوونی ڕێژیمێکی دواکەوتووی وەک کۆماری ئیسلامی لەوە باش تێگەیشتوون کە ئەو ڕێژیمە تەنیا چاوی لە بەدەست هێنانی سەرچاوە پووڵییەکانە بۆ بردنەسەری توانایی خزمەتکردن بە خۆیان و گرووپە تێرۆریستییەکانی بەستراوە بە خۆیانەوە. ئەی لەخۆڕایە حەسەن نەسروڵڵا لە لوبنانەوە وەدەنگ دێ و دەڵێ کێشەی ئێران گەمارۆ ئابوورییەکانە. بەڵێ خەڵکی ئێران دەزانن گەمارۆکان کێشەی حێزبوڵڵا و هاوشێوەکانی ئەوانن و هەموو هاتووهاوارەکەش بۆ ئەوەیە نەک لەبەر کێشەکانی خەڵکی ئێران.

(لە ژمارەی ٧٧١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠٢٠

----------------------------------------

## لابردنی سزای چەککڕین چ خێرێکی بۆ خەڵکی ئێران تێدایە؟



سەرچاوە
Serchawe

ماوەیەکە و بە دوای هێرشی ڤیرووسی کورۆنا بۆسەر جیهان کە کێبەرکێ سیاسییەکانی خستبوە ژێر کاریگەریی مەترسییەکانی و شەڕ و ململانێکانی تا ڕادەیەک کەم کردبوووەوە، دەمەتەقێی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئەمریکا دەستی پێکردوەتەوە. پێنج ساڵ لەمەوبەر و دوای چەند ساڵ مشتومڕ و وتوویژی نێوان وڵاتانی ٥+١ ، شۆڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تێکڕای دەنگی هەر ١٥ ئەندامەکەی ڕێککەوتنی نێوان ئەو وڵاتانەی کە بە بەرجام ناوی دەرکرد پەسەند کرد. ئەم ڕێککەوتنە داوای لە ئێران دەکرد کە بۆ هەڵگرتنی تەحریمەکانی سەریان دەبێ نێوەرۆکی ئەو ڕێککەوتننامە بە تەواوی جێبەجێ بکا. یەکێک لە خاڵەکانی بڕیارنامەکەی شۆڕای ئەمنیەت ئەوەیە کە ئێران هیچ چالاکییەک لە بواری سەنعەتی دروستکردنی چەک بە تایبەت ئەو جۆرە چەکانە کە بتوانێ کلاوەی هەستەیی هەڵبگرێ ناکا کە بە پێچەوانەی نێوەرۆکی ڕێککەوتنەکە بێ. لەگەڵ ئەوەش لە یەکێک لە خاڵەکانی ئەو بڕیارنامەدا هاتوە کە ئێران هەتا ٥ ساڵ مافی کڕین و فرۆشتنی چەکی نەبێ کە ئەم بەشە لە بڕیارەکەی شۆڕای ئەمنیەت پاییزی داهاتوو کۆتایی پێ دێ. دیارە ئەمە تەحریمەکانی یەکیەتیی ئورووپا بۆ چەک فرۆشتن بە ئێران ناگرێتەوە کە ٣ ساڵی دیکە کۆتاییان پێ دێ. لەم پێوەندییەدا دەوڵەتی ئەمریکا سەرەڕای دژکردەوەی وڵاتانی دیکەی شۆڕای ئەمنیەت لە هەوڵدایە ئەو ماوە لە سزاکەی ئێران درێژ بکاتەوە. هەرچەند هەتا ئێستا هەر وەک کاتی بڕیاری ئەمریکا بۆ چوونەدەر لە کۆڕی ٥+١ بە تەنیا بوو، دیسان تاک لایەنە بە دوای ئەو مەسەلەوەیە.

دوو ساڵ لەمەوبەر و دوای هەوڵێکی زۆری دیپلۆماسی بۆ ڕازیکردنی شەریکە جیهانی و بە تایبەت ئورووپاییەکانی بۆ پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنی بەرجام و سەرنەکەوتنی لەو ڕێگەدا، دەوڵەتی ئەمریکا بڕیاری کشانەوەی لە ڕێککەوتنەکەدا و تاک لایەنە سزای قورسی بەسەر ئێراندا سەپاند. لەم دەورە لە سزاکانی ئەمریکادا کۆماری ئیسلامی لە زۆرترین داهاتەکانی بە تایبەت لە بواری فرۆشتنی نەوتدا بێبەش کرا. تەحریمی بانکەکان و ڕاگرتنی مامەڵەی پووڵی، سزادانی کۆمپانیا بازرگانییەکان و خاوەن سەرمایەکانی بەستراوە بە ڕێژیم و دواجار بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران کۆڵەکەی دەسەڵاتی سەرکوتکەرانەی نێوخۆ و دەستدرێژیکەرانەی لە دەرەوەی وڵات، بەشێک لە هەوڵەکانی دەوڵەتی ترامپ بوون بۆ زیاتر فشار خستنە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ئەو جۆرەی دەیڵێن بە مەبەستی گۆڕانی سیاسەتەکانی ڕێژیم بە پێڕەوی کردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و پاراستنی ئەمنیەت و ئاشتی لە جیهاندا. هەوڵدانێک کە هەتا ئێستا وڵامدەر نەبووە و کۆماری ئیسلامی بە پشت بەستن بە برسی ڕاگرتنی خەڵکی ئێران و خزمەتکردنی دەوڵەت و گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچە و باج دان بە هێندێک لە گەورە وڵاتان، لە ملدان بەم داواکارییانە خۆی بواردوە. ئەم جارەشیان کە دەوڵەتی ئەمریکا کەوتوەتە خۆ و بۆ درێژکردنەوەی ماوەی سزای کڕین و فرۆشتنی چەک لەلایەن ئێرانەوە هەوڵ دەدا، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی وەک ئەوەی هیچ کێشەیەکی دیکەیان نەبێ و خەڵکی لێقەوماوی ئێران تەنیا چاویان لەوە بێ کە داخۆ بۆ هەڕاجکردنی بەشێکی دیکە لە سەرمایەی وڵاتەکەیان لە کوێ چەکی تازە بۆ بەهێز نیشاندانی دەسەڵاتی

ڕێژیم دەکرن، کەوتوونەتە خۆ و هاتوهاواریان ساز کردوە. لەم پێوەندییەدا دوای ئەوەی پۆمپێئۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە هەر کارێکمان لەدەست بێ دەیکەین بۆ ئەوەی تەحریمەکانی سەر کڕین و فرۆشتنی چەک لەلایەن ئێرانەوە لە جێی خۆیدا بمێنێ و درێژبکرێتەوە و یەکێک لە ڕێگەکانی گەڕانەوە بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، عەلی ڕەبیعی وتەبێژی دەوڵەتی ڕۆحانی هاتە سەر خەت و وەک هەمیشە دەستی کرد بە هەڕەشەکردن کە ئەگەر ئەم کارە بکرێ کۆماری ئیسلامی بەرپەرچدانەوەی توندی دەبێ.

لە کەس شاراوە نییە کە لە هەموو ئەو ساڵانەدا کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی سیاسەتی شەڕفرۆشانەیەوە و لە ڕێگەی دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و بە تایبەت لە ڕێگەی دروستکردن و پڕچەککردنی گرووپە تێرۆریستییەکان لە وڵاتانی دوور و نزیک بۆ هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و بەفیرۆدانی دەیان میلیارد دۆلار لە سەرمایەی وڵاتی ئێران بۆ وەڕێخستنی ئاژاوە و نائەمنی لە ناوچە و تەنانەت بە هۆی کردەوە تێرۆریستییەکانی لە وڵاتانی دووری جیهانیشدا، نە تەنیا هیچ دەسکەوتێکی نەبووە بەڵکوو ئەم ڕێژیمە و سیاسەتەکانی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاترماڵوێرانیی بۆ خەڵکی ئێران بە دوای خۆیدا هێناوە. ئێرانێک کە ئێستا لەبەر چارەسەری هێرشی کورۆنادا داماوە و ڕێژیم بە هۆی ناکارامەیی لە بەرنامەڕێژیی ڕووبەڕوو بوونەوەی قەیرانەکان و وەرشکستەبوونی دارایی و ئابووری و بێخەمەییان لە لەنێو چوونی بە کۆمەڵی خەڵک، دەستەوەستان ماوە، داخۆ دەبێ خەمی ئەوەی بێ لە کوێ چەک دەکڕێ؟ کاتێک لە وڵاتدا ڕێژەی هەڵاوسان بەردەوام بەرز دەبێتەوە، داهاتی خەڵک ڕوو لە کزییە و ڕێژەی بێکاری بە چەند میلیۆن دەچێتە سەرێ بەبێ ئەوەی هیچ پلان و بەرنامەیەک بۆ چارەسەری لە بەردەستدا بێ، لاچوونی مەنعی کڕینی چەک چ خێرێک بە خەڵکی ئێران دەگەیەنێ کە بەرپرسانی ڕێژیم ئەوەندە بە پەرۆشەوەن بۆی و هەڕەشەی هەڵوێستی مەترسیدار دەکەن. ئەمە هەمان سیاسەتە کە لە تەواوی ساڵانی دەسەڵاتدارییدا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بە مەبەستی چەواشەکاری و گەورەکردنەوەی کێشە دەرەکییەکان و لەبیر بردنەوەی قەیرانە نێوخۆییەکان پێڕەو کراوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێرانی ئێستا و خەڵکە چاوکراوەکەی وەک ساڵانی ڕابردوو فریوی ئەم هاتوهاوارەیان ناخۆن و بە چاوبەستراوەیی وەدوای هەڵلاسازکردنی ڕێبەرانی ڕێژیمێک ناکەون کە هەموو ماڵ و ژیانی بە تاڵان بردوون. خەڵک دەزانن کە نابێ متمانە بە ڕێبەرانێک بکەن کە جگە لە پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندییە تاکەکەسی و مافیاییەکانیان بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکەنەوە کە پێوەندیی بە ژیان و داهاتووی خەڵک و وڵاتەکەیانەوە بێ. خەڵک ئێستا بیر لە داهاتوویەک دەکەنەوە کە بە دوور لە درۆ و ساختەکاریی ڕێبەران، وڵاتێکی ئاوەدان و ژیانێکی شەرافەتمەندانە و ئینسانیی تێدا بنیاد بنێنەوە و ئەوەش دەزانن کە ئەم ئاواتە تەنیا بە گۆڕانێک وەدی دێ کە دەستی هەموو ئەو تاوانبار و درۆزنانە لە دەسەڵاتداری کورت بکاتەوە.

(لە ژمارەی ٧٧٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠٢٠

---------------------------------------

## چاوەڕوانی وەڵامی حدکاین بۆ دەستکردنەوە بە گفتوگۆی یەکگرتنەوە

**دیمانە: سەرباز سیامەند**

بڕیارە لایەنەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) و حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئیران (حدکا) دەست بە پرۆسەی دانوستاندنەکانیان بۆ یەکخستنەوەی ریزەکانی حیزبی دیموکرات بکەنەوە، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی وەفدی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەڵێ، بۆ دەستکردنەوە بە گفتوگۆی یەکگرتنەوە چاوەڕوانی وەڵامی حدکان.

لە هەڤپەیڤینێکدا کەمال کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی وەفدی حیزبی دیموکراتی کوردستان باسی رێکارەکانی ئەو دانوستاندنانە دەکات و دەشڵێ "یەکگرتنەوە لە زەرەری هیچ لایەکماندا نییە، بەڵکو لە قازانجی هەردوولایەنی دیموکرات و بیری دیموکرات و خەڵکی کوردستاندایە".

**دەقی هەڤپەیڤینی رووداو لەگەڵ کەمال کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی وەفدی حیزبی دیموکراتی کوردستان:**

**رووداو:** عەبدوڵڵا حەسەن زادە بەر لەوەی نووسینەکەی لەبارەی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات بڵاوبکاتەوە، لەوبارەیەوە گفتوگۆی لەگەڵ سکرتێر و دەفتەری سیاسی حدک کردبوو؟

**کەمال کەریمی:** حیزبی دیموکراتی کوردستان و دەفتەری سیاسی (مەکتەبی سیاسی) بەردەوام لە خەمی ئەوەدابووە ئەو پرسە بەئەنجام بگەیێنێت. ئەوەی پەیوەندیی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە لەڕێگەی رێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دەفتەری سیاسی ئەنجام دەدرێت. ئەوەی مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە، کە بێگومان کەسایەتییەکە زیاتر لە ٦٠ ساڵە لە ریزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان خەباتی کردووە و ئێستاش ناوێکی هەیە، ئەوەی بڵاویکردووەتەوە بیروبۆچوونی خۆیەتی و پەیوەندیی بەو پرۆسەوە نییە کە دەفتەری سیاسیی حزب هەوڵی

جێبەجێکردنی دەدات لەگەڵ هاوڕێیانی دیکەمان لە بەشەکانی دیکەی حیزبی دیموکراتدا. ئەوەی گرنگە بۆ خۆمان بەپێی گەڵاڵەیەکە، کە پێشتر کۆمیتەی ناوەندی پەسندی کردووە، هەوڵماندا وە بگەینە ئامانجێک. هەرچەندە کۆمەڵە کۆسپێک هاتووەتە بەردەممان و بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو پرسە تائێستا بە ئەنجامێکی چاوەڕوانکراو نەگات، بەڵام دیسان بەپێی ئەو پلانانەی پێشتر بۆی دانراوە، لە هەوڵداین و لە هەوڵدابووین تاوەکو ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەین، لە کۆنگرەی 17ی حزبی دیموکراتی کوردستاندا خالیدی عەزیزی و منیش سەردانی جەنابی کاک مستەفای هیجری و کاک محەممەد نەزیف قادری (جێگری لێپرسراوی گشتیی حدکا)مان کردووە بۆ دیسان وروژاندنەوەی ئەو باسە. هەم هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەم چاوەڕوانیی ئێمە لە وەڵامدانەوەی ئەوان، ئەو بابەتەی راگرتووە، کە تاوەکو ئێستا چاوەڕوانین بە رەسمی وەڵامی ئەو داواکاریە و بەدواداچوون بۆ ئەو کۆبوونەوە چوارقۆڵیەی کردمان وەربگرین، تاوەکو بتوانین بەردەوامی بەو کارانە بدەین.

**رووداو**: بە بۆچوونی ئێوە بۆچی لەوکاتەدا ئەو نووسینەی بڵاوکردەوە؟

**کەمال کەریمی**: مامۆستا (عەبدوڵڵا حەسەنزادە) یەکەمجار نییە شتی وا بڵاودەکاتەوە. بۆ خۆی پێیوایە ئەمساڵ یادی ٧٥ ساڵەی دامەزراندنی حزبە و بە گونجاوی زانیوە بەو بیانووە ئەم پەیامە بڵاوبکاتەوە، ئەوە بیروبۆچوونی شەخسیی خۆیەتی و وەڵامدانەوەکە بەخۆیەوە بەستراوەتەوە و پەیوەندیی بەوەوە هەیە.

**رووداو**: لە نووسینەکەیدا حەسەن زادە دەڵێ جگە لە دووان، هەموو لێکترازانەکانی پێشووی حیزبی دیموکرات بەهۆی پێکەوە نەحەوانەوە بووە، ئەمجارە دەتوانن بنچینەیەک بۆ پێکەوە حەوانەوە دروستبکەن؟

**کەمال کەریمی**: بە بڕوای من ئیرادەی یەکگرتن ئەگەر لە هەردوولادا هەبێت، پێکەوە حەوانەوە زۆر ئاسان دەبێت. زۆریش ئاساییە بتوانین بنچینەیەکی قایمی دارێژراو دەستنیشان بکەین بۆئەوەی حیزبی دیموکرات لە داهاتوودا تووشی ئەو کێشانە نەبێتەوە. ئەوەی حیزبە سیاسییەکان بە بەردەوامی تووشی ئەو کێشانە دەبن، شتێکی سەیر نییە، بەڵام بەداخەوە رەنگە لەنێو ئێمەدا ئەوەی خەڵک چاوەڕوانی دەکات، زیاتر لەوە بووە روویداوە. ئەزموونەکانی رابردوو پێمان دەڵێن، دەبێت هەوڵبدەین جۆرێک بە رابردوومان‌دا بچینەوە و هۆکاری ئەو جیابوونەوە و لەتبوونەوانە ببینینەوە و بگەینە بنچینەیەکی قایم بۆ رێککەوتنی داهاتوومان و بەیەکەوەبوونمان لە داهاتوودا دیاری بکەین.

**رووداو**: دوێنێ محەممەد نەزیف قادری، جێگری لێپرسراوی گشتیی حدکا گوتی: دیارنییە کەی دەست بە دانوستاندنەکانی یەکگرتنەوە دەکەنەوە. ئێوە دەتانەوێ کەی دانوستاندنەکان دەستپێبکەنەوە و کەی یەکبگرنەوە؟



سەرچاوە Serchawe

**کەمال کەریمی**: ئەوەی کەی یەکدەگرینەوە، بەستراوەتەوە بە چۆنێتی چوونە پێشەوەی پرۆسەی دانیشتن و گفتوگۆیەکان و ئەو ئەنجامانەی لەمیانەی دانیشتنەکاندا بەدەستی دەهێنین. ئێمە زیاتر لە دوو مانگ لەوەو پێش بوو، سەردانی کاک مستەفای هیجری وەکو 'لێپرسراوی گشتیی حدکا'مان کرد، لەو دیدارە بڕیاربوو بەدواداچوون بکەین بۆ ئەو بابەتە. ئێستاش چاوەڕوانی ئەوین تاوەکو بزانین کەی دەتوانین دەست بەو پرۆسەیە بکەینەوە. ئامادەیی تەواویشمان هەیە دیسان دەست بەو پرۆسەیە بکەینەوە. زەروورە هەرچی زووترە دەستپێبکەینەوە. ئەرکێکە لەبەردەم هەردوو لایەنی دیموکرات و چاوەڕوانییەکی زۆری لەلای خەڵکی دروستکردووە.

**ڕووداو**: **هەر لە قسەکانیدا محەممەد نەزیف قادری گوتی؛ یەکگرتنەوە لە کۆنگرەی ١٦یاندا پەسندکراوە، بەڵام هەر لەو کۆنگرەدا پێکهاتەی حیزبەکەش گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، ئەو گۆڕانکارییە کاریگەریی لەسەر خاوبوونەوەی پرۆسەی دانوستاندنی پێشووتان هەبووە؟**

**کەمال کەریمی**: یەکێک لە هۆکارەکانی وەستانی پرۆسەی دانیشتنەکانماندا ئەوە بوو. دوای کۆنگرەی 16ی حدکا باسمان لەوە کرد کە دەکرێت بەجۆرێکی دیکە بیر لەوە بکەینەوە، کە ئەوان پەسندیان کردووە. هەرچەندە ئەوە کاری حیزبیی خۆیانە، بەڵام چونکە بابەتی یەکگرتنەوە لەئارادایە، بۆ ئێمە گرنگ بوو لەوەی ئێمە یان ئەوان چ کۆنگرەیەک ئەنجامدەدەین و چ بڕیارێک پەسند دەکەین، بێجگە لە بڕیاری یەکگرتنەوە. دەکرێت بەجۆرێک ڕێککەوتنێک لەنێوان هەردوولایەندا بکەین، کە جۆرێک لە بڕوای هاوبەشمان لەسەری هەبێت، ئەگەر کۆسپێکمان لەبەردەمدایە ئەو کۆسپە لابدەین.

**ڕووداو**: **ئەی ئەوەندەی ئێوە تێبینیی دەکەن حدکا دەیەوێ یەکگرتنەوە بکات؟**

**کەمال کەریمی**: تاوەکو ئێستا ئەوەمان لەوان (حدکا) نەبیستووە، کە ئەوان یەکگرتنەوەیان نەوێت. ساڵانی ڕابردوو دوو دەورە بەردەوام دانیشتنمان هەبووە لەسەر ئەو بابەتە و زۆر شتمان چارەسەر کردووە. هیواداریین بەو نەفەسە هەردوولایەن بچینە پێشەوە و بتوانین درێژە بە پرۆسەی دانیشتنەکانمان بدەین. یەکگرتنەوە لە زەرەری هیچ لایەکماندا نییە، بەڵکو لە قازانجی هەردوولایەنی دیموکرات و بیری دیموکرات و خەڵکی کوردستاندایە.

**ڕووداو**: هەندێک کادیری دیموکرات لەوباوەڕەدان یەکگرتنەوەی حدک و حدکا ڕەگێکی کۆنی هەیە و سەرناگرێت، ئێوە چی دەڵێن؟

**کەمال کەریمی**: هیچ حیزبێکی سیاسی بێ کێشە نییە و بەبێ کێشە نابێت. تەنانەت ڕەنگە دوای یەکگرتنەوەی دیموکرات لە ناوخۆی خۆیدا کێشە هەبێت، بەڵام ئەمە بەپێی زەروورەتە مێژووییەکان بێت لەو بابەتە بیردەکەینەوە، گۆڕانکارییەکان لە ناوچەکە و لە ئێراندا، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بەوە هەیە حیزبی دیموکرات زیاتر لەوەی بیری لێکردووەتەوە بیر لە مەسەلەی یەکگرتنەوە بکاتەوە. یەکێک لە ئەرکە زەروورییەکانی بەردەمی خۆمان دەبینین، داهاتووی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئێران و ناوچەکەدا و چۆنێتیی بوونی ئەو حیزبە زۆرجار دەبینین گرێدراوە بە یەکگرتنەوەمان، دوور لەوەی بیر لەوە بکەینەوە چ کێشەیەکی دیکە ڕەنگە بخولقێت، زیاتر ئێمە بیر لەوە دەکەینەوە چۆن کێشەکان چارەسەر بکەین تاوەکو ڤێز لە خولقاندنی کێشەی نوێ بکەینەوە. زۆرتر بیر لەوە دەکەینەوە یەکگرتنەوەیەک بکەین کۆتایی بهێنێت بەو جۆرە کێشانەی تاوەکو ئێستا لەناو بنەماڵەی گەورەی دیموکراتدا دروستبووە.

**ڕووداو**: ئێوە ئامادەن ساڵڕۆژی دامەزراندنی دیموکرات و یۆبیلی ئەڵماسی بە هاوبەشی لەگەڵ حدکا ئەنجامبدەن؟

**کەمال کەریمی**: ئەگەر بکرێت زۆر باش دەبێت. ساڵانی ڕابردوو لە زۆر بۆنەدا، بەتایبەتی بۆ ڕێبەندان و ١٠ی خاکەلێوە بەردەوام پێکەوە بووین و ئەو پەیامەشمان گەیاندووەتە دیموکراتەکان پێکەوە ئەم یادە بکەینەوە. بەداخەوە بۆمان ئامادەبوون لە ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزب بەیەکەوە بۆمان جێبەجێ نەبووە هیچ ساڵێک، ئەمساڵیش ئەگەر بکرێت ڕەنگە بۆنەیەکی گونجاو بێت دیموکراتەکان بەیەکەوە خۆیان دەربخەن.

**ڕووداو**: باشە حدک بۆ ئەمە ئامادەیە؟

**کەمال کەریمی**: ئێمە بۆ هیچ کارێکی هاوبەش لە هەر زەمینەیەکدا، کە کردەیی بێت لەبەینی ئەو دوو حیزبەی دیموکرات، هەرگیز 'نا'مان نەگوتووە. هەمیشە پێشنیاری ئەو هاوبەشیەمان کردووە، بەتایبەت لە بۆنە مێژووییەکانی کە دەگەڕێتەوە بۆ حیزبی دیموکرات، ئێمە ئەم دوو لایەنەی حیزبی دیموکرات بەیەکەوە بتوانین ئەم یادانە بکەینەوە جوانتر دەبێت. دوو ساڵە بە دوو موناسەبەتی جۆراوجۆر لە ناوەندەی هاوکاری بەیەکەوە ڕێوڕەسم بەڕێوەدەبەین، هیچ زیانێکمان لێی نەکردووە. لە بۆنەی دامەزراندن ئەگەر هەردوو دیموکرات بەیەکەوە ساڵیادی دامەزراندنەکە بکەینەوە، بێگومان قازانجی زۆریشی دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ١٩ی مای ٢٠٢٠

----------------------------------------------

## بۆچی حیزبی دێموکرات دەکرێتە ئامانج؟

تەمەنی کامڵی مرۆڤێک، یان تەمەنی چەند جیلی نەتەوەیەک، تەمەنی حیزبێکە کە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە لەگەڵ زۆرترین و گەورەترین دوژمنکارییەکان بەرەوروو بووەتەوە. ئەم دوژمنکارییانە لە دوای دروستبوونی ئەم حیزبەوە نەک بۆ بەرگرتن لە گەشەکردنی، بەڵکوو ڕاست بە مەبەستی کپکردنی دەنگی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیەک بووە کە داهاتوو و وەدیهێنانی ئامانجەکانی لە بوون و بەرەوپێش چوونی ئەم حیزبەدا دیتۆتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئەم ساڵ بەرەو تێپەڕکردنی ٧٥ ساڵەی تەمەنی هەنگاو دەنێ، هەر بە دوای دەرکەوتنی لە سیاسەتی ئاشکرای نەتەوەی کورد لە ناوچەدا، دامەزرانی کۆماری کوردستانی کردە دیارییەکی مێژوویی بۆ نەتەوەی کورد. دیارییەک کە تەمەن کورتی و تێکشکان و لە دەستچوونی وەدیهێنەران و ڕێبەرانی نەتەنیا بە فەرامۆشییان نەسپارد، بەڵکوو بووەتە مایەی شانازیپێکردنی ئەم نەتەوە بندەستە لە نێو گەلان و کۆڕوکۆمەڵی دوور و نزیکدا. شتێک کە لە نێو گەلانی بێدەوڵەتدا کەم بینراوە و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم لە دایکبوونە سیاسییە بوو، ڕێکخستنی پێوەندییەکی نەتەوەیی لە نێو هەموو پێکهاتەکانی ئەو بەشە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو کە کەوتە ژێر نفووز و کاریگەریی فکری و ئیداریی ئەم حیزبەوە. ئەم پێکهاتانە بە دوور لە جیاوازیی ئایینی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و بیروباوەڕەوە لە یەک ڕیزدا ئەویش ریزی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانیان بۆ بەرگری لە مافە نەتەوەییەکانیان شانیان وە شانی یەک دا. لەو دەمەوە دروستبوونی بیری هاوخەباتی وەک باوەڕێک بووەتە هەوێنی بیر و سیاسەتی حیزبی دێموکرات و هەتا ئێستاش ئەم باوەڕە سەرەڕای هەموو دوژمنکارییەک و بەربەست دروستکردنێک یارمەتیدەر بووە بۆ هەوڵی پاراستنی یەکڕیزی نەتەوەیی کە ئاواتی هەموو تێکۆشەرێکی کوردە.

لەم ٧٥ ساڵەدا ئەوەی دوژمنی قەستەسەری کورد چ دەسەڵاتە پاشایەتییەکەی و چ کۆماری لە چەشنی ئیسلامییەکەشی لە ئێران لە دەستیان هات بە حیزبی دێموکراتیان کرد. لەو چەند دەیەدا بە لە سێدارەدان و تێرۆری ڕێبەرانی بگرە هەتا گرتن و ئێعدامی بە کۆمەڵ و شەهیدکردن و نیشاندانی تەرمی شەهیدەکان و شەڕفرۆشتن لە ئاستێکی گشتیدا، سیاسەتی



سەرچاوە
Serchawe

بەکردەیی دەسەڵاتخوازانی پاوانخوازی ئێران بووە کە بەداخەوە زۆرجار بەشێک لە چەپ و کومۆنیستەکانیش جا چ کەوتبێتنە بەرەی دەسەڵات یا لە دژی بووبن، لەگەڵ ئەم سیاسەتە هاوئاهەنگ بوون. کەم نەبوون ئەوانەی کە لەنێوبردنی حیزبی دێموکراتیان وەک قۆناغی سەرەتا بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دادەنا و خەباتی نەتەوەییان بە بیری کۆنەپەرەستانە و بەرهەڵست بۆ خەباتی چینایەتی ناودەبرد، با ئێستاش بە خشکە بایانداییتەوە. بەڵام حیزبی دێموکرات بە پشتبەستن بە ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەو خەڵکەی کە لە هەلومەرجی سەختی خەبات بۆ ڕزگاری تەنیا پشت و پەنای حیزب و پێشمەرگەکانی بوون و بە تەحەمولی بەرپرسانەی و بۆ پێداگری لەسەر پەیامەکەی دامەزرێنەری حیزب بۆ پاراستنی یەکریزی و هاوخەباتی لە نێوان هەموو چین و توێژەکان و بیروباوەڕە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ئەم قۆناغانەی تێپەڕ کرد. بەڵام بۆ هەر جارناجارە حیزبی دێموکرات دەکرێتە ئامانجی هێرش و تیروتوانجی کەسانێک کە خۆیشیان بە هەر بیروبۆچوونێکەوە وەک کورد بەشێکن لەو جەستەی کە دوژمن دەیەوێ ئاگری تێبەردا، جێگەی هەڵوێستە کردنە.

ئەوەی دەبینـدرێ لە دوای زیاتر لە ٧ دەیە خەبات، ئەم حیزبە کە خەڵکی کوردستان بە حیزبی قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی دەناسن بووەتە خاوەنی پێگەیەک کە لەگەڵ هەر کەموکورتییەک کە هەیبێ بووەتە جێگەی متمانەی خەڵک. خەڵکی کوردستان ئێستا دامەزرێنەری ئەم حیزبە پێشەوای نەمر قازی محەممەد، وەک ڕەمزی نەتەوەیی خۆیان دەناسن و دوکتور قاسملوو بە ڕێبەری سیاسی و بیر و بۆچوونەکانی بە ڕێنیشاندەری ڕێی خەبات بۆ ئازادی دەزانن. ئێستا ئیتر ئەو سەردەمە نەماوە کە کەف و کوڵی هەستی هێندێک گەنجی ساویلکە هەڵخرێندرێ و بە تۆمەتی کۆنەپەرستیی حیزبی قازی و، سازشکاری و تەسلیمتەڵەبیی! قاسملوو بتوانرێ بە تیغ لێدان لە ڕەگی داکوتاوی ئەم حیزبە زیانێک بە بزووتنەوەی کورد بگەیەنرێ. ئەوەی بۆ حیزبی دێموکرات گرینگە بەرەوپێش بردنی خەبات لەسەر ڕێچکەی ڕێبازی ئەم دوو پیاوە مەزنەی کوردە کە هەتا ئێستا توانیویەتی دڵخۆشی لای خەڵک بهێڵێتەوە و هومێدیکیان بە داهاتوو بمێنێ. بۆیە هیچکات و لە هیچ سەردەمێکدا ناساندنی ڕێبەرانی ئەم حیزبە بە کۆنەپەرست و سازشکار و ئیسلاحتەڵەب و خۆبەدەستەوەدەر کە هەمووی بە مەبەستی لێدانی حیزبی دێموکرات بووە، نەیتوانیوە کار بکاتە سەر ڕەوتی خەباتی سیاسی و پێداگری ئەم حیزبە لە سەر مافە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کوردستان و هۆکاری زیاتربوونی خۆشەویستی و متمانەی خەڵک بۆ حیزبی دێموکراتیش دەگەڕێتەوە بۆ متمانەبەخۆبوونی تێکۆشەرانی ئەم حیزبە.

لەکۆتاییدا ئەوەی بیر و بەرنامەی حیزبی دێموکرات بە ئێمە دەڵێ ئەوەیە کە، خەبات لە پێناو ئازادیی نەتەوەیەکدا پێویستی بە یەکریزی نەتەوەیی و خۆشکردنی ڕێگەی هاوخەباتی هەموو خەڵکی کوردستانە بە هەموو بیروباوەڕێکی جیاوازاوە ئەوەش بە دڵگەورەیی دێموکراتانە دەکرێ. دابەشکردنی نەتەوەی کورد بەسەر من و ئەودا نە تەنیا قازانجی بۆ

کورد نەبووە، بەڵکوو دەتوانێ ژیانی گەورەتریش بە ڕەوتی خەبات و داهاتوومان بگەیەنێ. چاوخشاندنەوە بە مێژووودا بۆ ئەوەندە باشە کە ئەو دەرسەی لێوەربگرین کە تووشی هەڵەکانی ڕابردوو نەبینەوە.

(لە ژمارەی ٧٧٤ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠٢٠

---------------------------------------------------

## کۆماری ئیسلامی سەرچاوەی قەیران

کۆماری ئیسلامی و قەیرانە جۆراوجۆرەکان وەک باس دەکرێ دووانەیەکی وێکچوون. وەها کە هەر کات باسی ئەو ڕێژیمە دەکرێ کۆمەڵە قەیرانێکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە زەیندا ڕیز دەبەستن. لە تەواوی ساڵانی ڕابردوودا لە لایەک بە هۆی زاڵبوونی سیستمێکی دەسەڵاتداری تۆتالیتێرەوە کە هەمووانی لە نێوخۆیدا کۆ کردوەتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە بێدەسەڵاتی و بێبەرنامەیی دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکان لە ئوسوولگەرا و ئیسلاحتەڵەب و میانەڕەو، وای کردوە کە نە تەنیا نەتوانن هیچ هەنگاوێک بۆ چارەسەری کێشەکانی خەڵک ببیننەوە، بەڵکوو دژایەتیکردنی یەکتر لە نێو نیزامەکەشیاندا کە زۆر جار وەک شەڕی زێڕنگەری باس دەکرێ، هەڵێنانی هەنگاوێکی بچووکیشی لەو پێناوەدا پەک خستوە. لەم نێوەدا ڕێبەرانی سەرەکیی نیزام کە زۆرتر خامنەیی و دەستوپێوەندییەکانی لە دەوری ڕێبەریی نیزامدا دەگرێتەوە، بە هۆکاری ئەم قەیرانخولقێنییە دەناسرێن. ئەمە جگە لە کۆمەڵە قەیرانێکی سیاسی نێودەوڵەتی کە ساڵانێکە بەرۆکی کۆماری ئیسلامیی گرتوە و، بە هۆی سەرکێشییەکانی ڕێبەرانی نیزام نە تەنیا سەرئێشەیەکی زۆری بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروست کردوە بەڵکوو بەشێکە لە هۆکاری خراپتربوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی وەزعی نێوخۆی وڵات و ژیانی نالەباری هاووڵاتییانی ئێرانی. لەم نێوەدا کێبەرکێی سیاسیی ڕێبەرانی ڕێژیم لەگەڵ ئەمریکا لە هەمووان بەرچاوترە. کێبەرکێیەک کە نە تەنیا هیچ قازانجێکی بۆ خەڵکی ئێران نەبووە، بە پێچەوانە کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر ژیان و گوزەرانیان داناوە.

زیاتر لە هەموو ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی ڕێژیم بووەتەوە گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکایە لە سەریان. ئەگەرچی ئەم گەمارۆیانە کە ئابووریی ئێران و بە تایبەت سەرچاوە داراییەکانی ڕێژیمی کردوەتە ئامانج، بووەتە هۆی زۆربوونی بێکاری و کەمدەرامەتی و گرانیی بایی پێداویستییەکانی ژیانی خەڵک لە بازاڕدا، لەو لاوە دەستوباڵی ڕێبەرانی پشتیوانی تێرۆریزمی لە پێشکەشکردنی بەستەی میلیۆن دۆلاری بە گرووپە تێرۆریستییەکان بەستوە.

... نەبوونی ئیمکاناتی ماڵی بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ئەم گرووپانە لاوازیی ئەوانی بە دواوە بووە، زیاتر لەو ڕادەیەش فشارە سیاسی و نیزامییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلی هاوپەیمانی لە ناوچەدا تووشی گرفتی گەورەی کردوون. وەها کە بەرەبەرە نائومێد بن لەوەی کە لە جیاتی درێژەپێدان بە ستراتیژیی پەرەپێدان بە نفووزی سیاسی، تەنانەت بتوانن دەسەڵاتەکەی خۆیشیان بپارێزن. لێدانی پەیتاپەیتای هێزەکانی سپای پاسداران لە لایەن ئیسرائیلەوە بەبێ ئەوەی توانای بەرگری کردنیان هەبێ یا بتوانن نارەزایەتییەک دەرببڕن، نە تەنیا بڕستی لێبڕیون بەڵکوو بەرەبەرە جێ پێی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە لەق دەکا و بە دوور نابینرێ تەنانەت گۆڕانی دەسەڵاتیش لەو وڵاتە بە دووی خۆیدا بێنێ. لە یەمەنیش سەرەڕای بەردەوامیی پشتیوانی لە میلیشیا حووسییەکان و گەیاندنی چەک بۆ درێژەدان بە شەڕی ماڵوێرانکەری ئەو وڵاتە، بە هۆی کەمبوونەوەی یارمەتییەکانی ئێران و هاتنەخوارەوەی توانای ماڵی، لاوازبوونی بەرەبەرەی میلیشیا شیعەکان دەبیندرێ و وێدەچێ لە داهاتوودا بە دوور لە دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی ڕێگە چارەیەک بۆ کێشەی نێوخۆی ئەو وڵاتە ببیندرێتەوە.

بەرچاوتر لەو شوێنانە وڵاتی عێراقە لە لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی

بەم لاوە بۆ کۆماری ئیسلامی بووەتە مەیدانی شەڕی یەکلاکەرەوە لەگەڵ ئەمریکا لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی. شەڕێک کە ئەگەر بۆ ئەمریکا کوژرانی چەند سەت سەربازی بەدواوە بووە و ڕەنگبێ بەدەستهێنانی پووڵ و ئیمتیازاتێکی زۆری بۆیان هەبووبێ، بەڵام بۆ ئێران خەرجێکی ماڵیی زۆری هەڵگرتوە و هەر لە ساڵی ڕابردوودا لە خۆپیشاندانی خەڵک لە شارە گەورەکانی عێراق بە تایبەت لە بەغدا و نەجەف کە دوو پێگەی سیاسی و ئایینیی گرینگی ئەو وڵاتەن، دەرکەوت کە ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران نە تەنیا پووڵەکەشیان چووە بەڵکوو حەیا و نفووزیشیان لەوێ لەدەست داوە. ئێستا ئەوەی دەکەوێتە بەرچاو بەهێزبوونی پێگەی سیاسیی ئەمریکایە لە عێراقدا و پێدەچێ لە داهاتوودا بەرتەسک کردنەوەی زیاتری جموجۆڵەکانی میلیشیاکانی سەر بە ئێران، ئەوەندەی دیکەش دەستی کۆماری ئیسلامی لە دەستێوەردان لە کاروباری ئەو وڵاتەدا کورت بکاتەوە. بەم جۆرە دەبینین ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی ئەم ساڵانەدا بە تاڵانکردن و بە هەوانتە خەرجکردنی پووڵ و سامانی خەڵک و وڵات لە دەرەوەی سنوورەکان، نە تەنیا هیچ دەسکەوتێکیان بۆ خۆیان و خەڵک نەبووە بەڵکوو بە برسی ڕاگرتنی خەڵکی ئێران و سەپاندنی دواکەوتوویی بەسەر ئێراندا، تەنیا وێرانیی ئەو وڵاتانەی کە پشتیان بەوان بەستبوو کردە دیاری بۆ ئێرانییەکان و خەڵکی ئەو وڵاتانە.

بەم جۆرە ئەگەر بیر لە قەیرانەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و چارەسەرەکان دەکرێتەوە دەبێ پێش هەموو شتێک بیر لە سەرچاوەی قەیرانخولقێنییەکان بکرێتەوە کە ئەویش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. ڕێژیمێک کە وەک دەبیندرێ نە تەنیا لە نێو خەڵکی ناوچەدا پێگەیەکی نەماوە و هەموو بە سەرچاوەی نەهامەتییەکانی دەزانن بەڵکوو لە نێو خەڵکی ئێرانیشدا



سەرچاوە
Serchawe

کەمترین جێگەیەک بۆ خۆی شک نابا کە بۆ داهاتوو دڵی پێ خۆش بکا. ئێستا ڕێبەرانی نیزام خۆیان ماون و بەشێک لە دەزگا سەرکوتکەرەکانیان کە پشتیوانیی خەڵکی ئێرانیشیان لەدەست داوە. خەڵک لە ئێراندا تەنیا بیر لە یەک ڕێگە دەکەنەوە بۆ ڕزگاربوون لە چنگ ئەو ستەم و بێدادییەی لە ئێران و ناوچەدا بەڕێوە دەچێ، ئەویش نەمانی کۆماری ئیسلامییە. بێگومان ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی خاوەن بڕیار لە چارەسەری کێشەکاندا بە وردی بڕواننە ڕوانینی خەڵکی ئێران دەزانن و دەتوانن، بە دوور لە بەرژەوەندیخوازیی تاک لایەنە و لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیی ئێران و ناوچە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییدا، هەوڵدان بۆ ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بکەنە ئامانج و هەنگاوی بۆ هەڵێننەوە کە ئاشتی و پێوەندیی دۆستانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەستەبەر بکا و ژیان و ئارامی بۆ ئێران و خەڵکەکەی بگێڕێتەوە.

(لە ژمارەی ٧٧٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠٢٠

-----------------------------------------

## کاریگەرییەکانی شەهید قاسملوو لە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردستاندا

٢٢ی پووشپەڕ یەکێک لە ڕۆژە تاڵەکانی مێژووی کورد و حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کوردە. ئەو ڕۆژەی کە ٣١ ساڵ لەوە پێش خوێنی بەناحەقڕژاوی شەهیدی مەزن دوکتور قاسملوو لە لایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لە شاری ویەن، پێتەختی ئۆتریش ڕژایە سەر خاک و بەداخەوە حیزبی دێموکرات و گەلی کوردی لە زانایی و توانایییەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنەمان بێبەش کرد. توانایییەک کە بە هۆیەوە کاریگەریی زۆری لەسەر حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد بە تایبەتی لەسەردەمی بوونیدا و تەنانەت دوای شەهید بوونیشی بەجێهێشتوە. دیارە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتی دامەزرانیدا بە هۆی ڕێبەریی فیکری و سیاسیی پێشەوا قازی محەممەد حیزبێکی مودێرنی سیاسی کە هەڵگری بیرۆکەیەکی نەتەوەیی بوو دەستی بە تێکۆشانێکی نوێ کرد. ئەمە سەرەتای خەباتێکی نەتەوەیی بە شێوەی مودێرن بوو کە بە دروست کردنی حێزبێکی مودێرن و خاوەن بەرنامە و خاوەنفکری سەردەمیانە بۆ خەباتی نەتەوەیی لە لایەن پێشەوا قازی محەممەدوە گۆڕانێک بوو کە لەوسەردەمەدا بەسەر جۆری تێکۆشان و شۆڕشکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکاندا هات.

لە دوای شەهیدکرانی پێشەوا و هاوڕێیانی و لە ساڵانی دواتری دەستپێکردنەوەی خەباتی ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەتاڵاییەکی زۆر لە نەبوونی ڕێبەریی حیزبدا دروست بوو. لەو کاتەدا کە دیار نەبوو کێ بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی حیزبی لەسەر شانە، کۆمەڵێک لە کادر و ئەندامانی گەنجی حیزب دەرکەوتن کە لە نێویاندا ڕەحمان قاسملوو یەکێک بوو لەو کەسانەی کە زۆر زوو دەرکەوت دەتوانێ کاریگەریی باشی لەسەر داهاتووی حیزب هەبێ. بوونی دوکتور قاسملوو لە کۆنفرانسی یەکەم لە ساڵی ١٣٣٤دا کە لە دەوروبەری مەهاباد دەگیرێ یەکەم دەرکەوتنی بەرچاوی ئەو دەبێ لە ئاستی بڕیاردانەدا. دیارە ئەم بەشدارییە دەریدەخا کە سەرەڕای کەمی تەمەنی ئەو کاتە کەسێکی ناسراو بووە لە نێو هاوڕێیانی تەشکیلاتی حیزبدا.

ساڵەکانی دەیەی ٣٠ی شەمسی ساڵانێک بوو کە زۆرترین تێکۆشانی ئەندامانی حیزبی تێدا ئەنجام درا. هەر بەو پێیەش زۆرترین هێرش کرایە سەر ڕێکخراوەکانی حیزب و گرتن و زیندانیکردنی سەدان کەسی بە دواوە بوو. ئەو کات کاک ڕەحمان یەکێک بوو لەو کەسە چالاکانە کە ساڵی ١٣٣٧ مەجبوور دەبێ ئێران بەجێ بێڵێ و ڕوو لە باشووری کوردستان بکا. زۆری پێ ناچێ کە بە هۆی دروستبوونی کێشە لەنێو حیزبدا و بە تایبەت لە نێوان دوو کەسی دیاری ئەو سەردەمە دوکتور قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق، دوکتور کوردستان بەجێ دێڵێ و دەچێتە ئورووپا و لەوێ درێژە بە خوێندن دەدا و دوکتورا لە ئابووریدا وەردەگرێ.

ژیانی دوورەوڵاتیی دوکتور قاسملوو ماوەیەکی زۆر ناخایەنێ شایەد کەمتر لە ١٠ ساڵان کە بە سەردانێک دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا. لەوێ لە هەلومەرجێکدا کە شۆڕشی ئەیلوول لە باشوری کوردستان لەوپەڕی گەشەی خۆیدا بوو دێتەوە بەغدا و سەردانی باشووری کوردستانیش دەکا. ڕەنگبێ ئەم سەردانەی ئەو سەرەتایەک بووبێ بۆدیتنی لە نزیکەوەی واقعییاتی بزووتنەوەی کورد و پێویستییەکانی خەبات کردن لە پێناو هەوڵدان بۆ ڕزگاریی نەتەوەی کورد. دوکتور قاسملوو دوای چەند دیدارێک لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ بۆ ئەوەی کە بەشداری کاری حیزبی بکات لەگەڵ هاوڕێیانی و لە یەکەم دەرفەتدا کە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵدەکەوێت کە کۆنگرەی سێهەم بگرێ وەکوو سکرتێری حیزب هەڵیدەبژێرن.

لە ڕاستیدا کاتی گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ نێو حیزب یەکێک لە دەورانە پڕ کێشەکانی حیزبی دێموکرات بوو. دەورانێک بوو کە بەهۆی کێشەکانی دوای کۆنگرەی دوو کە لە باشووری کوردستان بەسترا و عەبدوڵا ئیسحاقی بوو بە سکرتێر، چەند جیابوونەوە لە حیزبی دێموکراتدا ڕووی دابوو. ئەم جیا بوونەوانە هەرکامەیان بە جۆرێک لاشەی لاوازی حیزبی دێموکراتی لاوازتر کرد، بەجۆرێک کە لە باشووری کوردستاندا بە چەند قۆڵ و گرووپ دابەش ببوون و هەر گرووپەی لە شوێنێک بە جۆریک خۆی گیرساندبۆوە. بەلام لەنێو ئەم کێشانەدا و بە دیتنی ئەم کێشانە دوکتور قاسملوو

ئامادە دەبێ کە بێتەوە و حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێک بخاتەوە. بێگومان دەبێ بڵێین هاتنەوەی دوکتور قاسملوو بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی سکرتێری و ڕێبەریکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەتایەک بوو بۆ گۆڕانکاریی قووڵی سیاسی و بەرنامەیی و بە ڕێکخراوکردنی کاری حیزبی، سەرەتایەک کە زۆر بە باشی دەستی پێدەکا و هەتا ئێستاش ئێمە ئەم کاریگەرییانە دەبینین. دیارە هۆکاری کاریگەرییەکانی دوکتور قاسملوو لەو قۆناغەدا و دواتریش لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ تواناییەکانی خۆی و دواتر هاوکاریی بەشێکی باش لە کادر و ئەندامانی حیزب کە لەو سەردەمەدا چالاک بوون.

د. قاسملوو دیارە جگە لە ئاستی بەرزی خوێندەواری، بە دیتنی دنیایەکی نوێ و ناسینی خەڵک و بیروڕای جیاواز لە دنیای دوو جەمسەریدا بە کۆڵەبارێک لە تێگەیشتنی نوێ و ئەزموونەوە گەڕایەوە کوردستان. دوور کەوتنەوەی دوکتور لەو چەند ساڵەدا لە کوردستان و ژیانی لە دەرەوە ئاستی تێگەیشتوویی و فکریی ئەوی یەکجار بردبووە سەرێ. وەها کە جیاوازێکی یەکجار زۆر لە خوێندنەوەدا لە بیری دوکتور قاسملوو و ئەو هاوڕێیانەی کە ئەو سەردەمە لەو وڵاتانەدا دەژیان دەبیندران. جگە لەوەش تواناییەکی بەهێزی لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکان بەدەست هێنابوو، هەر ئەو پەیوەندییانەی کە چەند ساڵ دواتر کاتێک لە دوای ئینقلابی ساڵی ١٣٥٧لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەهۆی هجوومی لەشکری خومەینییەوە و شەڕ دەستی پێکرد، دیمان بە سازکردنی پێوەندی لەگەڵ حیزب و وڵاتانی ئورووپایی و ڕاکێشانی سەرنجی میدیاکانی دەرەوە و تەنانەت هێنانی ڕێکخراوە پزیشکییە جیهانییەکان بۆ یارمەتیدانی لێقەوماوانی شەڕ و برینداراکانی شەڕ لەکوردستان، ئەوەی کە دوکتور قاسملوو پێشتر چاندبووی بەرەبەرە کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات دەیاندرووەوە.

لە چوارچێوەی بیرکردنەوە سیاسییەکانیدا و لە نێو کوردەکاندا، دوکتور قاسملوو بە جیهانبینییەکی تایبەت بەخۆیەوە دەڕوانێتە مەسەلە سیاسییەکان. لە واقێعدا ئەوەی کە دەڵێن لە سیاسەتکردندا بیرکردنەوەی سیاسی دەبێ پاڵپشتێکت هەبێ لە جیهانبینیدا ئەو ئەوسەردەمە هەیبوو و دەیزانی دنیا بەرو کوێوە دەڕوا، جیاوازییەکان و کێبەرکێیەکانی جیهانی دەدی و کاریگەریی ئەم کێشە جیهانییانە لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی لە ئێراندا دەیدیتنەوە. هەر بۆیە بە پاڵپشتی ئەم جیهانبینییە بوو کە دوکتور قاسملوو توانی زاڵ بێ بەسەر داڕشتنەوەی سیاسەتی حیزب لە ئاست پێویستییەکانی ئەو سەردەمەدا.

ئەگەر باس لە واقعبینیی لە سیاسەتدا دەکەین و دوکتور قاسملوو زۆر گرینگی پێدەدا، مەبەست خۆ دوور خستنەوە لە دروشمدانی بێ نێوەرۆک بوو. ئەو پێیوابوو کە دروشمدان ئاسانە بەلام تو دەبێ دروشمێک بدەی کە هەمیشە مەجالی بەرەو پێشچوون و نزیکبوونەوەی تێدا ببینی. ئەو پێیوابوو سیاسەت هونەری مومکنە و ناکرێ تو سیاست وابکەی بلێی هەموو شتێک یان هیچ. د. قاسملوو باوەڕی وابوو ئەو کەسەی بەوجۆرە سیاسەت دەکا قەت بە نەتیجە ناگا. حیزبی ئێمە لە



سەرچاوە
Serchawe

سەردەمی سکرتێریی دوکتور قاسملوودا شعاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی بەرزکردەوە، بەڵام دوکتور قاسملوو باوەڕی وابوو کە ئەتۆ لەگەڵ ئەوەی شەڕ دەکەی دەتوانی وتوویژیش بکەی و ئەوە دەقیقەن لە کاتێکدا کە لە مەیدانێکی بەرفراوان لە کوردستاندا و لە شەڕێکی قورسدا بوو لەگەل کۆماری ئیسلامی. دوکتور قاسملوو دەڵێ لەگەڵ ئەوەی لە کۆماری ئیسلامیدا هیچ یەک لە داخوازییە بنەڕەتییەکانی ئێمە دەستەبەر نابن، بەڵام حیزبی دێموکرات وەکوو نوێنەری زۆربەی خەڵکی کوردستان هەرکات بە پێویستی بزانێ حەقی خۆیەتی لە پێناو گەیشتن بە داخوازییەکانی گەلی کورد لەگەڵ ئەم ڕێژیم یا ئەو ڕێژیمی دیکەدا وتوویژ بکا، چونکە ئێمە وتوویژ وەک بنەما بە شێوەیەک لە خەبات دەزانین. ئەمە خۆ دوور خستنەوەیە لە دروشم لە کاتێکدا کە تو دروشمی ڕووخان دەدەی بەڵام بەڵکوو لە پەنا ئەوەشدا بیر لەوە بکەیتەوە کە شەڕ تەنیا ڕێگە نییە بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانت بگەی.

لەلایەکیترەوە ئەوەی دوکتور قاسملوو دەستی پێکرد و بە ئەنجامی گەیاند ڕێکخستنەوەی قەوارەی ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکرات بوو. یەکەم کار کە دوکتور قاسملوو توانی لە حیزبی دێموکراتدا بە ئەنجامی بگەیەنێ قەوارەی ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە پێی پێڕەوێکی نێوخۆیەکی تەواو سەردەمیانە و پێشکەوتوو دامەزراندەوە. ئەم یاسا حیزبییە هەتا ئێستاش لەگەڵ ئەوەی گۆڕانکارییەکی کەم لە چەندین کۆنگرەی دوای کۆنگرەی سێهەمەوە بە سەریدا هاتبێ، ئەسڵ و ئەساسی ئەو پێڕەوە نێوخۆیەیە کە دوکتور قاسملوو داپڕشتوە بۆ ئەوەی کە قەوارەی ڕێکخراوەیی حیزبیی لەسەر ڕێک بخرێ؛ هەر لە جێگای خۆی ماوە. لە ڕاستیدا ئەو گرینگیی زۆر دەدا بە کاری ڕێکخراوەیی و ئەو ڕێکخراوی وەکوو حەڵقەی پەیوەندی نێوان حیزب و کۆمەڵانی خەڵک دەزانی پێیوابوو کە بەبێ دروستکردنی ئەم حەڵقەیە و بەبێ دروستکردنی ئەم پەیوەندییە کە تەنیا لە ڕێگەی بە ڕێکخراوکردنی کاری حیزبی و سازمانی حیزبییەوە دەکرێ خەڵک ئێنێرژییەکەی دەفەوتێ. خەڵک لە میداندا هەن و تێکۆشانیان هەیە، بەڵام پێیوابوو ئەگەر نەتوانین ئەم تێکۆشانە بە ڕێکخراو بکەین و نەتوانین بە شێوەی سازماندراو حەرەکەتی پێ بدەین ئەو حەرەکەتی خۆی دەکا، بەڵام چونکی ڕێکخراو نەبووە ناتوانێ هەدەفمەند بێت و، دوژمن ڕاحەت دەتوانێ بە سەریدا زاڵ بێ و ئەو ئێنێرژییانە بفەوتێنێ. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین ئەمە تەنیا وەکوو سەرەتایەک لە دەسپێکی کاریگەرییەکانی دوکتور قاسملوو لەسەر حیزبی دێموکرات و کورد و بزووتنەوەی کورددا دەبێ ببیینین.

بابەتێکی تر کە بە گرینگییەوە دەبێ چاوی لێ بکرێ ئەوەیە کە ئەگەر تا گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان خەبات و شەڕ بۆ کورد و کوردایەتی بوو ئەگەر ئەو سەردەمەی کە باسی دەکەین زۆرتر بیر لەوە دەکراوە کە خەبات چەکە، شەڕە، بۆ کوردایەتییە و کەمتر چەمکە سیاسییەکان لە نێو بزووتنەوەی کورددا و لە نێو حیزبی دێموکرات و لە نێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا باس دەکرا. دوو دەستەواژەی دێموکراسی و ئازادی کە زۆر گرینگ بوون



سەرچاوە
Serchawe

لە ڕێگەی بیرۆکەکانی دوکتور قاسملووەوە هاتنەوە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە و ڕەنگ و بۆی زیاتری دا بە سیاسەتەکانی حیزب. بیری دێموکراسیخوازی و ئازادی لەسەردەمی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانیشدا بەشێک بووە لە ڕێبازی سیاسیی حیزب، بەڵام ئەگەر لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و ئیعدامی پێشەوا قازی محەممەد بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بچینەوە هەتا ئەو سەردەمەی کە کۆنفراسی سێ و دواتر کۆنگرەی سێ بە حزووری دوکتور قاسملوو دەگیرێ، دەبینین زۆر زۆر کەم ئەهەمییەت دراوە بەم دەستەواژانە و ڕەنگ بێ تەنیا وەکوو وشەیەک لەسەر زاران بووبێ، بەڵام دوکتور قاسملوو مەسەلەی دێموکراسی و ئازادی دەکاتە بابەتێک بۆ شیکاری، بابەتێک بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ سیاسەت، و لە واقیعدا بە بەشێک لە سیاسەتی حیزبی دێموکرات چاوی لێ دەکرا. دەبینین لە زۆربەی وتار و نووسینەکانی دوکتورقاسملوودا باس لە دێموکراسی و ئازادی بەشێک لە باسە گرینگەکانی ئەون. جێی سەرنجە کە دەبینین هەر لەو سەردەمەدا نووسین و بڵاوکردنەوەی بیر و سیاسەتەکانی حیزب بڕەو پەیدا دەکاتەوە و بە بەردەوامی چاپەمەنییەکانی حیزب دەگەنە دەست ئەندامانی حیزب و لە ڕێگەی ئەوانەوە لە نێو خەڵکدا بڵاو دەکرانەوە.

بە کورتی و بە گشتی باس لە کاریگەرییەکانی شەهید دوکتور قاسملوو کارێکی ئاسان نییە و ناکرێ بە چەند دێڕ لە هەر بابەتێک ئەو باسە کورت بکرێتەوە. بەڵام دەکرێ بڵێین ئەوەی دوکتور قاسملووی کردووەتە ڕێبەرێکی سیاسی بو جیلەکانی دوای خۆی دەگەڕێتەوە بۆ، دیتنی ڕاستییەکانی سەردەمی خۆی و قووڵیی بیرکردنەوەی لە داڕشتنی سیاسەتدا و واقێعبینی، هەم لە دەرکی هەلومەرجەکاندا و هەم بەو پێیە دروشمدان و بەرنامەڕێژی، هەست پێکردنی دروست لە بوون و بەکارهێنانی هێزی خەڵک وەک تەنیا پشتیوانی بەهێزی هەر بزووتنەوەیەکی نیشتمانی و ئازادیخوازانە و هاندانی حیزب بۆ ڕێکخستنی هەرچی زیاتر و باشتری ئەم هێزە لەبڕان نەهاتووە، هەوڵدانی جیددی بۆ بە ڕێکخراوکردنی هێز و پتانسییەلی شۆڕشگێڕیی خەڵک، دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە بە مەبەستی دروستکردنی پاڵپشتی سیاسی لە بزووتنەوەی کورد و گەلێک تایبەتمەندیی بەرزی ڕێبەری کردنە کە لە وجوودی ئەودا دەبیندران و لە پاش خۆیشی وەک میراتێک بۆ سیاسەتوانان و دێموکراتەکانی بەجێهێشتوە.

(لە ژمارەی ٧٧٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جووڵای ٢٠٢٠

**داهاتووی کۆماری ئیسلامی و ئەرکی ئێمە**



سەرچاوە
Serchawe

بەرەبەرە گومانەکان لەسەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی بتوانێ درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدا دەڕەوێتەوە. تەنانەت ئەوانەش کە باوەڕیان وابوو بە چەشنێ چاکسازی و گۆڕینی ڕواڵەتی دەکرێ کۆماری ئیسلامی لەو چارەنووسەی کە تووشی خۆی کردووە ڕزگار بکەن، ئێستا لە ئیمکانی مانەوەی ڕێژیم نیگەرانن. نارەزایەتییەکانی خەڵک بە هۆی بێکاری، دواکەوتنی پێدانی مووچەی مانگانە، گرانی و کەمبوونی پێویستییەکانی ژیان و بەگشتی گیرۆدەبوونی ژیانی خەڵک بە قەیرانە کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئەمنیەتییەکان بەردەوام لە پەرەسەندن دان. لە لایەن ڕێژیمیشەوە بێدەسەڵاتییان بەرامبەر بە چارەسەری کێشەکان، بڵاوبوونەوەی ترس و نیگەرانی لە داهاتوو لەنێو کاربەدەستانی ڕێژیم و پاکانەکردن و هەڵاتنی بەشێکیان کە ڕوو لە زیادبوونە، وای کردووە کە ئیتر لە دەرەوە نە کەس حیساب بۆ هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی دەکا نە بۆ خۆیشیان ئەو توانایە شک دەبەن کە وەک جاران پاڵەوانی مەیدان بن. لە نێوخۆی وڵاتیش بەئاشکرا دیارە کە بێمتمانەیی بە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم گەیوەتە ئاستێک کە کەس فریوی درۆ و بەڵێنەکانیان ناخوا. بەم پێوانە ئێران کەوتووەتە هەلومەرجێکی تایبەت و دەکرێ پێشبینی ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و بنەڕەتی لە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک لەگەڵ دەسەڵات و تەنانەت هەنگاونان بەرەو شۆڕشێکی بەرینی خەڵکی بکرێ. ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەتا ئێستاش هەوڵیان داوە بە گرتن و ئێعدام و بڵاوکردنەوەی ترس لە نێو دڵی خەڵکدا پێش بەم جووڵانەوانە بگرن، بەڵام باش دیارە کە هیچ کام لەم پیلانە بەردەوامانەش کاریگەرییان لەسەر تۆقاندنی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران نەبووە.

لە چوار دەیەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا و بۆ پێشگیری لە سەپاندنی دەسەڵاتی زۆرەملی دژ بە خەڵک بە شێوازی جۆراوجۆر خۆڕاگری و ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرامبەر ڕێژیمدا بەردەوام بووە. ئەگەر لە دەیەی ٦٠ دا خۆڕاگریی چەکدارانە بەرامبەر بە بەکارهێنانی هێزی نیزامی و کوشتن و وێرانکاری پێشی بە باڵادەستی هێزەکانی ڕێژیم گرت، لە دەیەی ٧٠ دا نووسین و بڵاوکردنەوەی دەیان کتێب و گۆڤار بۆ ماوەیەکی باش بێدەنگیی بەرامبەر بە دەسەڵاتدارە جنایەتکارەکانی ئەو ڕێژیمە شکاند و بە لەقاودانی کەسە دیارەکانیان وەک ڕەفسەنجانی و دەستوپێوەندەکانی، سیمای ڕاستەقینەی جینایەتکارانی قازانج پەرستی ئەو ڕێژیمەیان نیشان دا. لە درێژەی ڕەوتی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٨٠ دا خەڵک بە ئومێدی دیتنەوەی چارەسەرێک بۆ گرفتەکانیان ڕوویان لە سندووقی هەڵبژاردن کرد. دواجار کاتێک کە زانییان لەوەشدا فێڵیان لێ دەکرێ ڕژانە سەر شەقام و خۆپیشاندانی میلیۆنییان لە تاران و شارە گەورەکان وەڕێ خست. شکستی ئەم ئەزموونەش دوای دووجار ئومێدەواری بە بەڵێنەکانی ئیسلاح تەڵەبەکان و بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردندا خەڵکی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە هیچ ڕێگەیەک لە بەردەمیاندا نەماوە جگە لە هەوڵدان بۆ شۆڕشێک و ڕویشتن بەرەو ئاڵووگۆڕێکی بنەڕەتی. هەر بۆیە دروشمی خۆپیشاندەرانی دەیەی ٩٠، بووەتە مردن بۆ خامنەیی و نەمان بۆ کۆماری

ئیسلامی. بەمجۆرە دەکرێ چاوەڕوان بکرێ کە کۆماری ئیسلامی داهاتوویەکی ڕوونی نیە و بەرەو هەڵدێری نەمان شۆڕ بووەتەوە.

لەو ماوەدا ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ خەڵک بەردەوامی لە خەبات و بەکارهێنان و ئەزموون وەرگرتن لە هەموو شێوازەکانی خەبات بووە بۆ پاشەکشە پێکردن بە ڕێژیم و لەم پێناوەشدا لە هیچ شتێک، تەنانەت لە بەخشینی گیانیان دریغییان نەکردوە. بەڵام دیسان کەلێنێک لە ئەسڵی بابەتەکەدا بووە و هەر ماوە. ئەویش بوون و دەوری هێزی ڕێبەری کردنی ئەم بزووتنەوەیە کە هەردەم ڕوو لە پەرەگرتنە. ساڵانێک بوو لە دیارنەبوونی هێزێک کە بوونی هەبێ و متمانەی پێ بکرێ خەڵک بە ناچار شوێن کەسایەتییە نارازییەکانی دەسەڵات دەکەوتن. بەڵام ئێستا ئیتر بۆیان دەرکەوتوە کە تەنانەت و زیندان دان ناکرێ بۆ «حصر خانگی» ئەوانەش کە لە دەرەوەی ئەو کارە متمانەیان پێ بکرێ. کەوایە ئەو هێزەی کە دەبێ خەڵک پشتی پێ ببەستێ حیزبەکانی ناسراوی نەتەوەکان و هێزەکانی چەپ و دێموکراتی ئوپۆزیسیۆنی دژ بە ڕێژیمە کە بەداخەوە هەتا ئێستا بەو جۆرەی کە پێویستە نە توانیویەتی خۆی ڕێک بخا و نە دەوری ڕێبەری کردنی ئەم بزووتنەوەی لە ئاستی سەراسەریدا و بە تایبەت لە شارە گەورەکان کە ناوەندی ئەم نارەزایەتییانەیە لە ئەستۆ گرتوە، بگێڕێ. لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین جگە لە کوردستان کە دێموکراتەکان و حیزبە هاوپەیمانەکانیان دەوری سەرەکییان لە ڕێبەری کردنی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامیدا گێڕاوە کە ئەویش بێ کەم و کوڕی نەبووە، لە شوێنەکانی دیکەی ئێران خەڵک بە بڵاوی و بێ ڕێبەریکی دیار سنگیان وەبەر گولله داوە.

هەر بۆیە ئەگەر درەنگیش بووبێ ئێستا کە دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی بە هۆی بەردەوامی قەیرانە جۆراوجۆرەکانی نێوخۆیی و دەرەکی و ناکارامەیی و بێ تواناییان لە چارەسەری کێشەکان زیاتر لە هەر کاتێک کەوتوونەتە تەنگانەوە، پێویستە هێزەکانی ئوپۆزیسیۆنی دژ بە ڕێژیم کە باوەڕیان بە حکوومەتێکی ئازاد و دێموکراتیک کە سەلمێنەر و پارێزەری ماف و ئازادییەکانی هەموو خەڵکی ئێران و بە تایبەت دابینکردنی مافی نەتەوەکانی پێکهێنەری خەڵکی ئێران و هەموو کەمینە ئایینی و ئێتێنیکییەکان بێ، هەرچی زووتر بە دوور لە دەمارگرژی و ترس لە داهاتووی ئێران و باوەڕهێنان بە بنەما دێموکراتیکەکانی پێکەوە ژیانی داخوازانە و ئاشتیخوازانە بۆ دەستەبەرکردنی ئێرانێکی ئازاد و ئاوەدان، هەوڵی بە یەکەوەبوون و خۆڕێکخستنی هەموو ئەو هێزانە بدەن کە کاریگەرییان لەسەرخستنی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێران لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامدا دەبێ. بێگومان لە کوردستانیش ئەرکی هێز و لایەنەکان سووک نییە و لەگەڵ ئەوەی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو ساڵی ڕابردوودا چەند هەنگاوێکی باشی هەڵێناوەتەوە، بەڵام پێویستە زیاتر لە جاران هەوڵ بدا بۆ کۆکردنەوەی هەموو تێکۆشەرانی کوردستان لە دەوری خۆی و پلانی دیاریکراوی هەبێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشهاتە نادیارەکانی داهاتوو. بێگومان لەم هەلومەرجەدا ئەرکی هەر دوو حیزبی دێموکرات کە



سەرچاوە
Serchawe

بە خۆشییەوە لێکتێگەیشتنی هابەشی زۆریان لەسەر وەزعی ئێستا هەیە و هەنگاوی باشیان بۆ یەکگرتنەوە ناوە قورسترە. ئێستا ئیتر دێموکراتەکان دەبێ لە ئاست چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان کە داهاتووی خۆیان لە گرەوی یەکبوونی ئەواندا دەبینن، بە چاوێکی کراوەتر و دڵێکی ئاواڵەترەوە بیر لە چارەسەری کێشەکان و خۆشکردنی ڕێگەی یەکبوونیان بکەنەوە و هەوڵی بۆ بدەن.

(لە ژمارەی ٧٨٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

---------------------------------------------------------

## خەمی خەڵک و دڵخۆشییەکانی دەسەڵات

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو و دوای کۆتایی مشتومڕی زلهێزەکان لە شورای ئەمنیەت، لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سزاکانی مامەڵەی چەک لەسەر کۆماری ئیسلامی کە بە هۆیەوە چەند ساڵ بوو ئەو ڕێژیمەی لە کڕینی کەرەسەی نیزامی بێبەش کردبوو، کۆتاییان پێ هات.

ئەم هەواڵە بوو بە دەرفەتێک کە ڕوحانیی سەرۆککۆمار لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەوڵەتەکەیدا بە خۆشحاڵییەوە بپرژێتە سەری و باس لەوە بکا کە چ سەرکەوتنێکی مەزنیان بە دەست هێناوە کە لەمەولا دەتوانن بە هەر کەس بیانەوێ چەک بفرۆشن یا لە هەر کوێ ویستیان چەک بکڕن. با لەوەش گەڕێین کە مشتەرییەکانی کڕینی چەکی ئێران ئەویش بە خۆڕایی، جگە لە حیزبوڵڵای لوبنان و حووسییەکانی یەمەن و میلیشیا جۆراوجۆرەکانی عێراق و گرووپە ئیسلامییە توندئاژووەکانی ئەفریقا، کەسی دیکە نین و بەو جۆرە نە تەنیا هیچ پووڵێک دەست ئێران ناکەوێ بگرە بۆ بەخێوکردنی بەکارهێنەرانی ئەو چەکانەش لە شەڕی بە وەکالەتیی کۆماری ئیسلامیدا دەبێ لە گیرفانی خەڵک پووڵێکیشیان لەگەڵ بداتێ. لایەنی گرینگی بابەتەکە لەوەدایە کە ئاغای ڕوحانی لە هەلومەرجێکدا بەم هەواڵە شاگەشکە بووە یا بە درۆ دەیەوێ وەک دەسکەوتێک بۆ ڕێژیمەکەی لە قەڵەمی بدا کە، لەبەر نەمانی سەرچاوەکانی داهاتیان بۆ کڕینی چەکیش کە مەعلووم نییە بۆ چییانە، دەبێ وڵات هەڕاج بکەن و ئەوەندی دیکەش خەڵک تووشی ماڵوێرانی بکەن. داخۆ ئەو نازانێ کە بە هۆی تێچووی سەدان میلیارد دۆلاری بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی و مووشەکەکانیان و خەرجکردنی دەیان میلیارد دۆلار بۆ پشتیوانی میلیشیاکان



سەرچاوە Serchawe

و گرووپە تێرۆریستییەکان لە وڵاتانی دەوروبەر چ بەڵایەکیان بەسەر خەڵکی ئێراندا هێناوە کە ئێستا دەیەوێ ئەم مژدە بەو خەڵکە لێقەوماوە ڕابگەیەنێ.

گومان لەوەدا نییە کە خەڵکی ئێران دوای چوار دەیە ژیانی کارەساتبار، بەگشتی لەوە تێگەیشتوون کە بناخەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر درۆ و فریودان دانراوە و هیچ متمانەیەکیان بە قسەی کاربەدەستانی ئێران نەماوە. بەڵام سەیر ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی وڵات لە ڕێبەرەوە هەتا خوارێ ئێستاش پێیان وایە کە دەتوانن بە درو و دەلەسە خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە چنگیان، فریو بدەن و بە ئومێدی نادیار بە داهاتوو هەروا بێدەنگ ڕایانبگرن. کارێک کە ئەگەر لە سەرەتای دەسەڵاتدارییان و بۆ ساڵانێکی زۆر بە هەڵخڕاندنی هەستی ئایینی و پێبەندبوونی خەڵکی ئەو سەردەم بە وتار و قسەکانی ئیمام و ڕێبەر بۆیان چووەسەر، ئێستا ئیتر بووەتە کارێکی مەحاڵ. هەر بۆیە ئێستا درۆکانیان تەنیا بە کەڵکی خۆفریودان و چاوبەستنیان لە ئاست ڕاستییەکان بەکار دێ و نەک خەڵک بەڵکوو تەنانەت بەشێک لە کاربەدەستانی خۆشیان دەزانن کە ئەم دڵخۆشییە بنەمایەکی ڕاستەقینەی نییە و تەنیا بۆ بەلاڕێدابردنی بیری خەڵک و سەرقاڵ کردنیانە بە شتی لاوەکییەوە. ئەوان بە گوێنەدان و لەبیرخۆبردنەوەی کێشەکانی خەڵک و لەبەر بێدەسەڵاتی لە وڵامدانەوە بە داواکارییەکانیان، بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دان کە کێشە دەرەکییەکان زەق بکەنەوە و وا نیشان بدەن کە ڕێگەی چارەسەری هەموو ئەو کێشانەی بەرۆکی خەڵکیان گرتوە گەیشتن بە ئامانجەکانیانە لە سیاسەتی دەرەوە و لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدایە.

دیارە بە دوور لە ڕوانگە ڕواڵەتییەکانی ڕوحانی و هاوبیرەکانی و بە پێچەوانەی هەوڵەکانی ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ فریودان و ئارام ڕاگرتنیان، خەڵکی ئێران کە ساڵانێکە بە چنگ زۆرداری ئەم ڕێژیمەوە دەناڵێنن سەرەڕای بێکاری و گرانی لە ڕادەبەدەر و باری گرانی سەرشانیان بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەیان، بە پێچەوانەی ڕێبەرانی ڕێژیم کە ڕۆژژمێری دەکەن کە بزانن لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا کێ سەر دەکەوێ و چ گۆڕانێک بەرامبەر بەوان دروست دەبێ و تەنیا چاویان لەوەیە کە کەی سزا ئابوورییەکانیان لەسەر لا دەبرێ هەتا لە بەرهەمەکەی خەزێنە و گیرفانی خۆیانی پێ پڕبکەن، نە تەنیا ئەم جۆرە هەواڵانە هیچ دڵخۆشیان ناکا و چاوەڕوانیی سەیر و سەمەرەیان لە گۆڕانی ڕوانینی دنیای دەرەوە بەرامبەر بەو ڕێژیمە نییە، بەڵکوو ڕوحانی و ڕێبەر و نیزامەکەیان بە تەنیا هۆکاری سەرەکی دروست بوونی ئەو وەزعە نالەبارە دەناسن کە بە سەر خەڵکی ئێراندا هاتوە.

خەڵک کە ساڵانی پێشووتر باوەڕێکیان مابوو و چاوەڕوانی جێبەجێبوونی ئەو بەڵێنانەیان دەکرد کە ڕوحانی و کاربەدەستانی دیکەی ڕێژیم بۆ چارەسەری گرفتەکانیان پێیان دەدان و بە تایبەت لە سەروبەندی هەر هەڵبژاردنێکدا بەم

واده و بەڵێنانە بازاڕگەرمییان بۆ ڕاکێشانیان بۆ دەنگدان دەکرد، ئێستا ئیتر لە درۆ و بێ بەڵێنی و ناکارامەیی ئەوان گەیشتوون و چیدیکە بەو جۆرە قسە و فرتوفێڵانەی کەسانی وەک ڕوحانی فریو نادرێن. ڕێبەرانی ڕێژیم بە ڕوونی ئەوە دەبینن کە ئەگەر ساڵانێک توانییان خەڵک بۆ گوتنی مردن بۆ ئەمریکا بکێشنە سەر شەقام ئێستا هەر ئەو خەڵکەن کە لە هەر فرسەتێک بۆیان هەڵدەکەوێ و بەهانەیەکیان بۆ هاتنە مەیدان دەست کەوێ دەڕژێنەوە سەر شەقام، بەڵام نە لە دژی ئەمریکا بەڵکوو بۆ گوتنەوەی دروشمی مردن بۆ خامنەیی و کۆماری ئیسلامی.

هەر بۆیە لە هەلومەرجێکدا کە قەیرانی بێبڕانەوەی ئابووری، گرانی و بێکاری، هەڵاوسانی پووڵ و دزی و گەندەڵی بووەتە بەڵای سەر ژیانی خەڵک، پەتای کوڕونا و گرینگی‌نەدان و بێمودیرییەتی حکوومەت لە پێشگرتن لە پەرەسەندنی بەربڵاوی و چوونەسەر ڕۆژانەی ڕێژەی تووشبوان و ئەوانەی گیانیان لە دەست دەدەن بووەتە مەترسییەکی جیددی، نەبوونی دەرمان و بە قاچاخ بردنی بۆ دەرەوە لە جیاتی پێڕاگەیشتن بە نەخۆشخانەکان هاواری نەخۆشەکانی بەرز کردووەتەوە، زیادبوونی ڕێژەی گرتن و کوشتن و لەداردانی ڕۆڵەکانی ئەو گەلە وەک ئەرکی ڕۆژانەی دەزگا ئەمنییەتییەکانی دەبیندرێ و لە جیاتی بیرکردنەوە لە دیتنەوەی ڕێگە چارەسەرێک، بەرپرسانی حکوومەت درۆ و دەلەسەیان کردووەتە زمانی فەرمی ڕاگەیاندنەکانیان، خەڵک هیچ ڕیگەیەکی دیکە شک نابەن جگە لە هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی دەربڕینی ناڕەزایەتییەکانیان و هەستانەوە و ڕێکخستنی ڕاپەڕینێکی بەهێز لە دژی ئەو هەموو زوڵم و زۆردارییە. خەڵک تێگەیشتوون لەوەی کە کێشەی ئەوان نە بەرجامە نە ئەمریکایە و نە سزا ئابوورییەکان، بەڵکوو کێشەکانیان لەگەڵ نیزامێکە کە کەمترین بایەخ بە ژیان و کەرامەتی ئینسانی ئەوان نادا و بوون و نەبوونیان بە لایانەوە وەک یەکە.

لێرەدایە کە ئەو خەڵکە بە مافی خۆیانی دەزانن چاوەڕوانی ئەوە بن کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بە تایبەت وڵاتانی زلهێز لە جیاتی بیرکردنەوە لە مامەڵە لەگەڵ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی، بیر لە پشتگیری و یارمەتیدانی ئەوان بکەنەوە. بێگومان ئەمەش ئەرکێک دەخاتە بەردەم حیزب و کەسایەتییە سیاسی و خەباتگێڕەکان کە بۆ بەدەستهێنانی ئەم پشتگیرییە هەوڵ بدەن ونەهێڵن ئەو خەڵکە ڕاپەڕیوە لەوە زیاتر لە بەرامبەر دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدا بە دەستی خاڵی و بە تەنیا بمێنێتەوە.

(لە ژمارەی ٧٨٤ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

-------------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## هیچ شتێک کار لە یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان ناکات

**دیمانە: هیدایەت جان**

دانوستانی دوو حیزبی دیموکرات بۆ یەکگرتنەوە زیاد لە دوو مانگە بە گەرمی دەستی پێ کردووە، لەو چەند رۆژەی رابردوو باس لەوە دەکرا پرۆسەی یەکگرتنەوەکە پەکی کەوتووە، بەڵام کەماڵ کەریمی سەرۆکی شاندی دانوستانکاری حدک و ئەندامی دەفتەری سیاسیی ئەو حزبە باس لە بەردەوامی دانوستانەکانی نێوانیان دەکات و رای دەگەیەنێت، هیچ شتێک و هیچ قسەیەک ناتوانێ و نابێت کاریگەری لەسەرمان هەبێت کە بەهۆیەوە دانیشتنەکانمان رابگرین.

**هیدایەت جان**: دوو مانگە دانوستان بۆ یەکگرتنەوەی دوو حیزبی دیموکرات بە گەرموگوڕی دەستی پێ کردووە، بەڵام ئێستە دەنگۆی ئەوە هەیە کە دانیشتنەکانتان پەکخستووە و پرۆسەکە وەستاوە، ئەو بابەتە تا چەند راستە؟

**کەماڵ کەریمی**: حیزبی ئێمە باوەڕی وایە یەکگرتنەوە پرسێکی هەنووکەییە لە بەردەم هەردووک حیزبی دیموکراتدا، پێویستە بەپێی زەروورەتە سیاسییەکان و چاوەڕوانییەکانی خەڵک و ئەو ئاڵوگۆڕییانەی هەن، ئەو پرسە بە ئەنجام بگات، بۆیە هیچ شتێک تا ئێستە نەیتوانیوە و ناشتوانێت کاریگەری لەسەر دانیشتنەکانمان بکات و پەکیان بخات.

**هیدایەت جان**: سەرەتا گروتینێک بە کۆبوونەوەکانەوە دیار بوو و چاوەڕوان دەکرا بە ماوەیەکی کەم یەکگرتنەوەی دوو دیموکرات رابگەیەنرێت، بەڵام ئێستە هەست دەکرێت پرۆسەکە خاو بووەتەوە، دەکرێ هۆکارەکەی روون بکەنەوە؟

**کەماڵ کەریمی**: پرسی کۆبوونەوە و باسکردن لەوەی دوو حیزبی دیموکرات یەک بگرنەوە، رەنگە کارێکی ئاسان نەبێت، بۆیە بەپەلە ناکرێت، زۆر جاریش لەوانەیە لە دانیشتنەکان هەندێ بابەت بێنە پێشەوە کە نەتوانین لە هەمان کۆبوونەوەدا بیگەیەنینە ئەنجام، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، هەوڵدانمانە بۆ ئەوەی پرسی یەکگرتنەوە وەک بابەتێکی هەنووکەیی لە بەردەم هەردوولامان بمێنێت و شاندی هەردوولامان رێککەوتووین لەسەر ئەوەی درێژە بە دانیشتنەکانمان بدەین و درێژەشیان هەیە.

**هیدایەت جان**: ئێستە زیاد لە هەفتەیەکە دانیشتنەکانی نێوانتان بەڕێوە ناچێت، هەرچەند ئەندامانی شاندەکە

**هۆکارەکەیان بە تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا گرێ داوە، بەڵام ئەوەی ئێستە بەدی دەکرێت راوەستانی ئەو دانوستانانەیە، هەوڵەکانتان بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان چی بووە؟**

**کەماڵ کەریمی**: لەوانەیە هەندێ بابەت کاریگەری لەسەر ئەوە هەبێت کە ماوەیەک نەتوانین کۆ ببینەوە، بەڵام ئێمە پێوەندییەکانمان نەپچڕاوە و ئەگەر نەشمانتوانیوە بەیەکەوە دابنیشین، بە بەردەوام لە رێی تەلەفۆنەوە ئاگامان لە یەکتر بووە و هەوڵی ئەوەشمان داوە دانیشتنەکان درێژە پێ بدەینەوە. ئێمە پێمان وایە نەک دانیشتنەکانمان پەکی نەکەوتووە، واتا بەو شێوەیەی گەیشتبین بە بنبەست، بەڵکو هیچ شتێک و هیچ قسەیەک ناتوانێ و نابێت کاریگەری لەسەرمان هەبێت کە بەهۆیەوە دانیشتنەکانمان رابگرین. لەوانەیە ماوەیەکی درێژی بوێت بۆ ئەوەی ئێمە لە یەکتر تێبگەین و لە کۆتادا بە ئەنجامێکی دڵخواز بگەین، ئەنجامێک کە هەردوو لامان پەسندمان بێت، بۆیە ئێمە ئەو پرۆسەیە پەک ناخەین و درێژەی پێ دەدەین.

**هیدایەت جان**: **پێشتر دوو جار کۆبوونەوەکانتان بۆ یەکگرتنەوە دەست پێ کرد، بەڵام هەردوو جار پەکیان کەوت، ئەو جارەیان جیاوازی دانیشتنەکان بۆ یەکگرتنەوە چییە بۆ ئەوەی دڵنیایی بدرێت کە هەوڵەکانتان بۆ یەکگرتنەوە رژدترە؟**

**کەماڵ کەریمی**: ئێمە گوتوومانە کە ئەگەر لە یەکدابڕان و لەتبوون شتێک بوو کە دوای کۆنگرەی ١٣ بەسەر حیزبی دیموکراتدا سەپا، هەر لەو کاتەوە پێمان وابووە کە لێکدابڕانی دیموکراتەکان نابێ بۆ هەمیشە بێت و یەکگرتنەوە لەو کاتەوە پرسێک بووە لە بەردەمی ئێمەدا، بەڵام ئاساییە و لەوانەیە هەندێ شت کاریگەری لەسەر دواکەوتنی هەبێت، ئێمە لە پێش کۆنگرەی 16ی حدکا، دوو خولی درێژمەودا دانیشتنمان هەبوو، ئەوکات ڕاستییەکەی شتێک کە کاریگەری خستەسەر راگرتنی دانیشتنەکانمان، ئەوەبوو کە لە کۆنگرەی حدکا بڕیارێکی یەکلاکەرەوە نەدرابوو بۆ ئەو داوایەی ئێمە کە ئاخۆ لە چ ئاستێک و بە چ ناوێکەوە بەیەکەوە دادەنیشین، دواتر بابەتێکی نوێ هاتە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، ئەویش گۆڕینی پێکهاتەی رێکخراوەیی حزبەکە بوو کە ئەوکاتیش باسمان لەگەڵ کردن کە ئەو کارە نەکەن، لەبەرئەوەی لایەنی کەم هەستمان دەکرد هەردوو وەک حیزبی دیموکرات خاڵی ویکچوومان زۆرە و ئەوە جیاوازی دەخاتە نێوانی ئەم دوو حزبەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئێمە پێمان وابوو کە نابێ ئەو بابەتە کۆتایی بە گفتوگۆکانمان بهێنێت، بۆیە ئەمساڵ لە سەرەتای بەهارەوە ئەو باسەمان دەست پێ کرد و دوو مانگ لەمەوبەر بە فەرمی دوای دانیشتنی نێوان رێبەرایەتی هەردوو لامان کە بە ئامادەبوونی مستەفا هیجری و خالید عەزیزی بەڕێوە چوو، لەسەر ئەوە ساغ بووینەوە کە دانیشتنەکانمان دەست پێ بکەینەوە، واتە هەردوولا بڕوامان بەوە هەبوو کە یەکگرتنەوەی دوو دیموکرات ئەرکێکە لە بەردەممان و لەسەر ئەو بڕوا هاوبەشە کۆبوونەوەی شاندەکانمان دەست پێ کردەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**هیدایەت جان:** زۆر لە دۆستان و لایەنگرانی دیموکرات چاوەڕوانی ئەوەیان هەیە بە خێرایی ئەو دانوستانەتان بگاتە ئەنجام و یەکگرتنەوە رابگەیەنرێ، ئێوە کە سەرۆکی شاندی دانوستانی حدکن، پێتان وایە بەم دەمودەستە یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان رابگەیەنن؟

**کەماڵ کەریمی:** دانوستاندن بۆ یەکخستنەوەی دوو حیزبی دیموکرات کە نزیکەی ١٥ ساڵە بەجیا تێکۆشانیان کردووە، کارێکی ئاسان نییە و بابەتێک نییە کە بکرێ بە دوو قسە بیبڕێنیتەوە، تێکەڵکردنەوەی دوو حزبە و لەوانەیە لە هەندێک سیاسەت و شێوازی کاری رێکخراوەییدا و لە بەرپرسێتییەکان و تەنانەت لە دروشمەکاندا جیاوازیمان بۆ دروست بووبێت، باسکردن لەسەر ئەمانە و دروستکردنی باوەڕێکی هاوبەش ئەرکی ئێمەیە لەناو لیژنەکاندا و نامانەوێ بەیەکەوەی بدرووینەوە، بەڵکو دەمانەوێ باوەڕی هاوبەش لە هەردوو لامان لەسەر کۆی پرسەکان دروست ببێت.

**هیدایەت جان:** ئاماژەت بە خاڵێک کرد کە لای زۆربەی خەڵک پرسیارە، ئەویش گۆڕینی پێکهاتەی رێکخراوەیی حدکایە، ئەو بابەتە چۆن چارەسەر دەکرێت؟ ئایا تا ئێستە لە کۆبوونەوەکان لەبارەی ئەو بابەتە گفتوگۆ کراوە؟

**کەماڵ کەریمی:** ئێمە کاتی خۆی باسمان کردووە کە ئەو پێکهاتەیە بۆ حیزبی دیموکرات نابێت و تا ئێستە لە کۆبوونەوەکان بۆ ئێمە نەبووەتە جێی باس و ئەوانیش پێیان وایە ئەو بابەتە نابێتە کێشە، واتا بە فەرمی باسمان لەو پرسە نەکردووە، بەڵام حدکا پێی وایە نابێت بە کێشە و دەکرێ چارەسەری بکەین و چارەسەری بۆ دەبینینەوە، ئێمە بڕیارمان داوە کۆنگرەیەکی هاوبەش بگرین و دواتر ئەوە کۆنگرەی هاوبەشە بڕیار لەسەر هەموو بابەتەکان دەدات، لە ناویشیاندا بابەتی پێکهاتەی رێکخراوەیی حزب.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

-----------------------------------------------------

## هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا و چاوەڕوانییەکان

ڕۆژی ٣ی نوامبر (١٣ی خەزەڵوەر) دەنگدانی خەڵکی ئەمریکا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە دەستی پێ کرد. ئەم دەنگدانە کە هەر چوار ساڵ جارێک بەڕێوە دەچێ ئەمجارە لە نێو هەراوهوریایەکی تەبلیغاتیی چەند مانگە و گەرمتر لە

دەورەکانی پێشوو، بە کۆتا هات. هەرچەند وا دەردەکەوێ جۆزێف بایدن، کاندیداتۆری دیموکراتەکان بەشی زۆری دەنگی ئەیالەتە گرینگەکانی بەدەستهێنابێ بەڵام هەتا ئێستا ئاکامی کۆتایی هەڵبژاردن بە تەواوی ڕوون نیە و وەک باس دەکرێ لەوانەیە لە ئەگەری قبووڵ نەکردنی ئەم ئاکامەی تا ئێستا باسی لێدەکرێ لە لایەن دونالد ترامپەوە، پرۆسەکە بەرەو بژاردنەوەی دەنگەکان و تەنانەت بردنی پرسەکە بۆ دادگا بڕوا و کاتی بوێ بۆ ئەوەی بە فەرمی سەرکەوتووی ئەم کێبەرکێیە ڕابگەیەندرێ کە بە دڵنیاییەوە کاریگەریی لەسەر ئەمریکا و جیهان دەبێ.

هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری ئەمریکا هەمیشە یەکێک لە گەرمترین ڕووداوەکان لە جیهاندا بووە کە میدیای جیهانیی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە. ئەمە جگە لەوەی کە ڕێبەرانی سیاسی و شارەزایانی بوارە جۆراوجۆرەکانی گرێدراو بە ژیانی مرۆڤایەتی لە ئەمریکا و زۆر لە وڵاتانی دیکەی جیهان بە جیددی سەرنجی دەدەنێ و گرینگی دەدەن بە سەرکەوتنی ئەم یا ئەو بەربژێر لە دیموکرات یا کۆماریخوازەکان. بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی کاریگەری سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و زۆر لە وڵاتانی جیهان. ئەم کاریگەرییەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە وڵاتێکی گەورەی وەک ئەمریکا بە پشتبەستن بە ئابوورییەکی بەهێزو پشتیوانەی ماڵی و نیزامی خۆی و یارمەتیی هاوپەیمانەکانی، دەتوانێ شوێنەواری لەسەر گۆڕینی هاوکێشە سیاسییەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا هەبێ و لەگەڵ وڵاتانی بە هێزی خاوەن بەرژەوەندی لەو ناوچانەدا بکەونە کێبەرکێ یا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان مل بە ڕێککەوتن بدەن. هەروەک دیتمان لە ماوەی چوار ساڵی دەسەڵاتداری دۆنالد ترامپ و بەپێی ڕوانینی جیاواز تەنانەت لەگەڵ سەرۆککۆمارەکانی پێشووش لە سیاسەتی دەرەوەیاندا، پێوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانە ئورووپاییەکانیان وەک فەڕانسە و ئاڵمان و هێندێک لە وڵاتانی زلهێز و خاوەن بەرژەوەندی گەورە وەک چین و ڕووسیە بەرەو لاوازی ڕۆیشت. لاوازبوونی ئەم پێوەندییانە لە ڕوانینی هێندێک لە ستراتیژیستەکاندا بە پاڵنەری جیهان بەرەو شەڕی سێهەم دەبیندرا.

لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا ئیدارەی ئەمریکا لە نێوخۆی وڵات، سەرەڕای باشتر بوونی بەشێک لە کاروکەسبی خەڵک بێ کێشە نەبووە و بە تایبەت پەرەسەندنی بیری ڕەگەزپەرستی و گوێنەدان بە بیمەی کۆمەڵایەتی و کێشەی ژنان و سیاسەتی ترامپ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا، نارەزایەتیی زۆری لێ کەوتەوە. ئەگەر ئاوڕێکیش لە سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکا لە چوار ساڵی ڕابردوودا بدەینەوە، دوورکەوتنەوە لە پەیمانە نێودەوڵەتییەکان و هاتنەدەر لە شورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، گوێنەدان بە هاوپەیمانەکانی پێشووی و هەڕەشەی بەجێهێشتنی ناتۆ، گەیشتن بە قۆناغی شەڕی ئابووری و تێکنۆلۆژی لەگەڵ چین و هەوڵدان بە گەورەکردنەوەی هاوپەیمانە ناوچەییەکان و بە تایبەت گرینگیدان بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە کارنامەی سیاسەتی دەرەوەی سەرۆککۆماری ئەو وڵاتەدا دەبینینەوە. هەموو ئەمانەش لەسەر یەک لەلایەن دێموکراتەکانەوە بە بەردەوامی ڕەخنەی لێ دەگیرا و دواتر بوو بە بەشێک

لە هەڵمەتی ڕاگەیاندنی ئەوان لە دژی کۆماریخوازەکان لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا. دیارە ئەوەی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئەمریکا گرینگی پێدەدەن کێشەی نێوخۆی وڵات، وەک باری ئابووری، پەتای کۆرۆنا و مافە کۆمەڵایەتییەکانیانە و لەو بارەوەش دێموکراتەکان بە بەرنامەوە بەرامبەر بە کۆماریخوازەکان وەستانەوە و پێدەچێ بەرهەمەکەی بەدەست بهێنن. بەڵام بێگومان لە دەرەوە و لەلای هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکانی ئەمریکا چاوەڕوانییەکی دیکە لەو وڵاتە دەکرێ، ئەویش بەشداریی هاوبەشیانە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە گەورەکانە لە ئاست جیهان و مرۆڤایەتیدا.

بە دوور لە جیاوازیی سیاسەتی کۆماریخوازەکان و دێموکراتەکان یەکێکی دیکە لە خاڵە بەرجەستەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، سیاسەتی شەڕ بە دژی تێرۆرە لە جیهاندا کە ئەم سیاسەتە ئەوانی بەرامبەر بە چەندین وڵاتی ئاسیایی و ئەفریقا کە یارمەتیدەری گرووپە تێرۆریستییەکانی وەک ئەلقاعیدە هەتا بوکووحەرام و میلیشیا چەکدارەکانی وڵاتانی جۆراوجۆری وەک حیزبوڵڵای لوبنان تا حووسییەکانی یەمەنن ڕاگرتووە. لە نێو ئەو وڵاتانەدا کە کەم نین و کەوتوونەتە بەر هەڵوێستی توند و سزادان؛ ئێران بە هۆی سیاسەتی سەرکێشی و توندڕەوانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لەسەر زمانانە. ڕێژیمێک کە لە هەر شوێنێکی جیهان باس لە تێرۆر بکرێ یەکەم گومانەکانی دەکەوێتە سەر و ئاماژەی پێدەکرێ. جیاواز لەوەش هەوڵی بەردەوامی ڕێژیمی ئێران بۆ پەرەپێدانی سیستمی مووشەکی و دروستکردنی مووشەکی دوورمەودا کە وەک خۆیان دەڵێن یەکەم ئامانجیان لەنێوبردنی ئیسرائیلە و دواتر لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و لەگەڵ ئەوەش بەرنامەی دامەزراوە ناوکییەکان و دروستکردنی بومبی ناوکی، کارێکە کە لەلایەن سیاسەتوانانی ئەمریکاوە بەردەوام ڕەخنەی لێگیراوە و هەردوولا بەرامبەر بەو جۆرە هەوڵانە هەڵوێستیان هەبووە. ئەم هەڵوێستانە لانیکەم لە سەردەمی باراک ئۆباما سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بە دانانی تەحریمی نەوتی و بانکی لەسەر ڕێژیم دەستی پێ کرد و دوناڵد ترامپیش بە شێوەی توندتر گێڕانەوە و درێژکردنەوەی ئەو تەحریمانەی جێبەجێ کرد.

ئەگەر بچینە سەر بابەتی ئێران لە ڕاستیدا ئەم سزا ئابوورییانە هەرچەند کاریگەری هەبوە لەسەر کەمبوونەوەی بایەخی تمەن و گرانی و بێکاری لەم وڵاتە و ژیانی خەڵکی تووشی گرفتی کارەساتبار کردوە کە بە دڵنیاییەوە بەشی زۆری ئەم خەڵکە، ڕێژیم و ڕێبەرانی بە هۆکاری سەرەکی ئەم کارەساتە دەناسن، بەهۆی نەمان یا کەمبوونەوەی زۆری داهاتی نەوتی و هەناردەکاری ئێران دەستوباڵی ڕێبەرانی ڕێژیمی لە پەرەپێدان بە کارە ئاژاوەگێڕییەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زۆر لە وڵاتانی دووریش بەستووە. لەگەڵ هەموو ئەمانەش کاتێک بگەڕێینەوە سەر هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئەمریکا، چاوەڕوانییەکانی خەڵک لەهەرکامیان یەک شتە. ئەویش ناسینی کۆماری ئیسلامی ئەوجۆرەی خەڵکی ئێران دەیناسێ و شارەزای بیر و ئاکاری ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمەیە. کەسانێک کە هۆکاری لەدەسچوونی هەموو حەز و خولیاکانیانن. هەربۆیە لە کاتێکدا کە سێبەری تاریکی ئەو ڕێژیمە بەسەر ئەو خەڵکەوە بمێنێ بۆ ئەوان چ جیاوازییەک لە نێوان ئەو یا ئەم سەرۆکدا

نامێنێ. چاوەڕوانی خەڵک کە بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاربوونیان لە چنگ کۆنەپەرستی هەموو هەوڵێکیان داوە و لە گیانیشیان دەگوزەرێن لە هەر گۆڕانێک ئەوەیە کە گۆڕانێک بەرەو باشی لە ژیانی ئەواندا دروست بکا.

(لە ژمارەی ٧٨٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

---------------------------------------------------------

## ئەگەرەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی و ئەرکەکانی ئێمە

ئایا دەکرێ کۆماری ئیسلامی بۆ خۆڕزگارکردن لە چنگ قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکان ڕوو لە سازان لەگەڵ ئەمریکا بکا؟ ئەمە هەرچەند بە هەبوونی عەلی خامنەیی وەک ڕێبەری بێ ئەملاوئەولای دارشتنی سیاسەتی دەرەوە لەو ڕێژیمەدا و بیری باوەڕمەندانەی بە دوژمنایەتی لەگەڵ ئەمریکا بە دروست نازاندرێ، بەڵام ئەگەر ئەمجارە ئەمریکا و سەرۆکە نوێیەکەی بە هێزێکی زیاتری دیپلۆماسی و ئابوورییەوە بە پشتبەستن بە هاوپەیمانییەکی بەرینی نێودەوڵەتی ئەوجۆرەی لە بەرنامەی کاریدا هەیە ڕووبەڕووی ببنەوە، بە دوور نابیندرێ کە بۆ جارێکی دیکە و ڕێبەرێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕزگارکردنی خەیاڵیی ڕێژیمەکەی لە هەڵدێری نەمان جامی ژەهر بنۆشێ و ڕوو لە سازشی قارەمانانە بکاتەوە، وەک ئەو کاتەی ملی بۆ قبووڵکردنی بەرجام ڕاکێشا. ئەوەی تا ئێستا هەست پێ دەکرێ وێ ناچێ چاوەڕوانی چوار ساڵەی ڕێژیم بۆ کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا کە تاکلایەنە و بە ناوی زۆرترین فشار، ڕێژیمی تەنگەتاو کردبوو چاوەڕوانییەکی دڵخۆشکەر بووبێ. هەرچەند ئەگەر سیاسەتی زۆرترین فشار کۆماری ئیسلامیی بەچۆکدا نەهێنا، بەڵام تووشی تەنگەژەی وەهای کردوە کە دەربازبوون لێیان ئاسان نیە. ئێستاش ئەوە ڕاستە کە سەرۆکێکی دێموکرات جێگەی ترامپ پڕ دەکاتەوە و ڕەنگە کۆماری ئیسلامی چاوەڕوانی گۆڕانکارییەک بێ لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ڕێژیمەکەیان، بەڵام لە ئیدارەی موئەسساتی ئەمریکا و بیرکردنەوەی گشتیی سیاسەتوانانی ئەو وڵاتە لەسەر ئێران بە دوور دەبیندرێ دەرگایەکی ڕەحمەت ئەو جۆرەی لە ئێران چاوەڕوانی دەکرێ بە ڕووی دەسەڵاتدارانی تاراندا بکرێتەوە. هاوکات ئەگەرچی ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بەدوور دەبینرێ بەڵام گومان لەوەدا نییە کە فشارەکان لەسەریان زیاتر دەبێ و دەبێتە هۆی زیاتربوونی کێشەکانی دەسەڵات.

شاراوە نییە بارودۆخی ئێران بەرەو ئاقارێک ڕۆیشتووە کە ئێستا تەنانەت ئەوە بەرپرسان و کاربەدەستەکانی کۆماری

ئیسلامیین کە زیاتر و ڕوونتر لە هەر لایەکی دیکە باس لە کێشە و گرفتەکانی بەردەمیان دەکەن کە بە هۆی تەحریمە ئابوورییەکان قورسایی خستووەتە سەر هەموو بەشە ئیدارییەکانی ئێران. نەبوونی داهات و ئیمکانی دابینکردنی بوودجەی ساڵانەی وڵات بەپێی پێویست، جگە لەوەی تا ڕادەیەکی بەرچاو لەسەر گەورەبوونەوەی قەیرانە ئابوورییەکان لە نێوخۆی وڵات کاریگەری هەبووە و دەمڕاستەکانیان بێبەش بوون لەو سەرچاوە داراییانەی ساڵانێک بوو بە کاریان دێنا، نەک بۆ خزمەتی خەڵک بەڵکوو لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، تەنانەت بەرنامەکانی دەرەوەی سنووریی دەستدرێژییە بەردەوامەکانی ئەوانی لە وڵاتانی ناوچەدا و پشتیوانی ماڵی لە میلیشیا و گرووپە چەکدارەکانی لەو وڵاتانەش پەک خستووە. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئیستا ئیتر ئەو دەسەڵاتەیان نەماوە کە بەناوی ناردنە دەرەوەی شۆڕش بیانەوێ لە قووڵایی ستراتێژیی ناوچەدا شەڕی پارێزگاری لە خۆیان لە دەرەوەی سنوورەکان بکەن. ئێستا شەڕ لە بەر دەرگایاندایە و ئەو شەڕەش نەک شەڕی ئەمریکا لە دژی ئێرانە کە بە بەردەوامی دەیانەوێ بۆ خۆحەشاردان و فریودانی خەلک کەڵکی لێوەر بگرن، بەڵکوو شەڕی کۆتایی تەمەنیانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی یەکجاری خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە دژی ستەمی دژە مرۆڤانەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتدارییان. بە تایبەت کە ئێستا جگە لە قەیرانەکانی پێشوو لە کوشتنی زانای ناوکیی ئێران (فەخریزادە) لە ناوچەیەکی ئەمنییەتی نزیک تاراندا، جا چ وەک شەڕی نێوخۆیی دەسەڵات ببینین یا ئەو جۆرەی دەیڵێن دەستی دەرەکی و ئیسرائیلی تێدابێ، دەرکەوت کە کەلێنێکی ئەمنییەتی و قەیرانێکی ئەمنیەتییش بەرۆکی گرتوون.

لە ساڵانی ڕابردوودا ڕێژیمی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی کە بۆ ڕۆژێکیش بیری لە ژیان و مافەکانی خەڵک نەکردۆتەوە، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی سەرکوتکردنی دەنگی ناڕەزایەتی خەڵکی داوە. پێبەپێی زیادبوونی ناڕەزایەتییەکان، ئەم سەرکوتە لە گرتن و ئەشکەنجە و لە داردانەوە گواستراوەتەوە بۆ سەرکوتی خیابانی و کوشتنی بەکۆمەڵی خۆپیشاندەران لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا. هەر ساڵی ڕابردوو لە خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەردا بە هەزاران کەسیان لەسەر شەقامەکانی شارە جیاجیاکانی ئێران خەڵتانی خوێن کرد کە ئەم جنایەتە بەشێک لە شارەکانی کوردستانیشی گرتەوە. ئەو خۆپیشاندانە و ناڕەزایەتییەکانی دواتریش کە چاوەڕوانی سەرهەڵدانەوە و پەرەگرتنیشی دەکرێ، بۆ جارێکی دیکەش ئەو پەیامەی بە ڕوونی بە گوێی هەموو جیهان دادا کە ئەو ڕێژیمە، سیستمی دەسەڵاتداری ئەم سەردەمە نییە و دەبێ کۆتایی بە تەمەنی سەرکوتکارانەی لە نێوخۆ و مەترسیدار بۆ ناوچەش بهێنرێ.

بێگومان لە هەموو ساڵانی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیدا، کوردستان کە وەک ناوچەیەکی ئەمنییەتی لەلایەن ئەوانەوە چاو لێکراوە زۆرترین سەرکوتی تەنانەت بە شێوەی کوشتنی بەکۆمەڵی لەسەر بەڕێوە چوە. هەر بۆیە لە هەلومەرجێکی وەهادا کە ئەگەری ڕوودانی هەر پێشهات و ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕوان نەکراو هەیە و هەر گۆڕانکارییەک دەتوانێ کاریگەری

لەسەر داهاتووی بزووتنەوەی مافخوازانە خەڵکی کوردستان هەبێ، پێویستە زیاتر لە جاران و وردتر بڕوانینە گۆڕانکارییە سیاسییەکان و بە کردەوە و باشتر لە پێشوو بە مەبەستی بەهێزکردنی بزووتنەوەی کورد کە پشتبەستوو بەهێز و ئیرادەی خۆیەتی، و بۆ بەجەماوەری کردنی خەبات و بە پشتبەستن بە هەموو هێز و توانای تێکۆشەرانی کورد لە نێوخۆی وڵات هەنگاو هەڵێنینەوە. بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکەش یەکریزیی نێوان هێزە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کورد مەرجی پێویست و سەرەکییە. لەم هەلومەرجە سیاسییەدا دەبێ هەوڵ بدرێ پەرە بە هاوکاریی نێوان هێزەکانی پێکهێنەری ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بدرێ و ئەم ناوەندە بەرامبەر بە بەرپرسیارییەتییەکانی و ئەو ئەرکە گرینگەی دەکەوێتە سەر شانی بۆ پلاندانان و ڕێبەری بزووتنەوەی کورد لەم قۆناغەدا لەسەر هەست بێ. جگە لەوەش کار بۆ دروستکردنی پێوەندییەکی بەهێز و بە کردەوە لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەری ئێران لە نێوخۆی وڵات بکرێ کە دەری خستوە دەتوانێ بزووتنەوەیەکی بەهێز و کاریگەر بێ، وەک ئەرکی هەنووکەیی چاو لێبکرێ و بەهێزبوونی ئەو بزووتنەوە وەک یارمەتیدەرێک بۆ بزووتنەوەی کورد ببیندرێ کە لە داهاتوویەکی هاوبەشدا، پاڵپشتی وەدیهاتنی هەموو ماف و ئازادییەکانی تێکڕای خەڵکی ئێران و نەتەوەی کورد لە ئێران بێ. هەروەها دەبێ یارمەتیدەر بین بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە کۆماری ئیسلامی کە هەتا ئێستاش بەداخەوە بە هۆی جیاوازیی بۆچوون بە پرش و بڵاوی ماوەتەوە.

بێگومان جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە دەتوانێ بەرەو قۆناغی سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجی ئازادی و دابینبوونی مافە نەتەوەییەکانمان ببا.

(لە ژمارەی ٧٨٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

-----------------------------------------------

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**سەرماوەزی ٢٧٢٠ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe




... حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ بەتێگەیشتنێکی سەردەمیانە لە خوێندنەوەیان لە بارودۆخی ئێستای ناوچە و ئێران و کوردستان، هەوڵی دیاریکردنی ستراتێژیی هاوبەشی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن و بە نووسینەوەی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک کە هەموویان وەک یەک لە بەرامبەریدا خۆ بە بەرپرس بزانن، خەڵکی کوردستان لە سەرکەوتنی خەباتەکەیان و داهاتوویەکی ڕوون بۆ کوردستان دڵنیا بکەنەوە. ئەمە دەبێ وەک ئەرک هەنووکەییمان و دڵنیابوون لە چارەنووسی نەتەوەکەمان چاو لێبکرێ و بە هەموو لایەک هەوڵ بدەین کە کێشە و گرفتەکانی دەیەکانی ڕابردوو کە زۆرجار زیانی زۆری بە بزووتنەوەکەمان گەیاند و ڕێژیمیش کەڵکی لە بەشێک لەم ناکۆکییانە وەرگرت، دووبارە نەبنەوە و نەبنە هۆی سەرقاڵکردنی حیزبەکان و نائومێدکردنی خەڵک.

خەڵکی کوردستان ئێستا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەییان و پێویستە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە پلاندانان بۆ خەباتی هاوبەشیان یارمەتیدەری یەکدەنگی و یەکڕیزییان بن.

**کەماڵ کەریمی**

سەرچاوە
Serchawe